# دەروازەیەك

# بۆ مێژووی ئیسلامی

# دەروازەیەك بۆ مێژووی ئیسلامی

پ.د. عیمادەدین خەلیل
وەرگێڕانی: د. زانا محەمەدئەمین سەعید

# دەروازەیەك بۆ مێژووی ئیسلامی

لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری زەهاوی
بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی ژمارە ( ٧٢ )

- نووسینیپ.د. عیمادەدین خەلیل
- بابەتلێکۆڵینەوە
- دیزاینزڕەوشت محەمەد
- هەڵەچنئیحسان محەمەد
- چاپیەکەم. ٢٠١٩ ناوەندی ڕێنوێن

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە (٤٦ )ی ساڵی ٢٠١٩ی پێدراوە.

سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی
www.zahawi.org
ناونیشان: شەقامی سالم
تەلاری جەمالی حاجی عەلی نزیک پردی خەسرەوخاڵ
07702422171

## ناوەرۆك


پێشەكی وەرگێڕ........................................................ ٧

پێشەكییەك سەبارەت بە مێژوو و شارستانیەتی ئیسلامی ........................ ٩

سەرەتایەك ............................................................ ٢٥

دەروازەیەك............................................................ ٤٩

**بەشی یەكەم: دەوڵەت و دەسەڵات و سەركردایەتی ......................... ٥٥**

١ـ سێ بازنەكە........................................................... ٥٧

٢ـ یەكەم دەوڵەتی ئیسلام: ................................................ ٦٠

٣ـ خیلافەتی ڕاشیدە: .................................................... ٦٧

٤ـ ئاشووبە گەورەكە: .................................................... ٩٨

٥ـ ئومەوییەكان:......................................................... ١١٠

٦ـ عەباسییەكان:......................................................... ١١٦

٧ـ قەوارە ناوچەییەكان: ................................................. ١٢٠

٨ـ عوسمانییەكان: ....................................................... ١٢٦

٩ـ هۆكارەكانی كەوتنی دەسەڵاتی ئیسلامی:.................................. ١٣٠

١٠ـ تەوژمی گۆڕان و هەوڵەكانی پابەندبوون: ................................ ١٣٦

**بەشی دووەم: بانگەواز و بڵاوبوونەوە و مامەڵەكردن لەگەڵ ئەوانی تردا ............. ١٤٥**

١ـ جیهانگیری ئیسلام و مەبەستی جیهاد .................................... ١٤٧

٢ـ ئاماژە سەرەتاییەكان: ................................................. ١٤٩

٣ـ فتوحاتە گەورەكان لە سەردەمی ڕاشیدیندا: ............................... ١٥٧

٤ـ سەردەمی ئومەوییەكان و شەپۆلی دووەم: ................................. ١٧١

٥ـ عەباسییەكان و ڕۆڵی هەرێمەكان:........................................ ١٧٨

٦ـ عوسمانییەکان و شەپۆلی سێهەم: ........................................ ١٨٦
٧ـ مامەڵە لەگەڵ ئەوانی تردا ـ بەراوردکردن: .................................. ١٩٣
٨ـ شەپۆلی چوارەم و کەناڵەکانی تری بڵاوبوونەوە: .................................. ٢١٢
بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە هیندستان .................................. ٢١٧
بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە چین: .................................. ٢٢١
بڵاوبوونەوەی ئیسلام لەناو مەغۆل و تەتاردا: .................................. ٢٢٤
بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە ئەرخەبیلی مەلایۆ: .................................. ٢٢٦
بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە ئەرخەبیلی ڕۆژهەڵاتی هیند: .................................. ٢٢٨

**بەشی سێهەم: ئاڵنگارییەکان و دژە هێرشەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان .... ٢٣٣**
١ـ بتپەرستی: .................................. ٢٣٥
٢ـ جوولەکە: .................................. ٢٥٧
٤ـ ڕۆژئاوا و خاچدروشمی: .................................. ٢٧٦

**بەشی چوارەم: ژیانی کۆمەڵایەتی.................................. ٣١٥**
چوارچێوەی یەکەم: چینە کۆمەڵایەتییەکان یان (پێکهاتەی کۆمەڵایەتی) .............. ٣٢٠
چوارچێوەی دووەم: ڕەگەزە ناعەرەبەکان .................................. ٣٣٧
چوارچێوەی سێهەم: ڕەگەزە نائیسلامییەکان.................................. ٣٤٩
چوارچێوەی چوارەم: پیاو و ژن .................................. ٣٦٧

گرنگترین سەرچاوەکان.................................. ٣٨٧

# پێشەکی وەرگێڕ

**بە ناوی خودای بەخشندەی میهرەبان**

درووود و سەلام بۆ سەر گیانی پاکی پێغەمبەر و یار و یاوەرانی هەتا ڕۆژی دوایی.

ئەم پەڕتوکەی لە بەردەستی تۆی خوێنەردایە هەوڵێکی زانستیانەی پرۆفیسۆری ناودار دکتۆر عیمادەدین خەلیلە لە بواری مێژووی ئیسلامیدا، لەم توێژینەوەیەدا نووسەر لە ڕێگای پێشەکییەك و دەروازەیەك و چوار بەشدا خوێندنەوەیەکی ناوازەی بۆ کۆی ڕووداوەکانی مێژووی ئیسلامی کردووە، هەر لە سەرەتای هاتنی پێغەمبەرەوە (درووودی خودای لەسەر) و بەدرێژایی هەموو سەردەمەکانی ڕاشیدین و ئومەوی و عەبباسی و قەوارە ناوچەییەکان و عوسمانیەکانەوە بگرە هەتا دەگات بە سەدەی بیستەم و کۆتایی بە دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی موسوڵمانان دێت، نووسەر لە ڕوانگەی یەکپارچەیی مێژووی ئیسلامی و گەیشتن بە واتا و مەبەستە شاراوەکانی تێڕوانینی گشتگیرانە بۆ ورد و درشتی پێدراوەکانی و سود وەرگرتن لە ئاماژەکانی و هاوسەنگی ڕاگرتن لە نێوان لایەنی سیاسی و سەربازی لە لایەك و لایەنی بیروباوەڕ و کۆمەڵایەتی و شارستانی لە لایەکی ترەوە خوێندنەوەی بۆ مێژووی ئیسلامی کردووە، تیشك خستنە سەر پەیوەندی ڕەسەنی ئیسلام و ڕووداوەکانی مێژووی ئیسلامی و بە دواداچوون بۆ دیاردە مێژووییە گەورەکان بە شێوەیەکی ستونی لە سیما دیارەکانی ئەم توێژینەوەیەن.

ئــەم توێژینەوەیــە بــە شــێوەیەکی بابەتیانــە تیشــك دەخاتــە ســەر پایــە ســەرەکیەکانی مێــژووی ئیســلامی، کــە بــریتین لــە: (دەوڵــەت و دەســەڵات و ســەرکردایەتی، بانگــەواز و بڵاوبونــەوە و مامەڵــە لەگــەڵ ئــەوانیتردا، ئاڵنگــاری و دژەهێرشەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، ژیانی کۆمەڵایەتی).

لەکۆتاییدا: لە دوای ئەوەی پێشنیاری وەرگێڕانی ئەم پەرتوکەم لەلایەن برایانی بەڕێزم لە سەنتەری زەهـاوی بـۆ لێکۆڵینـەوەی فیکرییـەوە بـۆ کـرا، لەبـەر گرنگـی هەنوکەیی ئەم پەرتوکە و گرنگی نووسەرەکەی لەلای بەندە، بەو پێیەی کە یـەکێك بوو لە مامۆستاکانم لە کۆتا قۆناغی خوێندنم لە کۆلێژی ئیمام ئەعزەم لە موسڵ بە خۆشحاڵییەوە پێشنیارەکەم قبوڵکرد.

لە وێسگەکانی وەرگێڕانم بۆ ئەم کتێبە تام و چێژێکی تایبەتم بینی و کات و ساتێکی خۆشم لەگەڵدا بەڕێکرد، بەو هیوایەی خوێنەریش هەمان هەستی هەبێت و ئەم بەرهەمە کەلێنێك لە کتێبخانەی کوردی پربکاتەوە.

**وەرگێڕ**

**د.زانا محەمەد ئەمین سەعید**

**سلێمانی ٢٠١٩/١/١**

به ناوی خودای بەخشندەی میهرەبان

## پێشەکییەك سەبارەت بە مێژوو و شارستانیەتی ئیسلامی

ئەزموونی مێژوویی بەهایەکی گەورەی هەیە، نەك تەنها لە بواری ئەکادیمی و زانستیدا، بەڵکو لە ژیاندا بەگشتی، مێژوو باشترین مەشخەڵ و ڕینیشاندەری گەل و کۆمەڵگاکانە و گشت ئەزموونە ڕاست و هەڵەکان و یاسا و ڕێساکانیانی لەخۆ گرتوە، لەبەر ئەوە دەکرێت مێژوو بکرێتە ڕێنمونیکەرێکی گونجاو بۆ سوود وەرگرتن لە ئەزموونە باشەکان و خۆپاراستن لە دوبارەکردنەوەی هەڵەکان، کە زۆر جار (گەورەترن لە تاوان)، بەگوێرەی دەستەواژەی گەورە سیاسەتمەداری ناوداری فەرەنسی (تالیران).

بەگشتی مێژوو بە مێژووی هاوچەرخ دادەنرێت، فەیلەسوف ئیتاڵی (بنیدیتو کروتشە) ئاماژە بە کاریگەریی گەورەی مێژوو دەکات لە ژیانی گەل و کۆمەڵگاکاندا و پێی وایە لە کات و ساتی دوبارەبوونەوەی مەرجەکانی ڕابردوودا دەکرێت هەمان ڕووداوی مێژوویی دوبارە ببنەوە.

لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەوە ڕۆژئاواییەکان گرنگیی زیاتریان بە توێژینەوەی مێژوویی دا، بەمەش زیاتر ڕەهەندە هزری و سیاسی و پەروەردەییەکانی مێژوو و گرنگی ڕووداوەکانی ڕابردویان لە ژیانی گەل و کۆمەڵگاکاندا بۆ ئاشکرا بوو، لەپێناو سوودوەرگرتن لە ئەزموونە مێژووییەکان و خۆبەدورگرتن لە دەستپێکردنەوە لە خاڵی سفرەوە.

به تێپەڕینی کات بیریارەکان زیاتر دەنگیان لێ بەرز بۆوە سەبارەت بە گرنگیی گەڕانەوە بۆ مێژوو، ئەزموونە یەك لەدوای یەکەکانی ئەوروپا لە هەردوو جیهانی هزر و کەتواندا ڕەگ و ڕیشەی خۆیان بردەوە بۆ ڕابردوو، بەدوای بەڵگەدا دەگەڕان بە مەبەستی دۆزینەوەی شێوەژیانێکی گونجاو بۆ ئێستا و بۆ داهاتووش، ئەزموونی شۆڕشەکانی فەڕەنسا و بانگەشەی زاڵبوونی پیاوە سپیەکە و ڕەگەزپەرستە ئەڵمانی و ئیتاڵیەکان و سۆشیالیزمە کۆباویەکان و مارکس و لینین، هەموو ئەمانە بەڵگەن لەسەر پەیوەندیی توندوتۆڵی نێوان هزر و ئەزموونی هاوچەرخ لەگەڵ خوێندنەوەی مێژووییدا.

لە کۆتایی سورەتی یوسفدا ئەم ئایەتە پیرۆزە دەخوێنینەوە ﴿لَقَدْ كَانَ فِي قَصَصِهِمْ عِبْرَةٌ لِأُولِي الْأَلْبَابِ مَا كَانَ حَدِيثًا يُفْتَرَى وَلَكِنْ تَصْدِيقَ الَّذِي بَيْنَ يَدَيْهِ وَتَفْصِيلَ كُلِّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ﴾ یوسف: ١١١، واتە: (سوێند بێت بەخوا بەڕاستی لە سەرگوزەشتە و بەسەرهاتی پێغەمبەران پەندو ئامۆژگاری هەیە بۆ کەسانی ژیر و هۆشمەند، وەنەبێت ئەم قورئانە قسە و باسێك بێت هەڵبەسترابێت، بەڵکو بەڕاست دانەری ئەوەیە کە لە پێش خۆیەوە هاتووە (تەورات و ئینجیل) و ڕوونکەرەوە و جیاکردنەوەی هەموو شتێکی پێویستە لەئایندا، ڕێنمونی و ڕەحمەتیشە بۆ کەسانێك باوەڕ دەهێنن).

ئەم ئایەتە پیرۆزە فێرمان دەکات دەبێت مامەڵەمان لەگەڵ مێژوودا بە لەبەرچاوگرتنی هەموو مەرجە بنەڕەتیەکانیەوە بێت، لە دیدی قورئانیدا ئامانج لە گێڕانەوەی مێژوو پەندوەرگرتن و ناوەڕۆکە، ئەمەش پەیامێکە بۆ ئەوانەی کە لە مەبەستی ڕاستەقینەی ئەو ڕووداوانە تێدەگەن و لە ژیانی ڕۆژانەدا بۆ پلانی داهاتوو سوودی لێ دەبینن، ئەو پەیامە بۆ ئەوانە نییە کە تەنها بەرژەوەندیی تاقم و پێڕی خۆیان لەبەرچاوە، بەهای ئەو پەیامە لەوەدایە کە لە زانستی خودای گەورەوە سەرچاوەی گرتوە و گومانی تێدا نییە و پەی بە هەموو شتێك بردووە، ئەو پەیامە

سەبارەت بە شتی نادیار و گوماناوی و هەوا و ئارەزوو قسە ناکات وەك زۆرێك لە سەرچاوە مێژووییەکانی دەستی مرۆڤەکان.

کاتێك قورئان دەخوێنینەوە، دەبینین نیوەی زیاتری تایبەت کراوە بە هەواڵ و رووداوە ڕاستەکانی ڕابردوو و باسی ئەو یاسا و ڕێسایانە دەکات کە لە ڕووداوەکاندا کاریان پێ کراوە، واتە تایبەتە بە مێژوو و یاساکانی جووڵەی مێژوو، بەسەرهاتی پێغەمبەران و شەهیدان و پیاوچاکان و هەواڵی گەل و هۆز و کۆمەڵگاکانی ڕابردوو، زنجیرەیەك ململانێی دوورودرێژن لەنێوان ڕەوایەتی و ناڕەوایەتیدا و لەنێوان ڕاستی و گومڕایەتیدا، هەموو ئەوانە لە چوارچێوەی ڕووداوی مێژووییدا باس کراون، لە کۆتاییدا مەبەست لێیان دەوڵەمەندکردنی ئەو زانستەیە بە زانیاری و ڕوونکردنەوەی زیاتر.

باسکردنی مێژوو لە قورئانی پیرۆزدا چەند فۆرمێکی وەرگرتوە، کە بریتین لە گێڕانەوەی ڕاستەوخۆی ئەزموونی چەند گەل و کۆمەڵگایەکی پێشوو و پوختەیەك لەو یاسا و ڕێسایانەی کە لە مێژوودا بەرکار بوون، هەروەها ئەو ئایەتانەش کە ڕاڤەکەرانی قورئانی پیرۆز لە زانستی (هۆی دابەزینی ئایەتەکان)دا باسیان کردوون، کە لەدوای ڕووداوگەلێکی سەردەمی پێغەمبەر دابەزیون، ئەوانە سەلمێنەری ئەو ڕاستیەن کە قورئان پانتاییەکی فراوانی تەرخان کردوە بۆ مێژوو.

بەشێکی زۆر لە سورەتەکانی قورئان دەچنە خانەی ئاگادارکردنەوەی مرۆڤایەتی بە هەڕەشە و وریاکردنەوە لە ڕێگەی بینین و گەڕان بەدوای ڕووداوەکانی مێژوودا، لە ڕێگەی مامەڵەکردنەوە لەگەڵ قورئاندا مرۆڤ دەتوانێت تێبینیی ئەوە بکات چۆن بەربەستەکانی نێوان ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو تێك دەشکێن و کاتی زەمین و ئاسمان بەیەك دەگەن. چیرۆکی سەرەتای دروستکردن و ڕۆژی دوایی لە ئێستادا، کە جووڵەی مێژوو لە هەموو گەردووندا دەبێتە جووڵەیەکی پێکەوەبەستراو، بە شێوەیەك هیچ کات و شوێنێکی جیا نەکرێتەوە لە کات و شوێنێکی تر، یاسا و

ڕێساکان دەبنە کلیلێکی پێویست بۆ تێگەیشتن لە ژیان و بوون و دیاریکردنی داهاتوو و سەرەنجامەکان، ئا لێرەوە دەتوانین وێنای ئەو بەها باڵایە بکەین کە قورئان و سوننەت داویانە بە ڕووداوەکانی ڕابردوو[١].

گرنگیدان بە مێژوو تەنها بە خوێندنی ئەکادیمی و بەدەستهێنانی بڕوانامە و کار نابێت، وەك لەم دواییانەدا و تا ئێستاش بەدی دەکرێت، نابێت خوێندنەوەی مێژوو بە مەبەستی بەڕێکردنی کات و چێژوەرگرتن بێت، گرنگیدان بە مێژوو خۆهەڵکێشان بە دەستکەوتەکانی ڕابردوو و پشتگوێخستن و ڕاکردن لە پێشهاتە هەنووکەییەکان و داخوازییەکانی داهاتوو نییە، لە سەردەمی ژێردەستەیی داگیرکەرانی بێگانەدا موسوڵمانان لەو هەڵەیەدا دەژیان بە شێوەیەك پشتیان کردبووە بابەتە گرنگەکان و ڕوویان کردبووە باس و خواسی سەرکەوتنەکانی ڕابردوو بۆ پینەکردنی ئەو کەلێنانەی کە تێیاندا بوو کە لە ڕاستیشدا هیچ سوودێکی نەبوو[٢].

مێژوو هیچ کام لەوانە نییە، بەڵکو ئەگەر بمانەوێت بە شێوەیەکی دروست مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکانیدا بکەین دەتوانین بڵێین مێژوو هەوڵێکە بۆ گەڕان بەدوای خود و دۆزینەوەی شوناسی ونبوو لەم جیهانەدا، بە جۆرێك لە جۆرەکان مێژوو هەوڵێکە بۆ پەنجەدانان لەسەر خاڵی بەهێز و دەستکەوتەکانی مرۆڤ و پاشخانی شارستانی بە مەبەستی سەرلەنوێ گێڕانەوەی متمانە بە خود لەم چرکەساتی ململانێ شارستانییەدا کەوا پێویست دەکات گەل و نەتەوەکان قورساییەکی بەرچاویان

---

[١] پەیمانگای جیهانیی فیکری ئیسلامی، برای نووسەر حسن رزو یان ڕاسپاردوە بۆ نووسینی (دلیل التاریخ والحضارة في الأحادیث النبویة الشریفة) دەستپێکی کتیبەکەش باسی سروشتی ڕوو و بەرهەمە مێژووییەکانی فەرموودەکانی پێغەمبەر دەبێت کە ئەو ئەنجامانەی ئێمە دووپات دەکاتەوە.

[٢] بۆ ئەم باسە بڕوانە: مالك بن نبي، إنتاج المستشرقین وأثره في الفكر الإسلامي الحدیث، مكتبة عمار، القاهرة، ١٩٧٠م.

تێیدا هەبێت، لە کاتێکدا خۆیان لەبەردەم شارستانیەتی زاڵی ڕۆژئاوادا دەبیننەوە لە بەرامبەر تەوژم و گێژەڵووکەی وێرانکەری بەڕۆژهەڵاتکردن و بەڕۆژئاواکردندا.

سەرەڕای ئەوانەش دەبینین زۆرێك لە قوتابیانی بەشی مێژوو لە زانکۆکانماندا کێشە و گرێی هەستی خۆبەکەمزانینیان هەیە لە بەرامبەر زانستەکانی تردا، ئەمە لە کاتێکدا قوتابیانی مێژوو لە زانکۆکانی جیهانی پێشکەوتوودا تام و چێژێکی زۆر لەو زانستە وەردەگرن و متمانەیان بە خۆیان هەیە و بڕوایان وایە کە یەکێك لە گرنگترین پسپۆرییەکان دەخوێنن، تەنانەت دەبینین زۆرێك لە سەرکردە و سیاسەتمەدار و بیرمەندە گەورەکانی ڕۆژئاوا کە هەموو جومگە هەستیارەکانی ژیانیان لەژێر دەستدایە دەرچووی بەشی مێژوون.

پێشینانمان زانستی مێژوویان بە (باوکی زانستەکان) ناو دەبرد، ئەوان چاك دەیانزانی بۆ زانینی مێژوو پێویستە مرۆڤ سەبارەت بە هەموو زانستە مرۆڤایەتییەکانی تر زانیاریی هەبێت، چونکە مێژوو جوڵەی ژیانە بە هەموو زانست و ئەزموونەکانیەوە[١].

لە دەیانساڵی دووری ڕابردوودا و لەم ناوچانەی ئێمەدا باوك و باپیرانمان تاوانی ئاگادارنەکردنەوەی نەوەکانیان سەبارەت بە گرنگیی زانستی مێژوو لە ئەستۆدایە، تەنانەت بەکەمزانینی زانستی مێژوو و سەرجەم زانستە مرۆڤایەتییەکانی تریشیان لە ناخی نەوەکانیاندا چەسپاندبوو، ئەمەش بە پاساوی هاندان و ئاڕاستەکردنیان بۆ بەشە زانستییەکان، چونکە ئەوان داهاتووی باشی منداڵەکانیان لەو بەشانەدا دەبینی و پێیان وا بوو لەو بەشانەدا پێگەی کۆمەڵایەتییان بەهێزتر دەبێت، لە ئێستاشدا کاتی ئەوە هاتووە لایەنە ئیسلامییەکان گرنگیی زیاتر بە زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەتایبەتی مێژوو، بدەن و نەوەکانیان هان بدەن بۆ

---

[١] لێرەدا دەکرێت ئاماژە بە چەند دانراوێك بکەین، لەوانە: (الإعلان بالتوبیخ لمن ذم التاریخ) للسخاوي، و(الشماریخ في علم التاریخ) للسیوطي، ئەمە جگە لە (مقدمة ابن خلدون).

سوودمەندبوون لەو هەلانەی کە لە زانکۆدا دێتە بەردەمیان بە مەبەستی دەستەبەرکردنی ژمارەیەکی تەواو لە پسپۆڕانی ئەو زانستە گەورەیە تا بتوانن ڕووبەڕووی ئەو ئاستەنگ و پێشهاتە ڕۆشنبیرییانە ببنەوە کە ڕەهەندی مێژووییان هەیە.

پێش زیاتر لە نیو سەدە مێژوونووسی ناوداری فەڕەنسی (هنری کروسیە) کتێبە بەناوبانگەکەی بە ناونیشانی (*رصيد التاريخ*)[1] نووسی و هەوڵی دا خوێندنەوەیەکی لەسەرخۆ بۆ مێژووی ئەوروپی (مەسیحی) بکات، هەوڵی داوە ڕووداوەکان بەجێ بهێڵێت بە مەبەستی گەیشتن بە واتا و کرۆکی مەبەست لە ڕووداوەکان، ئێمەی موسوڵمانیش پێویستیمان بەو جۆرە هەوڵانە هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ مێژوەکەماندا بە مەبەستی گەڕان بەدوای واتا جوانەکانی ڕووداوەکانی مێژوومان و بەرجەستەکردنەوەی ئەو واتایانە لە ئێستا و داهاتووماندا، لەپێناو سەرلەنوێ داڕشتنەوەی، بە شێوەیەك کە نزیك بێت لەگەڵ خەم و خولیای مرۆڤدا و لە سۆنگەی بیروباوەڕی پتەوی ئیسلامیەوە.

مێژوو بەتەنها بریتی نییە لە جەنگ و پەیماننامە و ڕووخانی چەند وەچەیەکی دەسەڵاتدار و هاتنەسەردەسەڵاتی کۆمەڵێکی تر، بەڵکو پێش ئەمانە مێژوو بریتیە لە ئەزموونی شارستانیەتی و پرۆژەیەکە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ مرۆڤدا و هەلێکە بۆ تاقیکردنەوەی توانای بیروباوەڕ و ئایینەکان، تا بزانرێت کامیان توانای مانەوەیان لە کات و شوێندا هەیە و تا چ ڕادەیەك ڕاستن و لەگەڵ واقیعدا دەگونجێن.

خاڵی جیاکەرەوەی مێژووی ئێمە ئەوەیە کە ڕەنگدانەوەی کاریگەرییەکانی ئیسلامە لەسەر دووبارە داڕشتنەوەی عەقڵ و ناخی مرۆڤ و ڕێکخستنی دیاردە و ڕووداوەکان و شتەکان بە شێوەیەك هەموویان بەیەکەوە دەگونجێنێت، کە ئەوە

---

[1] وەرگێڕانی: محمد خليل الباشا، المنشورات العربية، بيروت، (بدون تاريخ).

یەکێکە لە ئامانجە بنەڕەتییەکانی ئەم ئایینە، کە مرۆڤ و جیهان بەرەو خودای تاکو تەنها ئاڕاستە دەکات.

لێرەوە دەردەکەوێت توێژینەوەی مێژوویی یەکێکە لە پێویستییەکانی ڕۆژگار، چونکە بیروباوەڕ لە بۆشاییدا ناجوولێت، بەڵکو پێویستی بە پانتاییەك هەیە تا تێیدا بەرجەستە ببێت و توانای خۆی تێدا دەربخات، ئەوسا مێژوو دەبێتە ئاوێنەی حاڵەتی ئیسلامی لە جیهاندا.

لەم دوو سەدەی کۆتاییدا زۆرێك لە توێژەرانی مێژووی ئیسلامی بەتایبەت ئەوانەیان کە لە بازنەی هزری ڕۆژهەڵاتناسی و ڕۆژئاواییدا کار دەکەن، لە مامەڵەکردنیاندا لەگەڵ مێژووی ئیسلامیدا پشتیان بە میتۆدێکی پێچەوانە بەستوە، کە بەئەنقەست بێت یان بە هەڵە هەوڵ دەدات هیچ پەیوەندییەك لەنێوان ئیسلام و مێژوودا نەهێڵێت، تەنانەت هەندێك لەو هەوڵانە کە لەوپەڕی بیری ڕۆژهەڵاتناسی لاهوتی و پاشان مارکسیدا بوون ویستیان هەندێك لە زاراوەکانی مێژووی ئیسلامی بە پێچەوانەی داخوازییە ئیسلامییەکانەوە بەکار بهێنن و هەڵوێستی پێچەوانەیان لەگەڵ نەگۆڕەکانی ئیسلام پێ وەربگرن.

بەو شێوەیە ڕووداوەکان لە منداڵدانی ڕاستەقینەی خۆیان دەرهێندران، بۆ ئەوەی لە ژینگەیەکی جیاوازدا و بە میتۆدێکی هەڵە بەرجەستە بکرێن، کە ژینگەی خۆیان نییە و شتانێك بگوترێت بە ناوی مێژوەوە کە مێژوو ئاگای لێی نییە و لە کۆتاییشدا چەند ئەنجامێك دەدەن بەدەستەوە و هێندە دووبارە دەکرێنەوە وەك هەندێك بابەتی سەلمێندراویان لێدێت کە هیچ مشتومڕێك هەڵناگرن، بەم کارەش چاڵێکی قووڵ لەنێوان هەردوو جەمسەری بیروباوەڕ و مێژوودا هەڵدەکەندرێت، هەر وەك هیچ کاریگەرییەك لەنێوان بیروباوەڕ و ژیاندا نەبێت بۆ سەرلەنوێ بونیاتنانەوەی واقیع، یان گۆڕانکارییەکی وەهای تێدا بکات کە نەك تەنها دەربڕی ئەو ڕاستییە بێت کە ئیسلام ویستی سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی جیهانی هەیە

بەگوێرەی یاسا و ڕێساکانی خۆی، بەڵکو سەلمێنەری ئەو ڕاستییە بێت کە ئیسلام توانای بەدیهێنانی ئەو ئامانجە گەورەیەی هەیە، کە بەرهەمی چەندین ڕووداوی ناجێگیری مێژوویی هەستیاری تایبەت بە تاك و کۆمەڵگای مرۆڤایەتین.

پێویستە بە شێوەیەکی بەرنامەبۆداڕێژراو هەوڵ بدرێت مێژوو بکرێتە بنچینەی ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵوێستە پێچەوانە و لادەرانەی کە ئامازەمان بۆ کردن، دەبێت لە ڕێگەی ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵەی کە لەنێوان بیروباوەڕ و ڕووداوەکاندا هەیە واتا جوانەکان بۆ کرۆك و مەبەستی مێژوو بگێڕینەوە بە پشتبەستن بە چەند پێوەرێك کە توانای تێگەیشتنیان هەبێت لە دیاردەی ئیسلامی و بە شێوەیەك مامەڵەی لەگەڵدا بکات کە پەیوەندییەکی گەرموگوڕ هەبێت لەنێوان بەهاکانی وەحی و گەردووندا.

لەم پێشەکییەدا دەمانەوێت باسی ڕەهەندی شارستانیی مێژووی ئیسلامی بکەین، یان وردتر بڵێین ئاماژە بە تایبەتمەندییە مرۆییەکانی ئەو شارستانیەتە بکەین کە ئەم ئایینە بۆی داناوە و پاڵنەرێکی باشن بۆ سەرلەنوێ هەوڵدان بۆ گێڕانەوەی شارستانیەتی ئیسلامی، چونکە ئەو شارستانیەتە پیت و بەخشندەیی زۆری هەیە بۆ مرۆڤایەتی.

گێڕانەوەی شارستانیەتی ئیسلامی جگە لەوەی پێویستییەکی ئیمانییە، لە هەمان کاتدا پێویستییەکی مرۆییشە بۆ پرۆژەی شارستانیی جێگرەوە، بەتایبەت لە ئێستادا کە دەبینین لە شارستانیەتی ماددی هاوچەرخدا ڕۆچوون و بەرەو تیاچوون دەچن و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەستانی زیاتریان لەسەرە بۆ ئەوەی لە مرۆڤبوون دوور بکەونەوە و هاوسەنگی و ڕێکیی خۆیان لەدەست بدەن، لەم کاتانەدا مرۆڤ هەست بەوە دەکات کە پێویستیی بە گەڕانەوە هەیە بۆ باری مرۆڤانەی هاوسەنگی خۆی.

مێژووی هاوچەرخ مێژووی باڵادەستیی تەکنەلۆجیای ڕۆژئاوا و خزمەتگوزاری و پلان و یاسا و ڕێسا ماددییەکان و شۆڕشی زانیاری و جیهانگیریە، بەڵام لە کاتی

تێکشکان و بچووکبوونەوە و شەکەتبوونی مرۆڤەکان لە بەرامبەر خودی خۆیان و کۆمەڵگاکەیان و خودای گەورەدا، پێشەنگانی هزری ڕۆژئاوا لە فەیلەسوف و بیریار و لێکۆڵەر و نووسەرەکانیان زۆر باسی ئەو ڕاستییەیان کردوە کە لەم پێشەکییەدا بواری ئەوەمان نییە ئاماژە بە وتە و سەرەنجامی لێکۆڵینەوەکانیان بکەین، تەنها ئاماژە بە ناوی هەندێکیان دەکەین کە بریتین لە: ئارنولد توینبی و مارسیل بوازار و کولن ولسون و بەرناردشو و ئەشبنکلر و ئەریك فروم و سیکرید هونکە و لورا فاکلیری و دوبو و لیوبولد فایس و روجیە گارودی و موریس بوکای[1]، وە لە بیرمەندە تازەکانیش: سیشیر و ئەرنالدز و جامبی و نائیر[2] و هیتریش.

لێرەدا تەنها ئاماژە بە تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی شارستانیەتی ئیسلامی لە مامەڵەکردنیدا لەگەڵ مرۆڤ و جیهاندا دەکەین و لە دەروازەکەشدا و بە دورودرێژی لە هەموو بەشەکانیدا باسی هەموو تایبەتمەندییەکان دەکەین.

**تایبەتمەندییەکانیش بریتین لە:**

یەکەم: دیاردەی فتوحاتی ئیسلامی جووڵانەوەیەکی ئازادیخوازانە بوو لەژێر دروشمی دەرهێنانی مرۆڤ لە تەنگەبەری دونیا بۆ فراوانییەکەی و لە ستەمی ئایینەکان بۆ دادگەریی ئیسلام و لە بەندایەتیی بەندەکانەوە بۆ بەندایەتیی خودای تاك و تەنها دەستی پێ کرد، ئەو جووڵانەوەی کە بۆ چەندین سەدە توانای خۆی سەلماند و بە هەر شوێنێك گەیشت ڕەگی تێدا داکوتا، بەسەر خۆخواردنەوە و پووکانەوە و تیاچووندا زاڵ بوو، کە دووچاری هەموو قەوارەکانی تر بووبوو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا (تەنها لە چەند حاڵەتێکدا نەبێت کە قیاسی لەسەر ناکرێت) کوا

[1] بڕوانە: عماد الدين خليل، قالوا عن الإسلام، الندوة العالمية للشباب، الرياض، ١٩٩٢، بەشی حەوتەم.

[2] بڕوانە: عماد الدين خليل، حاضر الإسلام ومستقبله، محاولات غربية أكثر حداثة، مجلة المنعطف، العددان، ٦،٧، وجدة، المغرب،١٩٩٣.

فتوحاتی هانیبال و سەنحاریب و قەمبیز و ئەسکەندەری مەقدۆنی و یولیوسی قەیسەر و ئەتیلا و جەنگیز خان و هۆلاکۆ؟ ئەی کوا پاوانخوازیی ناپلیۆن بۆنابارت و هیتلەر و مۆسولینی؟ کوا ئیمپراتۆریەتی بەریتانی کە خۆر لەسەری ئاوا نەدەبوو؟ کوا وڵاتە ژێردەستەکانی فەڕەنسا، کە بە درێژایی هەموو دونیا ئاڵایان تێدا هەڵکردبوو؟ کوا سەروەت و دەستکەوتەکانی ئیسپانیا و پورتوگال؟ ئەی کوا یەکێتیی سۆڤیەت، کە خەوی بە دەسەڵاتی هەموو جیهانەوە دەبینی؟

ئەمانە هەموویان دووچاری تێکشکان و پووکانەوە و نەمان بوونەوە، هەندێکیان زوو و هەندێکیان درەنگ، ئەوەی کە مایەوە بریتی بوو لە فتوحاتی ئیسلامی، هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە بە ناوی  خودای گەورەوە کرا و مەبەستیش لێی ڕزگارکردنی مرۆڤەکان بوو لە هەموو جۆرە ستەمکاری و بتپەرستی و قۆرخکارییەك.

دووەم: ڕوویەکی تری فتوحات بریتییە لە دیاردەی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوانی تردا، ئەویش پەیوەندیی هەیە بە یەکێك لە گرنگترین کێشە هاوچەرخەکانەوە، کە ئێستا پێی دەگوترێت سیستمی نوێی جیهانی، یان سیستمی جیهانی یەکگرتوو و کیشەی مافەکانی مرۆڤ، بە مەبەستی ئەنجامدانی هەندێك بەراوردکاری کەمێك لەسەر ئەم خاڵە دەوەستین.

لە ساڵی حەوتەمی کۆچیدا و لە پاش ئازادکردنی خەیبەر، موسوڵمانان دەستیان گرت بەسەر چەند پارچە نووسراوێك لە پەیمانی کۆنی جوولەکەکان و هێنایان بۆ لای پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر) ئەمە لە کاتێکدا بوو کە پێغەمبەر لە حاڵەتی سەرکەوتندا بوو بەسەر چەند دوژمنێکدا کە هیچ نەما نەیکەن بۆ لێدانی ئیسلام و موسوڵمانان و هەوڵی کوشتنی خودی پێغەمبەر و ڕووخاندنی قەوارەی موسوڵمانانیان دا، لەو کاتەدا پێغەمبەر دەیتوانی ئەو نووسراوانە بسووتێنێت، بەڵام لە جێگەی ئەوە بەسەلامەتی پارچە نووسراوەکانی بۆ جوولەکەکان گەڕاندەوە.

(إسرائيل ولنفسون) کە توێژەرێکی جوولەکەی میسریە، لە ماستەرنامەکەیدا بە ناوی (تاريخ العلاقات اليهودية الإسلامية في جزيرة العرب) بەسەرسوڕمانەوە ئاماژە بۆ ئەو ڕووداوە دەکات و دەڵێت: "هەتا ئێستاش پەنجەی ئاماژەیان بۆ لێبوردەیی پێغەمبەری ئیسلام (دروودی خودای لەسەر) درێژ دەکەن، کە چۆن بەسەر دەمارگیریدا زاڵ بوو، ئەمە لە کاتێکدا بە درێژایی مێژووی مەسیحیەت هەڵوێستی لەو شێوەیان نەنواندوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە بەردەوام دوژمنەکانی خۆیانیان ڕاماڵیوە".[١]

دەکرێت ئەم هەڵوێستە لەگەڵ هەڵوێستی دادگاکانی لێکۆڵینەوە (محاكم التحقيق) و کەنیسەی کاسۆلیکی لە ئەندەلووس بەراورد بکرێت کە لە کاتی سەرکەوتنی فردیناند و ئیزابیلا و کەوتنی کۆتا پێگەی موسوڵمانان لە ئەندەلووس، کە غەرناتە بوو، بەرامبەر کەلەپووری ئیسلامی نواندیان، ئەوان فەرمانیان دەرکرد کە هەموو کەلەپووری ئایینی و نائایینیی موسوڵمانان لە گۆڕەپانە گشتییەکانی ئەشبیلییە و تولەیتیلییە و غەرناتە کۆ بکرێتەوە بۆ ئەوەی لە بەرچاوی جەماوەری مەسیحیدا بسووتێندرین و ئەو کارەش ناو نرا (کارەکانی باوەڕ).

چەند ئامارێك ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە لە هەشت سەد هەزار دەستخەتی موسوڵمانان تەنها هەشت هەزاریان لێ مایەوە و ئەوانیش لە خێوەتەکانی ئەسکوریاڵ داندران لە مەدرید و پاشان ئاگر گەیشتە ئەوانیش و شەش هەزاری تریان لێ سووتان، لە ئێستادا لەو کەلەپوورە بەپیتەی کە لە زانستە مرۆڤایەتییەکان و بەشە زانستییەکانی تر پێك هاتبوو تەنها دوو هەزار دەستخەت ماونەتەوە[٢].

---

[١] تاريخ العرب في بلاد العرب في الجاهلية وصدر الإسلام، مطبعة الاعتماد، القاهرة، ١٩٢٧م، ص١٧٠.

[٢] بڕوانە: محمد عبدالله عنان، مواقف حاسمة في تاريخ الإسلام، الطبعة الرابعة، مؤسسة الخانجي، القاهرة، ١٩٦٢م، ص ٣٢٦،٣٢٩.

له سەردەمی ڕاشیدیندا کاتێك لەشکری موسوڵمانان بەڕێ دەکەوت بۆ ئازادکردنی ناوچەیەك لەلایەن خەلیفەوە زۆر بەتوندی فەرمانیان پێ دەکرا نابێت ناپاکی بکەن، نابێت هیچ شتێك بسووتێنن و هیچ شوێنێك بڕووخێنن، نابێت دەستدرێژی بکەنە سەر ئەو کەسانەی لە پەرستگاکاندا خەریکی پەرستشی خۆیانن، نابێت کەسانی لاشەڕ و ژن و پیر و منداڵ بکوژن، نابێت دار ببڕن و زیان بە کشتوکاڵ و ئاژەڵان بگەیەنن[١]. بەڕاستی جەنگێکی شارستانیانەیان دەکرد، چونکە بە کۆمەڵێك بەها ڕێکیان خستبوو کە لەلای خودای گەورەوە هاتبوون، هەرگیز شمشێر لە دژی کەسانێك بەرز نەکراوەتەوە کە دەستدرێژییان نەکردبێت، لەبەر ئەوەی موسوڵمانان بۆ ڕزگارکردنیان هاتبوون نەك بۆ کوشتنیان.

له بەرامبەر ئەو مامەڵە دادگەرانە و مرۆڤدۆستانەدا نموونەی هێرشی ڕۆژئاواییەکان دەبینین کە خاڵییە لە هەموو بەهایەکی مرۆڤانە و ڕەوشتیانە، لەپێناو سەرکەوتندا هەموو شێوازێکی جەنگ بە ڕەوا دەبینن، زۆربەمان جەنگی جیهانیی دووەممان لەبیرە، کاتێك ئەمریکا هەستی کرد یابان توانای بەرگری هەیە، بۆ ماوەی چەند ساڵێك پەنای بردە بەر بەکارهێنانی بۆمبی ناوەکی و دوو لە گەورەترین شارەکانی یابانی وێران کرد کە هێرۆشیما و ناکازاکی بوون، ئەمەش بەبێ ئەوەی هیچ جیاوازییەك بکات لە نێوان جەنگاوەران و خەڵکی لاشەڕدا، وە بەبێ جیاوازی لەنێوان پیاو و ژن و پیر و منداڵ، وە بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ بەهایەکی شارستانی.

گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناسی بەریتانی (توماس ئارنولد) چل ساڵ خەریکی نووسینی کتێبێك بوو بەناوی (الدعوة إلى الإسلام)[٢]، لەو کتێبەدا و لە ماوەی سیانزە سەدە و

---

[١] محمد بن جرير الطبري، تاريخ الرسل والملوك، تحقيق: محمد أبي الفضل إبراهيم، دار المعارف، القاهرة، ١٩٦١. ١٩٦٢ ٣/٢٢٦، ٢٢٧، ٤٩٢، ٤٩٣.

[٢] وەرگێڕانی: د. حسن إبراهيم حسن ورفاقه، الطبعة الثالثة، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة، ١٩٧١م.

نیودا بەوردی بەدواداچوونی بۆ بڵاوبوونەوەی ئیسلام و مامەڵەی موسوڵمانان لەگەڵ ژێردەستەکانیان کردوە، هەر وەك لە پەراوێزەکانیشدا ئاماژەی پێ دەکات بۆ ئەم مەبەستە سوودی لە سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان وەرگرتوە و لە نووسینەکەیدا بە چەندین ئەنجام گەیشتوە کە لێرەدا تەنها ئاماژە بە یەکێکیان دەکەین، تۆماس دەڵێت: "لە تێکڕای مێژووی ئیسلامیدا هەر لە سەرەتاوە هەتا کاتی دانانی ئەم کتێبەم لە چارەکی کۆتایی سەدەی نۆزدەدا، تەنانەت یەك حاڵەتیش تۆمار نەکراوە کە باسی ئەوە بکات کەسێکی ناموسوڵمان بەزۆر کرابێت بە موسوڵمان".[١]

لە بەرامبەردا دەبینین دەسەڵات و کەنیسەی ئیسپانیا گەلێك کە ژمارەیان لە دوو ملیۆن و چوار سەد هەزار کەس زیاتر بوو ناچار بە بەمەسیحیبوون یان جێهێشتنی وڵات یان کوشتنیان کردن، ئەمەش بە یەکێك لە ناشیرینترین جۆری مامەڵە دادەنرێت لەگەڵ ژێردەستەکاندا بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی[٢].

سێهەم: ئەو ئومەمیە ئیسلامیە کە لە مێژوودا و تا ئێستاش هەیە هەلی ژیان و دەسەڵات و ڕادەربڕینی داوە بە هەموو ئەو گەل و کۆمەڵگایانەی کە لەژێر چەتری ئیسلامدا خۆیان بینیوەتەوە، تەنانەت ڕێگە کراوە بووە بۆ کۆیلەکانیش بۆ گەیشتن بە لووتکەی دەسەڵات و دروستکردنی دەوڵەت، ناموسوڵمانەکانیش مافی ئایینی و شارستانیی خۆیان پێ دراوە، بە درێژایی مێژوو نەبووە جوولەکەیەك یان گاورێك یان ئاگرپەرستێك یان بوزییەك یان سابیئیەك ڕێگەی ڕادەربڕین و جێبەجێکردنی مافی ئایینی و ئازادییان لێ گیرابێت، بە پێچەوانەوە هەموویان لە ژیانی کۆمەڵایەتی و کارگێڕی و دارایی دەوڵەتیشدا پێگەی خۆیان هەبووە.

---

[١] الدعوة إلى الإسلام، ص٩٨، ٩٩.

[٢] سەبارەت بە کارەساتی موریسکییەکان لە ئەندەلووس بڕوانە: محمد عبدالله عنان، نهاية الأندلس وتاريخ العرب المتنصرين، (الكتاب الرابع من دولة الإسلام في الأندلس)، چاپی دووەم، مطبعة مصر، القاهرة، ١٩٥٨م.

ئومەمی ئیسلامی بە ڕووی گشت فرەییەکی ڕەگەز و ئایین و ڕێباز و ڕەنگ و چینایەتییەکدا کراوە بوو، ڕێگرییەکی لەبەردەم ئەو جیاوازییانە دانەنا بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، ئومەمیەتی ئیسلام لە بنەڕەتدا جیاوازە لە ئومەمیەتی مارکسیەت، کە بەهۆی یاسا توندەکانیەوە کاریان لەسەر ڕەتکردنەوە و نەهێشتنی فرەیی و دامەزراندنی یەکێتییەکی زۆرەملێ کردوە، ئەگەرچی زۆری پێ نەچوو لە ڕووی مێژووییەوە بێبنەمایی ئەو دروشمە دەرکەوت و توانای جێبەجێبوونی نەبوو[1]. ئەگەر چاوێك بە نەخشەی یەکێتیی سۆڤیەتی جاراندا بخشێنین، تەنانەت پێش بزووتنەوەی بریسترویکا و ڕەتکردنەوەی ئومەمیەتی مارکسی لەلایەن گەل و نەتەوە جۆربەجۆرەکانەوە و بەراوردی ئەو دیاردەیە بکەین بە مێژووی ئیسلامی دەبینین قەوارە جیاوازەکانی هەموو ناوچەکانی سنووری جیهانی ئیسلامی لەناو یەکێتیی جیهانی ئیسلامی و جێگیر و ئامانجە هاوبەشەکانیدا دەرکەوتن، لەمەوە دەردەکەوێت تەنها ئیسلام چارەسەری ئەو تەنگژەیەی لایە.

مێژووی شارستانیمان جۆرە کۆمەڵگایەکی دروست کرد کە هیچ ئەزموونێکی کۆمەڵایەتی لە کۆن و نوێدا نەیتوانیوە هاوشێوەی ئەو کۆمەڵگایانە پێشکەش بکات، ئەمەی دەیڵێین بانگەشەی بێبەڵگە نییە، بەڵکو ژمارە و ئامارەکان گەواهی ئەو ڕاستییە دەدەن، دەبینین کۆمەڵگا ئیسلامییەکان کەمترین ئالوودەبونی ماددە هۆشبەرەکان و بەرەڵڵایی و کۆچی بەکۆمەڵ و داڕووخانی خێزانی و خۆکوشتن و دەستدرێژیی سێکسیی تێدایە، ئەمە لە کاتی تێکشکانی ئەو کۆمەڵگایانەشدا لە ڕووی سیاسی و سەربازی و شارستانییەوە، کۆمەڵگا ئیسلامییەکان کەمترین ڕێژەی تاوانیان تێدایە لە ڕووی چەندێتی و چۆنیەتییەوە، تەنانەت دیدگاشیان بۆ ژیان گەشبینانەترە و تێڕوانینی بێهوودانەیان نییە بۆ گەردوون وەك هەندێك لە

---

[1] هیلین کارير دانكوس، القوميات والدولة السوفياتية، ترجمة: هنري عبودي، دار الطليعة، بيروت، ١٩٧٩م.

کۆمەڵگاکان کە هێندە بێهودە دەڕواننە گەردوون تا دەگەنە ڕادەی مکوڕپیکردن و ڕەتکردنەوەی نەگۆڕەکان و دەزگا شارستانی و ڕوحی و کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا.

شارستانیەتی ئیسلامی هەڵوێستێکی ئیمانی و یەکتاپەرستانەی هەیە بەرامبەر گەردوون و مرۆڤایەتی لەسەر هەردوو ئاستی زانستی و کرداریدا، ئەو دوانانەی کە لە ئەزموونی شارستانییەکانی تردا پێکەوە نایانکرێت، لە شارستانیەتی ئیسلامیدا بەهاوسەنگی سەیریان دەکرێت و پێکەوە دەگونجێندرێن، وەك دوانەکانی وەحی و گەردون، ئیمان و عەقڵ، دیار و نادیار، ئامادە و نائامادە، مادده و ڕوح، قەدەر و ئیختیار، پێویستی و جوانی، سروشت و پشتی سروشت، گڵ و جووڵە، سوود و بەها، تاك و کۆمەڵ، دادگەری و ئازادی، دڵنیایی و تاقیکردنەوە، یەکێتی و فرەیی، تێری و خۆگرتنەوە، چێژوەرگرتن و خۆڕاگرتن، جیگیری و گەشەسەندن، دونیا و دوارۆژ، زەوی و ئاسمان، نەمان و نەمری.

مێژووی ئیسلامی لێوانلێوە لە داهێنانی شارستانی و کاری بەردەوام و سووربوون لەسەر دۆزینەوەی نوێ و گەشەسەندن و ئەمەش لەژێر ڕۆشنایی ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) کە دەفەرموێت: ((هەرکاتێك قیامەت هەستا و یەکێك لە ئێوەش نەمامێکی بەدەستەوە بوو و توانی بینێژێت، با بینێژێت، چونکە لەسەر ئەو کارە پاداشت وەردەگرێت))[١]، وە هەروەها فەرمودەی: ((خوای گەورە پێی خۆشە هەرکاتێك یەکێك لە ئێوە کارێکی ئەنجام دا بە بەرێکوپێکی ئەنجامی بدات))[٢]، وە هەروەها لەژێر ڕۆشنایی کۆی ئەو ئایەتانەی

---

[١] علی کوڕی عبد العزیز لە کتێبی (المنتخب) بە سەنەدێکی حسن لە ئەنەسەوە گێڕاویەتیەوە، (عمدة القاري في شرح صحيح البخاري) لبدر الدين العيني، باب الحرث والزراعة.

[٢] ئیمامی بەیهەقی هێناویەتی لە کتێبی(شعب الإيمان)، هەروەها ئیمامی سیوتی گێڕاویەتەوە لە کتێبی (الجامع الصغير) بە سەنەدێکی لاواز.

قورئان که باسی جێنشینبوونی مرۆڤ دەکەن لەسەر زەوی و ئاماژە بەوە دەکەن کە هەموو جیهان لە خزمەتی مرڤدایە[1]، هەر ئەوەش بوو سەرەنجام ئەو شارستانیەتییەی گەیاندە ئاستی دروستکردنی تاقیگە و دانانی بنەمای زانستیی پیشەسازی و تەکنۆلۆجیا.

لەبەر ئەوەی ئەو دەستکەوتە شارستانییە پەیوەندیی بە بیروباوەڕەوە هەیە دەبینین زۆر دڵسۆزانە گشت ئەزموون و توانا و داهێنانەکانیان خستە خزمەتی مرۆڤایەتی بەگشتی لە هەر جێگایەك بێت، خۆپەرست نەبوون و زانستەکانیان نەشاردەوە، بە پێچەوانەی ڕۆژئاواییەکانی کۆن و نوێ کە شوێنپێی ناودارەکانی یۆنانیان هەڵگرتوە، شارستانیەتی ئێمە دەرگای عەقڵ و دامودەزگا و زانکۆکانی خۆی بۆ زانستخوازان کردەوە بەبێ گوێدانە جیاوازیی نەتەوە و ژینگە و ئایین، زانکۆ ئەندەلووسییەکان لە قورتوبە و غەرناتە و ئیشبیلیە باشترین گەواهیدەرن کە چۆن نێردراوانی کەنیسەیان لەخۆ گرت و پاشان بەشداریی بەرچاویان هەبوو لە سەرلەنوێ هەستانەوەی ئەورووپادا.

---

[1] بڕوانە سورەتەکانی: فاطر ٣٩، الأنعام١٣٥، الأعراف٦٩، ١٢٩، یونس١٤، النمل٦٢، النور٥٥، هود٦١، النحل١٢، ١٤، إبراهیم٣٢، ٣٣، لقمان٢٠، العنکبوت٦١.

## سەرەتايەك

### چەند ڕێکخەر و پێوەرێکی بنەڕەتی لە میتۆدی نووسینەوەی مێژووی ئیسلامیدا

کاتێك سەبارەت بە میتۆدی نووسینەوەی مێژووی ئیسلامی دەدوێین پێویستە دوو جۆر میتۆدمان لەبەرچاو بێت، کە بریتین لە میتۆدی گشتی و تایبەتی.

میتۆدی گشتی بۆ توێژینەوەی مێژوویی بەکار دێت، جا لە چوارچێوەی ئیسلامدا بێت یان نا، لەم جۆرە میتۆدەدا ئێمە لەبەردەم چەند هونەرێکی جیهانیداین، کە ئەزموونی هەموو گەل و کۆمەڵگاکان ڕۆڵیان هەبوە لە دروستکردن و گەشەپێدانیدا، شارستانیەتی ئیسلامییش جێدەستی بەرچاوی هەبووە لە دروستکردن و دەوڵەمەندکردنی ئەو میتۆدەدا و بە تێپەڕبوونی کات هەموو دەزگا زانستییەکانی جیهان یەکدەنگ بوون لەسەر پەیڕەوکردنی ئەو میتۆدە، بە شێوەیەك ئەگەر توێژینەوەیەك یان نامەیەکی زانستی لە زانکۆکاندا مەرجەکانی ئەو میتۆدەی تێدا نەبێت، کە هەموو مامۆستایان و قوتابیانی زانکۆ دەیزانن، ئەوا کەلێن و کەموکووڕییەك لە کۆکردنەوە و لێکدانی بابەتە مێژووییەکە دروست دەبێت سەبارەت بە هەر ناونیشانێك بێت.

چەند هەنگاوێك هەن کە پێویستە لە هەموو توێژینەوەیەکی زانستی مێژووییدا هەبن، توێژینەوەکە ئیسلامی بێت یان ئەوروپی یان چینی یان...، ئەو هەنگاوانەش بریتین لە: هەڵبژاردنی ناونیشان لەدوای خوێندنەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە بابەتەکە و ئەو بابەتانەش کە نزیکن لەوەوە، پاشان ڕێکخستنی لیستی ئەو سەرچاوانەی کە لە توێژینەوەکەدا بەکار دەهێنرێن، پاشان دانانی پلانێکی گونجاو بۆ توێژینەوەکە، پاشان کۆکردنەوەی بابەتە پەیوەندیدارەکان بە توێژینەوەکەوە بەپێی مەرجە زانستییەکان، پاشان جیاکردنەوەی بابەتەکان و لێکدانی بابەتەکان

تا دەگات بە قۆناغی تەواوکاریی توێژینەوەکە، کە بریتین لە پێشەکی و کۆتایی و سەرچاوەکان، ئەم هونەرانەش تایبەت نین بە توێژینەوەی مێژووییەوە، بەڵکو دەکرێت لە هەموو بەشەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکاندا بەکار بهێنرێن.

لەو چوارچێوەیەشدا بەرهەم و نووسراوی زۆر هەن، هەر لە کتێبە ناودارەکەی دکتۆر أحمد شەلەبییەوە بیگرە بە ناونیشانی (*كيف تكتب بحثًا أو رسالة*)، تا دەگات بەو بەرهەمانەی بەشی مێژوو دەیاننووسێت لە زانکۆکاندا و دەکرێنە پرۆگرامی خوێندن و لە قوناغەکانی زانکۆدا دەخوێندرێن. کاتێکیش باسی میتۆدی تایبەت بە نووسینەوەی مێژووی ئیسلامی دەکەین و لەو ڕێکخەر و پێوەر و مەرجانە دەکۆڵینەوە کە پێویستە تێیدا بێت لەگەڵ مەرجە گشتییەکانیش کە پێشتر ئاماژەمان پێ کردن، لەم کاتەدا پێویستە تۆزێك لەسەرخۆ ورد ببینەوە چونکە:

**یەکەم**: تایبەتمەندییەکانی ئەم میتۆدە پێشتر بە ئەندازەی خۆی گرنگیی پێ نەدراوە و لەسەری نەنووسراوە تا جیا بکرێتەوە.

**دووەم**: ئەو ئەندازە کەمەش کە لەسەری نووسراوە سنووری تیۆریی تێنەپەڕاندوە بۆ جێبەجێکردن، ئەمە لە کاتێکدایە کە پێویستە ئەو مەرجانە لە گۆڕەپانی مێژووی ئیسلامیدا جێبەجێ بکرێن بۆ ئەوەی توێژینەوەکە لە ڕووی پێگەیشتوویی و لێهاتووییەوە لە ڕووداوە مێژووییەکەوە نزیکتر بێت.

دەبێت ئەوەش بزانین توێژینەوەی مێژووی ئیسلامی دوو جۆری سەرەکیی هەیە و هەر یەکێکیان مەرج و پێوەری خۆی هەیە و لە هەندێك پێوەریشدا یەك دەگرنەوە. جۆری یەکەمی توێژینەوەی مێژووی ئیسلامی لێکۆڵینەوەیە لە ڕووداوێکی ئیسلامی یان دیاردەیەك یان دەوڵەتێك یان پێکهاتەیەکی سیاسی یان دەستکەوتێکی ڕۆشنبیری یان شارستانی یان کەسایەتییەك یان داستانێك یان پەیماننامەیەك یان بەدواداچوون بۆ پەیوەندییەکانی نێوان دوو قەوارە، زۆرینەی

توێژینەوەکانی دبلۆم و ماجستێر و دکتۆرا دەچنە ئەو قاڵبەوە، لەبەر ئەوە دەبینین بەپێی میتۆد کات و شوێن و بابەتەکەیان سنووردارە، ئەگەر واش نەبێت توێژینەوەکە فراوان دەبێت و تەنها درێژدادڕی دەبێت و زانیاری سادە لەخۆ دەگرێت و بەدواداچوونی قووڵ بۆ ڕووداوەکان ناکات و ناگات بە کرۆکی مەبەست و پێکهاتە و پاڵنەر و تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی و ناتوانرێت بەباشی ڕووداوەکان لەم سەردەمە نزیك بکرێنەوە.

جۆری دووەمی توێژینەوەی ئیسلامی، کە ئێمە لێرەدا مەبەستمانە توێژینەوەی هەموو مێژووی ئیسلامییە بە درێژایی کات و شوێن و بەرهەمەکانیەوە، ئەو جۆرە توێژینەوەیەش پێویستی بە میتۆدێکی کارکردن هەیە کە بتوانێت ئەو پرۆسە ئاڵۆز و درێژخایەن و گشتگیرە ڕێك بخات، لەوانەشە ئەو کارە لە توانای کەسێك یان چەند مێژوونووسێکیشدا نەبێت، تەنانەت لەوانەیە لە توانای دەزگایەکی زانستی و ئەکادیمیشدا نەبێت تا بە شێوەیەکی دروست ئەنجامی بدات.

بەدڵنیاییەوە هەندێك لەو تایبەتمەندییانەی کە پێویستە لە توێژینەوە سنووردارەکانی مێژووی ئیسلامیدا هەبن لەگەڵ ئەو هونەرە گشتییانەی کە هەموو جیهان لەسەری کۆکن ئەو میتۆدە دەوڵەمەند دەکەن کە دەیەوێت سەرلەنوێ مێژووی ئیسلامی بنووسێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا کۆمەڵێك مەرج و پێوەری تر هەیە کە پێویستە ڕوون بکرێنەوە و خۆمانی لەسەر ڕابهێنین تا میتۆدەکە گونجاو بێت بۆ دەستکردن بە هەنگاوەکانی توێژینەوەکە بە ئامانجی لێکدانی بابەتەکانی مێژووی ئیسلامی بەو شێوەیەی کە لە کات و شوێنی خۆی ڕووی داوە، نەك وەك ئەوە دەویسترێت باس بکرێت.

لە ڕاستیدا نووسینەوەی ڕووداو و بەرهەمەکانی مێژووی ئیسلامی وەکو خۆی و بە هەموو وردەکارییەکانییەوە و بەدوورودرێژی کارێك نییە لە توانای مرۆڤدا بێت،

بەتایبــەت کــە ئــەم کــارە مامەڵەکردنــە لەگــەڵ بابــەتێك لــە خانــەی زانســتە مرۆڤایەتییەکاندا نەك زانستە ئەزموونکراو و ڕێکخراوەکان (Exact Sciences).

هەروەها مامەڵەکردنە لەگەڵ ڕووداوگەلێك لەگەڵ بوونی بەربەستی کات و شـوێن لەنێوان توێژەر و ڕووداوەکاندا و پاشانیش مەرج نییە گێڕانەوەکان ڕاست و دروست بن و بەئاسانی ناتوانین باڵەخانەی مێژوویی خۆمانیان لەسەر بنیـات بنـێین، بـەڵکو پێویستە بـە ئازایەتییـەکی ڕەخنەگرانـەوە زۆرێـك لـەو ڕیوایەتانـە ڕەت بکرێنـەوە، سەبارەت بە ناوەڕۆکی ئەو ڕیوایەتانە پێشتر ئیبن خەلدون لە کتـێبی (*المقدمـة*)دا و ئیبن ئەلعەرەبی لە (*العواصم من القواصم*)دا خەڵکیان ئاگـادار کردۆتـەوە، تەنانـەت تەبەری لە پێشەکیی مێژووە بەناوبانگەکەیدا ئەو جۆرە گێڕانەوانە بە دەسـتەواژەی ناشیرین ناو دەبات، ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی خوێنـەر و بیسـەر بەئاسـانی بـڕوا بەو ڕیوایەتانە نەکەن.

لـە ئێسـتادا ئێمـە لەبـەردەم سـێ جـۆر میتـۆددایین، پێویسـتە تێیانپـەڕێنین بـۆ گەیشتن بە دۆخێکی گونجاو لـە مامەڵـەکردن لەگـەڵ مێـژووی ئیسـلامیدا، میتـۆدی یەکەم بەوە ناسراوە کـە هـەموو جیهـان لەسـەر هونـەرەکانی یەکدەنگن، میتـۆدی دووەمیش تا ڕادەیەکی باش لەسـەر هـەردوو ئاسـتی تیـۆری و کـرداری کـاری تێـدا کراوە، بەڵام کێشە لە میتۆدی سێهەمدایە کە لـە هـەموویان گـرنگترە، تایبەتـە بـە ڕێکخسـتنی ئـەو مـەرج و پێوەرانـەی کـە سـەرلەنوێ لـە نووسـینەوەی مێـژووی ئیسـلامیدا پێویسـتە ڕەچـاو بکـرێن، ئەمـە ئەگـەر بمانـەوێت مێـژووی ئوممـەتێکی ئیسـلامی بنووسـینەوە نـەك ئوممـەتێکی ئـەمریکی یـان ڕوسـی یـان چـینی یـان ئەنجلوسکسونی یان لاتینی!

ئـەوەی لێـرەدا دەیخەینـە ڕوو تـەنها چـەند پێشـنیارێکە بـۆ میتـۆدی سـێهەم، کۆمەڵێك بنەما و پێوەرن، کە دەکرێت زۆر بنەمای تریان لێ وەربگیرێت و دەشکرێ

هەندێك لەوانەی كە گرنگ نین لێی دەربكرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەم جۆرە میتۆدە پەیوەندبی بە تێڕوانینی گشتگیرانەوە هەیە بۆ مێژوو.

ئەمانە لە چەند ڕێنماییەكی میتۆدی دەچن بە مەبەستی پاراستنی ئەو هەوڵانەی كە لەئارادان بۆ سەرلەنوێ نووسینەوەی مێژووی ئیسلامی لە لادان و گۆڕین و هەڵبەستن تا ڕووداو و گۆڕانكارییەكانی ئەو مێژووە لە ژینگەی ڕاستەقینەی خۆیان دەرنەهێنرێن و نەخرێنە ژینگەیەكی ڕۆژئاوایی نارەسەنەوە، كە سەرەنجام ئەنجامێكی نازانستیی پێچەوانە لەگەڵ میتۆدەكە دەدات بەدەستەوە.

بنەما و پێوەرەكانی ئەو میتۆدەش بریتین لە:

**یەكەم:** بۆ ئەوەی لە خاڵی دروستەوە دەست پێبكەین دوو پێویستی گرنگ هەن بۆ توێژینەوە دەبێت ڕەچاو بكرێن، یەكەمیان: دەبێت توێژەران زانیاریی باشیان هەبێت سەبارەت بە لێكدانەوەی ئیسلامیانە بۆ مێژووی مرۆڤایەتی، ئەوەش چەند بەهایەكیان دەخاتە بەردەست كە بەبێ تێگەیشتن لەو بەهایانە ناكرێت لە مێژووی ئیسلامی تێبگەن، مێژووی ئیسلامی هەوڵ دەدات لە ڕێگەی میتۆدی تایبەتیی خۆیەوە یاسا و ڕێساكانی جووڵانەوەی مێژوو لەسەر ئاستی جیهان ئاشكرا بكات، لە هەمان كاتدا چەند بەهایەكی باشیش دادەنێت بۆ شیكردنەوەی خودی مێژووی ئیسلامییش، لەبەر ئەوەی لە هەردوو دۆخەكەدا مرۆڤ دوو بەردی دەستاڕی مێژووە و ئەو یاسایانەی بە گشتی كاریان لە جووڵانەوەی مێژوودا كردوە هەمان یاسان كە ئێستا هەن جا یاسای مێژووی مرۆڤایەتی بن یان یاسای مێژووی ئیسلامی.

پێویستی دووەم بۆ توێژەران ئەوەیە كە تێگەیشتنی هاوبەشیان هەبێت بۆ تایبەتمەندییەكانی خودی مێژوو، ئەو تایبەتمەندییانەی كە زیاتر دەرخەری ڕووی ڕاستەقینەی مێژووی ئیسلامی بوون بە درێژایی كات و شوێنی و بەهای زیاتر دەدەن بەو مێژووە بە شێوەیەك كە لە مێژووی گەل و كۆمەڵگاكان جیای دەكەنەوە، هیچ كەسیش نكوڵی لەوە ناكات كە مێژووی ئیسلامی چەند

تایبەتمەندییـەکی لـەو جـۆرەی هەیـە، چـونکە ئـەو مێـژووە بەرهـەمی پـەیوەنـدیی توندوتۆڵی نێوان وەحی و بوونەوەرە.

وەرگـرتنی ئـەو دوو پێویسـتییە ئەوپـەڕی سـوود بـە توێـژەر دەگەیـەنێت لـە چوارچـێوەی میتـۆدی توێژینـەوەی مێژووییـدا، لـە لایـەك بـە هاوکـاریکردنی بـۆ تێگەیشتنی قووڵتر لە ڕووداوە مێژووییەکان و ڕێگەکانی دروستبوونیان و لە لایـەکی تریشـەوە ڕێـی شـپرزەیی و پەرشـوبڵاوی و بەریەککـەوتن و دژایـەتی بۆچـوون و لێکدانەوەکان لە توێژەر دەگرێت، بە پێچەوانەوە سـەرەنجام دوای مانـدووبوونێکی زۆر دەبینرێت کارەکەی بە ڕێگەی دروستدا نەڕۆیشتوە و ئـەنجامی چاوەڕوانکراوی بەدەستەوە نەداوە، کە بریتییە لە پێشکەشکردنی ڕووداوەکـانی مێـژووی ئیسـلامی بە یەکپارچەیی و بەپێی توانا نزیککردنەوەیان لە هۆکـار و یاسـاکانی دروسـتبوونی ڕووداوەکان و گۆڕانکارییەکانی.

**دووەم:** تـا ڕادەیـەك هاوسـەنگیڕاگرتن لـەنێوان بـواری سـەربازی–سیاسـی و شـیکردنەوەی بـوارە شارسـتانییەکانیدا، بـە لەبەرچـاوگرتنی ئـەوەی کـە کـۆی دەستکەوتە شارستانییەکان مێژوو پێك دەهێنن و لەوێوە واتا و ئامانج وەردەگرن.

لێرەشدا پێویست ناکات توێژەر زانیاری بە هەموو وردەکارییەکان هەبێت، کە لە سەرچاوە کۆنەکانـدا هـاتون، بەتایبـەت ئـەو زانیارییانـەی پەیوەنـدییان بـە بـواری سیاسی و سەربازییەوە هەیە، پێویست ناکات خۆی کۆت و بەندی ئەو هەموو دەقە زۆرانە بکات و دەبێت لـە ڕووداوە بچـووکەکان خـۆی لا بـدات و گرنگـی بـە ڕووداوە گـەورە و مانادارەکـان بـدات، نابێـت لـە سـنووری دەق و ڕووداوەکانـدا بوەسـتێت، بـەڵکو دەبێـت تێیانپـەڕێنێت بـۆ مەبەسـت و واتـا قووڵـەکان، کـە لـە پشـتی ڕووداوەکانـەوەن، بـەم کـارە بابەتەکـە کـورت و پوخـت دەکاتـەوە، چـونکە گشـت ڕووداوە بچـووکەکان لـە ژێـر یـەکێك لـە واتاکانـدا کـۆ دەبنـەوە لـە چوارچـێوەی جووڵانـەوەی فراوانـی مێـژوودا، پاشـان ڕووداوە بچـووکەکانیش دەبنـە چـەند

نموونەیەکی لەیەکچوو کە دەکرێت چەند دانەیەکیان لێ وەربگرین بۆ دروستکردنی ڕووداوە مێژووییەکە بە شێوەیەکی گەورەتر، بەمەش خۆمان ڕزگار دەکەین لە کەڵەکەکردنی ڕووداوەکان بە شێوەیەك کە لەبری ئەوەی خوێنەر لە ڕووداوەمێژووییەکان و گۆڕانکارییەکانی تێبگات ماندووی بکات.

**سێهەم:** بەدەستهێنانی ئەندازەیەك هاوسەنگی لەنێوان پێشکەشکردنی زانستییانەی ڕووداوە مێژووییە سیاسی و شارستانییەکان لەگەڵ دەربڕینی بۆچوونی فەلسەفیانەی توێژەر بۆ ئەو ڕووداوانە، دەبێت هۆکارەکانی دروستبوون و ئاماژەکانی ڕێڕەوکردن و سەرەنجامی ڕووداوەکان ئاشکرا بکات و پێویستە بۆچوونەکان لە تێڕوانینێکی دیاری هاوچەشن سەرچاوە بگرن و لانی کەم ڕەچاوی ئەو بنەمایانە بکرێت کە لە خودی مێژووی ئیسلامی وەرگیراون، نەك ئەوانەی بەزۆر تێیخزێندراون، ناکرێت بۆچوونێك لە فەلسەفەی مادییەوە سەرچاوە بگرێت و یەکێکی تریش لە میسالیەت یا شارستانیەتی یان ڕوحی سەرچاوە بگرێت، بەڵکو دەبێت سەیر بکات کام فەلسەفەیە زۆر گونجاوە لەگەڵ جووڵانەوەی مێژووی ئیسلامیدا و توانای لێکدانەوە و دەرخستنی واتا شاراوەکانی ئەو مێژوەی هەیە، پێویستە پشتی پێ ببەستێت.

**چوارەم:** کاتێك باسی ڕووداوەکانی مێژووی ئیسلامی دەکرێت لە کاتێکی دیاریکراودا، پێویستە بە هەمان شێوە باسی دۆخ و ڕووداوەکانی دەوروبەری ئەو قەوارە ئیسلامییەش بکرێت، هەتا خوێنەر یاخود توێژەر بتوانێت لە سروشتی پەیوەندیەکانی دەرەوەی قەوارەی ئیسلامی لەگەڵ دەوروبەریدا تێبگات، ئەمەش لە ڕێگای تێگەیشتن لە کۆی ڕووداوە مێژووییەکانەوە دەبێت کە لە یەك کاتدا ڕوو دەن.

**پێنجەم:** لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە، ئایا لەدوای ئەو گەشەسەندنەی کە میتۆدی توێژینەوەی مێژوویی بەخۆیەوە بینیوە، دەکرێت سەرلەنوێ قۆناغەکانی

مێژووی ئیسلامی دابەش بکەینەوە و خۆمان لە دابەشکردنە کۆنەکان بپارێزین، کە هێندە دووبارە کراوەتەوە کەس ناتوانێت گفتوگۆی لەسەر بکات و ڕەتی بکاتەوە؟

لە وەڵامدا دەڵێین بەڵێ، بەتایبەت کاتێك باسی یەکێتیی جووڵانەوەی مێژوویی و گۆڕانکارییـە یـەك لـەدوای یەکـەکانی و درێژبوونـەوەیان بـۆ نـاو پێکهاتـەی گـەل و کۆمەڵگا ئیسلامییەکان دەکـەین، لـەو کاتـەدا کـە بـەگوێرەی هاوکێشـە کاتییـەکان گۆڕانکارییە مێژووییەکان ڕوویان داوە، دوور لە گۆڕینی سەرکردایەتی لەناو بنەماڵـە و سیستەم و دەسەڵاتدارەکان، چونکە هاوکێشەی ئەو دوو گۆڕانکارییە جیاوازن.

کەواتـە پێویسـتە پشـت بـە پێوەرەکـانی گۆڕانکـاری بەرچـاوی جووڵانـەوەی مێـژوویی ببەسـتین لـە قۆناغێکـەوە بـۆ قۆنـاغێکی تـر و لـە سـەردەمێکەوە بـۆ سەردەمێکی تر و لەسەر هەموو ئاستەکانی سیاسی و بیروباوەڕ و شارستانی، واتـە دابەشـــکرنی کـــاتی قۆناغـــە مێژووییـــەکان نابێـــت لەســـەر بنـــەمای گۆڕانکـــاری سەرکردایەتیکردن دابڕێژرێت، بـەڵکو دەبێـت لەسـەر بنـەمای جووڵـە و گۆڕانکـاری بەردەوامی کۆمەڵگا بێت.

بەڵام لەسەر ئاستی شوێن باشتر وایە پشـت بـە یەکـە شارسـتانییە جیاوازەکـان ببەسـترێت لـە چوارچـێوەی شارسـتانیەتی ئیسـلامیدا، ئـەو یەکانـەی کـە زیـاد لـە قەوارەیەکی سیاسیان تێدایە و لە چەند ژینگەیەکی جوگرافی و ناوچەی جیاوازدان.

**شەشەم:** بەکارهێنانی میتۆدێکی ڕەخنەگرانەی پتەو لە مامەڵەکردندا لەگەڵ ئەو ڕیوایەتانەی کە لە سەرچاوە کۆنەکانماندا هاتوون، نابێـت بـە هـیچ شـێوەیەك و بـە ڕەهـایی هـەموو ڕیوایەتـەکانی مێژوونووسـە کۆنـەکانمان وەر بگـرین، بـەڵکو پـێش ئەوەی وەری بگرین پێویستە ڕیوایەتەکە لەگەڵ بارودۆخی گشتی ئـەو سـەردەمەی کـە ڕووداوەکـە تێیـدا ڕویـداوە بـەراورد بکرێـت تـا بزانرێـت لەگـەڵ ئـەو قۆناغـەدا دەگونجێـت، پاشـان دەبێـت بخرێتـە بـەردەمی پێوەرەکـانی ڕەخنـەی دەرەکـی و

ناوەکییەوە بە مەبەستی گەیشتن بە دڵنیایی تەواو سەبارەت بە ڕاستیی بەسەرهاتەکە.

بۆ پێوەرەکانی ڕەخنەی دەرەکی تا ڕادەیەکی باش دەتوانرێت سوود لە هەردوو زانستی (مصطلح الحديث) و (الجرح والتعديل) ببینرێت، چونکە ئەو دوو زانستە بە شێوەیەکی فراوان بەکار هێنراون بۆ پاککردنەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) وە هەروەها دەتوانرێت سوود لەو کتێبانەش ببینرێت کە ژیانی گێڕەرەوەکانیان نووسیوەتەوە و لەو بوارەدا زۆر بەسوودن، لە ڕاستیدا هیچ ئوممەت و گەل و کۆمەڵگایەك لەسەر زەوی بە ئەندازەی موسوڵمانان گرنگییان بە پاککردنەوەی سەرچاوەکانیان نەداوە، جا فەرموودە بێت یان مێژوو، ژیاننامەی دەیان هەزار کەس نووسراوەتەوە، کە فەرموودە یان بەسەرهاتی مێژوویيان گێڕاوەتەوە، فەرموودە و بەسەرهاتەکانیشیان لێ وەرنەگیراوە هەتا لێکۆڵینەوە لە گێڕەرەوەکە نەکرابێت، لەبەر ئەوە ئەگەر بویسترێت بە شێوەیەکی دروست توێژینەوە لە مێژووی ئیسلامیدا بکرێت پێویستە ئەو بابەتە فەرامۆش نەکرێت، هەتا کارە مێژووییەکان پشتبەستوو بن بە سەرچاوە متمانەپێکراوەکان و هەواڵە وردبینکراوەکان و پاککراوە بن لەو هەموو بەسەرهاتە ناڕاستانەی کە بە دەستی دوژمنان خزێندراوەنەتە ناو مێژووی دوورودرێژ و ئاڵۆزمان.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەو تێبینییە گرنگەی (محب الدين الخطيب) بکەین کە سەبارەت بە مێژووی تەبەری دەڵێت: "ناکرێت ئێمە سوود لە هەزاران هەواڵ ببینین بەبێ گەڕانەوە بۆ ژیاننامەی گێڕەرەوەکان لە کتێبەکانی (الجرح والتعديل)دا، سەرچاوەکانی (مصطلح الحديث)یش ئەو مەرجانەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە کە پێویستە لە گێڕەرەوەکاندا هەبێت، ئایا لە چ کاتێکدا گێڕانەوەی پێچەوانە وەردەگیرێت؟ زانیاری دەربارەی ئەم زانستە یەکێکە لە پێویستییەکانی کارکردن لە مێژووی ئیسلامیدا، ئەوانەش کە بە ئارەزووی خۆیان هەواڵ کۆ دەکەنەوە و گوێ بە

گێڕەرەوەکانیان نادەن و تەنها لە پەراوێزدا دەنووسن لە مێژووی تەبەریدا هاتووە لە بەرگی ئەوەندە و لاپەڕەی ئەوەندەدا و وا دەزانن ئەوە هەموو شتێکە، لە ڕاستیدا ئەوانە کەمترین سوود لەو هەزاران ڕووداوە وەردەگرن کە سەرچاوە مێژووییەکان لەخۆیان گرتوە".[1]

خودی تەبەریش لە پێشەکی مێژوەکەیدا دەڵێت: "ئەگەر لەم کتێبەمدا هەواڵێکمان باس کرد و لە پێش خۆمان وەرگرتبوو، بەڵام خوێنەر ڕەتی کردەوە یاخود گوێگر بەلایەوە ناشیرین بوو لەبەر ئەوەی بە ڕاستیان نەدەزانی لەڕووی ڕیوایەت و واتاوە، ئەوا با بزانرێت کە ئەو ڕیوایەتە لە ئێمەوە نەهاتوە، بەڵکو گێڕەرەوەکان ئاوا بۆ ئێمەیان هێناوە و ئێمەش بەو شێوەیە گەیاندومانە".[2]

**حەوتەم:** لە توێژینەوەی مێژووییدا پێویستە پشت بە خودی ڕووداوەکە ببەسترێت، نابێت لە پێش توێژینەوەکە توێژەر نەخشە و بۆچوونی داتاشراوی خۆی هەبێت و بیەوێت ڕووداوەکان ملکەچ بکات و لەگەڵ بۆچوونەکانی خۆیدا بیانگونجێنێت، ئەگەرچی سەر بکێشێت بۆ تێکدانی فۆرمی ڕووداوەکان و داڕشتنەوەیان تا لەگەڵ پەیامە پیشوەختەکەیدا بیگونجێنێت، زۆر بەڕوونی ئەو دیاردەیە بەدی دەکرێت لەو توێژینەوانەدا کە تێگەیشتنی ماددیان هەیە بۆ لێکدانەوەی مێژوو، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە بکەونە هەڵەی گەورەوە.

بۆ نموونە کاتێك ئەو توێژەرانە باسی ژیانی پێغەمبەر دەکەن "هەندێکیان بۆچوونیان وایە کە کۆمەڵگای عەرەبی لە مەککە و مەدینە سەرەتایەك بوو بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەك کە کۆیلەی دەکردە سامان و موڵك، تەنانەت (بیجو لفسکایا) پێی وایە کە قورئان بەچڕی باسی قۆناغی خاوەنداریێتیی کۆیلە دەکات، هەروەها لەگەڵ (بلاییف)دا دەڵێن قۆناغی دەرەبەگایەتی لە شوێنەوارەکانی

[1] المراجع الأولى في تاريخنا، مجلة الأزهر، مج٢٤، ج٢، ص٢١٠، القاهرة، صفر ١٣٧٢ه.

[2] تاريخ الطبري ٨/١.

تێکەڵبوونی عەرەبەکانە لەگەڵ گەلانی تردا، هەندێکیشیان پێیان وایە کە قۆناغی دەرەبەگایەتی هەر لەو سەردەمەدا دروست بوو، (کلیموفیج) بۆچوونی وایە کە ئیسلام لەگەڵ بەرژەوەندیی چینە مشەخۆرە نوێکان وەك سەرمایەدار و چینە بەرزەکان و دەرەبەگەکان یەك دەگرێتەوە، هەندێکیش پێیان وایە کە ئیسلام تەنها لە بەرژەوەندیی خاوەن کۆیلەکاندایە، لە بەرامبەریشدا (بلاییف) بۆچوونی وایە ئەو ئیسلامەی کە لە قورئاندا خۆی دەبینێتەوە لەگەڵ بەرژەوەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی چینە دەسەڵاتدارەکان ناگونجێت، بەڵام ئەوان پەنایان بردۆتە بەر هەڵبەستنی فەرموودە بۆ هەڵخەڵەتاندن و بیانووهێنانەوە بۆ چینایەتی، هەندێکی تر دەڵێن چینی پلەبەرزەکان هەموو هۆزە عەرەبەکانیان یەك خست لەپێناو گەیشتن بە مەرامەکانیان، هەندێکی تر دەڵێن هۆزەکان ڕێگەیان بۆ یەکبوون خۆش کرد و ئیسلامیش هات و بە یەکگرتویی گوزارشتی لەو ڕێخۆشکردنە کرد، تەنانەت ئەوانە هەڵوێستیان لە گەشەکردنی ئیسلامیش زۆر جیاوازە، (کلیموفیج) پێی وایە کە موحەممەد یەکێك بووە لەو پێغەمبەرانەی بانگەوازی یەکتاپەرستی کردوە و هەوڵی یەکخستنی هۆزە عەرەبەکانی داوە، بەڵام (تولستوف) نکوڵی لە بوونی پێغەمبەرە عەرەبەکە دەکات و بە ئەفسانەی دەزانێت، (کلیموفیج) پێی وایە کە بەشێکی زۆری ئیسلام لە دوای سەردەمی پێغەمبەر لەبەرژەوەندیی دەرەبەگەکان دەرکەوتوە و ئەگەرچی بنچینەکەی لە سەردەمی پێغەمبەردا بوو، بەڵام (تولستوف) دەڵێت ئیسلام لە ئەفسانەیەکەوە سەری هەڵداوە کە لە سەردەمی خیلافەتدا و بۆ بەرژەوەندی چینی دەسەڵاتداران دروست کراوە، ئەو ئەفسانەیەش لە چەند بیروباوەڕێك وەرگیراوە کە پێی دەگوترێت بیروباوەری یەکتاپەرستی".[1]

---

[1] د.عبد العزیز الدوري وزملاؤه، تفسیر التاریخ، مکتبة النهضة، بغداد، ١٩٦٣م، مقال (التاریخ والحاضر)، ص١٧.

**هەشــتەم:** توێــژەرانی مێــژوو نابێــت بکەونــە ژێــر کاریگــەریی بیروبۆچــوونە هاوچەرخەکان لە گشت بوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتیدا: سیاسی و ئابووری و ڕوحی و کۆمەڵایەتی و ئاکاری، ئەگەرنا تێڕوانینیان بۆ مێـژووی ئیسـلامی ڕەنگـی بۆچـوونە هاوچەرخەکان وەردەگرێت و ئەوکات تێڕوانینەکەیان بابەتیانە نابێت و مێژوونووس ناگاتــە مەبەســتی ڕووداوە مێژووییــەکان، کــە هــیچ پەیوەندییــەکیان بــە ســەدەی بیستەوە نییە. ڕاستە دەبێت مێژوونووس سوود لە زانست و ئامرازەکـانی سـەردەم وەربگرێـت بـۆ دەرخسـتنی ڕاسـتییە مێژووییـەکان، ئـەو زانسـت و ئامڕازانـەی کـە مێژوونووســە کۆنــەکانمان کەمێکیشــیان نــەزانیوە، دەبێــت ئــەوەش بگوترێــت پشتبەســتن بــەو زانســتانە کــە زۆربــەیان ئــەزموونین، بــۆ دەرخســتنی ڕاســتییە مێژووییەکان شتێکە و کەوتنە ژێر کاریگەریی فەلسەفەی گوماناویی ئەو زانستانە و ئەنجامە خراپەکانی لە هەردوو جیهانی دەروون و کۆمەڵگا و ویژدان و هەڵسوکەوتدا شتێکی ترە، کە وا لە توێژەر دەکات کوێت و بەندی چەند بیروبۆچوونێکی نـاجێگیر ببێت و وای لێ دەکات بە شـێوەیەك بـیر بکاتــەوە لـە کـاتی مامەڵەکردنیـدا لەگـەڵ ڕووداوە مێژووییەکانـدا بـە پێچـەوانەی داخـوازیی توێژینـەوەی زانسـتیی بابەتیانـە دەیانبینێـت، ڕووداوەکـان بـەگوێرەی بۆچـوونە هاوچـەرخەکەی لێـك دەداتــەوە و سەرەنجام ڕووداوەکان ڕووی ڕاستەقیتەی خۆیان لەدەست دەدەن و تایبەتمەندی و کەسایەتیی سەربەخۆیان ون دەکەن و ڕەنگ و ڕووی ئەو بیروبۆچوونە هاوچەرخانە وەردەگرن.

**نۆیــەم:** لـە کـاتی دژیەکوەسـتانی ئـەزموونی مێـژوویی لەگـەڵ دەق و ڕیوایـەتی مێژوویی دەبێت پشت بە ئەزموونەکان ببەسترێت کە قورسایی زیاترە و هاتۆتە دی و جێگەی باوەڕپێکردنە و لەگەڵ گۆڕانکارییە مێژووییەکاندا زیاتر دەگونجێت.

بۆ نموونـە لـە سـەرەتای خیلافـەتی ڕاشـیدیندا دەوڵـەتی ئیسـلامی ڕووبـەڕووی ترسـناکترین ئـەزموون بـۆوە لـە مێـژووی خۆیـدا کـە بـریتی بـوو لـە سـەرهەڵدانی

جوولانــەوەی هەلگەڕانــەوە، ڕووبەڕووبوونەوەیــەکی ســەربازی چارەنووســازی یەکلاکــەرەوە بــوو لەگــەڵ سیســتەمە جیهانییــەکانی ئــەو ســەردەمەدا، چــەند ڕووبەڕووبوونەوەیـەکی شارسـتانی بـەردەوام کـە بـەردەوام پێویسـتی بـە وەڵـامی سەرکەوتووانە هەبوو، ئوممەتی ئیسلامی لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی قورسدا بـوو، دەبووایە سەرکەوێت یان سەر شۆڕ بکات، خۆشبەختانە لە کۆتاییدا لەسەر هەرسێ ئاستەکە سەرکەوتنی بەدەست هێنا.

ئەو جووڵانەوە گەورەیەی مێژوو ناکرێت بە سەرکەوتنی موسوڵمانان کۆتایی پێ هاتبێـت و لـە هـەمان کاتیشـدا سـەرکردایەتی دەوڵەتەکـەیان لـە دووبەرەکییـەکی گـەورەدا بـووبن، هـەر وەك لـە هەنـدێك لـە دەقـە مێژووییەکانـدا هـاتووە، لێـرەدا ئەزموونە مێژووییەکە کە بریتییە لە سەرکەوتنی موسوڵمانان لـەو ڕووبەڕووبوونـەوە قورسەدا باوەڕپێکراوترە لە دەقە مێژووییەکان.

هەروەها دەبیـنین چـۆن فتوحـاتی ئیسـلامی لـە سـەردەمی خەلیفـەی یەکـەم و دووەم و سەرەتای ساڵانی خەلیفەی سێهەمدا چـەند هـەنگاوێکی گـەورەی بـەڕووی فراوانبووندا نـا و پاشـان ماوەیـەك لـە پێشـڕەوی ڕاوەسـتا، دواتـر و لـە سـەردەمی موعاویەدا خیلافـەت هێـزی بەدەسـت هێنایـەوە و چـەند دەسـتکەوتێکی بەدەسـت هێنـا، لــە ســەردەمی عەبدولمــەلیك و ســولەیماندا جگــە لــە هــەوڵی فــەتحکردنی قوستەنتینیە ئومەویـەکان هـیچ پێشـکەوتنێکیان بـە خۆیانـەوە نـەبینی، بـەڵام لـە سەردەمی وەلیددا ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایان فەتح کرد.

ئەو ڕووداوە مێژووییانە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کـە یاسـایەك هەیـە بۆمـان ڕوون دەکاتەوە چۆن لەو ماوە کەمەدا دوو جار فتوحات لە گەشەدا بوو و دوو جاریش لـە وەسـتاندا بـوو؟ بـۆ وەڵـامی ئـەو پرسـیارە دەتـوانین بڵـێین نهێنیـی سـەرکەوتنە گــەورەکان لــە یــەکێتی و یــەکبوونی موســوڵمانان و ســەرکردایەتییەکەیان و کۆکردنەوەی وزە و تواناکانیاند بووە لە قۆناغەکانی مێژوودا.

کەواتە ئەو دەق و ڕیوایەتە زۆرانەی کە لە دوای دەیان سەدە لەو ڕووداوانە نووسراونەتەوە و باسی پەرتەوازەیی موسوڵمانان و ململانێی بەرژەوەندیخوازانە و شوێن هەوا و ئارەزووکەوتنیان دەکەن، هیچ کام لەو دەقانە ناکرێت بە ڕاست دابنرێن لە بەرامبەر قورسایی ئەو ئەزموونە مێژووییەدا کە ئەو هەموو سەرکەوتنە گەورانەی بەدەست هێنا.

**دەیەم:** پێویستە سوود لە سەرچاوە هەمەجۆرە کۆنەکان ببینین وەك سەرچاوەکانی مێژووی گشتی و ساڵنامە و مێژووی دەوڵەت و هەرێم و شارەکان و سەرچاوەکانی نەخشە و جوگرافیا و گەشتەکان و ژیاننامە و سیرە و چینەکان و فیقە و هتد، چونکە لە ڕووی شارستانییەوە مێژووی ئیسلامی بەو هەمەجۆرییە دەوڵەمەند دەبێت، هەروەها بە کۆی سەرچاوەکان دەتوانرێت دەقەکان بەراورد بکرێن و بە شێوەیەکی زانستییانە تاوتوێ بکرێن.

**یانزەیەم:** لە توێژینەوەی زانستیدا پێویستە پشت بەو میتۆد و شێواز و ڕێگا جیهانییە نوێیانە ببەسترێت کە لە سەرەتای ئەم باسەدا ئاماژەمان بۆ کردن، ئەو هونەرانەی کە ناکرێت فەرامۆش بکرێن[1]، ئەو میتۆدەی کە بەرهەمی هەموو گەل و شارستیانیەتەکانە بەگشتی و شارستانیەتی ئیسلامییش ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە دروستکردنیدا[2].

ئەو هەنگاوانەی کە بە پلانی توێژینەوە دەست پێ دەکات و بە ڕێکخستنی ناوەڕۆك کۆتایی دێت و بە قۆناغەکانی شیکاری سەرچاوەکان و کۆکردنەوەی بابەتەکان و پۆلێنکردن و ڕەخنەلێگرتنیان و لێکدانی بابەتە مێژووییەکە و هتد تێدەپەڕێت، کە دەکرێت پێیان بڵێن هونەری توێژینەوە، ئەو هەنگاوانە لانی کەمی

[1] بڕوانە: حسن عثمان، منهج البحث التاريخي، أسد رستم، مصطلح التاريخ.

[2] بڕوانە: فرانز روزنثال، مناهج العلماء المسلمين في البحث العلمي، وعلم التاريخ عند المسلمين، و د.مصطفى الشكعة، مناهج التأليف عند العلماء العرب.

ئـەو هونەرانـەن کـە هـەموو توێـژەران لەسـەریان یەکـدەنگن و چـەند ئـامرازێکی بێلایەنانەن بۆ خزمەتی توێژینەوەی مێژوویی لە هەموو گۆڕەپان و ئاسۆکانیدا.

**دوانزەیەم:** پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە بانگەشەی سەرلەنوێ نووسینەوە و لێکدانەوەی مێژووی ئیسلامی ئەوە ناگەیەنێت کە لە خـاڵی سـفرەوە دەسـت پـێ بکەینەوە و هەوڵ و ماندووبوونی مێژوونووسە کۆنەکانمان بەڕەهایی ڕەت بکەینەوە و بەرهەمەکانیان سەرەوبن بکـەین، ئەگـەر کەسـێك بـەو شـێوەیە بـیر بکاتـەوە بـە دڵنیاییەوە فڕی بەسەر زانستەوە نییە.

مەبەستەکە زۆر جیاوازە، ئەویش ئەوەیە میتۆدێکی دادگەرانـە بگیرێتـە بـەر بـۆ مامەڵـەکردن لەگـەڵ پێـدراوەکانی بـاوك و باپیرانمـان بـە ڕوحیـەتێکی زانسـتیانەی دڵسـۆزانەوە، ئـەوەی شایسـتەی وەرگرتنــە وەری بگـرین و ئـەوەیش شایسـتەی ڕەتکردنەوەیــە ڕەتــی بکەینــەوە و ڕێــز لــە بەرهــەمی پێشــەنگەکان بگـرین بــە لەبەرچاوگرتنی هونەر و زانسـتەکانی سـەردەم لـە بـواری میتـۆد و بابـەتی بوونـدا، کەواتە دەبێت لەنێوان وەرگرتنی ڕەهای دەقە مێژووییەکان و ڕەتکردنەوەی ڕەهای ئەو دەقانەدا تێڕوانینێکی بابەتیانەمان هەبێت، بە ئامادەگی و پێشچاوخستنی ئـەو ژینگە و سەردەمەی کە ڕووداوە مێژووییەکە تێیدا ڕووی داوە، هاوکـات پشتبەسـتن بــەو زانســتانەی کــە هاوکــارن بــۆ ئاشــکراکردنی ئــەو ژینگەیــە و تێگەیشــتن لــە ڕووداوەکان لە زانستە مرۆڤایەتییەکان و ئەزموونییەکان.

**سیانزەیەم:** شتێکی باش دەبێت لە بەرامبەر هەموو ئەوانەدا کاری ڕەخنەیی لە سێ ڕووەوە ئەنجام بدەین:

أ- ڕەخنەگرتن لە خـودی ئـەو دەقانـەی کـە مێژوونووسـە کۆنـەکانمان باسـیان کردوون و پۆلێنکردنیان بەگوێرەی بەهێزی و لاوازییان.

ب– ڕەخنەگرتن لە هەڵوێستی مێژوونووسە نوێکان و فەیلەسوفەکانی مێژوو، کە توێژینەوەیان لە چەند لایەنێکی مێژووی ئیسلامیدا کردوە، هەتا ڕادەی نزیکیی بیروڕاکانیان لە ڕاستییە مێژووییەکەوە بزانرێت.

ت– ڕەخنەگرتن لە پێدراوەکانی جووڵانەوەی ڕۆژهەڵاتناسی بە هەموو باڵەکانیەوە و دیاریکردنی ئەو پانتاییانەی کە دەکرێت سوودی کاریگەریان لێ وەربگیرێت، یاخود خۆی لێ بەدوور بگیرێت، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی ڕەهەندە نابابەتییەکانیدا، ئەم بابەتە ڕاپێچمان دەکات بۆ خاڵی کۆتایی مەرج و پێوەرەکانی ئەم میتۆدە کە لەسەر هەندێکیان کەمێك هەڵوێستەدەکەین.

**چواردەهەم:** سەبارەت بە هزر و میتۆدی ڕۆژهەڵاتناسی زۆر گوتراوە و زۆریش نووسراوە، زۆریش لەو نووسراوانە لە دوو سیاقی سنووردااردا خۆیان دەبیننەوە:

سیاقی یەکەم: بریتییە لە ڕەتکردنەوەی ڕەهای پێدراوەکانی جووڵانەوەی ڕۆژهەڵاتناسی بەگشتی و سیاقی دوەمیش بریتییە لە وەرگرتنی ڕەهای پێدراو و بۆچوونەکانیان، لەم نێوەندەدا میتۆدی دادگەرانە ئەوەیە کە بە شێوەیەك مامەڵە لەگەڵ بەرهەمی ڕۆژهەڵاتناسی بکەین نە ڕەتکردنەوەی ڕەها و نە وەرگرتنی ڕەها، بەڵکو دەبێت لە ڕێگەی بەرچاوڕۆشنی و زانیاری وردەوە سەبارەت بەو بابەتە بڕیاری وەرگرتن یان ڕەتکردنەوەی بابەتەکە بدرێت.

چونکە بەرهەمی ڕۆژهەڵاتناسەکان هەمووی خراپ نییە، هەروەکو چۆن هەمووشی باش نییە و پێغەمبەریش (دروودی خودای لەسەر) فێری کردوین کە دانایی ونبوی موسوڵمانە، لە هەر شوێنێك دۆزییەوە ئەو شیاوترین کەسە پێی. ئایا کەس دەتوانێت ڕێگا بە خۆی بدات و بڵێت ئەو بەرهەمانە هیچ دانایی و ڕاستییەکیان تێدا نییە؟

تێبینییەکی تر ئەوەیە کە ڕۆژهەڵاتناسی لەسەر دوو بنەما وەستاوە:

**یەکەمیان:** میتۆد وەك ئامرازێکی کارکردن، **دووهەمیش** ئەو بابەتەی کە لەو میتۆدەوە سەرچاوە دەگرێت لە هەر بەشێك لە بەشەکانی زانستە مێژوویی و مرۆڤایەتییەکاندا بێت بەگشتی.

تاوتوێکردنی ئەو بابەتەی کە لە کۆمەڵێك توێژینەوە و دانراوی ڕۆژهەڵاتناسی لە هەموو لایەنەکانی مێژوو و شارستانیەتی ئیسلامی پێك هاتوە ئەگەر لەدوای ناسینی میتۆدەکەیان نەبێت هیچ سوودێکی نابێت، یاخود لانی کەم کەموکووڕی دەبێت، لە بواری پزیشکیدا و بۆ چارەسەری دۆخی نەخۆشێك پێویستە هۆکارەکانی نەخۆشییەکە بزانرێت پێش دیاریکردنی نیشانەکانی، لێرەشدا بە هەمان شێوە توێژەر ناتوانێت ڕاستکردنەوەی ورد بۆ پێدراوە ڕۆژهەڵاتناسیەکان بکات، پێش ئەوەی تایبەتمەندییەکانی ئەو میتۆدە بزانێت کە ئەو بابەت و پێدراوانەی بەرهەم هێناوە.

لێرەدا پێویستە بپرسین، ئایا ڕۆژهەڵاتناسی یەك میتۆدی هەیە یاخود چەند میتۆدێك؟

بەدڵنیاییەوە بەپێی تیێروانینەکە وەڵامەکە دەگۆڕێت، ئەگەر وەك مامەڵە و تێڕوانینی ڕۆژئاواییانە لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی سەیری بابەتی ڕۆژهەڵاتناسی بکەین، ئەوا دەڵێین یەك میتۆدی ڕۆژهەڵاتناسی هەیە، ئەو کاتە ئێمە لەبەردەم چەند دوانەیەکی سەرەکیدا دەبین، کە ڕەهەندی شارستانی و ئاینی و جوگرافیای کیشوەری لەخۆ دەگرێت، لەو شوێنەدا کە چالاکیی ڕۆژهەڵاتناسی دەبێتە هەوڵێك بۆ ڕوونکردنەوەی دۆخێك لە ژینگەیەکی جیاواز لە ژینگەی توێژەرەکە، بەڵام ئەگەر لە گۆشەنیگای تیڕوانینی تاکی ڕۆژئاواییەوە لە بابەتە ڕۆژهەڵاتناسییەکان بڕوانین، ئەوا دەکرێت بڵێین چەند میتۆدێکی جیاوازیان هەیە.

بۆ نموونە ئەو میتۆدەی کە (لامنس) پشتی پێ دەبەستێت جیاوازە لە میتۆدی (بلاییف)، یەکەمیان پیاوێکی ئایینییە دووەمیش لێکدانەوەی ماددیانەی

هەیە بۆ مێژوو، وە هەروەها جیاوازە لەو میتۆدەی ڕوژهەڵاتناسێکی ئیسرائیلی هەیەتی، یاخود ئەو میتودەی (مونتغمری وات) پشتی پێ دەبەستیت کە داکۆکی لە ئەکادیمیبوون دەکات.

لێرەدا خاڵی هاوبەشی گەورە هەیە کە ڕۆژهەڵاتناسان بەگشتی لە سەری دەڕۆن، هەروەها جیاوازییش هەیە و هەر یەکێك لە ڕۆژهەڵاتناسان بەگوێرەی بیروباوەر و تێروانینی خۆی میتۆدی خۆی دادەڕێژێت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی و لە کۆتاییدا هەموویان لە هێڵە گشتییەکانی تێڕوانینی ڕۆژهەڵاتناسیدا یەك دەگرنەوە، بەو واتایەی کە مامەڵەیەکی ڕۆژئاواییە لەگەڵ ڕۆژهەڵات و بەو پێوەرانەی کە ئاماژەمان پێ کردن.

لە لایەکی تریشەوە لەبەر ئەوەی مێژوو و شارستانیەتی ئیسلامی جیاوازییان هەیە، لە پلەی هەستیارییاندا لەو کاتەدا کە ئەوانی تر مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن، میتۆدی ڕۆژهەڵاتناسییش کە لە چوارچێوەی یەکێتیی بنەرەتیی خۆیدا چەندین جیاوازی لەخۆ دەگرێت، ئەویش لە ئەنجامەکان و یەکپارچەیی و پلەی بەریەککەوتنی لەگەڵ پێدراوە ئیسلامییەکان لە شارستانیەت و مێژوودا یاخود دووپاتکردنەوەیان جیاوازییان هەیە.

جیاوازییەکی گەورە هەیە لەنێوان مامەڵەی ڕۆژهەڵاتناسان لەگەڵ ژیاننامەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) کە لە غەیبەوە سەرچاوەی گرتووە و بەرجەستەی ئەزموونی ئیسلامییە وەك تێڕوانینێکی ئیمانییانە بۆ جیهان و لەنێوان مامەڵەیان لەگەڵ سیستەمی بەڕێوەبردن و وەزارەت و دیوان و لەشکرەکانی سەردەمی ئومەوی و عەباسیدا، هەروەها جیاوازییەکی گەورە لە بۆچوونیاندا دەبینین کاتێك سەبارەت بە فتوحاتی ئیسلامیی سەردەمی ڕاشیدین دەدوێین، کە بە درێژەپێدەری سیاسەتەکانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) دادەنرێت و

هەروەها کاتێکیش باسی ململانێـی نێـوان مەغۆلـەکان و مەملوکیـەکان دەکـەن لـە دورگەی عەرەبی و ناوچەی شامدا.

لە حاڵەتی یەکەمدا میتۆدەکە بە ئاشکرا دەردەکەوێت و لە حاڵەتی دوهەمیشـدا جیاوازییەکان کاڵ دەبنەوە لە بابەتیکی مێژوییدا، ڕۆژهەڵاتناساکە خـۆی لەبـەردەم میتۆدێکی بێلایەندا دەبینێتەوە و ئەو هونەرانە بەکار دەهێنیت کـە هـەموو جیهـان لەسەری ڕێك کەوتوون و خودی ڕۆژهەڵاتییەکانیش بەکاری دەهێنن لەپێناو گەیشتن یاخود نزیکبوونەوە لە ڕووداوە مێژووییەکەوە.

لێرەدا ئێمە خۆمان لەبەردەم میتۆدێکی جیهانیدا دەبینینەوە، کـە فێرخـوازانی مێـژوو چـاك دەیـزانن و پێـی دەگوترێـت میتـۆدی توێژینـەوەی مێـژوویی، هـەموو مێژووناسانی جیهانی ئیسلامی و ڕۆژهەلاتناسـانی ئـەورووپا و ئـەمریکا بەیەکسـانی پشتی پیێ دەبەستن، هەروەها هەموو ئەوانەی لە چوارچێوەی ڕۆژهەڵاتناسـیدا کـار دەکەن بە هەموو گرووپـە جیاوازەکانیانـەوە لەگـەڵ میتـۆدە تایبەتـەکانی خۆیانـدا پشتی پیێ دەبەستن، بەڵام بە ئەندازەیەکی کەمتر.

هەرچـۆنێك بێـت میتۆدەکـانی توێژینـەوەی ڕۆژهەڵاتناسـی بـە هـەموو تایبەتمەندییەکانیـەوە ناتوانێـت لێکدانەوەیـەکی شایسـتەی گشـتگیری تۆکمـە بـۆ مێـژووی ئیسـلامی بکـات، چـونکە ئـەو میتۆدانـە لەسـەر بنەمایـەکی هاوسـەنگ دانەنراون، کە تێڕوانینی بۆ بەها ڕوحی و مادییەکان وەها بێت کـە هـەردووکیان بـە دوو هۆکاری کاریگەری هاوبەش سەیر بکات لـە دروسـتکردنی مێـژوودا، بـەڵکو ئـەو میتۆدانـە دەیانـەوێت ڕۆڵـی پاڵنـەرە مادییـەکان بـەهێز بکـەن و ڕۆڵـی پاڵنـەرە ڕوحییـەکانیش کـەم بکەنـەوە لـە جووڵانـەوەی مێـژوودا، تەنانـەت هەنـدێك جـار دەیانەوێت بیسرنەوە و نکۆڵی لە بوونیشی بکەن.

ئەو میتۆدانە مێژووی هەموو جیهان بە مێـژووی ئیسلامیشـەوە لـە گۆشـەنیگای ڕۆژئاوایی ناوچەییەوە پێشکەش دەکەن، بـە شـێوەیەك ئـەورووپا دەکەنـە ناوەنـدی

جیهـــان و هـــەموو پارچـــەکانی تـــری زەوی بـــە ســـەرجەم دەوڵـــەت و گـــەل و شارسـتانیەتەکانەوە لـە چـواردەوری ئـەوروپا دەخولێننـەوە، هەنـدێك كـات وەك تارماییەکی لێڵ دەریان دەخـەن بـۆ پەیکـەری مێـژووی ئـەوروپی کـە بەچـڕوپڕی و درەوشـاوەیی جیـا دەکرێتـەوە، لێـرەدا ئامـاژە بـە بۆچـوونی نووسـەری نەمسـاوی (لیوبولـد فـایس: محمـد أسـد) دەکـەین، کـە سـەبارەت بـەو تێڕوانینـە کورتبینانـە دەڵێت: "هەر لە سەردەمی یۆنانییـەکان و ڕومانییەکانـەوە هـەتا ئێسـتا بیرمەنـد و مێژوونووسە ئەوروپیەکان دەیانەوێت جیهان تەنها لە تێروانینی مێژووی ئـەوروپی و ئەزموونـە ڕۆشـنبیرییە ئەوروپییەکانـەوە ببیـنن، سـەبارەت بـە قـەوارەکانی تـریش ئەگـەر کاریگـەریی ڕاسـتەوخۆیان هـەبوو لەسـەر داهـاتووی مرۆڤـی ڕۆژئـاوایی ئـەوا دەیانناسن، ئەگەر نـا ئـەوانیش ناناسـن، بـەو شـێوەیە مێـژووی جیهـان بـە هـەموو کەلتوورە جیاواز و زۆرەکانیەوە لە چاوی ڕۆژئاواییەکانـدا وەك مێژوویـەکی فراوانـی ڕۆژئاوا سەیر دەکرێن، تێڕوانینیش لەو گۆشەنیگا تەسکەوە وا دەکات دیمەنەکان بە شێواوی ببینرێن، کەسـێکی سـادەی ئـەوروپی یـان ئـەمریکی لەبـەر ئـەوەی دەقـی گرتـوە بـە خوێندنـەوەی ئـەو بابەتانـەی تایبـەتن بـە شارسـتانیەتی خۆیـان و بـە شـێوەیەکی زینـدوو بۆیـان نووسـراوە و بـەبێ ئـەوەی هـیچ ئاماژەیـەکی ئـەوتۆ بـە بەشـەکانی تـری جیهـان بکـەن ڕاسـتەوخۆ ئـەو خەیاڵـەی بـۆ دروسـت دەبێـت کـە ئەزموونی کـەلتوورە ڕۆژئاواییـەکان نـەك تـەنها گـەورەترە لـە کـەلتوورەکانی تـری جیهان، بەڵکو بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەو کەلتوورانەشدا ناگونجێت، کەواتە بەلای ئەوانەوە شێوە ژیانی ڕۆژئـاوایی باشـترین نموونەیـە بـۆ ئـەوەی بکرێتـە پێـوەر بـۆ حکومدان بەسەر شێوە ژیانەکانی تردا، چونکە لای ئەوان هەر چەمکێکی کەلتووری یاخود دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی یاخود هەڵسـەنگاندنێکی ئـەدەبی ئەگـەر لەگـەڵ شێوەژیانی ڕۆژئاوایی تێك گیرا دەچێتە خانـەی پلـە نزمییـەوە، لێـرەدا دەبیـنین مرۆڤی ڕۆژئاوایی کە بریتین لە یۆنانی و ڕۆمانیەکان بڕوایـان وایـە هـەموو قـەوارە و

دەسەڵات و شارستانیەتەکانی تر چەند ئەزموونێکێن کە ڕێگای بەرەوپێشچوونیان ون کردوە، ئەو ڕێگایەی کە ئەوروپا زۆر بە ڕێکی گرتویەتیە بەر، لە باشترین حاڵەتدا ئەوان وەك ئەو شارستانیەتانەی کە ڕاستەوخۆ لە پێش شارستانیەتی تازەی ڕۆژئاوادا هەبوون بریتین لە چەند بەشێکی یەك لەدوای یەکی کتێبێك کە کۆتاییەکەی شارستانیەتی ڕۆژئاواییە".[1]

پاشان لە کاتێکدا ئەو میتۆدانە توێژینەوە لە میتۆدی ئیسلامیدا دەکەن، دەکەونە ژێر کاریگەریی ڕەگەزپەرستی و شکستی دەروونی و پاشخانی ڕۆشنبیریی مێژوویی و چاو لەدوای سیاسی و ئابووری و کەرت و پەرتبوونی ئایینی و ئایدۆلۆجی و ڕەگەزییەوە، چونکە ئەو میتۆدانە لە سەردەمێکدا دەرکەوتن و گەشەیان کرد کە جووڵانەوەی داگیرکاری بۆ مێژووی ئیسلامی لە لووتکەدا بوو، با جارێکی تریش گوێ لە (لیوبولد فایس) بگرینەوە لە کاتی ئاماژەکردن بەو هەڵوێستە هزریانەی لایەنگری ئەو بۆچوونانە دەکەن کە سەبارەت بەو زەوییانەی کە لە تێڕوانینی ئەوروپییەکاندا بە مردوو دادەنرێت و پێویستە لە بەرژەوەندی کەنیسە و وڵاتانی ڕۆژئاوادا زیندوو بکرێنەوە، لیوبولد دەڵێت: "ئەوەی پەیوەندیی بە ئیسلامەوە هەیە، تێبینیی گەلەکۆمەیەکی نالۆژیکی دەکرێت لە توێژینەوەی ڕۆژهەڵاتناسەکاندا بە ئاراستەی بەکەمزانینی موسوڵمانان، ئەو چاڵەی کە لە سەردەمی جەنگی خاچدروشمەکانەوە مێژوو لەنێوان ئەوروپا و جیهانی ئیسلامیدا هەڵی کەندوە و بەبێ بوونی پردێك تا بە یەکیانەوە ببەستێتەوە هەتا ئێستا بەو شێوەیە ماوەتەوە، هەتا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی بەکەمزانینی ئیسلام بوو بە بەشێك

[1] الطريق إلى مكة، ترجمة: عفيف البعلبكي، الطبعة الأولى، دار العلم للملايين، بيروت، ١٩٥٦م، ص١٧، ١٨.

له بیرکردنەوەی ئەروپی، ڕۆژهەڵاتناسەکانی سەرەتا لـە سـەردەمە نوێکانـدا چـەند مژدەدەرێکی مەسیحی بوون و لە وڵاتە ئیسـلامییەکاندا کاریـان دەکـرد، ئـەو وێنـە شێوێندراوەی کە لە یاسا و ڕێسا و مێژووی ئیسلامی دایانتاشی بۆ ئەوە ڕێکخرابـوو کە کاریگەری لە هەڵوێسـتی ئەوروپییـەکان بکـات بەرامبـەر بتپەرسـتەکان، لەگـەڵ ئەوەشدا کە زانستەکانی ڕۆژهەڵاتناسی لە بانگـەوازی مەسـیحیەت ڕزگاریـان بـوو و هیچ بیانووێکی دەمارگیریی ئایینی نـەمابوو بـۆ ئـەوەی بـە نادروسـتی ئاراسـتەیان بکات، بەڵام ئەو عەقڵ گەوجاندنە هەر بەردەوام بـوو، سـەبارەت بـە دژایـەتیکردنی ڕۆژهەڵاتناسەکان بۆ ئیسلام ئەوە سروشتێکی تایبـەتی بـوو کـە لـەپێش خۆیانـەوە بۆیان مابووەوە و لەژێر کاریگەریی جەنگی خاچدروشمەکاندا بوون".[١]

لە سۆنگەی مامەڵەکردنمان لەگەڵ توێژینەوەی ڕۆژهەڵاتناسەکاندا لە هەر کات و شوێنێکدا بووبن دەگەینە ئـەو ئەنجامـەی ئـەو توێژینەوانـە ناگەنـە ئاسـتی قۆناغـە هەستیارەکانی مێژووی ئیسلامی، واتە توانای مامەڵەیان نییە لەگەڵ ئەو قۆناغانەدا و ناتوانن بە قووڵی بچنە ناو پێکهاتە و وردەکاریەکانیانەوە و وێنایەکی بابەتیانـەی دادگەرانەیان بۆ بکەن.

ئەوەش لەبەر ئەوەی ئەو میتۆدە بەهۆی هەڵەتێگەیشـتن لـە بابەتەکـەوە چـەند خاڵێکی لاوازی تێدایە، ڕاستە جیاوازی هەیە لەنێوان ڕۆژهەڵاتناسەکاندا، بۆ نموونـە بەراوردی (مونتغمری وات) بکەین بە (لامانس) یان بە (فلهازۆن) ئـەوا جیاوازییـەکی زۆر دەبیـنین لـە نێوانیانـدا، یەکـەمیان ئەوەنـدە نزیـك دەبێتـەوە لـە موسـڵمانان دڵسۆزتر دەردەکەوێت بۆ دەقەکانی مێژووی ئیسلامی، دووەمیشیان ئەوەنـدە دوور

[١] الإسلام على مفترق الطرق، ترجمة: عمر فروخ، الطبعة السادسة، دار العلم للملايين، بيروت، ١٩٦٥م، ص٦٠، ٦١.

دەکەوێتــەوە وەك کەســێکی جوێنفرۆشــی نەفرەتکــەر دەردەکــەوێت نــەك وەك توێژەرێك کە شایەنی ڕێز بێت.

ئەو جیاوازییــەش جیـاوازیی پلەبەندیـە نـەك جۆرایـەتی، ئەگـەر بێـت و سـەیری کتێبــی (محمـد في مكـة)[1] بکـەین، کـە دانــراوی یەکێکـە لــە هــەرە ڕۆژهەڵاتناســە بێلایەنەکان، هـەر وەکـو خـۆی لـە پێشـەکیی کتێبەکەیـدا ئامـاژەی پـێ دەکـات[2] و کەسانی تریش ئەو ڕاستییە دووپات دەکەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین کتێبەکەی لە میتـۆدی کارکردنیـدا لـە ژیاننامـەی پێغەمبـەردا کـەموکووڕی تێدایـە، کـە خـۆی دەبینێتەوە لـە ئارەزوویـەکی ڕەخنەگرانـەی لـە ڕادەبـەدەر، بـە شـێوەیەك هـەموو چاکەیەك نادیدە دەگرێت و گومانیش لەسەر هەندێك لە ڕاسـتییە سـەلمێندراوەکان دروست دەکات، لە بەرامبەریشدا ئارەزووی ئەوەی هەیە کـە بابەتـە گوماناوییـەکان زۆر بە دڵنیاییەوە بسەپێنێت و کاریگەرییە ژینگەییە هاوچەرخەکان نادیدە دەگرێت و لۆژیکی مرۆڤانە بەکار دەهێنێت لە ڕووداوە زۆر ئاڵۆزەکاندا، کە عەقڵی گـەورەش ناتوانێت لێکدانەوەی بۆ بکات.

لـە پوختــەی ئـەو بابەتانــەدا کـە باسمـان کـرد دەتـوانین بڵـێین ڕۆژهــەڵاتناس ئەگەرچــی ڕۆشــنبیرییەکی فراوانیشــی هــەبێت و پاڵنــەرەکانی مامناوەنــد بــن و بابەتیانەش توێژینەوە بکات هەر ناتوانێت لە کاتی لێکدانەوەی مێـژووی ئیسـلامیدا وەك پێویست ڕاستییەکان ئاشکرا بکات، ڕاستە لە هەندێك شـوێندا بابەتـە سـادە و سەلمێندراوەکان باس دەکات، بەڵام ڕاستییە سەرەکییەکان ئاوەژوو دەکاتەوە، بـە

---

[1] وەرگێڕان: شعبان برکات، المکتبة العصرية، بيروت (بدون تاريخ).

[2] هەمان سەرچاوە.

ئەنقەست بێت یان نا هەوڵی گۆرینی ڕوحی مێژوەکە دەدات و پێکهاتە و وردەکارییە گشتییەکانی تێك دەدات[1].

لە ڕاستیدا جگە لە ڕۆڵەی مسوڵمانان کەس ناتوانێت بەم کارە هەڵبستێت و سەرلەنوێ نوسینەوە و لێکدانەوەی مێژووی ئیسلامی لە ئەستۆ بگرێت، ئەم کارەش دەبێت بەگوێرەی میتۆدێك بێت کە هەموو توانا و ئامرازەکان بخاتە خزمەتی مێژوونووسەکەوە، تا بتواتێت ڕووداوە مێژووییەکان بە ئەمانەت و بابەتیانە پیشکەش بکات.

[1] بڕوانە: عماد الدين خليل، المستشرقون والسيرة النبوية (بحث مقارن في منهج المستشرق البريطاني المعاصر مونتغمري وات)، دار الثقافة، الدوحة، ١٩٨٩م.

## دەروازەیەك

له سۆنگەی تێڕوانینێکی گشتگیر بۆ ڕەوڕەوە و ئەنجامەکانی مێژووی ئیسلامی، پەیوەندیی نێوان کار و هۆکار و یەکپارچەیی نێوان سەرەتا و ئەنجامەکان دەردەکەوێت، ئەوانیش بریتین لەو یاسا و ڕێسایانەی کە خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا بۆی باس کردوین.

له تێگەیشتنی یەکپارچەیی مێژووی ئیسلامی و سروشتی پێکهاتەکەیدا زۆرێك له مێژوونووسان بەهەڵەدا چوون، چونکه ئەوان بە شێوەیەکی پارچە پارچە سەیری مێژوویان کردوە و پێوانەی گۆرانکارییش لەلای ئەوان بریتی بووە لە گۆڕانی بنەماڵە دەسەڵاتدارەکان بەبێ لەبەرچاوگرتنی جوڵە و یەکێتی و گۆرانکارییەکانی کۆمەڵگای ئیسلامی کە قورساییەکەیان لە بنەما و بەهاکانی ئیسلامەوە وەرگرتوە و بەرهەمی ڕووداوەکانی مێژووی ئیسلامین.

ئەو بەشانەی کە لە دەروازەی یەکەمی ئەم کتێبەدا دێن، تەنها چەند هێڵێکی گشتی و چەند ئاماژەیەکی گشتگیرن کە باسە ورد و دووردرێژەکان تێدەپەڕێنن لەپێناو پێشکەشکردنی وێنایەکی گشتی لە مێژووی ئیسلامی لە هەموو ڕووەکانییەوە، هەروەها سەبارەت بە سروشتی پەیوەندیی نێوان بیروباوەڕ و جووڵانەوەی مێژوو، ئەم بەشانە وەك کلیل یاخود چەند تیشکێکی چڕوپڕن بۆ تێگەیشتن لە ڕووداوە ئاڵۆزەکانی مێژووی ئیسلامی و لێکدانەوەیان بە دوورکەوتنەوە لە میتۆدە کۆنەکەی توێژینەوەی مێژووی ئیسلامی کە کۆمەڵێك کەموکورتی لەخۆ گرتبوو لەوانە:

**یەکەم:** لـە دابەشـکردنی سـەردەمەکانی مێـژووی ئیسـلامیدا پشـت بـە گـۆڕانی بنەماڵەکان بەستراوە لە سەرکردایەتی کۆمەڵگای ئیسلامیدا.

**دووەم:** تێڕوانینی پارچەپارچە بۆ مێژوو، بە شێوەیەك توێژینەوە مێژووییـەکان زۆر پـەرشوبڵاون، و ناتوانرێت هەموو ڕووداو و ئەزموونەکان بەیەکەوە کۆ بکرێتـەوە تا لە چوارچێوەیەکی گشتگیر و پـەیوەست بەیەکەوە لێکدانەوەیان بۆ بکرێت.

**سێیەم:** گرنگیدانێکی زۆر بە لایەنی سیاسی و سەربازی و بایەخنەدان بە لایەنی بیروباوەڕ و کۆمەڵایەتی و شارستانی.

**چوارەم:** هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندیی نێوان ڕووداوەکانی مێـژووی ئیسـلامی و کاریگەرییە ئیسلامییەکان بە ئەنقەست.

**پێنجەم:** پەرتکردنی دیاردە مێژووییە گەورەکان لە ڕێگەی تێڕوانینی ئاسۆیی بۆ ڕووداوی هەر سەردەمێك بە جیا، ئەمەش لە جیاتی تێڕوانینـی سـتوونیی قـووڵ بـۆ هەریەکێك لە دیاردەکان لە سەرەتای مێژوی ئیسلامییەوە هەتا ئێستا.

ئەم بەرهەمەی لە بەردەستی خوێنەردایە هەوڵێکە لـەجیاتی ئـەو کەموکورتیانـە پشت بـە میتۆدێـك دەبەسـتێت کـە ئـەم پێـوەر و ئامانجانـەی خـوارەوەی کردۆتـە ئامانج:

**یەکەم:** تێگەیشتن لە مێژووی ئیسلامی لە ڕوانگـەی یەکپارچـەیی جووڵـەی ئـەو مێژووەوە و شکاندنی توێکڵی ڕووداو و گۆڕانکارییەکان.

**دووەم:** تێڕوانینـی گشـتگیرانە بـۆ ورد و درشـتیی پێـدراوەکان بـە مەبەسـتی وەرگرتنی سوود و ئاماژە لە مێژووی ئیسلامی.

**سێیەم:** ڕاگرتنی هاوسەنگی لەنێوان لایەنی سیاسی و سەربازی لەلایەك و لایەنی بیروباوەڕ و کۆمەڵایەتی و شارستانی لە لایەکی ترەوە.

**چوارەم:** تیشکخستنە سەر پەیوەندیی ڕەسـەنی نێـوان ئیسـلام و ڕووداوەکـانی مێژووی ئیسلامی لە هەموو ئاسۆکانیەوە.

**پێنجەم**: بەدواداچوون بۆ دیاردە مێژووییە گەورەکان بە شێوەیەکی ستوونی، هەتا پارچەپارچە و پەرتوبڵاو نەبن و بتوانرێت ڕەهەند و ئەنجام و ئاماژەکانی کۆنترۆڵ بکرێت.

هەر لەبەر ئەوەیە ئەم چەند بەشەی کە دێت هەوڵێکە بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژووی ئیسلامی لە تێڕوانینێکی نوێوە بۆ کانگای دەوڵەمەندی ئەو مێژووە، بە شێوەیەك بتوانین ئەو دابەشکردنە کۆنەی کە بۆ چاخە ئیسلامییەکان کراوە تێبپەڕێنین و بە ئەندازەیەکی نوێ ڕووداوەکان پێشکەش بکەین، بۆ کۆکردنەوەی پەرتوبڵاوی ئەو مێژووە و ڕوونکردنەوەی مەبەست و ناوەڕۆکەکەی، ئەمەش بە بەراوردکردنی وردەکاری ڕووداوەکان دەبێت لەگەڵ ڕەوڕەوەی بزوتنەوەی مێژوویی تا سروشتی ئەو ئەنجامە ڕوون بێتەوە کە ئەو مێژووە لەدوای ماوەیەکی دوورودرێژ پێی گەیشتوە.

ئەو ئەندازە میتۆدیەش لەسەر چوار پایەی سەرەکی مێژووی ئیسلامی دەوەستێت کە بریتین لە:

**یەکەم**: دەوڵەت و دەسەڵات و سەرکردایەتی.

**دووەم**: بانگەواز و بڵاوبوونەوە و مامەڵە لەگەڵ ئەوانی تردا.

**سێیەم**: ئالنگاری و دژەهێرشەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان.

**چوارەم**: ژیانی کۆمەڵایەتی.

بەگشتی ڕووداوەکانی مێژوو، گەورە بن یاخود بچووك، توێژەر دەتوانێت لە یەکێك لەو چوار پانتاییانەدا پۆلێنیان بکات، ورد و درشتیی ڕووداوەکانی مێژووی ئیسلامی دەتوانرێت جیا بکرێنەوە و پوخت بکرێن و لە یەکێك لەو پایە و پانتاییانەدا دابنرێن، دەبێت ئەوەش بزانرێت کە ئەو چوار پانتاییە بە ورد و درشتیەوە و لەسەر ئاستی کاریگەربوون و کارتێکردن و کار و کاردانەوە تێکەڵاون و زۆر قورسە هەریەکێك لەو دیاردانە بە تەنها و جیاواز لە دیاردەکانی تر

لێکۆڵینــەوەی لــێ بکرێــت. ئــەو جیاکارییــە بــە هــیچ شــێوەیەك ناکرێــت، چــونکە جووڵانەوەی مێژوو بـە تێکـەڵاویی ئـاڵۆگۆڕی کـارتێکردن و کاردانـەوە ناسـراوە تـا ئەندازەیەك کە سەرجەم دیاردەکان وەك یەك ڕووداوی پەیوەست و توندوتۆڵیان لێ بکرێت.

لە کۆتایی شیکارەکەدا ئەوە دەردەکەوێت کە مێژوو بریتییە لە جووڵانەوەیەکی ئـاڵۆزی ژیـان، مەبەسـت لـەو دابەشـکاری میتـۆدەش تـەنها هانـدانی توێـژەرە بـۆ تێگەیشتنێکی قووڵتری ڕووداوەکانی مێژوو و توانای زیاتری پـێ دەدات بـۆ ئـەوەی ئاگاداری کون و کەلەبەرەکانی بێت و چاودێریی گۆڕانکارییەکانی ئەو مێژووە بکـات هەر لە کاتی دروستبوونی سەرەتای ڕووداوەکانەوە تا ئەو کاتەی لەگەڵ یـەکێك لـە دیاردەکاندا تێکەڵ دەبێت و لەناویدا دەتوێتەوە، بەڵام پێویستە بـەردەوام توێـژەر خــەیاڵێکی ســافی هــەبێت، بــە شــێوەیەك بتوانێــت لــە پەیوەنــدیی نێــوان گشــت دیاردەکان تێبگات.

هەرچۆنێك بێت ئەو دابەشکارییەی میتۆد لەبەر ئەوەی پشتی بە شـێوازێکی زۆر باش بەستوە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان، بە دڵنیاییەوە لەو چەمکە ئاڵۆزەی مێـژوو نزیکترە و لە هەموو میتۆدە کۆنەکان باشترە کـە مێـژوویان پارچەپارچـە کـردوە و نەیانتوانیوە تێڕوانینێکی گشتگیریان بۆ ئەو مێژوە هەبێت کە ئاماژە بە پەیوەندیی نێوان ڕووداوکان و دیاردە گەورەکان بکات.

ئــەو بەشــانەی کــە لــەم توێژینــەوەدا هــەن تــەنها چــەند ئاماژەیــەکی گشــتین و کۆمەڵێك شیکارن ئامانج لێیـان گەیشـتنە بـە نیشـانە سـەرەکییەکانی بزووتنـەوەی مێــژووی ئیســلامی لــە ڕێگــە جیاوازەکانییــەوە بــەبێ ڕۆچــوون لــە بابەتــە ورد و دوورودرێژەکان و دانانی پەراوێز و ئاماژەکردنی دووبارە بـۆ سەرچـاوەکان، چـونکە مەبەست لەم توێژینەوەیە سەرلەنوێ نووسینەوەی ڕووداوەکان نییە.

ئەم توێژینەوەیە تەنها دەروازەیەکە بۆ میتۆدی تـازەی تێگەیشـتن لـە مێـژووی ئیسلامی و بنەما سەرەکییەکانی، ئەم توێژینەوەیە لە پرۆژەیـەکی کـەم و کـورت و کراوە دەچێت، دەکرێت لە داهاتوودا زۆر شتی بۆ زیـاد بکرێـت و گۆڕانکـاریی تێـدا بکرێت و دەوڵەمەند بکرێت، بەڵام دەبێت ئەو زیادکردنانـە لـە چوارچـێوەی هـەمان میتۆددا بێت کە پشتمان پێ بەستوە و لە چوارچێوەی ئەو چوار تەوژمەدا بێت کـە ئاماژەمان پێ کردن و بە بزوێنەری مێژووی ئیسلامی دادەنرێن.

ئاشکراشە هەر نووسینێك سەبارەت بە مێژوو و شارستانیەتی ئیسلامی بەگشتی پێویستی بە چەندین بەرگ هەیـە تـا بتوانرێـت زۆرتـرین ڕووداو لـە زۆرتـرین کـات و فراوانترین شوێندا لـەخۆ بگرێـت، لێـرەدا ئامـاژە بـە هـەوڵی خوالێخۆشـبوو دکتـۆر (حسن ابراهیم حسن) دەکەین، کە شەش بەرگی نووسیوە و هەروەها دکتۆر (أحمد شلبی) کە دە بەرگی نووسیوە بۆ ئەوەی بە ئاشکرا بۆمان دەرکەوێت کـە ئامـانجی ئەم توێژینەوەیە لە توێژینەوەی ئەوان جیاوازە لە ڕووی میتۆدەوە.

# بەشی یەکەم

# دەوڵەت و دەسەڵات و سەرکردایەتی

**١ـ سێ بازنەکە**

هەر لە سەرەتای بەیەکگەیشتنی پێغەمبەر و جوبرەئیلی ڕاستگۆوە، هەتا کۆچی دوایی پێغەمبەر و بەجێهێشتنی ژیانی دونیا، بەردەوام پلان و بەرنامەی بۆ هاوەڵان دادەنا تا بە ئاڕاستەی بیروباوەڕێکی ڕوون و دیاریکراو جووڵەیان پێ بکات، ئەم کارەشی بە بونیاتنانی مرۆڤی موسوڵمانی خاوەن بیروباوەڕ لە قۆناغی مەککەدا دەستی پێ کرد و لە قۆناغی مەدینەشدا بە دروستکردنی دەوڵەت کۆتایی پێ هێنا، ئەمەش لەپێناو پاراستنی ئەزموونە ئیسلامییەکە لە پارچەپارچەبوون و تیاچوون و بەهێزکردنی ئەو ئەزموونە بوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگارییەکان، لە ڕێگەی پێدانی هۆکارە پێویستەکانی مانەوە و بەردەوامی بەو ئەزموونە، خۆ ئەگەر ئەو هۆکارانە نەبوونایە ئەوا ئەزموونەکە تووشی پووکانەوە دەبوو و نەیدەتوانی ئەرکەکانی بەتەواوی جێبەجێ بکات و بە هەندێك شتی بچووکەوە خەریك دەبوو کە هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر ڕووداوەکان نەدەبوو و مێژوویەکیان دروست نەدەکرد و لە گۆڕانکارییەکانی ژیاندا کاریگەر نەدەبوون و جێگەی ڕێز و شانازیی خەڵکی نەدەبوون.

ئیسلام بۆ ئەوە هات هەتا لە ڕێگەی سێ بازنەوە خۆی بسەلمێنێت، کە لەگەڵ یەکتردا تێکەڵ دەبن و بەرەو دەرەوە دەکرێنەوە و پانتاییەکی زیاتر لەخۆ دەگرن، ئەو بازنانەش بریتین لە: مرۆڤ و دەوڵەت و شارستانییەت.

لە مەککەدا ئیسلام بازنەی مرۆڤی تێپەڕاند، بەڵام بەربەستە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و ئابوورییەکان ڕێگر بوون لەبەردەم گەیشتنی بە بازنەی دووەم کە دەوڵەت بوو، مرۆڤیش بەبێ دەوڵەت وەك ناوکێك وایە کە هیچ دیوارێك نایپارێزێت و بە ڕووی دوژمنەکانی دەرەوەیدا واڵا دەبێت، ئەوانیش بە هەموو قورسایی و توانای ماددی و ڕوحیانەوە ڕووبەڕووی دەبنەوە، موسوڵمانان لەسەر

ئاستی تاك و كۆمەڵگاش بەبێ دەوڵـەت نـاتوانن هـەتا سـەر ئەركـەكانیان جێبـەجێ بكەن، بەتایبەت كە بەها و ڕەوشتیان لەگەڵ بەها باوەكانی ئەو سەردەم و ناوچەیە یەك نەگرێتەوە كە تێیدا دەژیـن، كەواتـە پێویسـتە مرۆڤـی موسـڵمان زەمینەیـەكی گونجـاو بدۆزێتـەوە بـۆ ئـەوەی جموجـوڵی تێـدا بكـات، پـێش ئـەوەی دەوروبـەر بیشێلین و لە ڕێگا لای بدەن، ئەو زەمینەیەش بریتییـە لـە بازنـەی دووەم، ئـەویش ئەو دەوڵەتەیە كە پێویستە موسوڵمانان دایبمەزرێنن، ئەگەرنا سەرگەردان دەبن.

كاتێك پێغەمبەر (دروودی خودای لەسـەر) لـەوە تێگەیشـت كـە مەككـە گونجـاو نییە بۆ دامەزراندنی دەوڵەت، هەوڵی دا كۆچ بكات، لەوە تێگەیشت كە ئـەو شـیو و دۆڵەی شاخەكان دەوریان دابوو و ئەو كەعبەیەی كە پڕ بوو لە بت، گونجاو نییە بۆ ئەوەی بیكات بە نیشتیمان، لەبەر ئەوە هـەوڵی دا كۆچـێك بكـات كـە ئەنجامەكـەی دروسـتكردنی دەوڵـەتێك بێـت بـۆ موسـڵمانان و سنوورەكانیشـی بـە هێـز و بـازوو بپارێزێت.

ئەو پێغەمبەرەی كە زۆر واقیعـبین بـوو، هـەرگیز نەیدەویسـت وزەی مرۆیـی لـە شوێنێكدا بخاتە گەڕ كە جێ نەگرێت، هەر لەبەر ئەوە بوو بەزوویی هەوڵی دا بەرەو ناوچەیەك كۆچ بكات كە گونجاو بێت بۆ سەرلەنوێ داڕشتنەوەی وزە ئیسلامییەكان لە چوارچێوەی دەوڵەتێكدا كـە بـەردەوامی بـە هـەنگاوەكانیان بـدات و توانـای زۆر زیاتر بێت لە توانای ئەو تاكە موسـوڵمانانەی كـە لـە ناخیانـدا خراپـەی بتپەرسـتی ململانێی لەگەڵدا دەكردن و لە دەرەوەش بەها و یاسـاكانی بتپەرسـتی فشـاری لـێ دەكردن و چەوساندنەوەی قوڕەیشییەكانیش وزە بنیاتنـەرەكانی بەهـەدەر دەدان، لەبری ئەوەی لە ڕێگەی دروستی خۆیدا بیخەنە گەڕ.

لە دوای خەباتێكی دورودرێژ، كە زیاتر لە دە ساڵی خایانـد، پێغەمبـەر (دروودی خودای لەسەر) دڵنیا بوو كە ڕێبەرانی بتپەرستی لـە مەككـە نایانـەوێت لەگـەڵ ئـەو ئایینە تازەیە نەرمی بنوێنن و بژین، ئەو ئایینەی كە گشت بەها و ئامانج و نەریت و

بەرژەوەنـدیی بتپەرسـتەکانی بـە تونـدی ڕەت دەکـردەوە، بتپەرسـتەکانیش هـەتا کۆتایی ڕووبەڕووی ئەو مەترسییانە دەبوونـەوە کـە لـە لایـەن ئیسـلامەوە ڕووی لـە ئامانج و نەریت و بەرژەوەندییەکانیان دەکرد. لێرەدا ئێمە بواری ئەوەمان نییە کـە گشت هەوڵەکانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) بۆ گەیشتن بـەو ئامانجـە بـاس بکـەین، کـە سـەرەنجامەکەی لـە ڕێگـەی هـەر سـێ کۆبوونـەوە و بەیەکگەیشـتنی عەقەبەدا سـەرکەوتوو بـوو، ئـەم باسـەمان بـە دووروودرێـژی لـە شـوێنی تـردا بـاس کردووە و لێرەدا پێویست بە بە دووبارەکردنەوە ناکات[1].

لـە ڕۆژی دوانــزەی مــانگی ڕەبیعــی یەکــەم (٢٤/أیلـول/٦٢٢ز) و لــە ســاڵی سیانزەهەمی پێغەمبەرایەتییدا پێغەمبەر و ئەبوبەکر و هاوەڵانی گەیشتنە یەسریب، لەلایەن ئەو کەسانەوە کە زۆر دەمێك بـوو لـە چـاوەڕوانی پێغەمبەرەکەیانـدا بـوون پێشوازییەکی گەرموگوڕیان لێ کرا.

ئەوان دەیانویست لەگەڵ پێغەمبەردا (دروودی خودای لەسەر) سەردەمێکی نوێ دەست پێ بکەن و شەرەفی دانـانی بنـەماکانی ئـەو بینـا نوێیـەیان پـێ بـدرێت، کـە بریتی بوو لە بازنەی دووەم لە بازنەکانی بانگەواز، بازنەی دەوڵـەت، ئـەو بازنەیـەی کە موسڵمانان لەسەر ئاستی تاك و کۆمەڵگا دەپارێزێت و هەنگاوەکانی ئیسـلامیش بە ئاڕاستەی سەرکەوتن خێراتر دەکات، لەبەر ئەوە جێگای سەرسوڕمان نـەبوو کـە پشتیوانان بە چەکەکانیانەوە هاتنە پێشوازیی پێغەمبەر، ئەوان ئەو سەربازانە بوون کە هاوشانی برا کۆچەرییەکانیان بە هێزی بیروباوەڕ و چەك دەبووایە ئـەو دەوڵەتـە دابمەزرێنن کە چارەنووسی ئـەو ئایینـە تـازە دەپارێزێـت و ڕێگـای جێبـەجێکردنی ئەرکی ئاوەدانکردنەوەی لە هەموو جیهاندا بۆ خۆش دەکات.

---

[1] بڕوانە: عماد الدین خلیل، دراسة في السیرة، مؤسسة الرسالة، بیروت، ١٩٧٤م، فصل (تحلیل للهجرة)، ص١٢٧ـ ١٤٤.

دوانزەی ڕەبیعی یەکەم کۆتایی جووڵانەوەیەکی یەکلاکەرەوە بوو لەپێناوی دامەزراندنی دەوڵەتێك، کە ڕێبەرایەتی بزاوتی ئیسلامی دەکرد لە جیهاندا، لە هەمان کاتیشدا سەرەتایەك بوو بۆ جووڵانەوەیەك بە مەبەستی بەهێزکردنی ئەو دەوڵەتە و دامەزراندنی شارستانیەتێك، هەر وەك چۆن هاتنی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) لە سەرەتاوە هەنگاوێك بوو بە ڕووی دروستکردنی مرۆڤی موسوڵمان، ئەو مرۆڤەی هەوێنی دروستبوونی دەوڵەت و شارستانییەتەکانە.

## ٢ـ یەکەم دەوڵەتی ئیسلام:

لەگەڵ گەیشتنی بە مەدینە، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) بەردەوام هەوڵی ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکانەی دەدا کە لە سەرەتای قۆناغی نوێی بانگەوازی ئیسلامیدا پێی سپێردرابوو، بە ئامانجی دروستکردنی دەوڵەتی ئیسلامی لەسەر چەند بنەمایەکی پتەو و ئامادەکاری دەکرد بۆ فەراهەمهێنانی مەرج و داواکارییەکانی بەدەستهێنانی ئەو ئامانجە.

یەکەم هەنگاوی ئەو ڕێگایەشی بە دروستکردنی مزگەوت دەستپێکرد، کە ناوەندێك بوو بۆ ڕێبەرایەتیکردن و پەرستش، پاشان بەڵگەنامەی ڕێکخستنی پەیوەندییە سیاسییەکانی لەناو مەدینەدا دەر کرد و وەك پێغەمبەرێك پلانی بۆ ڕێبەرایەتیکردنی خەڵك دانا، پاشان برایەتی لەنێوان کۆچکردووەکان و پشتیوانەکاندا دروست کرد بە مەبەستی ڕێکخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و چارەسەری ئەو کێشانەی کە کۆچکردن لە مەککەوە دروستی کردبوون، پاشان سوپایەکی ئیسلامی جەنگاوەری بەهێزی پێك هێنا وەك پێویستییەکی سیاسی بۆ پارێزگاریکردن لە دەوڵەتە تازەکە و سەرکردایەتییەکەی و بۆ ئەوەی هاوکار بێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەو دەوڵەتە.

له شوێنی تردا به دوورودرێژی باسی ئەو چوار هەنگاوەمان کردووە کە دەوڵەتە نوێیەکەی پتەو کرد تا بتوانێت لە ڕێکردن بەردەوام بێت[1]، لێرەشدا بەکورتی ئاماژە سەرەکییەکانی دروستکردنی دەوڵەت و گەشەسەندنەکەی باس دەکەین.

بەو چوار ڕێوشوێنە و چەندین ڕێوشوێنی تر، قورئانی پیرۆز و ڕێنماییەکانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) بنەما سەرەکییەکانی دەوڵەتی ئیسلامیان لە مەدینە دانا، هەر لەو کاتەشەوە یاسا و ڕێساکانی وەرگیراو لە قورئان و سوننەت ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە فراوانبوون و گەشەسەندندا بوون، ئەو یاسا و ڕێسایانەش تەنها چەند ڕێگایەکی تیۆریی ڕووت و دابڕاو نەبوون لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵك، بەڵکو بە هەمان شێوازی ئایەتە مەککییەکان بوون، کە چۆن بۆ ئەوە دادەبەزین تا بیروباوەڕی ئیسلامی لە بیر و هۆشی تاك و کۆمەڵگادا بچەسپێنن، ئەو شێوازە پەیوەندییەکی ئەندامی زیندووی هەیە بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵك و ئەزموونی زیندووی کۆمەڵگاوە، سەرەنجام پێدراوەکانیشی زیاتر پەیوەست دەکات بە جووڵانەوەی موسوڵمانان و گەشەی دەوڵەتەکەیانەوە، لەگەڵ ئەزموونی بەرجەستە و ژیانیان زیاتر تێکەڵ دەبێت، هەروەها تێگەیشتنێکی قووڵتر بۆ داواکاری و ڕەهەندە یاسایی و ڕەفتارییەکانی ئەو ئەزموونەیان پێ دەبەخشێت، چونکە یاساکانی شەریعەت شانبەشانی کێشەکانی ڕۆژانەی موسڵمانان دەڕۆن و ڕۆژ بە ڕۆژ و کاتژمێر بە کاتژمێر لەگەڵیاندا بوون.

قۆناغی دروستکردنی دەوڵەتێکی ئیسلامی لەسەر بنەمای بیروباوەڕ و بە شێوەیەکی کرداری لە دوای کۆچ دەستی پێ کرد، قۆناغی پێش دروستکردنی دەوڵەتیش قۆناغی دروستکردنی بونیاتنانی مرۆڤ و کۆمەڵی موسڵمانان بوو، قۆناغی دەوڵەت ئاماژە بنەڕەتییەکانی لە سەردەمی مەککە وەرگرتبوو، چونکە لەو

---

[1] عماد الدين خليل، دراسة في السيرة، مؤسسة الرسالة، بيروت، ١٩٧٤م، فصل (تحليل للهجرة)، ص١٤٧-١٦٣.

سەردەمەدا موسڵمانان لەسەر ئاستی تاك و كۆمەڵ ئامادەباشیی نەفسی و هزریی تەواویان هەبوو بۆ وەرگرتنی ئەو یاسایانەی كە بەسەریاندا دادەبەزین، ئەو ئەركانەی لەسەریان پێویست دەكرا، ئەو سنوورانەی لێیان قەدەغە دەكرا و ئەو پەیوەندییانەی كە بۆیان دیاری دەكرا، دوای ئەوەی بیروباوەڕی پێگەیشتوویان ئامادەی كردبوون بۆ وەرگرتنی هەموو فەرمانەكانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) و گوێڕایەڵ دەبوون و باوەڕیان پێی دەهێنا، بەدڵسۆزییەوە و بەئاشكرا و بەنهێنی جێبەجێیان دەكرد، بە باشترین شێوە و بەبێ دوودڵی و ناپاكی و فرتوفێڵێكیش ئەركەكانیان بەجێ دەهێنا، فەرمانەكانیان ڕەت نەدەكردەوە و خۆیان نەدەدزییەوە، بەڵكو ملكەچییەكی پڕاوپڕ لە دڵنیایی و بەرچاوڕۆشنییان هەبوو، باوەڕیان وا بوو ئەو یاسا و ڕێسایانەی لە بواری شەریعەتدا دادەبەزین هەموویان ڕەهان و تەواون و لە بەرژەوەندیی مرۆڤدان و تەنها ئەو یاسایانە ڕاستن و جگە لەوانیش گومڕایین.

ئەو پێشكەوتنە بەرنامەبۆداڕێژراوە، ڕێگای لەبەردەم بانگەوازی ئیسلامی خۆش كرد بۆ دروستكردنی دەوڵەتە تازەكە لەسەر چەند بنەمایەكی بەهێز كە لە ناخی تاك و كۆی موسڵماناندا ڕۆ چووبوون، پایەكانی ئەو دەوڵەتە پتەو و پەیوەست و جێگیر بوون، لەگەڵ ئەوەشدا هەستكردن بە گرنگیی كات و بەرپرسیارێتی و ویژدان زیندوویی كە بیروباوەڕی ئیسلامی لە ناخی موسڵماناندا چاندبووی، تەنها ئەو سوودەی نەبوو كە موسڵمانانی پاڵ دەنا بۆ وەرگرتنی یاسا و سنوور و فەرمانە تازەكان و جێبەجێكردنیان بەوردی، بەڵكو هانیشی دەدان بۆ سوودبینین لە كات و قۆستنەوەی بۆ گۆڕینی بژێویی ژیانیان و ئەزموونی ڕۆژانەیان، هەروەها پاڵنەریشیان بوو بۆ جێبەجێكردنی ئەركەكانیان بە شێوەیەكی جوان و داهێنان لەپێناو ڕەزامەندیی خودای گەورە، هەموو ئەمانەش گەشەیەكی سەرسوڕهێنەریان لە دامودەزگا تەشریعییەكانی دەوڵەتە تازەكەدا فەراهەم هێنا، بە خێراییەكی

سەرسوڕهێنەریش داواکارییەکانی ئەو دامودەزگایانە دابەزینە ناو شەقام و ماڵ و بازاڕ و مزگەوت و گۆڕەپانەکانەوە، ئەوەش لەسەر ئاستی ژیاری ئەوەمان بۆ دەردەخات کە چۆن موسوڵمانان بەربەستی کاتیان تێکشکاند لە دروستکردنی جیهانە نوێیەکەیاندا.

قورئانی پیرۆز و پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) شانبەشانی یەکتر بەشدار بوون لە پلاندانان و یاسادانان بۆ دروستکردنی دامودەزگاکان و وەڵامدانەوەی داواکارییەکانی دەوڵەتە تازەکە، دەستووری مەدینە گرنگ بوو، بەڵام هەموو شتێکیش نەبوو، هەر وەك زۆرێك لە توێژەران دەیانەوێت وێنای بکەن و زیادەڕەویی تێدا دەکەن [1]، ئەو بەڵگەنامەیە تەنها خشتێك بوو لە باڵەخانەی گەورەی یاسادانان، کە پێش هەموو شتێك ئەرکی گەورەی دروستکردنی کەوتە سەر شانی قورئانی پیرۆز، لەگەڵ ئەوەشدا زۆرینەی ناوەڕۆکی بەڵگەنامەکە بەرنامەیەکی کاتی بوو لەچاو نەخشە جێگیرە بەردەوامەکەی دەوڵەتی ئیسلام و ستراتیجیەتە گشتگیرەکەی، کەواتە زۆر گرنگیدان بەو بەڵگەنامەیە لەگەڵ ئەوەدا کە هەڵەیەکی مێژوویی و بابەتییانەیە، لە هەمان کاتیشدا لە قەبارەی ڕاستەقینەی یاساکانی قورئان کەم دەکاتەوە، کە بەردەوام یاسای نوێتری لێ وەردەگیرێت، هەروەها توێژەریش ڕادەکێشت بۆ تێڕوانینی ڕۆژئاواییانە، کە پێیان وایە ئەو بەڵگەنامەیە هەوڵێکی سەرەتایی مرۆڤ بوو و یەکێك بوو لەو هەنگاوانەی کە یاسانووسەکان داویانە بۆ ڕێکخستنی کاروباری دەوڵەتە تازەکانیان بە درێژایی مێژوو، پێویستیشە ئەوە بزانین کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) لە هێڵە گشتییەکانی بانگەوازدا لە خودی خۆیەوە یاسای دەرنەکردووە، بەڵکو لە وەحی خوداییەوە وەری گرتووە،

---

[1] بۆ نموونە بڕوانە: یولیوس فلهاوزن، تاریخ الدولة العربیة وسقوطها، ترجمة: د. محمد عبدالهادي أبو ریدة، الطبعة الثانیة، لجنة التألیف والترجمة والنشر، القاهرة، ١٩٦٨م، ص١ ـ ١٥.

تەواوترین شێوەی وەحییش لە قورئانی پیرۆزدا دەردەکەوێت، گشت دەستکەوت و کاروبارەکانی تر تەنها درێژکراوەن و فراوانکردن و لێکدانەوەن بۆ قورئان.

بابەتێکی تر کە شایانی ئەوەیە ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە، بەکارهێنانی ناوی دەوڵەتی مەدینە، یان دەوڵەتی یەسریب، بۆ یەکەم دەوڵەتی ئیسلام، لەبەر ئەوەی کە لە مەدینەدا دامەزراوە، بە شێوەیەك خوێندنەوەی بۆ دەکرێت کە ئەو دەوڵەتە دەوڵەتێکی ناوچەیی بووە و تایبەت بووە بە شارێك لە شارەکان وەك پێشتر لە مێژووی کۆندا لە ئەسینا و ئەسبرتە هەبووە، لە ڕاستیدا پەیوەندیی ئەو دەوڵەتە بە یەسریبەوە پەیوەندییەکی لاوەکییە، چونکە ئەو دەوڵەتە دەوڵەتێکی ئاینیی جیهانی بووە لە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنیەوە، دەگونجا ئەو دەوڵەتە لە هەر شوێنێکی تر دابمەزرایە، بە مەرجێك ملکەچی بیروباوەڕی ئیسلامی بووایە، ئەو دەوڵەتە دەوڵەتی کۆچ بوو نەك دەوڵەتی کۆچکردووەکان، کۆچکردووەکان هەوڵی لەناوبردن و ڕاگواستنی هاووڵاتییە ڕەسەنەکانی مەدینەیان نەدا، داگیرکەر نەبوون و بەربەستیان لە نێوان خۆیان و هاووڵاتیانی مەدینەدا دەروست نەکرد، ئەزموونی نیشتەجێکردن و بەزۆر کردن بە نیشتیمانی ئەوروپییەکانیان لە ئەمریکا و ئوستورالیا و باشووری ئەفریقایان پیادە نەکرد، ئەو دەوڵەتە دەوڵەتێکی هزریی ئاینی بوو، دانیشتوانە ڕەسەنەکان و کۆچکردووەکانیش تێیدا یەکسان بوون لە ڕووی مرۆڤایەتی و مافە یاساییەکانەوە، پێشنیاری بیروباوەڕی ئیسلامیش بۆ هەموویان دەکرا خەڵکی هەر شوێنێك و سەر بە هەر هۆزێك بوونایە، دەوڵەتێکی کراوە بوو، وەك دەوڵەتە ئاینییەکانی پێش خۆی نەبوو و بە ڕووی هیچ کۆمەڵێکی دیاریکراودا دەرگای دانەدەخست وەك خودا دەفەرموێت: ﴿لِلْفُقَرَاءِ الْمُهَاجِرِينَ الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِنْ دِيَارِهِمْ وَأَمْوَالِهِمْ يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِنَ اللَّهِ وَرِضْوَانًا وَيَنْصُرُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أُولَئِكَ هُمُ الصَّادِقُونَ﴾الحشر: ٨ ، واتە: (هەروەها لەو دەستکەوتانە، بەشی کۆچبەرانی هەژار دەبێت بدرێت، ئەوانەی لە شوێنەوارو سامانیان دوور

خراونەتەوەو دەرکراون، ئەوان بەتەمای بەخششی خواو ڕەزامەندیی ئەون و بەبێ هیچ تەماعێك پشتیوانی لە خواو پێغەمبەرەکەی دەکەن و هەوڵی سەرخستنی بەرنامەکەیان دەدەن، هەر ئا ئەوانە ڕاستگۆو ڕاستانن)، هەروەها دفەرموێت: ﴿وَالَّذِينَ تَبَوَّءُوا الدَّارَ وَالْإِيمَانَ مِنْ قَبْلِهِمْ يُحِبُّونَ مَنْ هَاجَرَ إِلَيْهِمْ وَلَا يَجِدُونَ فِي صُدُورِهِمْ حَاجَةً مِمَّا أُوتُوا وَيُؤْثِرُونَ عَلَى أَنْفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ وَمَنْ يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾ الحشر: ٩، واتە: (ئەوانەی کە پێشترماڵ و شوێنی خۆیان ئامادە کرد بۆ پێشوازیی لە کۆچبەران و دڵ و دەروونی خۆیان ڕازاندەوە بەئیمان، ئەوانەشیان خۆش دەوێت کە کۆچیان کردووە بۆ لایان و لە دڵ و دەرونیاندا جێی هیچ جۆرە حەسوودی و بەخیلیەك نابێتەوە (لەسەر ئەوەی کە بەشی کۆچبەران دراوە و بەشی ئەوان نەدراوە)، حەز بە بەخشینی دەستکەوتەکان بەوان دەکەن، فەزڵی ئەوان دەدەن بەسەر خۆیاندا هەرچەندە هەژارو نەداریشن، جا ئەوەی خۆی لە نەفسی ڕەزیلی بپارێزێت و زاڵ بێت بەسەریدا، ئا ئەوانە هەر سەرفرازن). پاشان دەفەرموێت: ﴿وَالَّذِينَ جَاءُوا مِنْ بَعْدِهِمْ يَقُولُونَ رَبَّنَا اغْفِرْ لَنَا وَلِإِخْوَانِنَا الَّذِينَ سَبَقُونَا بِالْإِيمَانِ وَلَا تَجْعَلْ فِي قُلُوبِنَا غِلًّا لِلَّذِينَ آمَنُوا رَبَّنَا إِنَّكَ رَءُوفٌ رَحِيمٌ﴾ الحشر: ١٠، واتە : (ئەوانەش کە بە شوین کۆچبەران و پشتیواناندا هاتن (تا کۆتایی دنیا ئەمە دۆعا و نزایانە و بەردەوام) دەڵێن: پەروەردگارا لە ئێمە و لە برایانەشمان خۆش ببە کە پێش ئێمە ڕێبازی ئیمانیان گرتەبەر و لە دڵەکانماندا هیچ جۆرە بوغزو کینەیەك مەخەرە دڵمانەوە لە ئاستی ئەوانەی ئیمانیان هێناوە، پەروەردگارا تۆ بەڕاستی بەسۆزو بەخشندە و میهرەبانیت).[1]

"ئەو دەوڵەتە دەوڵەتێکی ناوازە بوو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، چونکە دوو بنەمای چەسپاند کە لە دەوڵەتە لادینییەکاندا نەبوون، یەکەمیان ئازادی ئایینەکان بوو، ئەو تەنها ڕێگای بە ئازادی ئایینی نەدراو بەس، بەڵکو پارێزگارییشی لەو

[1] محمد فتحي عثمان، دولة الفكرة، الدار الكويتية، الكويت، ١٩٦٨م، ص١٦ـ ١٧.

ئايينانە دەکرد، دووەم بنەماش بریتی بوو لە پێناسەکردنی نیشتیمان و دەوڵەت بە فراوانترین واتا لە ڕووی چاوپۆشی و مرۆڤایەتییەوە، ئەم بنەمایەش دەستەبەری یەکسانی و ماف و ئەرکە نیشتیمانییەکان بوو لە نێوان گشت تاکەکانی کۆمەڵگادا بە جیاوازیی ڕەگەز و ڕەنگ و زمان و کەلتووریان". [1]

دەوڵەتی ئیسلام هەموو پێویستییە یاساییەکانی بونیاتنانی دەوڵەتی تەواو کردبوو، کە لەسەر سێ پایە دەوەستێت، ئەوانیش ئوممەت و شکۆمەندیی ناوەکی و دەرەکی و ناوچە بوون، دەوڵەتی کۆچ لەسەر پایەی ئوممەت دروست بوو، ئوممەتێك کە لەسەر بنەمای هزر و بیروباوەڕ وەستابوو، ئوممەتێکی گۆشەگیر نەبوو، تایبەت نەبوو بە زمان و ڕەگەز و نیشتیمانێکەوە، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) بەپێی توانای خۆی بیروباوەڕەکەی دەگەیاندە هەموو تاك و هۆزێك، هەروەها دەوڵەتی کۆچ شکۆمەندی ناوەوە و دەرەوەی هەبوو، ئەو شکۆمەندییەش لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی ئازادانە بوو بۆ وەرگرتنی بیروباوەڕ لەلایەن تاکەکان و لەسەر بنەمای ئازادی کۆبوونەوە بوو بۆ دامەزراندنی دەوڵەت لەلایەن کۆمەڵگاوە.

سیاسەتی ئەو دەوڵەتە تازەیە لەسەر بنەمای بەپیرۆزسەیرکردنی ئازادیی مرۆڤ دامەزرا، ئازادی بنچینەی هزری و یاسای هەرەبەرزی ئەو دەوڵەتە بوو، دەوڵەتی کۆچ ناوچەیەکیشی هەبوو کە بارودۆخ بۆی دیاری کردبوو، ناوچەیەکی زۆر گونجاویش بوو، ئەگەرچی ئەو دەوڵەتە تەنها پەیوەست نەبوو بەو ناوچەیەوە، دەکرا لە هەر ناوچەیەکی تر دابمەزرێت کە بانگەوازی وەربگرتایە، بۆ نموونە مەککە یان تائیف، لە کۆتاییشدا ئەو دەوڵەتە دەوڵەتی هزر بوو، لە هەر شوێنێکیش عەقڵی مرۆڤ هەبێت ئەو شوێنە دەبێتە نیشتیمانی هزر. [2]

---

[1] د. أحمد إبراهيم شريف، مكة والمدينة في الجاهلية وعصر الرسول، الطبعة الثانية، دار الفكر العربي، القاهرة، ١٩٦٥م، ص٣٨٣، ٣٨٤.

[2] محمد فتحي عثمان، دولة الفكرة، ص١٨ ـ ٢٢.

### ٣ـ خیلافەتی ڕاشیدە:

ئەگەر ئێمە بتوانین لە وردەکاریی ڕووداوە مێژووییەکان دوور بکەوینەوە و خۆمان لە کۆت و بەندی ئەو سەدان بەسەرهات و هەواڵە هەڵبەستراوانە ڕزگار بکەین کە لەدوای ڕووداوە مێژووییەکە بە سەدەیەك یان دوو سەدە و لە سەردەمی ئارەزووبازی و لایەنگیری و تاقم تاقمێنە هەڵبەستران، ئەگەر توانیمان بگەڕێینەوە بۆ ئەو ژینگە مێژووییەی کە لە سەردەمی ڕاشیدیندا ئەزموونی هەڵبـژاردنی هێنایە ئاراوە، ئەگەر لە ڕووی کات و شوێن و بیروباوەڕ و تەنانەت مرۆڤەکانیشەوە بگەڕێینەوە بۆ ئەو سەردەمە، ئەوە بە دڵنیاییەوە بە هەڵوێستێکی گشتیگرتر و زانستیانەتر لەگەڵ ئەزموونێکی سیاسی بەیەك دەگەین، کە بەڕاستی شایستەی ڕێز و پێزانینە.

ڕاستەوخۆ دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر) و لەگەڵ قورسیی ڕووداوەکە کە بە شێوەیەك بوو هاوەڵە گەورەکانی پێغەمبەری لەرزاند، لەو کاتەدا هەموو هاوەڵان بە کۆچکردووەکان و پشتیوانەکانەوە لەژێر ساباتی بەنی ساعیدە کۆ بوونەوە بە مەبەستی ئەوەی بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیاندا گفتوگۆیەکی کراوە لەسەر بنەمای ئازادی و سەلماندن ئەنجام بدەن بۆ هەڵبـژاردنی پاڵێوراوێك تا ببێتە جێگرەوەی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر) لە ڕێبەرایەتیکردنی ئوممەتی ئیسلامی و بەڕێوەبردنی سیاسەتی دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەکەیاندا، پرۆسەیەك بوو کە شمشێری تێدا هەڵنەکێشرا و یەك دڵۆپ خوێنی تێدا نەڕژا.

پشتیوانەکان بەربژێری خۆیان پێشکەش کرد، چونکە ئەوان پێیان وا بوو دەبێت خەلیفە لە ئەوان بێت، لەبەر ئەوەی هەر ئەوان بوون داڵدەی پێغەمبەریان دا و سەریان خست و بە هۆی ویست و توانای ئەوانەوە بوو کە بزاوتی ئیسلامی قۆناغی بانگەوازی تێپەڕاند لەو قۆناغەوە کە ئامانجی بنیاتنانی مرۆڤی موسڵمان و کۆمەڵی

موسڵمانان بوو بۆ قۆناغی دەوڵەتێك كە پرۆژەی كاری سیاسی و یاسادانانی هەبێت بە مەبەستی گۆڕینی هەموو جیهان لە دوورگەی عەرەبییەوە.

كۆچكردووەكانیش دەیانویست پشتیوانەكان ڕازیی بكەن كە ئەوان شایستەترن بەو مافە، چونكە بانگەوازی ئیسلامی لەسەر شانی ئەوان ڕێگەی گرت و لە بارودۆخێكدا بەو كارە هەستان كە توندوتیژی زۆریان بەرامبەر كرا، هەندێك لە پشتیوانەكان پێشنیازی هاوسەرۆكیان كرد و پێیان باشبوو بە هاوبەشی ئەو كارە بەڕێوە ببرێت، بەڵام كۆچكردووەكان لەسەر ئەوە سوور بوون كە دەبێت یەك سەركردایەتی هەبێت و پشتیوانەكانیش دەتوانن لە چوارچێوەی ئەو سەركردایەتییەدا كار بكەن و گوزارشت لە توانا و وزەی خۆیان بكەن، پێیان گوتن: "سەركردەكان با لە ئێمە و وەزیرەكانیش لە ئێوە بن".[1]

بۆ ئەوەی گفتوگۆكە درێژە نەكێشێت و كەلێنێك دروست نەبێت بۆ گرفت و هەستیاری بەتایبەت لەو كاتەدا كە یەكبوونی ڕیزی موسڵمانان لە هەموو شتێك گرنگتر بوو، لەو كاتەدا عومەری كوڕی خەتاب ـ خودا لێی ڕازی بێ ـ ئاماژەی كرد بەو پاڵێوراوەی كە لە وەها مشتومڕێكدا پێویست بوو دیاری بكرێت، ئەویش ئەبوبەكر بوو ـ خودا لێی ڕازی بێ ـ ڕابردووی ئەبوبەكر لە خزمەتی بانگەواز و هەڵوێستە جوامێرەكانی لە مێژووی خەباتیدا و گەواهییەكانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) بۆی و سۆز و خۆشەویستیی موسوڵمانان بەرامبەری وەك یەكەم پیاو كە ئیسلامی وەرگرت، هەموو ئەمانە هۆكار بوون بۆ ئەوەی موسوڵمانان بە بەربژێرەكەی عومەر ڕازیی بن.

بەیعەتی یەكەم كە بە بەیعەتی تایبەت ناو دەبرێت، لەژێر ساباتەكە تەواو بوو هەتا كۆمەڵی موسوڵمانانیش لە مزگەوتی پێغەمبەردا (دروودی خودای لەسەر) كۆ ببنەوە و بەیعەتی گشتی بە خەلیفەی موسڵمانان بدەن.

---

[1] أبو الفداء إسماعيل ابن كثير، البداية والنهاية، مطبعة السعادة، القاهرة، ١٩٣٢م، ٢٤٧/٥.

له بارودۆخ و ژینگه ئازادەکاندا هیچ ئـەزموونێکی هەڵبـژاردن بـەدی ناکرێـت کـە خـەڵکی هـەموویان یەکدەنگ بـن لەسـەر پاڵێوراوێـك، نـابینین ژمارەیـەکی زۆر کـۆ بکرێتەوە بە زۆر و زەبر و زەنگ و کڕینی ویستی خەڵك بۆ بەدەستهێنانی ڕێژەی لە سەدا سەد، یاخود نەوەد و نـۆ پۆینـت نـەوەد و نـۆ، بـەڵکو لـە ژینگـە ئازادەکانـدا دەبێت بەرهەڵستکار هەبێت و ئەندازەیەك نارەزایەتی هەبێت، لە سەقیفەدا زۆرینەی ڕەها ئەبوبەکریان هەڵبژارد، هـەتا ئـەویش ئـەو ئەرکـە قورسـە بخاتـە سەرشـانی و بەرپرسیارێتییەکە وەربگرێت بەو ئەمانەتپارێزییەوە کە هاوەڵان پێی ناسرابوون.

ئەبوبەکر ـ خودا لێی ڕازی بێ ـ لە مزگەوتی پێغەمبەردا و بـە چـەند ڕسـتەیەکی پوخت بەرنامـەی ڕێبەرایەتییەکـەی و بیروبـاوەڕی خـۆی ڕاگەیانـد و گـوتی: "ئـەی خەڵکینە، من کراوم بە گەورەی ئێوە، لە کاتێکدا کە باشترینتان نیم، ئەگـەر کـاری باشم کرد پشتیوانییم بکەن، ئەگەر کاری خراپیشم کرد ڕاستم بکەنەوە، ڕاستگۆیی ئەمانەتە و درۆکردنیش ناپاکییە، لاوازەکەتان لە لای من بەهێزە هەتا مافەکەی بـۆ وەردەگرمەوە، بەهێزەکەشتان لە لای من لاوازە هەتا بە ویستی خودا مافەکەی لـێ دەسێنمەوە، هەر گەلێك لە جیهاد و تێکۆشـان لـە پێنـاوی خـودادا دوور بکەونـەوە خودای گەورە سەرشۆڕیان دەکات، داوێنپیسی لەناو هـەر گەلێکدا تەشـەنە بکـات، خـودای گـەورە بـەڵای گشـتییان بـۆ دەنێرێـت و هـەموویان سـزا دەدات، ئەگـەر گوێڕایەڵی خودام کرد ئێوەش گوێڕایەڵم بن، ئەگەر سەرپێچی فەرمانی خودام کرد، ئەوا ئێوەش گوێڕایەڵییتان لەسەر نییە".

لەو وتانەدا خەلیفەی یەکەم ئـەو ڕاسـتییە سـەرەکییانەی دووپـات کـردەوە کـە پێویست بوو ڕای بگەیـەنێت و پابەنـد بێـت پێیانـەوە، ئەگـەر ئـەو سـەرکردایەتییە نوێیە بیەوێت لەسەر ڕێگـەی پێغەمبـەر (درووودی خـودای لەسـەر) بـڕوات، خەلیفـە تاکێکە لە موسڵمانان کە بە ویستی خۆیـان کردوویانەتـە سـەرکردە و بـرا گـەورەی خۆیان، بە هۆی ڕابردووی پـڕ سـەروەری و هەڵسـەنگاندنی پێغەمبـەر بـۆی و توانـا

تایبەتییەکانی ئەو ڕێزەی بەدەست هێنابوو، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە خەلیفە کەسێکە لە سەروو خەڵکەوە و لە گڵێکی جیاواز دروست کراوە، هەر وەك لە سەردەمی بتپەرستییدا خەڵك ئاوا وێنای سەرکردەکانیان دەکرد و بە سێبەری خودایان دەزانین لەسەر زەوی.

خودی پێغەمبەریش (دروودی خودای لەسەر) دەیویست تارمایی ئەو گومانە لە دڵی هاوەڵانیدا نەهێڵێت و دەیفەرموو: "ئەی خەڵکینە من کوڕی ژنێکم کە گۆشتی وشکەوەبووی دەخوارد و لە بازاڕدا دەگەڕا". خودای گەورەش لە چەندین شوێندا ئەو ڕاستییەی دووپات کردووەتەوە، وەك دەفەرمێت: ﴿قُلْ إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ مِثْلُكُمْ يُوحَى إِلَيَّ أَنَّمَا إِلَهُكُمْ إِلَهٌ وَاحِدٌ فَمَنْ كَانَ يَرْجُو لِقَاءَ رَبِّهِ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَالِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِ أَحَدًا﴾ الكهف : ١١٠، واتە: (ئەی پێغەمبەر پێیان بڵێ: بەڕاستی من تەنها ئادەمیزادێکم وەك ئێوە، بەڵام ئەوەندە هەیە وەحی و نیگام بۆ دێت کە: بێگومان خوای ئێوە خوایەکی تاك و تەنهایە، جا ئەوەی دەیەوێت بەدیداری پەروەردگاری شادببێت، بەخۆشنودیەوە با کارو کردەوەی چاك و دروست ئەنجام بدات و بەهیچ شێوەیەك لە پەرستندا هیچ کەسێك نەکاتە هاوەڵ و شەریك بۆی)، هەروەها دەفەرمێت ﴿وَلَوْ كُنْتُ أَعْلَمُ الْغَيْبَ لَاسْتَكْثَرْتُ مِنَ الْخَيْرِ وَمَا مَسَّنِيَ السُّوءُ﴾ الأعراف : ١٨٨، واتە: (خۆ ئەگەر غەیب و شاراوەکانم بزانیایە ئەوە چاکەی زۆرم کۆدەکردەوە بۆخۆم و هیچ ناخۆشیەکیشم تووش نەدەبوو، من هیچ شتێك نیم تەنیا ترسێنەرێك (بۆ یاخیەکان) و مژدەدەریشم بۆ کەسانێك کە باوەڕ دەهێنن)، هەروەها دەفەرمێت: ﴿وَإِنْ أَدْرِي أَقَرِيبٌ أَمْ بَعِيدٌ مَا تُوعَدُونَ﴾ الأنبياء : ١٠٩، واتە: (من ئیتر نازانم ئەو هەڕەشەیەی کە لە ئێوە دەکرێت نزیکە یان دوورە (دەربارەی شکستی ئێوە، یان بەرپا بوونی قیامەت).

لەوانەیە لەناو ئەو موسڵمانانەی کە ئەبوبەکریان بە گەورەی خۆیان هەڵبژارد، کەسێك هەبووبێت لە چەند ڕوویەکەوە لە ئەبوبەکر باشتر بووبێت، بەڵام توانای

هەڵگرتنی ئەو بەرپرسیارێتییەی نەبووە، ئەبوبەکر گوتی: "من کراوم بە گەورەی ئێوە کە باشترینیشتان نیم"، لە سۆنگەی یەکەم ئەزموونی هەڵبژاردن لە مێژووی سیاسی ئیسلامیدا خەلیفەی یەکەم ئەو ڕاستییەی لە هزر و هۆشی خەڵکدا چەسپاند تا لە هەموو بوارەکانی تری ژیاندا ڕەنگدانەوەی هەبێت، تێیگەیاندن ئەو کەسەی کە بە خەلیفە دیاری دەکرێت یەکێکە لەو خەڵکە و لە سەرووی ئەوانەوە نییە، لە ئێستاش بە دواوە نابێت هیچ کەسێك بانگەشەی سێبەری خودا بکات لە جیهاندا!

ئەبوبەکر داوای لە ئوممەتەکەی کرد هەرکاتێك کاری باشی کرد پشتیوان و هاوکاری بن و هەرکاتێکیش کاری خراپی کرد ڕێکی بکەنەوە، ئەوەش ئاماژەیەکی ترە لەسەر هەمان ڕێگا کە پێشتر و لە یەکەم وتەیدا دووپاتی کردەوە، ئەو تەنها مرۆڤێکە هەندێك جار هەڵە دەکات و هەندێك جاریش لەسەر ڕێگای ڕاست دەڕوات، گشت گفتار و ڕەفتارەکانی دوور نین لە هەڵە و لادان، ئەو پێی وابوو دەسەڵات هاوکێشەیەکی هاوسەنگە لەنێوان دەسەڵاتدار و گەلدا، هەردووك لا بەرپرسیارێتیی هەڵدەگرن بە کردار و تێکۆشان و ڕەخنە و چاودێری بەشداری تێدا دەکەن، ئەبوبەکر ویستی هەستی ڕەخنەگرتن و بەرپرسیارێتی و چاودێریکردن لە ناخی تاکەکانی کۆمەڵگادا گەشە پێ بدات، تەنها لەژێر فەرمانڕەوایی دەسەڵاتی سیاسی خۆسەپێندا خەڵك ناتوانێت ڕەخنە لە دەسەڵاتدارەکان بگرن و چاودێرییان بکەن و لەو شوێنەی پێویستە بڵێن (نەخێر) نایڵێن، لێرەدا خەلیفە پێش ڕووداوەکان دەکەوێت و داوا لە ئوممەت دەکات مافی خۆیان پیادە بکەن هەتا ئەو زیندوویەتییەی کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) فێری کردوون و پەروەردەی کردن لەسەری هەر بەردەوام بێت، ئوممەتێك ڕەخنە نەگرێت و بەرپەرچی دەسەڵات نەداتەوە لە دۆخی وەستاندایە و لە سەرەمەرگدایە.

ئەبوبەکر دڵنیاییشی دا سەبارەت بە چەمکی دادگەریی کە ئیسلام هێنابووی، ڕایگەیاند کە پارێزگاریی لێ دەکات و ناهێڵێت کەم بکات و دەستدرێژیی بکرێتە

سەری، دادگەری بە واتا گشتگیرەکەی کە لـە بـە بابـەتی خـواردن و خواردنـەوەوە دەست پێ دەکات و بە هەڵوێستی مـرۆڤ لـە جیهانـدا کۆتـایی پـێ دێت. خەلیفـەی پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) بە هەموو هێـز و توانایـەوە بـۆ ڕاگرتنـی هاوسەنگی وەستایەوە، نابێت بەهێزەکان زیاد لە پێویست دەست بـەرز بکەنـەوە و بە هەمان شێوەش نابێت لاوازەکان لە ترسا و لە برسا بلەرزن، خەلیفە بـەهێزەکان وا لـێ دەکـات کـە بلـەرزن کاتێـك خـەیاڵیان بـۆ سـتەمکردن دەچـێت و برسـی و ترساوەکانیش وا لێ دەکات هەست بە دڵنیایی و ئاسایش بکەن.

لە دوو ڕستەی تردا خەلیفەی یەکەم ئاماژەی بە گرنگیی پابەندبوون بـە بـەها و ڕەفتارە جوانەکان کرد لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا، پابەندبوونێك کە لە گشت کۆمەڵگا نەفامییەکان جیای دەکاتەوە و بەسەر ئەواندا بەرزی دەکاتەوە، هەرکاتێك کۆمەڵگا ئەو پابەندبوونانەی نەبوو ئەوا بە ویستی خۆی دەسـتبەرداری ئـەو تایبەتمەندییانـە دەبێت کـە ئیسـلام پێـی داوە، ئـەو دوو ڕسـتەیەش بریتـی بـوون لـە: "ڕاسـتگۆیی ئەمانەتە و درۆکردنیش ناپاکییە" و "داوێنپیسی لەناو هەر گەلێکدا تەشـەنە بکـات خودای گەورە بەگشتی سزایان دەدات"، کاتێك گەندەڵی و خراپەکاری دەکەونە ناو کۆمەڵگایەك و هیچ ویستێکی ڕاستەقینە بۆ وەستاندن و بنبڕکردنی نابێت، ئـەوا بـە دڵنیاییەوە سەر دەکێشن بۆ بەڵایەکی گەورە، هەرچی بێتە بـەردەمی ڕایـدەماڵێت، چاك و خراپ لێك جیا ناکاتەوە، چونکە بەڵا عـەقڵێك نییـە کـار لـە مێـژوودا بکـات، بەڵکو سزایەکە بەسەر مێژوودا دەڕژێت.

ئەبوبەکر ـ خودا لێی ڕازی بێ ـ وەك یەکێك لە ئەرکە سەرەکییەکانی کۆمـەڵگای موسڵمان جیهادیشی فەرامۆش نەکرد، ئەبوبـەکر موسـڵمانانی ئاگـادار کـردەوە کـە نابێـت جیهـاد لـەکار بخـەن، چـونکە بـە لەکارخسـتنی جیهـاد خـودای گـەورە سەرشۆڕیان دەکات.

جیهاد جووڵەیەکی بەردەوامی موسڵمانانە لە جیهاندا بۆ ڕووخاندنی دەسەڵاتە نەفام و گومڕاکان و ڕێخۆشکردن بۆ ئازادی بیروباوەڕی مرۆڤەکان بەگشتی لە هەر کات و شوێنێك بن، هەر ڕەگەز و ڕەنگ و زمان و کەلتوور و ئایینێکیان هەبێت، ئەو ڕاستییەش لە چەندین ئایەتدا ئاماژەی پێ کراوە کە لێرەدا پێویست بە باسکردنیان ناکات، لە ڕاستییدا جیهاد پاساوی بوونی کۆمەڵگای ئیسلامیە لە هەموو کات و شوێنەکاندا، هەروەها کلیلی ڕۆڵبینینیەتی لەسەر زەوی و ئامانجی ئیمانیەتی، هۆکاری یەکبوون و دەستەبەریی بەردەوامی و گەشەکردنیەتی، ئەرکی ناوەندی سەرکردایەتی کۆمەڵگایە، بەبێ جیهادیش پاساوەکە نامێنێت و کلیلەکەش ون دەبێت و کۆمەڵگا ئیسلامییەکە توانای یەکبوون و تۆکمەیی و بەردەوامی و مانەوەی لەدەست دەدات و سەرکردایەتیی موسوڵمانیش مەرجە بنەڕەتییەکەی لەدەست دەدات.

ئەگەر وەکو ئامانجێکی ئیمانی بەردەوام سەیری جیهاد بکەین، ئەوا دەتوانین بڵێین وەك هۆکارێکی بیروباوەڕی کۆمەڵایەتی وایە، کە وا دەکات تاکەکانی کۆمەڵگا لە پشتی یەك بن و بەرەو یەك ئامانج ئاڕاستەیان دەکات و هانیان دەدات بۆ جووڵەی بەردەوام بەرەو چەند ئامانجێکی دوورتر، ئەمەش دەستەبەری یەکێتی و توندوتۆڵی و بەردەوامیی کۆمەڵگای موسوڵمانان و ئەو گۆڕانکارییە ئازادیخوازە داهێنەرانەیە کە بەدی دەهێنن، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر ڕۆحی جیهاد و تێکۆشان لە ناخی موسوڵماناندا نەما لەسەر ئاستی تاك و کۆمەڵگا و سەرکردایەتی و جەماوەر، ئەوا گرێی یەکبوون و یەکێتییان هەڵدەوەشێتەوە و ئامانجەکانیان پەرت و بڵاو دەبێت و ئەزموونەکەیان خاوبوونەوە بە خۆیەوە دەبینێت و بەرەو وەستان دەڕوات و هێڵی پێشەوەی بەرگریی لەدەست دەدەن، لەجیاتی ئەوەی بەرەو هێزە نەفامییەکان هێرش ببەن و جڵەوی دەستپێشخەریی ستراتیجییان لەدەستدا بێت

لەسەر ئاستی جیهان، دەبینین لە لایەن ئـەو هێزانـەوە هێرشـیان دەکرێتـە سـەر و موسوڵمانانیش بەرەو بنکەکانی دواوە پاشەکشە دەکەن کە هێڵی بەرگریکردنن.

ئەوەش پێی دەگوترێت شکست لەسەر گشت ئاستەکانی سیاسی و سـەربازیی و ستراتیجی و ئیمانی و شارسـتانی، کاتێـك چـاو بـە مێـژووی ئیسـلامیدا دەخشـێنین هاوکێشــەیەکی ڕوون و ئاشــکرا لــەو پابەندبوونــەدا دەبیــنین، هــەر کۆمەڵگایــەکی ئیسلامی ڕۆحی جیهادی تێدا بووبێت توانیویەتی پارێزگاری لە بوونی خۆی بکات و یەکێتییەکــەی پتــەو بکــات و دەســتەبەری بــەردەوامیی بیروبــاوەڕ و داهێنانــە شارستانییەکانی بووە، بواری چالاکی لە جیهاندا فـراوانتر بـووە، لـە بەرامبەریشـدا هـەر کۆمەڵگایـەکی ئیسـلامی دەسـتبەرداری ڕۆحـی جیهـادی بووبێـت و لـە ناخیـدا سڕیبێتیەوە پاساوی بوونی لەدەست داوە و پارچەپارچـە بـووە و پاڵنـەری ئیمـانی خاوبوەتەوە و دەستکەوتە شارستانیەتەکانی لەدەست داوە و ڕۆڵی لە جیهاندا کەم بۆتـەوە، سـەرەنجامیش بـەرەو ڕووخـان چـووە، مێـژووی هاوچەرخیشـمان دەیـان نموونەی لەسەر ڕاستیی ئەو هاوکێشەیە تێدایە.

ئەبوبەکر ـ خودا لێی ڕازی بێ ـ کاتێك وتارەکـەی پێشکەشـی ئـەو موسـوڵمانانە کرد کە بەیعەتیان پێ دا، تێڕوانینێکی ئاشکرای هەبوو بۆ ئەو بابەتـە، لەبـەر ئـەوە گـوتی: "هــەر گــەلێك واز لــە جیهــادکردن لــەپێناوی خــودا بهێنێــت، ئــەوا خــودا سەرشۆڕیان دەکات". ئەو تێڕوانینەش بە ئاشکرا لەوەدا بەدی دەکرێت کـە هـەموو ساڵەکانی سـەردەمی خیلافەتەکـەی بـە جیهادکردنـەوە سـەرقاڵ بـوو لـە نـاوخۆ و دەرەوە و لەسەر هەموو ئاستەکان.[1]

لە کۆتـایی وتارەکەیـدا ئەبوبـەکر داوای گوێڕایـەڵیی لـە ئوممـەت کـرد و ڕوونـی کردەوە ئەو گوێڕایەڵییە کاتێك پێویستە لەسەریان کە خودی خەلیفە لە گوێڕایەڵیی خـودا و پێغەمبـەردا بێـت، بـە پێچەوانەشـەوە ئەگـەر خەلیفـە گوێڕایـەڵیی خـودا و

---

[1] بڕوانە بەشی دووەمی ئەم دەروازەیە.

پێغەمبەر نەبوو، ئەوا ئوممەتیش گوێڕایەڵییان لەسەر نامێنێت بۆ خەلیفە، لە کۆتاییدا هەموو لایەك بە سەرکردە و جەماوەرەوە لە بەردەم خودا و پێغەمبەردا یەکسانن، کار و کردەوەکانیشیان هیچ بەهایەکیان نییە ئەگەر لە خودا و پێغەمبەرەوە سەرچاوەیان نەگرتبێت.

کاتێکیش نەخۆشی تەنگی بە ئەبوبەکر هەڵچنی، سوپای موسڵمانان بەرەو هەردوو هێڵی ڕووبەڕووبوونەوەی عێراق و شام ڕێیان دەبڕی، هەردوو دەوڵەتی گەورەی ساسانی و بیزەنتی تەواوی توانا و وزەی خۆیان کۆ کردبۆوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو سوپایە و لەناوبردنی، کۆمەڵگای موسوڵمانانیش بە شێوەیەکی یەکجاری پێگەکانی ڕەگەزپەرستی و پەستانەکانیان تێنەپەڕاندبوو، لەو کاتەدا ئەبوبەکر بیری کردەوە کە کۆی بارودۆخەکە وا دەخوازێت کە کەسی جێنشین بۆ دوای خۆی یەکلا بکاتەوە لەبەر یەکڕیزیی موسوڵمانان و ئامانجە مێژووییەکانیان، لە ڕاستییدا ئەبوبەکر توانای یەکلاییکردنەوەی ئەو کارەی هەبوو، چونکە ئوممەت متمانەیان پێی هەبوو، لەبەر ڕاستگۆییە قووڵەکەی و گەواهیدانی پێغەمبەر بۆی و لەبەر ئەو ڕۆڵە مێژووییەیش کە پێش ئەوەی ببێت بە خەلیفە و دواتریش بینیبووی.

ئەبوبەکر دەیتوانی کەسێك بە دڵی خۆی بکات بە خەلیفە، بەڵام ئەو کارەی نەکرد و تا ئەوپەڕی توانای خۆی ڕاوێژی کرد، هاوەڵانی ئاگادار کردەوە و پێی ڕاگەیاندن، بێگومان ئەو کۆچی دوایی دەکات، لەبەر ئەوە باشتر وایە ئەوان لەنێوان خۆیاندا ڕاوێژ بکەن لەسەر کەسێك بۆ جێنشینی و پێش ئەوەی ئەبوبەکر کۆچی دوایی بکات ئەوان بڕیاری کۆتایی بدەن لەپێناو پاراستنی یەکڕیزییەکەیان و بەردەوامییان لەسەر ئەرکە سیاسییەکانیان، پێشی ڕاگەیاندن کە ئەوان لە ڕاوێژکردنەکەیاندا ئازادن هەر پابەندبوونێك بخەنە سەر خەلیفەی یەکەم، تەنانەت سەبارەت بەو بەیعەتەش کە پێیان داوە، ئەبوبەکر گوتی: "خۆتان دەبینن من چۆن

تووشی نەخۆشی بووم، گومانیشم نییە کە دەمرم، لەبەر ئەوەی ئەو سوێندەی کە خواردووتانە و ئەو بەیعەتەی کە داوتانە بە من، خودای گەورە ئازادی کردوون و بەیعەتی منتان لە گەردندا نەماوە و کارەکەی داوەتە دەست خۆتان". هاوەڵە گەورەکانی پێغەمبەر بۆچوونیان وا بوو کە ئەبوبەکر بۆ خۆی کەسێك دیاریی بکات بۆ جێنشینی، لەبەر ئەوەی ئەوان نوێنەری خەڵك بوون، مافی دیاریکردنی کەسێکیان دا بە ئەبوبەکر.

ئەبوبەکر بە ڕەچاوکردنی چەند تایبەتمەندییەکی سەرەکی، هەوڵی دا کەسێکی گونجاو دیاریی بکات بۆ جێنشینی، لە گرنگترین ئەو تایبەتمەندییانە، ئەوە بوو کە ئەو کەسە کەسێکی قسەڕۆیشتوو بێت بەبێ لاوازی، لەدوای گەڕان و ڕاوێژکردنێکی زۆر، دەرکەوت ئەو تایبەتمەندییانە لە عومەری کوڕی خەتابدا هەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بڕیاری کۆتایی ڕانەگەیاند تا ڕاوێژی زیاتری نەکرد و بۆچوونی موسوڵمانانی مەدینەی وەرنەگرت سەبارەت بە جێنشینە نوێکە، ئەبوبەکر ڕووی تێکردن و گوتی: "ئەی خەڵکینە، ئێوە ڕازی دەبن بەو کەسەی من دەیکەم بە جێنشین؟ سوێند بە خودا کەمتەرخەمیم نەکردووە لە بۆچوونەکەمدا، کەسێکی خزمی خۆمم نەکردووەتە جێنشین، بزانن من عومەری کوڕی خەتابم کردووەتە جێنشین، پێویستە گوێی لێ بگرن و گوێڕایەڵیی بکەن". خەڵك بە گشتی و بە هاوەڵە گەورە و نزیکەکانی پێغەمبەریشەوە وەڵامیان دایەوە و گوتیان: "گوێمان لێ بوو و گوێڕایەڵیش بووین". [1]، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە دەیانتوانی ئەو بۆچوونە ڕەت بکەنەوە، چونکە لە زۆر قۆناغدا موسوڵمانان گوتویانە نە گوێمان لێیەتی و نە گوێڕایەڵیشین، تەنانەت عومەر خودی خۆیشی لە دوای بوونی بە خەلیفە، هاوەڵانی هان دەدا بۆ بەکارهێنانی ئەو دەستەواژەیە، ئەگەر لەو شوێنەدا خەڵك بیانگوتایە نە گوێمان لێی بوو و نە گوێڕایەڵیش دەبین، ئەوا دەبووایە ئەبوبەکر سەرلەنوێ

---

[1] الطبری، تاریخ ٣/٤٢٨.

ڕاوێژی بکردایەتەوە و بۆچوونەکەی بگۆڕییایە و بگەڕایە بۆ کەسێکی تر کە هاوەڵان گوێیان لێ بگرتایە و بە گوێیان بکردایە.

ئەبوبەکر دەستی بەرز کردەوە بۆ ئاسمان و گوتی: "ئەی خودایە من تەنها مەبەستم بەرژەوەندی و چاکیی ئەوان بوو، ترسام تووشی تاقیکردنەوە و بەلا ببن، من ئەو کارەم بۆ کردن کە تۆ لە من زاناتری پێی، کەسێکم کرد بە گەورەیان کە لە هەموویان باشتر و پارێزکارتر و سوورترە بۆ خزمەتی ئایین.

ئەو نامەیەشی سەبارەت بە عومەر نووسی کە لێوانلێو بوو لە ڕاستگۆیی و پارێزکاری و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی: "بە ناوی خودای بەخشندەی میهرەبان، ئەمە نووسراوی خەلیفەی پێغەمبەری خودا، ئەبوبەکرە، لە دواساتەکانی دونیا و سەرەتای دواڕۆژیدا، ئەو بارودۆخەی کە بێبڕوا تێیدا باوەڕ دەهێنێت و خراپەکاریش تێدا لە خودا دەترسێت و چاکە دەکات، من عومەری کوڕی خەتابم کرد بە کاربەدەست بەسەرتانەوە، ئەگەر چاکەکار و دادگەر بوو، ئەوا بە گوێرەی زانیاری و بۆچوونی من کاری کردووە، ئەگەر ستەمیشی کرد و گۆڕیی، ئەوا من هیچ زانیارییەکم بە شتە شاراوە و نادیارەکان نییە، من تەنها چاکەم ویستوە، هەموو مرۆڤێکیش پاداشت و سزای کارەکانی خۆی وەردەگرێتەوە، ستەمکارانیش باش دەزانن کامە چارەنووس چاوەڕوانیانە". [1]

هیچ کەس بە خەیاڵیدا نایەت ئەبوبەکرێکی ڕاستگۆ لەگەڵ خودا و پێغەمبەر و خودی خۆیدا و لە هەموو بارودۆخە سەخت و دژوار و ئاسانەکاندا، بەڵام لەم جۆرە بابەتە گرنگەدا کە پەیوەندیی بە ژیانی موسوڵمانانەوە هەیە ڕاستگۆ نەبێت، بەتایبەت لەو کاتەدا کە چاوەڕوان دەکرا پاش چەند چرکەیەك یان چەند کاتژمێرێك

---

[1] سەبارەت بە وردەکاریی هەڵبژاردنی عومەر بڕوانە: الطبري، تاريخ ٣/ ٤٢٨ ـ ٤٣٣، وعماد الدين خليل، في التاريخ الإسلامي، فصول في المنهج والتحليل، المكتب الإسلامي، بيروت، ١٩٨١م، بحث (حول تداول السلطة في العصر الراشدي).

یان چەند ڕۆژێکی تر بگەڕێتەوە لای خودای گەورە، ئەو خودایەی گەردیلەیەکی لێ بزر نابێت لە ئاسمانەکان و لە زەویدا، چۆن ئەبوبەکر واز لە ڕاستگۆیی دەهێنێت، لە کاتێکدا لە کۆتایی ژیانی دونیایی و سەرەتای ژیانی دواییدایە، ئەو کاتەی بێباوەڕ موسوڵمان دەبێت و خراپەکاریش دەبێتە پارێزکار.

لە هەموو هەنگاوەکانی ئەبوبەکردا بۆ دیاریکردنی جێنشینەکەی هەستی ڕاوێژکاریی دەبینین، لەگەڵ ئەوەشدا داوا لە هاوەڵە گەورە و نزیکەکانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) دەکات لەناو خۆیاندا ڕاوێژ بکەن و لەو سوێندە ئازادی کردن کە لە گەردنیاندا بوو، بەیعەتەکەی بۆ گێڕانەوە، ئەوانیش سەرپشکی دەکەن بۆ دیاریکردنی ئەو کەسەی کە بە گونجاوی دەزانێت، ئەویش لە دوای بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە و بە دادگەرانەترین پێوەر و بە ڕەچاوکردنی بابەتی بوونی پێوەرەکان بۆ پاڵێوراوەکە، پاشان پاڵێوراوەکە دەخاتە بەردەم هاوەڵە گەورە و نزیکەکانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) و ڕەزامەندیی ئەوانیش وەردەگرێت، پاشان ترس و هەستکردنی بە بەرپرسیارێتی دووپات دەکاتەوە لە پرۆسەی دیاریکردنی عومەری کوڕی خەتابدا، هەر لەبەر ئەوە مەترسیی خۆی دەربڕی سەبارەت بەو خراپانەی کە دەکرێ لە داهاتوودا ڕوو بدەن و لە خانەی نادیاریدان و خودا نەبێت کەس نایانزانێت، زۆر بە ڕاشکاوی سەرکۆنەی ئەو کارانەی کرد کە پێدەچێت ڕوو بدەن، پاشان ئەو کەسەی ئەبوبەکر دیاری کرد لە دوور و نزیک خزمی نەبوو، هەڵبژاردنەکەشی شتێکی چاوەڕواننەکراو نەبوو لە لای موسوڵمانان، بە پێچەوانەوە دیاریکردنی عومەر وەڵامدانەوە بوو بۆ داواکارییەکانی ئەو سەردەمە، هەر وەکو ئەوە وا بوو عومەر و مێژوو بەڵێنی بەیەکگەیشتنیان لەگەڵ یەکدا هەبووبێت لەو سەردەمەدا، ئەو ڕاستییەش لەو دڵخۆشییەی موسوڵماناندا دەرکەوت کە بە بوونی عومەر بە خەلیفە دەریان بڕی.

هەر وەکو ئەبوبەکر، عومەریش بەیعەتی تایبەتی و گشتیی پـیّ درا، عومـەریش چەند وتار و ئامۆژگارییەکی هەبوو، وەك کارنامەیەك پێشکەشی کرد تـا لـە سـالآنی بەرپرسیارێتیدا لەسەری بڕوات، ئەو کارەش وەك چاولێکەرییەك بوو لە ئەبوبەکر.

دیاریکردنی عوسمانیش ـ خودا لێی ڕازی بێ ـ هەر بە هەمان شێوە بە ئەزموونی هەڵبژاردنـدا تێپـەڕی و بـە ڕەهەنـدی ڕاوێژکارییـەوە، لەگـەڵ گەشەسـەندن و پێگەیشـتنی زیـاتر لـە پرۆسـەکەدا لـە سـۆنگەی ئـەو ئاڵنگارییـە مێژووییانـەی کـە هاتبوونە پێشەوە.

کاتێـك ئەبولوئلوئـەی فارسـی خەنجەرەکـەی لـە عومـەری کـوڕی خـەتاب دا و موسوڵمانان دڵنیا بوون لەوەی کە عومەر کۆچی دوایی دەکات، داوایـان لـە عومـەر کـرد هـەر وەك ئەبوبـەکر کەسـێك بـۆ جێنشـینی خـۆی دیـاری بکـات، بـۆ ئـەوەی یەکڕیزیی موسوڵمانان و بزاوتە جیهادییە فراوانەکەیان زیانی بەر نەکەوێت و کـەرت و پەرت نەبێت و تووشی وەستان نـەبێت، سـەرەتا عومـەر دوودڵ بـوو لـەو کـارە و ماوەیەك بیری کردەوە، ئایا بە ڕەزامەندیی هـاوەڵان کەسـێك دیـاریی بکـات یـاخود ئەو کارە بەجێ بهێڵێت بۆ هاوەڵان، ئەو هەڵوێستەشی بەم چەند ڕستەیە دەربـڕی: "ئەگەر من کەسێك بۆ جێنشینی دیاریی بکەم، ئەوا ئەبوبەکر کە لە من باشترە ئەو کـارەی کـرد، ئەگـەر واز لـەو کـارە بهێـنم و کـەس دیـاریی نەکـەم ئـەوا پێغەمبـەر (دروودی خودای لەسەر) کە لە من باشترە وازی لێ هێناوە، بە دڵنیاییـەوە خـودای گەورە ئایینەکەی خۆی بێکەس ناهێڵێتەوە". [1]

کەسێك پێشنیاری کرد کە عەبدوڵڵای کوڕی بکاتە جێنشین، لەبەرئـەوەی زانـا و پارێزکارە، بەڵام عومەر ڕەتی کردەوە و بەتووڕەییەوە گوتی: "خودا لەناوت ببات، سـوێند بـە خـودا لـەو بۆچـوونەتدا مەبەسـتت خـودا نـەبوو! هـیچ پێویسـتمان بـە کاروبارتان نییـە و هـەرگیز ستایشـی ئـەو پۆسـتەم نـەکردووە هـەتا بـۆ یـەکێك لـە

---

[1] الطبري، تاريخ، ٢٢٨/٤.

کەسوکارەکەم پێم خۆش بێت، ئەگەر کارێکی باش بێت ئـەوا ئێمـە بەشـی خۆمـان وەرگرتووە، ئەگەر خراپیش بێـت ئـەوا بنەماڵـەی عومـەر کەسـێکیان بەسـە تـا لـە بەردەم خودای گەورە لێپرسـینەوەی لەگەڵدا بکرێـت، سـەبارەت بـە بـەڕێوەبردنی کاروباری ئوممەتی موحەممەد، من لەو کارەدا زۆر ماندوو بووم و کەسوکارم بێبەش کرد، ئەگەر لەو کارە بەبێ سزا و پاداشت دەر بچم، خۆم بە بەختەوەر دەزانم". [1]

موسوڵمانان لەوە دەترسان خەلیفە کۆچی دوایی بکات و کەسێك بـۆ جێنشـینی خۆی دیاری نەکات، لەبەر ئەوە لەو کاتەدا کـە ئـازارێکی زۆری هـەبوو لـە ئـەنجامی ئەو برینە کوشندەی کە لە جەستەیدا بوو، زۆریان لێ کرد بۆ دیاریکردنی کەسـێك، لەو کاتەدا عومەر بۆچوونێکی تازەی بـۆ هـات کـە لـەنێوان دوو بۆچـوونەکەی تـردا بـوو، ئـەویش ئـەوە بـوو جێنشـینی کـورت بکاتـەوە لـە نێـوان ئـەو هاوەڵانـەدا کـە پێشەنگی بانگەواز بوون لـە سـەردەمی پێغەمبـەردا و کـاتێکیش پێغەمبـەر کۆچـی دوایی کرد لێیان ڕازی بوو و تا ئەو سەردەمەش لە ژیاندا مـابوون، ئـەو هاوەڵانـەش ژمارەیان شەش کەس بوو، کە بریتی بوون لە: عوسمان و عەلی و تەڵحە و زوبـەیر و عەبدوڕەحمان و سەعد.

عومەر ڕایگەیاند لە دوای لێکۆڵینەوە و بیرکردنەوە گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە دەبێت جێنشین لەناو یەکێك لەو شەش هاوەڵەدا بێت، چـونکە ئەوانـە سـەرکردە و نوێنەر و پێشەنگی ئوممەتن، عومەر داوای لێ کردن کـۆ ببنـەوە و ڕاوێـژ بکـەن بـە مەبەستی دیاریکردنی یەکێك لـەو شـەش هاوەڵـە و ڕێگـە نـەدەن ئـەو باسـە درێـژە بکێشێت، نەوەك سەر بکێشێت بۆ جیاوازی و ڕق و کینە، ئەمە لە کاتێکدا بـوو کـە دەوڵـەتی ڕاشـیدین زۆر پێویسـتی بـە دەسـتێکی بـەتوانا هـەبوو بـۆ هـەڵگرتنی بەرپرسیارێتی و بتوانێت ئەو ئەمانەتە چەند هەنگاوێك بەرەو پێشەوە ببات.

---

[1] هەمان سەرچاوە، ٢٢٨/٤.

بۆ ئەو مەبەستەش عومەر مۆڵـەتی سـێ ڕۆژی بـۆ دانـان و گـوتی پێویسـتە لـەو ماوەیەدا لەسـەر یـەکێك لـە پاڵێوراوەکـان ڕێـك بکـەون و فـەرمووی: "نابێـت ڕۆژی چوارەم بێت و کەسێکتان دیاریی نەکردبێت". سوهەیبیشی ڕاسپارد بۆ ئەوەی لـەو ماوەیەدا پێشنوێژی بۆ خەڵك بکات، لەبەر ئەوە کەسێکی لەو شەش هاوەڵە دیاریی نـەکرد، چـونکە ئەگـەر کەسـێکیانی بـۆ پێشـنوێژی دیـاریی بکردایـە، ئـەوا ئـەوەی دەگەیاند کە ڕازیە ئەو کەسە ببێت بە خەلیفە، لەو کاتـەدا دوو جـار عومـەر گـوتی: "عەبدوڵڵای کوڕی عومەریش وەك ڕاوێژکارێك ئامادە دەبێـت". وەك ئاماژەیـەك بـۆ ئەوەی کە مافی خۆپاڵاوتنی نییە، لەبەر ئەوە ئەو قسەیەی کرد کە بزانرێت عەبدوڵڵا تەنها مافی چاودێریکردنی هەیە، پاشان خەلیفە داوای لـە میقـدادی کـوڕی ئەسـوەد کرد تا سەرپـەرشتیی ڕاوێژکارەکان بکات هەتا هەڵبژاردنەکە تەواو دەبێـت، لـەپێناو پارێزگاریکردن لە یەکڕیزیی موسوڵمانان، کە گرنگترین شت بـوو، عومـەر داوای لـە میقداد کرد ئەگەر گفتوگۆکان درێژەیان کێشا و کەمینە بـە دەنگـدانی زۆرینـە ڕازی نەبوون، شمشـێر بـەکار بهێنـە، ئـەو بڕیـارەش وەك ئامادەباشـییەك بـوو، ئەگـەرنا هەرگیز کاری لەو شێوەیە لەو هاوەڵە بەڕێزانە چاوەڕوان نەدەکرا.[1]

لەو کاتەدا تەڵحە لە گەشتێکی بازرگانی بـوو لـە شـام، ئـەو پێـنج هاوەڵـەی تـر دەستیان کرد بە ڕاوێژێکی ورد و دوورودرێژ، مێژوونووسەکانی سـەردەمی عەباسـی هەواڵ و گێـڕدراوەی هەڵبەسـتراوی زۆریـان خزاندۆتـە نـاو مێـژووەوە سـەبارەت بـە پرۆسەی ئەو ڕاوێژکردنە، بە شێوەیەك وێنایان کردووە کە هاوەڵان لە ململانێیـەکی ملشکێندا بوون لەسەر دەسەڵات و لەپێناو سـەروەت و داهاتەکەشـی مـردوون، ئـەو کـارەی کـە لـە ئـەزموونی هـیچ کـام لـە دوو خەلیفەکـەی پێشـوودا نـەبوو، دوای ڕاوێژکارییەکی هەمەلایەن، عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف بۆچوونی خـۆی ڕاگەیانـد و

[1] هەمان سەرچاوە، ٤/ ٢٣٨.

گوتی: "من دەستبەرداری مافی خۆم دەبم و خۆم بۆ جێنشینی ناپاڵێوم، بەڵام بە مەرجێك سەرپشكم بكەن تا یەكێكتان دیاری بكەم بۆ ئەوەی ببێتە خەلیفە".

كەسیان ڕەخنەیان لە بۆچوونەكەی عەبدوڕەحمان نەبوو، لە كاتێكدا هەموویان دەیانتوانی ڕازیی نەبن و ئەوكاتیش عەبدوڕەحمان لە پێشنیارەكەی پاشگەز دەبووەوە، بێگومان هەموویان بە پێشنیارەكەی ڕازیی بوون، چونكە دەیانزانی عەبدوڕەحمان پیاوێكی دڵسۆزە و دەیەوێت پێش تەواوبوونی مۆڵەتەكە بگەنە ئەنجامێك.

ئەو دڵسۆزییەش لە دوای ئەوە دەركەوت كە عەبدوڕەحمان ماوەیەكی زۆر خەریك بوو بۆچوونی هاوەڵانی مەدینە و چەند كەسێكی سادەی لە ژنان و پیاوان وەرگرت كە بە كۆمەڵ دەهاتن بۆ لای، ئەو كارەش بەڵگەی تێگەیشتنی سیاسیی ئەو خەڵكە بوو، هەندێك جاریش عەبدوڕەحمان بۆ خۆی لە دەرگای ماڵانی دەدا، چونكە سوور بوو لەسەر وەرگرتنی زۆرترین بۆچوون، لە كۆتاییدا و لە بەرەبەیانی ڕۆژی دوامۆڵەتدا، عەبدوڕەحمان لەگەڵ پێنج هاوەڵەكەی كۆبوەوە بۆ ڕاوێژكردن و هەموو پشتیوانان و كۆچكردووانی مەدینە و سەركردە سەربازییەكانیش كە هاتبوون بۆ حیجاز بە مەبەستی حەجكردن بانگی كردن و پێی ڕاگەیاندن كە زۆرینەی زۆری بۆچوونەكان لەسەر دوو كەسایەتی كۆ بوونەتەوە، ئەوانیش عوسمانی كوڕی عەفان و عەلیی كوڕی ئەبوتالیبن، لێرەدا پێویست بوو عەبدوڕەحمان پشت بە پێوەرێكی تر ببەستێت بۆ ئەوەی لەو دوانەش یەكێكیان دیاری بكات و ئەو كارە بە هەڵپەرسێردراوی نەمێنێتەوە، لەبەر ئەوە پێشنیاری ئەوەی كرد كە لە دوای پابەندبوون بە قورئان و سوننەتەوە دەبێت ئەو پاڵێوراوە پابەندیش بێت بە ڕێبازی ئەبوبەكر و عومەریشەوە، لەو كاتەدا عوسمان ڕایگەیاند كە ئەو پابەند دەبێت، چونكە بە چاوی خۆی ئەبوبەكر و عومەری بینیوە كە چۆن لە ژیانی خۆیاندا یەكڕیزیی موسوڵمانانیان پاراستووە و بەسەر فارس و ڕۆمەكاندا

سەر كەوتن و لە جێبەجێكردنی بەرنامەی ئیسلامدا زۆر سەركەوتوو بوون، بەڵام عەلی بەپێی تێگەیشتن و بۆچوونی خۆی گوتی: "من بەگوێرەی توانای خۆم كار دەكەم". [1]

عەلی پێی وا بوو بە هۆی ئەوەی كە هاوەڵی پێغەمبەر بووە و لەگەڵیدا ژیاوە و توانای تێگەیشتنی زۆرە، هیچ جیاوازییەكی نییە لەگەڵ ئەبوبەكر و عومەردا، هەروەها گەشەسەندنی بارودۆخە مێژووییەكە و گۆڕانی ژینگەكە داوای چارەسەری تازە دەكەن بۆ كێشە تازەكان.

هەریەك لە عوسمان و عەلی خاوەنی تێگەیشتنی خۆیان بوون، هەڵوێستەكانیشیان بەرهەمی تێگەیشتنیان بوون، لە پاش ئەو هەوڵە چڕوپڕانە و لەدوای ئەوەی كە خۆری ڕۆژی چوارەمی دوامۆڵەت هەڵهات، عەبدوڕەحمان ویستی كارەكە یەكلا بكاتەوە، هەر لەبەر ئەوە بە ڕاشكاوی ئاماژەی بەوە كرد كە هەڵبژێردراوی ئەو عوسمانە و ڕووی تێكرد و گوتی: بەیعەتت پێ دەدەم لەسەر قورئان و ڕێبازی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) و هەردوو خەلیفەی دوای ئەو، پاشان گشت كۆچكردووەكان و پشتیوانەكان و سەركردە سەربازییەكان هاتنە پێشەوە بۆ ئەوەی بەیعەتی تایبەت بدەن بە خەلیفە نوێیەكەیان و پاشانیش بەیعەتی گشتیی پێ درا. [2]

بۆ هەڵبژاردنی عەلی كوڕی ئەبوتالیبیش - خودا لێی ڕازی بێ - شێوازی هەڵبژاردنی كراوە پەیڕەو كرا و بە هەمان شێوەی هەڵبژاردنی ئەبوبەكر، بەڵام بە جیاوازیی ئەو گۆڕانكارییە زۆرەی كە بەسەر بارودۆخی مێژووییدا هاتبوو، بەتایبەت

---

[1] بروانە: كتاب فضائل الصحابة من صحيح البخاري، المطبعة السلطانية، القسطنطينية، ١٣١٥هـ، ٢٠٤/٤-٢٠٧. وابن تيمية، منهاج السنة، ١٦٨/٣- ١٧٢. وعماد الدين خليل، في التاريخ الإسلامي، بحث (تداول السلطة).

[2] الطبري، تاريخ، ٤٣٥/٤.

له دوای كوژرانی عوسمان و نەمانی ئارامی لەناو مەدینـەدا بـە درێـژایی پێـنج ڕۆژی دوای ڕووداوەكە و هەژموونی خەڵكە تووڕەكە بەسـەر تـەواوی كاروبـاری مەدینـەدا، هەموو پاڵێوراوەكان لە وەرگرتنی ئەو پۆستە ڕایان دەكرد بەتایبەت عەلی، ئەمـەش لەگەڵ ئەوەدا كە پەیتا پەیتا خەڵك دەهاتن و داوای لێ دەكردن ئەو كارە وەربگرن، عەلی پەنای بردە بەر باخەكانی مەدینە و هەوڵی دا تەڵحەی كوڕی عوبەیدوڵڵا ببێتـە جێنیشین، بەڵام تەڵحە ئەو كارەی ڕەتكـردەوە بـە بیـانووی ئـەوەی كـە عـەلی لـەو شایستەترە.

له كۆتاییدا عەلی هیچ چارەیەكی نەما و لە ژێر فشاری موسـوڵمانانندا ئەركەكـەی لـە ئەسـتۆ گـرت بـۆ ئـەوەی بازنـەی گرفتـەكان فـراوان نـەبن و ئوممـەت تووشـی پەرتوبڵاوی و زیان نەبێت، كاتێك خەڵك ویستیان بەیعەتی پێ بدەن، عەلی ڕایگەیاند كە پێویستە سەرەتا كۆچـكردووەكان و پشـتیوانان بەیعـەت بـدەن، پاشـان خـەڵك بەگشـتی بەیعـەت بـدەن، دوای ئـەوە عـەلی تێڕوانینـی قـووڵی خـۆی بـۆ بنـەمای ڕاوێژكاری دەربڕی و ڕووی كردە دەنگدەرانی و گوتی: "ئـەی خەڵكینـە، ئـەو كـارە كاری ئێوەیە و جگە لەو كەسەی كە دەیكەنە برا گەورە و خەلیفە مافی كەسی تری تێدا نییە، ئەگەر ویستتان ئەوا لەبەر ئێوە من ئەو كارە وەردەگرم و لەسەر كورسی دەسەڵات دادەنیشم، ئەگەر پێشـتان خـۆش نـەبوو ئـەوا مـن نـاتوانم زۆر لـە كـەس بكەم". [1]

دەستەواژەی "ئەگەر ویستتان" ئەوەمان تێدەگەیەنێت كە دواهەمین خەلیفـەی ڕاشیدین پارێزگاری لە ئەزموونی هەڵبژاردنی پشتبەستوو بە ڕاوێژكاریی وەرگیراو لە ویستی گەل دەكات.

[1] هەمان سەرچاوە، ١٤٦، ١٤٧.

بەو شێوەیە کۆچکردووەکان و پشتیوانەکان بەیعەتی تایبەتیان بە عەلی دا و پاشانیش خەڵك بە گشتی بەیعەیتیان پێ دا بە هەمان شێوەی هەڵبژاردنی خەلیفەکانی پێش خۆی.

لە دواساتەکانی ژیانیشدا کاتێك لەلایەن عەبدوڕەحمانی کوڕی مولجەمی مرادیەوە پێکرا و لەو ساتانەدا کە خەریك بوو کۆچی دوایی بکات، ژمارەیەکی زۆر لە هاوەڵانی داوایان لێ کرد لە پاش خۆی یەکێك لە کوڕەکانی بکاتە جێنشینی خۆی، چونکە کوڕەکانی زۆر پابەند بوون بە ئایینەوە و تێگەیشتنێکی قووڵیشیان هەبوو و زۆر خۆشەویستیش بوون لەلای موسوڵمانان، بەڵام لە وەڵامی ئەو هاوەڵانەدا عەلی گوتی: "من نە فەرمانتان پێ دەکەم بۆ ئەو کارە و نە ڕێگەشتان لێ دەگرم، ئێوە خۆتان باشتر دەزانن و چاوکراوەترن". [1] لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە کە زیاتر هەستی قووڵی ڕاوێژکاریی عەلیمان بۆ دەر دەخات، کاتێك وەڵامی دانەوە و گوتی: "من وەك پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) وازتان لێ دەهێنم، بەو هیوایەم لە پاش من خودای گەورە هەمووتان لەسەر کەسێك کۆ بکاتەوە کە لە هەمووتان باشترە، هەر وەك چۆن لە دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر هەمووتانی لەسەر باشترینتان یەکدەنگ کرد، مەبەستی ئەبوبەکر بوو". [2]

لە کۆتایی ئەم ڕووماڵە خێرایەدا، پێویستە ئەوە بزانین کە قورئان و ڕێنمایی و ڕەفتارەکانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو لە دروستکردنی ئەو هۆشیارییە سیاسییەی کە هاوکاریی کۆچکردووەکان و پشتیوانەکانی کرد بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ئاڵنگارییانەی کە سەبارەت بە

---

[1] الطبري، تاريخ، ٥/١٤٦، ١٤٧.

[2] ابن كثير، البداية والنهاية، ٥/٢٥٠، ٢٥١. ٧/٣٢٣. وأبوبكر بن العربي، العواصم من القواصم، تحقيق: محب الدين الخطيب، الطبعة الثانية، الدار السعودية، جدة، ١٣٨٣هـ، هامش١، ص١٩٨، ١٩٩.

دەسەڵات و شێوازەکانی بەڕێوەبردن هاتنە پێشــەوە، هــەروەها هاوکاریـان بـوو بـۆ چاندنی هەستی ڕاوێژکردن لە عەقڵ و ناخیاندا.

قورئانی پیرۆز زیاد لە جارێك باسـی بیرۆکـەی ڕاوێـژ دەکـات، وەك ڕێگایـەك بـۆ گەیشـتن بـە بڕیـارە گرنگـەکانی کۆمەڵگـەی موسـوڵمانان، پێغەمبـەریش (دروودی خودای لەسەر) لە کاتی سەرکردایەتیکردنی دەوڵەتە نوێکەیدا بۆ ماوەی دە سـاڵ و لـە زۆرێـك لـە هەڵوێسـتە یەکلاکەرەوەکانـدا بـەکردار ئـەو بنەمایـەی پیـادە کـرد، زانیشمان چۆن هاوەڵانی پێغەمبەر لەسەر هەمان ڕێگا ڕۆیشتن، کەسیان پۆستەکەی نەبەخشی بە کـوڕێکی، یـاخود برایـەکی یـان خزمێکـی، هـەرگیز بـە خەیاڵیشـیاندا نەهات ڕووبەڕووی کۆدەنگیی و ویستی موسوڵمانان بوەستنەوە.

ڕاستە شێواز و ڕێوشوێنەکان بەپێی بارودۆخ و داواکارییە مێژووییە گشـتییەکان و داواکارییــە ژینگەییــە تایبەتییــەکان دەگۆڕێـت و گەشــە دەکـات، بــەڵام ڕۆحــی ڕاوێـژکاری هــەر مـابوو لــەناو هاوەڵانـدا، گۆڕانکـاریی شـێواز و یــەکێتیی نـاوەڕۆك نیشـانەیەکی بنــەڕەتیی سیسـتەم و یاسـاکانی ئیسـلامە، بـەڵکو تایبەتمەندییــەکی قووڵی فەلسەفەی ئیسلامە بۆ گەردوون و ژیان و مرۆڤ، لە سۆنگەی ئـەو دوانەیـەوە ئیسلام دەتوانێـت چارەسـەری هـەموو کێشـە جیاوازەکـانی ژیـان بکـات و وەڵامـی هەموو داواکارییەکان لەسەر هەموو ئاستەکان بداتەوە.

سیستەمی دەسەڵات لە سەردەمی ڕاشیدیندا بە هەموو چوارچێوە گشتییەکان و یەکە کارگێڕییەکانیـەوە بـە ڕۆح و ڕووگەکانیـەوە دەسـەڵاتێکی ئیسـلامی بـوو، بـە سەرکەوتوویی وەڵامی مەبەستەکانی شەریعەتی دایەوە و توانی لـە ژیـانی ڕۆژانـەی خەڵکدا بەکاریان بهێنێت، بازنە کارگێڕییەکانی بەکارامەیی بەکار هێنـا بـۆ گەیشـتن بەو ئامانجە سەرەکییە.

مێژوونووسان و توێژەران لە هەر سەردەمێکدا بن دەتوانن ئەو ئاماژە قووڵـە لـە پێکهاتەی دەسەڵاتی ڕاشیدیندا ببینن، ئەمەش تەنها لە ڕێوشـوێنە کارگێڕییەکانـدا

بەدی نەدەکرا، بەڵکو لە هەڵسوکەوتی بەرپرسانی دەوڵەتیشدا دیار بوو، هەر لە خەلیفەکانەوە بیگرە هەتا دەگات بە بچووکترین نووسەر یان کارمەندی دەوڵەت، ئەو هەڵسوکەوتانەی کە هێندە توانای ناوازەیان هەبوو بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکانی ئیمان و مەبەستەکانی شەریعەت، مرۆڤیان تووشی شۆك دەکرد، ئەوەش سەلمێنەری توانای ئەو ئایینە بوو بۆ بەرجەستەبوون لە ژیانی ڕۆژانەدا و سەلماندی کە توانای گوزارشتی هەیە لە بوونی خۆی لەسەر ئاستی کار و جێبەجێکردندا.

بەبێ ئەوەی خۆمان ماندوو بکەین دەتوانین بڕێکی زۆر بەسەرهاتی مێژوویی بخوێنینەوە سەبارەت بەو هەڵسوکەوتانە، لێرەدا بواری ئەوەمان نییە هەموویان باس بکەین، تەنها چەند نموونەیەکیان پێشکەش دەکەین، کە لەگەڵ بابەتەکەی ئێمەدا گونجاون.

دوای دوو ڕۆژ لە بوونی بە خەلیفە، ئەبوبەکر خەڵکی کۆ کردەوە و وتارێکی پێشکەش کردن، سەرەتا سوپاسی خودای گەورەی کرد و پاشان فەرمووی: "ئەی خەڵکینە، من کەسێکم هاوشێوەی ئێوە، لەوانەیە ئێوە هەمان ئەو کارانەی کە لە توانای پێغەمبەردا بوو لە منیشی داوا بکەن، خودای گەورە لەناو هەموو خەڵکدا موحەممەدی هەڵبژارد و لە تاوان و نەهامەتی پاراستی، منیش کەسێکی شوێنکەوتووم نەك داهێنەر، ئەگەر ڕێکوپێك ڕۆیشتم لە دەسەڵاتدا ئەوا شوێنم بکەون، خۆ ئەگەر خوار ڕۆیشتم، ئەوا ڕێکم بکەنەوە، کاتێك پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) کۆچی دوایی کرد، هیچ کەس مافێکی لەلای نەبوو، لە قامچیلێدانێکەوە بۆ خوارتر، ئاگادار بن من شەیتانێکم لەگەڵدایە و هەندێك جار بەسەرمدا زاڵ دەبێت، ئەگەر بەسەر مندا زاڵ بوو، لێم دوور بکەونەوە، هیچ کاریگەرییم نابێت لەسەر پێست و مووەکانتان، ئێوە بەیانیان و ئێواران دەچن و دەگەڕێنەوە، لە مۆڵەتێکدان کە هیچ زانیارییەکتان دەربارەی نییە، ئەگەر

دەتانەوێت ئەو ماوە و مۆڵەتە بە کردەوەی چاکە بەسەر ببەن، ئـەوا بیکـەن، پەلـە بکەن و سوود لە مۆڵەتەکانتان وەرگرن، پێش ئەوەی دوامۆڵەت ڕێگەتان لێ بگرێت لە کردەوەکانتان، کەسانێك هەبوون کە مۆڵەتی مردنیان لەبیر کرد و کردەوەکانیان دا بە کەسانی تر، ئاگادار بن وەك ئەوان نەبن، کۆشش بکەن و هەوڵ بدەن، خۆتان ڕزگار بکەن، خۆتان ڕزگار بکەن، مردنێکی خێرا بەدواتانەوەیـە، لـە مـردن بترسـن، پەند لە مردنی باوك و کوڕ و براکانتان وەربگرن". [1]

لـە وتـارێکی تـردا ئەبوبـەکر فـەرمووی: "خـودای گـەورە تـەنها ئـەو کارانـە وەردەگرێت کە مەبەستتان لێی تەنها ئەو بێت، کەواتە با کارەکانتان تەنها بۆ خودا بێت، بزانن هـەر کارێـك بـۆ خـودا بکـەن ئـەوا بەندایەتییـەکتان جێبـەجێ کـردووە، باجێکتان داوە، ئەی بەندەکانی خـودا، پەنـد لـە مردووەکانتـان وەربگـرن، بـیر لـە کەسانی پێش خۆتان بکەنەوە، دوێنی لـەکوێ بـوون و ئـەمڕۆ لـەکوێن؟ گـەورەکان کوان؟ ئەوانەی لە گۆڕەپانی جەنگدا دەنگیـان هەڵئـەبڕی و باسـی جـەنگاوەرێتی و قارەمانێتییان دەکـرد، ئێسـتا لـەکوێن؟ کـوان ئـەو پاشـایانەی کـە بەسـەر زەویـدا دەگەڕان و ئاوەدانیان دەکردەوە؟ لە ڕاستییدا هەموویان دوور کەوتنـەوە و ناویـان کـوێر بـووەوە، وەك هیچـی نـەبوویان لێهـات! ئاگـادار بـن، خـودای گـەورە تـەنها ئەنجامەکانی بۆ هێشتنەوە و ئارەزووەکانیان کۆتایی پێ هات، ئەوان لەگـەڵ کـار و کردەوەی خۆیان ڕۆیشـتن و دونیـا بـوو بـە دونیـای کەسـانی تـر و ئێمـەش بووینـە جێنشینی ئەوان، ئێمـەش ئەگـەر پەنـدمان لـێ وەرگـرتن، ڕزگارمـان بـووە، ئەگـەر لەخۆبایی بووین، ئەوا ئێمەش وەکو ئەوانین، ئاگادار بـن خـودای گـەورە هاوبەشـی نییە، تاکە شتێك کە دروستکراوەکانی تووشی خێـر بکـات و خراپـەی لـێ لا بـدات، گوێڕایەڵیی خودا و جێبەجێکردنی فەرمانەکانیەتی". [2]

---

[1] الطبري، تاريخ، ٣/٢٢٣، ٢٢٤.

[2] الطبري، تاريخ، ٣/ ٢٢٤، ٢٢٥.

کاتێکیش ئەبوبەکر هاوڕێ لەگەڵ سوپاکەی ئوسامەدا دەرچوو بە مەبەستی بەڕێکردنیان، خەلیفە بە پێ دەڕۆیشت و ئوسامەیش بە سواری ئەسپ دەڕۆیشت، لەو کاتەدا ئوسامە گوتی: "ئەی خەلیفەی خودا، سوێند بە خودا یان تۆش سوار ئەسپەکە دەبیت یان منیش دادەبەزم!" ئەبوبەکر فەرمووی: "سوێند بە خودا تۆ دانابەزیت و منیش سەر ناکەوم! چی دەبێت ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەم قاچەکانم تۆزاوی بن، هەر مرۆڤێك بچێت بۆ غەزا ئەوا بە هەر هەنگاوێك حەوت سەد چاکەی بۆ دەنووسرێت و حەوت سەد پلەش پێی بەرز دەبێتەوە و حەوت سەد خراپەشی لەسەر لا دەچێت". پاشان ئەبوبەکر داوای لە ئوسامە کرد و گوتی ئەگەر پێت باشە با عومەر لە لای من بمێنێتەوە بۆ هاوکارییم، ئوسامەیش بەگوێی کرد و ئەو کارەی کرد کە خەلیفە داوای کرد، پاشان ئەبوبەکر گوتی: "ئەی خەڵکینە ڕاوەستن، با دە ئامۆژگارییتان بکەم و لە منەوە وەریگرن و لەبەری بکەن: ناپاکی مەکەن، دزی لە دەستکەوتەکان مەکەن، بەڵێنەکان مەشکێنن، لاشەی کوژراوەکان مەشێوێنن، منداڵ و پیر و ژن مەکوژن، دارخورما مەبڕن و مەیسووتێنن، هیچ دارێکی بەردار مەبڕنەوە، مەڕ و مانگا و حوشتر سەر مەبڕن، مەگەر بۆ خواردن و پێویستی خۆتان بێت، کاتێك بە لای کەسانێکدا تێپەڕین کە لە پەرستگاکانیاندا سەرقاڵی پەرستشن وازیان لێ بهێنن با خەریکی پەرستشی خۆیان بن". [1]

پێشەوا تەبەری لە ئەبوبەکرەوە دەیگێڕێتەوە کە گوتوویەتی: "پێم خۆش بوو لەژێر ساباتەکەی بەنی ساعیدەدا ئەو پۆستەم وەرنەگرتایە و بمخستایەتە گەردنی یەکێك لە عومەر و ئەبوعوبەیدە، یەکێکیان ببووایە بە خەلیفە و منیش ببوومایە بە وەزیر". [2]، هەروەها دەگێڕێتەوە و دەڵێت لە پێش ئەوەی ببێتە خەلیفە، ئەبوبەکر بازرگان بوو و ماڵیشی لە ناوچەی سەنح بوو، دواتر گواستیەوە بۆ

---

[1] هەمان سەرچاوە، ٣/٢٢٦، ٢٢٧.

[2] هەمان سەرچاوە، ٣/ ٤٣٠.

مەدینە، کاتێك لە سەنح بوو، ژوورێکی بۆ خۆی لەسەر ماڵەکەی دروست کردبوو لـە گەڵای خورما، هەتا چووە مەدینە تەنها ئەوەی هەبوو و هیچی لێ زیاد نەکرد، پاش ئەوەش کە بەیعـەتی پـێ درا، شـەش مـانگ لـە سـەنح مایـەوە بـە پـێ دەهـات بـۆ مەدینە، هەندێك جاریش بە ئەسپەکەی دەهات، کە دەهاتە مەدینە، پێشـنوێژی بـۆ موسڵمانان دەکرد، کاتێك نوێژی عیشای تەواو دەکرد دەگەڕایەوە بۆ سەنح بـۆ نـاو مـاڵ و منـداڵی، کەسـێکی بازرگـان بـوو، هـەموو ڕۆژێـك دەچـووە بـازاڕ و کـڕین و فرۆشـتنی دەکـرد، پـاش ماوەیـەك بـیری لـە بـارودۆخی خـۆی کـردەوە و گـوتی: بازرگانیکردنی من لە بەرژەوەندی خەڵکدا نییە، دەبێـت خـۆم بـۆ کاروبـاری خـەڵك یەکلا بکەمەوە، پێویستە بەرژەوەندیی ماڵ و منداڵیشم لەبەرچاو بگرم، لەبەر ئەوە وازی لە بازرگانی هێنا و بڕێك پارەیان لە گەنجینەی موسڵمانان بۆ تەرخان کرد کـە بەشی خۆی و ماڵ منداڵی بکات و ڕۆژانە پێی دەدرا، ئەو بـڕەش کـە بـۆی تـەرخان کرا بۆ هەرساڵێك شەش هەزار درهەم بوو، کاتێکیش لـە دواسـاتەکانی ژیانیـدا بـوو گوتی: هەرچی لە لامان ماوە لە ماڵ و سامانی موسوڵمانان هەموویان بۆ بگێڕنەوە، مـن هیچـم لـەو سـامانە ناوێـت، ئـەو زەوییـەش کـە لـە فـلان شـوێنە و بـە پـارەی موسوڵمانان کڕدراوە، بە هـەمان شـێوە بیگێڕنـەوە بـۆ موسـڵمانان، ئـەو زەوییـە و حوشـترەکەی و خزمەتکارەکـەی و بەڕەیـەك کـە بەهاکـەی پێـنج درهـەم نـەدەبوو هـەمووی ڕادەسـتی عومـەری کـوڕی خـەتاب کـرد، پاشـان عومـەر گـوتی بەڕاسـتی ئەبوبەکر کەسانی دوای خۆی ماندوو کرد و ئەرکەکەی قورس کردن". [1]

عومەری کوڕی خەتابیش _خودای لێ ڕازی بێت_ هەر لـە سـەرەتای وەرگرتنـی ئـەرکی جێنشـینی، ئـەو بەرپرسـیارێتییەی کـە ئوممـەت لەسـەر شـانیان دانـابوو، خستیە سەر چاوانی، هەڵوێست و گوفتار و پـەیام و سیاسـەت و وردەکاریی ژیـانی

[1] الطبري، تاريخ، ٣/ ٤٣٢، ٤٣٣.

ڕۆژانەی گوزارشتیان لە هەستی بەرپرسیارێتی دەکرد و بە شێوەیەکی بێوێنە هەوڵی دا وتە و پەیڕەو و شەریعەتی خودا لەگەڵ جووڵەی مێژوودا یەك بخات.

لە ساتەوەختی وەرگرتنی ئەرکی جێنشینیدا عومەر گوتی: "عەرەب وەك حوشترێك وان، شوێن ئەو کەسە دەکەون کە هەوسارەکەیانی بەدەستەوەیە، دەبێت بەشوێن ئەو کەسەدا بڕوات کە لێی دەخورێت، بەڵام من، سوێند بە خودا، عەرەب دەخەمە سەر ڕێی ڕاست". [1]، هەروەها گوتی: "ئەگەر پلەوپایەیەك بە من بدرێت و خەڵك پێی نەگات، سوێند بە خودا من شایستەی ئەو شوێنە نابم هەتا نەبمە پێشەنگی خەڵکی".[2]، هەروەها تەبەری لە خزمەتکارێکی عوسمانی کوڕی عەفانەوە دەیگێڕێتەوە کە گوتوویەتی: "من لەگەڵ عوسمانی کوڕی عەفاندا بووم، لە ڕۆژێکی زۆر گەرم و گڕەدا چووین بۆ گەوڕێك بۆ کۆکردنەوەی زەکات و خێری موسوڵمانان، پیاوێکمان بینی پەشتەماڵێك و عەبایەکی لەبەردا بوو و سەروچاوی بەستبوو، حوشترێکی پێ بوو بەرەو گەوڕی حوشترەکانی دەبرد، عوسمان گوتی: دەبێ ئەوە کێ بێت؟ کاتێك لێی نزیك بووینەوە سەیر دەکەین عومەری کوڕی خەتابە و حوشترێکی هێناوە بۆ خێر، پاشان عوسمان گوتی: سوێند بە خودا ئەوە پیاوە بەهێز و دەستپاکەکەیە".[3]

هەر کاتێك عومەر بیویستایە فەرمانێك بە موسوڵمانان بکات یاخود شتێکیان لێ قەدەغە بکات، ئەوا سەرەتا بە ماڵ و منداڵی خۆی دەستی پێ دەکرد و ئامۆژگاریی دەکردن و دەیترساندن لەوەی سەرپێچیی فەرمانەکانی بکەن و سزاکەشی لەسەر قورستر دەکردن.

---

[1] هەمان سەرچاوە، ٣/ ٤٣٣، ٤/ ٢٠١.

[2] هەمان سەرچاوە، ٤/ ٢٠١.

[3] هەمان سەرچاوە، ٤/ ٢٠١.

کەعبی ئەحبار دەڵێت: "سەردانی دراوسێیەکی عومەرم کرد کە ناوی مالیك بوو، پێم گوت: چۆن دەتوانیت سەردانی خەلیفەی موسڵمانان بکەیت؟ مالیك گوتی: هیچ دەرگا و بەربەستێك نییە، نوێژ دەکات و لە شوێنی خۆیدا دادەنیشێت و هەرکەس بیەوێت گفتوگۆی لەگەڵدا دەکات". [1]

کاتێك عومەر کەسێکی بکردایە بە لێپرسراو لە شوێنێك ڕاسپاردەنامەیەکی بۆ دەنووسی و هاوەڵانی کۆچکردوو و پشتیوانانی دەکردە شاهید بەسەریەوە و مەرجی لەسەر دادەنا کە نابێت سواری بارگیر ببێت و نابێت خواردنی تایبەت بخوات و پۆشاکی نەرم لەبەر بکات و نابێت دەرگای لەبەردەم خەڵکیدا هەبێت.[2]

ئەگەر عومەر پێویستی بە پارە بووایە، دەڕۆیشت لە گەنجینەی موسوڵمانان قەرزی دەکرد، هەندێك جار نەیدەتوانی لە کاتی خۆیدا قەرزەکە بداتەوە، بەرپرسی گەنجینە دەهات و داوای قەرزەکەی لێ دەکردەوە، عومەریش یان ڕاستەوخۆ قەرزەکەی دەدایەوە، یاخود حەواڵەی دەکردە سەر کەسێکی تر،[3] لە بەڕائی کوڕی مەعرورەوە گێڕدراوەتەوە، ڕۆژێك عومەر چووە سەر مینبەر، لە کاتێکدا ئازاری هەبوو، ئامۆژگارییان کرد هەنگوین بخوات، لەو کاتەشدا تەنها قاپێکی بچووك هەنگوین لە گەنجینەی موسڵماناندا هەبوو، عومەر گوتی: "ئەی موسڵمانان ئەگەر ئێوە ڕازیی بن ئەوا وەری دەگرم و دەیخۆم، ئەگەرنا بە من حەرامە". [4]، سائیبی کوڕی یەزید دەڵێت: "گوێم لە عومەری کوڕی خەتاب بوو سێ جار لەسەر یەك سوێندی خوارد و وتی: بەو خودایەی کە تەنها هەر ئەو ڕاستە، هەموو

---

[1] هەمان سەرچاوە، ٤/ ٢٠٢.

[2] هەمان سەرچاوە، ٤/ ٢٠٧، ٢٠٨.

[3] هەمان سەرچاوە، ٤/ ٢٠٨.

[4] هەمان سەرچاوە، ٤/ ٢٠٨.

موسوڵمانان له گه‌نجینه‌ی موسوڵماناندا مافیان هه‌یه‌، هیچ كه‌س مافی زیاتر نییه‌ له‌ كه‌سێكی تر، منیش هه‌ر وه‌كو یه‌كێكم له‌ ئێوه‌". [1]

كـاتێكیش خـه‌ریكی ڕێكخسـتنی لیسـتی هاوكارییـه‌كان بـوون، عومـه‌ر بـه‌ نووسه‌ره‌كه‌ی گوت: "عومه‌ر له‌ شـوێنی خـۆی دابـنێ، هه‌ركـه‌س لـه‌ پێغه‌مبـه‌ره‌وه‌ نزیك بوو، بیكه‌ به‌ یه‌كه‌م كه‌س و به‌و شێوه‌یه‌، له‌و كاته‌دا كوڕانی عه‌ددی هـاتن بـۆ لای عومه‌ر و گوتیان ئه‌ی جێنشینی پێغه‌مبه‌ر، بریا خۆتت له‌و جێگه‌یه‌ دابنایـه‌ كـه‌ موسـوڵمانان دایاننـابوو، واتـه‌ یه‌كـه‌م كـه‌س! عومـه‌ر گـوتی: دووركه‌ونـه‌وه‌، دووركه‌ونه‌وه‌ ئه‌ی كوڕانی عه‌ددی، ده‌تانه‌وێت له‌سه‌ر پشتی من بخـۆن و چـاكه‌كانم بۆ ئێوه‌ بێت! نا سوێند به‌ خودا، هه‌تا به‌ سه‌ره‌ی خۆتان بانگتان نه‌كـه‌ن هیچـتان پـێ نادرێـت، ته‌نانـه‌ت ئه‌گـه‌ر ده‌فته‌ره‌كـه‌تان به‌سـه‌ردا دابخرێـت و ناویشـتان لـه‌ كۆتاییدا بێت". [2]

له‌ وتار و ئامۆژگارییه‌كانیدا، عومه‌ر هه‌میشه‌ وه‌ك ئه‌بوبه‌كر و گشت خه‌لیفه‌كانی تری ڕاشـیدین، كـه‌ لـه‌ دوای ئـه‌و هـاتن، پێوانـه‌ی دونیـای له‌سـه‌ر دواڕۆژ ده‌كـرد و پارێزكاری و له‌خواترسانی لـه‌ سـه‌روو هـه‌موو شـتێكه‌وه‌ داده‌نـا و بـه‌رده‌وام خـۆی له‌گه‌ڵ خه‌ڵكدا به‌یه‌كسانی سه‌یر ده‌كرد، بۆیه‌ یه‌ك ساتیش دواڕۆژی له‌بیر نه‌ده‌كرد، وه‌ك عه‌بدوڵڵای كوڕی زوبه‌یر ده‌ڵێت: "به‌و شێوه‌یه‌ كه‌ شایسته‌یه‌ سوپاسی خودای گه‌وره‌ی كرد، پاشان خودا و ڕۆژی دوایی به‌ بیری خه‌ڵك هێنایـه‌وه‌، پاشـان گـوتی: ئه‌ی خه‌ڵكینه‌، من كراوم به‌ لێپرسراوی ئێوه‌، ئه‌گه‌ر ئه‌وه‌ نه‌بێت وا خۆم ده‌بینم له‌ هه‌مووتان باشتر بم بـۆ خۆتـان و لـه‌ هـه‌مووتان بـه‌هێزتر بم و زانیـارییم زیـاتره‌ بـه‌ كاروباره‌كانتـان، ئـه‌وا ئـه‌و به‌رپرسـیارێتییه‌م وه‌رنـه‌ده‌گرت، هـه‌ر ئه‌وه‌نـده‌ خـه‌م و خه‌فه‌تم هه‌بێت به‌سمه‌ كه‌ چاوه‌ڕوانی ژماردنی مافه‌كانتان بم چۆن وه‌ری ده‌گـرم و

---

[1] هه‌مان سه‌رچاوه‌، ٤/ ٢١١.

[2] هه‌مان سه‌رچاوه‌، ٤/ ٢١٠.

چۆن و لەکوێ دایدەنێم، چۆن لەناوتاندا دەڕۆم و مامەڵە دەکەم! خودا پشتوپەنام بێت، ئەگەر بەزەیی و یارمەتی و پشتیوانیی خودا نەبێت عومەر هیچ متمانەی بە هێز و دەسەڵاتی خۆی نەماوە". [1]

لە وتارێکی تردا عومەر گوتی: "خودا منی کردووەتە لێپرسراوی ئێوە، منیش داوا لە خودا دەکەم هاوکارم بێت لەسەر ئەو کارە و دادگەرم بکات لە پێدانی پشکەکانتان بەو شێوەی کە خۆی فەرمانی پێ کردووە، من کەسێکی موسوڵمان و بەندەیەکی لاوازم، ئەگەر خودا پشتیوانم نەبێت، بە ویستی خودا ئەو پۆستە هیچ لە ڕەفتارم ناگۆڕێت، گەورەیی تەنها بۆ خودایە نەك بۆ بەندەکانی، کەس نەڵێت لەو ڕۆژەوە عومەر بووە بە خەلیفە لە خۆی گۆڕاوە، هەرکەسێك پێویستییەك یاخود گلەییەکی لە ڕەفتاری ئێمە هەیە یان ستەمێکمان لێ کردووە، با ئاگادارمان بکات، من یەکێکم لە ئێوە، لە خودا بترسن بە ئاشکرا و نهێنی و لە سنوورە شەرعییەکان و سەبارەت بە ڕەوشتی ماڵ و منداڵتان". [2]

لە وتارێکی تردا وەك تەبەری دەیگێڕێتەوە، عومەر گوتی: "ئەوەی کۆی دەکەنەوە نایخۆن، ئەوەی هیوای بۆ دەخوازن پێی ناگەن، ئێوە لەم دونیا هەڵخەڵەتێنەرەدا مۆڵەتتان پێ دراوە، ئاگادار بن کە هەندێك چرووکی بەشێکە لە دووڕوویی، ببەخشن بۆ خۆتان باشترە، ئەوانەی خۆیان لە چرووکی دەپارێزن لە دواڕۆژدا سەرفرزا دەبن، ئەی خەڵکینە من پێم خۆشە بەبێ سزا و پاداشت لەم بەرپرسیارێتییە دەر بچم، ئەوەندەی لەناوتاندام بە ویستی خودا دەمەوێت کار بە ڕاستی و دادگەریی بکەم، دەمەوێت کەس نەمێنێت لە موسڵمانان بەشی خۆی لە سامانی موسڵمانان وەر نەگرتبێت، تەنانەت ئەگەر لە ماڵی خۆیشی دانیشتبێت"[3].

---

[1] هەمان سەرچاوە، ٤/ ٢١٤، ٢١٥.

[2] هەمان سەرچاوە، ٤/ ٢١٥.

[3] هەمان سەرچاوە، ٤/ ٢١٥، ٢١٦.

هەمان پێوەر لە وتەکانی عوسمانی کوڕی عەفانیشدا بەدی دەکرێن، تەبەری دەڵێت: لە سەرەتای بوونی بە خەلیفە، عوسمان چووە سەر مینبەر، لە کاتێکدا لە هەموو ئەندامانی دەستەی ڕاوێژکاریی خەمناکتر بوو، لەسەر مینبەر فەرمووی: "ئێوە لەسەر قەڵایەکن پێویستە چۆڵی بکەن و بڕۆن، ئێوە ماوەیەکی تەمەنتان ماوە، بە باشترین کردەوە کە لە تواناتاندا هەیە بەرەو مردن بڕۆن، ئاگادار بن دونیا لەسەر هەڵخەڵەتاندن پێچراوەتەوە، با ژیانی دونیا هەڵتان نەخەڵەتێنێت، با شەیتانی فریودەریش بە بیانووی ئەوەی کە خودا بەبەزەییە فریوتان نەدات، دونیا فڕێ بدەنە ئەو شوێنەی کە خودا فڕێی داوە، بەدوای دواڕۆژدا بچن، خودای گەورە نموونەی بۆ دونیا و دواڕۆژ هێناوەتەوە و دەفەرموێت: ﴿وَاضْرِبْ لَهُمْ مَثَلَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا كَمَاءٍ أَنْزَلْنَاهُ مِنَ السَّمَاءِ فَاخْتَلَطَ بِهِ نَبَاتُ الْأَرْضِ فَأَصْبَحَ هَشِيمًا تَذْرُوهُ الرِّيَاحُ وَكَانَ اللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ مُقْتَدِرًا، الْمَالُ وَالْبَنُونَ زِينَةُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَالْبَاقِيَاتُ الصَّالِحَاتُ خَيْرٌ عِنْدَ رَبِّكَ ثَوَابًا وَخَيْرٌ أَمَلًا﴾ الكهف : ٤٥–٤٦ [1] ، واتە: (نموونەیان بۆ بهێنەرەوە کە ژیانی دنیا وەك ئەو ئاوی بارانە وایە کە لە ئاسمانەوە دەیبارێنین و ڕووەکی زەوی بەهۆیەوە بەیەکدا دێن، لە دوای ماوەیەکی کەم (هەموو ئەو ڕووەك و گژو گیایە) دەبێتە پووش و پەڵاشێکی وردو خاش، ڕەشەبا بەم لاو لادا بڵاوی دەکاتەوە، خوای گەورەش هەمیشەو بەردەوام دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە).

لە دوای ئەوەی بەیعەتی پێ درا لە وتارێکی تردا عوسمان گوتی: "ئەو ئەرکە خرایە ئەستۆم و منیش وەرم گرت، ئاگادار بن من شوێنکەوتووم و داهێنەر نیم، ئاگادار بن دونیا سەوز و جوانە و لای خەڵك ڕازێنراوەتەوە و بەتاموچێژ کراوە،

---

[1] الطبري، تاريخ ٢٤٣/٤.

زۆریش لە خەڵکی دڵیان داوەتێ، تکایە دڵ مەدەن بە دونیا و متمانەی پێ مەکەن، چونکە جێگەی متمانە نییە" [1].

لە کۆتا وتاریشیدا ڕووی کردە ئەو کەسانەی کە چواردەوری ماڵەکەیان گرتبوو و پێی گوتن: "خوای گەورە بۆ ئەوە دونیای پێ داون تا دواڕۆژی پێ مسۆگەر بکەن، لەبەر ئەوە نەیداونەتێ تا دڵتانی بدەنێ، دونیا لەناو دەچێت و دواڕۆژ دەمێنێتەوە، ئەوەی دەمێنێتەوە پێشی بخەن بەسەر ئەوەدا کە لەناو دەچێت". [2]

عەلیی کوڕی ئەبو تاڵیبیش، کە دواهەمین خەلیفەی ڕاشیدین بوو، لەسەر هەمان ڕێباز ڕۆیشت، لە سۆنگەی ئەو ڕێبازەوە دەسەڵاتی دونیا و فریودانەکانی بە لەخواترسان و پارێزکاری و ڕاستی و چەسپاندنی دادگەری لە ژیانی ڕۆژانەدا دەپێوا، هەموو دەزگاکانی دەوڵەتی بۆ جێبەجێکردنی مەبەستەکانی شەریعەت و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئیسلامی بەکار دەهێنا، لە یەکەم وتاریشیدا لە دوای بوونی بە خەلیفە، گوتی: "خوای گەورە کتێبێکی ڕێنیشاندەری دابەزاندووە کە هەرچی چاکە و خراپە هەیە ڕوونی کردووەتەوە، ئێوەش چاکەکان وەربگرن و لە خراپەکانیش دوور بکەونەوە، فەرزەکان جێبەجێ بکەن دەتانگەیەنێت بە بەهەشت، خودای گەورە چەند شتێکی قەدەغە کردووە، کە زۆر ئاشکران، لە هەموو قەدەغەکراوەکان قەدەغەتریش ئەوەیە سنووری برایەتیی موسوڵمانان بشکێندرێت، خودای گەورە بە دڵسۆزی و یەکتاپەرستی موسوڵمانانی بەهێز کردووە، موسوڵمان ئەو کەسەیە کە خەڵك لە دەست و زمانی پارێزراو بن، مەگەر بە مافی خۆی نەبێت، دروست نییە هیچ موسوڵمانێك ئازار بدرێت مەگەر شایستە بێت، پەلە بکەن بۆ جێبەجێکردنی کاروباری گشتی، ئەوەی تایبەتە بە یەکبەیەکتان مردنە، خەڵك لەپێشتانەوەیە، دواڕۆژیش لە دواتانەوەیە، هەرچەند لەسەرخۆش بڕۆن هەر پێی

---

[1] هەمان سەرچاوە، ٤/ ٤٢٢.

[2] هەمان سەرچاوە، ٤/ ٤٢٢.

دەگەن، هەمووان چاوەڕوانی دواکەسن تا بگەن بە دواڕۆژ، ئەی بەندەکانی خودا سەبارەت بە بەندەکانی تری خودا و وڵات لە خودا بترسن، ئێوە لە دەشت و دەر و مەڕومالاتیش بەرپرسن، گوێڕایەڵیی خودای گەورە بن و سەرپێچیی فەرمانەکانی مەکەن، ئەگەر چاکەتان بینی وەری بگرن و ئەگەر خراپەشتان بینی لێی دوور بکەونەوە، ﴿وَاذْكُرُوا إِذْ أَنْتُمْ قَلِيلٌ مُسْتَضْعَفُونَ فِي الْأَرْضِ﴾ الأنفال : ٢٦، واتە: (یادی ئەوکاتە بکەنەوە کە ئێوە زۆر کەم و لاوازکراوو بێ هێزبوون لەزەویدا)". [١]

سەبارەت بە ماڵ و سامانی گشتییش، عەلی هەمان هەڵوێستی پێشینەکانی خۆی هەبوو، تەبەری لە ئەبو ڕافیعەوە دەیگێڕێتەوە کە خەزنەداری عەلی بوو لە گەنجینەی موسوڵمانان، دەڵێت: "ڕۆژێك عەلی هاتە ژوورەوە، بینیی کچەکەی خۆی ڕازاندووەتەوە، بینیی مروارییەکی گەنجینەی موسوڵمانانی لە ملدایە، عەلی گوتی: ئەو مرواریی لەکوێ هێناوە؟ دەبێت دەستی ببڕم، ئەبو ڕافیع دەڵێت کاتێك بینیم عەلی بەڕاستی تووڕەیە، گوتم: ئەی خەلیفەی موسوڵمانان سوێند بە خودا من بەو مروارییە برازاکەی خۆم ڕازاندووەتەوە، ئەگەر من پێم نەدابێت ئەو لەکوێوە دەتوانێت بەدەستی بهێنێت؟ پاشان بێدەنگ بوو". [٢]

لە حەسەنی کوڕی عەلییەوە گێڕدراوەتەوە دەڵێت: "کاتێك باوکم کوژرا، هیچ زێڕ و زیوێکی بۆ بەجێ نەهێشتین، تەنها هەشت سەد یان حەوت سەد سکە نەبێت، ئەویشی دانابوو بۆ خزمەتکارەکەی". [٣]

---

[١] الطبري، تاريخ، ٤١/٥.

[٢] هەمان سەرچاوە، ٥/ ١٥٦.

[٣] هەمان سەرچاوە، ٥/ ١٥٧.

**٤ـ ئاشووبە گەورەکە :**

لە کۆتا ساڵەکانی دەسەڵاتی سێهەم سەرۆکی خیلافەتی ڕاشیدین، کە عوسمانی کوڕی عەفان بوو، ئاشووبێکی گەورە ڕووی دا، کە سەرەنجام بە کوژرانی خەلیفە کۆتایی پێ هات، پەرتبوونێکی لە ڕیزی موسڵمانان دروست کرد، کە بەگشتی موسڵمانانی تووشی غەم و پەژارە کرد، ئەو ئاشووبە لەدایکبووی کاتێکی دیاریکراو نەبوو، بەتەنها سیاسەتە کارگێڕی و ئابوورییەکانی عوسمان هۆکار نەبوون بۆ دروستبوونی ئەو ئاشووبە، هەر وەك کۆمەڵێك لە مێژوونووسان باوەڕیان وایە، هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کە هەندێك لە خەڵکی سەرکۆنەی سیاسەتەکانی عوسمان بکەن و پێیان وا بێت کە هەموو ئەنجامە خراپەکانی ئەو ئاشووبە لەو سیاسەتانەوە سەرچاوەیان گرتووە، لە ڕاستیدا چەند تەوژمێکی ئاڵۆز کە درێژکراوەی سەردەمەکانی پێشوو بوون، هۆکار بوون بۆ ئەو ئاشووبە، لێرەدا دەتوانین لە ڕوانگەی تێڕوانینی گشتگیرانەوە ئەو تەوژمانە بخەینە ڕوو کە هۆکار بوون بۆ دروستبوونی ئەو ئاشووبە:

**یەکەم**: دەمارگیریی خێڵەکی یەکێك بوو لە هۆکارەکان، ڕاستە ئیسلام زۆر بەتوندی ڕووبەڕووی دەمارگیریی بۆوە، بەڵام هەتا ئەو کاتە بەتەواوەتی بەسەریدا زاڵ نەبووبوو، دەبێت هەوڵی بیست یان سی ساڵ بەرامبەر چەند دابونەریتێك کە تەمەنیان بیست یان سی سەدە دەبوو چ ئەنجامێکی هەبێت، عەرەبەکان لە پێش موسوڵمانبوونیان ئالوودەی ژیانێك بووبوون کە لەسەر بنەمای خێڵایەتی هەموو جۆرە یەکبوونێکی سیاسی و ملکەچبوونێکیان بۆ دەسەڵاتی ناوەندی ڕەتدەکردەوە، لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و گشتییەکانیاندا جۆرە ئازادییەکی خراپیان پیادە دەکرد، بە شێوەیەك وازیان لە هەموو بەها و پابەندبوونێکی ڕەفتاری هێنابوو، خۆیان لەو یاسا و دەستوورانە بەدوور دەگرت کە کاروباری ژیانی بۆ ڕێك دەخستن، زۆرێك لەو عەرەبە خێڵەکییانەی کە باوەڕیان بە پێغەمبەر

نــەهێنابوو، خۆیــان لــە ڕیــزی دووڕووەکانــدا بینییــەوە، لــە دوای کۆچــی دوایــی پێغەمبــەریش چــوونە ڕیــزی جوداخوازەکانــەوە، کاتێــك لــە چوارچــێوەی ئیســلامدا ڕێگــای هێنانــەدیی خواســتە خێڵەکییــەکانیان لــێ گــیرا ئــەم جارەیــان گەڕانــەوە و شۆڕشێکیان لە دژی عوسمان بەرپا کرد، هەتا لەو ڕێگەیەوە لە دەسەڵاتی ناوەندی بدەن و ئەو یەکڕیزییەی کە پێشینەکان بـە ئارەقـە و خوێنیـان دروسـتیان کردبـوو تێکی بدەن، زۆرێك لە عەرەبەکانی ناوچەکە لەو ڕووداوەدا بەشدارییان کـرد، تـەنها بە سەیرکردنی لیستی ناوی سەرکردەکانی ئەو ئاشووبە قەبارەی بەشـداریی کـارای سەرۆك خێڵەکانی عەرەبت بـۆ دەر دەکـەوێت لـەو ئاشـووبەدا، زۆرینەشـیان لەوانـە بوون کە لـە ڕۆژانـی سـەختی ئیسـلامەتی و ئـێش و ئـازاردا هـیچ ناوێکیـان نـەبوو، عوسمان ئاشووبگێڕەکانی ناو خێڵە عەرەبەکانی بە چەند ڕستەیەکی پڕ واتا ناوزەد کردن و گوتی ئەوانە: "وەکو نەعامە وان، هەموویان لاسایی ئەو دانەیان دەکەنـەوە کـە یەکـەم جـار دەقیرێـنێ". هــەروەها گــوتی: "بــەڵای ئــەم ئوممەتــە کۆمــەڵێك تانەوتەشــەردەرن، ئــەوەتان دەخەنــە بەرچــاو کــە پێیــان خۆشــە و ئــەوەی پێیــان ناخۆشە لێتان دەشارنەوە، خۆشەویستترین سەرچاوەی ژیانیان حوشترە، هەمیشە لە ئاوی لێڵدان، هیچ ڕێنیشاندەرێکیان نییە و کاروبار ماندووی کردوون". [1]

پێشەوا عەلی دەفەرموێت: "خوای گەورە ئەم ئوممەتەی بەهرەمەند کرد بەوەی کە لەسەر دەستی هەرسێك خەلیفە ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان کردنی بە کۆمەڵ، هەتا ئەو ئاشـووبە ڕووی دا کـە کۆمـەڵێك دونیاویسـت بـۆ ئـەم ئوممەتـەیان هێنـا و مەبەستیان ئەوە بوو کە ئیسلام بەرەو دواوە بگێڕنەوە". [2]

**دووەم:** تــەوژمی گۆڕانکارییــە کۆمەڵایەتییــەکان کــە فتوحــات دروســتی کــرد و بەهۆیەوە شوێنکەوتوانی ئوممەتی ئیسلامی سامانێکی بێشوماریان دەسـت کـەوت،

---

[1] الطبري، تاريخ، ٣٣٨/٤.

[2] هەمان سەرچاوە، ٤/ ٤٩٣.

ئەمە جگە لەوەی دەوڵەتی ئیسلامییش کە دواجار بڕیاری دا سیستمی بەخشیش پیادە بکات، ئەوەش ئەزموونێکی پێشەنگ بوو لە ئەزموونەکانی دادگەریی کۆمەڵایەتی و دابەشکردنی دادگەرانەی داهات، لە دوای ئەوە زۆرێك لەو کەسانەی کە سامانێکیان دەست دەکەوت بەفیڕۆیان دەدا و پاشەکەوتیان نەدەکرد، لە کاتێکدا کۆمەڵێکیان پارەکەیان دەخستە پرۆژەوە و کاری وەبەرهێنانیان دەکرد و پارەکەیان زیادی دەکرد، ئەمەش وای کرد لە ڕووی ساماندارییەوە جیاوازی دروست ببێت، هەر ئەوەش بوو سەری کێشا بۆ ئەوەی کە ئەبو زەڕی غەفاری ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بکات، کە ئامانجیان ئەوە بوو ساماندارەکان لە سامانەکەیان دابماڵرێنرێن هەتا هەموو خەڵك یەکسان بن لە سامانداریدا.

تێڕوانینی جیاواز هەیە بۆ بزووتنەوەکەی ئەبو زەڕ، ئێمە لێرەدا ئاماژە بەو تێڕوانینانە ناکەین، چونکە دەمانباتە ناو چەند ڕەهەندێکی فیقهییەوە، ئەوەی لێرەدا گرنگە بەلامانەوە هەندێك لە مێژوونووسە کۆنەکان لە پەنای ئەو بزووتنەوەیەدا تانە لە عوسمان دەدەن، دوای ئەوانیش مێژوونووسە تازەکانیش هاتن و جیاوازییەکەیان فراوانتر کرد و چەندین ڕیوایەتی هەڵبەستراویان بەبێ لێکۆڵینەوە لە سەردەمی عەباسییەوە گواستەوە، لە لایەکەوە عوسمانیان وەك دەرەبەگێك وێنا کرد، کە سامانەکەی هەژمار ناکرێت، لە لایەکی تریشەوە بە شێوەیەك وێنای پەیوەندیی نێوان عوسمان و ئەبوزەڕیان کرد وەك ئەوەی دوو دوژمنی سەرسەختی یەکتر بووبن، بەگوێرەی ئەوان عوسمان ئەبو زەڕی زۆر ئازار دا و داواجاریش دووری خستەوە بۆ ناوچەی ڕەبزە لە قوڵایی بیاباندا، بەڵام کاتێك لە کۆی ڕووداوەکانی مێژوو ورد دەبینەوە، کۆمەڵێك ڕیوایەتی تر دەبینین تەواو پێچەوانەن لەگەڵ ئەو بانگەشانەدا، عوسمان لە کۆتایی ژیانیدا تەنها دوو وڵاخی هەبوو، هەر وەکو بۆ خۆشی لەبەردەم کۆمەڵێکی زۆر لە خەڵکی مەدینەدا ڕایگەیاند

و کەسیش نکوڵیی لیّ نەکرد[1]، هەروەها لەناو مزگەوتی مەدینەدا بینراوە کە لەسەر چەو و بەرد خەوتووە و دوای هەستانی شوێنەواری بەرد و چەوەکە بە لاشەیەوە بووە، خەڵکیش دەیانگوت: ئەوە عوسمانی کوڕی عەفانە، ئەوە گەورەی موسڵمانانە! یەکێك لە شاهیدحاڵەکان دەڵێت: من خۆم عوسمانی کوڕی عەفانم بینی لە مەدینە وتاری دەدا، لەو کاتەدا بەرگێکی لەبەر بوو کە پینەی پێوە بوو، نرخەکەی تەنها چوار درهەم بوو، حەسەنی بەصرییش دەڵێت: "عوسمان نانی پاشاکانی دەدا بە خەڵك و خۆشی ڕۆن و سرکەی دەخوارد". لە یەکەم وتاریشیدا دوای ئەوەی بوو بە خەلیفە، عوسمان گوتی: "ئاگادار بن! دونیا سەوز و ڕازاوەیە و لەلای خەڵك جوان کراوە، زۆر کەسیش دڵیان پیّ داوە، تکایە دڵتان مەدەن بە دونیا و متمانەی پیّ مەکەن، بزانن دونیا دەستبەرداری کەسێك نابێت کە دەستبەرداری نەبێت".[2]

سەبارەت بە پەیوەندیی عوسمانیش لەگەڵ ئەبو زەڕدا، تەنها چەند نموونەیەك بۆ دەمکوتکردنی مێژوونووسە هاوچەرخەکان باس دەکەین، لە مێژووی تەبەریدا هاتووە: "عوسمان نامەیەکی نووسی بۆ موعاویە و فەرمانی پیّ کرد کە ئەبو زەڕ بنێرێت بۆ مەدینە و چاوساغێکی لەگەڵدا بنێرێت و لەگەڵیشیدا بەباشی بجووڵێتەوە”. هەروەها هاتووە: "ئیبن مەسعود دەڵێت: هاتینە مەدینە و هەواڵی کۆچی دوایی ئەبو زەڕمان بە عوسمان دا، ئەویش گوتی: خودای گەورە بەزەیی بە ئەبوزەڕدا بێتەوە، سەبارەت بە چوونیشی بۆ ڕەبزە لێی خۆش بێت، پاشان عوسمان ڕێی ڕەبزەی گرتە بەر و ماڵ و منداڵەکەی خۆی برد بۆ لای ماڵ و منداڵی ئەبو زەڕ”. [3] هەروەها دەڵێت: "کاتێك ئەبوزەڕ ڕووی کردە ڕەبزە، عوسمان

---

[1] الطبري، تاريخ،٤/ ٣٤٧.

[2] هەمان سەرچاوە، ٤/ ٤٢٢.

[3] هەمان سەرچاوە، ٤/ ٣٠٩.

ڕانەمەڕێك و چەند حوشترێكی بۆ نارد و كەسێكیشی نارد بۆ لای و پێی گوت جار جارە وەرەوە بۆ مەدینە با نەبیتە كەسێكی دەشتەكی". ئیبن ئەبی بەكر لە كتێبی (*التمهید والبیان*)دا دەڵێت: "ڕۆیشتنی ئەبو زەڕ دوورخستنەوە نەبوو، بەڵكو عوسمان سەرپشكی كرد و ئەویش ڕەبزەی هەڵبژارد". ڕەبزەش شوێنێكی دابڕاو و گۆشەگیر نەبووە و ئاو و داری زۆری لێ بووە، كەواتە ئەو كارە سڕكردنی چالاكییەكانی ئەبوزەڕ بووە نەك دوورخستنەوەی.[1]

**سێهەم**: تەوژمی جوولەكەش ڕۆڵیان هەبوو لەو ئاشووبەدا، ئەگەرچی مێژوونووسە هاوچەرخەكان پێیان وایە جولەكەكان لەو ئاشووبەدا ڕۆڵیان نەبووە، بە بەڵگەی ئەوەی كە تاكە كەسێك ناوی هاتبێت لە سەرچاوە مێژووییە كۆنەكاندا عەبدوڵڵای كوڕی سەبەئە، ئەوان دەڵێن ناكرێت تاكە كەسێك ئەو ڕۆڵە گرنگە بگێڕێت كە لەو سەردەمەدا ڕووی دا، لەبەر ئەوە ئەو بۆچوونە لە ئەفسانەوە نزیكە، ئێمە لەگەڵ ئەوەدا كە بۆچوونی مێژوونووسە هاوچەرخەكان ڕەت دەكەینەوە، لە هەمان كاتیشدا بۆچوونی مێژوونووسە كۆنەكان ناسەلمێنین كە ڕۆڵی جوولەكەیان لە ئاشووبگێڕانەكەدا لە یەك كەسدا كورت كردۆتەوە، بەبێ ئەوەی بیریان لەوە كردبێتەوە كە دەكرێت عەبدوڵڵای كوڕی سەبەء نوێنەرایەتیی دیاردەیەكی مێژوویی ترسناكی كردبێت، ئەویش ئەو لێشاوە جوولەكانە بوون كە بەئاشكرا موسوڵمانبوونی خۆیان ڕاگەیاند و ناوی ئیسلامیشیان لە خۆیان نا، لە پەنای ئەو ناوانەشدا دەستیان كرد بە تێكدانی كۆمەڵگای ئیسلامی لە ناوخۆدا و هاوكار بوون بۆ لێكهەڵوەشاندنی ئەو كۆمەڵگایە، كەواتە دەكرێت دەیان و بەڵكو سەدان عەبدوڵڵای كوڕی سەبەء هەبووبن، كە ڕۆڵیان هەبووە لەو ئاشووبەدا، بەبێ ئەوەی ڕووی ڕاستەقینەیان دەر خستبێت.

---

[1] بڕوانە: عبدالرحمن بن خلدون، تاریخ ابن خلدون المسمّى (العبر ودیوان المبتدأ والخبر....) طبعة بولاق، ١٢٨٤هـ، ٢/ ١٣٩.

عەبدوڵڵای کوڕی سەبەء ویستی شان دابدات و فوو بە ئاگری ئاشووبەکەدا بکات، عەبدوڵڵا پشتگیریی لە عەلی کرد بۆ بوون بە خەلیفە، بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئیسلامیدا پێشنیاری تیۆری ڕاسپاردەی پیرۆزی کرد، کە لە بنەڕەتدا لە جوولەکەکان وەرگیراوە، عەبدوڵڵا گوتی: "پێشتر هەزار پێغەمبەر هەبوون، هەر پێغەمبەرێکیش کەسێکی بۆ دوای خۆی ڕاسپاردووە، ڕاسپێردراوی موحەممەدیش عەلییە". هەروەها وتیشی: "موحەممەد کۆتایی پێغەمبەرانە و عەلییش کۆتای ڕاسپێردراوانە". دەشڵێت: "عوسمان بە ناڕەوا خیلافەتی وەرگرت، لە کاتێکدا کە عەلی هەبوو و ڕاسپێرداوی پێغەمبەر بوو، ئەی خەڵکینە ڕاپەڕن و وا نیشانی بدەن کە فەرمان بە چاکە و بەرگریی لە خراپە دەکەن، بەم کارەتان دڵی خەڵك بۆ لای خۆتان ڕادەکێشن". (1)

لە ئەنجامی ئەو هەوڵانە و دوای ماوەیەکی کەم تاقمێك دروست بوون بە ناوی سەبەئییەکان، ئایا دەکرێت تاقمێکی لەو شێوەیە لە هیچی نەبووەوە دروست بێت؟

**چوارەم:** هۆکاری کارگێڕی، دەگوترێت عوسمان هەڵەیەکی گەورەی کرد بە هێنانەپێشەوەی خزمەکانی و دابەشکردنی پۆستە باڵاکانی دەوڵەت بەسەریاندا، تا ڕادەیەك ئەم قسەیە ڕاستە، بەڵام کاتێك لیستی ئەو ناوانە دەخوێنیتەوە کە لە ڕووداوەکانی ساڵی (٣٥ك) پۆستی کارگێڕییان هەبووە و تەبەری باسیان دەکات، دەبینین لە نزیکەی (٣٠) کەس تەنها (٦) کەسیان خزمی عوسمان بوون و (٢٥) کەسیان هیچ پەیوەندییەکی خزمایەتییان لەگەڵیدا نەبوو.(2)

هەرچۆنێك بێت لە سیاسەتکردندا عوسمان زیاد لە پێویست نەرمونیان بوو و چاوپۆشی دەکرد، ئەمەش دەرگای کردەوە بۆ ڕێبەرانی ئاشووبگێڕەکان بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانیان، تەنانەت عوسمان خۆیشی دەیگوت: "ئێوە لە

---

[1] محب الدين الخطيب، حملة رسالة الإسلام الأولون، مكتبة الصديق، الموصل، ١٩٧٣م، ص٢٢.

[2] الطبري، تاريخ ٤/ ٤٢١، ٤٢٢.

سەردەمی عومەریشدا ئامادەسازیتان کرد بۆ ئەو ئاشووبە، بەڵام عومەر خستنیە ژێر پێیەکانی و بە دەستەکانی لێی دان و بە زمانی سەرکوتی کردن، سەرەنجام پێتان خۆش بێت یان نا ملکەچ بوون، بەڵام من نەرمیم نواند و لە باوەشم گرتن و دەست و زمانم لێ پاراستن، ئێوەش بەرامبەر من بوێر بوون، سوێند بە خودا کەمتەرخەم نەبووم بۆ گەیشتن بەو شتانەی کە عومەر پێی گەیشتووە، بەڵام ئێوە لە فەرمانی ئەو دەر نەدەچوون"[1]. سالم لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەری باوکیەوە دەیگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: "لەسەر هەندێك شت سەرزەنشتی عوسمانیان دەکرد، ئەگەر عومەر بیکردایە سەرزەنشتیان نەدەکرد". [2]

تەنانەت لە کۆتا ساتەکانی ژیانیدا و لەو کاتەدا کە خەڵکە تووڕەکە گەمارۆی سەر ماڵەکەیان توند کردبوو، عوسمان بەکارهێنانی توندوتیژی بۆ شکاندنی گەمارۆکە ڕەت کردەوە، کاتێکیش سەرکردەی کۆچکردووەکان و پشتیوانەکان داوایان لێ کرد مۆڵەتیان بدات تا بە چەك خێڵەکییەکان لە مەدینە دەر بکەن و کۆتایی بە ئاشووبەکە بهێنن ئەوەشی ڕەت کردەوە، ئەو سەرکردانەش کە ئەو داوایەیان لێ کرد بریتی بوون لە: موغیرەی کوڕی شوعبە و زەیدی کوڕی سابیتی ئەنساری و ئەبو هورەیرە و حەسەن و حوسەین و عەبدوڵڵای کوڕی عومەر و عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیری کوڕی عەوام و بەنی عەوفی ئەنساری، عوسمان لە وەڵامی ئەو سەرکردانەدا وتی: "گەورەترین پیاوتان لەلای من ئەو کەسەتانە کە دەستی لە بەکارهێنانی چەك دەپارێزێت".

"بەخودا داواتان لێ دەکەم و بۆ خاتری خودا با بە هۆی منەوە یەك دڵۆپ خوێن نەڕژێت". "هەرکەس گوێڕایەڵی منی لە گەردندایە با نەجەنگێت". "ئایا پێتان خۆشە هەموو خەڵك بکوژن لە کاتێکدا من یەکێکم لە ئەوان؟ ئەگەر ئێوە

---

[1] هەمان سەرچاوە، ٤/ ٣٣٨، ٣٣٩.

[2] ابن العربي، العواصم، هامش١، ص٥٣، ٥٤.

کەسێك بکوژن وەکو ئەوە وایە هەموو خەڵکتان کوشتبێت". عوسمـان ئامـادە بـوو لەپێناو یەکێك لەم دوو چارەسەرە بکوژرێت: لەسەر ئەوەی کە ڕێگر بێت لـە ڕژانـی خوێنی موسڵمانان، یان بەئاسانی سازشکردن لە خیلافەت بـۆ ئـەوەی ئـەو پۆسـتە ڕێز و شکۆی نەشکێت[1].

دوای ئەوەی لە کۆتایی ساڵی (٣٥ك) عوسمان بەو شـێوە کارەسـاتبارە کـوژرا، دەبێـت چـاوەڕوانی پەرچـەکرداری تونـد بـین، کـە ئاسـان نییـە لێـرەدا هـەموو ڕەهەندەکانی دیاری بکەین، لەگەڵ ئەوەشدا کە بەدڵیشی نەبوو، بەڵام پێشەوا عەلی بەناچاری پۆستی خیلافەتی وەرگرت، وەك بەرپرسیاریەتی هـەڵگرتنێك بـۆ ڕێگـرتن لە فراوانبوونی سەرپێچییەکان، زۆرینەی ئەوانەش کە لە کوشتنی عوسماندا بـوون، بەناچـاری چـوونە نـاو ڕیزەکـانی عەلییـەوە، لـە بەرامبـەردا کۆمـەڵێك لـە هاوەڵـە گەورەکان کە بریتی بوون لە: تەڵحەی کوڕی عوبەیدوڵڵا و زوبـەیری کـوڕی عـەوام و عائیشە و زۆرێك لە موسڵمانانیش داوایان کرد بە زووترین کات بکوژەکانی عوسمـان دەسـتگیر بکـرێن و تۆڵـەی دادگەرانـەیان لـێ بکرێتـەوە، ئـەو جوڵەیەشـیان بـۆ کودەتاکردن نەبوو بەسەر خیلافەتی عەلیدا و لە بەیعەتەکەیان پەشیمان نـەبوون و داوای خیلافەتیان نەدەکرد، وەك هەندێك لـە مێژوونووسـان دەیڵـێن، کتـێبی (*فـتح الباری*) کە دانراوی ئیبن حەجەری عەسقەلانییە، ئـەویش لـە (*أخبـار البصـرة*) کـە دانراوی عومەری کوڕی شەیبەیە، لـە چـەندین بەڵگەنامـەی تـرەوە دەیگێڕێتـەوە و دەڵێت: "هیچ کەس بەو شـێوەیە نەیگێڕاوەتـەوە کـە عائیشـە و ئەوانـەی لەگەڵیـدا بوون لەسەر خیلافەت کێشەیان لەگەڵ عەلیدا هەبووبێت، بانگەشەشـیان بـۆ کـەس نەکردووە تا بیکەن بە خەلیفە، تەنها گلەیی ئەوەیان لە عەلی هەبوو کە بکوژەکـانی عوسمانی نەدەکوشتەوە و تۆڵەی لێ نەدەکردنەوە، عەلییش چاوەڕوانی کەسوکاری

---

[1] الطبري، تاريخ، ٥/ ١٠١، ١٢٩. وأحمد بن يحيى البلاذري، أنساب الأشراف ٥/ ٧٣ و ابن العربي، العواصم، هامش ١، ٢، ص١٣٣، ١٣٤.

عوسمـان بـوو تـا سـكالآى لـەلا تۆمـار بكـەن و ئـەويش لێكۆڵينـەوە بكـات، ئەگـەر سەلماندیان کەسێك لە کوشتنیدا بەشداریی کردووە ئەوا تۆڵەی لـێ دەکاتـەوە، بـە هـۆی ئـەوەوە بـوو جيـاوازيی كەوتـە نێوانيانـەوە، بكوژەكـانى عوسمـانيش ترسـى ئـەوەيان هـەبوو ئـەو دوو لايەنـە ڕێـك بكـەون لەسـەر كوشـتنەوەيان، لەبـەر ئـەوە جەنگێكيان لە نێوان عەلی و عائیشەدا هەڵگیرساند و ئەوە ڕووی دا کە ڕووی دا". [1]

لێرەدا جارێکی تر عەبدوڵڵای کوڕی سەبەء دەرکەوتەوە و سەرۆك خێڵەکانی کۆ کردەوە بۆ تاوتوێکردنی بارودۆخەکە و هەڵوێستوەرگرتن پێش ئەوەی بارودۆخەکـە ئارام ببێتەوە و بکوژەکان ڕووبەڕووی تۆڵە بکرێنەوە، بەتایبەتی کـە بينييـان عـەلی هـەوڵی ئـەوە دەدات جيايـان بكاتـەوە، وەك ئامادەكارييـەك بـۆ دادگاييكردنيـان، لەدوای گفتوگۆیەکی دوورودرێژ، عەبدوڵڵا بۆچوونی خۆی دەربڕی و گوتی: "شکۆ و سەربەرزیی ئێوە لەوەدایە تێکەڵ بە خەڵکی ببن، کاتێك سبەینێ خەڵك کۆ دەبنەوە ئێوە شەڕێك هەڵگیرسێنن و نەهێڵن دەسـتبەتاڵ بـن بـۆ بیرکردنـەوە، مەگـەر ئێـوە لەگەڵ عەلی نین، ئەو ناچارە پارێزگاریتان لێ بکات، چـونکە ئێـوە لـە سـەربازگەی ئەودان، بەو شێوەیە خودا عەلی و تەڵحە و زوبەیر و ئەوانەش کـە وەکـو ئـەوان بـیر دەکەنەوە سەرقاڵ دەکات و نایانپەرژێتە سەر ئەوەی کە ئێوە پێتان ناخۆشە". [2]

لە ئێوارەی هەمان ڕۆژدا و کاتێك هەردوولا خۆیان ئامادە دەکرد بـۆ ڕێککـەوتن، لەپڕ جەنگێك بە ناوی جەنگی جەمەل هەڵگیرسا و بە سەرکەوتنی عەلی کۆتایی پـێ هات و کۆمەڵێکی زۆریش لە هەردوولا کوژران و بریندار بوون، کە لە ناویاندا تەڵحە و زوبەیر هەبوون، عائیشەش لەناو ئاپۆڕای جەماوەری و لەژێر چاودێری و پارێزگـاری عەلیدا هێنرایەوە بۆ مەدینە، بەڵام موعاویە کە گەورەی بەنی ئوممەیە بوو لە شام و یەکێك بوو لە خزمەکانی عوسمان، نەیتوانی لـە بەرامبـەر ئـەو ڕووداوانـەدا بێـدەنگ

---

[1] ابن العربي، العواصم، هامش١، ص١٤٦، وهامش ١، ص١٥٨.

[2] الطبري، تاريخ، ٤/ ١٩٤.

بێت، بەتایبەت دوای ئەوەی نامەیەکی لە عەلییەوە پێ گەیشت و داوای لێ کرد پێویستە گوێڕایەڵی بێت، ئەویش لە دوای ڕاوێژێکی دوورودرێژ لەگەڵ هاوەڵەکانی، بڕیاری دا وەڵامی داواکەی عەلی نەداوەتەوە و گوێڕایەڵی نەبێت، چەکی هەڵگرت و ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ عەلیدا ڕاگەیاند و داوای کرد کە بکوژەکانی عوسمانی ڕادەست بکات، بەو پێودانگەی کە ئەو خزمی عوسمانە، هەست و سۆزی خەڵکی شامیشی جووڵاند بەوەی کە گوتی کراسە خوێناوییەکەی عوسمان و پەنجە بڕاوەکانی نائیلەی خێزانی دۆزیوەتەوە، لەبەر ئەوەی موعاویە بۆ ماوەی دوو دەیە سیاسەتێکی باشی لە شامدا پەیڕەو کردبوو، توانیبووی دڵی خەڵکەکەی بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و دڵسۆزییان بەدەست بهێنێت، لێرەدا دەبێت چاوەڕوانی جۆرێك لە هاوسەنگی نێوان ئەو دوو هێزە بکەین، دەبێت پێشبینیی ئەوە بکەین ململانێکان درێژە بکێشن و ئاڵۆزتر بن.

گفتوگۆکانی نێوان هەردوولا شکستیان هێنا، سەرەنجام بەرەوڕووی ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی ڕۆیشتن لە صەفین لەسەر ڕووباری فورات و لە سەرەتای ساڵی (٣٧ك)دا، لە دوای ئەوەی تەرازووی هێز بە لای عەلیدا شکایەوە لە ڕووبەڕووبوونەوەکاندا، عەمری کوڕی عاص پێشنیاری کرد بۆ موعاویە تا قورئان بە ڕووی سوپاکەی عەلیدا بەرز بکاتەوە وەك ئاماژەیەك بۆ ئەوەی کە با قورئان ببێتە دادوەر لە نێوانماندا، دوای گفتوگۆکردن لەگەڵ هاوەڵانیدا دواجار عەلی بڕیاریدا بە دادوەری قورئان ڕازی بێت، بڕیاریان دا کە نوێنەری هەردوولا لە ڕەمەزانی هەمان ساڵدا و لە ناوچەی ئەزرح لە عێراق کۆ ببنەوە بۆ گفتوگۆکردن سەبارەت بە گشت لایەنەکانی ململانێکان و گەیشتن بە بڕیاری کۆتایی لەبارەیانەوە.

ئەوەی کە هەندێك لە مێژوونووسە کۆنەکانی سەردەمی عەباسی باسیان کردووە و مێژوونووسە هاوچەرخەکانیش دووبارەی دەکەنەوە کە گوایە عەمری کوڕی عاص کە نوێنەری موعاویە بوو فێڵی لە ئەبو موسای ئەشعەریی نوێنەری عەلی کردووە و

له ئەنجامی ئەو فێڵەشدا بڕیار درا بە لادانی عەلی و دانانی موعاویە بـە خەلیفـە، لـە ڕاستیدا ئەو هەواڵانە دوورن لە ڕاستییەوە، چونکە هەتا ئەو ساتە موعاویە بەتەمای خیلافەت نـەبوو، تـەنها دەیویسـت وەك مـافێکی خزمایـەتی بکوژەکـانی عوسمـانی ڕادەست بکرێن، یاخود تۆڵەی شـەرعییان لـێ بکرێتـەوە، بـەڵام بابـەتی داواکردنـی خیلافەت دواتـر هاتـە پێشـەوە، لـە دوای ئـەوەی ڕیزەکـانی سـوپای عـەلی تووشـی پەرتوبڵاوی و لاوازی بوو، هەردووك هـاوەڵ ئـەبو موسـا و عـەمر لەسـەر ئـەوە ڕێـك کەوتن کە بابەتی خیلافەت بدەنە دەست ئەو هاوەڵە گەورانەی کە تا ئـەو کاتـە لـە ژیاندا مابوون، لەو کاتەشدا ئەو بابەتە هیچ پەیوەندییـەکی بـە موعاوییـەوە نـەبوو، چونکە نە خەلیفە بوو و نە لەپێناو خیلافەتدا جەنگا بوو.[1]

لە کۆتا ساڵەکانی سییەکاندا بەردەوام هێزی موعاویە لە زیادبوون و پتەوبوون و هێزی عـەلییش لـە لاوازبـوون و پـەرتبوونـدا بـوو، بەتایبـەت لـە دوای ئـەوەی عـەلی بنەمای دادوەریکردنی پەسەند کـرد بەشـێکی گـەورەیان لـێ جیـا بوونـەوە بـەناوی خەواریجەوە، ئەو کۆمەڵەش هێزێکی زۆریان لە خەلیفە کـەم کـردەوە و سـەرەنجام ناچار بوو لە ناوچەی نەهرەوان ڕووبەڕوویان ببێتەوە، لە ئەنجامیشـدا دوای ئـەوەی زۆریان لێ کوژرا، تێکشکان. ئەوەش خەواریجـەکانی زیـاتر تـووڕە کـرد و پیلانیـان دانا بۆ لەناوبردنی عەلی و نەیارەکانیشی بە بیانووی ڕزگارکردنی ئوممەتی ئیسلامی لـەو تەنگژانـەی کـە ئـەو ململانـێ دوورودرێژانـە هێنابوویانـە پێشـەوە، هەوڵـەکانی خـەواریج دژی موعاویـە و عـەمر شکسـتیان هێنـا، بـەڵام بەرامبـەر خـودی عـەلی سەرکەوتوو بوون و توانییـان لـە کـاتی ئەنجامـدانی نوێـژی بـەیانی و لـە مزگـەوتی کوفەدا و لە بیست و حـەوتی ڕەمـەزانی سـاڵی (٤٠ك)دا بیپـێکن و لـە دوای دوو ڕۆژ شەهید بوو، لەو کاتەدا کە بریندار بوو، بەر لە شەهیدبوونی هاوەڵەکانی داوایان لێ

[1] ابن العربي، العواصم، هامش ٣، ص١٧٤، ١٧٥، و هامش ١، ص١٧٦.

کرد کەسێك بکاتە جێنشینی خۆی، لە وەڵامدا عەلی گوتی: "نەخێر، ئەو کارە بۆ خۆتان جێدەهێڵم، هەر وەك پێغەمبەر بۆ خۆتانی جێ هێشت".

شەعبی دەڵێت: بە عەلییان گوت: بۆچی کەسێك ناکەیتە جێنشین بەسەرمانەوە؟ ئەویش گوتی: پێغەمبەر کەسی نەکرد بە جێنشین هەتا من کەسێك بکەم بە جێنشین، بەڵام ئەگەر خودا ویستی باشەی بەسەر خەڵکەوە هەبێت ئەوا لە دوای من لەسەر باشترینتان کۆتان دەکاتەوە، هەر وەکو لە دوای پێغەمبەرەکەیان لەسەر باشترینتان کۆی کردنەوە". [1]

لە دوای کۆچی دوایی عەلی، موسوڵمانان بەیعەتیان دا بە حەسەنی کوڕی، کە باوەڕێکی پتەو و عەقڵێکی فراوانی هەبوو، هەر لە سەرەتاوە هەوڵی دا چارەسەرێك بدۆزێتەوە بۆ ڕێگرتن لە خوێنڕێژی و گێڕانەوەی یەکڕیزیی بۆ ئوممەتی ئیسلامی، کە بە هۆی ئاشووبەکەوە هاتبوونە پێشەوە، لەو سۆنگەیەوە لەگەڵ موعاویەدا دەستی کرد بە گفتوگۆکردن و سەرکەوتنی بەدەست هێنا، لە ساڵی (٤١ك)دا حەسەن دەستی لە خیلافەت هەڵگرت بۆ موعاویە، لەبەر ڕێگرتن لە خوێنڕشتن بەیعەتی بە موعاویە دا و لەسەر ئەوە ڕێك کەوتن کە لەدوای کۆچی دوایی موعاویە بە ڕاوێژی موسڵمانان کەسێك بۆ خیلافەت دابنرێت.

بەو شێوەیە سەردەمی ڕاشیدین کۆتایی هات و سەردەمێکی نوێ هاتە پێشەوە کە سەردەمی دەوڵەتی ئومەوی بوو، ڕاستە بە هۆی ئەو ڕووداوانەوە موسوڵمانان سەرکردایەتییە باشەکەیان لەدەست دا، بەڵام لە سەردەمی ئومەویەکاندا سەرلەنوێ گەڕانەوە بۆ یەکڕیزییەکەیان، بە شێوەیەك مێژوونووسان ئەو ساڵەیان ناو نا (ساڵی کۆمەڵ)، بەو یەکڕیزییەش موسڵمانان هێزیان بۆ گەڕایەوە و توانییان دەست بکەنەوە بە جووڵەی فتوحات، کە بە هۆی ئاشووبەکەوە وەستابوو.

[1] ابن كثير، البداية والنهاية، ٥/ ٢٥٠، ٢٥١، ٣٢٣.

**٥ـ ئومەوییەکان:**

ساڵی (٤١ك) ئەو ساڵە بوو کە بەیعەت درا بە موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان و بە ساڵی کۆمەڵ ناو نرا، ئـەو نـاوەش مەبەسـت و واتـای تایبـەتیی خـۆی هـەبوو، لـەو ساتەوە ئوممەتی ئیسلامی یەکگرتوویی خۆی بەدەست هێنایەوە، دوای ئەوەی کـە لە ئاشووبەکە و ڕووداوەکانی دواتردا دووچاری پارچەپارچەبوون بووبوو.

سەرکردایەتیی سیاسیی ئومەوییەکان هەڵەی سیاسیی گەورەیان کرد، بەتایبەت لە سیستمی حوکمڕانیدا، کە بـووە هـۆی ئـەوەی لـە دوای ماوەیـەکی کـورت چـەند گرووپێکی بەرهەڵستکاریی چـەکدار و بێچـەك سـەر هەڵبـدەن، بـە جیـاوازیی هێـز و کاریگـەرییان لەسـەر قـەوارەی ئومەوییـەکان، لەگـەڵ ئـەو هەڵانەشـدا یـەکڕیزیی موسوڵمانان و زیندوویەتیی سەرکردایەتییە تازەکەی پێش ئەوەی لاوازی ڕووی تـێ بکات و ململانێ خێڵەکییەکان و دژە شۆڕشەکان ڕووبەڕووی ببنـەوە ڕێگـەی خـۆش کـرد بـۆ ئـەوەی ڕەوڕەوەی مێـژوو بەرهـەمی زیـاتری هـەبێت و پێـدراوەکان لـە گۆڕەپانی ئاشتی و جەنگدا دەوڵەمەند بکات و ڕەسەنایەتیی زیاتریان پێ بدات.

لەگەڵ ئەوەدا کە لە سەردەمی ئومەویدا کاری بـاش ئـەنجام دران، بـەڵام چـەند هەڵە و خراپەیەکیشیان هەبوو، کە تەنها زیانەکەیان بۆ سەرکردایەتیی ئومەییـەکان نەبوو کە بووە هۆی لەناوبردنیان، بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا چەند برینێکـی قووڵیشـی لە لاشەی مێژووی ئیسلامیدا هەڵکەند، بزووتنـەوەی ئیسـلامییان بەگشـتی تووشـی ماندووبوون و تەنگژەیەکی زۆر کرد، کە ناکرێت لەبەرچاویان نەگرین.

ئومەوییەکان لە حوکمڕانییاندا لە سیستمی ڕاوێژکارییان دا، ئەو سیستەمەی کە لەسەر ئازادیی هەڵبـژاردن و بەرهەڵسـتکاریی وەسـتا بـوو، سـەرکردایەتی ڕاشـیدین وەك پابەندبوونێك بە دەقەکانی قورئان و سوننەتەوە پیادەیان کرد، ئەو هەنگاوەی ئومەوییەکان، کە موعاویـە لـە کۆتـایی خیلافەتەکەیـدا پیـادەی کـرد، کاردانـەوەی زۆری بـەدوای خۆیـدا هێنـا و چـەند گرووپێکـی بەرهەڵسـتکاریی چـەکدار و بێچـەك

سەریان هەڵدا، بۆ ماوەی چەند دەیەیەك لەسەر یەك جستەی ئوممەتی ئیسلامیان لاواز کرد و زۆر ماندوویان کرد، هەندێکیشیان گەشتنە ئەو ئاستەی وەك ڕێبازێکی دیاریکراو خۆیان ناساند و لەگەڵ نەیارەکانیاندا داخراو بوون و گەیشتنە ڕادەیەك کە چەند ڕەگەزێکی نامۆیان لەخۆ گرت، کە هیچ کاتێك ئیسلام پێی ڕازیی نەبووە و بانگەوازی بۆ نەکردووە، کردەوەی خراپ کاردانەوەی خراپی لێ دەکەوێتەوە، کە هەمان هێزی هەیە، بەڵام ڕووەکەی جیاوازە، ئەمەش بە کرداری لە بزووتنەوەی بەرهەڵستکارە خوێناوییەکان و کەرت و پەرتبوونە سیاسییە توندەکانی ئەو سەردەمەدا دەرکەوت.

زۆرێك لە خەلیفەکانی بەنی ئومەیە هەڵەی کوشندەیان کرد، کاتێك ئاگری دەمارگیریی خێڵەکییان خۆش کرد، ئەویش بە لایەنگیریکردنی ئەم خێڵ و ئەو خێڵ، بەم کارەش جەماوەرەکەیان لە شام بوون بە دوو بەشەوە، یەکێکیان قەیسییەکان بوون کە دەگەڕانەوە بۆ عەرەبەکانی باکوور، ئەوی تریشیان بەرەی یەمەنییەکان بوون کە دەگەڕانەوە بۆ عەرەبەکانی باشوور، لە سەرەتاوە موعاویە هەوڵی دا فریای ئەو تەنگژەیە بکەوێت و چارەسەری بکات، تا ڕادەیەکی باشیش سەرکەوتوو بوو، بەڵام لە دوای خۆی وەچەی مەڕوانییەکان کە لە ساڵی (٦٤ك) دا و لەسەر دەستی مەڕوانی کوڕی حەکەم و لە دوای ڕووبەڕووبوونەوەی (مرج راهط) هاتنە سەر دەسەڵات، ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیەش لەنێوان یەمەنی و قەیسییەکاندا ڕووی دا، لە ڕاستییدا زۆربەی خەلیفەکانی ئەو وەچەیە سیاسەتێکی خێڵەکیی ئاشکرایان پەیڕەو دەکرد و ڕۆژبەڕۆژیش زیاتر برەویان بەو سیاسەتە دەدا، تا وای لێ هات کاریگەرییەکانی ئەو سیاسەتە درێژ بۆوە بۆ هەموو ناوچەکان و هەموو پانتاییەکانی ژیانی کارگێڕی و سیاسی و ئابووریی گرتەوە، هەر ئەوەش بوو لە کۆتاییدا بوو بە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی لەناوچوونی قەوارەی ئومەوییەکان.

له دوای کۆچی دوایی هیشامی کوڕی عەبدولمەلیك له ساڵی (١٢٥ك)یـەوە، هـەتا کەوتنی دەوڵەتی ئومەوی له ساڵی (١٣٢ك)، دەبینین کار و کاردانەوە خێڵەکییەکان بەردەوام له گەورەبوون و زیادبووندا بـوون، ئـەوەش کـەلێنێکی گـەورەی دروسـت کردبوو و بواریشی ڕەخساند بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی بانگەوازی عەباسییەکان.

له ساڵانی (١٢٥ ـ ١٢٦ك) وەلیدی کوڕی یەزیدی کوڕی عەبدولمەلیك، لایەنگیریی قەیسییەکانی کرد و تەنگی به یەمەنییەکان هەڵچنی، یەمەنییەکانیش شۆڕشـێکیان له دژی بەرپا کرد و یەزیدی کوڕی وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیکی ئامۆزایان هان دا له دژی و بەڵێنیان پێ دا که بەیعەتی پێ بدەن بـۆ بـوون بـه خـەلیفـە، سـەرەنجامیش توانییان وەلید بکوژن و ئامانجەکەیان بهێننـه دی و بەیعـەتیان بـه یەزیـدی کـوڕی وەلید دا، ئەویش ناچار بوو ئاشووب و دژەشۆڕشی قەیسییەکان خامۆش بکات و له چەند ناوچەیەکی شام و فەلەستین هەندێك له فەرمانـدەکانی دەسـتگیر کـردن، لـه هەمان ساڵدا یەزید کۆچی دوایی کرد و ئیبراهیمی کـوڕی بـوو بـه جێنشـینی، دوای چـەند مانگێـك مـەڕوانی کـوڕی موحەممـەد بـه هاوکـاریی قەیسـییەکان لـه دژی وەسـتانەوە و توانییـان هێـزە یەمەنییـەکان لـه نزیـك دیمەشـق تێـك بشـکێنن، لـه بەرامبەریشدا یەمەنییەکان زنجیرەیەك کاری تۆڵەسەندنەوەیان له دیمەشـق ئـەنجام دا لـه دژی قەیسـییەکان، بـەڵام زۆری پـێ نەچـوو مـەڕوان چـووە نـاو دیمەشـق و ئاشووبەکەی خامۆش کرد، ئەگەرچی لەبەر زۆریی ژمارەی یەمەنییەکان نەیتوانی له دیمەشق نیشتەجێ ببێت و ڕووی کردە حەڕڕان.

سەرکەوتنەکەی مەڕوان کۆتایی نەهێنا به تەنگـژە و ململانێـی نێـوان قەیسـی و یەمەنییەکان، بەڵکو بڵێسەی ئاگرەکـەی زیـاتر کـرد و ئـاگری ئاشـووبەکە گەیشـتە سەرجەم ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ئومـەوی، یەمەنییـەکان لـه حـیمص و فەلەسـتین و غوتــه ڕاپــەڕین، لــه دوای هــەوڵێکی زۆر، مــەڕوان تــوانیی هــەموو ڕاپەڕینەکان یەك لەدوای یەك خامۆش بکات، ململانێ خێڵەکییەکان له ئەندەلوس و

مەغریبیش سەریان هەڵدا، سەبارەت بە عێراقیش ئەگەر خەواریج لە ئارادا نەبووایە کە دوژمنی هاوبەشی هەردوولا بوو، ئەوا لەوێش ڕووبەڕووی یەکتر دەبوونەوە، لە خۆراسانیش کار لە کار ترازابوو، ئەگەرچی چەند هەوڵێکیش لە ئارادا بوون بۆ ڕاگرتنی دۆخەکە، هەر لە سەردەمی هیشامی کوڕی عەبدولمەلیکەوە کە بە کەسێکی ڕقئەستوور ناوی دەر کردبوو بەرامبەر یەمەنییەکانی خوراسان، هیشام نەصری کوڕی سەیاری کردە بەرپرس لەو ناوچەیە، کە کەسێکی زۆر دەمارگیر و ڕقئەستوور بوو بەرامبەر یەمەنییەکان و هیچیانی بەشداریی پێ نەدەکرد لە کاروباری دەوڵەتدا، تەنانەت دژایەتیی خێڵی ڕەبیعەشی دەکرد، لەبەر ئەوەی لایەنگری یەمەنییەکان بوون، سەرۆکی یەمەنییەکان، کە بە کرمانی ناسرابوو، گلەیی و گازندەی لای نەصر کرد، بەڵام نەصر گوێی لە گلەییەکەی نەگرت و دەستگیری کرد، پاشان کرمانی لە زیندان ڕای کرد و یەمەنییەکان و ڕەبیعە خۆیان کۆ کردەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی نەصر، ئەگەرچی نەصر هەوڵی دا هەڵەکەی چاک بکاتەوە، بەڵام بێهوودە بوو، چونکە یەمەنییەکان بڕیاریان دابوو کە دەبێت شمشێر ببێتە دادوەر لەنێوان ئەوان و قەیسییەکاندا، کە لە ساڵی (١٢٦ك) دا چووبوونە پاڵ نەصر، بەو شێوەیە ململانێکە چەند ساڵێك بەردەوام بوو و هەردوو لا سەنگەریان بەرامبەر یەکتر لێدابوو، بەبێ ئەوەی لایەکیان بتوانێت بەسەر لاکەی تردا زاڵ بێت، بەمەش بانگەوازی عەباسی لە خوراساندا جێی خۆی کردەوە و جووڵەی کرد بۆ کەلێن خستنە ناو خیلافەتی ئومەویەوە.

ئەبو موسلیمی خوراسانی بۆ چەند مانگێك مایەوە و نەیدەتوانی دەست بگرێت بەسەر (مرو)دا، کە پایتەختی خوراسان بوو، بەڵام بە سوودبینین لە ململانێی نێوان یەمەنییەکان و قەیسییەکان توانیی دەست بەسەر چواردەوری خوراساندا بگرێت، نەصر هەوڵی دا هەردوو لا بەیەك بگەیەنێتەوە، بەڵام بێهوودە بوو، لە هەمان کاتدا ئەبو موسلیم ئاگری دووبەرەکیی لەنێوان نەصر و کرمانی خۆش دەکرد و خۆیشی

سەنگەری سێهەمی لێدا لەنێوانیاندا، نەصر پێی وا بوو بە کوشتنی کرمانی کێشەکە چارەسەر دەبێت، لەبەر ئەوە کەسێکی نارد بۆ کوشتنی و کوشتنەکەشی کارەکەی زیاتر ئاڵۆز کرد، چونکە زۆرینەی شوێنکەوتووەکانی چوونە ڕیزی ئەبو موسلیمەوە و بەوەش ئەبو موسلیم بە ئاواتی خۆی گەیشت و لە ساڵی (١٣٠ك)دا چووە ناو (مرو)ەوە[1]، ئەو هەنگاوەش سەرەتای سەرکەوتنی عەباسییەکان و ڕووخانی ئومەوییەکان بوو.

خەلیفەی هەشتەم عومەری کوڕی عەبدولعەزیز دەرکەوت و هەوڵێکی گشتگیری دا بۆ گێڕانەوەی ژیان بۆ چوارچێوە ئیسلامییەکانی و پابەندبوونی بەرپرسیارانە بە ڕێنماییەکانی قورئان و سوننەتەوە، دیاردەیەکی ناوازە بوو، کە تەنها بەڵگە نەبوو لەسەر لێهاتوویی ئەو سەرکردەیە، بەڵکو بەڵگەش بوو لەسەر توانای ئیسلام وەکو ئاین بۆ سەرلەنوێ ڕێبەرایەتیکردنی ژیانی سیاسی و یاسادانان و شارستانی دارشتنەوەیان بەگوێرەی گونجانیان لەگەڵ بنەما سەرەکییەکانیدا.

بەڵام خەلیفەکانی تری ئومەوی کە لەدوای عومەرەوە هاتن، لەسەر هەمان ڕێگای ئەو نەڕۆیشتن، بەڵکو لەوەش زیاتر ئیبن ئەسیر دەڵێت: "خەلیفە یەزیدی کوڕی عەبدولمەلیك (١٠١ ـ ١٠٥ك) کە ڕاستەوخۆ لە دوای عومەر هات، هەوڵی دا هەرچی عومەر لە ژیانی خۆیدا کردوویەتی ئەو ڕەتی بکاتەوە". واتە دژە شۆڕشێکی بەرپا کرد بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو ڕێوشوێنانەی کە عومەر گرتبوونیەبەر، لە کاتێکدا ئەگەر لەسەر ئەو ڕێوشوێنانە بەردەوام بوونایە قەوارەی ئومەوییەکان پارێزراو دەبوو و تووشی ڕووخان نەدەبوو، بەو شێوە خەلیفەکانی کۆتایی دەسەڵاتی بەنی ئومەییە هەمان هەڵەی گەورەی سیاسی و کارگێڕی و کۆمەڵایەتی خەلیفەکانی پێش خۆیان بە شێوەیەکی توندتر دووبارە کردەوە،

---

[1] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: د. عبدالمنعم ماجد، التاريخ الإسلامي السياسي للدولة العربية، الطبعة الثالثة، مكتبة الجامعة العربية، بيروت، ١٩٦٦م، ٢/ ٣٠٨، ٣٢٣.

لێرەدا سوننەتی خودا هاتە دی و هێزە بەرهەڵستکارەکان لە ڕێگەی ڕێکخستنە نهێنییەکانی عەباسییەکانەوە و بە مەبەستی ڕاگەیاندنی شۆڕشەکەیان جووڵەیان کرد و توانییان لە ماوەی چەند مانگێکدا ئەو تەلارە بەرزە بڕووخێنن کە ماوەی سەدەیەك بوو بینا کرابوو، ﴿وَمَا كَانَ رَبُّكَ لِيُهْلِكَ الْقُرَى بِظُلْمٍ وَأَهْلُهَا مُصْلِحُونَ﴾ هود:١١٧، واتە: (پەروەردگارت بە ستەم خەڵکی شارو دێهاتەکان لەناو نابات، لەکاتێکدا خەڵکەکەی چاکەخواز و چاکساز بن).

هەرچۆنێك بێت پێویستە ئێمە ئەو سەردەمەمان لەبەرچاو بێت کە هەوڵەکانی بەنی ئومەییەی تێدا نووسراوەتەوە و ئەو قەڵەمانەش بناسین کە پانتاییەکی فراوانی ئەو مێژووەیان نووسیوەتەوە، بۆ ئەوەی کەس بریندار نەکەین و تانەکان بە شوێنی خۆیان بگەن، هەر وەك زۆر بەئاشکرایی لەو ڕیوایەتانەدا دەردەکەوێت کە لە سەردەمی عەباسییەکاندا نووسراونەتەوە سەبارەت بە بەنی ئومەییە، ئەو عەباسییانەی کە قەوارەکەیان لەسەر پاشماوەی ئومەوییەکان دروست کرد، چەند قەڵەمێك ئەو ڕیوایەتانەیان نوسیوەتەوە کە ناخیان پڕ بوو لە ڕق و کینە بەرامبەر ڕێبەرانی ئومەوییەکان، وەك پێویست ڕاستییەکانیان لەبەرچاو نەگرتووە و پابەند نەبوون بە بابەتی بوونەوە، لە تۆمەتبەخشینەوە و جوێندان بە بەنی ئومەییە و شوێنکەوتووەکانیان نەوەستاون.

کەمێك لە مێژوونووسەکانی دوای ئەوان وەك ئیبن ئەلعەرەبی و ئیبن خەلدوون هۆشداریان داوینەتێ ك لەو ڕیوایەتانە خۆمان لا بدەین کە سەبارەت بە بەنی ئومەییە هاتوون و نابێت بە شێوەیەکی تەواوەتی و بە ڕەهایی وەریان بگرین، لە ئەمرۆشدا ڕەخنەی مێژوویی توانای زیاتری هەیە و شایستەترە بۆ ئەوەی کاری لەسەر بکرێت بۆ تێپەڕاندنی ئەو لادانانە و لێکۆڵینەوە و وردبینیی زیاتریان تێدا بکرێت.

له دوای ئـەو بـاس و خواسـە دەڵـێین سیاسـەتی سـەرکردە ئومەوییـەکان ڕووی جوان و ناشیرین و چاك و خراپی خۆی هەیە و کەس ناتوانێت یـەکێك لـەو ڕووانـەی لــێ داماڵێــت، ئــەو ســەرکردایەتییە تــاوانی گــۆڕینی ئــەزموونی دەســەڵاتی لــە ڕاوێژکارییەوە بـۆ بنەماڵـەیی لـە ئەسـتۆدایە، لـە هـەمان کاتـدا فـراوانترین تـەوژمی فتوحات لە تەواوی مێژووی ئیسلامدا بۆ ئەوان نووسراوە، هەر وەکو لـە بەشـەکانی تری ئەم بەرهەمەدا باسیان دەکەین، هەنـدێك لـە خەلیفـەکانی ئومـەوی زۆر پابەنـد بوون بە ئیسلامەوە، هەر نەبێ لەبەر ئەوە بوو پشتیگریی جـەماوەری موسـوڵمانان لە ناوخۆ و دەرەوە بەدەست بهێنن.

### ٦ـ عەباسییەکان:

عەباسـییەکان بـە دروشمـی دادگـەری و یەکسـانی و پابەنـدبوون بـە قورئـان و سوننەتەوە دەستیان پێ کرد، بەڵام زۆری پێ نەچوو بە شێوەیەك لە شێوەکان لەو پابەندبوونە داماڵران، هەمان نەهامەتی ئومەوییەکانیان بەسەردا هات و کۆتـایی بـە دەوڵەتەکەیان هات.

لە سیاسەتی عەباسییەکاندا هیچ گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی ڕووی نەدا، بەتایبـەتی لــە بــواری سیســتەمی حوکمڕانیــدا، عەباســییەکانیش لەســەر هــەمان سیســتمی بنەماڵەیی ڕۆیشتن کە ئومەوییەکان دایانهێنا، سەبارەت بە ململانـێ و دووبـەرەکیی خێڵـەکییش کـە هۆکـاری لـەناوبردنی قـەوارەی ئومەوییـەکان بـوو، لـە سـەردەمی عەباسییەکاندا بە هۆی کەمبوونەوەی هەستی خێڵەکی و لاوازیی یەکڕیزیی خێڵەکان لـەنێوان خۆیانـدا و ئاوێتـەبوونیان لەگـەڵ هێـزە گەورەکانـدا، ئـەو ململانێیانـە لـە بەرگێکی نوێدا دەرکەوتنەوە و لە فۆڕمێکی تردا خۆیان بینییەوە، کە بـریتی بـوون لە ململانێی عەرەب و فارس، عەرەب و تورك، ئەوەش ڕۆڵێکـی ترسـناکی بینـی لـە

هەڵوەشاندنەوەی گرێکانی دەوڵەتی عەباسی و تێکشکانی هێز و یەکڕیزیی ئەو قەوارەیەدا، هەر بە هەمان شێوەی سەردەمی ئومەوییەکان.

هەرچۆنێك بێت دەوڵەتی عەباسی لە سەردەمی گەشە و هێزی خۆیدا کە یەك سەدەی خایاند و لە سەردەمی ئەبولعەباسی سەفاح و لە ساڵی (١٣٢ك) دامەزرا و بە کۆچی دوایی الواثق لە ساڵی (٢٣٢ك) کۆتایی پێ هات، خەلیفەکانیشیان بریتی بوون لە: المنصور (١٣٦ـ ١٥٨ك) و المهدي (١٥٨ ـ ١٦٩ ك) و الهادی (١٦٩ ـ ١٧٠ك) الرشید (١٧٠ ـ ١٩٣ك) و الأمین (١٩٣ ـ ١٩٨ك) و المأمون (١٩٨ـ ٢١٨ك) و المعتصم (٢١٨ ـ ٢٢٧ك)، ئەمانە جگە لە ئەبولعەباس و الواثق کە لە سەرەتا و کۆتایی ئەو دەوڵەتەدا بوون، لەو ماوەیەدا عەباسییەکان بە هەمان شێوەی ئومەوییەکان توانییان یەکپارچەیی جیهانی ئیسلامی بەگشتی بپارێزن لە کەرت و پەرت بوون، تەنها ناوچەی ئەندەلووس نەبێت کە بەدەست ئومەوییەکانەوە مابوو، عەباسییەکان توانییان بە لێهاتوویی و دڵسۆزی پارێزگاریی لە سنوورەکانی جیهانی ئیسلامی بکەن لە تەنگپێهەڵچنینی دەوڵەتی بیزەنتی کە نەیاری مێژوویی موسوڵمانان بوو هەمان سیاسەتی ئومەوییەکانیان پەیڕەو کرد، ئەویش بە ئەنجامدانی زنجیرەیەك هێرش لە ناوجەرگەی ئەنادۆڵ هەتا بیزەنتییەکان جارێکی تر بواری گەڕانەوەیان نەبێت بۆ دۆخی هێرشهێنان.

لەگەڵ ئەوەشدا سەرکردایەتی عەباسییەکان بە درێژایی ئەو سەردەمە و سەردەمەکانی دواتریش پارێزەری یەکێتی بیروباوەڕی ئیسلامی بوون، لە ڕووی هەموو ئەو هەوڵانە وەستانەوە کە زیانیان بە بیروباوەڕی ئیسلامی دەگەیاند، چی لەلایەن بێباوەڕەکانەوە بێت یاخود لە لایەن بزووتنەوەی مەجوسییەکان یان شعوبییەکانەوە بێت، کە لەو کاتەدا چالاکییەکانیان زیادی کردبوو، عەباسییەکان لە بۆسەدا بوون بۆیان، تەنها مەئمون و واثق نەبێت، کە سیاسەتی سەپاندنی بیروباوەڕیان پەیڕەو کرد بە ڕاگەیاندنی ڕێڕەوی موعتەزیلەکان وەك ڕێڕەوی

فــەرمیی دەوڵــەت و پێویســت بــوو هــەموان پابەنــد بــن پێــوەی، ئەوانەشــیان چەوساندەوە کە پابەند نەدەبوون.

لە دوای سەردەمی عەباسی یەکەم، چوار سەردەمی تر هاتن، کە بریتی بوون لە سـەردەمی تورکـەکان (٢٣٢ ـ ٣٣٤ک) و سـەردەمی بوەیهیـەکان (٣٣٤ ـ ٤٤٧ک) و سـەردەمی سـەلجوقیەکان (٤٤٧ ـ ٥٩٠ک) و سـەردەمی گەڕەکـەکان، کـە لـەپێش کـەوتنی بەغـداد بـوو لەسـەر دەسـتی تەتـەر لـە سـاڵی (٦٥٦ک)، لـەو سـەردەمەدا هەنـدێك لــە خەلیفــەکانی عەباســی هــەوڵی بەدەســتهێنانەوەی ڕێبەرایــەتیکردنی ئوممەتیان دا.

دەکرێت هەموو ئەو سەردەمانە بە سەردەمی عەباسی دووەم ناوزەد بکرێن، لەو سەردەمەدا ڕێبـەرانی عەباسـییەکان بـە شـێوەیەکی کـرداری توانـای بـەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتیان نەبوو، تەنها بە ڕووکەش دەسەڵاتیان لەلا بوو.

بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئیسلامیدا ئەو بچووکبوونەوەیە ڕێگەی خۆش کـرد بـۆ ڕاگەیاندنی خیلافەت لە چـەند شـوێنێکی جیـاواز و لـە یـەك کاتـدا، لـە ناوەڕاسـتی سەدەی چوارەمی کۆچی و دواتردا و لە یـەك کاتـدا سـێ خەلیفـەی دەسـەڵاتدار لـە جیهانـدا هـەبوون، یەکـەمیان لـە بەغـدا و دووهـەمیش لـە قـاهیرە و سـێهەمیش لـە قورتوبە، خەلیفەی عەباسییش هیچ دەسەڵاتێکی بەسەر ئەو فرەییەدا نەبوو کە لـە لووتکەی سەرکردایەتیی ماددی و مەعنەوی ئوممەتی ئیسلامیدا هاتبووە پێش، ئەو ئابڵووقەیەش کە لەسەر عەباسییەکان بوو لە بەغدا ناچاری کردبوون کـە لـە ئاسـت ئەو ڕووداوانەدا بێدەنگ بن، هیچ بیانوویەك بە دەستی خەلیفەی عەباسییەوە نەبوو هەتا دوو خیلافەتە تازەکەی میسر و ئەندەلووسی پێ تاوانبار بکات، لەبەر ئەوە بە ئازادییەکی تەواوەوە توانییان ئەزموونەکەیان درێژە پێ بدەن، کـاتێکیش ئـەو دوو خیلافەتە کۆتاییان پێ هات هیچ دەستێکی عەباسییەکان لـە ڕووخاندنیانـدا نـەبوو، بــەڵکو چــەند هۆکــارێکی تــر لــە پشــت ڕووخــانی ئومەوییــەکانی ئەنــدەلووس و

فاتیمییەکانی میسرەوە بوون و گەیاندیانن بەو ئەنجامە، ئەمە لە دوای ئەوەی کە هەردوو خیلافەتەکە ڕۆڵێکی فراوانیان بینی لە جەنگ و ئاشتیدا و شارستانیەتی ئیسلامییان دەوڵەمەند کرد و بەرگرییشیان لە خاکی موسڵمانان کرد بە ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ دژە هێرشەکانی نەیارەکانیاندا.

هەر ئەو هەلانەی خەلیفە عەباسییەکان ئەنجامیان دان و سەریان کێشا بۆ دروستبوونی دوو خیلافەتی تر و سەرهەڵدانی چەندین سەرکردە و سوڵتان کە تەنگیان پێ هەڵچنیبوو، هەمان ئەو هەلانە بوون کە ئومەوی و فاتیمییەکانیان ڕووخاند. لەو ماوە دوورودرێژەدا کە سێ سەدە زیاتری خایاند چەند هێزێکی جۆراوجۆر گەیشتنە لووتکەی دەسەلات و ناوەندی بڕیار لە سنووری دەوڵەتی عەباسیدا، خۆزگە و گرنگیپێدان و سیاسەتەکانی ئەو هێزانە جیاواز بوون، لەخۆباییبوون وای لە تورکەکان و بوەیهییەکان کردبوو تاکە خەمیان بریتی بوو لە ڕەگ داکوتان و بەدەستهێنانی دەستکەوتی زیاتر، لەبەر ئەوە نەدەکرا لە سەردەمی ئەو دوو تاقمەدا دەستکەوتی گەورەی سیاسی و ئیمانی بەدەست بێت، لە سەردەمی ئەواندا جیهانی ئیسلامی پێشکەوتنێکی باشی بەخۆیەوە نەبینی.

سەبارەت بە سەلجوقیەکانیش و لە سەردەمی سێ سوڵتانی سەرەتایاندا، کە لە سەرچاوە مێژووییەکاندا بە سوڵتانە گەورەکان ناویان هاتووە (تغرلبك، وألب أرسلان، وملکشاه) وەك هێزێکی ئیسلامیی مێژوویی گەنج گوزارشتیان لە خواستێکی فراوان دەکرد لەسەر هەموو ئاستەکان، ئەو خواستانەی کە لە ئەنجامدا گۆڕانکاریی گەورەیان لە بەرژەوەندیی جیهانی ئیسلامی هێنایە دی، یەکڕیزیی سیاسیی خۆیان پاراست و سنوورەکانیان بەرەو ناوچەی بیزەنتییەکان فراوان کرد کە لە ناوچەی ئەنادۆڵ بوون، بەتایبەتی دوای ئەوەی گورزی پشتشکێنیان لە بیزەنتییەکان دا لە جەنگی (ملاذ کرد) لە ساڵی (٤٦٣ك) دا، لە سەردەمی سەلجوقیەکاندا دام ودەزگا شارستانییەکان بەتایبەت هزریەکان چالاك بوون، لە

دوای کۆچی دوایی کۆتا سوڵتانیان، ملکشاه له ساڵی (٤٨٥ك) دا، سەلجوقییەکان کەوتنە هەڵە کۆنەکەوە کە شەڕکردن بوو لەسەر دەسەلات، کـە سـەرەنجام سـەری کێشا بۆ پەرتبوونی جیهانی ئیسلامی، بە شێوەیەك کە لە پێشـتردا ڕووی نـەدابوو، ئەوەش ڕێگای خۆش کرد بۆ هێرشی یەکـەمی خاچـدروشمەکان (٤٨٧ـ ٥٤٣ك) بـە مەبەستی هێنانەدی ئامانجەکانیان و داگیرکردنی بەشێکی فراوان لە دورگەی فورات و شام و فەلەستین، ڕووبەڕووبوونەوە و ململانێ لەگەڵ خاچدروشمەکاندا بۆ مـاوەی دوو ســـەدە (٤٩٠ــــ ٦٩٠ك) وزە و توانایـــەکی زۆری موســـڵمانان و دەســـەلاتە ئیسلامییەکانی لاواز کـرد، وای لـێ کـردن کـە نـەتوانن ڕووبـەڕووی ئـەو مەترسـییە ببنەوە کە لە ڕووی ڕۆژهەلاتەوە ڕووی تێ کردبوون، ئەویش مەترسـیی تەتـەرەکان بوو کە هیچ کەمتر نـەبوو لـە خاچـدروشمەکان، لـە ناوەڕاسـتی سـەدەی حەوتـەمی کۆچیدا توانییان بەتەواوی بەسەر سەرکردایەتیی عەباسییەکاندا زاڵ ببن و زۆرێك لە سەرکردەکانیان و فەرماندە ئیسلامییەکانی ناوچەکە بکوژن.

## ٧ـ قەوارە ناوچەییەکان:

لێرەدا پێویستە کەمێك لە بەردەمی سـەردەمی کـەرت و پـەرت بـوونی جیهـانی ئیسلامیدا بووەستین، کە لە کۆتاییەکانی سەردەمی عەباسیی یەکەمدا دەستی پـێ کـرد و بـە درێـژایی سـەردەمی عەباسـیی دووەم بـەردەوام بـوو، چوارچـێوەی ئـەو پارچەپارچەبوونە زۆر فراوان بوو، بە شێوەیەك دەوڵەتی عەباسـی وەك دوورگەیـەك وا بوو لەچاو دەریای قەوارە ناوچەییەکاندا، لێرەدا دەکرێت بپرسین ئایا دەگونجێت ئەو دیاردەیە هەمووی خراپ بووبێت؟ یاخود بەرهەمەکانی ئەو دیاردەیە لە مێژووی سیاسی و شارستانیماندا چی بوون؟

ئـەو پەرتبوونـەی کـە تووشـی جەسـتەی ئوممـەتی ئیسـلامی بـوو لـەدوای تێپـەڕبوونی چـەند دەیەیـەك بەسـەر تێپـەڕبوونی دەسـەلاتی سـەرکەوتووی

عەباسییەکاندا و دەرکەوتنی چەندین میرنشین و هەرێمی سەربەخۆ لە سەرجەم ناوچەکانی جیهانی ئیسلامی، ئەگەرچی خۆی لە خۆیدا دیاردەیەکی خراپ و نیشانەی نەخۆشییەکی ترسناك بوو کە پێویستیی بە تێڕامان و ڕەخنەلێگرتنە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئوممەتێکی پێشکەوتووی وەك ئوممەتی ئیسلامی دەیتوانی ئەو دیاردەیە بگۆڕێت بۆ جووڵانەوەیەکی ئەرێنیی بەردەوام لە بواری سیاسەت و شارستانیەتدا، لە کاتێکدا دەبینین هەندێك لەو دەوڵەتە بچووکانە گەشەیەکی بەهێزیان هەبوو بە ئاراستەی بەرپەرچدانەوەی ئەو هێرشانەی کە هەڕەشە بوون بۆ سنوورەکانی جیهانی ئیسلامی لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و باکوورەوە، ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە دەوڵەتی ناوەندی ئیسلامی لە ڕووی کاتەوە لە نەخۆشی و پیریدا بوو، لە ڕووی شوێنیشەوە شەکەت بوو، بە شێوەیەك نەیدەتوانی ڕووبەڕووی ئەو مەترسییانە ببێتەوە، هەندێکیش لەو دەوڵەتانە لەپێناو ئەوەدا دروست بوون کە پێشبڕکێی شارستانی لەنێوان میرنشینە ئیسلامییەکاندا زیاد بکەن، هەتا شارستانیەتی ئیسلامی دەوڵەمەندتر بکەن بە پێدراو و بەرهەمی زیاتر، وایان لێ کرد کە چەند هەنگاوێکی فراوان بنێت بەرەو پێشەوە، هەندێکی تر لەو دەوڵەتانە ڕۆحی جیهادیان لە ناخی موسڵماناندا زیندوو کردەوە و چەندین ڕێکخراوی سیاسی و سەربازی و ئیمانییان دروست کرد بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجەی کە هۆکاری بەپێوەڕاگرتنی ئیسلام بوو، ئەو کەرتبوونە جوگراف و سیاسییەی کە دووچاری ئیسلام بۆوە، ئەگەر دووچاری هەر ئوممەتێکی ماندوو و هەڵوەشاوە ببوایە ئەوا هەموو دەستکەوتەکانی لەبار دەبردن و وەك پاروویەکی ئامادە پێشکەشی ئەو دوژمنانەی دەکردن کە لەسەر سنوورەکان چاوەڕوانی دەکردن، بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییەش لە مێژوودا نموونەی زۆرمان هەیە.

یاسای شارستانی هەڵە ناکات، ئوممەتێك کە بە پێشکەوتن و زیندوویێتی ناسرابێت لە توانایدا هەیە دیاردەکانی ڕووخان بگۆڕێت بۆ بەهاکانی بنیاتنان و

داهێنان، مرۆڤ توانای سەرلەنوێ دارشتنەوەی بارودۆخە دەرەکییەکانی هەیە بە مەرجێك جڵەوی خۆی بگرێت و بەردەوام هەوڵی گۆڕانکاریی بدات کە قورئان وەك یاسایەکی جێگیر ڕایگەیاندووە: ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُوا مَا بِأَنْفُسِهِمْ﴾ الرعد: ١١، واتە: (بێگومان خوا بارودۆخی هیچ قەوم و گەلێك ناگۆڕێت هەتا ئەوان ئەوەی بە خۆیان دەکرێت نەیگۆڕن و نەیکەن)، ڕاستە لافاوە ترسناکەکان هێزێکی وێرانکەری گەورەن، بەڵام مرۆڤ دەتوانێت بیانکاتە ئامرازی گەشەسەندن و وەبەرهێنان و لە هەمان کاتیشدا دەتوانێت وازیان لێ بهێنێت هەتا کێڵگە و باخچەکان نقوم بکەن و شار و گوندەکان وێران بکەن، خودای گەورە دەیەوێت ورە و زیندوێتی و کاریگەریی مرۆڤ بە هەموو دیاردەکانی وەك زەمینلەرزە و لافاو و گێژەڵووکە بوروژێنێت لەسەر ئاستی سروشت، هەروەها لەسەر ئاستی مێژوو بە دروستبوون و کەوتن و ئاشتی و جەنگ و پێشکەوتن و دواکەوتوویی، هەموو ئەوانە لەژێر یاسای جێگیری خودای گەورەدا جێگایان دەبێتەوە کە بریتیە لە: ﴿وَتِلْكَ الْأَيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيْنَ النَّاسِ﴾ (آل عمران : ١٤٠)، واتە: (ئەوە ئەو ڕۆژگارانەن کە ئێمە دەستاو دەستیان پێ دەکەین لەناو خەڵکیدا).

مرۆڤی موسڵمان لەو خاڵە لاوازەوە دەستی پێ کرد، لەو کاتەدا کە دەوڵەتەکەیان پارچە پارچە بووبوو بۆ چەندین هەرێم و میرنشین، بەڵام ئەوان گۆڕییان بۆ ئاسۆکانی هێز و پێشکەوتن و داهێنان، لە جێگەی ئەوەی خۆیان بدەنە دەست ئەو دیاردەیە و بێخەم لە چوارچێوەی میرنشینی خۆیاندا دابنیشن، دەبینین لەپێناو هەموو جیهانی ئیسلامیدا بەردەوام لە جووڵەدا بوون، بە مەرجێك سەرکردایەتییەکی باش و چوست و دڵسۆز و تێکۆشەریان هەبووبێت بۆ ئاڕاستەکردنی ئەو جووڵەیە بەرەو ئامانجەکەیان.

ئەدراسەکان لە مەغریب (١٧٢ـ ٣٧٥ك) ڕۆڵی باشیان گێڕا لە گەیاندنی ئیسلام بە ناوەڕاستی کیشوەری ئەفریقا لـە ڕێگاکـانی بـاکووری ڕۆژئاوایـەوە، ئـەوان ڕێگایـان خۆش کرد بۆ چـالاکیی بانگخوازەکـان لـەو کیشـوەرەدا، ئەغالبـەکانیش لـە تـونس (١٨٤ ـ ٢٩٦ك) ڕۆڵی باشیان هەبوو لە بەرپەرچدانەوەی مەترسیی بیزەنتیەکان بـۆ سەر کەنارە ئەفریقییەکان، ئەوان دۆخی بەرگرییان گۆڕی بۆ دۆخـی هێرشـبردن بـۆ ماوەی چەندین دەیە، لە ئەنجامدا هێزە بیزەنتییەکانیان بۆ ناو کیشوەری ئـەوروپا دەر کـرد و هـەموو دورگـەکانیان پـیّ چـۆڵ کـردن، دەریـای ناوەڕاستیشـیان کـردە دەریاچەیەکی ئیسلامی و لەناو دوورگە و بەندەرەکانیدا شارسـتانیەتێکی بـەپیتیان بونیاد نا، کە دواتر بوو بە پردی گواستنەوەی شارستانیەتی ئیسلامی بـۆ ئـەوروپا، تۆلۆنیەکان لە میسر و شام (٢٥٧ ـ ٢٩٢ك) ڕۆڵی خۆیـان گێـڕا لـە وەسـتاندنی دژە هێرشی بیزەنیتییەکان بۆ سەر شام، حەمدانییەکانیش لە حەلەب (٣١٧ ـ ٣٩٤ك) لە بەرپەرچدانەوەی هەمان هێرش ڕۆڵیان هەبوو، لە کاتێکدا هێرشـەکان لـە تونـدترین دۆخیاندا بوون، بەڵام توانییان تێکیان بشکێنن، هەروەها سامانییەکان لـە (مـا ورا ء النهـر) (٢٥١ ـ ٣٨٩ ك) ڕۆڵیـان بینـی لـە بڵاوکردنـەوەی ئیسـلام و ڕۆشـنبیریی ئیسلامیدا لە ناوچە بتپەرستەکانی تورکمانەکان، کە پانتاییەکەی درێـژ بووبـووەوە هەتا دەوروبەری چین، ئەو هێزە دەشتەکییەی کـە ئاشـتی و ئارامییـان نـەدەزانی، توانییان بیانگۆڕن بۆ هێزێکـی مرۆڤدۆسـتی موسـڵمانی پێشـکەوتووی جـێگیر، کـە دواتر لە ڕێگای ئیسلامەوە ڕۆڵـی خۆیـان دەگێـڕا، غەزنەوییـەکان (٣٥١ ـ ٥٨٢ك) و دوای ئەوانیش غوریەکان (٥٤٣ ـ ٦١٢ك) لـە بـاکووری هیندسـتان ڕۆڵیـان بینـی لـە بەرامبەر هیندییە بتپەرستەکان، هەر بە هەمان شێوەی ڕۆڵی سامانییەکان بەرامبەر تورکمانـەکان، دەوڵـەتی مـوڕابیتین (٤٤٨ ـ ٥٤١ك) و دەوڵـەتی موەحیـدین (٥٢٤ ـ

٦٦٠ك) له مەغریب سەریان هەڵدا تاکو واتای ڕاستەقینە بۆ جیهاد بگێڕنـەوە و ئـەو ڕێکخراوە دروست بکەن کە توانای هێنانەدی ئەو ئامانجـەی هـەبێت، دروسـتکردنی ئەو ڕێکخراوانەش لەپێناو ئەوەدا بوو کە لـە کـاتی گونجـاودا ئاڕاسـتەیان بکـەن بـۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی ئیسلام و موسڵمانان، ئەوەش لە کاتێکدا بوو کـە هێـزە خاچدورشمەکان لە جووڵەدا بـوون بـۆ ئـەوەی گـورزی کوشـندە لـە بـاڵی ڕۆژئـاوای جیهانی ئیسلامی بدەن، پاشـان ئەگـەر ئاوڕێـك لـەو دەسـەڵاتانە بدەینـەوە کـە لـە سەردەمی سـەلجوقییەکاندا دروسـت بـوون لـە دوورگـەی فـورات و شـام و ئـەنادۆڵ دەبینین ئەوانیش بەشدارییەکی پێشەنگانە و ڕاستەوخۆی گەورەیان هەبوو لـە دژی داگیرکاریی خاچدروشمەکان لە پەلاماری یەکەمیاندا لـە سـاڵانی (٤٨٧ ـ ٥٤٣ك) لـە ڕۆژهەڵاتی جیهانی ئیسلامییەوە.

زۆرێك لە ڕۆژهەڵاتناسان و مێژوونووسان پێیان وایە شارسـتانیەتی ئیسـلامی لـە یەك کاتدا شارستانیەتێکی یەکگرتوو و هەمەڕەنگیش بـووە، ئـەو ڕەسـەنایەتییەش بە ئاشکرا لە دیاردەی سەرهەڵدانی ئەو دەوڵەتە بچووکانەی ناو جیهـانی ئیسـلامیدا ڕەنگـی دایـەوە، دەبیـنین چـەند قەوارەیـەکی سیاسـیی هەمـەڕەنگ لـەناو جیهـانی ئیسلامیدا هەبوون، لە هـەمان کاتیشـدا لـەناو ئـەو قەوارانـەدا یـەکێتی و گونجـان و سۆزداری دەبینین لە بەرهەمی شارستانییاندا و لە هۆکار و ئامانجە گەورەکانیانـدا، تەنها چەند قەوارەیەکی سنووردار نەبێت کە لەو یاسا گشتگیرە لایان دا کە هەڵگری هەندێك بیروبـاوەڕی بـاتنی و ئیبـازی ڕووخێنـەر بـوون، ئـەو بیروباوەڕانـەی ڕەگ و ڕیشـــەی فارســـی و جوولەکـــەیان هـــەبوو، زۆر دوور بـــوون لـــە کـــرۆك و واتـــای یەکتاپەرستی و چاوپۆشی و ئازادی و ڕوونیی ئیسلام... ئەو قەوارانە هێزی خۆیـان بۆ پارێزگاریکردن لە ئیسلام و بیروباوەڕ و بوونی ئیسلام بـەکار نـەهێنا، بـەڵکو لـە

دژی خاك و بیروباوەڕ و بوونی ئیسلام بەكاریان هێنا هەر وەك قەرامیتەكان لە بەحرەین كردیان، تەنانەت دەوڵەتی بابیكی لە ئازەربایجان هەوڵیان دا لەگەڵ دوژمنەكانی ئیسلام لەسەر سنوورەكان هاوپەیمانی ببەستن.

ڕێكخراوە سیاسییە ئیسماعیلییەكانیش بە هەموو باڵەكانیەوە كە هەتا ئێستاش وا پێویست دەكات لێكۆڵینەوەی ڕەسەن ئەنجام بدرێت بۆ زانینی پاڵنەرەكانی دروستبوونی ئەو بزووتنەوانەی كە دروستیان كردن و ئامانج و پەیوەندییە نهێنییەكانیان لەگەڵ بزووتنەوەكانی مەجووسی و خاچدروشمی و جوولەكەدا دیاری بكرێت، دەبێت ئەو توێژینەوانە بە قووڵی و بابەتییانە بڕواننە ئەو زەمینە كۆمەڵایەتییە ستەمكارەی چەندین كەسی برسی و ستەملێكراوی وا لێ كرد بچنە ناو ڕیزەكانی ئەو بزووتنەوانەوە، لە هەمان كاتدا ئەو توێژینەوانە نابێت پێكهاتەی سەركردایەتی و پەیوەندییەكانیان فەرامۆش بكات، كە بوونە هۆی ئەوەی هەر بەوەوە نەوەستن لە ڕووی دەسەڵاتی سیاسییدا بوەستن، لەبەر ئەوەی كە ستەمكارن، بەڵكو لە ڕووی ئیسلامیش وەستانەوە وەك بیروباوەڕ و قەوارە، ململانێكەیان تەنها لەگەڵ بەنی عەباسدا نەبووە وەك دەسەڵاتێكی عەرەبیی خۆسەپێن، بەڵكو لەگەڵ خودی قەوارەی عەرەبی بوو.

جگە لەو حاڵەتانە، زۆرینەی قەوارە سیاسییەكانی جیهانی ئیسلامی بە گوێرەی توانای خۆیان لە ڕووی شارستانی و سیاسییەوە بەشدار بوون لە خزمەتكردنی ئەو جیهانەدا، ئەو نموونە كورتانەی كە باسیشمان كردن بەس نین بۆ گەیشتن بە خودی مێژووی ئیسلامیمان.[1]

---

[1] بڕوانە: عماد الدين خليل، آفاق قرآنية، دار العلم للملايين، بيروت، ١٩٨٧م، موضوع (سورة الحديد).

**٨ـ عوسمانییەکان:**

عوسمانییەکان وەك هێزێکی ئیسلامی گەنج دەرکەوتن لە بەرامبەر داواکارییەکی مێژوویی و پێویستییەکی کاتی بۆ پارێزگارییکردن لە خاك و ئوممەتی ئیسلامی لە هێرشی ڕۆژئاوایی خاچدروشمی داگیرکاری، کە نەخشەی کێشابوو بۆ داگیرکردنی گشت جیهانی ئیسلامی بە سوودبینین لە لاوازیی دەوڵەت و دەسەڵاتی ئیسلامی پەرتەوازە و بێتوانایی ماددی و ڕۆحی و مرۆییان بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشی ڕۆژئاواییەکان. لەو کاتەدا موسوڵمانان بە دەست ئازاری برینی هەردوو پەلاماری توندی خاچدروشمەکان و مەغۆلەکانەوە دەیان ناڵاند، ئەگەرچی موسڵمانان بەسەرکەوتوویی لەو دوو پەلامارە ڕزگاریان بووبوو، بەڵام ئەو ململانێ دووروودرێژە دووچاری لاوازیی کردبوون و لە هەمان کاتدا هێزە ڕۆژئاواییەکان ئامادەکارییان دەکرد بۆ پەلاماری نوێ.

بەو شێوەیە ئاشکرا بوو کە سەرهەڵدانی دەسەڵاتی عوسمانی گرنگ بوو، بەتایبەت لە کاتێکدا کە عوسمانییەکان تەنها لە دۆخی بەرگرییدا نەبوون لە خاك و ئوممەتی ئیسلامی، بەڵکو هێرشیشیان دەبردە سەر جیهانی ڕۆژئاوا و سنوورەکانیان بڕی و چوونە قووڵایی ئەورپاوە.

عوسمانییەکان لە سەدەکانی سەرەتای دروستبوونیاندا خاوەنی زیندوویەتی و جووڵەیەکی زۆر بوون کە وای لێ کردبوون بتوانن ئەرکی مێژوویی خۆیان جێبەجێ بکەن، بەڵام بابەتێکی گرنگ هەبوو کە عوسمانییەکان فەرامۆشیان کرد، ئەویش هاوسەنگیڕاگرتن بوو لەنێوان توانای سەربازی و گەشەسەندنی شارستانیدا، داهێنانی شارستانی بنەمایەکی پێویستە بۆ بەدەستهێنانی هەر سەرکەوتنێکی سیاسی و سەربازی و بەردەوامیپێدانی، هەر دەسەڵاتێك چەند جارێك لە ڕووی سیاسی یاخود سەربازی بەسەر نەیارەکانیدا زاڵ ببێت و لە هەمان کاتدا لەسەر ئاستی شارستانی جووڵە نەکات و دەستکەوتی نەبێت وەکو ئەوە وایە ئەو

دەسەڵاتە خۆی بخاتە بەردەم لوولەی تۆپێك یاخود خۆی بکوژێت، بەتایبەت ئەگەر نەیارەکە باش ئاگاداری ئەو ڕاستییە بێت و هەوڵی دابێت کات بقۆزێتەوە لە بەرژەوەندیی خۆی و بەرپەرچی ئەو بەربەست و هێرشانە بداتەوە کە لەلایەن هێزی سەربازیی عوسمانییەوە ڕووبەڕووی دەبووەوە، ئەو بەرپەرچدانەوەیەش بە سەرکەوتن و پێشکەوتنی شارستانی بوو، کە خۆی لە پەرەپێدانی چەك و یاسای سەربازیی پێشکەوتوودا دەبینییەوە.

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە عوسمانییەکان لەسەر دەشتەکیبوونی خۆیان کە لە وڵاتی تورکستان هێنابوویان هەر بەردەوام بوون، نەخێر بەو شێوەیە نەبوو، ئەوان تەنها بە دروستکردنی دەوڵەتەکەیان لەسەر پاشماوەی ئیمپراتۆریەتێکی پێشکەوتووی وەك بیزەنتییەکان ناچار بوون چەندین دامودەزگای شارستانی دروست بکەن و گەشەی پێ بدەن، بەڵام ئەوەی عوسمانییەکان لەو بوارەدا کردیان تەنها و تەنها چەند دەستکەوتێکی پەرت و بڵاو بوون و هیچ بەستەرێکی ستراتیجی بەیەکیەوە نەیدەبەستنەوە، عوسمانییەکان پلانیان نەبوو تا تێڕوانینێکی گشتگیرانەیان هەبێت بۆ ئەوەی ئەو دەستکەوتە شارستانییانە بکەنە هێزێکی پاڵنەر و سوود لە هۆکارەکانی کات و شوێن ببینن، بە مەبەستی بەدەستهێنانی پێشکەوتنێکی کاریگەر.

ڕاستە عوسمانییەکان بە دڵسۆزییەکی زۆرەوە ئیسلامیان وەرگرت و زۆرێك لە بنەما و بەهاکانیان جێبەجێ کرد، بەڵام چەند لایەنێکی سەرەکیی هزری ئیسلامییان فەرامۆش کرد، ئەویش هاوسەنگیڕاگرتن بوو لە نێوان فراوانخوازیی سەربازی و بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕ و پێشکەوتنی شارستانی، قورئانی پیرۆزیش لە سورەتی (الحديد)دا باسی پەیوەندیی توندوتۆڵی نێوان ئەو سێ لایەنەمان بۆ دەکات،[1] ئەمە وەك ئاماژەیەك بۆ ئەوەی کە عوسمانییەکان بە شێوەیەکی دروست

---

[1] عماد الدين خليل، آفاق قرآنية، دار العلم للملايين، بيروت، ١٩٨٧م، موضوع (سورة الحديد).

ئاوڕیان لەو سێ لایەنە نەدابووەوە، لە لایەکی تریشەوە عوسمانییەکان تێگەیشتنی قووڵیان بۆ کرۆکی چاخە ئیسلامییەکان نەبوو لە سەردەمی زێڕینیاندا، ئـەو کاتـەی ئیسلام دەرگای والاّ بوو بۆ هەموو شارستانییەتەکان، هەڵسەنگاندنی بۆ دەکـردن و بەهاکانی ئاشکرا دەکردن، پاشان ئەوەی لەگەڵ ڕۆحی ئیسـلامدا نەگونجایـە ڕەتـی دەکردەوە، ئەوەش چەند هەنگاوێکی فراوان شارستانیەتی ئیسلامی بردە پێشەوە.

ئەو دژبەیەکییەی کە لە مێژووی عوسمانیەکاندا هەبوو لەنێوان هێزی سەربازی و داهێنـانی شارسـتانیدا دووچـاری دوو کارەسـاتی کـردن، نـەیارەکانیان زاڵ بـوون بەسەریاندا و بەڵگەشیان دا بەدەست نەیارەکانیانەوە لەسەر خۆیان، لەبـەر ئـەوەی ئـەوان بانگەشـەی پێویسـتی چاکسـازییان دەکـرد و دەسـەڵاتی عوسمانییـەکانیش نەیانـدەتوانی، یـاخود نەیاندەویسـت وەڵامـی ئـەو بانگەشـانە بدەنـەوە، چـونکە پێویستی بە پێشکەوتنی بواری شارستانی هەبوو، ئەمەش کەلێنی لە جەستەی ئەو دەوڵەتەدا دروست کرد و ناونرا: **پیاوە نەخۆشەکە**، چـەندین گـورزی کوشـندە لـەو قەوارەیە درا کە بۆ ماوەی چەند سـەدەیەك پارێزگارییـان لـە هـەموو سـنوورەکانی جیهانی ئیسلامی دەکرد.

کۆتـا سـوڵتانی عوسمانییـەکان لـە قۆنـاغی دارمـان و کـەوتنی دەوڵەتەکەیانـدا هەڵوێستی مێژوویی یەکلاکەرەوەی نواند لە بەرامبەر فشاری ڕۆژئاوای خاچدروشم و بزووتنـەوەی زایـۆنیی جوولەکـە، بـۆ نموونـە ئـەو سـوڵتانە گشـت داواکارییـەکانی جوولەکـەی لـە فەڵەسـتین ڕەت کـردەوە و دەسـتبەرداری یـەك بسـت لـە خـاکی موسـڵمانان نـەبوو، ئەمـە لـە کاتێکـدا بزووتنـەوەی زایـۆنی بەخشیشـێکی زۆریـان پێشکەش کرد لە بەرامبەر جێبەجێکردنی داواکارییەکانیان.[(١)]

بـە کـەوتنی سـوڵتان عەبدولحەمیـدی دووەم (١٩٠٩ز) ڕۆڵـی مێـژوویی دەوڵـەتی عوسمانی کۆتایی پێ هات، دەسـەڵات و پۆسـتە سـەرەکییەکانیان کەوتنـە دەسـت

---

[١] ئەم بابەتە بە دوورودرێژی لە بەشی سێهەمی ئەم دەروازەیەدا دەخوێنیتەوە.

کۆمەڵێك کە لەژێر ناوی (الاتحادیین) کاریان دەکرد، هەندێکیان سەر بە ماسۆنیەت و ئـەوانی تـریش سـەر بـە جوولەکـەکانی دۆنمـە بـوون، ئـەو کۆمەڵـە سیاسـەتی بەتورککردنیان پەیڕەو کرد و کەلێنێکی تازە و گەورەیان لە نێوان تورکەکان و ئـەو نەتەوانـەی تـردا دروسـت کـرد کـە لـە دەوڵـەتی عوسمانیـدا دەژیـان، بەتایبـەت عەرەبەکان، لەو ڕێگەیەوە داگیرکـەری خاچـدروشمی و بزووتنـەوەی زایـۆنی چـەند سـەرکەوتنێکی گـەورەیان بەسـەر ئـەو دەوڵەتـەدا بەدەسـت هێنـا، هەڵبـەت بـە سـوودوەرگرتنیش لـە سـەرکەوتنی هاوپـەیمانان لـە جـەنگی جیهـانیی یەکەمـدا، سـەرەنجام دەوڵـەتی عوسمانییـان لـە سـەرجەم موڵکـەکانی دەرەوەی ناوچـەی ئەنادۆڵ داماڵی، بەڵێنی فەلەستینیان دا بە جوولەکە و کۆچی بەلێشاوی جوولەکـە بـەرەو فەلەسـتین دەسـتی پـێ کـرد، زۆری پـێ نەچـوو سـەرکردەیەکی عـەلمانی دروسـتکراوی دەسـتی ئـەوروپایان لـە تورکیـا هێنایـە پێشـەوە، بەمـەش گـورزی یەکلاکـەرەوەیان لـە خیلافـەتی عوسمـانی دا، قـەوارەی عوسمانییـەکان ئـەو سەرکردەیەی ڕاپێچ کـرد بـۆ ئـەوەی چـاولێکەرییەکی قێزەونـی ڕۆژئـاوا بکـات، بـە زۆرەملێ گەلەکەی ناچار کرد واز لە پابەندبوونە ئیمانییەکانیان بهێـنن، کـە پێشـتر ئەوانی گەیاندبووە ناوجەرگەی ئەورووپا و کردبوونی بە سەرداری جیهان.

مەترسـیی کودەتاکـەی سـەر سـوڵتان عەبدولحەمیـد لـەوەدا بـوو کـە پیلانێکـی نێودەوڵـەتی گـەورە بـوو بـە ئامـانجی ڕووخانـدنی دەسـەڵاتی ئیسـلامی، ئـەو دەسەڵاتەی کە ڕەگی داکوتـابوو و خـاوەنی دابونـەریتێکی سـیانزە سـەدەیی بـوو، هەڵەی سەرکردەی عوسمانییـەکان هەرچـەند گـەورە بووبێـت لـە بەرامبـەر هەڵـەی سـەرکردەکانی دوای خیلافـەت هـیچ نـەبوو، چـونکە ئـەو سـەرکردایەتییە تازەیـە جیهـانی ئیسـلامیان کـەرت کـرد و فەلەسـتینیان لەدەسـت دا و گەلەکـەیان کـردە پاشکۆی گەلانی تر.

**٩ـ هۆکارەکانی کەوتنی دەسەڵاتی ئیسلامی:**

لە دوای ئەوەی ڕووماڵێکی خێرامان کرد بۆ ڕەوڕەوەی دەسەڵات و دەوڵەتانی ئیسلامی بە درێژایی مێژوو، ئایا بێلایەنانە دەتوانین پەنجە بخەینە سەر ئەو هۆکارانەی کە ئەو دەسەڵاتانەیان گەیاندە ئەو ئەنجامە؟ ئەمە جگە لەو هۆکارە گشتییانەی کە هەموو دەسەڵاتەکانی تر بەرەو کەوتن و ڕووخان دەبات.

هەندێك یاسا و ڕێسای گشتی هەن کە لەسەر ئاستی مێژووی مرۆڤایەتی دەرخەری ئەو ڕاستیەن بۆچی زۆرینەی قەوارە مێژووییەکان سەرەنجامیان بەرەو ڕووخان و تیاچوونە، بە چاوخشاندن بەو یاسا و ڕێسایانەدا دەتوانین تیشکی زیاتر بخەینە سەر ئەزموونە مێژووییەکانمان.

لێرەدا نموونەی مێژوویی بە بەڵگە ناهێنینەوە، چونکە ئەگەر بمانەوێت نموونە بۆ ڕۆڵی کاریگەری ئەو هۆکارانە بهێنینەوە کە دواتر ئاماژەیان پێ دەکەین، ئەوا دەبێت زۆرینەی ڕووداوەکانی مێژوو باس بکەین، بەتایبەت ئەو ڕووداوگەلانەی کە لە کۆتایی ژیانی هەر دەوڵەتێکدا ڕوویان داوە، بە دڵنیاییەوە لێرەدا بواری ئەوەمان نییە، ئەو نموونانەش کە لە کاتی شیکاری ڕووداوەکاندا ئاماژەمان پێ کردن بەسن بۆ ئەوەی ببنە نموونەی خەرواری ڕووداوەکانی تر.

پاڵنەری بیروباوەڕ دەوڵەتەکان دروست دەکات، لە هەمان کاتیشدا ڕۆڵی باش دەگێڕێت بۆ بەڕێوەبردنی ئەو دەوڵەتانە و بەرهەمداربوونیان، کاریگەری و وردبینی زیاتریان دەداتێ، لە کاتی لاوازیی ئەو پاڵنەرەدا بە شێوەیەکی ڕێژەیی لە یەکێك لە ئەزموونەکاندا ئەو ئەزموونە توانای گەشە و بەردەوامی لەدەست دەدات، ئەو بەستەرانەی کە بەشەکانی بەیەکەوە دەبەستێتەوە و بە ئاڕاستەی ئامانجە ڕوونەکانی دەیانجوڵێنێت هەڵدەوەشێنەوە و سەرەنجام ئەزموونەکە لێك دەترازێت و ناتوانێت لە ڕێکردن بەردەوام بێت.

لاوازیی پاڵنەری بیروباوەڕ دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی ڕەوشت و تێکچوونی پەیوەندییە گشتییەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هەستنەکردن بە بەرپرسیارێتی و نەمانی چاودێری و ویژدان زیندوویێتی، ئەوانەش دەبنە هۆی بێتوانایی بۆ بەرهەمهێنان کە بنچینەی دەوڵەت و گەشەسەندنیەتی.

نەمانی پاڵنەری بیروباوەڕ یان لاوازبوونی دەبێتە هۆی لاوازیی ویستی مرۆڤ و دووچاری تەمبەڵی دەکات و ڕێگر دەبێت لەوەی بە شێوەیەکی بەردەوام دەستپێشخەریی بکات بۆ سوودبینین لە ڕەگەزەکانی کات و شوێن لەپێناو بەدیهێنانی پێشکەوتن و داهێنانی زیاتر.

بابەتێکی تر هەیە کە کاریگەریی زۆری هەیە لە سەرکەوتنی دەوڵەتان، بەتایبەت دەسەڵاتە ئیسلامییەکان، ئەویش بریتییە لە دەستبەرداربوونی جوڵە و بەردەوامی و زیندوویەتی جیهادی، لە چەندین شوێنی ئەم کتێبەدا گرنگیی بزووتنەوەی جیهادیمان ڕوونکردووەتەوە و پەیوەندیی قووڵی نێوان جیهاد و بەردەوامیی دەسەڵاتە ئیسلامییەکان و کاریگەریی جیهاد لەسەر بەهێزیی و بێهێزیی سەرکردایەتییەکانمان باس کردووە.[1]

سروشتی هەموو سیستمێك وایە کە ڕێژەیەك نەرمیی تێدایە، ئەگەر ئەو ڕێژەیە بەرەو دابەزین هات، ئەوا سیستەمەکە لەڕادەبەدەر بەرەو ڕەقی دەڕوات و سەرئەنجامیش بەرەو وشکبوونەوە و تێکشکان و کەوتن دەچێت، لە لایەکی تریشەوە ئەگەر ئەو ڕێژەیە لەڕادەبەدەر بەرز بۆوەوە، ئەوا سیستەمەکە بە هەمان شێوە بەرەو هەڵوەشاندنەوە دەچێت و سەرەنجامیش بەرەڵایی و پشێوییەك ڕوو دەدات کە بەرەو ڕووخان دەیبات. توانای ئەو کۆمەڵگایەش بە سەرکردایەتی و جەماوەرەکەیەوە بۆ وەڵامدانەوەی ئاڵنگارییە تازەکان کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، سروشتی بن یاخود دەستکردی مرۆڤەکان بن و تێپەڕاندنی ئەو تاقیکردنەوەیە بە

---

[1] بڕوانە بۆ بەشی دووەمی ئەم دەروازەیە.

سەرکەوتوویی، ئـەزموون و توانـای زیـاتر دەدات بـە سـەرکردایەتی و جـەماوەر بـە ئاڕاسـتەی نوێبوونـەوە و بـەردەوامیی ڕێکـردن، ئەگـەر ئـەو کۆمەڵگایـە نـەیتوانی وەڵامی ئەو ئاڵنگارییانە بداتەوە و چووە ژێر باریانەوە، ئـەوا بەناچـاری لـە شـانۆی دەسەڵات دوور دەکەوێتەوە و لەکار دەکەوێت، دەبێت گۆڕەپانەکە بۆ ئەوانـە چـۆڵ بکات کە توانای ڕووبەڕووبونەوەی زریانەکانیان هەیـە و وزەیـان لـێ وەردەگـرن بـۆ پێشڕەویکردن و پێشکەوتن.

زۆر جـار لاوازییـەکی کتـوپڕ یـاخود لەسـەرخۆ ڕوو لـە تـەرازووی هێـزە نێودەوڵەتییەکان دەکات لە ئەنجامی دەرکەوتنی چـەند هێزێکـی نـوێی گـەورە کـە لەبەر هەر هۆکارێك لە گۆشەگیریی دەردەچن و بەسەر قەوارە کۆنەکانـدا زاڵ دەبـن کە بە هۆی پیربوونیانەوە تووشی هەڵەی زۆر بوون.

هەندێك جار فراوانی ڕووبەریش هۆکارە، کاتێك دەبینین خاکی وڵات پانتاییەکەی فراوانە و ناتوانرێت بەسەریدا زاڵ بن و لە هەموو شوێنەکانیدا کاریگـەر بـن، کاتێـك دڵ ناتوانێت خوێنی تازە بنێرێت بـۆ هـەموو ئەندامـەکان، ناتوانێـت زیندوویـەتی و بووژانەوەیان پێ ببەخشێت، دەبێت چاوەڕوانی لێکهەڵوەشان و پارچەپارچەبوون و ڕووخان بکات.

هەمەجۆریی ئەو ڕەگەزانەی کە بەشدارن لە ئەزموونە مێژووییەکەدا پەیوەنـدیی هەیە بەو ڕووخانەوە، چونکە ململانێ دروست دەبێت و کاریگەریی لەسەر یەکڕیزیی و بەرهەمداری ئەزموونەکە دروست دەکەن، بەمەش تووشـی ئیفلیجبـوون دەبێـت و کاریگـەریی نامێنێـت و کـەلێن دەکەوێتـە جەسـتەیەوە بـۆ هاتنـەناوەوەی زریـانی ڕووخێنەر و پارچەپارچەکەر.

حەز و ئارەزووی مرۆڤایەتی بۆ سەرکردایەتی لە ناخی زۆرێك لـە سـەرکردەکاندا هەیە و پاڵنەرە بۆ ئەوەی وزەیەکی زۆر سەرف بکات لـەپێناو گەیشـتن بـەو حـەز و ئارەزووەی، جا لەسەر ئاستی کەسی بێت، یان ئـەو بنەماڵەیـەی کـە سـەرکردایەتی

دەکەن، یاخود ئەو ئوممەتەی کە پێشەوایەتی دەکەن، دیارە بەدیهێنانی ئەو خواستەش لەسەر حیسابی دەوڵەت و قەوارەکانی تر دەبێت.

بوونی زیاد لە یەك ناوەندی هێز کە هەر یەکێکیان کار لەسەر ئەوە بکات بۆ ئەوەی تەنها خۆی دەسەڵاتدار بێت، ئیزدواجییەت لە پۆستە باڵاکاندا دروست دەکات، ئەوەش خۆی لەم حاڵەتانەدا دەبینێتەوە، هەندێك جار لە یەك کاتدا دوو جێنشین دەبێت و هەندێك جاریش لەسەر دەسەڵاتی مەدەنی و ناوەندی و سەربازی پێشبڕکێ دەکەن، هەندێك جاریش کێشمەکێشمەکە لەنێوان دوو بەرپرسدایە وەك خەلیفەیەك و سوڵتانێك، یاخود میرێك و وەزیرێك. ململانێی حیزبی یان خێڵەکی، یان ڕێبازی، یاخود سیاسی، یەکێکی ترە لە هۆکارەکانی کەوتنی دەسەڵات، ئەویش لە کاتێکدا کە دەسەڵات لایەنگریی لایەك بکات و لایەنەکانی تریش بکاتە بەرهەڵستکار و دوژمن، یاخود لەجیاتیی ئەوەی لە ناوەندی دەسەڵاتدا جێی خۆیان بکەنەوە پەنا ببەنە بەر ئەوەی کە لە ناوچەکانی تری ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتدا خۆیان بسەپێنن.

هۆکارێکی تریش: نەمان یاخود لاوازبوونی بنەمای دابەشکردنی پۆست و هەلی بەرپرسیارێتییە بە شێوەیەکی یەکسانی و بەپێی تواناکانیان، ئەویش بە بێبەشکردنی کەسانی سەرکەوتوو لە پۆستە باڵاکان و ناوەندە زیندووەکان، ئەو کەسانەی کە توانای نوێبوونەوە و بەرهەم و داهێنانیان هەیە و زانیاریی قووڵ و بۆچوونی ڕاستییان دەبەخشن بە ئەزموونەکە، لە بەرامبەردا ئەو پۆستانە بدرێت بە کەسانێك کە تواناکانیان سنووردارە.

تووڕەبوونی جەماوەریش کە وەکو ئاگر لەناو ڕیزەکانی دەسەڵاتدا دێت و دەچێت هۆکارێکی ترە بۆ ڕووخانی دەسەڵات، هۆکارەکەشی ستەم و پاوانخوازیی و بێدەنگکردنی خەڵکە، کە لەلایەن دەسەڵاتەوە پیادە دەکرێت، چونکە هەموو کارێك کاردانەوەی هەیە کە لە هێزدا یەکسانن و لە ڕووگەدا جیاوازن، لێرەشدا بە

ئەندازەی ئەو ستەمەی کە لێیان دەکرێت کاردانەوەکە توند دەبێت، هەندێك جاریش کاردانەوەکە ئەوەندە بەهێزە کە سنووری شۆڕش تێدەپەڕێنێت، کە دەیڕوخێنێت و سەرلەنوێ بونیاتی دەنێنەوە، تا دەگاتە پشێوی و تێکدانی ئەزموونەکە و سەرەنجامیش بەرەو هەڵوەشاندنەوە و ڕووخانی دەبات.

قەیرانی ئابوورییش پەیوەندیی هەیە بە کەوتنی دەسەڵاتەکانەوە لە هەموو بوارەکانیدا: چالاکییەکان و کارگێڕی و پەیوەندییەکان و بەرهەمهێنان و دابەشکردن، پشێوی لە بواری ئابووریدا ڕۆڵێکی مەترسیدار دەگێڕێت لە لاوازکردنی دەوڵەتەکاندا و بەرەو کەوتن ڕاپێچیان دەکات، چونکە ئابووری بنچینەیەکی بەهێزە کە دەوڵەت هەموو توانا مادییەکانی خۆی لەسەر بنیات دەنێت لە هەموو بوارەکاندا، بە بواری سەربازییشەوە، چالاکی پەرشوبڵاو و خراپ بەڕێوەبردنی ئابووری و ئاڵۆزی لە ڕێکخستنی دارایی دەوڵەتدا و ستەمکردن لە ڕێگەی سەپاندنی باج و دوودڵی و دواکەوتنی بەرهەم و خراپدابەشکردن، هەموو ئەمانە ڕۆڵی مەترسیدار دەگێڕن لە لەناوبردنی توانا ئابوورییەکانی هەر وڵاتێکدا، هێزی فراوانبوون و ڕێکخستنیشی ئیفلیج دەکەن و توانای ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگارییەکانی نابێت. خراپ دابەشکردنی داهات دەبێتە هۆی تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵایەتی و فراوانبوونی چینایەتی و سەرەنجامیش سەر دەکێشێت بۆ ململانێی زیاتر، ئەو تاقمانەی کە بێبەش دەکرێن و دوور دەخرێنەوە پەنا دەبەنە بەر ڕاپەڕین و شۆڕش دژی ئەوانەی کە مافیان دەخۆن، ئەوانەی بە چوارمشقی لە لووتکەی دەسەڵاتدا دادەنیشن و ماڵ و سامان و دەسەڵات بۆ خۆیان قۆرخ دەکەن.

لاوازبوونی هاوسەنگی لەنێوان بەها ڕۆحی و بەها مادییەکان و ئەو کاریگەرییە خراپانەی کە لەسەر ئاییندەی دەوڵەت و شارستانییەتەکان هەیەتی، هۆکارێکی ترە بۆ ڕووخانی دەوڵەتەکان، چونکە لادان بە ئاڕاستەی مادیەت و فەرامۆشکردنی داواکارییە ڕۆحی و غەیبی و ڕەوشتییەکان دەبێتە جێگرەوەی ئەو هاوسەنگییە،

یاخود ڕووکردنـە ڕۆحانیـەت و فەرامۆشـکردنی داوکارییـە مادییـەکان و تێپەڕانـدنی پێویستییەکانی دەبێتە جێگرەوەی، لە هەردوو دۆخیشدا شارستانیەتەکە یـان ئـەو دەوڵەتەی کە نوێنەرایەتی دەکات، ئەو هێـز و توانایـە لەدەسـت دەدات کـە بـەرەو پێشکەوتنی زیاتر و گەشەسەندنی بەردەوام ئاڕاستەی دەکات، چونکە مرۆڤ لەسـەر ئاستی تاك و کۆمەڵ ئەگەر بـاری هاوسـەنگی مرۆڤایـەتی خـۆی لەبەرچـاو نـەگرێت ناتوانێت کەسێکی کارا و بەرهەمدار بێت، ئەگەر ئەو هاوسەنگییە ڕانـەگرێت بـە لای ڕاست یان چەپدا دەکەوێت، گرنگینەدان بە تەندروستیی خـود و هاوسـەنگیی مـرۆڤ بـوون یەکێکـە لــە گـرنگترین هۆکارەکـانی لەدەسـتدان لــە مێـژووی دەوڵــەت و شارسـتانیەتەکاندا، لـە هـەمان کاتیشـدا لێکدانـەوە بـۆ هۆکارەکـانی تێکشـکان و نسکۆکانیان دەکات بە درێژایی مێژوو.

لە کۆتاییدا دەپرسین ئایا دەتوانین ئـەو یاسـا گەردوونییـە گەورەیـەش بکەینـە هۆکاری کەوتنی دەسـەڵاتەکان کـە چـەرخی ژیـان و سروشـت و هـەموو شـتەکان و دروستکراوەکان و مێژوو بەو شێوەیەی کە ئاشـکرایە و دەیـزانین دەسـووڕێنێت لـە خاڵی دەستپێکە تا سەرەنجامەکان، چۆن لە سەرەتاوە بەرەو بەرزبوونەوە دەسـت پێ دەکات و سووڕی خۆی تەواو دەکات و دوای ماوەیەکی کەم بەرەو سـەرەنجامی نووسراوی خۆی دەڕوات؟ بەبێ هۆکارێك ئەو کەوتنە ڕوو نادات، بـەڵکو هـەموو ئـەو هۆکارانەی کە ئاماژەمان بۆ کردن کاریگەرییان هەیە لە کەوتنی ئەو دەسـەڵاتانەدا، هیچ دەوڵەت و شارستانیەتێکیش نییە کە لەژێر کاریگەریی هۆکارەکاندا نەبێت.

لێـرەدا ئـەو حیکمەتـە دەردەکـەوێت و مـرۆڤ هەسـتی پـێ دەکـات لـە کاتێکـدا لەبەردەم ئەو مێژووە دەوەستێت کـە دەوڵـەت و شارسـتانیەتەکەی دەسـووڕێنێت. ئایەتە قورئانییەکەش بە درێژایی کات و شـوێن دەنـگ دەداتـەوە کـە دەفـەرموێت: ﴿وَتِلْكَ الْأَيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيْنَ النَّاسِ﴾ (آل عمران : ١٤٠)، واتە: (ئەوە ئەو ڕۆژگارانەن کە ئێمە دەستاو دەستیان پێ دەکەین لەناو خەڵکیدا).

**١٠ـ تەوژمی گۆڕان و هەوڵەکانی پابەندبوون:**

لە کاتی بەراوردکردنی سەرکردە و دەسەڵاتە ئیسلامییەکاندا بە درێـژایی مێـژوو دوو تـەوژمی گـەورە دەبیـنین، یەکـەمیان ئامـانجی گـۆڕینی سـەرکردایەتی بـوو لـە ناوخۆوە، جا گۆڕانکارییەکی کەم بێت لـە ڕێگـەی ئەنجامـدانی چاکسـازییەوە، یـان گۆڕانکـاریی ڕیشـەیی بێـت لـە ڕێگـای ئەنجامـدانی کودەتـاوە و دامەزرانـدنی دەسەڵاتێکی تازە، کـە بـە هـیچ شـێوەیەك پەیوەنـدیی بـە دەسـەڵاتی پێشـووەوە نەبێت، ئامانجی تەوژمی دووەم بریتی بووە لە شۆڕشکردن لە دژی سـەرکردایەتی و دوورخستنەوەیان لە دەسەڵات و شوێنگرتنەوەیان لەلایەن خودی خۆیانەوە.

هەوڵی سەرکەوتوو و شکستخواردوو لە هەردوو تەوژمەکەدا هەبوون، هەوڵـەکانی کودەتا و بزووتنەوە بەرهەڵستکارەکان لە هەردوو حاڵەتدا پانتاییەکی فراوانیـان لـە گۆڕانکارییـەکانی مێـژووی ئیسـلامی پێـك هێنـاوە و دەرخـەری ڕۆڵـی ئیسـلامن لـە داڕشتنی جووڵانەوەی مێژوو و دروستکردنی ڕووداوەکانیدا، هـەروەها ئـەو ڕاسـتییە دەردەخەن کە ڕووداوە مێژووییەکان نەوەی بیروباوەڕی ئیسلامین بە درێـژایی کـات و شوێن، هەروەها بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە ئەو مێـژووە تـەنها مێـژووی دەسـەڵات نییە، وەك زۆرێك لە خەڵکی یاخود دەسەڵاتداران وا گومان دەبەن.

سـەبارەت بـە هەوڵـەکانی گۆڕانکـاریی نـاوخۆیی مـن توێژینـەوەم کـردووە لـە ئەزموونی هەریەك لە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز[1] و نورەدین مەحمود،[2] وەك دوو ئەزموونی گشتگیر و فراوان، کـە توانییـان سـەرکەوتنێکی بێوێنـە بەدەسـت بهێـنن لەسەر هەموو ئاستەکاندا.

---

[1] بڕوانە: عماد الدين خليل، ملامح الانقلاب الإسلامي في خلافة عمر بن عبدالعزيز، الدار العلمية، بيروت، ١٩٧٠م.

[2] بڕوانە: عماد الدين خليل، نورالدين محمود، الرجل وتجربته الإسلامية، الطبعة الثانية، دار القلم، دمشق، ١٩٨٧م.

ئەو سەرکەوتنەشیان بەڵگەی ئەوەیە هەر ئەزموونێك مەرجەکانی سەرکەوتنی هەردوو ئەزموونی عومەر و نورەدینی تێدا بێت، ئەوا بە هەمان شێوە سەرکەوتوو دەبێت، ئەگەرچی لە کات و سەردەمێکی جیاوازیشدا بێت.

ئەزموونی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز زۆرینەی زۆری ڕاستییە مێژووییەکانی مێژووی مرۆڤایەتی بەگشتی و مێژووی ئیسلامی بەتایبەتی فێر کردین، ئەو گۆڕانکارییەی کە عومەر لە ماوەی کەمی دەسەڵاتیدا دروستی کرد لە ژیان و ئامانج و پێویستییەکانی خەڵکدا و لە سەرجەم بوارەکانی سیاسەت و جەنگ و کارگێڕی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و پەروەردە و ڕۆشنبیرییاندا، ئەو سەرکەوتنە فرەڕەهەندەی کە بەرهەمی ئەو گۆڕانکارییە بوو لە دوای بارودۆخێکی قورس و ئاڵۆز و تەمومژاوی چەند دەیەیەکی دووردرێژ کە زۆرێك لە چەمك و بەها ئیسلامییەکانی شێواندبوو دابڕان و دووبەرەکی خستبووە نێوان بیروباوەڕ و شەریعەت و ژیانی خەڵکەوە، عومەر شەریعەتی لەگەڵ ژیانی خەڵکدا گرێ دایەوە و سەرجەم دامودەزگاکانی حکومەتی پابەند کرد بەو چوارچێوانەوە کە قورئان و سوننەت بۆی دیاری کردبوون، ژیان و پێدراوەکانی خەڵکی بە گوێرەی ویستی خودا و پێغەمبەر ئاڕاستە کردن، ئەو سەرکەوتنەی عومەر ئاماژەی ئاشکرای تێدا بوو بۆ ئەوەی کە دەکرێت بەرنامە و شەریعەتی ئیسلام پیادە بکرێت لەهەر کاتێکدا دەسەڵات کەسانێکی زیرەکی لەبەردەستدا بێت کە پارێزبەند بن و نەرمیان هەبێت و ئیمانێکی دامەزراو و پارێزکارییەکی بەردەوامی وایان هەبێت کە هەمیشە چاویان لەسەر بەها باڵاکان بێت کە لە پێناویدا کار دەکەن و ڕووبەڕووی ئەو مەترسییانە ببنەوە کە ڕوو لەو بەها و ئامانجانە دەکەن، پارێزکاری و لەخوداترسانێکی وەهایان هەبێت کە حەز و ئارەزووە تایبەتییەکانیان و ویستە کەسییەکانیان وەلا بنێن، هەموو وزە و تواناکانیان بەو ئاڕاستەیەدا ببەن کە بڕژێتە ئەو زەریا فراوانەوە کە هیچ بەربەستێك لەو بەربەستانەی دەیانەوێت ڕێگر بن لەبەردەم گەڕانەوەی ژیان بۆ ڕێگای خودا

لەبەردەمیدا خۆی نەگرێت و تێکی بشکێنێت، ئەوە ئەو ڕاستییەیە کە لە گەشتەکەماندا بەناو ژیانی عومەری کوڕی عەبدولعەزیزدا فێری بووین، ئەو خەلیفەیەی کە ڕابەرایەتیی شۆڕشێکی ئیسلامی کرد لە دژی چەند بارودۆخێکی نابار لە هەموو گۆڕەپانەکاندا، بە زیرەکی و دامەزراوی و نەرمیی باوەڕ و لەخوداترسانی خۆی توانی ئەو سەرکەوتنە گەورەیە بەدەست بهێنێت.[1]

سەبارەت بە ئەزموونی دەسەڵاتی نورەدین مەحمودیش، بە دڵنیاییەوە دەڵێین بریتی بوو لە جێبەجێکردنی سیستمی ئیسلامی لە دەوڵەتەکەیدا، ئەویش بەڵگەیەکی تری مێژوویییە لەسەر ئەوەی کە ئیسلام لە ڕووی بیروباوەڕ و شەریعەتەوە توانای خۆگونجاندنی هەیە لەگەڵ ژیان و جووڵانەوەی مێژوویی و دروستکردنی ڕووداوەکاندا لە هەر کاتێکدا بێت، بە مەرجێك نیازپاك و باوەڕدارێکی ڕاست هەبێت هەست بە بەرپرسیارێتی بکات و زیرەکی و تێگەیشتنی هەبێت، لەژێر ڕۆشنایی قورئان و سوننەت و تێگەیشتنی زانایانی شەریعەتدا، هەروەها ئەزموونی نورەدین بەڵگەشە لەسەر ئەوەی کە زۆرینەی موسڵمانان لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕێگرییان لێ بکرێت بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە سەرچاوەکانی هزر و بیروباوەڕ و مێژووکەیانەوە بکەن، بەڵام ئەو پەیوەندییە بەردەوامەیان لە دڵ و هۆش و ویژدانیاندا هەڵدەگرن کە بەرامبەر ئەو ئایینە هەیانە کە خودا و پێغەمبەر ڕێزیان لێ ناوە، هیچ جێگرەوەیەکیشیان لەلا پەسەند نییە کە لێرە و لەوێ دەهێنرێت و سەرەنجامەکەشی پارچەپارچەبوون و پچڕانی ئەزموونەکە دەبێت.

"ئەوانە مسوڵمانانی سەدەکانی سەردەمی پابەندبوون بوون، بیروباوەڕێکیان هەبوو کە لەگەڵ لۆژیکی مرۆڤدا دەگونجا، ئەفسانەی تێکەڵ نەبوو تا لە سەرەتای ڕێگادا بیانخات، وەك تاریکایی مادیەت نەبوو تا لە نیوەی ڕێگا ونیان بکات، بیروباوەڕێك بوو هاوسەنگی ڕاگرت لەنێوان داواکارییەکانی ڕۆح و پێویستییە

---

[1] بڕوانە: عماد الدين خليل، ملامح الانقلاب، ص٢١٠.

مادییەکاندا، ئەوان عەقڵ و ڕۆح و جەستەی ونبووی خۆیان لە خۆئامادەکردندا بۆ گەڕانەوە بۆ لای ئەو بیروباوەڕە بینییەوە کە دووچاری سەرگەردانییان ناکات لە کاتێکدا کە ڕێچکەکان زۆرن، گەڕانەوەیەك کە وەك کردارێکی مێژوویی لە سۆنگەی ئاڵنگارییەکی ناوخۆیی یان دەرەکی خۆی دەسەپێنێت، یاخود لە دوای دەرکەوتنی ڕێبەرایەتییەکی بڕواداری تێگەیشتوو شوێنپێی خۆی قایم دەکات، گەڕانەوەیەك بوو کە بەردەوام بەندەکانی لە بەندایەتیی بەندە دەردەهێنا بۆ بەندایەتیی خودای بەندەکان و لە تەنگەبەری دونیا دەری دەهێنان بۆ فراوانییەکەی و لە ستەمی ئایینەکان دەری دەهێنان بۆ دادگەری ئیسلام". [1]

بزووتنەوەی بەرهەڵستکارەکانیش ڕەگ و ڕیشەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی مێژووی ئیسلامی، ڕووداوەکانی ئاشووبەکەی سەردەمی عوسمانیش بە جۆرێك لە جۆرەکان ململانێ بوون لەسەر دەسەڵات کە سەرەنجامەکەی گەیشتە ململانێی نێوان عەلی و موعاویە و لەوێشەوە سەرەتای بزووتنەوە بەرهەڵستکارە سەربازییەکان لە مێژووی ئیسلامدا دەرکەوتن، کە بریتی بوون لە: خەواریج، شیعە بە باڵە جیاوازەکانیەوە، جووڵانەوەی موختار، بزووتنەوەی زوبەیری، بزووتنەوەی یەزیدی کوڕی موهەللەب، بزووتنەوەی (ابن الأشعث)، بزووتنەوەی عەباسی، بزووتنەوەی (المرابطین) و (الموحدین)، بزووتنەوە سۆفی و پیشەییەکانی تریش.

ئامانجی گشت ئەو بزووتنەوانە شۆڕشکردن بوو دژی سەرکردەکانی ڕۆژ و بەدەستهێنانی دەسەڵات، زۆرینەشیان بەلای کەمەوە بەرنامە و پاشخانی ئایینی یاخود سیاسییان هەبوو، زۆرینەشیان خاوەنی تێڕوانینی ئیسلامی بوون، هەریەکە و بە تێگەیشتنی خۆی و لە گۆشەنیگای حیزبی و ڕێبازی خۆیەوە کاری دەکرد. تەنها هەندێك لە بزووتنەوەکانی وڵاتی فارس نەبێت، وەك ڕاوەندی و موقنیعی و خیرمیەکان، کە پشتیان بە بیروباوەڕەکانی پێش ئیسلام دەبەست لە

---

[1] عماد الدين خليل، نورالدين محمود، ص٥، ٦.

بۆچوونەکانیانیدا، هەوڵی ڕووخانی ئایین و دەسـەڵاتی عـەرەبیان دەدا بـە پاڵنـەری شعوبی و ڕێبازێکی دیاریکراو، ئەگەرنا زۆرینـەی بزووتنـەوە بەرهەڵسـتکارەکان کـە هەوڵی بەدەستهێنانی دەسەڵاتیان دەدا و مەبەستیان ناوەندی بڕیار بـوو، هـەڵگری دروشمی ئیسلامی بوون و ڕوویەکی ئیسلامییانەیان هەبوو و لـە بـواری بیروبـاوەڕ و مێژوودا پشتیان بە سەرچاوە ئیسلامییەکان دەبەست.

لەگەڵ ئەوەشدا، زۆر قورسە بۆ کەسێك کە هەڵگری تێڕوانینێکی پاکی ئیسلامی بێت و تێگەیشـتنێکی بابەتییانـەی هـەبێت بـۆ دەق و چارەسـەرە ئیسـلامییەکان و لەگەڵ ئەوەشدا دان بەوەدا بنێت کـە ئـەو بزووتنەوانـە هـەموویان ئیسـلامی بـوون، یاخود بڕوا بەو بانگەشانە بکات کە هەندێك لەو تاقمانـە پشـتیان پـێ بەسـتبوو بـۆ مانەوە و بڵاوبوونەوە و داواکردنی دەسـەڵات، دوای لێکۆڵینـەوە دەر دەکـەوێت کـە هەنـدێك لـەو بزووتنەوانـە ئیسـلامیان وەك ڕێگایـەك بـەکار هێنـاوە بـۆ ڕازیکردنـی جەماوەر و کۆمەڵگا ئیسـلامییەکان، هـەروەها وەك بەهانەیـەك بـۆ ڕەوایەتیـدان بـە جووڵانەوەکـەیان بـە مەبەسـتی ڕووبەڕووبوونـەوەی سـەرکردایەتیی دەسـەڵاتدار و دوورخستنەوەیان و دانیشتن لە جێگاکانیان.

ئەوەش مەترسییەکی ڕاستەقینەی لەسەر ئیسلام نەبوو، چونکە زۆری نەخایانـد کـە ڕووداوە مێژووییـەکان ڕووی ڕاسـتەقینەیان لەسـەر پاڵنـەرەکانی ئـەو بزاوتانـە هەڵماڵی، هەتا بەڵگە و بەهانەیان نەمێنێت و بزووتنەوەکانیان لـەناو تـەوژمێکی پـڕ ژاوەژاودا ون بوون، هەموو ئەوانەی پێچایەوە کە دەیانویست سـواری شـەپۆلەکانی ببن بە مەبەستی بەدەستهێنانی دەستکەوتێکی دیاریکراو.

مەترسیی گەورە لەو بزووتنەوانەدایە کە بە بیروبـاوەڕی لادەر نـاو دەبـرێن و بـە ناوی ئیسلامەوە کار دەکەن، گوایە لە منداڵدانی ئیسلامەوە هـاتوون، ئـەم کـارەش بە مەبەستی بەدەستهێنانی شوێنکەوتوو و پەیوەستکردنیان لە ڕێگەی نادروستەوە دەکەن، کە بە هیچ شێوەیەك خودا پێی ڕازی نییە.

بـه تێپـەڕبوونی کـاتیش ئـەو لادانانـە کەڵەکـە دەبـن و لـە ڕووی چـەندێتی و چۆنیەتییەوە ڕوو لە زیادبوون دەکەن و لەسـەر ئاسـتی تیـۆری و ئـاوەز و ویـژدانی شوێنکەوتووەکانی ئاڵۆزتر دەبێـت و بەمـەش بیروباوەڕەکـە زیـاتر تووشـی لادان و تەشەنەسەندن دەبێت.

هەنـدێك لـەو بزووتنەوانـە ڕەگ و ڕیشــەیان لـە سەرچـاوە نائیسـلامییەکانەوە وەرگرتبـوو، وەك: بتپەرسـتی، یـاخود یۆنـانی، یـاخود جوولەکـە، یـاخود فارسـی، یاخود مەسیحی.

هەندێکی تریان چەمکەکانی یەکتاپەرستی و ئازادکردنی ویژدانیان تێدەپـەڕێنن، کە ئیسلام بانگەشەی بۆ کردووە و بونیادی خۆی لەسەر کردووە، بەرەو جۆرێك لـە بتپەرستیی نوێ دەڕۆن، کە لەسەر بەپیرۆزکردنی کەسەکان و پەرستنی سـەرکردە ئایینیەکان وەستاوە، بـەوەش هەرچـی بیروبـاوەڕە سـەرەتاییەکانی ئیسـلام هەیـە هەڵدەوەشتێنێتەوە.[1]

هەنـدێك لـەو بزووتنەوانــەش بــە شـێوەیەك لــە بــەها و ڕەوشــت و دروشمــە ئیسلامییەکان خۆیان دوور دەخستەوە، بە هەندێك بەهانـە و بەڵگـە تـا سـەرەنجام خووڕەوشـت و هەڵسـوکەوتیان لـە کەسـانێك دەچـوو کـە هـیچ پەیوەندییـەکی بـە ئیسلامەوە نەبێت.

بەشـێکی تـر لـەو بزووتنەوانـە لەسـەر توونـدترین شـێوازی چـینایەتیی ئـایینی وەستابوون لـە ڕووی داخرانـەوە، ئـەویش بـە کورتکردنـەی زانسـتی لێکدانـەوە و تێگەیشــتن لــە بابەتــە ئایینییــەکان لــەلای چــەند کەســانێك، وەك ئیکلۆروســی مەسیحیەت، ئەوەش هەڵوێسـتێکی تـەواو پێچـەوانەیە لەگـەڵ کرانـەوەی ئیسـلام و

---

[1] بڕوانە: المقريزي، كتاب (السلوك لمعرفة دول الملوك)، تحقيق: د. محمد مصطفى زيادة، دار الكتب المصرية، القاهرة، ١٩٣٦م، الجزء الثاني، القسم الأول، ص١٧٤ ـ ١٧٨. والنويري، كتاب (نهاية الأرب في فنون الأدب) نسخة مصورة عن دار الكتب، القاهرة، ١٩٥٤م، ٣٠/ ١١٣، ١١٤.

ڕوونیی ڕێنماییەکانی لە ڕووی خەڵکدا، قورئان و سوننەتیش ئەو ڕاستییە دووپات دەکەنەوە کە هەرکەسێك بیەوێت دەتوانێت لە هەموو بابەتەکانی ئیسلام شارەزا ببێت و تێگەیشتنی هیچ بابەتێك بۆ هیچ کەسێك قۆرخ نەکراوە.

لە ڕووی سیاسییشەوە هەندێك لەو جووڵانەوانە زۆر بەلایانەوە ئاسایی بوو کە دەستی یارمەتی بۆ نەیارە مێژووییەکانی ئیسلام و موسڵمانان درێژ بکەن، لەپێناو بەدەستهێنانی پشتگیریی سەربازیی و دارایی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان.[1]

لە ڕووی شارستانییشەوە هەندێك لەو بزووتنەوانە پشتیان بە چەند میتۆدێکی تێکدەرانە و دواکەوتوو بەستبوو کە لەگەڵ هەموو بەهاکانی داهێنان و بونیاتنان و پێشکەوتن پێچەوانە بوو،[2] بەڵام هەموو ئەوانە ڕێگر نەبوون لەوەی کە فراوانترین و سەنگینترین تەوژمی بەرهەڵستکاریی تەوژمێکی ئیسلامی بێت.

کەواتە دەبێت خۆمان لەو خەیاڵە بەدوور بگرین کەوا وێنای دەسەڵات و سەرکردایەتی ئیسلامی مێژوویی دەکات وەك ئەوەی پیرۆز بن یان لەلایەن خوداوە ڕاسپێردرا بن، لەسەر ئاستی جیهانی ئیسلامی هەر سەرکردەیەك لە ڕێگای ڕاست لای دابێت و ڕەخنە و ڕاستکردنەوە و گەڕانەوە بۆ سەر ڕێگای ڕاستی ڕەت کردبێتەوە، ئەوا ڕاستەوخۆ موسوڵمانان شۆڕشیان ئەنجام داوە بۆ گێڕانەوەیان، ئەمە لە کاتێکدا کە نەیانتوانیبێت بە وتە و گفتوگۆ ڕاستیان بکەنەوە.

ئەو بابەتە هەر وەك چۆن لە ئاوەز و هەستی سەرکردایەتیی ڕاشیدیندا ڕوون و ئاشکرا بوو، بە هەمان شێوەش لە هەست و خەیاڵی موسوڵماناندا ئاشکرا بوو، وتەکانی خەلیفەی یەکەم ئەبوبەکری صدیق کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد بابەتەکەمان بۆ کورت دەکاتەوە و لە چەند ڕستەیەکی کورتی تیژی بڕەری وەك

---

[1] بڕوانە: بندلي جوزی، من تاريخ الحركات الفكرية في الإسلام، دار الروائع، بيروت، (بدون تاريخ)، ص٨٧ـ١١٦.

[2] بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ص١٥٩ ـ ٢١٧.

چەقۆدا بۆمان پوخت دەکاتەوە، وتـە و کـردەوەی خەلیفـەکانی تـری ڕاشـیدینیش جێبەجێکردنێکی بێوێنەی مێژوویین بۆ ئەو وتانە.

دەسەڵاتداری ڕاستەقینەی موسڵمانان ئەو کەسەیە کـە ڕوومـەتی دەخاتـە سـەر زەوی بۆ کەسانی پاك و هەژار، هـەر وەك عومـەری کـوڕی خـەتاب ڕایگەیانـد، نـەك وەك ئەوانەی کـە خۆیـان وەك سـێبەری خـودا لەسـەر زەوی دەناسـێنن و گـوێ لـە ڕەخنە ناگرن و لەبەردەم ڕاستیدا ملکەچ نابن، هاواری ستەملێکراوان سـتەمەکەیان پێ ڕاناگرێت. بەردەوام موسڵمانان داوایان لێ دەکرێت گوێڕایـەڵیی ئـەو دەسـەڵاتە ڕەت بکەنـەوە کـە خـوارە و لـە ڕێ دەردەچـێت، نـەك بـە پێچـەوانەوە، هـەر وەك هەندێك گومان دەبەن لەبەر هەر هۆکارێك بێت.

گوێڕایـەڵیی بەرپرسـان لـە کاتێکـدا پێویسـتە کـە ئـەو بەرپرسـانە بەڕاسـتی موسـوڵمان بـن، ئەگـەرنا ڕەتکردنـەوە و ڕووبەڕووبوونـەوە و شۆڕشـی وەك نوێـژ و ڕۆژوو و زەکـات پێویسـت دەبێـت، ئەمـەش لـەپێناو ڕادەسـتکردنی دەسـەڵات بـە کەسانێك کە دەزانن بەگوێرەی ویستی خودا و پێغەمبەرەکـەی مامەڵـە لەگـەڵ ئـەو دەسەڵاتەدا بکەن. بەو شـێوەیە ئـەو بزووتنـەوە بەرهەڵسـتکارانەی کـە ڕووبـەڕووی دەسەڵاتەکان بوونەوە هەموویان خراپ نەبوون، هـەر وەك هەنـدێك لـەو نووسـەرانە بـۆی دەچـن کـە بـەردەوام بەهانـە بـۆ سیاسـەتەکانی دەسـەڵات و سـتەمکاران دەهێننەوە، بەڵکو چەند هەوڵێکی باش بوون بۆ گێڕانەوەی کاروبـاری موسـوڵمانان بۆ بارودۆخە سروشتییەکەی خۆی، ئەگەرچـی ئـەو بزووتنەوانـەش دووچـاری هەڵـە بوون و پێدراوەکانیان ناڕوونییان تێکەوت، بەڵام لە زۆربەی کاتەکاندا پاڵنەرەکەیان بریتی بوو لە جێبەجێکردنی ئیسلام لەسەر ئاستی دەسەڵات، بەو پێیەی دەسـەڵات کلیلی جووڵەی بیروباوەڕی و مێژووییە.

# بەشی دووەم

# بانگەواز و بڵاوبوونەوە و

# مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوانی تردا

**١ـ جیهانگیری ئیسلام و مەبەستی جیهاد:**

هەر لە چرکەساتەکانی سەرەتای بانگەوازەوە ئیسلام ستراتیجیەتی بڵاوبوەوەی بە ڕووی جیهاندا ڕاگەیاند و بەردەوام دووپاتی دەکردەوە، چونکە ئیسلام لەپێناوی مرۆڤدا هاتبوو لە هەموو کات و شوێنێکدا ﴿وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ﴾ الأنبياء: ١٠٧، واتە: ئەی محەمەد (صلى الله عليه وسلم) ئێمە تۆمان ڕەوانە نەکردووە تەنها بۆ ئەوە نەبێت کە ببیتە ڕەحمەت و بەرەکەت بۆ هەموو جیهانەکان) لێرە خودای گەورە نافەرموێت تەنها بۆ قوڕەیش، یان تەنها بۆ عەرەبەکانی باکوور، یاخود تەنها بۆ نەتەوەی عەرەب، هەر وەك چۆن نافەرموێت بۆ سەدەی حەوتەمی زایینی، یان دەیەم، یان بیستەم، بەڵکو مەحەمەد سۆز و بەزەییە بۆ هەموو جیهانییەکان و لە هەموو کات و شوێنێکدا.

دەنگی ئیسلام و پێدراو و بۆچوونەکانیشی لە ڕێگەی وتەوە دەگاتە مرۆڤ و لەو ڕێگەیەوە بڵاو دەبێتەوە، بەڵام ئەگەر هەندێك پاشا و فیرعەون و ستەمکار و بت و خودا و سەرکردەی گومڕا و دەسەڵاتی بێباوەڕ و چینی خۆشگوزەران و خەڵکی بەرژەوەندیخواز بوونە ڕێگر لە گەیشتنی ئەو وتانە بە مرۆڤەکان و ڕێگایان لە بانگخوازان گرت و بە چەك و هێز نەیانهێشت ئەو وتانە بگەنە عەقڵ و ویژدانی مرۆڤ هەتا ئەو پەردەیەی کە لەسەر دڵیانە بیدڕێنێت و سەرلەنوێ بیگێڕێتەوە بۆ ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵەی کە دەبێت لەگەڵ گەردوون و جیهان و ژیان بیبێت و بیگێڕێتەوە بۆ لای خودا، چونکە ئەگەر مرۆڤ بیەوێت ئەرکە سەرەکییەکەی لەم جیهانەدا بەجێ بهێنێت، ئەو ئەرکەی کە خودا بەهۆیەوە مرۆڤی ڕێزدار کردووە و کردوویەتی بە سەرداری هەموو جیهانەکانی تر، ئەوا دەبێت بگەڕێتەوە بۆ لای

خودا، ئایا له کاتی ڕێگیرییکردن له گەیاندنی ئەو پەیامە چی ڕوو دەدات؟ ئایا لەو کاتەدا وشە دەتوانێت بەربەستی ستەم تێك بشکێنێت و بگات بە مرۆڤ؟

لەپێناو ئەوەدا کە ئیسلام بەبێ هوودە له بۆشاییدا نەجوولێتەوە و تەنها خەون بە جیهانێکی بەختەوەری یەکگرتووەوە نەبینێت، جیهادیش هەوڵێکی چەکدارییە بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەی ئیسلام، یاخود ڕێخۆشکەرە بۆ هێنانەدی جیهانگیریی ئیسلام بە ڕووخاندنی سیستمە ستەمکارەکان و کودەتاکردن بەسەر دەسەڵاتە گومڕاکاندا و لادانیان لە ناوەندی بڕیار و سەرکردایەتی و ڕەتکردنەوەی یاسا دانراوە زەمینییەکان، کە هەندێك لەوانەی لەسەر زەوی خۆیان بە خودا زانیوە پەیڕەویان کردووە، هەروەها دانانی جێگرەوە بۆ ئەو دۆخانە کە بریتییە لە نەهێشتنی بێباوەڕی و هاوبەش پەیداکردن و پەیڕەوکردنی بەرنامە و یاسای خودا لە جێگایان، جیهاد واتە ڕزگارکردنی مرۆڤ لە گشت فشار و کاریگەرییەکانی سەرکردە ستەمکارەکان لە هەر شوێنێك بن، دانانی شەریعەتێکی دادگەر لە جێگای کە هیچ لایەنگیرییەکی بۆ هیچ دەسەڵات و چین و کۆمەڵێك نەبێت... ئەویش شەرعی خودایە.

ئەوە واتا و مەبەستی جیهادە لە ئیسلامدا، هەر ئەوەش بوو تاکە مەبەستی جووڵانەوەی فتوحاتی ئیسلامی، هەندێك وا گومان دەبەن کە ئامانج لە فتوحات ملکەچکردنی خەڵك بوو بۆ وەرگرتنی ئیسلام، ئەو بۆچوونە لاوازییەکەی لەوەدایە کە باسمان کرد، ئیسلام تەنها بریتیی نییە لە بیروباوەڕ، بەڵکو بەرنامەیەکی سیاسی و سیستمێکی یاساییە، کە ئامانجیان هێنانەدیی زەمینەی گونجاو و کەشوهەوای لەبارە بۆ گەشە و بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕ، کەواتە بزووتنەوەی

چەکداریی دەسەڵاتی ئیسلامی هەوڵێکە بۆ لادانی سیستەم و بەرنامەی ستەمکاران و ڕووخاندنیان و گشتاندنی سیستەم و بەرنامەی دادگەر و ڕێکی ئیسلامی.

لە سۆنگەی بەرنامە و شەریعەتی ئیسلام و جێبەجێکردنی لە ژیانی ڕۆژانەدا و لەسەر پاشماوەی سیستەمی ستەمکاران و یاسای هەلپەرست و سوودمەندەکان زۆرێك لەو گەلانە ئازاد بوون لە هەڵبـژاردنی هەر بیروباوەڕێك بیانویستایە و هەر ئایینێك بەلایانەوە ڕاست بووایە... بە مەرجێك ملکەچی دەوڵەتی ئیسلامی و مەبەستە باڵاکانی بوونایە، لەمەودواش دەبینین چۆن مێژووی ئیسلامی ڕاستیی ئەو وتەیەمان بۆ دەر دەخات، بە شێوەیەك ڕێز لە عەقڵی مرۆڤ گیراوە و پارێزگاریی لە ئازادییەکەی کراوە، کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا وێنەی نەبووە.

**٢ـ ئاماژە سەرەتاییەکان:**

ئاماژە سەرەتاییەکانی خۆسەلماندن و بڵاوبوونەوە و جیهانگیریی ئیسلام هەر لە سەردەمی پێغەمبەرەوە (درودی خودای لەسەر) دەستی پێ کردووە، ململانێی پێغەمبەر دژی بتپەرستیی عەرەبی و سەرکردە جوولەکەکانی دوورگەی عەرەبی بە درێژایی ساڵانی مەدینە چەند هەنگاوێکی سەرەتایی بوون لە ڕێگەی بڵاوبوونەوەی جوگرافی لە سنووری دوورگەی عەرەبیدا، هەتا ئەو ناوچە جوگرافییەی ناوەڕاست ببێتە خاڵی دەرچوونی ئیسلام بە ئاراستەی هەموو جیهاندا، لە ساڵانی کۆتایی ژیانی پێغەمبەریشدا (درودی خودای لەسەر) چەند هەوڵێکی بەردەوام دەبینین بۆ شکاندنی بەربەستی جوگرافی و دەرچوون بەرەو باکوور بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی بیزەنتییەکان و هاوپەیمانە عەرەبەکانیان، هەروەها بینیمان چەند خۆشحاڵ و هاندەر بوون بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی عەرەبەکانی باشووری عێراق لەگەڵ دەسەڵاتی فارسەکان کە خاکەکەی داگیر کردبوون، هەر وەك پێغەمبەر

(دروودی خودای لەسەر) لە جەنگی زیقاردا فەرمووی: "ئەمڕۆ ئەو ڕۆژەیە کە عەرەبەکان مافی خۆیان لە عەجەمەکان وەرگرتەوە".

جەنگی زیقار تەنها سەرکەوتنێکی عەرەبی نەبوو، بەڵکو سەرەتای ڕێگایەکی دوورودرێژ بوو بۆ ڕووخاندنی یەکێك لە دەسەڵاتە ستەمکارەکان کە جیهانیان بەڕێوە دەبرد و خەڵکیان ملکەچ دەکرد، لە لایەکی تریشەوە چەندین هەوڵی تر هەبوون بۆ کەلێن دروستکردن بە ئاڕاستەی دسەڵاتی بیزەنتییەکان، کە لەگەڵ فارسەکاندا هەموو کاروباری جیهانیان دابەش کردبوو لەو سەردەمەدا، ئەو هەوڵانەش بە مەبەستی گەیشتن بوون بە ناوجەرگەی ئەو دەسەڵاتانە و لێدانی زەبری کوشندە بوو لێیان، ڕووبەڕووبوونەوەکانی (دومة الجندل) لە ساڵی (٥ك)دا و هێرشەکەی عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف لە ساڵی (٦ك)دا و ڕووبەڕووبوونەوەی (موئتە) و (ذات السلاسل) لە ساڵی (٨ك)دا و نامەناردن بۆ قەیسەر و چەند سەرکردەیەکی جیهانی بیزەنتی و بانگکردنیان بۆ ئیسلام، هەموو ئەوانە چەند هەنگاوێك بوون بەو ئاڕاستەیەدا.

نامەکانی پێغەمبەر وەك بانگەشەیەکی ڕاگەیاندن وا بوون لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، بەڵگەش بوون لەسەر ئەوەی کە ئیسلام تەنها ئایینی عەرەب و دوورگەی عەرەبی نییە، بەڵکو ئایینی مرۆڤە لە هەر شوێنێك بێت، هەروەها ئەو نامانە داواکاری بوون لە دەسەڵاتدارەکان بۆ وەڵامدانەوەی بانگەواز یاخود لانی کەم ڕێگە بدەن بە بانگخوازان هەتا بەئازادی چالاکییەکانیان ئەنجام بدەن، ڕێگە بە گەلەکانیان بدەن بۆ ئەوەی چاویان بە بانگخوازان بکەوێت و گوێیان لێ بگرن، هەتا لەسەر چاوڕۆشنی بیروباوەڕی خۆیان دیاری بکەن دوور لە هەر فشار و زۆلێکردنێك، ئەو نامانە ئاگادارکردنەوەی ئەو دەسەڵاتانەی لەخۆ گرتبوو کە ئەگەر وەڵام نەدەنەوە ئەوا دەبێت چاوەڕوانی سوپای ئیسلامی بن لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە پێشڕەوی بکەن بۆ خستنەخوارەوەی تاجەکانیان و ڕووخاندنی تەختەکانیان و

هێنانەخوارەوەیان لە پۆستە باڵاکانیان، ئەوسا خەڵك لە تەنگەبەری ژیان ڕزگاریـان دەبێت بۆ فراوانییەکەی، لە ستەمی ئایینەکان ڕزگاریان دەبێت بۆ دادگەریی ئیسلام و لە بەندایەتیکردنی بەندەکان ڕزگاریان دەبێت بۆ بەندایەتیی خودای تاك و تەنها.

جەنگی تەبووك لە ساڵی (٩ك) و بەڕێکردنی سوپای ئوسامەی کوڕی زەید لـە ساڵی (١١ك)دا، دوو ئاماژەی سەربازیی ئاشکرا بوون بۆ ویستی پێغەمبـەر (دروودی خودای لەسەر) بۆ تێکشکاندنی بەربەستی عەرەبی ـ بیزەنتی و سووربوونی لەسـەر جێبەجێکردنی بەرنامەی بڵاوکردنەوەی ئیسلام لـە دەرەوەی دوورگـەی عەرەبیـدا، هــەروەها دەرخــەری ئــەو ڕاســتییە بــوون کــە پێغەمبــەر و هــاوەڵانی توانــای بەرپەرچدانەوەی هەر هێرشێکیان هەیە کە لەلایەن دوژمنـانی سـەر سنوورەکانەوە بکرێتە سەریان، لەبەر ئەوە بەکورتی باسێکی ئەو دوو هێرشانە دەکەین.

لە دوای فەتحکردنی مەککە و سەرکەوتنی حونەین، کاتێك لە کۆتاییەکانی ساڵی هەشتەمی کۆچییدا پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) گەڕایەوە بۆ مەدینـە، چـەند هەواڵێکی مەترسیداریان سەبارەت بە جووڵەی ڕۆمەکان و هاوپەیمانە عەرەبەکانیان لە هۆزەکانی لەخم جوزام و غەسان و عاملـە پێگەیشـت، کـە مەبەسـتیانە لـە دژی دەوڵەتی ئیسلامی ئەنجامی بدەن پێش ئەوەی دەوڵەتەکە بکەوێتە سەر پێی خـۆی و بەتـەنها دەسـەڵاتی دوورگـەی عـەرەبی بەدەسـتەوە بگرێـت و مەترسـیی لەسـەر بـوونی بیزەنتییـەکان لـە وڵاتـی شـام دروسـت بکـات، لـەو چوارچێوەیەشـدا هـۆزە هاوپەیمانەکانی ڕۆمەکان هەندێك لە هێزەکانیان ڕەوانەی **بلقاء** کرد.

کاتەکە هاوین بوو، بیابانیش وەك ئـاگر وا بـوو، وڵاتـیش لـە وشکەسـاڵیدا بـوو، ڕێگاش زۆر دوور بوو، خەڵك حەزیان دەکرد لەناو باخوباخاتەکەیان و لەژێر سێبەری دارەکانیان دابنشین، پێیان ناخۆش بـوو هـەزارەها میـل لـە بیابـان بـبڕن و لەگـەڵ نەتەوەیەکدا ڕووبەڕوو ببنەوە کە لـەو کاتـەدا سـەرداری هـەموو دنیـا بـوون، چـونکە کارەسـاتی موئتــە لــە بـیر و هۆشـیاندا مـابووەوە، بـەڵام بیرکردنـەوەی پێغەمبـەر

(درودی خـودای لەسـەر) لـە سـەرووی هـەموو پێشـهات و بارگرانییەکانـەوە بـوو، چونکە بـە لای پێغەمبـەرەوە بێـدەنگبوون بەرامبـەر بـە هەڕەشـەی بیزەنتییـەکان واتای بەزینی دەگەیاند، لەبەر ئەوە پێویست بوو زۆر بەپەلە خۆیان ئامادە بکەن و ئـەمان دەستپێشـخەری بکـەن و ڕێگـای قـورس و پـڕ مانـدوویی بگرنـە بـەر بـۆ وەڵامدانەوەی هەڕەشەی زلهێزی جیهان لەو کاتەدا، پەیامێکیشان بە گوێی عەرەبە هاوپەیمانەکانی ڕۆمدا دا، کە بزانن دەوڵەتێکی تر و بانگەوازێکی تریش لە ئارادایە.

لـــە زۆربـــەی جەنگەکانـــدا پێغەمبـــەر (درودی خـــودای لەســـەر) ئامانجـــە سەربازییەکەی دیاری نەدەکرد و بـەنهێنی دەیهێشـتەوە، تەنانـەت بـە پێچـەوانەوە چـەند ئامـانجێکی تـری ڕادەگەیانـد کـە مەبەسـتی نـەبوون، بـەڵام لـە **تـەبووك**دا ئامانجەکـەی بـە خــەڵك گــوت: "چــونکە ڕێگاکــە دوور بــوو، کاتەکــەش گــەرم و دوژمنەکانیش ژمارەیان زۆر بوو، بۆ ئەوەی خەڵك ئامادەباشیی تـەواوی بـۆ بکـەن" پێغەمبەر (درودی خودای لەسـەر) فـەرمانی خۆئامـادەکردنی دەرکـرد، نامـەی بـۆ مەککە و هۆزە عەرەبەکان نـارد و داوای دەرچـوونی لـیٚ کـردن، ساماندارەکانیشـی هان دا بۆ ئامادەکردنی وڵاخ و گواستنەوەی جـەنگاوەرەکان بـۆ بـاکوور، زۆری پـیٚ نەچوو گەورەترین سوپای لە مێژووی بانگەوازدا ئامادە کرد، هەتا ئەو سـاتەوەختە موسوڵمانان سوپای ئاوا گەورەیان پێك نەهێنابوو، دەگوترێت ژمارەیان (٣٠) هەزار کەس دەبوو لەگەڵ (١٠) هەزار ئەسپدا.

موسوڵمانان هەزاران میلیان بڕی و ئێش و ئازاری تینوێتی و برسێتی و گـەرما و نەبوونی وڵاخ و دووریی ڕێگایان چێشت، تا سـەرەنجام لەوپـەڕی بـاکوور گەیشـتنە تـەبووك، دیـار بـوو ڕۆمـەکان و هاوپەیمانـەکانیان هـەواڵی ئـەو سـوپا گـەورەیان بیستبوو، دەیانزانی ئەو سوپایە توانای تێکشکاندنی بەربەستەکانی هەیە و سوورە لەسەر ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنەکانی، لەبەر ئەوە ڕۆمـەکان بڕیـاری پاشەکشـەیان دا بـۆ نـاوەوە، لـە ڕێگـای ئـوردون و فەلەسـتینەوە بـەرەو حـیمص، کـە شـوێنی

نیشـــتەجێبوونی هیرقـــل بـــوو، لـــە هـــەمان کاتـــدا ئامـــانجی پەلکێشـــکردنی موسوڵمانانیشیان هەبوو بۆ ناوخۆی دەسـەڵاتەکەیان، پاشـان لـەناوبردنیان، بـەڵام پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) ڕێگەی نەدا بە ئامانجەکەیان بگەن، لـە تـەبووك هێزەکـانی کـۆ کـردەوە و تـەبووکی کـردە هێڵـی کۆتـایی لـە بـاکوور، واقیـدی دەیگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (دروودی خـودای لەسـەر) ڕاوێـژی بـە هاوەڵـەکانی کـرد سەبارەت بە پێشـڕەوی، عومـەری کـوڕی خـەتاب بـەم شـێوەیە وەڵامـی دایـەوە و فەرمووی: "ئەی پێغەمبەری خودا، ڕۆمەکان ژمارەیان زۆرە و هیچ موسـوڵمانێکیان لـەناودا نییـە، تـۆ ئێسـتا لێیـان نزیـك بوویتەتـەوە و ترسـاندوتن، مـن وای دەبیـنم ئەمساڵ بگەڕێینەوە تـا زیـاتر بـیری لـێ بکەینـەوە، یـاخود خـودا فـەرمانێکت پـێ دەکات". [1]

لـە تەبووکـەوە پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر) بـە بـەردەوامی چـاودێری ڕۆمەکانی دەکرد و داوای لێ دەکردن کە خۆیـان دەر بخـەن و ڕووبـەڕووی ببنـەوە، مەسعودی دەڵێت لەو کاتەدا نامە گۆڕینەوە لەنێوان پێغەمبـەر و هیرقلـدا ڕووی دا، کاتێك هیرقل لە حیمص یاخود دیمەشق دادەنیشـت، [2] (درمـنغم) ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکـات کـە ڕێککـەوتنێکی نهێنـی لـەنێوان موحەممـەد و هیرقلـدا ڕووی دا، لەسـەر ئەوەی هیرقل ڕێگا لە عەرەبەکانی باکوور نـەگرێت بـۆ موسـوڵمانبوون، [3] وا دیـارە ئەوە خوێندنەوەی (درمنغم) بێت بۆ گێڕانەوەکـەی مەسـعودی کـە پێشـتر باسمـان کرد، ئەگەرچی بە دووریش نازانرێت کە هیرقل دانی بە ڕێککەوتنێکی لەو شێوەیەدا نابێت بۆ خۆڕزگارکردن لە زۆرێك لەو کێشانەی کە بە هـۆی دروسـتبوونی دەوڵـەتی ئیسلامییەوە بۆ سنوورەکانی باشووریان دروست بووبوون.

---

[1] مغازي رسول الله، تحقيق: مارسدن جونس، جامعة اكسفورد، ١٩٦٦م، ١٠١٩/٣.

[2] التنبيه والإشراف، دار التراث، بيروت، ١٩٦٨م، ص٢٣٦.

[3] حياة محمد، ترجمة: عادل زعتر، الطبعة الثانية، دار إحياء الكتب، القاهرة، ١٩٤٩م، ص٣٦٦.

هـەر لـە هـەمان کاتـدا پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر) پەیوەندییشـی بـە سەرۆکی مەسیحییەکانەوە کرد، کە لەو ناوچەیەدا بڵاو بووبوونەوە و پێشـوازیی لـە نێردراوەکانیان کرد، پەیماننامەی ئاشتی و هاوکـاری لەگـەڵ بەسـتن، بـەو کـارەش دۆستایەتیی ئەو خێڵانەی لەگەڵ بیزەنتییەکان پچڕاند، کردنـی بـە هاوڵـاتی یـاخود هاوپـەیمانی دەوڵـەتی ئیسـلامی، ئـەوەش ئـەو ئامانجـە بـوو کـە لـە سـەرەتای ململانێکانی لەگەڵ ڕۆمدا پێغەمبەر دەیویست بیکات.

لەدوای بیست شەو مانەوە لە تەبووك، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) لەگەڵ سـوپاکەی بـەرەو مەدینـە گەڕانـەوە، دوای ئـەوە سـەرکەوتنی بەسـەر سـوپای مەسـیحی بیزەنتیـدا بەدەسـت هێنـا و زۆرێـك لـە خێڵـە عەرەبـەکانی دانیشـتووی شامیشی بۆ لایەنگیریی دەوڵەتی ئیسلامی ڕاکێشـا و پەیوەنـدیی لەگـەڵ ڕۆمەکانـدا پچڕاندن، پەیامێکیشی دا بە گوێی هۆزەکانی تردا تا تێبگەن کـە دەوڵەتـە تازەکـە چەند بەهێزە، توانای گەیشتنی هەیە بۆ ئەو ناوچانەی کە دانیشتووانەکەی کـار لـە بەرژەوەنـدیی سـەرکردە ڕۆمـەکان دەکـەن و ڕۆڵیـان هەیـە لـە بـەرگرییکردن لـە گەیشتنی ئیسلام بۆ باکوور، جەنگی موئتـەش یـەکێك بـوو لـەو هەوڵانـەی کـە ئـەو عەرەبانە دایان بەرامبەر ئیسـلام، بـەڵام لـە دوای تـەبووك هۆزەکـان گەیشـتنە ئـەو بڕوایـەی کـە لایـەنگیریان بـۆ دەسـەڵاتی بیزەنتییـەکان لـە سـزای موسـڵمانان نایانپارێزێت، هەر لەبەر ئەوە ئەو هۆزانە داوای ڕێککەوتنیان لە پێغەمبـەر (دروودی خودای لەسەر) کرد لە بەرامبەر پێدانی سەرانەدا.

وەڵامدانـــەوەی پێغەمبـــەر (دروودی خـــودای لەســـەر) بـــۆ ئاڵنگـــاریی ڕۆم و پێشـــڕەویکردنی بـــۆ ڕووبەڕووبوونـــەوەیان و ناچـــارکردنیان بـــە پاشەکشـــە و چاوەڕوانیکردنیان بۆ ماوەی بیست ڕۆژ بەبێ ئەوەی بتوانن جووڵە بکەن گەورەترین سەرکەوتن بوو، ئەوەش گورزێکی گورچکبڕ بوو بۆ دەسەڵاتی بیزەنتییەکان لە شام و لاوازکردنیـان و نەهێشـتنی دەسـەڵاتیان بەسـەر هـۆزە عەرەبەکانـدا، هـەروەها

شكاندنی بەربەستی ترسی عەرەبەکان بوو لە هێزی بێزەنتییەکان، سەرکەوتنێکی دەروونی بوو کە لە دوای چەند ساڵێك عەرەبەکانی وا لێ کرد واز لە دۆستە کۆنەکانیان بهێنن و ئامادەی هێرشکردن بن بۆ سەر بیزەنتییەکان و وەدەرنانیان بۆ ئەو ناوچانەی کە پێشتر لێوەی هاتبوون.

جەنگی تەبووك یەکێك بوو لە هەنگاوەکانی بزاوتی ئیسلامی بە ئاڕاستەی دەرەوە و تێپەڕاندنی سنووری عەرەب و دوورگەی عەرەبی بۆ هەموو جیهان، هەروەها سەرەتای ئەو فتوحاتەش بوو کە لە سەردەمی ڕاشیدیندا ئەنجام درا.

لە پاش ئەوەی کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) دیداری لەگەڵ نوێنەری هۆزە عەرەبەکان ئەنجام دا، کە لە هەموو ناوچەکانەوە دەهاتن بۆ لای، حەجی ماڵئاوایی لەگەڵ شوێنکەوتووەکانی ئەنجام دا، لە ساڵی یانزەی کۆچی و ڕاستەوخۆ دوای گەڕانەوەی لە مەککە دەستی کرد بە ئامادەکردنی سوپایەکی گەورە، سەرکردەی لاو ئوسامەی کوڕی زەیدی کوڕی حاریسەی کردە فەرماندەی سوپاکە و فەرمانی پێ کرد کە سوپاکە بگەیەنێتە سنوورەکانی بەلْقاء و دراوم لە فەلەستین.

ئوسامە لەگەڵ سوپای موسوڵمانان بەڕێ کەوت و هیچ کەس دوانەکەوت، هاوەڵانی کۆچکردوو لەپێش هەمووانەوە بوون، سوپاکە بەرەو باکوور بەڕێ کەوت و لە (جرف) کۆ بوونەوە کە فەرسەخێك لە مەدینەوە دوور بوو، هەر لەوێدا هەواڵی نەخۆشکەوتنی پێغەمبەریان پێ گەیشت، لەبەر ئەوە زەید بڕیاری دا سوپاکە ڕابگرێت و چاوەڕوانی بڕیاری خودا بێت سەبارەت بە پێغەمبەرەکەی.

لە دوای ماوەیەکی کەم پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) کۆچی دوایی کرد و ئەبوبەکر بوو بە خەلیفە و سەرکردایەتیی ئوممەتی ئیسلامی گرتە دەست و سەرەتاکانی بزووتنەوەی هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام دەرکەوت و جووڵەیان دەستی پێ کرد و هەر وەك عائیشە دەڵێت: "جوولەکە و مەسیحی و ئەستێرەی دووڕوویی

سەریان دەرهێنا و موسوڵمانان وەك ڕانەمەڕێکیان لێ هات کە لە شەوێکی زستاندا بارانیان لێ بارییێت". [1]

لـەو کاتـەدا ئەبوبـەکر ڕایگەیانـد کـە لـە ڕووی هەڵگەڕاوەکانـدا دەوەسـتێت و لەگەڵیاندا دەجەنگێت ئەگەر ببێتە خۆراکی گورگەکانیش، لە هەمان کاتیشدا سوور بوو لەسەر بەڕێکردنی سوپاکەی ئوسامەش بۆ ئـەو ئامانجـەی کـە پێغەمبـەر بـۆی دیاری کردبوون، کاتێکیش هاوەڵان بەرهەڵسـتیی ئـەو بڕیارەیـان کـرد بـە بیـانووی ئەوەی کە بنکەی سەرەکیی ئیسلام لە هەموو لایەکەوە هەڕەشەی لەسـەرە و هـیچ هێزێکی ئەوتۆشی تێدا نییە، ئەبوبەکر وەڵامی دانەوە و وتی: "سوێند بەو خودایەی کـە گیـانی ئەبوبـەکری بەدەسـتە، ئەگـەر سـوور بـزانم دڕنـدە دەمخـوات، سـوپای ئوسامە هەر دەنێرم بەو شێوەیەی کە پێغەمبەر فـەرمانی پـێ کـردووە، ئەگـەر لـە شارەکاندا تەنها ئەو سوپایەمان هەبێت ئەوا هەر بەڕێیان دەکەم". [2]

بەو شێوەیە ئوسامە بەڕێ کەوت و سـوپاکەی لـە فەلەسـتین جـێگیر کـرد، وەك پێغەمبەر فەرمانی پێ کردبوو، بەوەش هەنگاوە سەرەتاییەکانی ئەو ڕێگایەی بـڕی کە دوای ماوەیەکی کەم موسوڵمانان بـە ئاڕاسـتەی شـام بڕییـان و لەگـەڵ خۆیانـدا ڕێنماییەکانی ئیسلام و بانگەوازی پێغەمبەری خودایان هەڵگرتبوو. [3]

[1] عبدالملك بن هشام، تهذيب سيرة بن هشام لعبدالسلام هارون، الطبعة الثانية، المؤسسة العربية الحديثة، القاهرة، ١٩٦٤م، ص٤٠٤.

[2] الطبري، تاريخ ٣/٢٢٥.

[3] عماد الدين خليل، دراسة في السيرة، ص٣١٥، ٣١٦.

**٣ـ فتوحاتە گەورەكان لە سەردەمی ڕاشیدیندا :**

ئەبوبەكر ستراتیجیەتی جیهادی بەرەو ئەو ئامانجە ناوەندیانە برد كە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) دەستی پێ كردبوو، بە هەمان ئاڕاستەدا ڕۆیشت كە پێغەمبەر لە دوای ڕێككەوتنی حودەیبیە بە گوتار و بە چەك كاری لەسەر دەكرد، بە شێوەیەكی كاتی بزووتنەوەی هەڵگەڕاوەكان ڕێگر بوون لە جووڵەی ئەبوبەكر بەرەو ئەو ئامانجە كە مەبەست لێی هەوڵدان بوو بۆ سەلماندنی جیهانگیریی ئیسلام و ڕووخاندنی دەسەڵاتە ستەمكارەكان كە بووبوونە بەربەست لە ڕێگای هێنانەدیی ئەو ئامانجە گەورەیە.

بە درێژایی ئەو دوو دەیەیەی دوای پێغەمبەر تاكە مەبەستی جووڵانەوەی فتوحاتی ئیسلامی ئەو ئامانجە بوو، هەندێك لە مێژوونووسە هاوچەرخەكان پێیان وایە كە تەنها بواری ئابووری پاڵنەر بوو بۆ فتوحات و مەبەست لەو جووڵانەوەیە دەوڵەمەندبوون و تێربوون و خۆڕزگاركردن بوو لە بیابانە وشكەكانەوە بۆ زەوییە بەپیتەكان، ئێمەیش بە تێگەیشتنمان لە یاسای جیهاد ئەو بۆچوونە ڕەت دەكەینەوە، ڕووداوە مێژووییەكانیش كە لە كاتی فتوحاتدا تۆمار كراون و لێدوانی سەركردە موسڵمانەكان و نێردراوەكانیان كە زۆر بە دوورودرێژی لە سەرچاوەكانماندا ئاماژەیان بۆ كراوە باشترین بەڵگەی كردارین لەسەر ڕاستیی ئەو یاسایە و بەهەڵەداچوونی ئەو مێژوونووسانەی كە بۆچوونیان وایە پاڵنەرەكە ئابووری بووە.

باشترین نموونەش بۆ ڕاستیی ئەو یاسایە وتەی موغیرەی كوڕی شوعبە و ربعی كوڕی عامرە بەرامبەر ڕۆستەمی فەرماندەی سەربازیی فارس، هەروەها وتەی نوعمانی كوڕی موقرین و موغیرەی كوڕی زرارەیە بەرامبەر كیسرا، كە یەزدەجرِی دووەم بوو، كاتێك گوتیان: "خودای گەورە ئێمەی ناردووە هەتا بە ویستی خۆی بەندەكان لە تەنگەبەری دونیا دەربهێنین بۆ فراوانییەكەی و لە ستەمی ئایینەكان

ڕزگاری بکەین بۆ دادگەریی ئیسلام و لە بەندایەتیی بەندەکانەوە بیانهێنین بۆ بەندایەتیی خودای تاك و تەنها". [1]

بە گەڕانەوە بۆ ڕووداوە مێژووییەکان، لاوازیی بۆچوونی ئەوانەشمان بۆ دەردەکەوێت کە دەڵێن مەبەست لە فتوحات سەرقاڵکردنی عەرەبەکان بوو لەلایەن ئەبوبەکرەوە، هەتا جارێکی تر لە ئیسلام هەڵنەگەڕێنەوە، وەك ئەوەی هیچ بەرنامەیەکی ئیمانی لە پشت جیهادەوە نەبوبێت بۆ سەرلەنویٚ ڕێکخستنەوەی جیهان لە دوای ڕزگارکردنی لە دەستی ستەمکاران، بۆ نموونە لە مێژووی تەبەریدا ئەم ڕیوایەتە دەخوێنینەوە:

"ئەبوبەکر نامەیەکی نووسی بۆ هەردوو فەرماندە خالید و عیاض و پێی ڕاگەیاندن کە دەبێت تەنها ئەوانە دەربچن بۆ جیهاد کە لە دژی هەڵگەڕاوەکان جەنگاون و ئەوانەش کە لە دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر لەسەر ئیسلام مانەوە و هەڵنەگەڕانەوە، تکایە با هیچ کەس لەوانەی هەڵگەڕانەوە لەگەڵتاندا نەیەن". لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە: "لە ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمندا پشت بەو کەسانە نەبەستن کە هەڵگەڕابوونەوە هەتا بۆچوونی خۆمتان پیٚ ڕادەگەیەنم". پاشان تەبەری لەسەر ئەو ڕیوایەتە دەڵێت: "لە سەردەمی ئەبوبەکردا هیچ هەڵگەڕاوەیەك بەشداریی فتوحاتی نەکرد". [2]

سوپای موسوڵمانان بەڕیٚ کەوت و کاری لەسەر دوو شەڕگەی فراوان کرد، کە بریتی بوون لە عێراق و شام، ئەبوبەکر بە فەرماندەیی خالیدی کوڕی وەلید و بە هاوڕێیەتیی موسەننای کوڕی حاریسە سوپایەکی بەڕیٚ کرد بۆ سنوورەکانی عێراق، ئەو سوپایە توانی هۆزە عەرەبەکانی باشووری ڕووباری فورات ملکەچ بکات و بەسەر فارسەکاندا سەر بکەون، دەستیشیان گرت بەسەر ناوچەکانی حیرە و

[1] الطبري، تاريخ، ٣/ ٤٩٧-٥٠١، ٥٠٨، ٥١٧، ٥١٨-٥٢١، ٥٢١-٥٢٤، ٥٢٥، ٥٢٦، ٥٢٨، ٥٢٩.

[2] الطبري، تاريخ، ٣/٤٩٧ـ٥٠١، ٥٠٨، ٥١٧، ٥١٨-٥٢١، ٥٢١-٥٢٤، ٥٢٥، ٥٢٦، ٥٢٨، ٥٢٩.

ئـــەنباردا، زۆری پـــێ نەچـــوو پاشـــای ساســـانییەکان ســـوپایەکی فراوانـــی بـــە سەرکردایەتیی ڕۆستەم بەڕێ کرد و موسڵمانانیان ناچـار کـرد پاشەکشـە بکـەن بـۆ بیابان، تا کۆتا ساتەکانی دەسەڵاتی ئەبوبەکر موسڵمانەکان نـەیانتوانی پێشـڕەوی بکەنـەوە بـۆ شـوێنەکانی خۆیـان، خالیـدی کـوڕی وەلیـدیش ڕووی کـردە شـام و فەڵەسـتین بـە مەبەسـتی هاوکـاریی سـوپای موسـوڵمانان لـە ڕووبەڕووبوونـەوەی ڕۆمەکاندا.

لە دوای ئەوەی عومەری کوڕی خەتاب بوو بە خەلیفە و ئالۆزی لە وڵاتی فارسدا زیادی کرد، موسەنای کوڕی حاریسـە نامەیـەکی بـۆ عومـەر نووسـی و هـانی دا بـۆ ئەوەی کە ئەو هەلە بقۆزێتەوە، ئەوەش لە کاتێکدا بـوو کـە عومـەر دڵنیـا بـوو لـە نەمانی مەترسیی ڕۆمەکان دوای ئەوەی لە ئەجنادین و لـە سـاڵی (١٥ك) دا تێکیـان شکاندن، هەر لەبەر ئەوە عومەر ئازادکردنی عێراقی بەلاوە گرنگ بوو، موسـڵمانانی بانگ کرد بۆ ئەو کارە و کارەکەشی لەلا ئاسـان کـردن، سـەرەتا ویسـتی بـۆ خـۆی ببێتە فەرماندەی سوپاکە، بەڵام هەندێك لە هاوەڵان داوایان لـێ کـرد کـە لـەجیاتی خـۆی هـاوەڵێکی تـر بنێرێـت بـۆ فەرمانـدەیی سـوپاکە و عومـەریش لـە مەدینـە بمێنێتەوە لەوێوە هاوکاری بکات و پشتی بگرێت.

بەو شێوەیە عومەر سەعدی کوڕی ئەبی وەقاصی دیاری کرد، ئەویش سەرەتای ئەرکەکەی بە هاتوچۆکردن لەنێوان خاکی حیجاز و کوفە دەست پێ کرد، گوێی بـۆ هەواڵـــەکان هەڵدەخســـت و بـــەردەوام نێردراوەکـــانی عومـــەر ڕا و بۆچـــوونەکانی خەلیفەیان پێ دەگەیاند و پشتیوانیی سەربازیی بۆ دەنارد.

لـە سـاڵی (١٥ك ـ ٦٣٦ز) سـەعد ویسـتی جـەنگی قادسـیە ئـەنجام بـدات، کـە دەروازەی عێراق بوو، لەوێ بە ڕۆستەم و سوپاکەی گەیشت، کە ژمارەیـان (٣٠٠٠٠) سی هەزار جەنگاوەر بوو، ئەمە لە کاتێکدا کە سوپای موسڵمانان ژمارەیان لە نێوان (٧٠٠٠ ـ ٨٠٠٠) حـەوت هـەزار بـۆ هەشـت هـەزار جـەنگاوەر دەبـوو، سـەرەتا چـەند

نێردراوێکیان بۆ لای یەکتری ڕەوانە کرد، لە کۆتاییشدا کاتێك ڕۆستەم دڵنیا بوو لەوەی موسڵمانان سوورن لەسەر دروشمی (یان موسڵمان بوون، یان سەرانە، یان جەنگ) ئەو کاتە ڕۆستەم بەناچاری جەنگی هەڵبژارد و هەردووك لا جەنگێکی سەختیان ئەنجام دا کە چەند ڕۆژێکی خایاند، سەرەنجام بە کوشتنی ڕۆستەم و ژمارەیەکی زۆر لە سەربازەکانی کۆتایی پێ هات، پاشماوەی سوپاکەی ڕایان کرد و سامانەکەیان کەوتە بەردەستی موسڵمانان، سەعد بە دوایاندا ڕۆیشت هەتا لە جەلەولا و لە ساڵی (١٦ك)دا ژمارەیەکی زۆری لێ کوشتن، پاشان نامەی بۆ عومەر نارد و مژدەی سەرکەوتنی پێ دا، عومەریش فەرمانی دەرکرد بۆ سەعد تا سەربازگەیەك بۆ سەربازەکانی دروست بکات و تێیدا بمێننەوە، بە مەرجێك لە شوێنێکدا بێت کە لەنێوان ئەوان و دوورگەی عەرەبیدا دەریای تێدا نەبێت، سەعدیش چوو بۆ کوفە و کردی بە پایتەختی موسوڵمانان لە عێراقدا، پاشان دوای دوو مانگ گەمارۆدان، توانی دەست بەسەر مەدائینیشدا بگرێت کە پایتەختی وڵاتی فارس بوو، موسوڵمانان لە مەدائین دەستیان گرت بەسەر سامانێکی زۆردا و (یەزدەجەر) بەرەو حەلوان ڕایکرد و تا چوار ساڵی نەیتوانی هێزە پەرتەوازەکانی کۆ بکاتەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی موسڵمانان.

لە ساڵی (٢٠ك)دا یەزدەجەر هێزێکی کۆ کردەوە کە ژمارەیان (٦٠٠٠٠) شەست هەزار جەنگاوەر بوو، عومەریش نوعمانی کوڕی موقرینی دیاری کرد بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هێزە، هەردوو سوپا لە نەهاوەندی سەر سنووری نێوان عێراق و ئێران لە ساڵی (٢١ك)دا لە جەنگێکی یەکلاکەرەوەدا بەیەك گەیشتن، سەرەنجام لەگەڵ ئەوەشدا کە فارسەکان هەتا ڕادەی مردن بەرگرییان کرد، بەڵام موسڵمانان سەرکەوتنیان بەدەست هێنا و جەنگەکەش لەبەر توندی و گرنگییەکەی بە فەتحی فەتحەکان (فتح الفتوح) ناوزەد کرا.

پاشان موسوڵمانان ڕوویان کردە ئەهواز و لە ساڵی (٢٢ک)دا ڕزگاریان کرد و دواتریش قوم و قاشانیان ڕزگار کرد، دواتریش ئەصفەهان و ڕەی و زۆرێك لە شارەکانی وڵاتی فارسیان ڕزگار کرد، هەندێکیان بە ڕێککەوتن و هەندێکیشیان بە زەبری هێز، کاتێکیش دەسەڵاتدارانی جورجان و تەبەرستان زانییان موسوڵمانان کەسانێکی دادگەرن و پابەندن بە بەڵێنەکانیانەوە داوای ڕێککەوتنیان لێ کردن و موسوڵمانانیش ڕازی بوون.

ساڵی (٢٢ک) لێوانلێو بوو لە سەرکەوتنی موسڵمانان لە وڵاتی فارس، خەلیفەش لەناوبردنی دەسەڵاتی پاشاکانی فارسی بە ئامانج گرتبوو، موغیرەی کوڕی شوعبە بە زەبر ئازەربایجانی ڕزگار کرد، پاشان موسوڵمانان بە ئاڕاستەی باکوور و باشوور پێشڕەوییان کرد هەتا گەیشتنە ئەرمینیا و وڵاتانی قەوقاز، موسوڵمانان پێ بە پێ بەدوای یەزدەجرەوە بوون لە سنووری وڵاتەکەیدا و ناچاریان کرد کە بەرەو ئەوپەڕی سنووری ڕۆژهەڵات ڕابکات، ڕۆژ بە ڕۆژ لاوازتر دەبوو، تا سەرەنجام لە سەردەمی خیلافەتی عوسمانی کوڕی عەفان و لە ساڵی (٣١ک)دا لە خوراسان کوژرا، بە مردنی یەزدەجر دەوڵەتی ساسانی کۆتایی هات و نزاکەی پێغەمبەریش (دروودی خودای لەسەر) هاتە دی کە داوای پارچەپارچەبوونی دەسەڵاتی کیسرای لە خودا کردبوو.

سەبارەت بە شەڕگەی شام و فەڵەستینیش، ئەو سوپایەی ئوسامەی کوڕی زەید کە لە ساڵی (١١ک)دا پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر) ئامادەی کرد و دواتریش ئەبوبەکر بەڕێی کرد، بەتەواوی ڕۆمەکانیان تەنگەتاو کردبوو، لە کاردانەوەدا هیرقلی ئیمپراتۆر سوپایەکی گەورەی لە باشووری فەلەستین کۆ کردەوە، ئەبوبەکریش لە سەرانسەری دورگەی عەرەبی جەنگاوەرانی بانگ کرد بۆ جیهاد، ئەوانیش بە ورەی بەرزەوە وەڵامیان دایەوە و هەموو هێزەکان لە مەدینە کۆبوونەوە و لەژێر فەرمانڕەوایی چوار فەرماندەدا بەرەو باکوور بەڕێ کەوتن، بەم

شێوەیە، سوپای ئەبوعوبەیدەی کوڕی جەڕاح بەرەو حیمص بەڕێ کەوت، سوپای عەمری کوڕی عاص بەرەو فەلەستین، سوپای یەزیدیی کوڕی ئەبوسوفیان بەرەو دیمەشق و سوپای شەرحەبیلی کوڕی حەسەنە بەرەو دۆڵی ئەردەن بەڕێ کەوتن. ئەبوبەکر فەرمانی پێ کردن کە لەناو خۆیاندا هاوکاری یەکتر بکەن، هەمووشیان لەژێر فەرماندەیی ئەبوعوبەیدەدا بن، عەمریش بە تەنها فەڵەستین ڕزگار بکات و پاشان هاوکاری سوپاکانی تر بکات ئەگەر پێویستیان بوو.

عەمر ڕێگای قودسی گرتە بەر هەتا گەیشتە فەڵەستین، کاتێك هیرقل بەوەی زانی ویستی هەموو سوپاکانی موسوڵمانان بە بەشێك لە سەربازەکانییەوە سەرقاڵ بکات بۆ ئەوەی تواناکانیان لاواز بکات، عەمر پەلەی کرد و خێرا هەزار سواری نارد بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دە هەزار لە ڕۆمەکان و لە ئەنجامدا توانییان سەرکردەکەیان بکوژن، بەمەش دڵی دوژمنیان پڕ کرد لە ترس، بەو شێوەیە جەنگ لە نێوانیان بەردەوام بوو هەتا ڕۆمەکان تێکشکان و پشتیان هەڵکرد.

لە ڕۆژی دواتردا موسوڵمانان دە خاچیان بینی کە لەژێر هەر خاچێکدا (١٠٠٠٠) دە هەزار جەنگاوەری تێدا بوو، عەمر سوپاکەی ڕێك خستەوە و فەرمانی پێ کردن بە خوێندنی قورئان و جیهادی لەلا خۆشەویست کردن و هانی دان بۆ بەهەشت و پاداشتی خودا، کاتێك (روبیس)ی بەتریکی ڕۆمەکان ئەو دیمەنەی بینی، زۆر سەرسام بوو و ورەی دابەزی.

هەردوو لا ڕووبەڕووی یەکتری بوونەوە، جەنگ دەستی پێ کرد، موسوڵمانان بەتوندی هێرشیان کردە سەر ڕۆمەکان و دروشمەکەیان بریتی بوو لە: "لا اله الا الله محمد رسول الله، خودایە ئوممەتی موحەممەد سەر بخەیت". جەنگێکی توند هەتا دەمەوئێوارە بەردەوام بوو، ئەو کاتە خودای گەورە سەرکەوتنی بۆ موسوڵمانان نارد و ڕۆمەکان شکان، موسوڵمانانیش دوایان کەوتن، لەو داستانەدا ڕۆمەکان

(١٥٠٠٠) پانزه هەزار کەسیان لێ کوژرا و موسوڵمانانیش (١٣٠) سەد و سی کەسیان لێ شەهید بوو.

له کاتێکدا که موسوڵمانان سەرکەوتنی یەك لەدوای یەکیان بەدەست دەهێنا، له شامەوه هەواڵ گەیشت که ئەبوعوبەیده توانای بەرگریی ڕۆمەکانی نییه، لەبەر ئەوه خەلیفه نامەیەکی نووسی بۆ خالیدی کوڕی وەلید بۆ ئەوەی بگاته بەرەی جەنگی ڕۆمەکان له یەرمووك، خالید موسەننای کوڕی حاریسەی کرده فەرماندەی سوپاکەی له عێراق، خۆیشی لەگەڵ سوپایەکی (١٠٠٠٠) ده هەزار کەسی ڕێگای بیابانی گرته ڕی بۆ گەیشتن به ئامانجەکەی به کەمترین کات، ئەگەرچی ئەو کارەشی سەرکێشییەکی گەوره بوو، زۆوری پێ نەچوو و به شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو خالید و سوپاکەی له بوصرای باشووری ئوردون دەرکەوتن، پێشتریش ئەبو عوبەیده شەرەحەبیلی کوڕی حەسەنەی ڕاسپاردبوو بۆ ئازادکردنی بوصرا، ئەویش نەیتوانیبوو، بەڵام به هۆی لێپرسراوی یەکەمی بوصراوه که ناوی (رومانوس) بوو خالید توانی دەست بەسەر ئەو شارەدا بگرێت، چونکه رومانوس موسوڵمان بوو و هاوکاریی خالیدی کرد.

ڕزگارکردنی بوصرا موسڵمانەکانی هان دا بۆ گەمارۆدانی دیمەشق، ئەمەش له کاتێکدا بوو که هێزەکانی عەمری کوڕی عاص هێزه بێزەنتییەکانیان له فەڵەستین بڵاوه پێ کردبوو، کاتێك عەمر هەواڵی پێ گەیشت که ئیمپراتۆری ڕۆم چوار سوپای بەڕێ کردووه بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی چوار سوپاکەی موسوڵمانان، دەستی کرد به ڕاوێژکردن لەگەڵ فەرماندەکانی سوپاکانیان و دواتر عەمر بڕیاری دا که له یەك شوێندا هەر چوار سوپاکەیان کۆ بکەنەوه بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بیزەنتییەکان، بۆ ئەو مەبەستەش یەرمووکیان هەڵبژارد.

کاتێك هیرقل بەو ئامادەسازییەی زانی، هەموو سوپاکانی خسته ژێر فەرمانی فەرماندەی ئەرمەنی (ماهان)ەوه، ئەویش (٨٠٠٠٠) هەشتا هەزار سەربازی ڕۆم و

(٦٠٠٠٠) شەست هەزار سەربازی عەرەبە مەسیحییەکانی بەڕێ کرد و نامەیەکیشی بۆ ئەبوعوبەیدە نارد و داوای لێ کرد بە ئاشتیانە ڕێککەوتن مۆر بکەن، بەڵام ئەبوعوبەیدە ڕێککەوتنی ڕەت کردەوە مەگەر لە دوای ئازادکردنی تەواوی شام و فەلەستین نەبێت.

لەگەڵ گەیشتنی خالید بۆ شام هەموو جەنگاوەرەکانی ڕێك خستەوە، ئەبو عوبەیدەی لە ناوەڕاست دانا، عەمری کوڕی عاصی لە لای ڕاست دانا، یەزیدی کوڕی ئەبو سوفیانی لە لای چەپ دانا، پاشان جەنگ لەنێوان هەردوو لا دەستی پێ کرد و ئافرەتانیش وەك پیاوان بۆ بەرپەرچدانەوەی چەند هێرشێکی دوژمن کە موسوڵمانانی دووچاری پاشەکشە کرد بەشدارییان کرد، لەناو دارستانەکان و لەسەر لووتکەی چیاکان ڕۆمەکان تووشی شکست بوون، بەمەیش ڕۆژی (واقوصە) هات کە موسوڵمانان سەرکەوتنیان بەدەست هێنان و جەنگەکەش بە کوژرانی (١٢٠٠٠٠) سەد و بیست هەزار ڕۆم کۆتایی هات.

کاتێك هیرقل هەواڵی سەرکەوتنی موسوڵمانانی بیست لە یەرمووك، خۆی لە قودس بوو، ڕاستەوخۆ و بەخێرایی بەرەو حیمص بەڕێ کەوت بۆ ئەوەی بیکاتە بارەگای کردە سەربازییەکانی، لە هەمان کاتدا موسوڵمانانیش ڕوویان کردە دیمەشق و بۆ ماوەی حەفتا ڕۆژ بەتوندی گەمارۆیان دا و سەرەنجام لە ساڵی (١٣ك)دا چوونە ناو دیمەشق، پاشان بەرەو فەحل ڕۆیشتن، چونکە ڕۆمەکان لەوێ کۆ بووبوونەوە، لەوێش جەنگێکی توند لەنێوان هەردوو لادا ڕووی دا و ڕۆمەکان شکستیان هێنا، پاشان ئەبو عوبەیدە و خالید بەرەو حیمص بەڕێ کەوتن و ڕزگاریان کرد، دواتریش حەما و قەنسرین و لازقیە و حەلەبیان ڕزگار کرد.

شەرحەبیل و عەمری کوڕی عاصیش ڕوویان کردە بەیسان و خەڵکەکەیان ناچار کرد بە ئاشتییانە و ڕێککەوتن خۆیان ڕادەست بکەن، بە هەمان شێوەش تەبەریەش داوای ڕێککەوتنیان کرد و بەمەش ڕێککەوتنی ئوردون تەواو بوو.

لەو کاتەدا فەرماندەیەکی ڕۆمی، کە ناوی (ئەرطەبون) بوو، فەڵەسیتنی بەڕێوە دەبرد و سەربازێکی زۆری لە قودس و غەززە و ڕەملە جێگیر کردبوو، بە چڕوپڕییش هێزەکانی لە ئەجنادین جێگیر کردبوو.

عەمر نامەیەکی نارد بۆ خەلیفە و داوای یارمەتیی لێ کرد، عومەریش داوای لە فەرماندەکانی شام کرد هەتا ڕوو بکەنە فەڵەستین و ڕۆمەکان سەرقاڵ بکەن و لە عەمر دووریان بخەنەوە، سوپاکان بەڕێ کەوتن و شەرحەبیلی کوڕی حەسەنە لە پێشیانەوە بوو، جەنگێکی خوێناوییان لەگەڵ ڕۆمەکاندا ئەنجام دا، کە لە جەنگی یەرمووك کەمتر نەبوو، لەو جەنگەدا ئەرطەبون لەگەڵ (٨٠٠٠٠) هەشتا هەزار سەربازی ڕۆمیدا لە ساڵی (١٥ك ـ ٦٣٦ز) شکستیان هێنا و شارەکانی یافا و نابلس و عەسقەلان و غەززە و ڕەملە و عەکا و بەیروت و لودد و جیبیلە بە ڕێککەوتنی ئاشتیانە دەرگایان بۆ موسوڵمانان کردەوە و تەنها شاری قودس مایەوە، ئەویش بۆ ماوەی چوار مانگ لەسەر یەك گەمارۆ درا و بەردەوامیش ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازیی تێدا بوو، سەرەنجامیش دوای ئەوەی بەتریکی شارەکە (سفرونیوس) لەسەر قەڵای شارەکەوە دەرکەوت و ڕادەستکردنی شارەکەی ڕاگەیاند بە مەرجێك خودی خەلیفەی موسوڵمانان سەرپەرشتیی ڕێککەوتنەکە بکات، عومەریش بەو مەرجە ڕازی بوو، خودی خۆی هات و نووسراوی ڕێککەوتننامەکەی لە کۆتایی ساڵی (١٥ك ـ ٦٣٥ز)دا یاخود سەرەتای ساڵی (١٦ك)دا واژۆ کرد.

لە ساڵی (١٨ك ـ ٦٣٩ز) دا عومەر گەیشتە جابیە، کە سەر بە دیمەشق بوو، بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی کاروبارەکان لەگەڵ فەرماندەکاندا لە شام و فەڵەستین، عەمری کوڕی عاص پێشنیاری ئازادکردنی میسری بۆ کرد، سەرەتا خەلیفە دوودڵ بوو لەو بڕیارە و مەترسیی بڵاوبوونەوەی هێزی موسوڵمانانی هەبوو پێش ئەوەی کە جێپێی خۆیان لە ناوچەکانی تر توند بکەن، بەڵام عەمر بە بیانووی ئەوەی

ڕزگارکردنی میسر کارێکی پێویستە بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی شام، عومەری ڕازی کرد.

عەمر سوپاکەی بەڕێ کرد و بیابانی **سینا**یان بڕی و لە ساڵی (١٨ك)دا گەیشتنە عەریش و بەبێ بەرگریی دەستیان بەسەردا گرت، پاشان بە ئاڕاستەی میسر ڕۆیشتن و لەگەڵ ڕۆمەکاندا تووشی هیچ ڕووبەڕووبوونەوەیەك نەبوون، هەتا گەیشتنە شاری فرما، کە بە کلیلی میسر دادەنرا، لەو کاتەدا و لە ساڵی (١٩ك ـ ٦٤٠ز) و بە هاوکاریی قیبتیەکانی میسر ئازادیان کرد، پاشان پێشڕەوییان کرد تا گەیشتنە (بلبیس) و لە دوای یەك مانگ ڕووبەڕووبوونەوە دەستیان بەسەردا گرت.

جارێکی تریش عەمر نێردراوێکی نارد بۆ لای خەلیفە و داوای یارمەتیی لێ کرد، خەلیفەش چوار هەزار جەنگاوەری بۆ نارد، کە ژمارەیەك لە هاوەڵە گەورەکانی پێغەمبەریان تێدا بوو، لە (عین شمس) بە عەمر گەیشتن، فەرماندەی ڕۆمی (تیودور) بە بیست هەزار جەنگاوەرەوە ڕووبەڕوویان بووەوە، بەڵام لەبەردەم سوپای عەمردا خۆیان پێ نەگیرا، تەنها قەڵای (بابلیون) مابوو ئەویش لە ساڵی (٢٠ك)دا گەمارۆ درا و لە دوای حەوت مانگ ڕووبەڕووبوونەوە (مقوقس)ی دەسەڵاتداری میسر بۆی دەرکەوت کە بەرگری سوودی نییە، لەبەر ئەوە داوای ڕێککەوتنی لە موسوڵمانان کرد و ئەوانیش ڕازی بوون.

ئەسکەندەرییەش کە لەو کاتەدا بە پایتەختی میسر ناسرابوو، ئامانجی کۆتایی عەمری کوڕی عاص بوو، لەوێش لەگەڵ (تیودور)ی فەرماندەی قەڵای بیزەنتییەکان بۆ ماوەی چوار مانگی بەردەوام پێکدادان ڕووی دا و سەرەنجام بە ئازادکردنی شارەکە کۆتایی هات بە زەبر و جەنگ، عەمریش خەڵکەکەی کردە (ئەهلی زیمە) بە مەبەستی بەدەستهێنانی خۆشەویستییان و ئامانجەکەشی هاتە دی.

کاتێك بیر لەو سەرکەوتنانە دەکەینەوە هیچ سەرسوڕمانێکی ناوێت، کاتێك بیر لە ڕۆڵی بیروباوەڕ دەکەینەوە بە ڕەهەندە جیاوازەکانیەوە: ڕەهەندی هزری، واتە

ئەو بەرنامەیەی کە هێنای بۆ جیهان، ڕەهەندی دەروونی ـ ڕۆحـی، واتـە ئـەو وزە و توانا زۆرەی کە لە نـاخی جەنگاوەرەکانـدا تەقاندییـەوە، ڕەهەنـدی خووڕەوشـتی، واتە ئەو هەڵسوکەوتە جوانانەی کـە لـە کـاتی جەنگدا هـەیانبوو بـە شـێوەیەك لـە مێژوودا وێنەیان نەبوو، پێش ئازادکردنی خاکی نەیارەکانیان دڵـی ئـەو نەیارانـەیان بۆ ئیسلام دەکردەوە، ڕەهەندی فەلسەفی، کە وای لە جەنگاوەری موسوڵمان کرد بە دڵنیاییەوە ڕوو بکاتە گۆڕەپانی جەنگ، دڵنیاییەکی قووڵ بەوەی کە مـردن و ژیـان بە دەستی خودایـە و مـرۆڤیش تـەنها ئـامرازی جێبـەجێکردنی بڕیـاری خودایـە لـە جیهاندا، بەڕاستی لە دوای ئەوانە موعجیزە ڕوو دەدات.

لەگەڵ ڕۆڵی بیروباوەڕدا پێویستە بیریش لەو پلانە سەربازییە وردەش بکەینەوە کە جـەنگاوەران بـەکاریان هێنـا، هـەر لـە خەلیفـەوە بیگـرە تـا دەگاتـە ئەفسـەرە بچووکەکان و فەرماندەی شەڕگەکان، زۆرێك لـەو پلانانەشـیان لـەو خەباتـە قورسـە وەرگرتبوو کە لە خزمەتی سەرکردەی گەورەیان پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر) کردبوویان، لەگـەڵ ئـەو دوو ڕۆڵـەدا کاتێـك بـیر لـە کـەرت و پـەرت بـوونی هـەردوو دەوڵەتی ساسانی و بیزەنتی دەکەینەوە لەسەر ئاستەکانی: کۆمەڵایـەتی، ئـایینی، سیاسـی، دەروونـی، ئـەو کاتـە بۆمـان ڕوون دەبێتــەوە کـە فتوحـاتی ئیسـلامی و سەرکەوتنەکانی موسڵمانان شتێکی سروشتی بوون، زیاتر لەوەی کە یـەکێك بـووبن لە سەرسوڕهێنەرەکانی مێژوو!

سەبارەت بە بەرەنجامەکانی ئەو سەرکەوتنانە، لێرەدا بواری ئەوەمان نییـە کـە باسـیان بکـەین و شـیکارییان بـۆ بکـەین، تـەنها ئامـاژە بـەوە دەکـەین کـە ئـەو سـەرکەوتنانە گۆڕانکارییـەکی ڕیشـەیی قـووڵی لـە سـەرجەم گۆڕەپانـەکانی ئـەو خاکانـەدا دروسـت کـرد کـە کەوتنـە ژێـر دەسـتی موسـوڵمانان، لەسـەر هـەموو ئاستەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هزری و کارگێڕی، بـەکورتی جیهـانێکی تـازەی دروست کرد و ڕێگای بۆ دەرکەوتنی شارستانیەتێکی نوێ کردەوە کە لـە ئـەنجامی

بەیەکگەیشتنی کارە باشەکانی شارستانیەتە کۆنەکە و بـەها و بنـەما و تیۆرەکـانی ئیسلام لەدایك بـوو، ئـەو شارسـتانییەتەی کـە دەیزانـی چـۆن پـەیامـەکانی قورئـان وەردەگرێت، هاوسەنگیی پێویست لـەنێوان زانسـت و ئاییـنـدا ڕادەگرێـت، دەیزانـی چۆن کۆڵەکەی میتۆدی زانستە ئەزموونییەکان دادەنێت، کە تا ئێستاش ڕۆژئاوا تـا ئاستێکی زۆر قەرزداری ئەو میتۆدەیە، ئەو میتۆدەی کە قورئان باسی کردووە و لە سەدان ئایەتیدا بانگەشەی بۆ دەکات، هەندێکیان هانمان دەدەن بۆ پشتبەستن بـە ئامێرە هەستەوەرەکانی وەك گوێ و چاو لە کاتی مامەڵەکردنمان لەگەڵ شتە دیار و بەرچاوەکاندا تا دەگەین بە خودا، هەندێکی تریان هانمان دەدەن بۆ پشتبەستن بە عـەقڵ لـە کاتێکـدا بـیر لـە یاسـاکانی گـەردوون و جیهـان دەکەینـەوە، بـیر لـەوە دەکەینەوە چۆن سوود لە وزەکانیان ببینین بۆ خزمەتی مرۆڤ و ئاسانکاریی لە ژیان و کاروباری مرۆڤدا.

لە ئەنجامی ئەو سەرکەوتنانە زۆرینەی زۆری ئەو ناوچە ئازادکراوانـە موسـوڵمان بوون، ئەوەش لە کاتێکـدا بـوو کـە دادگـەریی موسـوڵمانان و چاوپۆشـی ئیسـلام و ڕوونیـی بنـەما ئیسـلامییەکان و گونجانیانیـان بینـی لەگـەڵ سروشـتی مـرۆڤ و داواکارییـەکانی گـەل و کۆمەڵگەکانـدا، کـە تامـەزرۆی ئـازادی و دادی کۆمەڵایـەتی بوون.

موسوڵمانان ئازادیی ئایینیان بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە ڕاگەیاند، هەموو تاقم و پێڕە ئایینییەکان بە تەواوی ئازادییەوە بانگەوازیان بۆ ڕێبازی خۆیان دەکرد، بەبێ ئـەوەی دەوڵـەت دەسـت بخاتـە کاروباریانـەوە، لـە سـەروو ئەوەشـەوە زۆرێـك لـە شوێنکەوتووانی ئایینەکانی تر پۆسـتی مـەدەنی و حکومییـان وەرگـرت لـە سـایەی دەوڵەتی ئیسلامیدا، موسوڵمانان دەسەڵاتی چینایەتییان نەهێشت، کە دەسەڵاتیان بەسـەر گەلـەکانی ژێـر دەسـەڵاتی فـارس و بیزەنتییەکانـدا گرتبـوو، هـەموو ئـەو دەستکەوتانەی کە چینێکی تایبەت بۆ خۆیانیان قۆرخ کردبوو، موسوڵمانان ڕەتیان

کردەوە و بەیەکسانی مامەڵەیان لەگەڵ هەموو چینەکاندا کرد، ڕێژەی باجیش بە شێوەیەك کەم کرایەوە کە لەسەر شانی دانیشتووانی خاکە ڕزگارکراوەکان قورس نەبێت، بۆ نموونە بیزەنتییەکان ساڵانە نزیکەی بیست ملیۆن دیناریان لە میسرییەکان وەردەگرت، بەڵام موسوڵمانان تەنها دوانزە ملیۆنیان لێ وەردەگرتن، ئەمە لەگەڵ ئەو هەموو چاکسازییە کشتوکاڵییەش کە ئەنجامیان دا بە لێدانی ڕێگا و جۆگای ئاو، بە شێوەیەك کە دانیشتووانی خاکە ڕزگارکراوەکان بەئاشکرا هەستیان بە جیاوازیی نێوان دادگەریی موسڵمانان و نادادی فارس و بیزەنتیەکان دەکرد.

زیاد لەوانەش ئەو سەرکەوتنانە بوون بە هۆی دروستبوونی چەند پایتەختێکی تازەی ستراتیجی و بوونە ناوەندی نیشتەجێبوون و سەربازگەی خەباتکارە موسوڵمانەکان، دواتریش ئەو پایتەختانە بە شێوەیەك پێشکەوتن کە لە ماوەی چەند دەیەیەکدا بوون بە گرنگترین ناوەندی شارستانی لە جیهاندا، بە هەمان شێوە ناوچە ڕزگارکراوەکان لە سیستەمی دەسەڵات و بەڕێوەبردندا داهێنان و تازەگەرییان بە خۆیانەوە بینی، خزمەتگوزاریی فراوان و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بە شێوەیەك کە لەگەڵ چاوپۆشیی ئیسلام و بانگەوازی ئیسلام بۆ لەخۆگرتن و داد و یەکسانی بگونجێت، یەکێکی تر بوو لە بەرەنجامی سەرکەوتنەکان، هەروەها لە دوای ئەوەی جەنگە بەردەوامەکانی نێوان ڕۆم و فارس و هێرشی خێڵەکان و چەتەیی و تۆڵەسەندنەوە و ستەمی سەرکردە کارگێڕییەکانی ڕۆم و فارس ئەو ناوچانەی کردبوو بە ناوچەی ترس و تۆقاندن و دڵەڕاوکێ، فتوحات سەرلەنوێ سەقامگیری و ئاساییش و سەروەریی یاسای بڵاو کردەوە، مژدەی پێغەمبەر هاتە دی کە فەرمووی: ئەو ناوچانە بە شێوەیەکیان لێ دێت سوار لە صەنعاوە دەچێت بۆ بوصرا ترسی لە خۆی و مەڕەکانی نییە، مەگەر ترسی گورگی هەبێت، ئەو

سەقامگیرییەش بەرهەم و پێشکەوتنی شارستانیی زیاتری لە هەموو بوارەکاندا فەراهەم هێنا.

پێویستە ئەو گۆڕانکارییە گەورەشمان لەبیر نەچێت کە فتوحات لە چەمکی جەنگ و ڕووبەڕووبوونەوەدا کردی، لە دوای ئەوەی کە جەنگ لەپێناو خاك و بەهۆی ئەوەی کە وڵاتێك دەستدرێژیی کرابووە سەر یاخود خێڵێك، بۆ هێنانەدی حەز و ئارەزووی میرێك یان پاشایەك یان ئیمپراتۆریەتێك بەرپا دەکرا، بەڵام ئێستا و لە دوای دەستپێکردنی فتوحات جەنگەکان بوون بە جەنگی بیروباوەڕ و کردەیەکی ئازادیخوازی کە ئامانج لێی دەرهێنانی بەندەکانە لە بەندایەتیی بەندەکانەوە بۆ بەندایەتیی خودای گەورە، لە تەنگەبەری دونیا بۆ فراوانییەکەی، لە ستەمی ئایینەکان بۆ دادگەریی ئیسلام، ئەوەش واتای زۆرەملێ ناگەیەنێت بۆ وەرگرتنی ئیسلام، چونکە ﴿لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ﴾ البقرة: ٢٥٦، واتە: (زۆرەملێ لە وەرگرتنی ئاییندا نییە)، بەڵکو ئەوە دەگەیەنێت کە جەنگە ئیسلامییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو دەسەڵات و حکومەتانە بوون کە خەڵکیان دەکردە بەندەی خەڵك، ڕێگر بوون لەنێوان ئازادی بانگەواز و بیروباوەڕ و گەلاندا، ئەو گۆڕانکارییانە شێوازەکانی جەنگیشی گرتەوە، لە دوای فتوحات وای لێ هات جەنگ لەسەر چەند بنەما و بەهایەکی مرۆڤایەتی وەستا، کە بەئاشکرا لە وتار و نامە و ڕێنماییەکانی پێغەمبەر و خەلیفەکانی ڕاشیدیندا دەردەکەوتن کاتێك ئامۆژگاریی فەرماندە و سەربازەکانیان دەکرد پێش دەرچوونیان بۆ شەڕگەکان.

یەکێك لە بەرەنجامە گرنگەکانی فتوحات لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئیسلام بریتی بوو لە دزەکردنی بنەما ئیسلامییەکان بۆ ناو تاقم و ئایینەکانی تر، کە لە ناوچە ڕزگارکراوەکاندا بوونیان هەبوو، سەرەنجام ئەوانیش چاکسازییان لە بنەماکانی خۆیاندا کرد، لە چەند بابەتێکدا وەك خودایەتی مەسیح سەلامی خودای لێ بێت و پەرستشی، هەروەها پەرستشی پەیکەر و بەپیرۆزدانانی، تەنانەت سەرهەڵدانی

هەندێك لـه ئـايينزا و تـاقمی جوولەكـه و مەسـيحی سـەرەتاكەيان دەگەڕێتـەوە بـۆ ژيانيـان لەگـەڵ موسـوڵمانان، هـەر وەك چـۆن هەنـدێك ئـايين و ئـايينزا دووچـاری تياچوون بوون لەگەڵ بەيەكگەيشتنيان لەگەڵ ئيسلامدا.

لـەدوای سـەركەوتنەكان موسـوڵمانان وەك هێزێكـی كاريگـەر لەسـەر گۆڕەپـانی نێودەولـەتی دەركـەوتن، دەولـەتی ئيسـلامی بـوو بـە دەولـەتێكی جيهـانی، بـەو شـێوەيەی كـە خـودا و پێغەمبـەر ويسـتيان، ڕێبەرايـەتيی مرۆڤايـەتی لـە ڕووی بيروباوەڕ و سياسی و شارستانييەوە كەوتە دەست ئـەو دەوڵەتـە تازەيـەی كـە بـە ميتۆدێكی تازە كاری دەكرد.[(١)]

**٤ـ سەردەمی ئومەوييەكان و شە پۆلی دووەم:**

ڕووداوەكـانی ئاشـوبەكەی سـەردەمی عوسمـان بـە هـەردوو قۆناغەكەيـەوە بـۆ ماوەيەكی كەم كە لە دە ساڵی دەيەی چوارەمی كۆچی تێنەدەپەڕی بڵاوبوونـەوەی ئيسلامی بە شێوەيەكی كاتی ڕاگرت، بەڵام لەدوای دامەزراندنی دەولـەوتی ئومـەوی و يەكگرتنی وزە و توانا ئيسلامييەكان لەژێر ئاڵای موعاوييەی كوڕی ئەبوسوفيان دا كە بە ساڵی (كۆمەڵ) نـاو نـرا (٤١ك)، لـەو سـاڵەدا و دوای لاچـوونی بەربەسـتەكان جووڵانـەوەی فـەتح دەسـتی پـێ كـردەوە، دەوڵەتـە تازەكـە ئـەركی فراوانكردنـی سنوورەكانی جيهانی ئيسـلامی لەئەسـتۆ گـرت، ئـەو قۆناغـە بـە شـەپۆلی دووەمـی فتوحاتی ئيسلامی دادەنرێت كە بە سەردەمی موعاويە دەستی پێ كرد و بـەردەوام بوو تا لە سەردەمی وەليـدی كـوڕی عەبدولمەليكدا گەيشـتە ئەوپـەڕی فراوانـی لـە ساڵانی (٨٦ ـ ٩٦ك).

ئيسلام گەيشتە قووڵايی ئاسيا و ئەوێشی تێپەڕاند هەتا لە ڕۆژهەڵاتەوە گەيشتە سنوورەكانی چين، قـەوارەی ئيسلاميشـی لـە هەرێمـەكانی بـاكوور بـەهێز كـرد كـە

[١] أحمد بن محمد المقري، نفح الطيب من غصن الأندلس الرطيب، بولاق، ١٨٦٢م، ١١٣/١، ١١٤.

بریتی بوون لە ئەرمینیا و ئازەربایجان، سەبارەت بە ڕۆژئاواش لە دوای زنجیرەیەك هەوڵی گران و ماندووکەر توانرا قەوارەی ئیسلامی بەتەواوەتی لە باکووری ئەفریقا جێگیر بکەن بە درێژایی ئەو خاکە فراوانە لە سنووری ڕۆژئاوای میسرەوە هەتا زەریای ئەتڵەسی، پاشان سەربازەکانی ئیسلام ئەو گەروەشیان تێپەڕاند کە هەردوو کیشوەری ئەفریقا و ئەورووپای بەیەکەوە بەستبوویەوە، بەسەر دەسەڵاتی غۆتییەکاندا لە ئیسپانیا سەر کەوتن، بەوەش نیمچە دورگەی ئیبیریا بوو بە زەوییەکی ئیسلامی و بوو بە خاڵی هەڕەشە لەسەر خودی ئەورووپا لە ڕۆژئاوا و باشوورەوە. لەو سۆنگەیەوە ئومەوییەکان ستراتیجیەتی ڕووبەڕووبوونەوەیان بەرامبەر بێزەنتییەکان ڕێك خستەوە بەگوێرەی چەند پلانێك کە قوستەنتینییەی کردبووە ئامانج، ئەو هەنگاوانەش ئەگەرچی لە سەردەمی موعاویە و سولەیمانی کوڕی عەبدولمەلیك شکستیان هێنا، بەڵام سوودەکەی ئەوە بوو کە لانی کەم بێزەنتییەکانی لە باری هێرشبردنەوە خستە باری بەرگرییکردن، بەمەش موسوڵمانان توانییان لە قۆڵەکانی ئەفریقا و ئەورووپای ڕۆژئاوا و دەریای ناوەڕاست پێشڕەویی زیاتر بکەن، بە تێپەڕبوونی کات ئەو ناوچانە بوون بە ناوچەی دەسەڵاتی ئیسلامی و هێزە دەریاییەکانی بێزەنتییەکان کشانەوە و پووکانەوە.

هەرچییەك بگوترێت سەبارەت بە ئامانجی ڕاستەقینەی ئومەوییەکان لە جووڵانەوەی فتوحات، ئێمە تەنها ئەنجامی کۆتایی مێژوویمان بەلاوە گرنگە، ئەویش ئەوەیە جیهانی ئیسلامی بۆ چەند ئاسۆیەکی دوورودرێژ فراوان بوو، لەو ڕێگەیەشەوە هەم خاك و هەم مرۆڤەکانیشی بەدەست هێنا، هەروەها توانییان دەستکەوتەکانی تەوژمی یەکەمی فتوحاتیش بپارێزن کە خەلیفەکانی ڕاشیدین پلانیان بۆ دانا و ڕابەرایەتییان کرد.

سوپای ئومەوییەکان کاری لەسەر دوو شەڕگەی فراوان کرد، قوتەیبەی کوڕی موسلیمی باهیلی، کە لەلایەن حەجاجی کوڕی یوسفەوە کرابوو بە لێپرسراوی

خوراسان، له ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو قووڵایی ئاسیا ڕۆیشت و ڕووی کردە چین، سەرەتا بەرەو بەڵخ ڕۆیشت و لە ساڵی (٨٦ك)دا ڕزگاری کرد، پاشان لە ساڵی (٨٧ك)دا دەستی بەسەر بیکەنددا گرت، ئەگەرچی دوای ئەوەی قوتەیبە بەرەو صەغد ڕۆیشت خەڵکی بیکەند فرسەتیان هێنا و بە ناپاکی کاربەدەستەکەیان کوشت، بەناچاری قوتەیبە گەڕایەوە و سەرکوتی کردن و ماڵ و سامانێکی زۆریشی لێ زەوت کردن و پاشانیش بەبێ ڕوبەڕووبوونەوەی سەربازی شارەکەیانی ڕزگار کرد، لە ساڵی دواتریشدا قوتەیبە بەردەوام بوو لە پێشڕەویی و ناوچەی کرمینیەی ڕزگار کرد لەنێوان سەمەرقەند و بوخارادا، دواتریش لە ساڵی (٨٩ك)دا و لە دوای ماندووبوونێکی زۆر بوخارای ڕزگار کرد و زۆرێك لە دانیشتووانەکەی کردە سەرباز لە سوپاکەیدا، لە دوای چەند ساڵێك و لە ساڵی (٩٣ك)دا خوارزمی ڕزگار کرد، پاشان لە دوای ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەخت سەمەرقەندیشی ڕزگار کرد، بەوەش جێپێی خۆی لە ناوچەکانی (**ما وراء النهر**)دا قایم کرد، دوای ئەوە لە ڕووباری جەیحون پەڕییەوە و لەوێ ڕووبەڕووی سوپایەکی بیست هەزار سەربازی بووەوە، کە لە بوخارا و خوارزم و ئەم ناوچانەوە هاتبوون، ساڵی دواتریش ڕووی کردە فەرغانە، کە ناوچەیەکی سنووریی بوو لەگەڵ وڵاتی تورکستان، لەوێشەوە بەرەو خەجەندە لەسەر ڕووباری جەیحون ڕۆیشت، ئەگەرچی ڕووبەڕووی بەرگریی بووەوە، بەڵام سەرئەنجام سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێنا، لە ساڵی (٩٥ك)دا خۆقەند و کاشغەری ڕزگار کرد، بەو سەرکەوتنانەوە نەوەستا و لە پێشڕەویدا بوو، لەو کاتەدا هەواڵی کۆچی دوایی وەلیدی خەلیفەی موسوڵمانانی پێ گەیشت، ئەوەش لە پێشڕەوی ڕای نەگرت هەتا گەیشتە سنووری چین، لەوێوە نوێنەرێکی نارد بۆ لای پاشای چین و مەرجەکانی خۆڕادەستکردنی پێ گوت، لە دوای گفتوگۆیەکی دوورودرێژ، پاشای چین ناچار بوو سەرانە بدات، بەمەش ناوچەکە کەوتە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ئومەوی، موسوڵمانانیش بە هەمان شێوەی ناوچەکانی تر

مامەڵەیان لەگەڵ هاووڵاتیانی ئـەو ناوچانەشـدا کـرد، خەڵکەکەشـیان هـان دەدا بـۆ موسوڵمانبوون، ئەوەش وای کرد کە تورکەکان بە کۆمەڵ موسوڵمان ببن.

لە باشووریشەوە حەجاج موحەممـەدی کـوڕی قـاسمی سـەقەفیی ڕاسـپارد کـە کاربەدەستی مەکران بوو بۆ ئەوەی بڕوات و دەست بەسـەر وڵاتـی هینـددا بگرێـت، ئەوەیش لەبەر ئەوەی هەندێك لە خێڵە هیندییـەکان دەسـتدرێژییان کردبـووە سـەر ئەو عەرەبانەی کە نیشتەجێی هیند بوون، موحەممەدیش لە ساڵی (٨٩ك)دا بـەرەو هیند ڕۆیشت و گرنگترین شارەکانی بـاکووری هینـدیان ڕزگـار کـرد، هـەتا گەیشـتە سەند و لەوێش ڕووبەڕووی پاشای سەند بوویەوە، کە خۆی و سـەربازەکانی لەسـەر پشـتی فیـل دەجـەنگان، سـەرەنجام پاشـای سـەند شکسـتی هێنـا و کـوژرا، موحەممەدی کوڕی قاسمیش لە پێشڕەوی بەردەوام بوو هـەتا گەیشـتە مـەلتان لـە باشووری بەنجاب و چووە ناو شارەکەوە، ئەو ناوچانە هەموویان بتپەرست بـوون و ئیسلام تێکی شکاندن.

لـە ڕۆژئـاواش موسـای کـوڕی نەصـیر سەرپەرشـتیی فتوحـاتی دەکـرد، موسـا کاربەدەسـتێکی ئومـەوی بـوو لـە ڕۆژئـاوا و تـاریقی کـوڕی زیـادی بەربـەریش کـە خزمـەتکاری بـوو هاوکـاری بـوو لـە سەرپەرشـتیکردنی فتوحاتـدا، هۆکـاری دەستبەسەرداگرتنی ئەو ناوچانە ئەوە بوو لەدوای ڕزگـارکردنی میسـر موسـوڵمانان ویسـتیان سـنوورەکانی ڕۆژئاوایـان بـەهێز بکـەن و دەسـت بەسـەر کـەناراوە ئەفریقییەکانی باکووردا بگرن، لەبەر ئەوە موسای کـوڕی نەصـیر بـە سـوپاکەیەوە گەیشتە تونس و لەگەڵ سوپایەکی تـردا بەیـەك گەیشـتن و تـاریقی کـوڕی زیادیـان خستە پێشی سوپاکە و لەگەڵ بەربەرەکان کەوتنە جەنگەوە، دەسـەڵاتی دەوڵـەتی ئیسلامیی سەپاند و لە سەرتاسەری ناوچەکانی مەغریبدا ئیسلامیان بڵـاو کـردەوە، هەتا گەیشتن بە طەنجە، کە بە پایتـەختی ئـەو ناوچـانە دادەنـرا و گـەمارۆیان دا و پاشـان ڕزگاریـان کـرد و دانیشـتوانەکەی موسـوڵمان بـوون، تـاریقیش بـوو بـە

کاربەدەستی طەنجە، پاشان موسا لە پێشڕەوی بەردەوام بوو هەتا گەیشتە کەنارەکانی زەریای ئەتڵەسی و دەسەڵاتی دەوڵەتی بێزەنتییان لەو ناوچانە لەناو برد هەتا دەگات بە شاری سەبتە، موسا تەنها لە جەنگدا سەرکەوتوو نەبوو، بەڵکو لە ڕووی ئایینییشەوە سەرکەوتتنی بەدەستهێنا، ئەویش بە موسوڵمانبوونی بەربەرەکان بوو، موسا چەند قورئانخوێنێکی بۆ دانان هەتا قورئانیان فێر بکەن، بەو شێوەیە و لە ساڵی (٩٠ك)یەوە مەغریب بەتەواوی کەوتە ژێر دەستی دەوڵەتی ئومەوییەوە.

دوای ئەوە موسڵمانان چاویان کەوتە سەر ئیسپانیا، کە لە سەدەی پێنجەمی زایینییەوە و لە ئەنجامی لاوازیی دەوڵەتی ڕۆمانییەوە وینداڵەکان هاتبوونە ناویەوە، هەر بەو ناوە و بە شاری ویندالٚ و ئەندەلووسیا ناو دەبرا، لە دوای ئەوەش غوتیە ڕۆژئاواییەکان هاتنە ناوی، موسوڵمانەکانیش بە ئەندەلووس ناویان دەبرد، میر جولیان داوای هاوکاریی لە موسای کوڕی نەصیر کرد لە دژی ڕودریکی پاشایان، چونکە لە ناخیدا ڕقی لێی بوو و دژایەتی دەکرد، موسوڵمانان ئەو هەلەیان قۆستەوە و هێرشیان کردە سەر کەناراوەکانی ئیسپانیا، جولیان پەیوەندیی بە موسوڵمانانەوە کرد و کارئاسانیی بۆ کردن بۆ دەستبەسەرداگرتنی ئیسپانیا و لەناوبردنی (رودريك)، موساش بە داواکارییەکەی جولیان دڵخۆش بوو، ڕاوێژی بە خەلیفە وەلید کرد، سەرەتا خەلیفە دوودڵ بوو، بەڵام دواتر ڕێگای بە موسا دا کە ڕووبەڕووی رودريك ببێتەوە بە مەرجێك بە وریایی و ئاگادارییەوە ئەو کارە بکات و دڵنیا بێت لەوەی کەجولیان ناپاکییان لەگەڵدا ناکات، موسا لە ساڵی (٩١ك)دا طەریفی کوڕی مالیکی لەگەڵ پێنج سەد جەنگاوەردا نارد و بە هاوکاریی جولیان دەستیان بەسەر چەند شارێکی باشووری ئەندەلووسدا گرت، طەریف بە خۆی و دەستکەوت و کەلوپەلی جەنگیی دەستبەسەرداگیراوەوە گەڕایەوە، پاشان موسا سوپایەکی گەورەی بەڕێ کرد، کە ژمارەیان حەوت هەزار جەنگاوەر بوو، زۆرینەیان

بەربەری بوون، تاریقی کوڕی زیادی کاربەدەستی طەنجە فەرماندەی سوپاکە بوو، سوپاکە لە ساڵی (٩٢ك) دا بەڕێ کەوت و لە کەنداوی نێوان ئەفریقا و ئەندەلوس پەڕینەوە، لە شوێنێك جێگیر بوون کە ئێستا پێی دەگوترێت (جبل طارق)، پاشان تاریق خۆی لە هێزی غوتییەکان لادا کە بەردەمیان پێ گرتبوو، بەرەو باکورو ڕۆیشت و لە ڕێگادا پێنج هەزار جەنگاوەری تر تێکەڵ بە سوپاکەی بوون و لەلایەن موسای کوڕی نەصیریشەوە هاوکاریی تری بۆ هات.

کاتێك موسوڵمانان هەواڵی نزیکبوونەوەی سوپای (رودریك)یان بیست ترسیان لێ نیشت، لەوێدا تاریق وتارێکی پێشکەش کردن و گوتی: "ئەی خەڵکینە بۆ کوێ ڕا دەکەن؟ دەریا لە دواتانەوەیە و دوژمنیش لە پێشتانەوەیە، تەنها ڕاستگۆیی و ئارامگرتن فریاتان دەکەوێت، بزانن من یەکەم کەسم کە وەڵامی ئەو داوایە بدەمەوە کە ئێوەم بۆ بانگ کردووە، لە کاتی بەیەکگەیشتنی هەردوو سوپاکەدا یەکەم کەس دەبم کە ڕووبەڕووی رودریکی ستەمکار و سەرکەش دەبمەوە و لەگەڵی دەجەنگم، ئەگەر خودای گەورە ویستی لەسەر بێت". هەردوو سوپاکە لە ناوەڕاستی ڕەمەزانی ساڵی (٩٢ك) بەیەك گەیشتن، سوپاکەی رودریك ژمارەیان دەیان هەزار کەس بوو، لە کەناری ڕووباری (جوادی) لە ئیسپانیا ڕووبەڕوو بوونەوە و سوپای تاریق بەسەر دوژمنەکەیدا سەرکەوت و رودریك ڕای کرد و سەرەنجام لە ئاوی ڕووبارەکەدا خنکا.[1] پاشان تاریق سوپاکەی کرد بە چوار تیپەوە، سێ تیپی نارد بۆ مەلەقە و غەرناتە و قورتوبە، خۆیشی بە فەرماندەیی تیپێك بەرەو تەلتیلیەی پایتەختی غوتییەکان ڕۆیشت و دەستی بەسەردا گرت، تاریق موغیسی کوڕی حاریسی بە سوپایەکی حەوت سەد سوارییەوە نارد بۆ قورتوبە و ڕزگاری کرد، کاتێك موسای کوڕی نەصیر هەواڵی ئەو سەرکەوتنانەی بیست، سوپایەکی لە عەرەب و بەربەرەکان پێك هێنا، کە ژمارەیان هەژدە هەزار جەنگاوەر بوو و بەرەو

---

[1] أحمد بن محمد المقري، نفح الطيب من عصن الأندلس الرطيب، بولاق، ١٨٦٢م، ١/ ١١٣، ١١٤.

ئەندەلووس بەڕێ کەوتن بە مەبەستی بەهێزکردن و پاراستنی دەستکەوتەکانی تاریق، موسا فتوحاتی گەیاندە زۆربەی ناوچەکانی نیمچە دوورگەکە و دەستی بەسەر ئیشبیلیەشدا گرت کە گەورەترین شاری ئەندەلووس بوو لە ڕووی گرنگی و ڕووبەریشەوە، سەرەتا پایتەختی ئیسپانیا بوو هەتا غوتییەکان دەستیان بەسەردا گرت و پاشان تەلتیلیەیان کرد بە پایتەختی دەوڵەتەکەیان، پاشان تاریق پێشڕەویی کرد هەتا گەیشتە شاری (ماردە) و لە جەژنی ڕەمەزانی ساڵی (٩٤ك)دا دەستی بەسەردا گرت.

تەلتیلیە بوو بە خاڵی دەرچوونی هێزەکانی موسا و تاریق، لەوێوە هەرێمەکانی ئەرغونە و قەشتالە و کەتەلۆنیایان لە کەناراوەکانی ڕۆژهەڵات ڕزگار کرد، هەروەها چەند شارێکی گرنگیشیان ڕزگار کرد، لەوانە: سەرەقۆستە و بەرشەلۆنە، لە ماوەی کەمتر لە دوو ساڵدا هەموو ئیسپانیا هەتا چیاکانی بیرنیە کەوتە دەستی موسوڵمانان، تەنها هەرێمە شاخاوییەکانی باکووری ڕۆژئاوا مانەوە، کە پێیان دەگوترا (جليقية)، گەورەکانی غوتییەکان لەو ناوچانە خۆیان حەشار دابوو، موسا ڕزگارکردنی (جليقية)ی دایە دەستی تاریق و بۆ خۆی لە بیرینیەوە پەڕیەوە بۆ فەرەنسا، بەشی باشووری تێپەڕاند، بەڵام خەلیفە وەلید ڕایگرت و ڕێگەی فراوانخوازیی لێ گرت، موسا گەڕایەوە بۆ ئیسپانیا هەوڵەکانی چڕ کردەوە بۆ ملکەچکردنی باکووری ڕۆژئاوای ئیسپانیا، چووە ناو (جليقية) و دەستی بەسەر قەڵاکانیدا گرت، لەو کاتەدا وەلید بانگی کردەوە و ئەویش ناچار بوو لە پێشڕەوی بوەستێت و لە ساڵی (٩٦ك)دا بەرەو دیمەشق گەڕایەوە.[1]

---

[1] د. على ابراهيم الشريف، العالم الإسلامي العام، الطبعة الثانية، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة، ١٩٥٩م، ص٢٩٦ـ ٣٠٣.

### ٥ـ عەباسییەکان و ڕۆڵی هەرێمەکان:

دەسەڵاتدارانی عەباسییەکان دەوڵەتێکی فراوانیان بۆ مایەوە، دەکرێ پرسیار بکرێت: بۆچی عەباسییەکان لە ڕێگای فەتح و بڵاوبوونەوە بەردەوام نەبوون، لە کاتێکدا هێز و زیندووتییەکی باشیان هەبوو، بەتایبەتی لە سەردەمی یەکەمیاندا؟

چەندین گۆڕەپان و پانتایی بەسوود لە تەنیشتی خاکی خیلافەتی عەباسییەوە هەبوون، لە ڕۆژهەڵاتەوە بە ڕووی چیندا و لە باشوورەوە بە ڕووی نیمچە کیشوەری هینددا و لە ڕۆژئاواوە بە ڕووی ئەفریقا و دەریای ناوەڕاستدا، عەباسییەکان لە توانایاندا بوو کە بەرەی فراوانخوازی لە هەموو ئەو ناوچانە بکەنەوە، تەنها لە سنووری باکوور ململانێیەکی دوورودرێژ هەبوو لە نێوان عەباسییەکان و بێزەنتییەکاندا، ماوەیەك پێشڕەوییان دەکرد و ماوەیەکیش پاشەکشەیان دەکرد، بەبێ ئەوەی ئەنجامێکی یەکلاکەرەوەیان هەبێت یاخود هێرشێکی وا بکەن کە پشتی نەیارەکانیان بشکێنن، هەر وەك دواتر و لەسەر دەستی سەلجوقییەکان و لە ساڵی (٤٦٣ك)دا لە داستانی (**ملاذ کرد**)ی بەناوبانگدا ڕووی دا، تەنانەت لەو بەرەیەشدا عەباسییەکان نەیانتوانی پێشڕەوییەکی مێژوویی ئەوتۆ بکەن کە شایانی باس بێت.

پێدەچێت سەرقاڵیی خەلیفە گەورەکانی عەباسییەکان بە کێشە ناوخۆییەکانەوە و لەناوبردنی بزووتنەوە بەرهەڵستکارە چەکدارەکانی سنووری دەوڵەتەکەیان ڕێگر بووبێت لە فەتح و پێشڕەوییان، چونکە هیچیان تەنانەت هارونە ڕەشیدیش ماوەیەکی ئارامی و سەقامگیرییان بەخۆیانەوە نەبینی بەو شێوەیەی کە بۆ موعاویە و وەلید و سولەیمان ڕەخسابوو، لەگەڵ ئەوەشدا بە شێوەیەکی گشتی دەوڵەتی ئومەوییش کێشەی ناوخۆیی و شۆڕش و بزووتنەوەی بەرهەڵستکاریی زۆریان هەبوو، بەڵام هیچیان ڕێگر نەبوون لەبەردەم بەدەستهێنانی ئەو سەرکەوتنە گەورانەدا لە سەرجەم بەرەکانی دەرەوەدا.

ئایا خەلیفەکانی عەباسی ستراتیجیەتێکی جیهادیی ئـەوتۆیان نـەبوو کـە ئامـانج لێـی بـەردەوامبوون بێـت لەسـەر فتوحـات و بـە ئـەرکی سـەرەکی دەوڵەتەکـەیان نەدەزانی؟ ئایا دڵسۆزیی تەواو و پاڵنەری بەهێزیان نەبوو بۆ هێنانەدیی ئەو ئامانجە گەورەیە؟

نەخێر، ئەوان باش دەیانزانی کە بەردەوامبوون لەسەر جیهاد باشترین ڕێگایە بۆ بەدەسـتهێنانی پشـتگیری جـەماوەر و کۆکردنـەوەیان لـە دەوری سەرکردایەتییەکەیان، هەروەها جیهاد ئەو بنـەما سـەربازییە جێبـەجێ دەکـات کـە دەڵـێ: هێرشـبردن باشـترین ڕێگـای بەرگریکردنـە، بـە جیهـادیش عەباسـییەکان دەیانتوانی پارێزگاری لـە سـنوورەکانی دەوڵەتـە فراوانەکـەیان بکـەن و ڕێگـری لـە هەڕەشە دەرەکییەکان بکەن یاخود سنووریان بۆ دابنێن.

عەباسـییەکان زۆر گرنگییـان بـە ڕووبەڕووبوونـەوەی ڕۆمـەکان دا، ئـەوەش دەمانگەیەنێتە ئەو بڕوایەی کە عەباسییەکان ستراتیجیەتی جیهادیان هەبوو، بەپێی تواناش هەوڵی بەدیهێنانی ئەو ستراتجیەتەیان داوە، لەگەڵ ئەوەشدا عەباسییەکان هەمیشە هاندەر بوون و دەستخۆشییان لە سەرکردایەتیی هەرێمەکان دەکرد، کاتێك پێشـڕەوییان دەکـرد و هـەوڵی بڵاوکردنـەوەی ئیسـلامیان دەدا لـە خاکـە هاوسنوورەکاندا.

وا دیارە هۆکارێکی سـەرەکی هـەبووە لـە پشـت ڕێگریکـردن لـە بڵاوبوونـەوە و فراوانکردنی سنووری خیلافەتەکەیان بە شێوەیەك بگاتە هەموو جیهان.

سنوورەکانی دەوڵەتی عەباسی دوور و فراوان بوون، پایتەختەکەی بەغداد بـوو، پاشـانیش سـامەڕا بـوو، کـەوتبووە ناوەڕاسـتی ئـەو ناوچـانەی موسـوڵمانان تێیـدا دەژیان لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە، بە شێوەیەك بـوو کـە هەڕەشـەی نـەیارەکانی لـە دەرەوە کاریگـەریی ڕاسـتەوخۆی لەسـەر پایتـەختی دەوڵـەتی عەباسـی نـەبوو، لـە لایەکی تریشەوە بنکەی سەرەکی توانای ناردنی وزە و زینـدوێتی نـەبوو بـۆ هـەموو

کون و قوژبنەکانی سنووری دەوڵەتەکەیان، نەیدەتوانی وایان لێ بکات کاریگەر و بەرهەمدار بن، چ جای ئەوەی سنوورەکان تێپەڕێنێت و بەرەو ئەودیو بڕوات.

کاتێك جەستەی مرۆڤ زۆر گەشە دەکات و لە سنوور دەر دەچێت زۆر قەڵەو دەبێت، ئەوا دڵ ناتوانێت وەکو لاشە ئاساییەکان خوێن و وزەی بۆ بنێرێت، بە هەمان شێوە لاوازییەکەی دەوڵەتی عەباسی نەك تەنها کاریگەریی لەسەر بڵاوبوونەوە و فراوانبوونی دەرەکی هەبوو، تەنانەت چاوپۆشییان لە یەکێتی خاکی عەباسییەکانیش کردبوو تا ڕادەیەك سەربەخۆیی تەواوی خۆبەڕێوەبردنیان دابوو بە هەرێمە دوورەکان، یاخود لە ئاست جیابوونەوەیان بێدەنگییان هەڵدەبژارد، هەندێك جار لە دژایەتییەکەشیان بەرامبەر دەوڵەتی عەباسی بێدەنگ دەبوون.

خۆشبەختانە لانی کەم لە قۆناغەکانی سەرەتادا دەوڵەتی عەباسی زیرەکی و دڵسۆزییەکی باشیان هەبوو، ئەویش بە گۆڕینی دیاردەی جیابوونەوەی هەرێمەکان بۆ ئامرازێکی مێژوویی باش، کە کار لەسەر بڵاوکردنەوەی ئیسلام بکەن لە هەموو ناوچەکاندا، هەر لە سەرەتاوە دەستخۆشییان لەو سەرکردە هەرێمییانە کرد کە ئاڵای ئیسلامیان هەڵگرت و ڕێگای پڕ ماندوویی و سەختیان بڕی لە ناوچەرگەی تورکستان، یاخود لە نیمچە کیشوەری هیندی، یان لە قووڵایی ئەفریقا، یان لە ئەنادۆڵ و دەریای ناوەڕاست و کەناراوەکانی باشووری ئەوروپا.

ئەگەرچی نموونە زۆرە، بەڵام ئێمە لێرەدا تەنها باسی دووان لەو دەستکەوتە مێژووییانە دەکەین کە دەسەڵاتە ناوچەییەکان بەدەستیان هێنا.

خیلافەتی عەباسی مافی خۆبەڕێوەبردنی دا بە ئەغالبەکان لە تونس، ئەوانیش دەوڵەتێکیان بۆ خۆیان دروست کرد لەنێوان ساڵەکانی (١٨٤ ـ ٢٩٦ك)، ئەو دەوڵەتە ئەرکی پاراستن و بەهێزکردنی قەوارەی ئیسلامی لە باکووری ئەفریقا لە ئەستۆ گرت، لە باکووریشەوە بەرەو دەریای ناوەڕاست فراوانیان کرد، ئەو شوێنەی

که بێزەنتییەکان بە شێوەیەکی بەردەوام دەسەڵاتیان بەسەر بەشێکی فراوانی وشکانی و ئاوەکەیدا هەبوو.

بە هۆی دووریی کەناراوەکانی ئەفریقا لە پایتەختی عەباسییەکان بەردەوام ئەو ناوچانە لەبەردەم مەترسیی کەشتییە جەنگییەکانی بێزەنتییەکاندا بوون، کە بنکەکانیان لە دوورگە نزیکەکانی سەقلیە و ماڵتا بوون، لە دوای ڕزگارکردنی باکووری ئەفریقا پێکدادان و ڕووبەڕووبوونەوەی بەردەوام هەبوو لەنێوان هێزی دەریایی موسوڵمانان و بێزەنتییەکان، لە سەردەمی دەسەڵاتی موعاویەی کوڕی حەدیجدا موسوڵمانان هێرشی دەریاییان کردە سەر سەقلیە، لە ساڵی (٨٦ك)دا موسای کوڕی نەصیر سوپایەکی دەریایی بەڕێ کرد بە مەبەستی دەستبەسەرداگرتنی سەقلیە و هێرشیان کردە سەر چەند ناوچەیەکی سەقلیە و دەستکەوتێکی زۆریان هەبوو، لە ساڵی (١٠٥ك)دا و بۆ جارێکی تر بیشری کوڕی صەفوان هێرشی کردەوە سەر دورگەکە و ئەویش دەستی بەسەر سامانێکی زۆردا گرت، بە هەمان شێوەش عەبدوللای کوڕی حەبحاب لە ساڵی (١٢٢ك)دا هێرشی بۆ کرد، بەڵام لە دوای ئەو هەوڵانە بە هۆی ئەوەی چەند شۆڕشێك لە ئەفریقا سەریان هەڵدا و عەباسییەکان پێیانەوە سەرقاڵ بوون بێئاگا بوون لە ڕزگارکردنی ئەو دورگەیە، کەشتییە بێزەنتییەکان هێرشیان کردەوە سەر کەناراوەکانی ئەفریقا، دۆخی موسوڵمانان لە هێرشبردنەوە گۆڕا بۆ بەرگریکردن، ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە لە سەردەمی ئومەوییەکاندا هەمیشە هێرشیان دەکرد و پێکدادانە وشکانی و دەرياییەکانیان دەگواستەوە بۆ ناو خاکی دوژمن.

کاتێك ئیبراهیمی کوڕی ئەغلەب لە تونس بوو بە کاربەدەست، دەستی کرد بە پێکهێنانی هێزێکی دەریایی گەورە بە مەبەستی بەرپەرچدانەوەی هێرشی ڕۆمەکان و دوورخستنەوەی هێزی دەریایی ڕۆمەکان لە سنووری موسوڵمانان، لە ڕێگەی دەستبەسەرداگرتنی ئەو بنکانەی کە ڕۆمەکان لە سەقلیە و ماڵتا و کەنارەکانی

ئیتاڵیا بەکاریان دەهێنان بۆ هێرشبردن، هێزی دەریایی ئیسلامی لە سەردەمی ئەغالبەکاندا زۆر گەشەی کرد، بەڕاستی جێگای ئومێد و ئاواتی ئیبراهیمی کوڕی ئەغلەب بوو.

لە سەردەمی میر (زیادة الله)ی کوڕی ئیبراهیم (٢٠١ ـ ٢٢٣ك) هێرشی ڕاستەقینە بۆ سەر سەقلیە دەستی پێ کرد، قازی ئەسەدی کوڕی فورات، کە شەرعزانی قەیرەوان و دانەری کتێبی (*الأسدية*) بوو لە فیقهی مالیکیدا، بە فەرماندەی ئەو سوپایە دیاری کرا، ئەسەدوللا ویستی هێرشەکە لەسەر بنەمای بیری جیهادی ئەنجام بدرێت، لەو کاتە خەڵکی تونس لە ئیسلام تێگەیشتبوون و چەندین زانا و شەرعزانیان تێدا هەڵکەوتبوو، فیقهی مالیکی لەناویاندا بڵاو بوبووەوە، چەند سەربازگەیەکیان هەبوو بۆ ئامادەکردنی جەنگاوەرەکان بۆ بەرەکانی جەنگ، خۆبەخشەکانیش کە تامەزرۆی جەنگ و شەهیدبوون بوون لەو سەربازگەیە ئامادە دەکران، ئەو سەربازگانە هۆکارێکی باش بوون بۆ دروستکردنی چینێك جەنگاوەر کە ژیانیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بێزەنتییەکان یەکلا کردبووەوە.

هاوڕێ لەگەڵ سوپاکەی ئەسەدی کوڕی فورات "هەندێك لە پیاوماقوڵ و ناودارەکانی ئەفریقا لە عەرەب و بەربەر و ئەندەلووسیەکان و زانا و داناکان" دەرچوون بۆ جیهاد، لە ساڵی (٢١٢ك) هێرشی سەر سەقلیە دەستی پێ کرد، یەك بە یەك شارەکانیان ڕزگار کرد و پێشڕەوییان کرد، هەتا لە ساڵی (٢٦١ك)دا تەواوی دورگەکەیان ڕزگار کرد، هەر لە هەمان ساڵدا دەستیان گرت بەسەر دورگەی ماڵتادا، پاشان بە گەروی (مسینا)دا پەڕینەوە و هێرشیان کردە سەر کلبریا لە باشووری نیمچە دورگەی ئیتاڵیا، لەو کاتەوە سەقلیە کەوتە ژێر دەستی موسوڵمانان، لە سەردەمی فاتیمیەکاندا میرنشینێکی ئیسلامی دروست بوو بۆ بەڕێوەبردنی

دورگەکە، ئەو میرنشینە بەردەوام ڕووبەڕووی ڕۆمەکان دەبووەوە هەتا لە ساڵی (٤٨٥ك)دا بە دەستی نورمان ڕووخێنرا.[1]

لە باکووریشەوە غەزنەویەکان لە هیند و لە کۆتایی سەدەی چوارەمی کۆچیدا دەوڵەتێکی ئیسلامییان دروست کرد و خیلافەتی عەباسییش دەستخۆشی و پیرۆزبایی لێ کردن، ئەو دەوڵەتە لەسەر دەستی (سبکتکین) کە دامەزرێنەری دەوڵەتەکە بوو هەروەها مەحمود غەزنەوی کوڕی ئەرکی جووڵەکردن بەرەو نیمچە کیشوەری هیندیان لە باشوور لە ئەستۆ گرت، واتە بەرەو ئەو ناوچانە ڕۆیشتن کە بوزییەکان تێیدا دەسەڵاتدار بوون.

سبکتکین بە ناوچە شاخاوییەکانی ئەفغانستانی ئێستا دەستی پێ کرد و دەستی بەسەر چەند ناوچەیەکدا گرت لە سەرووی هەموویانەوە کابول، بەو جموجووڵەی سبکتکین یەکێك لە پاشاکانی هیند کە ناوی (جیبال) بوو و بە درێژایی باکووری خۆرئاوای هیند دەسەڵاتدار بوو نیگەران بوو، جیبال سەرکەوتنەکانی سبکتکینی بە هەڕەشە زانی بۆ سەر دەسەڵاتەکەی، هەر لەبەر ئەوە لەگەڵیدا کەوتە جەنگێکی قورسەوە، لە ئەنجامیشدا جیبال لە ساڵی (٣٦٩ك)دا شکستی هێنا و بەناچاری داوای ڕێککەوتنی ئاشتی کرد لە بەرامبەر ئەوەدا کە ئەندازەیەك پارە و چەند ناوچەیەك ڕادەستی سبکتکین بکات، هەتا جێبەجێکردنی مەرجەکانیش جیبال چەند کەسێکی بە بارمتە لەلای موسوڵمانەکان دانا، سبکتکینیش چەند کەسێکی لە موسوڵمانان نارد بە مەبەستی وەرگرتنی ناوچە و سامانەکان، کە جیبال بەڵێنی دابوو ڕادەستی بکات، لەگەڵ دوورکەوتنەوەی موسوڵمانەکان لە سەربازگەی سبکتکین لەلایەن جیبالەوە دەستگیر کران و لە جێگەی شوێنکەوتووەکانی خۆی کردنی بە بارمتە، لەدوای ئەوەی هەواڵەکە بە سبکتکین

[1] د. احمد ابراهيم الشريف، العالم الإسلامي في العصر العباسي، دار الفكر العربي، القاهرة، ١٩٦٦م، ص٤١٦ ـ ٤١٨.

گەیشت، ڕاستەوخۆ بەرەو هیند بەڕێ کەوت و چەندین ناوچەی خاپوور کرد، پاشان بەرەو (لمغان) ڕۆیشت کە بە باشترین قەڵاکانیان دادەنرا و ڕزگاری کرد، هەرچی خانە و جێگای بتەکانیان بوو لەو ناوچەیە ڕووخاندیان و دروشمە ئیسلامییەکانیان لە جێگایاندا دانا، پاشان گەڕانەوە بۆ غەزنە، جیبالیش بە سوپایەکی دەیان هەزار جەنگاوەرییەوە دوایان کەوت، سبکتکین ناچار بوو بگەڕێتەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان و ئەو جارەش شکستی گەورەی بە هیندییەکان هێنا و ژمارەیەکی زۆری لێ دەستبەسەر کردن و دەستی گرت بەسەر سامان و کەلوپەلەکانیاندا، لە دوای ئەو شکستە هیندییەکان بە سەرشۆڕی گەڕانەوە بنکەکانی خۆیان و جارێکی تر بیریان لە بەدەستهێنانەوەی ئەو ناوچانە نەکردەوە، هەر لە ئەنجامی ئەو داستانەوە ئەفغانییەکان و چەند گەلێکی تری ناوچەکە هاتنە ژێر فەرمانی سبکتکین.

لە دوای ئەوەی مەحموودی کوڕی سبکتکین لەنێوان ساڵەکانی (٣٨٨ ـ ٤٢١ك) دەسەڵاتی وەرگرت، هێزی غەزنەوییەکان گەشەی کرد و ناوبانگیان لە بواری ئیسلامیدا فراوانتر بوو، سەردەمی مەحموود بە سەردەمی جیهادی ئیسلامی لە هیند دادەنرا، باسی ئەوە دەکرێت کە هێرشەکانیان گەیشتۆتە سنووری بەرزاییەکانی (دکن)، لە خیلافەتەوە نازناوی (یمین الدولة) بە مەحموود درا، وەك ئاماژەیەك بۆ ئەو جیهادەی کە لە بەشی ڕاستی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی پێی هەڵدەستا.

چالاکییەکانی مەحموود لە هیند بە سەرەتای ڕاستەقینەی گەیشتنی ئیسلام دادەنرێت بەو جیهانە فراوانە، لە ساڵی (٤٠١ك)دا هەوڵی دا هێرش بکاتە سەر غۆرەکان لە ئەفغانستان، کە ناوچە شاخاوییە سەختەکانی نێوان هیرات و غەزنەیان کردبووە پەناگەیەك بۆ چەتەیی و ترساندنی خەڵك، مەحموود بەسەریدا دان و ملکەچی کردن بۆ دەسەڵاتەکەی و ئیسلامی لەناودا بڵاو کردنەوە، دواتریش

کۆمـەڵێك موسـوڵمانی نـاردە ناویانـەوە هـەتا فێـری بنـەماکانی ئایینیـان بکـەن، سەبارەت بـە هێرشـەکانی مـەحموود لـە نـاوخۆی هینـد، لـە پـێش ئـەو مێـژووەوە دەسـتی پـێ کردبـوو، هـەتا سـاڵی (٤١٥ك) بـەردەوام بـوون، هـەموو هێرشـەکانی مەحموود لە چوارچـێوەی جیهـادی ئیسـلامیدا بـوون، چـونکە مـەحموود پیـاوێکی بڕوادار بوو، تەنها باوەڕەکەشی پاڵنەری بوو بۆ جیهاد و بڵاوکردنـەوەی ئیسـلام لـە ناو هینددا، مەحموود سوێندی خواردبوو کە هەموو ساڵێك جارێك هێرش بکاتە سەر هیند هەتا بە ئامانجەکانی دەگات.

هەتا ئەو کاتە (جیبال)ی پاشای بنجاب هەر بەهێز بوو، لەبەر ئەوە مەحموود لە ساڵی (٣٩٢ك) ویستی گـورزێکی تونـد لـەو پاشـایە بوەشـێنێت، بـۆ ئـەو مەبەسـتە هێرشی کردە سەری و شکستی پێ هێنـا و خـودی پاشـای دەستبەسـەر کـرد، لـەو جەنگـەدا دەسـتکەوتێکی زۆر و سـەربازێکی زۆریـان بـە دیـل گـرت، لـە دوای سەرکەوتنەکە مەحموود وای بە باش زانی جیبال ئازاد بکات هـەتا هیندییـەکان بـە سەرشۆڕی ببینن، جیبالیش نـەیتوانی بـەو سەرشـۆڕییە بـژی، لەبـەر ئـەوە خـۆی سووتاند، لە ئەنجامی ئەو سەرکەوتنە گەورەیە نازناوی (الغازي) درا بـە مـەحموود، پاشان بەرەو وێکەند ڕۆیشت و بەسەریاندا زاڵ بوو، پاشان هێرشی کرد بۆ هـەرێمی مەلتان، کە ناوەندی زیارەتکـارە هیندیبـەکان بـوو لـە باشـووری بنجـاب و دەسـتی بەسـەر شـاری (بهاتیـة)دا گـرت و ئیسـلامی تێـدا بـڵاو کـردەوە و کۆمـەڵێك لـە موسوڵمانانی تێدا بەجێ هێشت، هەتا بنەماکانی ئیسلامیان فێر بکەن.

لە ساڵی (٣٩٦ك)دا هێرشی کردە سەر ناوەندی شاری مەلتان و لە ڕێگادا بەسەر کوڕەکەی جیبالدا زاڵ بوو، پاشان بەسەر خەڵکی مەلتاندا سەر کەوت و ناوچـەکەی ڕزگار کرد، بەو شێوەیە هەموو ساڵێك هێرشی دەکرد، هەتا دەستی بەسـەر هـەموو ناوچەی بەنجابدا گرت، هەر پاشایەکی هیند بهاتەیەتـە بـەردەمی تێکـی دەشـکاند، هاوپەیمانیەتییەکەیانی لەناو برد، تەنها ناوچـەی کشـمیر بـەرگرییان کـرد، لـەنێوان

ساڵەکانی (٤٠٤ ـ ٤٠٧ك) هێرشی کردە سەریان و لە دوای ماندووبوونێکی زۆر دەستی بەسەر هەموو قەڵاکانیاندا گرت، مەحموود نامەیەکی بۆ خەلیفەی عەباسی نارد و هەواڵی سەرکەوتنەکانی بەسەر هینددا پێ گەیاند، کۆتا هێرشی مەحموود لە ساڵی (٤١٨ك)دا بوو، بە مەبەستی تەمبێکردنی ئەو تێکدەرانە بوو کە لە کاتی گەڕانەوەی لە غەزنە ڕێگەیان پێ گرت، لە ساڵی (٤٢١ك) مەحموود کۆچی دوایی کرد، هەر لە هەمان ساڵدا جێگرەکەی دەستی گرت بەسەر (نرس)دا، کە بە گەورەترین شاری هیند دادەنرا لەو سەردەمەدا، نەوەکانیشی لەدوای خۆی بەردەوام بوون لە فتوحات، زۆرێك لە شار و ناوچەکانی هیندیان خستە سەر دەوڵەتەکەیان.[1]

**٦ـ عوسمانییەکان و شەپۆلی سێهەم:**

عوسمانییەکان ڕێك لە کاتی خۆیاندا هاتن، لەدوای دوو سەدە ڕاوەستان، جیهانی ئیسلامی بەدەست شوێنەوارەکانی هێرشی خاچدروشمەکان، کە حەوت قۆناغ بوون و بەدەست ئەو وێرانکارییەوە کە هێرشی یەکەمی مەغۆلەکان بە سەرکردایەتیی هۆلاکۆ و هێرشی دووەمیان بە سەرکردایەتیی تەیموری لەنگ هێنایان دەیناڵاند. لەو کاتەدا جیهانی ئیسلامی برینی خوێناویی خۆی دەلێسایەوە، کە زۆرێك لە وزە و تواناکانی لێ بردبوو، لەو کاتەدا مەملوکییەکان توانای ململانێی مەغۆلەکان و پاشماوەی خاچدروشمەکانیان نەبوو، هەروەها توانای بەرگرییشیان نەبوو لە ئاست گەلەکۆمەکێی ڕۆژئاوادا، توانای هیچ جووڵەیەکی جیهادییان نەبوو بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی ئیسلام.

---

[1] بڕوانە: المرجع نفسه، ص٤٧٣ ـ ٤٧٨، و د. حسن ابراهیم حسن، تأریخ الإسلام السیاسي والدیني والثقافي والاجتماعي، الطبعتان الخامسة والسادسة، مکتبة النهضة المصریة، القاهرة، ١٩٦٠ ـ ١٩٦٢، ٣/ ٨٣ ـ ١٠٢.

ئەگەر عوسمانییەکان لە گرنگینەدان بە گەشەی شارستانی لە بوارەکانی ئاشتی و داهێناندا بە هەڵەدا چووبن بۆ پاراستنی دەوڵەتەکەیان، ئەوا لە ڕووی توانای جەنگ و ئارەزووی فراوانخوازییەوە خزمەتێکی گەورەیان بە ئیسلام کرد، یەکێك لە گەورەترین شەپۆلەکانی فتوحات و بڵاوکردنەوەی ئیسلامیان بەڕێوە برد لە مێژوودا، کە لە دوای شەپۆلی ڕاشیدین و ئومەوی بە شەپۆلی سێهەم ناو دەبرێت.

دیواری بێزەنتییەکانیان بڕی و بنکەکەیان ڕووخاندن، ئەو بنکەیەی کە چەندین جار ئومەوییەکان و عەباسییەکان هەوڵیان بۆ دا بەڵام نەیانتوانی پێی بگەن، عوسمانییەکان بە باوەڕێکی گەنجانەوە و لە ناوجەرگەی کیشوەری ئەورووپاوە دەرچوون و ئاوڕیان لە هیچ شتێك نەدەدایەوە، چەندین دەوڵەت و میرنشین و قەوارەیان ڕووخاند، بەرەو باکوور ڕۆیشتن هەتا گەیشتنە پۆڵەندا، لە ڕۆژئاواشەوە گەیشتنە ڤییەنا لە ناوەڕاستی کیشوەری ئەورووپا، بەرەو ئەو ئامانجە بەڕێ کەوتن کە موسوڵمانانی پێش خۆیان نەیانتوانیبوو بەدی بهێنن لە ئەندەلووس، کە بریتی بوو لە گۆڕینی کیشوەری ئەورووپا بۆ خاکێکی ئیسلامی، بەڵام دیارە مێژوو یاسا و ڕێسای خۆی هەیە کە بریتین لە چەند مەرجێك، ئەگەر نەهاتنە دی و هۆکارەکانی بەدیهێنانیان نەگیرایە بەر ئەوا بە هیچ شێوەیەك موعجیزە ڕوو نادات.

ئەو عوسمان ناوەی کە دەوڵەتەکەی بە ناوەوە ناو نراوە، گۆڕەپان و شمشێری جیهادی لەلایەن سەرۆکی شێخە صۆفییەکانەوە وەرگرت، کە ناوی (ئیدبالی) بوو، لە هەمان کاتدا خەزووریشی بوو، بە هەمان شێوە هەموو سوڵتانە عوسمانییەکانی دواتریش لەلایەن ئیمامی مزگەوتی ئەیوبەوە لە ئەستەنبول شمشێری عوسمانییان وەردەگرت، بەوەش مافی ئەوەیان پێ دەدرا کە بەیعەت لە خەڵك وەربگرن، کاتێك عوسمان دەستی کرد بە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بێزەنتییەکان، لە سەرجەم ناوچەکانی ئاسیای بچووکەوە جەنگاوەرەکان لێی کۆ بوونەوە، لە هەموو هۆزە

توركییە جیاوازەكانیشەوە پشتگیرییان كـرد، عوسمـان لـە (قـرە جـە حصـار)ەوە ڕابەرایەتیی گەلەكەی كرد، هەتا دەریای مەڕمەڕە و دەریای ڕەش.

ئۆرخـانی كـوڕی، ئەركەكـەی تـەواو كـرد و لـە سـاڵی (١٣٢٧ز)دا چـووە نـاو ئەزمیرەوە، بێزەنتییەكان ویسـتیان لانـی كـەم پارێزگـاری لـە نیقیـە بكـەن، بـەڵام لەوێش لە ساڵی (١٣٣٠ز)دا شكستیان هێنا، هێرشەكانی ئۆرخان بۆ سەر شارەكانی كەنار دەریا هەر بەردەوام بوو و تا دەهات توندتر دەبوون، تا سەرەنجام سـەرجەم شارەكانی سەر دەریا لەپێناو پارێزگاریكردن لە بازرگانییەكەیان ملكەچی بوون، لە ساڵی (١٣٥٧ز)دا سولەیمانی جێنشینی، توانی جێپێی عوسمانییەكان لە (غالیبولی) لە نیمچە دورگەی تراقیە جێگیر كرد.

لە ساڵی (١٣٦٢ز) ئۆرخان كۆچی دوایی كرد و كوڕی دووەمـی كـە نـاوی مـوراد بوو هاتە سەر دەسەڵات، هەندێك دەسەڵاتداری بچووك لە نیمچـە دوورگـەی بـەڵقان هەبوون، كە لەگەڵ سوڵتانی عوسمانیدا كێشەیان هەبوو، مـوراد یـەك لـەدوای یـەك ئەو ناوچانەی ڕزگار كرد، لە ساڵی (١٣٦٢ز) شاری ئەدەرنەیان ڕزگار كرد و كردیان بـە پایتـەختی دەوڵەتەكـەیان لـە سـاڵی (١٣٦٦ز)یـەوە هـەتا كـاتی ڕزگـاركردنی قوسـتەنتینییە، پاپـا (ئۆروبانوسـی پێنجـەم) مەسـیحییەكانی بانگهێشـت كـرد بـۆ جەنگێكی خاچدروشمی بە مەبەستی ڕزگاركردنی ئەدەرنە لە دەستی موسـوڵمانان، بەڵام هەوڵەكەی بێهوودە بوو.

ناكۆكییـەكانی نێـوان سـەقالیبەكانی بـەڵقان كاریگـەریی هـەبوو لەسـەر ئـەوەی عوسمانییـەكان بەئاسـانی بەسـەریاندا زاڵ بـبن، لـە سـاڵی (١٣٧١ز)دا سـرپەكان هێرشیان كردە سەر عوسمانییـەكان و لـە ئەنجامـدا زۆر بـەخراپی لەسـەر ڕووبـاری (مریة) شكستیان هێنا و هەموو ماڵ و سامانەكەیان لە مەقدۆنیا لەدەست دا، پاشان عوسمانییەكان لە ساڵی (١٣٨٥ ـ ١٣٨٦ز) چوونە ناو شارەكانی (صوفیا و نیش) و بەتـەواوی مەقـدۆنیایان ڕزگـار كـرد، پاشـان دەسـتیان گـرت بەسـەر (سـری)دا و

لەوێشەوە (سالونیك)یان ڕزگار کرد و چوونە باکووری یۆنانەوە، بولغارییەکان و سرپەکان و بشناقەکان هاوپەیمانیەتییەکیان پێك هێنا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی عوسمانییەکان و لە ساڵی (١٣٨٧ز)دا سەرکەوتنێکی گەورەیان بەدەست هێنا، ئەویش بەهۆی سەرقاڵیی سوڵتان موراد بە کاروباری ئاسیاوە، زۆری پێ نەچوو عوسمانییەکان تۆڵەیان کردەوە و شاری (ترنوة و شملا)یان ڕزگار کرد و قەیسەری بولغاریایان لە نیقوبولیس لەسەر ڕووباری دانوب گەرمارۆ دا، پاشان لەگەڵیدا ڕێك کەوتن لەسەر ئەوەی سەرانە بدات و لەسەر (سلسلزة) سازش بکات، دواتر بە هۆی ئەوەی قەیسەر ڕێککەوتنەکەی شکاند، جارێکی تر عوسمانییەکان گەمارۆیان دایەوە و ئەویش بەناچاری بەبێ هیچ مەرجێك خۆی ڕادەست کرد، ئەوانیش گیانیان پاراست و کورسییەکەشیان بۆ پاراست.

لە حوزەیرانی ساڵی (١٣٨٩ز) دا عوسمانییەکان لەگەڵ هێزە سرپییەکان لە گۆڕەپانی باڵندە ڕەشەکان (قوصوة) لە یەکێك لە قورسترین و توندترین جەنگەکاندا بەیەك گەیشتن، هێزێکی تر لە بەشناق و مەجەڕ و بولغاری و ئەلبانییەکان هاوکاری سرپەکان بوون، لەو جەنگەدا هەردوو لایەن ئاڵای سەرکەوتنیان گۆڕییەوە، خودی موراد لەو جەنگەدا کوژرا، پاشای سرپەکانیش بە دیل گیرا، لە دوای ئەوەی هاوپەیمانەکانی بڵاوەیان لێ کرد و سەرەنجام کوشتیان، بایەزید کە فەرماندەی لای ڕاستی جەنگەکە بوو، توانیی هێزی موسوڵمانان کۆ بکاتەوە، ئەگەرچی لاوازیش بووبوون، بەڵام توانیی پێشڕەوییان پێ بکات بۆ سەرکەوتنی کۆتایی بەسەر هێزە سرپییەکاندا.

بایەزید لەوانەی پێش خۆی زۆر زیاتر گرنگی بە بواری سەربازی دا، لە ساڵی (١٣٩٠ز) بیزەنتییەکان کۆتا بنکەی دەسەڵاتیان لە ئاسیای بچووکدا لەدەست دا، لە دوای سێ ساڵی تر بولغارییەکانیش بەتەواوی ملکەچ بوون.

شتێکی سروشتی بوو کە ئەو سەرکەوتنانەی موسوڵمانان مەترسیی لەلای ئەوروپییەکان دروست بکەن، لەبەر ئەوە پاپا (بونیفاسیوسی نۆیەم) لە فەرەنسا و ئەڵمانیا جەنگاوەرانی بانگهێشت کرد بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ عوسمانییەکان، بەمەش جارێکی تر بیری خاچدروشمی هاتەوە بەر باس، لە بەهاریساڵی (١٣٩٦ز)ی پاشای مەجەڕ سوپایەکی بەهێزی لە سوارچاکان لە (بۆدابست) کۆ کردەوە، کە جەنگاوەرەکانی لە وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاواوە هاتبوون، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو جەنگاوەرانە لە ڕێگای باوەڕدا ڕێك نەخرابوون، گرۆتینەکەیان بێهوودە بوو، لەبەر ئەوە هەوڵەکانی پاشای مەجەڕ بێسوود بوون، لە مانگی ئەیلوولدا بایەزید بەسەریاندا سەر کەوت و لە نیقوبولس تووشی شکستی گەورەی کردن، سوپای عوسمانی بەدوایاندا ڕۆیشتن هەتا (ستێریا)، پاشان بایەزید تۆڵەی لەو دەسەڵاتدارانەی نیمچە دورگەی (مۆرەی لاتین) کردەوە کە هاوپەیمانی خاچدروشمەکان بوون و خاکەکەی تێك و پێك دان.

عوسمانییەکان بۆ ماوەی چەندین دەیە سەرقاڵی ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی مەغۆلەکان و کێشە ناوخۆییەکانیان بوون، دوای ئەوەی لە سەردەمی مورادی دووەمدا هەوڵیان دا لە باکووری بەلقان دەسەڵات پەیدا بکەنەوە، لەوێدا هێزە مەجەڕییەکان ڕووبەڕوویان بوونەوە و چەندین شکستیان بە عوسمانییەکان هێنا، سەرلەنوێ بیری جەنگی خاچدروشمیی گشتی هاتەوە پێشەوە، مەسیحییەکان زۆر دڵخۆش بوون بە بانگەوازی پاپا (ئۆجانیوسی چوارەم) بۆ ئەو جەنگە و بەگەرموگوڕی لە مەجەڕ و پۆڵەندادا بەدەمەیەوە چوون، چونکە ئەو وڵاتانە مەترسیی زیاتریان لەسەر بوو، بە هەمان شێوە لە ئەڵمانیا و فەرەنساش بەشدارییان کرد، سوپای خاچدروشمەکان لە تەممووزی ساڵی (١٤٤٣ز)دا لە شاری (بۆدابست)ەوە دەرچوون و لە کانوونی یەکەمی هەمان ساڵدا و

لـەنێوان سـۆفیا و فیلیبوبـولیس سـەرکەوتنێکی گـەورەیان بەدەسـت هێنـا، بـەڵام ساردیی زستان ڕێگر بوو لەوەی براوەکان سوود لە سەرکەوتنەکەیان وەربگرن.

لـە سـاڵی دواتـردا پاپـا مەجەرییـەکانی هـان دا بـۆ هەڵوەشـاندنەوەی ئـەو ڕێککەوتنەی کە لەگەڵ عوسمانییەکاندا کردبوویان، بە بیانووی ئـەوەی کـە نـاکرێ پابەند بن بـەو بەڵێنانـەوە کـە داویانـە بـە بێبـاوەڕان، مەجەڕییـەکانیش لـە مـانگی ئەیلوولدا هێرشیان کردە سەر ناوچەکانی بـەڵقان، لـە کـەناراوەکانی دەریـای ڕەش پێشڕەوییان کرد هەتا گەیشتن بە هێزی دەریـایی بوندوقیـە لـە غـالیبولی، مـورادی دووەمـیش لـەژێر شـوراکانی (فارنـا)دا لـە تشـرینی دووەم ڕووبـەڕوویان بـووەوە و سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا و پاشـای مەجـەڕیش کـوژرا، لـە دوای چـوار ساڵ پاشای نوێی مەجەڕ ویستی تۆڵەی شکستەکەی (فارنا) بکاتەوە، بەرەو سڕبیا پێشڕەویی کرد و لەگەڵ سوپای موراد لـە دەشـتی (قوصـوە) بەیـەك گەیشـتن، لـە دوای جـەنگێکی گـەورە، مـوراد تـوانی شکسـتی پـێ بهێنێـت و ناچـاری بکـات بـە کۆمەڵێك مـەرج ڕێککـەوتنی لەگـەڵدا بکـات، کـە لـە بەرژەوەنـدیی مەجەڕییەکانـدا نەبوون.

لەو کاتەوە کە موحەممەدی دووەمی کوڕی مەڕوان لە ساڵی (١٤٥٢ز) دەسەڵاتی گرتە دەست، ڕزگارکردنی قوسـتەنتینییەی بـە ئامـانج گـرت، سـەرەتا قـەڵای (روم ئیلی حەصار)ی پتەوی لە دووریی چەند میلێك لە قوسـتەنتینییە لـە تەنگەبـەرترین شوێنی بسفۆڕ دروست کرد، ئـەو کـارەش وەك ڕاگەیانـدنی جـەنگ وا بـوو، پاپـاش یـەکگرتنی هـەردوو کەنیسـەی ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوای کـردە مـەرج بـۆ پشـتگیریی بێزەنتییەکان، بەڵام دەمارگیریی مەسیحییەکان ئەو پرۆژەیەی لەبار برد ئەگەرچـی ئیمپراتۆر ئامادەی قوربانیدان بوو، لە دوای گەمارۆیەکی دوورودرێژ کە نزیکەی دوو مانگی خایاند، عوسمانییەکان توانییان ڕێگەی شارەکە ببڕن و ڕاستەوخۆ لە مارسی ساڵی (١٤٥٣ز) و لە هێرشێکی ڕاستەوخۆدا و لە ڕووبەڕووبوونـەوەی کۆڵانەوکۆڵانـدا

ئیمپراتۆر کوژرا، موحەممەد بۆ خۆی چووە ناو شارەکە و دەستی بەسەردا گرت، دوای ئەوە دەوڵەتە مەسیحییە ڕۆژئاواییەکان بڕیاری ناردنی هێزێکی دەریاییان دا بۆ یارمەتیدانی بێزەنتییەکان، بەڵام دوای ئەوەی هەواڵی کەوتنی قوستەنتینییەیان بیست هێزەکە گەڕایەوە.

موحەممەد فەرمانی کرد بە دروستکردنەوەی قەلا ڕووخاوەکانی قوستەنتینییە بە مەبەستی ئەوەی دواتر ئەو شارە بکاتە پایتەخت، لە دوای ئەوە گەڕایەوە بۆ ئەدەرنە، موحەممەدی فاتیح کاری لەسەر ڕێکخستنی بارودۆخی ڕۆمە ژێردەستەکان کرد، سەربەخۆیی کەنیسەی بولغارییەکانی هێشتەوە وەك پێشینەکانی خۆی، دانی بە هەموو دەسەڵاتە ئایینییە یۆنانییەکاندا نا، تەنانەت بەهێزتریشی کردن و دادوەری مەدەنی و جێبەجێکردنی یاساکانی بەسەر شوێنکەوتووەکانی خۆیاندا بە ئەوان سپارد.

دواتر موحەممەد هەوڵی دا دەسەڵاتی خۆی لە باکووری نیمچەدوورگەی بەلْقان جێگیر بکات، لەبەر ئەوەی مەجەڕییەکان هەتا ئەو کاتە هەڕەشەیان لیٚ دەکرد، پێویست بوو موحەممەد دەست بگرێت بەسەر وڵاتی سڕبیادا تاکو بنکەیەکی جێگیر بۆ سوپاکەی مسۆگەر بکات تا بتوانێت لەوێوە سوپاکەی بە ئاڕاستەی مەجەڕ بجووڵێنێت، ئەو ئامانجەشی هێنایە دی، لە ساڵی (١٤٥٨ز) و لە دوای ململانێیەکی دووروودرێژ ئەلبانیای ڕزگار کرد و خستیە سەر دەوڵەتەکەی، شکستی گەورەی بە بوندوقیەکان و جەنەوییەکان هێنا و ئەرخەبیلی کرد بە دەریاچەیەکی عوسمانی.

سەرکەوتنی گەورە و یەکلاکەرەوەی عوسمانییەکان لە ئەورووپا ئەوە بوو کە لەسەر دەستی سوڵتان سولەیمانی گەورە بەدی هات، لە دوای وەرگرتنی دەسەڵات و لە ساڵی (١٥٢١ز)دا سوپای عوسمانییەکان چوونە ناو بەلگرادەوە، لە دوای چەند ساڵێکی کەم لەگەڵ مەجەڕییەکان دەستی پیٚ کردەوە، لە جەنگی (موهاکس)ی چارەنووسسازدا پاشا گەنجەکەی کوشتن کە ناوی (لویز) بوو، لەگەڵ پاشادا

کۆمەڵێك لە پیاوە ئایینیەکانیشیان کوژران، لە ئەیلولی (١٥٢٦ز)دا چوونە ناو شاری (بۆدابست)ەوە، کە پێشتر چەند جار هەوڵیان دابوو و نەیانتوانیبوو بچنە ناوی. لە دوای سێ ساڵ، سوڵتان سولەیمان بەرەو ڤییەنا پێشڕەویی کرد و گەمارۆی دا، بەڵام لەبەر کەمیی کەلوپەلی جەنگی ناچار بوو گەمارۆکە بشکێنێت، بەهەمان شێوە هێرشی ساڵی (١٥٢٣ز)یش بێئەنجام بوو، دواتر لەبەر ئەو کێشە تازانەی کە لەسەر گۆڕەپانی ئاسیای بچووك هاتنە پێشەوە، سوڵتان ناچار بوو گرێبەستی ڕێککەوتن لەگەڵ ئەوروپییەکاندا ئیمزا بکات هەتا خۆی بۆ کێشەکان یەکلایی بکاتەوە.[1]

**٧ـ مامەڵە لەگەڵ ئەوانی تردا ـ بەراوردکردن:**

هەر لە سەردەمی پێغەمبەرەوە بیگرە تا کەوتنی عوسمانییەکان، ئامانجی فتوحاتی ئیسلامی بریتی نەبوو لە سەپاندنی بیروباوەڕی ئیسلامی لە ڕێگەی هێزەوە، وەك هەندێك بۆچوونیان وایە، یاخود دەیانەوێت بەو شێوەیە وێنای بکەن، بەڵکو ئامانج لە فتوحات بڵاوکردنەوەی دەسەڵات و سیستمی ئیسلامی بوو لە جیهاندا، وەکو باسمان کرد فتوحات هەوڵێك بوو بۆ وەرگرتنی سەرکردایەتی و دەسەڵات لە گەورە و ستەمکارەکان و ڕادەستکردنی بە کەسانێك کە بڕوایان بە خودا و ڕۆژی دوایی هەیە و مەبەستیان خۆبەزلزانین و گەندەڵی نییە لەسەر زەویدا.

لە سایەی ئەو سەرکردایەتییەدا خەڵك تەواوی ئازادییان هەبوو، لەژێر هیچ فشار و کاریگەرییەکدا نەبوون و بە ویستی خۆیان هەر بیروباوەڕێك کە پێیان خۆش بوو دەیانتوانی هەڵیبژێرن، لە کاتێکیشدا بیروباوەڕی ئیسلامی بە هەموو پێوەرەکان شایستەترین بیروباوەڕ بوو و لەگەڵ داواکارییەکانی مرۆڤدا دەگونجا، زۆر ئاسایی بوو کە لەناو خەڵکدا بڵاو ببێتەوە و ئەوانیش لەسەر ئاستی تاك و کۆمەڵگا پێوەی

---

[1] سەبارەت بە فتوحاتی عوسمانییەکان بڕوانە: کارل بروکلمان، تاريخ الشعوب الإسلامية، ترجمة: فارس البعلبكي، الطبعة الخامسة، دار العلم للملايين، بيروت، ١٩٦٨م، ص٤٠٧ ـ ٤٥٢.

پابەند بن، هەر وەك لە مێژوودا ڕووی دا، سەرەتا جێگای سەرسوڕمان بوو، بەڵام دوای وردبوونەوە لە ڕووداوەکان دەردەکەوێت ئەو بەرەوپێرەوەهاتنە خێرایە زۆر لۆژیکی بوو، چ لەڕووی وەرگرتنی ئیسلام و چ لەڕووی چەسپاندنی بیروباوەڕەکەی، ئەوە ئەو هێزی ڕاکێشانەیە کە بیروباوەڕی ئیسلامی هەیەتی، ئەوەش وەڵامدانەوەی زیندووی زۆر میانڕەو و هاوسەنگ و گونجاو بوو، ئەوە ئەو ئامانجانەن کە ئەو ئایینە دەیانهێنێتە دی.

تۆماس ئارنۆڵدا، کە گەڕیدەیەکی ڕۆژئاوایی بوو، چەندین ساڵ خۆی بۆ بەدواداچوونی ئەو بابەتە یەکلا کردەوە و لە کتێبێکی بە ناوی (*الدعوة إلى الاسلام*)[1] ئەنجامەکەی ڕاگەیاند، تۆماس ئەو کارەی بەڕوونی و پشتبەستوو بە بەڵگەی زانستی و ڕووداوە ڕاستەکان و دوور لە لێکدانەوە و لایەنگیری و لادان و هەوا و ئارەزوو ئەنجام داوە، لێرەدا تەنها کەمێك لەو نموونانە باس دەکەین کە ئەو توێژەرە ئاماژەی پێ کردوون و بەڵگەن لەسەر ڕەهەندی مرۆڤدۆستی و ڕەوشتبەرزی، کە لە بڵاوبوونەوەی ئیسلامدا پەیڕەو کراون و بەهەند وەرگیراون... تۆماس دەڵێت: "لە سۆنگەی ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵەی کە لەنێوان مەسیحییەکان و موسڵمانە عەرەبەکاندا هەبووە، دەتوانین بڵێین کە هێز هۆکاری یەکلاکەرەوە نەبووە بۆ موسڵمانکردنی خەڵك، خودی موحەممەد ڕێککەوتنی لەگەڵ هەندێك لە خێڵە مەسیحییەکاندا ئەنجام دا و پارێزگاریی ئەوانی خستە ئەستۆی خۆی و ئازادیی بیروباوەڕ و بەجێهێنانی دروشمە ئایینیەکانی پێ دان، هەروەها مافی دا بە قەشەکانی کەنیسە و هەمان ڕێزی پێشتری پێ دانەوە و لە هێمنی و ئارامیدا دەژیان". [2] هەروەها دەڵێت: "ئەو هەواڵانەی کە باس لە نەمانی

---

[1] وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: د. حسن ابراهیم وزملاؤه، الطبعة الثالثة، مکتبة النهضة المصرية، القاهرة، ١٩٧١م.

[2] هەمان سەرچاوە، ص٥٦.

مەسـیحییەکانی دانیشـتووی وڵاتـانی بـاکووری عەرەبسـتان دەکـەن و باسـی دوورخستنەوەیان دەکەن لەناو هۆزە عەرەبەکانـدا، پێویسـتیان بـە وردبوونـەوە و لێکۆڵینـەوە هەیـە، وا دەردەکـەوێت کـە ئـەو مەسـیحییانە لەگـەڵ ئـەو کۆمـەڵگا ئیسلامییە تێکەڵ بوون کە دەوریان دابوون لە ڕێگەی تێکەڵبوونی ئاشتییانەوە، بـە شێوەیەك کەسیان هەستی پێ نەکرد، ئەگـەر موسـوڵمانان لـە سـەرەتاوە هـەوڵیان بدایە بەزۆر موسوڵمانیان بکەن، ئەوا بـە هـیچ شـێوەیەك مەسـیحییەکان لەناویانـدا نـەدەژیان هـەتا سـەردەمی عەباسـییەکان". [1] هـەروەها تۆمـاس دەڵێـت: " لـە سۆنگەی ئەو نموونانەی کە باسمان کـردن، سـەبارەت بـە چاوپۆشـی و لێبـوردەیی موسوڵمانە سەرکەوتووەکان بەرامبەر بە مەسیحییە عەرەبـەکان، هـەر لـە سـەدەی یەکـەمی کۆچـییەوە و دواتـریش لـە سـەردەمەکانی تـردا، دەتـوانین بگەینـە ئـەو ئەنجامـەی کـە ئـەو خێڵـە مەسـیحییانە بـە ویسـت و خواسـتی ئازادانـە ئیسـلامیان وەرگرتووە و ئەو عەرەبە مەسـیحییانەش کـە ئێسـتا لـە کۆمـەڵگا موسـوڵمانەکاندا دەژین بەڵگەن لەسەر ئەو لێبوردەیی و چاوپۆشییە". [2]، هەروەها دەڵێت: "کاتێك سـوپای ئیسـلامی گەیشـتنە دۆڵـی ئـوردون و ئەبوعوبەیـدە سـەربازگەی لـە فـەحل دامەزراند، دانیشتووانە مەسیحییەکانی ئەو ناوچانە نامەیان بۆ عەرەبـەکان نووسـی و گوتیـان: (ئـەی موسـوڵمانینە ئێـوە لـە ڕۆمـەکان خۆشەویسـتترن لـەلای ئێمـە، ئەگەرچـی ئـەوان لەسـەر هـەمان ئـایینی ئێمـەن، ئێـوە بـەوەفاتر و بەبـەزەییتر، ستەممان کەمتر لێ دەکـەن و باشـتر کاروبارەکانمـان بـەڕێوە دەبـەن، بـەڵام ئێمـە بڵێین چی ئەوان بەزۆر خۆیان بەسەر خۆمان و سامانەکانماندا زاڵ کردبوو)، خەڵکی حیمصـیش دەروازەی شـارەکەیان بەسـەر سـوپای هیرقلـدا داخسـت و بـە موسـوڵمانانیان ڕاگەیانـد کـە دادگـەریی و سەرپەرشـتیی ئـەوانیان لـە سـتەمی

---

[1] هەمان سەرچاوە، ص٦٨.

[2] هەمان سەرچاوە، ص٦٩، ٧٠.

ئیغریقییەکان پیّ خۆشترە". [1] لە شوێنێکی تردا تۆماس دەڵێت: "سەبارەت بە ویلایەتەکانی دەوڵەتی بێزەنتی کە موسوڵمانان بە هۆی ئازایەتیی خۆیانەوە زوو دەستیان بەسەردا گرتن، گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە ئەو ناوچانە لێبوردەییەکی زۆریان بەرامبەر بەکار هێنرا، کە بە درێژایی چەندین سەدە بەخۆیانەوە نەیبینیبوو بەهۆی ئەو بۆچوونە یەعقوبی و نەسطوریانەی کە لەناویاندا بڵاو بووبوویەوە، موسوڵمانان ڕێگەیان پیّ دان دروشمە ئایینییەکانیان بەجیّ بهێنن بەبیّ ئەوەی کەس دەست بهێنێتە ڕێیان، تەنها هەندێك ڕێوشوێن نەبێت کە لەسەریان دانرابوو، ئەوەش بۆ ڕێگرتن بوو لە بەریەککەوتنی شوێنکەوتووانی ئایینە جیاوازەکان، کە لە یەك ناوچەدا هەبوون، هەروەها لە سۆنگەی ئەو پەیماننامانەوە کە عەرەبە موسوڵمانەکان بۆ دانیشتووانی ئەو شارانەیان دەنووسی کە دەستیان بەسەردا دەگرت و بەڵێنی پارێزگاریلێکردنی گیان و سامان و ئازادیی ئایینییان پیّ دەدان لە بەرامبەر سەرانەدا، دەتوانین بڵێین بەڕاستی لێبوردەیی و چاوپۆشییەکی سەرنجڕاکێش لە سەدەی حەوتەمی زاینیدا هەبوو". [2] هەروەها دەڵێت: "عومەر سەردانی شوێنە پیرۆزەکانی قودسی کرد بە هاوڕێیەتی بەتریرکی قودس، باسی ئەوە دەکرێت کاتێك لەناو کەنیسەی قیامەدا بوون کاتی نوێژ بوو، بەتریرکەکە داوای لیّ کرد لە شوێنی خۆی نوێژ بکات، بەڵام لە دوای بیرکردنەوە عومەر پۆزشی بۆ هێنایەوە و گوتی: ئەگەر ئێستا عومەر لەناو ئەو کەنیسەیەدا نوێژ بکات ئەوا شوێنکەوتووەکانی لە دوای خۆی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەو شوێنە شوێنی پەرستشی موسوڵمانانە". [3] "مەسیحییەکان لەناو کۆمەڵگادا بەهێمنی دەژیان و لە گیان و سامانیان دڵنیا بوون، لە سایەی ئەو لێبوردەییەی کە ئازادیی بیروڕای

---

[1] هەمان سەرچاوە، ص٧٣.

[2] هەمان سەرچاوە ص٧٤.

[3] هەمان سەرچاوە، ص٧٥.

ئایینی پێی دابوون، بەتایبەت لە شارەکاندا و لە سەرەتای خیلافەتی عومەردا لە ناز و نیعمەت و خۆشییەکی تایبەتدا بوون". [1] "مەسیحییەکان لەگەڵ ئەهلی زیممەدا سەرانەیان دەدا و بەشداریی خزمەتی سوپایان نەدەکرد و لە بەرامبەردا شمشێری موسوڵمانان پارێزگاریی لێ دەکردن"،[2] "ڕاهیبێکی دومینکیانی کە ناوی (Ricoldos de Monre Crucis) بوو لە کۆتایی سەدەی سیانزە و سەرەتای سەدەی چواردەی زاینیدا سەردانی وڵاتانی ڕۆژئاوای کرد، ئەو ڕاهیبە لەو گەشتەدا باسی گیانی لێبوردەیی موسوڵمانانی بۆ کردن، کە نەسطورییەکان هەر لە سەرەتای ئیسلامەوە لێی بەهرەمەند بوون تا سەردەمی ئەو، هەروەها پێی گوتن: "لە مێژووی کۆن و دانراوی هەندێك لە عەرەبە باوەڕپێکراوەکاندا خوێندوومەتەوە کە نەسطورییەکان لەگەڵ خودی موحەممەددا هاوڕێ و هاوپەیمان بوون، موحەممەد بە خەلیفەکانی ڕاگەیاندووە کە پارێزگاری لە هاوڕێیەتییان لەگەڵ نەسطورییەکاندا بکەن، عەرەبەکان هەتا ئەو ڕۆژەش زۆر بەباشی گرنگییان بەو ئامۆژگارییە دەدا". [3] "کاتێك سەیری ئەو لێبوردەییە دەکەین کە موسوڵمانان لە سەرەتای دەسەڵاتی ئیسلامەوە بەو شێوەیە دەریان بڕی بۆ ژێردەستە مەسیحییەکانیان ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، ئەو بۆچوونە بڵاوەی کە دەڵێت شمشێر هۆکاری گۆڕینی خەڵك بووە بۆ ئیسلام، زۆر دوورە لە ڕاستییەوە". [4] "ئێمە هیچ هەوڵێکی بەرنامەبۆدارێژراومان نەبیستووە بۆ ناچارکردنی تاقمە ناموسوڵمانەکان بۆ وەرگرتنی ئیسلام، یاخود چەوساندنەوەیەکی ڕێکخراو کە مەبەست لێی بنبڕکردنی ئایینی مەسیحی بووبێت، ئەگەر خەلیفەکان یەکێك لەو دوو

[1] هەمان سەرچاوە، ص٨١.

[2] هەمان سەرچاوە، ص٧٩.

[3] هەمان سەرچاوە، پەراوێزی ١، ص٨٧.

[4] هەمان سەرچاوە، ص٨٨.

پلانەیان جێبەجیٚ بکردایە، ئەوا مەسیحییەکانیان لەناو دەبرد، هەر بەو ئاسـانییەی کـە فردیناند و ئیـزابیلا لـە ئیسـپانیا ئـایینی ئیسـلامیان دوور خسـتەوە، یـان بـەو شێوەیەی کە لویسی چواردەهەم ڕێبازی پرۆتستانتیی قەدەغە کرد، بـە شـێوەیەك هەرکەس پەیڕەوی لیٚ کردبایە سزا دەدرا، یان بەو ئاسانییەی کە جوولەکەکانی لـە ئینگلتـەرا بـۆ مـاوەی سـیٚ سـەد و پـەنجا سـالٚ پـیٚ دوور خرایـەوە، کەنیسـە ڕۆژهەڵاتییەکانی ئاسیا بە شێوەیەك لە جیهانی مەسیحی دابڕابـوون کـە لـە هـەموو کون و کەلەبەری ئەم جیهانەدا کەسێك نەبوو پشتیوانییان بکات، چونکە بە تـاقمی لە ئاییندەرچوو دادەنران،تەنها مانەوەی کەنیسەکان لەناو جیهانی ئیسلامیدا هـەتا ئەمڕۆ بەڵگەیەکی بەهێزە لەسەر سیاسەتی لێبوردەیی دەسەڵاتە ئیسلامییەکان بـە شێوەیەکی گشتی بەرامبەر بە مەسیحییەکان". [1] ، "فەتحی ئیسلامی ژیانێکی بـۆ قیبتییـە میسـرییەکان هێنـا، کـە لەسـەر بنـەمای ئـازادیی ئـایینی وەسـتابوو، بـە شێوەیەك بوو کە یەك سەدە پێش ئەوە شتی وایـان نـەدیبوو، عومـەر لـە بەرامبـەر سەرانەدا بەئازادی بەجێی هێشتن، ئازادیی بـەجێهێنانی دروشمـە ئایینییـەکانی بـۆ فەراهەم هێنان، لەو دەستتێوەردانە بەردەوامەی ڕۆمانییـەکان ڕزگـاری کـردن، کـە باری شانی قورس کردبوون، هیچ بەڵگەیەك نییە لەسەر ئـەوەی کـە هەڵگەڕانـەوەی قیبتییـەکان لـە ئایینەکـەیان و موسـوڵمانبوونیان بـە شـێوەیەکی فـراوان بـە هـۆی چەوسـاندنەوە و فشـار و نـالێبوردەیی دەسـەڵاتدارە تازەکانـەوە بووبێـت، بـەڵکو زۆرێـك لـەو قیبتیانـە پـێش تـەواوبوونی فـەتح موسـوڵمان بـوون، لـەو کاتـەدا کـە ئەسـکەندەرییە پایتـەختی میسـر بـوو و بـەرگری دەکـرد لـە هاتنـەناوەوەی موسوڵمانان، زۆرێکی تر لـە قیبتییـەکان لەسـەر ڕێگـای براکانیـان ڕۆیشـتن و دوای چەند ساڵێکی تر موسوڵمان بوون". [2]

---

[1] هەمان سەرچاوە، ص٩٨، ٩٩.

[2] هەمان سەرچاوە، ص١٢٣، ١٢٤.

ئەوە هەندێك نموونەی چەند ناوچەیەكی سنووردارن، عێراق و شام و میسر، لەچاو ئەو ناوچانەی تر كە ئیسلامیان پێ گەیشت و مامەڵەیان لەگەڵدا كرد زۆر بچووكن، وڵاتی فارس و ناوەڕاستی ئاسیا و ئەفریقا و ئیسپانیا و باشوور و ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا و هیند و چین و باشووری ئاسیاش هەن، كە تۆماس ئارنۆڵد بەدرێژی لەبارەیانەوە دواوە.

ئەو لێبوردەییەی موسڵمانان بەراورد دەكەین بە ڕووداوەكانی تری مێژووی مرۆڤایەتی لە لایەنی بەرامبەر، چەندین هەوڵی بێشوماری سەپاندنی بیروباوەڕ لەژێر كاریگەریی هەڵخەڵەتاندن و ترساندن لەئارادا بوون، هەر لە سەردەمی یۆنانی و ڕۆمانییەكانەوە هەتا بێزەنتی و فارسەكان و سەردەمی ململانێی ئایینی لە ئەورووپا و دادگا و دیوانەكانی لێكۆڵینەوە و هەتا دەگاتە سەردەمی ئێستا، دەبینین جیاوازییەكی گەورە هەیە، بە شێوەیەك بوار بە بەروارد و پێوانە نادات.

گەڕان و لێكۆڵینەوە لە كۆی ئەو ڕووداوە مێژووییانەی كە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن زۆری دەوێت، لەبەر ئەوە ئێمە تەنها ئاماژە بە یەك نموونە دەكەین، كە لەو بوارەدا زۆر گرنگە، ئەویش مامەڵەی دەسەڵات و كەنیسەی ئیسپانیا بوو لەگەڵ پاشماوەی موسوڵمانەكانی ئیسپانیا لە دوای كەوتنی دواپێگەی سیاسیی موسوڵمانان، كە غەڕناتە بوو، نووسەری خوالێخۆشبوو موحەممەد عەبدوڵڵا عەنان، زۆر بە دوورودرێژی و زانستییانە لە كتێبی (*نهاية الأندلس وتاريخ العرب المتنصرين*)[1]دا بۆمان باس دەكات، هەتا لەلامان ڕوون بێت ئەو هەڵسوكەوتانەی ئەمڕۆ لەگەڵماندا دەكرێت لە بواری سەپاندنی هێزی بە پشتبەستن بە دەرەنجامەكانی زانست و تەكنەلۆجیا و پێشكەوتنی سەرسوڕهێنەر لە بەرنامە و پلانی كاردا لە ڕابوردووشدا بە شێوازی تر ئەنجام دراوە، ئەگەرچی لە زۆربەی كاتەكاندا هەمان ئەنجام بەدەستەوە دەدات، كە بریتییە لە: ڕووخاندنی وزەی

---

[1] محمد عبدالله عنان، دولة الإسلام في الأندلس، الطبعة الثانية، مطبعة مصر، القاهرة، ١٩٥٨م.

دەروونیــی مــرۆڤ و خــاڵیکردنی لــە بیروبــاوەڕ و بۆچــوون و هزرەکــانی پێشــووی و پڕکڕدنی ئاوەز و ویژدانی بەو بۆچوونانەی کە ئەوان دەیانەوێت نەك وەك ئەوەی کە خۆی دەیەوێت.

مێژوونووسێکی ئیسپانی کـە لـە سـەردەمەکانی نزیـك لـە نسـکۆی ئیسـلامی لـە ئەندەلووس ژیاوە، باسی نیازی کەنیسەمان بـۆ دەکـات بەرامبـەر موسـوڵمانەکان و دەڵێت: "لەو کاتەوە کە فردیناند دەستی بەسەر غەرناتەدا گرت لە ساڵی (٨٩٧ك ـ ١٤٩٢ز) زاناکانیان داوایان لیّ دەکرد کە کـار لەسـەر لـەناوبردنی پێـڕی موحەممـەد بکات لە ئیسپانیا، هەروەها داوا لەو موسوڵمانانە بکات کە دەیانەوێت لـە ئیسـپانیا بمێننەوە ببن بە مەسیحی، ئەگەرنا با موڵك و سامانەکەیان بفرۆشن و بپەڕنـەوە بـۆ مــەغریب، زاناکــان گوتیــان ئــەو کــارە پەیمانشــکێنی نییــە لەگەڵیانــدا، بــەڵکو بـۆ پاراستنی گیانی ئەوان و پاراستنی ئاساییشـی شانشـینەکەمانە، چـونکە ئەسـتەمە موسوڵمانەکان بە دڵـی سـافەوە لەگـەڵ مەسـیحییەکاندا بـژین، یـاخود گوێڕایـەڵیی پاشاکان ببن، ئەگەر بە موسوڵمانی بمێننەوە ئەوا ئیسلام هانیان دەدات بۆ ئـەوەی ڕقئەستوور بن بەرامبەر بەو مەسیحییانەی کە دوژمنی ئایینەکەیانن". [1]

لەڕاستیدا ئـەو سیاسـەتە دوور نـەبوو لـە سـەرقاڵی و هەسـت و نەسـتی پاشـا و شــاژنی ئیســپانیا بەرامبــەر بــە موســوڵمانان، مەبەســتمان فردینانــدی پێنجــەم و ئیــزابێلای هاوســەریەتی کــە مەســیحییەکی کاســۆلیکی دەمــارگیر بــوون، ئــەو پەیماننامەی کە بە موسوڵمانانی دابوو بۆ ئەوەی لـە گیـان و سـامانیان دڵنیـا بـن و ڕێز لە ئایین و دروشمەکانیان بگیرێت، هیچ ڕێگر نەبوون لە جێبەجێکردنی مەبەستە نەتەوەییە سیاسییەکانی، فردیناند هەمیشە ئامادە بوو پەیماننامە بنووسێت ئەگەر زانیبێتــی ئــەو پەیماننامەیــە حــەز و ئارەزووەکــانی بــۆ دێنێتــە دی، بــەردەوامیش بەرگیی ئایینی بەبەر سیاسەتە ناپاکەکانی خۆیدا دەکرد.

---

[1] هەمان سەرچاوە، ص٢٩٦، ٢٩٧.

سیاسەتی تۆقاندن دەستی پێ کرد، بە شێوەیەك هەرچی بهاتایەتە بەردەمی دەیدورییەوە، دیوانی لێکۆڵینەوە یاخود دیوانی پیرۆز چالاك بوو، وەحی کەنیسە و کورسیی پاشایەتی پشتگیرییان لێ دەکرد بۆ بڕیارە ڕووخێنەرەکانیان... چەند ساڵێك بەسەر ڕادەستکردنی غەرناتەدا تێنەپەڕی دیوی شاراوەی سیاسەتی ئیسپانییەکان بەرامبەر موسوڵمانان ئاشکرا بوو، کەنیسە دەیویست لەو ڕێگەیەوە کار بکات بۆ هێنانەدی مەبەستەکانی کە بریتی بوون لە بەمەسیحیکردنی موسوڵمانەکان لە ڕێگەی ئامۆژگارییکردن و ڕازییکردنیان بە هۆکارە ماددیە کاریگەرەکان، بەڵام ئەو هەوڵانە ئەنجامێکی وەهایان نەبوو، ناچار کەنیسە پەنای بردە بەر توندوتیژی و دەستبەسەرداگرتن، سیاسەتی ئیسپانیاش ملکەچی وەحیی کەنیسە بوو، ئەو پەیماننامانەی کە بە موسوڵمانەکان درابوون سەبارەت بە ڕێزگرتن لە ئایین و دروشمەکانیان فەرامۆش کران، دوو قەشەی گەورە ڕوحی ئەو سیاسەتە توندڕەوە بوون، ئەوانیش کاردینالْ (خمینس) کە مەترانی تەلتیلیە و گەورەی کەنیسەی ئیسپانی بوو، هەروەها (ئەلدون دیجادیسا) کە لێکۆڵەری گشتیی دیوانی لێکۆڵینەوە بوو، مزگەوتەکان داخران، بەجێهێنانی دروشمەکان لە موسوڵمانان قەدەغە کران و سووکایەتی بە بیروباوەڕ و یاسا و ڕێساکانیان کرا، کاردینالْ خمینس بانگهێشت کرا بۆ غەرناتە بە مەبەستی وەرگرتنی ئەرکی بەمەسیحیکردنی موسوڵمانەکان، لە تەمموزی ساڵی (١٤٩٩ز ـ ٩٠٥ك) خمینس گەیشتە غەرناتە و قەشە (تالافیرا)ی ڕاسپارد بە بەکارهێنانی هەموو ڕێگاکان بۆ بەمەسیحیکردنی موسڵمانان... جووڵانەوەی بەمەسیحیکردن لە غەرناتە و بەتایبەت لە (حی البیازین)ەوە دەستی پێ کرد، ڕاستەوخۆ مزگەوتێکیان گۆڕی بە کەنیسە و ناویان لێ نا کەنیسەی (سمیت سان سلفادور)، هەندێك لە موسوڵمانە ڕیشسپییەکان ناڕەزایەتییان دەربڕی بەڵام بێهوودە بوو، ئەو جووڵانەوە تیرۆریستییەی خمینس تەنها بەو کارەوە نەوەستا کە بە واژۆپێکردنی بە مەسیحیبوونی دەیان هەزار

موسوڵمان کۆتایی پێ هات، بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا ڕەفتارێکی زۆر دواکەوتووانەی ئەنجام دا و فەرمانی دەرکرد ئەوەندەی دەتوانن هەرچی کتێبی عەرەبی هەیە لەناو خەڵکی غەرناتە و دەوروبەری کۆ بکرێتەوە، پاش کۆکردنەوەیان چەند تەپۆڵکەیەکی گەورە کتێبیان لە گۆڕەپانی (باب الرملە) کۆ کردەوە کە گەورەترین گۆڕەپان بوو، هەر لەوێدا ئاگریان تێبەردا و سووتاندیان، لە ئەنجامی ئەو هێرشە دڕندانەدا دەیان هەزار کتێبی عەرەبی بوون بە قوربانی، کە پوختە و پاشماوەی توراسی هزریی ئیسلامی بوون لە ئەندەلووس.[1]

ئەوەی لە غەرناتە ڕووی دا، بە هەمان شێوە لە هەموو شار و شارۆچکەکانی تریش ڕووی دا، دانیشتووانی (البشرات) و (المریة) و (بسطة) و (وادی آش) لە ساڵی دواتردا (١٥٠٠ز) کرانە مەسیحی، بەمەسیحیکردن سەرجەم ناوچەکانی شانشینی غەرناتەی گرتەوە، ئەگەرچی ئەو پرۆسەیە دوور لە شۆڕش و بزاوتی بەرگری موسوڵمانان تێنەپەڕی، کە تێیدا ئازایەتیی ناوازە و گیانفیدایی بێوێنەیان لەپێناو بیروباوەڕەکەیان پێشکەش کرد، بەڵام موسوڵمانە شۆڕشگێڕەکان لە ناوچەی دورەدەست بوون و مەسیحییەکانیش زۆر توند و بێبەزەیی بوون، موسوڵمانان زۆریان لێ کوژرا و ئافرەتەکانیان ڕاگوێزران و چەندین ناوچە کۆمەڵکوژ کران و منداڵەکانیشیان کران بە مەسیحی.[2]

لە بیستی حوزەیرانی ساڵی (١٥٠١ز)دا و لەژێر کاریگەریی کەنیسەدا فردیناند و ئیزابێلا فەرمانێکی پاشایەتییان دەرکرد کە پوختەکەی بریتی بوو: لەبەر ئەوەی خودای گەورە ئەو دووانەمانی هەڵبژاردووە بۆ پاککردنەوەی شانشینی غەرناتە لە بێباوەڕەکان و بوونی موسوڵمانانمان لەو شارەدا قەدەغە کرد، ئەگەر لە ئێستاشدا هەندێك لەو موسوڵمانانە لە غەرناتە ماون نابێت لەگەڵ ئەوانەی تردا پەیوەندی

---

[1] هەمان سەرچاوە، ٢٩٧ـ ٣٠٠.

[2] هەمان سەرچاوە، ص٣٠٣، ٣٠٤، ٣٠٧.

ببەستن هەتا کاری بەمەسیحیبوونەکەیان تەواو دەبێت، نابێت پەیوەندی بە ئەوانەشەوە بکەن کە تازە بوون بە مەسیحی، نەوەکو بیروباوەڕیان تێك بدەن، هەرکەسێك سەرپێچی بکات دەکوژرێت، یان سامانەکەی دەستی بەسەردا دەگیرێت. سیاسیەتی ئیسپانییەکان بە هەموو هۆکارەکان بۆ چەوساندنەوەی موسوڵمانەکان بەردەوام بوو، یەکێك لەو ڕێوشوێنە ناباوانەی کە فردیناند گرتیە بەر دەرکردنی یاسایەك بوو کە موسوڵمانەکانی پابەند کرد بۆ ئەوەی لە گەڕەکێکی تایبەت نیشتەجێ بن، هەر وەك چۆن لە چاخەکانی ناوەڕاستدا جوولەکەکانیان پابەند دەکرد، لە دوای بزاوتی بەمەسیحیکردنی گشتیگر ئەو یاسایەش لە غەرناتە جێبەجێ کرا، لە هەمان کاتدا و لە ئەیلولی ساڵی (١٥٠١ز) یاسایەك دەرچوو، کە خاوەنداریێتیی چەکی بۆ موسڵمانان قەدەغە کرد بە ئاشکرا و نهێنی، بۆ یەکەم جار ئەو یاسایە سەرپێچیکەرانی بە زیندان و مردن و دەستبەسەرداگرتنی سامان سزا دا.

ئیسپانییەکان ترسیان لە کۆبوونەوەی ئەو موسوڵمانانە هەبوو کە بووبوون بە مەسیحی و پێیان دەگوترا (مۆریسکییەکان)، دەترسان هەموویان لە شانشینی غەرناتە کۆ ببنەوە، لەبەر ئەوە لە شوباتی ساڵی (١٥١٥ز)دا بڕیارێکی شاهانە دەرچوو کە لە تەلتیلیە ڕاگەیەنرا و بەپێی ئەو بڕیارە قەدەغە بوو مەسیحییە تازەکان بچنە ناو خاکی غەرناتەوە، سەرپێچیکەرانیش بە مردن و دەستبەسەرداگرتنی سامانەکەیان سزا دەدرێن، هەروەها مەسیحییە تازەکانی غەرناتە بە هیچ شێوەیەك نابێت بەبێ مۆڵەت موڵکەکانیان بفرۆشن، هەر کەسێکیش سەرپێچی بکات بە مردن و دەستبەسەرداگرتنی سامانەکەی سزا دەدرێت، وەك لەو بڕیارەدا دەردەکەوێت موسوڵمانە بەمەسیحیبووەکان موڵکەکانیان دەفرۆشت و پارەکەیان وەردەگرت و بەرەو مەغریب دەپەڕینەوە و سەرلەنوێ دەگەڕانەوە بۆ ئیسلام.(١)

---

[١] هەمان سەرچاوە، ص٣٠٨ ـ ٣١٠.

یەكێك لە مێژوونووسە موسوڵمانەكان بەم دەستەواژە كاریگەرانە كارەساتی ئەندەلووس باس دەكات: "دوای ئەوەی پاشای قەشتالە لە ساڵی نۆسەد و چواری كۆچیدا موسوڵمانەكانی بانگ كرد بۆ مەسیحیەت و زۆریشی لێ كردن، ئەوانیش چوونە ناو ئایینەكەیانەوە و هەموو ئەندەلووس بوو بە مەسیحی كەس نەمایەوە بڵێت: (لا اله الا الله محمد رسول الله)، مەگەر یەكێك لە دڵی خۆیدا یان بەنهێنی لای خەڵك بیگوتایە، لە پەرستگاكانیاندا لە دوای بانگ بوقییان لێ دەدا و وێنە و خاچیان هەڵواسی، لە دوای ئەوەی كە جێگای یادی خودا و قورئانخوێندن بوو، چەندین چاوی بە فرمێسك و دڵی غەمباریان تێدا بوو، چەندین لاواز و بێتوانا هەبوون كە نەیانتوانی كۆچ بكەن و بە براكانیان بگەن، دڵیان گڕی گرتبوو و فرمێسكەكانیان جۆگەی گرتبوو، ئەوەش لە كاتێكدا كە كوڕ و كچەكانیان دەبینی خاچیان دەپەرست و كڕنووشیان بۆ بتەكان دەبرد و گۆشتی بەراز و مردارەوەبوویان دەخوارد و مەییان دەخواردەوە كە دایكی هەموو پیسییەكانە و ئەوانیش بێدەسەڵات بوون و نەیاندەتوانی ڕێگرییان لێ بكەن، هەر كەسێكیش ڕێگریی لێ بكردنایە بە توندترین شێوە سزا دەدرا، بەڕاستی كارەساتێكی گەورە و تاڵ بوو". [1]

(مقری) باسی ئەوە دەكات كە چۆن ئەوانەی بەئاشكرا بووبوونە مەسیحی و نەیاندەتوانی پەرستشە ئیسلامییەكانیان ئەنجام بدەن مەگەر بەنهێنی، هەروەها باسی ئەوە دەكات چۆن "مەسیحییەكان بەتوندی لەگەڵیاندا دەجووڵانەوە و زۆریان لێ سووتاندن، موسوڵمانەكان بۆیان نەبوو هیچ ئاسنێك هەڵگرن تەنانەت چەقۆیەكی بچووكیش..". [2] لێرەدا دەمانەوێت هەندێك لە ڕێوشوێنەكانی دیوانی لێكۆڵینەوەش

---

[1] أخبار العصر في انقضاء دولة بني نصر، تحقيق: ميللر، غوتنغن، ١٨٦٣م، ص٥٤ـ ٥٦.

[2] نفح الطيب، ٢/٦١٦، ٦١٧.

بزانین، ئەو دەزگا ترسناکەی کە بۆ قڕکردنی موسوڵمانان و بنبڕکردنی ئیسلام لە گۆڕەپانی ئەندەلووسدا بەکار دەهێنرا.

"کاروباری دادگای ئەو دیوانە بە هەواڵلێدان دەستی پێ دەکرد، لە کاتی بوونی دەستەواژەیەك کە گومانی لەسەر کەسێك دروست بکردایە هیچ جیاوازییەك نەبوو لەنێوان ئەوەی هەواڵلێدانەکە لەلایەن کەسێکی ناسراوەوە بووایە، یاخود نەناسراو، ئەگەر هەواڵگەیەنەرەکە ناسراو بووایە بانگ دەکرا و وتەی لێ وەردەگیرا و باسی شایەتەکانی دەکرد، ئەوەش بە لێکۆڵینەوەیەکی سەرەتایی دادەنرا، بە هەمان شێوە دەشکرا لە ڕێی دانپێدانانی قەشەکانەوە هەواڵ لە کەسێك بدرایە، هەموو کەس بۆی هەبوو هەواڵ لە کەسێکی تر بدات کە گومانی لە بیروباوەڕەکەی هەبووایە، لەگەڵ ئەوەشدا کە دانپێدانانەکەیان دەبووایە نهێنی بن و هەواڵدەرەکان شایەتەکانیان سوێند دەدا بۆ ئەوەی نهێنیپارێز بن، پرسیاری وردەکاریی ڕووداوەکانیان لێ نەدەکرا، بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی پرسیاری ئەوەیان لێ دەکرا ئایا شتێکیان بینیوە یاخود بیستووە کە لەگەڵ ڕێبازی کاسۆلیکیدا دژ بێت، یان لەگەڵ مافەکانی دیواندا؟ لە هەمان کاتیشدا دیوان پشکنینی ناوچەیی بۆ هەواڵلێدراوەکە دەکرد و ئەنجامی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی دەخرایە بەردەست زانا مەسیحییە بڕیاردەرەکان، هەتا بڕیار بدەن ئایا ئەو هەواڵلێدراوە تاوانبارە بە بێباوەڕی یاخود تەنها گومانلێکراوە، بڕیارەکەی ئەوان ڕێڕەوی دادگاکەی دیاری دەکرد، زۆرێك لەو بڕیاردەرانە لە قەشە نەزان و دەمارگیرەکان بوون، لەبەر ئەوە ڕەفتار و بۆچوون و ڕێز و پێگەیان جێگای گومان بوو، بەزۆریش بڕیارەکانیان بە تاوانبارکردن بوو، تەنها چەند حاڵەتێکی کەم نەبێت".

"لە ئەنجامی ئەو ڕاپۆرتەدا نوێنەرەکە فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ هەواڵلێدراوەکە دەر دەکرد و ڕاپێچ دەکرا بۆ زیندانی نهێنیی دیوان، کە تایبەت بوو بەو کەسانەی تۆمەتبار بوون بە بێباوەڕی و لادان لە ڕێگای ڕاستی، دۆخی ئەو

زیندانانە لەوپەڕی خراپیدا بوون، ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە ژووری لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجەدانەوە هەبوو، زۆر قووڵ و تاریك بوون، تەڕ و شێدار بوون و پڕ بوون لە مار و مێروو و جرج، تۆمەتبارەکان بە زنجیر دەبەسترانەوە، (لورنتی) کە مێژوونووسی دیوانی لێکۆڵینەوەی ئیسپانی بوو، دەڵێت: "لە خراپترین شتەکانی ئەو زیندانانە ئەوە بوو هەرکەسێك ڕاپێچ بکرایەتە ناویان لەناو خەڵکیدا تەواو تێك دەشکا، بە شێوەیەك لەکەدار دەبوو کە هیچ زیندانێکی تری سەربازی و مەدەنی بەو شێوەیە نەبوو، ئەو زیندانییە دەکەوتە خەمێکی قووڵ و دابڕانێکی بەردەوامەوە کە باس ناکرێت، کەس نەیدەزانی کێشەکەی گەیشتۆتە کوێ، تەنانەت کەس بۆی نەبوو پارێزگاریی لێ بکات". هەروەها دکتۆر (لی) دەڵێت: "ماڵ و سامانی ئەو زیندانییانە ڕاستەوخۆ دەستی بەسەردا دەگیرا و لەناو دەبرا، هەموو پەیوەندییەکانی لەگەڵ جیهاندا دەپچڕێندرا هەتا دادگاییەکە تەواو دەبوو، دادگاییەکەش بە زۆری لە ساڵێك بۆ سێ ساڵی دەخایاند، لەو ماوەیەشدا زیندانییەکە و کەسوکارەکەشی هیچیان نەدەزانی سەبارەت بە داهاتووی ئەو زیندانییە، بڕی تێچووی زیندانەکەش لە ماڵە دەستبەسەرداگیراوەکەی سەرف دەکرا، زۆر جار هەموو سامانەکەی لەو زیندانییەدا سەرف دەکرا".

"تۆمەتبارەکەیان ئاگادار نەدەکردەوە سەبارەت بە تۆمەتەکانی، بەڵام دوای دەستگیرکردنی سێ ڕۆژ لەسەر یەك و لە سێ دانیشتندا کە بە دانیشتنی بۆچوون و ئاگادارکردنەوە ناسرابوون کاتی پێ دەدرا، لەو دانیشتنانەدا داوا لە تۆمەتبارەکە دەکرا دان بە ڕاستیدا بنێت و بەڵێنی پێ دەدرا ئەگەر دان بە تاوانەکایدا بنێت ئەوانیش بەزەییان پێیدا دێتەوە، بەڵام ئەگەر درۆ بکات و نکوڵی بکات سزای دەدەن و بەتوندی لەگەڵیدا دەجووڵێنەوە، چونکە دیوانی پیرۆز بەبێ بەڵگەی تەواو هیچ کەسێك دەستگیر ناکات، ئەو ڕێگایە ستەمکارانە بوو، ئەگەر تاوانبارەکە بێتاوانیش بووایە، بەڵام لە ترسا دانی بە تاوانەکەیدا بنایە، ئەوا ڕێوشوێنەکانی

لەسەر کورت دەکرایەوە و سزایەکی ئاسانتری بۆ دادەنرا، خۆ ئەگەر دانی بەوەدا بنایە کە بێباوەڕە، ئەوا بە هیچ شێوەیەك لە سزای مردن ڕزگاری نەدەبوو، ئەگەرچی بەڵێنی لێبوردەیی و بەزەییشی پێ درابوو، ئەگەر تۆمەتبارەکە لە دوای سێ دانیشتنەکە دانی بە تاوانەکەیدا نەنایە، ئەوا نوێنەرەکە بەگوێرەی لێکۆڵینەوە و ڕووداوەکان بڕیاری بۆ دەدا، ئەگەر بەڵگەکان لاوازیش بوونایە، خراپترین بڕگەی بڕیار ئەوە بوو کە تۆمەتبارەکەیان دەنارد بۆ ئەشکەنجە، بەزۆرییش ئەو ئەشکەنجەیە لەسەر داوای نوێنەرەکە بوو، ئەمە لەگەڵ ئەوەشدا کە تۆمەتبارەکە دانی بە تاوانەکەشیدا دەنا، وایان دادەنا کە لە دانپێدانانەکەیدا درۆی کردووە و ڕاستیی شاردووەتەوە، بڕیاری دادگاش بە کۆی زووری ڕاوێژکاریی دەردەچوو، زۆرێك لە مێژوونووسان ئەو توندوتیژی و ڕێوشوێنانەی کە دادگاکانی لێکۆڵینەوە پەنایان بۆ دەبرد بە گەورە و قورس باسیان دەکرد، (دون لورنتی) لەو بارەیەوە دەڵێت: "لێرەدا من نامەوێت باسی ئەو جۆرە سزایانە بکەم کە دیوانی لێکۆڵینەوە بەسەر تۆمەتبارەکاندا دەیانسەپاند، چونکە زۆرێك لە مێژوونووسەکان زۆر بەوردی باسیان کردوون، بەڵام بەڕاشکاوی دەڵێم هیچ یەکێك لەو مێژوونووسانە زیادەڕەویی نەکردووە لەو بەسەرهاتانەی گێڕاویانەتەوە، کاتێك زۆرینەی بابەتەکانم خوێندەوە لەبەر ترسناکی و ناشیرینیی ڕووداوەکان جەستەم کەوتە لەرزین، بەڕاستی ئەو لێکۆڵەرەوانەی پەنایان بۆ ئەو ڕێگایانە برد گەیشتبوونە ئاستی دڕندە".

"زۆربەی جۆرەکانی ئەشکەنجەی چاخەکانی ناوەڕاست لەلایەن دادگاکانی لێکۆڵینەوەوە بەکار دەهێنران، یەکێك لەو جۆرانە ئەشکەنجەی ئاو بوو، شێوازەکە بریتی بوو لە بەستنەوەی تۆمەتبارەکە لەسەر ئامێرێکی وەك پەیژە و هەردوو قاچ و دەستیان بەو پەیژەیەوە دەبەستەوە، سەریشی لەلای خوارەوە بوو، پاشان چەند قومێکی گەورە ئاویان دەکردە دەمیەوە کە دەگەیشتە چەند لیترێك، هەتا نزیك دەبووەوە لە خنکان، هەروەها ئەشکەنجەی (جاروکا)، ئەویش بریتی بوو لە

بەستنەوەی هەردوو دەستی تۆمەتبارەکە لە پشتەوە و گوریسێکیان بەدەوری سکی و هەردوو دەستیدا دەهێنا و پاشان بەهەڵواسراوی بەرزیان دەکردەوە و نزیمان دەکردەوە، جاری وا هەبوو قورساییەکیشیان پێوە دەبەست، هەروەها ئەشکەنجەی شیشی گەرم بۆ قاچی و قاڵبی سوورکراوە بۆ سك و پشتی، هەروەها وردکردنی ئێسك بە ئامێری بەهێز و شکاندنی قاچەکان و لێکجیاکردنەوەی دەم، جگە لەوانەش چەندین ڕێگای بەربەریی تر کە ئەنجامیان دەدا".

"هیچ سنوورێك نەبوو بۆ گەورەیی ئازار و ئەشکەنجەیان، تەنها قامچیلێدەر و قەشە و لێکۆڵەرەوەکان ئامادەی ئەشکەنجەدانەکە دەبوون، ئەگەر پێویست بووایە هەندێك جار پزیشکیش ئامادە دەبوو، تۆمەتبارەکە نەیدەزانی بۆچی سزا دەدرێت، داوای دانپێدانانی ڕووداوێکی دیاریکراوی لێ نەدەکرا، هەر ئەشکەنجە دەدرا هەتا بە ویستی خۆی دانی بە شتێکدا دەنا، هەندێك جار ئەگەر پزیشکەکە بیزانیایە ژیانی تۆمەتبارەکە لە مەترسیدایە فەرمانی دەکرد ئەشکەنجەکە ڕابگیرێت، کاتێکیش تۆمەتبارەکە بارودۆخی باش ببووایەتەوە دەستیان دەکردەوە بە ئەشکەنجەدانی، ئەگەر تۆمەتبارەکە دانی بنایە بە تاوانەکەیدا و دادوەرەکەش بە دانپێدانانێکی ڕاستی دابنایە، واتە پەشیمانبوونەوەی لەخۆ بگرتایە، ئەوا وازیان لە ئەشکەنجەدانی دەهێنا، ئەگەریش بەرگەی ئەشکەنجەی بگرتایە و نکوڵی بکردایە هیچ شتێك سوودی پێ نەدەگەیاند، چونکە دادوەرەکان بەگوێرەی ئەو تۆمەت و ڕووداوانە کە درابوونە پاڵی، بڕیاری کۆتاییان دەدا، ئەوانەی لە کاتی ئەشکەنجەدا دانیان دەنا بە تاوانەکانیاندا پێویست بوو لە ڕۆژی دواتر و بەئازادییش دانپێدانانەکەیان دووبارە بکەنەوە بۆ ئەوەی بە دانپێدانانێکی دروست هەژمار بکرێت، ئەگەر نکوولێیشی بکردایە سەرلەنوێ دەگەڕێندرایەوە بۆ ئەشکەنجە".

"لە دوای تەواوبوونی ئەشکەنجە، تۆمەتبارەکە بە جەستەی خوێناوی و شکاوەوە هەڵدەگیرا بۆ هۆڵی دادگا، هەتا وەڵامی ئەو تۆمەتانە بداتەوە کە یەکەم

جـار ڕووبـەڕووی کرابوونـەوە، لـە دوای وەڵامـەکان دۆسـیەکەی ڕەوانـەی قەشـە بڕیاردەرەکـان دەکـرا بـۆ ئـەوەی بۆچـوونی خۆیـان لـە بارەیـەوە بڵـێن وەك ئامادەکارییەك بۆ بڕیاری کۆتایی، کەم جار وا ڕێك دەکـەوەت کـە بڕیـاری کۆتـایی قەشەکان لە بڕیاری یەکەمیان جیاواز بێت، ئەگەر تاوانبار بکرایـە بڕیارەکـەیان پـێ ڕاندەگەیاند هەتا کاتی جێبەجێکردنی بڕیارەکـە، ئـەوەش قێزەوتـرین ڕێوشـوێنی دادگای تاوان بوو کە دەگیرایە بـەر، تۆمەتبارەکـەیان لـە زینـدان دەردەهێنـا بـەبێ ئەوەی بزانێت بۆ کوێی دەبەن و بەبێ ئـەوەی پـێش وەرگرتنـی سـزاکەی دروشـمە ئایینییەکانی بەجێ بهێنێت، پاشان بەرەو گۆڕەپانی جێبەجێکردن دەبـرا و لەوێـدا بۆ یەکەم جار بڕیارەکـەی بەسـەردا دەخوێندرایـەوە، بـۆ تۆمەتـە مەترسـیدارەکان هەنـدێك جـار بـە بڕیـاری زینـدانی هەتاهـەتایی و دەستبەسـەرداگرتنی مـاڵ و سامانەکەی یاخود بە سووتاندنی تاوانبارەکە لە کـاتی کـوفری ئاشـکرا و ڕاشـکاودا سـزا دەدران، لـە سـەردەمەکانی سـەرەتای کـاری دیوانـدا بـەزۆری بڕیارەکـان لەسێدارەدان بوون، جێبەجێکردنی بڕیارەکەش لە گۆڕەپانە گەورەکانی شارەکان و بە ئامادەبوونی قەشە و بەرپرسەکان و لە ئاهەنگی فەرمیدا و بە بەرگی فەرمییـەوە ئەنجام دەدرا، هەنـدێك جـار پاشـاش ئامـادە دەبـوو، هەنـدێك جـاریش بـە کۆمـەڵ بڕیارەکەیان بەسەردا جێبەجێ دەکرا، کۆمەڵێك کە ژمارەیـان دەیـان کـەس دەبـوو بەیەکەوە دەسـووتێندران، قوربانییـەکان ڕیـز دەکـران و خـەڵکێکی زۆر بانگهێشـت دەکران بۆ تەماشاکردنیان، باسی ئەوە دەکرێت کە فردیناندنی کاسـۆلیکی عاشـقی ئەو دیمەنانە بووە، زۆر خۆشحاڵ دەبوو بە بینینی ئاهـەنگی سـووتاندنیان، لەگـەڵ ڕێکخستنی هەر ئاهەنگێکدا بەردەوام سوپاسی قەشە لێکۆڵەرەکانی دەکرد".

"دۆسـیەکانی دادگـای لێکۆڵینـەوە زۆر خـاو بـوون، دەروونـی تۆمەتبارەکـەیان تووشـی بێهێـوایی دەکـرد، هەنـدێك جـار پـێش ئـەوەی بڕیـاری بـۆ دەرچـێت تۆمەتبارەکە لە زینداندا دەمرد، هەندێك جار بڕیارەکە تۆمەتبارەکـەی تێدەپەڕانـد

بۆ خێزانەکەی و کوڕەکەی، بڕیاریان دەدا لە ئەرکە گشتییەکان بێبەشیان بکەن و نەهێڵن هەندێك پیشە ئەنجام بدەن، بەمەش بێتاوانەکان لە بڕیاری تۆمەتبارەکانەوە تێوە دەگلان". [1]

"ئەندامانی دادگاکانی لێکۆڵینەوە پارێزبەندی و دەسەڵاتی ڕەهایان هەبوو، بە شێوەیەك هیچ دەسەڵاتێکی پێ نەدەگەیشت، لە ئەنجامی ئەو دەسەڵاتە ڕەهایە و لێنەپرسینەوەیان بوو کە ئەو دادگایانە ستەم و خراپبەکارهێنانی دەسەڵات و دەستگیرکردنی بێتاوانیان پەیڕەو دەکرد، تەنانەت تاوانی هەندێك لەو لێکۆڵەرانە گەیشتبووە ئاستێك کە خۆیان لە داگیرکردن و وەرگرتنی بەرتیل و ... هتد نەدەپاراست بۆ پڕکردنی گیرفانیان، بڕیارەکانی سزادانی سەرپێچی بە پارە و دەستبەسەرداگرتنی ماڵ و سامان باشترین ڕێگای دزی بوون، گەنجینەی پاشایەتی سەدان هەزاری لەو داهاتەنە تێدا بوو، ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە خاوەنی شەرعیی سامانەکە لە زینداندا و لەبرسا دەمردن... تەنانەت هەندێك لە لێکۆڵەرەکان دەستدرێژییان دەکردە سەر کچ و ژنی تۆمەتبارەکان بەبێ ئەوەی کەس سزایان بدات لەسەر ئەو کارە". [2]

هەندێکمان لەو چەوساندنەوانە باس کرد کە لە ئەندەلووسی ئیسلامی ڕووی دا، ئەندەلوس یەکێك بوو لەو سێ ناوچەیەی کە لە دوای بڵاوبوونەوەی ئیسلام سەرلەنوێ ئیسلامیان تێدا لاواز کرایەوە، ئەوانیش بریتی بوون لە: ئیسپانیا و ئەورووپای ڕۆژهەڵات و ئاسیای ناوەڕاست.

لە ئیسپانیا پرۆسەیەکی زۆرلێکردنی ڕێبازی کاسۆلیکی پیادە کرا کە لە مێژوودا وێنەی نەبوو، چەندین هەوڵی ڕاگواستن و کوشتن ئەنجام دران بۆ هێنانەدیی ئەو

---

[1] بڕوانە: عنان، هەمان سەرچاوە، ص٣٠٦، ٣٢٢، هەروەها ئەو سەرچاوە ئیسپانیانەی کە پشتی پێبەستوون و لە پەراوێزەکانیاندا ئاماژەی پێ کردوون.

[2] هەمان سەرچاوە، ص٣٢٢.

ئامانجه. له ئـەوروپای ڕۆژهـەڵاتیش لەگـەڵ هۆکـاری زۆرلێکردنـی ڕێبـازی کاسـۆلیکی و ڕاگواستن و کوشتن چەندین هۆکاری تر هەبوون بـۆ لاوازبـوونی ئیسـلام، بـۆ نموونـه لـه یوغسـلافیا (تیتـۆ) کـه سـەرۆکێکی شـیوعی بـوو، دوو ملیـۆن موسـوڵمانی کوشـت، بـه بیـانووی ئـەوەی هاوکـاریی نازییـەکانیان کـردووه، ملیۆنـەها موسـوڵمانی تـر لـه قـرم تووشی هەمان چارەنووس بوون لەسـەر دەسـتی سـتالین، لەگـەڵ ئەوانەشـدا دەتـوانین پەنجه بخەینه سەر چەندین هۆکاری تر، لەوانه: کەمیی ماوەی دەسەڵاتی ئیسلامی لـەو ناوچـانه و هەڵـه سیاسـییەکانی کـاری عوسمانییـەکان لـه ڕووی ئایینییـەوه و نـەبوونی جیاکەرەوەی شارستانی بیندراو لەنێوان موسوڵمانەکان و گەلانی ئـەوروپای ڕۆژهەڵاتـدا و کەمبوونەوەی ڕۆڵی زمانی عەرەبی، که زمانی قورئانه، بەراورد به ناوچـەکانی تـر کـه ئیسلامیان پێ گەیشتبوو، هەروەها پشتئەستووری ئەوروپیه ڕۆژهەڵاتییـەکان بـه هێـزه داگیرکاره گەورەکان و ڕێکخستنه زایۆنییەکان بۆ لەناوبردنی هەر شتێك که پەیوەنـدیی به ئیسلامەوه هەبوو لەو ناوچـانەدا، لـه کۆتاییشـدا دەسـەڵاتی سیسـتمه شـیوعییەکان بەسەر ناوچەکەدا، ئەو سیستمانەی که مامەڵەی توندیان لەگـەڵ ئیسـلامدا هـیچ کـەمتر نەبوو له دامودەزگاکـانی کەنیسـه، ئـەو ڕێگایانـەی کـه پێیـدا دەڕۆیشـتن لـه ڕێگاکـانی دادگاکانی لێکۆڵینەوه دەچوون.

سەبارەت بـه ئاسـیای ناوەڕاسـتیش کـه لـەژێر دەسـەڵاتی شـیوعییەکاندا بـوو، ئەوانیش به هەمان شێوه فشاریان بەکار هێنا، بەڵام زۆریی ژمـارەی موسـوڵمانان و ڕەگ و ڕیشەی ئیسلامیان که به مێژوو و شارسـتانییەتدا چـووبووه خـوارەوه، وای کرد که تا ڕادەیەك لەبەردەم ئـەو نسـکۆیەدا خـۆڕاگر بـن و پارێزگـاری لـه هەنـدێك تایبەتمەندیی ئایینیی خۆیان بکەن، تەنانـەت لـه قۆناغـەکانی کۆتاییـدا دەسـەڵاتی سۆڤیەتیان ناچار کرد که دان به هەندێك له مافەکانیاندا بنێت و خۆیان سەلماند.

ئەو کەناڵانەی که خەڵکیان دەکرد به موسڵمان لەناو دەوڵەتی ئیسلامیدا و لەژێر سایەی دەسەڵاتی ئیسلامیدا زۆر و هەمەجۆر بوون، لەوانه تێکەڵاویی کۆمەڵایەتی و

پێشەنگیی ناو کۆمەڵگا، کاریگەریی کەلتووری، گفتوگۆی ڕۆژانە، بانگەوازی تاك و بەکۆمەڵ، چالاکیی دەزگا فەرمییەکان، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بەراوردکردنی خودی و بابەتییانە لەنێوان ڕێباز و ئایینەکاندا... و هتد، هەموو ئەو کەناڵانە وەك سەرنجڕاکێشیی خودی ئیسلام نەبوون کە ئیسلامی پێ دەناسرایەوە، ئەو ماندووبوون و قوربانیدانەی کە هەڵگرەکانی ئەو ئایینە سەرفیان کرد و ئەو سەرسوڕمانەی کە تووشی ئەو توێژەرانە دەبوو کە لە وردەکاریی ئەو ئایینە توێژینەوەیان دەکرد هەمووی سەرچاوەکەی خودی ئیسلام بوو.

ئیسلام ئەو ئایینەیە کە خودای گەورە وەك بیروباوەڕی کۆتایی مرۆڤایەتی ویستی، بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی بە ڕێگای ڕاستدا ببات و بەگونجاوترین و بەرهەمدارترین ڕێگادا بیبات کە وەڵامدەرەوەی داواکارییەکان و ڕێگای داهێنانە، ئەو ڕێگایەی کە بەردەوام دەبێت هەتا ئەو کاتەی کە خودای گەورە کۆتایی بە زەوی و دانیشتووانەکەی دەهێنێت، کەواتە ئەو ئایینە دەبێت تاقانە بێت لەناو ئایین و ڕێبازەکانی تری جیهاندا، دەبێت تایبەتمەندییەکی هەبێت کە ئەوانی تر نەیانبێت، ئەو بڵاوبوونەوە خێرایەی ئەو ئایینە کە وەکو ئاگر بڵاو بۆوە لەناو کۆمەڵگاکاندا بە ئەندازەی ئەو چارەنووسە جێگای سەرسوڕمان نابێت کە ئەو ئایینە پێی دەگات.

**٨ـ شەپۆلی چوارەم و کەناڵەکانی تری بڵاوبوونەوە:**

هاوکات لەگەڵ سوپای ئیسلام و پێشتر و دواتریش دەنگی ئیسلام سنوورەکانی تێدەپەڕاند و ڕووەو گەل و کۆمەڵگاکان دەڕۆیشت، هەندێك لەو کۆمەڵگایانە خۆیان لە فشاری سەرکردە ستەمکارەکان ڕزگار کرد و هەندێکیشیان ئەو بوارەیان بۆ نەڕەخسا، دەنگی ئیسلام لە خەبات بەردەوام بوو بۆ گەیشتن بە هەموو کۆمەڵگاکان و بانگەوازی دەکردن، سەرکەوتنی بەدەست دەهێنا و بڵاو دەبووەوە،

هەندێك جاریش لەسەر دەستی بازرگانەكان و هەندێك جاریش وەك لەم دەیانەی كۆتایی سەدەی بیستەمدا بینیمان لەسەر دەستی دامودەزگا بانگخوازییە فەرمی و نافەرمییەكان و ڕێكخراوە خوێندكاری و كۆمەڵە ئیسلامییەكان لە دەرەوەی جیهانی ئیسلامی ئەو بانگەوازە بەڕێوە دەچوو لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا.

بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە پانتاییەكی فراوانی ئەفریقا و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا بەڵگەی كارایی ئەو كەناڵانە و توانایان بوو لە فراوانكردنی سنووری بانگەواز و گەیاندنی بە هەموو لایەك و هێنانی ملیۆنەها كەس بۆ ئامێزی ئەم ئایینە، ئەگەرچی هۆكارەكانی موسوڵمانان كەم و ناهاوسەنگ بوون لەگەڵ هۆكاری نەیارەكانیاندا، بەڵام هێزی ڕاكێشانی ئەم ئایینە و تیشكی درەوشاوە و گونجانی لەگەڵ پێكهاتەی ئاڵۆزی مرۆڤ و پێشەنگیی موسوڵمانان كە جێگەی ڕەزامەندیی خەڵك بوون، چ لەسەر ئاستی تاك یان وەك مامۆستایەك یان خوداناسێك یان بازرگان بێت یان بانگخواز بێت هەموو ئەوانە هۆكاری بڵاوبوونەوەی ئەم ئایینە بوون، تۆماس ئارنۆڵد دەڵێت: "هۆكاری هەڵگەڕانەوەی زۆرێك لە دانیشتووانی ئەو وڵاتانە بەرەو ئیسلام بۆ ئەوە دەگەڕایەوە كە بانگخوازە موسوڵمانەكە هەر لە یەكەم ساتی موسوڵمانبوونی مەسیحییەكەدا لەسەر بنەمای برایەتی و یەكسانی و دژایەتیی چینایەتی دەڕۆیشت و هەڵسوكەوتی لەگەڵ دەكردن، ئەو بنەمایانەش هاوبەش بوون لەنێوان ئیسلام و مەسیحیەتدا، ئەگەرچی بانگخوازی موسوڵمان زۆر خێراتر لە مژدەدەری مەسیحی بەو بنەمایانە هەڵدەستا، زۆر گرنگە باسی ئەوەش بكەین كە ڕەنگ و ڕەگەزی زنجیە ئەفریقییەكان نەبوونە هۆكار بۆ ئەوەی برا موسوڵمانەكانیان لەگەڵیاندا دەمارگیر و ڕەگەزپەرست بن، پێشتریش باسی سەركەوتنی گەورەی ئیسلاممان كرد لە ئەفریقای زنجیدا بە هۆی ئەوەی ڕەشپێستەكان بە هیچ شێوەیەك هەستیان بە سووكایەتی و بەكەمزانین نەدەكرد، هیچ ڕۆژێك وەك چینێكی نزم مامەڵەیان لەگەڵدا نەكرا، هەر وەك لە جیهانی

مەسـیحیدا لەگـەڵیان دەکـرا، مـژدەدەرە مەسـیحییەکان هاوسـەرگیرییان لەگـەڵ ئافرەتە زنجییەکاندا نەدەکرد لە ترسی لۆمەی هاوڕەگەزەکانیان، بـەڵام بـانگخوازە موسوڵمانەکان زۆر بەئاسانی دەچوونە ئەفریقا و بتپەرستەکانیان موسوڵمان دەکرد و لەگەڵ ئافرەتە زنجییەکاندا هاوسـەرگیرییان دەکـرد و لەسـەر بنـەمای برایـەتی و یەکسانی لەگەڵ دانیشتووانی ئەو ناوچانە مامەڵـەیان دەکـرد، لەبـەر ئـەوە جێگـای سەرسوڕمان نەبوو کاتێك زنجییەکان ئیسلامیان وەك ئایینی ڕەشپێستەکان دەبینی و مەسیحیەتیشـیان وەك ئـایینی سپیپێسـتەکان دەبینـی، پێیـان وا بـوو ڕاسـتە مەسـیحیەت زنجییـەکان بـانگ دەدات بـۆ ڕزگـاربوون، بـەڵام لـە شـوێنێکی نـزم دایدەنان، کە وا هەستیان دەکرد لەو ئایینەدا هیچ بەشێکیان نییە، لە هەمان کاتـدا وا سەیری ئیسلامیان دەکرد کە خەڵك بۆ ڕزگـاربوون و گەیانـدنیان بـە پلـە باڵاکـان بانگ دەکات". [1]

ڕادەی هەستی موسوڵمانی ئەفریقی لەناو کۆمەڵگای ئیسلامیدا و پەیوەستبوونی بە ئایینەکەیەوە و هەستکردنی بە ئارامی لەم نووسینەی (موریل)دا دەردەکـەوێت، کە لە کتێبی (نیجیریا : *أهلها ومشاكلها*) دەڵێت: "بە خەیاڵـدا دێـت کـە زنجییەکـە دەڵێت: هەر یەکێك لە ئێمە جیـاوازە لـەوی تـر، بـەڵام هـەموومان مـرۆڤین". "ئـەو بڵاوبوونەوە فراوانەی ئیسلام کە ئەمڕۆ لە نـەیجیریا دەبینرێـت، کاریگـەربی هەیـە، بەتایبەت لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، ئەوانەی موسوڵمان دەبن ئیسلام پلەوپایەیەکی باڵاتر و بۆچوونێکی بەرزتری دەدانێ لە پلـەی مرۆڤـەکانی دەوروبـەر، هـەروەها لـە کۆت و بەندی هەزار خەیاڵی ئەفسانەیی ڕزگاری دەکردن". [2]

هەروەها توێژەر (B. Smith) لە کتێبی (Thr 9 th centry) دا ئامـاژە بـۆ ئەوە دەکات کە پەرستشی خودای تاك و زاڵ و زانا و بەبەزەیی بەسەر هـەموو ئـەو

[1] توماس أرنولد، الدعوة الى الإسلام، ص٣٩٩.

[2] حسن ابراهيم حسن، انتشار الإسلام في القارة الإفريقية، الطبعة الثانية، القاهرة، ١٩٦٤م، ص٧٧، ٧٨.

پەرستشـانەدا زاڵ بـوو کـە ئـەو دانیشـتووانانە پێشـتر لەسـەری ڕاهـاتبوون بـە شێوەیەکی بێسنوور. بەڵگەنەویستە کە ئیسلام ڕەشپێستە موسـوڵمانەکانی وا لـێ کرد چالاك و سەربەرز و پشتبەخۆبەستوو بن و ڕێز لە خودی خۆیان بگـرن، ئەوانـە کۆمـەڵێك تایبەتمەنـدیین کـە بەکـەمی لـە هاووڵاتییـە بتپەرسـت و مەسـیحییەکاندا دەیبینین". [1]

هەروەها (T. H. P. Sailep) کە ڕاگری خوێندنی مژدەدەرییە لە ئەمریکا لە کتێبی: موسوڵمان ڕووبەڕووی داهاتوو دەبێتەوە (*The Moslem Faces The Future*) لە برگەی: بۆچی ئیسلام زنجیەکان بۆ لای خـۆی ڕادەکێشـت؟ دەڵێـت: "زۆر نووسەر سەبارەت بە هێزی ڕاکێشانی سروشتی ئەفریقییـەکان بـەرەو ئیسـلام نووسـیویانە، زۆریـان پێیـان وایـە کـە ئـەو موسـوڵمانبوونە هـەر دەبێـت ببێـت و ئەفریقییەکان خۆیـان دەیانـەوێت موسـوڵمان بـبن، چـونکە ئیسـلام لەگـەڵ ئەوانـدا دەگونجێت و بارودۆخیـان بـاش دەکـات، هـیچ هیوایـەك بـۆ مەسـیحیەت نییـە تـا پێشـبڕکێ لەگــەڵ ئیســلام بکــات، پــەیامی ئیســلام ئەرێنییــە و (Positive) سنووردارە (Definite) و تێگەیشتنی ئاسـانە و (Easily understood) زۆر لـە داواکارییەکانـدا ڕۆ ناچـێت، ئیسـلام دیـدێکی دیـاریکراوی هەیـە، کـە هەسـتی ئاسوودەیی دەبەخشێت بەو کارانەی جێبەجێکراون و هاوکـاریی پێشـکەش دەکـات بـۆ بەدەسـتهێنان و تـەواوکردنی ئـەو کارانـەی کـە تـەواو نـەکراون، ئـەو کەسـەی موسـوڵمان دەبێـت لـە تەنیشـت مامۆسـتاکەیەوە نوێـژ دەکـات، بـە دروسـتبوونی کۆمەڵگای ئیسلامی و نوێژی بەکۆمەڵ و دروشمە ئایینییەکانی تر هەستی یەکبوونی کۆمەڵایـەتیی پـێ دەبەخشـێت، برایـەتی لـە ئیسـلامدا تـەنها ئـایینی نییـە، بـەڵکو

---

[1] حسن ابراهيم حسن، انتشار الإسلام في القارة الإفريقية، الطبعة الثانية، القاهرة، ١٩٦٤م، ص٧٩، ٨٠.

کۆمەڵایەتییشــە، موســوڵمان هێڵێــك لــەنێوان ڕەش و ســپیدا ناکێشــێت، لەگــەڵ ڕەشپێستەکاندا نان دەخوات و هاوسەرگیرییشیان لەگەڵ دەکات". [1]

(meek) لە کتێبی (*Northern Tribes of Nigeria*) دەڵێت: "ئیسلام شارستانیەتێکی نوێی هێنا، کە مۆرکی شارستانیەتێکی تایبەتی بە گەلە زنجییەکان بەخشی، بە شێوەیەك هەتا ئەمڕۆش بەئاشکرا دیارە، کاریگەریی لەسەر سیستەمە سیاســی و کۆمەڵایەتییــەکانیان هــەبوو، ئیســلام شارســتانیەتی گەیانــدە گەلــە دواکــەوتووەکان، کۆمــەڵگا بتپەرســتە دابــڕاو و پارچەپارچــەکانی کــرد بــە گــەل و نەتــەوە، کاروبــاری بازرگــانیی لــە دەرەوەی ناوچــەکانی خۆیــان بــۆ ئاســان کــردن، سنووری بۆ فراوان کردن و ئاستی ژیـانی بـەرز کردنـەوە بـە هێنانـەدیی ئاسـتێکی کۆمەڵایەتیی باڵاتر، بەرگی ڕێز و سەربەرزی و ڕێزگرتن لە خود و کەسانی تری پــێ بەخشین، ئیسلام هونـەری خوێندنـەوە و نووسـینی بـردە ناویانـەوە، خواردنـەوەی مەی و خواردنی گۆشتی مرۆڤ و تۆڵەسەندنەوەی قەدەغە کرد، دەرفـەتی بـوون بـە هاووڵاتییەکی ئازادی لە جیهانێکی ئازاددا بەخشی بە زنجییە سوودانییەکان". [2]

سەرکردەی موسوڵمانی نێجیری (ئەحمەدۆ بللو)، لە پێش شەهیدبونیدا هۆکاری وەرگــرتنی ئیســلامی لەلایــەن ئەفریقییــە بتپەرســتەکانەوە ڕونکردۆتــەوە و نووسیویەتی: "من پێم وایە کە شیوەژیانی ئیسلامی چەند بەهایەکی خودیی تێدایە کە بتپەرستەکان وای دەبینن ئەو ئایینە شایستەترە لە ئایینـەکانی تـر بـۆ ئـەوەی وەری بگـرن، بـۆ نموونـە لـە مەسـیحیەت، ئـەو بەهایانـەش بـریتین لـە نەهێشـتنی جیاکاریی ڕەگەزپەرستی و چینایەتی و بەخشندەیی موسوڵمانان، کە نموونەی پــێ دەهێنرێتەوە، هەروەها ڕەوشتە جوانەکانی وەك هاوڕێیەتی و چاودێری و ڕێز و ئەو دڵسۆزییەی کە ئەرکە ئایینییەکانی پێ جێبـەجێ دەکـات، لـە کۆتاییشـدا شکسـتی

---

[1] جريدة الشهاب اللبنانية، بيروت، السنة الثانية، عدد ١٩، (ترجمة وتعليق: محمد نذير السنكري).

[2] حسن ابراهيم حسن، انتشار الإسلام، ص٥٩.

ماده له کاریگەربوونی لەسەر بڕیار و کردەوەکانی موسوڵمانی ڕاستەقینە، هەر لە یەکەم ساتی وەرگرتنی ئیسلامەوە بتپەرست دەچێتە خانەی کۆمەڵی موسوڵمانانەوە و دەبێتە خاوەنی ئەندامێتیی تەواو و هەموو مافێکی دەبێت، هیچ ڕێگریەك نییە ببێتە بەربەست لەبەردەم بەرزبوونەوەی پلەی ئەو موسوڵمانە تازەیە لەناو کۆمەڵگا تازەکەیدا". [1]

ئێستاش دەچینە خۆرهەڵاتی ئاسیا و بەکورتی بەداواداچوون بۆ ڕێگاکانی بڵاوبوونەوەی ئیسلام دەکەین لە گشت هەرێمەکانیدا، هەر لە ڕۆژئاواوە، کە هیندە، تا ڕۆژهەڵات کە ئیندۆنیسیا و فلیپینە.

## بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە هیندستان:

زۆرێك لە مێژوونووسە کۆن و هاوچەرخەکان باسی جەنگ و هێرشی موسوڵمانانیان کردووە لە هیندستان، ئەمە لە کاتێکدا کەمێکیان ئاماژەیان بە مێژووی بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە هیندستان کردووە دوور لە ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی و کاروباری کارگێڕی، لە ڕاستییدا زۆرینەی موسوڵمانانی هیند لە ڕێگەی فێربوون و ڕازیبوونەوە موسوڵمان بوون، ئەو دوو ڕێگایەش لەلایەن بانگخوازە موسوڵمانەکانەوە دەگیرانە بەر، کە هەندێکیان لە دەرەوەی هیندستانەوە هاتبوون و هەندێکیشیان خەڵکی هیندستان بوون و پێشتر موسوڵمان بووبوون، زۆرینەی زۆری هیندییەکان بە ویستی خۆیان و دوور لە بارودۆخی ژیانی سیاسی موسوڵمان بوون، هیندییەکان مەرهەمی چارەسەری دەردەکانی خۆیان لە ئیسلامدا دۆزییەوە، کە بە شادەماری ژیان و هزری وڵاتی هیندستاندا گوزەری دەکرد، عەقڵێکی زۆری تێدا بووژاندنەوە و ژیانێکی بەهێزتر و چالاکتری تێدا بڵاو کردنەوە، ئیسلام گەورەترین سەرکەوتنی بەدەست هێنا و بۆ زۆرترین ماوەش توانی بانگەوازی خۆی

---

[1] جريدة المجتمع اللبنانية، بيروت، السنة الخامسة، عدد ١٣، آذار، ١٩٦٦م.

بڵاو بکاتەوە لەو کات و شوێنانەدا کە لە ڕووی سیاسییەوە زۆر بێهێز بوو، ئەوە باروۆدخەکە بوو لە باشووری هیند و ڕۆژهەڵاتی بەنغالدا.

بۆ یەکەم جار لە سەدەی هەشتی زاینیدا ئیسلام گەیشتە هیندستان، لەو کاتەوە کە کۆمەڵێك موسوڵمان لە عێراقەوە هاتن بۆ هیندستان، عەرەبەکان لەنێوان هیند و ئەوروپادا بازرگانییان دەکرد، بەهارات و لوتی فیل و بەردی بەنرخیان دەگواستەوە، ئەوەش بوو بە هۆی دروستبوونی پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لەنێوان بازرگانە موسوڵمانەکان و دەسەڵاتدارە هیندییەکاندا، بەمەش هیچ بەربەستێك نەما لەبەردەم بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلامدا، ئەو هیندییانەی موسوڵمان دەبوون وەکو بازرگانە موسوڵمانەکان ڕێزیان لێ دەگیرا، ئەگەرچی لە نزمترین چینی کۆمەڵگاکەشیاندا بوونایە، مێژووی ئیسلام لە باشووری هیند بەردەوام بە ئاشتی ڕۆیشتووە، هەر لەبەر ئەوەیە دەبینین موسوڵمانەکان بەردەوام ژمارەیان لە زیادبووندایە، چونکە چینە نزمەکان بۆ خۆڕزگارکردن لەو ستەمەی کە لە کەسایەتییان کەم دەکاتەوە موسڵمان دەبن.

ئیسلام لە (ملیبار)ەوە پەڕییەوە بۆ دورگەکانی ماڵدیف لە کەناراوی بەنغال، ئەویش لە ڕێگەی بازرگانە عەرەب و موسوڵمانەکانەوە بوو، هەموو دانیشتوانی دوورگەکە موسوڵمان بوون، یەکەم کەس کە لە دوورگەکەدا لە ساڵی (١٢٠٠ز)دا موسوڵمان بوو (أحمد سنورازە) بوو، پێشدەچێت کە بازرگانە موسوڵمانەکان سێ سەدە پێش ئەو کاتە ئیسلامیان گەیاندبێتە ئەو دوورگەیە.

زۆرێك لە مێژوونووسە عەرەبەکان وەك مەسعودی و بیانییەکانیش، ناوی چەند بانگخوازێك و چەند بازرگانێکیان هێناوە کە لە ڕۆژئاوا و باشووری هیندا ئیسلامیان بڵاو کردووەتەوە، بۆ نموونە سەید موحەممەد حیو دەراز و هاشم بیر جوجرات و موحەممەد سادق سرست و خواجە خوند و میر حوسەینی و سەید موحەممەد کوڕی سەید عەلی و سەید عومەر عەیدەروس، ئەوانە کۆمەڵێك ناوی

درەوشاوە بوون لە بـواری بانگـەوازیی ئیسـلامیدا لـە ڕۆژئـاوا و باشـووری هینـد لـە سەدەکانی چـواردە و پـانزە و شـانزەی زاینیـدا، لـە بـەناوبانگترین بانگخوازەکـانی هیند کەسێك بوو بە ناوی شێخ ئیسـماعیل کـە پیاوچـاکێکی نـاوداری بوخـارا بـوو، یەکەم کەس بوو لە ساڵی (١٠٠٥ز) لە لاهور بانگەوازی کرد و زۆرێك لەسـەر دەسـتی ئەو موسوڵمان بوون، لە مێژوودا باسی ئـەوە کـراوە کـە دانیشـتووانی دەشـتەکانی بنجابی ڕۆژئاوا لەسەر دەستی بەهادین مەڵتانی و فەریدەدین بەکتەبانی لـە کۆتـایی سەدەی سیانزە و سەرەتای سەدەی چواردەی زاینیدا موسـوڵمان بـوون، هـەروەها خواجە موعینودین خشتی و خواجە جەلالەدین لە گەورەترین ئەو بانگخوازانە بوون کـە ئیسـلامیان لـە هینـددا بـڵاو کـردەوە و خـەڵکێکی زۆریـان موسـوڵمان کـرد، بـانگخوازان بەلێشـاو ڕوویـان لـە هینـد دەکـرد و هـەتا ئـەم سـاڵانەی دوایـیش هـەر بەردەوام بوون، یەکێك لەوانە بانگخوازێکی عێراقـی بـوو بـە نـاوی عـەلی قەلەنـدەر، ئەویش ڕۆڵێکی باڵای هەبوو لە بانگەوازی هیندییەکاندا، هـەر لـە هینـد و لـە سـاڵی (١٨٢٤ز)دا کۆچی دوایی کرد، چـەند ڕووداوێـك لـە مـاوەی چـەند سـاڵێکدا بەڵگـەن لەسەر ئەوەی کە بڵاوبوونەوەی ئیسلام بەسـەرکەوتوویی لـە زیادبووندایـە، نیـوەی دووەمی سەدەی نۆزدەی زاینی بەڵگە بوو لەسەر ڕووی گەشی بانگەوازی ئیسـلامی و جووڵە و زیندوویەتیی ئەو بانگەوازە، ئەوانەی موسڵمان بوون لەنێوان دە هەزار و پەنجا هەزار و سەد هەزار و شەش سـەد هـەزار کەسـدا بـوون، کـە لەسـەر دەسـتی چەند موسوڵمانێك لـە بۆمبـای و حەیـدەرئاباد و چـەند ناوچـەیەکی تـر موسـوڵمان بوون، لە دیارترین ئەو کەسانەی کە موسوڵمان بوون کەسێك بوو بە ناوی مەولـەوی موحەممەدی کوڕی عەبدوڵلا کوڕی مەنشی قەتامل لە شاری بایالی ویلایەتی بتیالـە، کەسێکی زۆر ڕۆشنبیر بوو، بانگخوازێکی زۆر ئـازا و لێهـاتوو بـوو، بـۆ خـۆی باسـی موسوڵمانبوونی خۆی دەکات لە ساڵی (١٨٦٤ز) دا و دەڵێت: "زۆر بەباشـی ئـایینی هیندۆسـیم دەناسـی و زانیـاریی تـەواوم لەسـەر مەسـیحیەت هـەبوو، کتێبـەکانی

ئیسلامم خوێندەوە و لەگەڵ زانا موسوڵمانەکاندا گفتوگۆم کرد، بۆم دەرکەوت جگە لە ئیسلام لە هەموو ئایینەکانی تردا شتی هەڵە و پووچ هەیە، بینیم ئیسلام زۆر ڕوون و ئاشکرایە، لەبەر ئەوە بە دڵ و ڕۆح بە ئیسلام ڕازیی بووم و خۆم وەك خزمەتکارێکی پێغەمبەری خودا دانا کە چەندین تایبەتمەندیی هەیە مرۆڤ توانای باسکردنیانی نییە". پاشان دەڵێت: "ئەم ئایینە ئەوەندە بەرز و باڵایە کە هەموو ڕێنماییەکانی ڕۆحی مرۆڤ بۆ لای خودا ڕادەکێشن".

لە کشمیریش باسی ئەوە کراوە کە یەکەم پاشای موسوڵمانان لەو وڵاتە ناوی (صەدرەدین) بووە و لە سەرەتای سەدەی چواردەی زاینی لەسەر دەستی یەکێك لە بانگخوازە دونیانەویستەکان موسوڵمان بووە، ئەو بانگخوازەش ناوی (بلبل شاه) بووە، لە ساڵی (١٣٨٨ز) بە شێوەیەکی فراوان و لەسەر دەستی بانگخواز عەلی هەمەدانی ئیسلام لە کشمیر بڵاو بووەوە، پاشان لە ڕێگەی بازرگانە کشمیرییەکان و بازرگانە موسوڵمانەکانی تر و لە ڕێگەی هاوسەرگیرییەوە ئیسلام گەیشتە تبت لە تورکستان.

لە سندیش دوای ئەوەی بنەماڵەی (**سەمە ـ Samas**) موسوڵمان بوون، خەڵکەکە بەگشتی موسوڵمان بوون، ئەو بنەماڵەیە لە ساڵی (١٣٥١ بۆ ١٥٢١ز) لە سند دەسەڵاتدار بوون، لەژێر دەسەڵاتی ئەواندا ناوچەکە بە ئارامی و ئاشایشەوە گوزەرانی دەکرد، خەڵك بە ڕێگای ئاشتی و بانگەواز موسوڵمان بوون، لە بەناوبانگترین بانگخوازەکانی سند سەید یوسف الدین بوو کە نەوەی عبدالقادر گەیلانی بوو، لە ساڵی (١٤٢٢ز) لە بەغداوە هات بۆ سند و خەڵکێکی زۆری موسوڵمان کرد.

لە بەنغالیش بانگخوازەکان سەرکەوتنی گەورەیان بەدەست هێنا لە ڕووی زۆریی ژمارەی ئەو کەسانەی موسوڵمان بوون، بۆ یەکەمین جاریش لە بنجاب لە کۆتایی سەدەی دوانزەی زاینی دەوڵەتێکی ئیسلامی لەسەر دەستی موحەممەد بەختیار

خەلجی دامەزرا، دوای ئەوەی چووە ناو بەهار و بەنغالەوە، ئەگەرچی بۆ ماوەی دە ساڵ دەسەڵاتی هیندییەکان لەسەر دەستی راجاکانس گەڕایەوە، بەڵام دوای ئەوەی (جات)ی کوڕی ئاینی هیندۆسیی ڕەت کردەوە و موسوڵمان بوو، لە دوای کۆچی دوایی باوکی لە ساڵی (١٤١٤ز) هەموو کارمەندانی دەوڵەتی بانگ کرد و پێی ڕاگەیاندن کە باوەڕی بە ئیسلام هێناوە و ئەگەر گەورە پیاوانی دەوڵەت ڕێگەی پێ نەدەن بچێتە سەر تەخت، ئەوا دەسەڵات بۆ براکەی بەجێ دەهێڵێت، ئەوانیش وەڵامیان دایەوە و گوتیان هەر ئایینێك هەڵبژێریت ئێمە ڕازین بەوەی پاشامان بیت، ئەویش ناوی خۆی گۆڕی بۆ (جەلالەدین محمد شاه)، لە سەردەمی ئەودا خەڵکێکی زۆر موسوڵمان بوون، چاوساغە ئەفغانییەکانیش بۆ بەنغال کاریگەریی باشیان هەبوو لە بڵاوکردنەوەی ڕێنماییەکانی ئیسلامدا، سیستەمە ئایینییە کۆنەکان نەیانتوانی ڕێگر بن لەبەردەم بڵاوبوونەوەی ئیسلامدا، لە باکووری ڕۆژئاوای هیند موسوڵمانەکان ڕووبەڕووی ئایینی براهمی بوونەوە، دوای ئەوەی کاهینەکان بەسەر بووزییەکاندا سەرکەوتبوون،لە ڕووی ئیسلامدا وەستان، لە ویلایەتی بەنغال کە بەپیتترین و دەوڵەمەندترین ویلایەتی هیندییەکان بوو ئیسلام زۆر بەئاسانی بڵاو بووەوە، ئیسلام واتایەکی بەرزتری بۆ خودای پەرستراو خستە ناو بیر و هۆشی بەنغالییەکانەوە، نموونەیەکی بەرزتری برایەتیی مرۆڤی فێر کردن، سیستەمێکی کۆمەڵایەتیی نوێ و بەرزی بۆ دامەزراندن.

### بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە چین:

بۆچوونی بەهێز ئەوەیە کە بۆ یەکەمین جار لە ڕێگای ئەو بازرگانانەوە کە لە ڕێگای وشکانیی کۆنەوە هاتوچۆی چینیان دەکرد ئیسلام گەیشتە ئەو وڵاتە، باسی ئەوە کراوە کە خەلیفە عوسمانی کوڕی عەفان لە ساڵی (٦٥١ز)دا نێردراوێکی ناردووە بۆ چین و ئیمپراتۆریش ڕێزی لە یەکەم نێردراوی موسوڵمانان گرتووە، هەر

وەك چۆن قوتەیبەی كوڕی موسلیم لە ساڵی (٧١٣ز) و لە سەردەمی وەلیدی كوڕی عەبدولمەلیكدا گەیشتە سنووورە ڕۆژهەڵاتییەكانی چین و چەندین نێردراوی نـارد بـۆ لای ئیمپراتـۆر و لـە ڕێـی گەڕانـەوەدا چـەند دیارییـەكی بـەنرخیان لەگـەڵ خۆیانـدا هێنایەوە، ئەو پەیوەندییە دیبلۆماسییانە لـە سـەردەمی ئومەوییـەكان و سـەرەتای دەوڵەتی عەباسیدا بەردەوام بوون، بەڵام بوونی ئیسلام لـە چـیندا دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی دەوڵـەتی (**تـانج**) ئـەویش بـە دەركـەوتنی چـەند كۆمـەڵێك لـە بازرگانـە موسوڵمانەكان لە بەندەرە چینییەكاندا.

لە سـەردەمی مەغۆلەكانـدا كۆچـێكی فراوانـی موسـوڵمانانی عـەرەب و فـارس و تورك بەرەو چین و بە مەبەستی بازرگانی و پیشەسازی دەستی پـێ كـرد، لـە چـین كۆمەڵێكی گەورە و پێشكەوتوویان پێك هێنا، كاتێك مەغۆلەكان چوونە ناو چینەوە و لە پێش ئەوەی موسوڵمان ببن پۆستی باڵایان دا بـە موسـوڵمانەكان، بـۆ نموونـە كەسێك بە ناوی عەبدوڕەحمان لـە سـاڵی (١٢٤٤ز) بـە سـەرۆكی گەنجینـەی دارایـی دەوڵەت دیاریی كرا و مافی دیـارییكردنی بـڕی باجـەكانی هـەبوو، هـەروەها عومـەر شەمسەدین بوخاری لە دوای ئەوەی قوبیلای خـان لـە سـاڵی (١٢٥٩ز) چـووە سـەر تەخت كردی بە كارگێڕی دارایـی ئیمپراتۆریەتەكـەی، لـە دوای خۆیشـی نـەوەكانی ڕۆڵی باڵایان هەبوو لە بەهێزكردنی پایەكانی ئیسلام لە چیندا، لە سـاڵی (١٣٣٥ز)دا یەكێك لە نەوەكانی توانی ئیمپراتۆر ڕازی بكات هـەتا وەك ئـایینێكی ڕاسـت و پـاك دان بنێت بە ئیسلامدا، یەكێكی تر لە نەوەكانی مۆڵەتی دروستكردنی دوو مزگەوتی لە ئیمپراتۆر وەرگرت لە ساڵی (١٤٢٠ز) و لە هەردوو پایەتەختی چـین و (سـیانفو و نانكی).

ئیبن بەتووتە كە سەردانی زۆرێك لە كەناراوەكانی چینی كردووە لـە ناوەڕاسـتی سەدەی چواردەدا باسی خۆشحاڵیی چینییەكان دەكات بە بینینی خۆی، دەڵێت لە هەموو شارە چینییەكاندا چەند گـەڕەكێكی تایبـەت بـە موسـوڵمانان هـەبوون، كـە

بەتـەنها خۆیـان تێیـدا دەژیـان، چـەندین مزگـەوتیان هـەبوو بـۆ نوێـژی هـەینی و بۆنەکان، موسوڵمانەکان ڕێزیان لـێ دەگـیرا و بـە گـەورە سـەیر دەکـران، لـە دوای نەمانی دەوڵەتی مەغۆلیش دامەزرێنەری دەوڵەتی (یەنج) زۆر بەخششـی پێشـکەش کردن، ئەو مزگەوتانەی کە لە ماوەی دەسەڵاتی ئەوانـدا (١٣٦٨ ـ ١٦٤٤ز) دروسـت کـران، بەڵگـەن لەسـەر پلەوپایـەی موسـوڵمانان لـەلای ئـەو دەوڵەتـە، ئەگەرچـی موسـڵمانەکان لـە گـەڕەکی تایبـەت بـە خۆیـان دەژیـان، بـەڵام لەگـەڵ کۆمـەڵگای چینیشدا تێکەڵ بووبوون، ئەو خوو و نەریتانەیان لێ وەرگـرتن کـە لەگـەڵ ئیسـلام پێچەوانە نەبوون، ئەوان چەندین ڕێگای جیاوازیان هەبوو بۆ بڵاوکردنەوەی ئیسلام، پشتیان بە هزر و ڕۆشنبیری دەبەست، چەندین پـەیمانگای فێرکردنیـان دامەزرانـد، هۆکارەکانی بڵاوکردنەوەیان بەکار هێنا، یەکێك لە نووسـەرە ڕوسـییەکان لـە سـاڵی (١٨٦٨ز)دا لە کتێبێکی سەبارەت بە ئیسلام دەڵێت: ئیسلام ئامادەکاری بـۆ ئـەوە دەکات ببێتە ئایینی نەتەوەیی لە چین، لە دوای ئەوەش هەموو بارودۆخـە گـرنگ و سیاسـییەکانی جیهـانی ڕۆژهـەڵات سـەرەوبن دەکـات، بـەڵام شۆڕشـە یـەك لـەدوای یەکەکانی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە و دواتریش شۆڕشی شـیوعیەت بـوون بـە ڕێگر لەبەردەم ئەو ڕاسـتییەی کـە نووسـەرە ڕوسـییەکە باسـی کـرد، بـەڵام کاتێـك دەبیـنین بڵاوبوونـەوەی ئیسـلام هـەتا ئێسـتاش هـەر بەردەوامـە و ئـەوە بەڵگـەی زیندوویەتیی ئـەو هیوایەیـە، لەگـەڵ ئـەوەدا چـوار سـەدە تێدەپـەڕێت بەسـەر ئـەو گریمانەیەدا کە یەکێك لە گەڕیدە موسوڵمانەکان کردوویـەتی بـە نـاوی سـەید عـەلی ئەکبەر، کاتێك دەڵێـت دەگونجێـت ئیمپراتـۆری چـین موسـوڵمان ببێـت و ئەسـتەم نییە، لە ئێستاشدا دەکرێ و هیچ ئەستەم نییە کە موسوڵمانی چینی ئەم سەردەمە بڕیار بدەن کە ڕۆڵە موسوڵمانەکانی ئەو وڵاتە بە درێژایی و پانتایی کۆماری چین بە متمانەوە چاوەڕوانی ئەو ڕۆژە دەکەن کە ئیسلام تێیدا سەر دەکەوێت.

**بڵاوبوونەوەی ئیسلام لەناو مەغۆل و تەتاردا :**

لە دوای ئەوەی سوپاکانی جەنگیزخان چوونە ناو ناوەندە ئیسلامییەکانەوە و هەرچی ناوەندی شارستانی و مەشخەڵی ڕۆشنبیری هەیە پێی گەیشتن و گشت کۆشك و باخ و باخاتەکانیان خاپوور کرد لە بوخارا و سەمەرقەند و بەڵخ و چەند شارێکی تری ئاسیای ناوەڕاست، پاشان نسکۆ گەورەکەیان بەسەر بەغدادا هێنا کە پایتەختی موسوڵمانان بوو، دوای ئەوە مەغۆلەکان و جەنگیزخان ڕێگایان بۆ تەخت بوو، بوزییەکان و مەسیحییەکان و موسوڵمانەکان پێشبڕکێیان دەکرد بۆ ئەوەی دڵی ئەو نەتەوە توندڕەوە بەدەست بهێنن و بۆ لای ئایینی خۆیان ڕایان بکێشن، بە تێکەڵبوونی مەغۆلەکان لەگەڵ ئەو گەلانەی کە خاوەن ئایینی پێشکەوتوو و شارستانیەتی درەوشاوە بوون ئەوانیش دەستبەرداری دواکەوتوویی و خێڵەکیبوونەکەیان بوون، مەغۆلەکان تووڕەییەکەیان نەما و وازیان لە تێکدان و ڕووخاندن هێنا، وایان نیشان دا کە لەگەڵ شوێنکەوتووانی ئایینەکانی تردا لێبوردەن، بوزییەکان پلەوپایەیەکی گەورەیان لە بەشی ڕۆژئاوای ئیمپراتۆریەتی مەغۆل بەدەست هێنا، مەسیحییەکانیش توانییان مەغۆلەکانی ئەرمینیا و جۆرجیا ڕاکێشن بۆ لای خۆیان، دوای ئەوە موسوڵمانەکانیش کەوتنە خۆیان و دەستیان کردەوە بە چالاکی و دەستپێشخەری، (برکة خان) کە لە ساڵانی (١٢٥٦ ـ ١٢٦٧ن)دا دەسەڵاتدار بوو یەکەم سەرکردەی مەغۆل بوو کە موسوڵمان بوو، سەرۆکی خێڵی ئاڵتوونی بوو لە ڕووسیا کە یەکێك بوو لە دوو هێزە سەرەکییەکانی مەغۆل، موسوڵمانبوونی (برکە خان) لەسەر دەستی دوو بازرگان بوو کە لە بوخاراوە هاتبوون، دوای خۆی هەموو سوپاکەشی موسوڵمان بوون، برکەت خان لەگەڵ (رکن الدين بيبرس ١٢٦٠ ـ ١٢٧٧ن) سوڵتانی مەملوکییەکان هاوپەیمانێتییەکیان لە دژی هۆلاکۆ پێك هێنا، هۆلاکۆ فەرماندەی هێزە سەرەکییەکەی تری مەغۆل بوو، لە سنووری دەسەڵاتی بورکەت خاندا هەموو میرێك

بانگبێژێك و پێشنوێژێكی تایبەتی هەبوو، كە لە قوتابخانەكانیاندا قورئانیان بە منداڵەكانیان لەبەر دەكرد، لە ئەنجامی ئەو هاوپەیمانێتییەی نێوان بیبرس و بورکەت خان، زۆرێك لە مەغۆلەكانی خێڵی ئاڵتوونی چوونە میسر و ئیسلامیان وەك ئایینی خۆیان هەڵبژارد.

لە دوای (أباقا خان)ی برای و لە ساڵی (١٢٨٢ ـ ١٢٨٤ز)ی (تكودار أحمد) چووە سەر تەخت، ئەو یەكەم ئیلخانی مەغۆل بوو كە موسوڵمان بوو، هۆلاكۆ لە وڵاتی فارسدا سیستمی ئێلخانی دانابوو بۆ ویلایەتەكان، تكودار هەوڵی دا كە تەتارەكان موسوڵمان بكات، هەواڵی موسوڵمانبوونی خۆی بۆ قەلاون سوڵتانی مەملوكییەكان لە میسر نارد، لە دوای ئەوەی تكودار كوژرا، تا حەوتەم ئیلخان لە جێنشینەكانی لەسەر بتپەرستی مانەوە، حەوتەمین ئیلخان كە گەورەترینیشیان بوو لە ڕووی پلەوپایەوە لە ساڵی (١٢٩٥ز)دا موسوڵمان بوو، ئیسلامیشی كرد بە ئایینی فەرمیی دەوڵەت لەناو فارسدا، ئیمپراتۆریەتی ناوەڕاستی مەغۆل لەژێر دەسەڵاتی خان (جغطای)دا بوو كە دوژمنێكی سەرسەختی ئیسلام بوو، لە ساڵی (١٣٢٦ز) پاشای (جغطای) كە ناوی (ترما شیرین) بوو موسوڵمان بوو، پاشان پاشا (كشغر تغلق ـ تیمورخان) كە لە ساڵانی (١٣٤٧ ـ ١٣٦٣ز) دەسەڵاتی هەبوو، لەسەر دەستی بانگخوازی بوخارا: شێخ جمال الدین موسوڵمان بوو، ئیسلام بوو بە ئایینی ئەو شار و ئاوەدانییانەی كە سەر بەو ویلایەتانە بوون كە لەژێر دەسەڵاتی جێنشینەكانی (جغطای)دا بوون، لە سەردەمی موحەممەد خاندا كە نەوەی یەكێك لە خانەكانی (جغطای) بوو لە ساڵی (١٤١٦ز) زۆربەی خێڵە مەغۆلەكان لە ئەنجامی ئەو دادگەری و یەكسانییەی كە موحەممەد خان پەیڕەوی كرد لەنێوان هاوڵاتیانی ئەو ناوچانە موسوڵمان بوون، لە ئێستادا ئەو ناوچانە پێیان دەگوترێت توركستان و سنووری كۆماری چینی نەتەوەییە، لە سەردەمی (ئۆزبەك) كە لە ساڵانی (١٣٣٣ ـ ١٣٤٠ز) سەركردەی خێڵی ئاڵتوونی بوو، ئیسلام لەناو خێڵە ئۆزبەكییەكاندا بڵاو بووەوە،

بەوەش ئیسلام گەیشتە هەردوو بەشەکەی خێڵەکانی تەتار، شوێنکەوتووەکانی جەنگیزخان و تەتارەکانی خێڵی ئاڵتوونی، هەتا بە هەردوولایان ڕۆڵی باڵا ببینن لە مێژووی موسوڵمانانی کیشوەری ئاسیادا.

**بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە ئەرخەبیلی مەلایۆ:**

بابەتی بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە مەلایۆ لە گرنتگرین بەشەکانی مێژووی موسوڵمانانە، لە موسوڵمانبوونی مەلایۆکاندا هێزی ڕازییکردن زۆر بەئاشکرا دەبینرێت، ئەگەرچی ئیسپانییە داگیرەکەرەکان ڕووبەڕووی بانگخوازەکان بوونەوە، هەر لە سەدەکانی سەرەتای کۆچییەوە بازرگانە عەرەبەکان ئیسلامیان گەیاندە مەلایۆ، لە سەدەی دووەمدا بازرگانیی سیلان لە دەستی خۆیاندا بوو، لە ڕێگەی سیلانەوە لەگەڵ چیندا برەویان بە بازرگانییەکەیان دا، لەنێوان سەدەی دەیەم و سەدەی پانزەیەمدا کاتێك پورتوگالییەکان هاتن عەرەبەکان گەورە و خاوەنی بازرگانی ڕۆژهەڵات بوون بەبێ ڕکابەر.

چاکەی بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە دوورگەکانی مالایۆ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ماندووبوون و تێکۆشانەی کە بازرگانە عەرەب و هیندییەکان دایان، هەروەها بۆ ئەو ڕێگا سەرکەوتووانەی کە بۆ موسوڵمانبوونی مەلاوییەکان گیرانە بەر وەك هاوسەرگیری و فێربوونی زمانەکەیان و ڕزگارکردنی کۆیلەکان و وەرگرتنی ناوەندە هەستیارەکانی دەوڵەت، موسوڵمانەکان وەك ئیسپانییەکانیان نەکرد و بە هێرشی سەربازی نەچوونە ناو دوورگەکانەوە، شمشێریان بۆ موسوڵمانبوونی خەڵك بەکار نەهێنا، تەنانەت بانگەشەی چینایەتی و ڕەگەزی بەرزتر و بەڕێزتریشیان بۆ خۆیان نەکرد بە شێوەیەك زاڵبوون و گەورەبوونی تێدا بێت، بەڵکو لە بەرگی بازرگاندا و بە

ڕەوشــتی بانگخوازانــەوە هــاتن، تــەواوی زیرەکیــی خۆیــان بــەکار هێنــا لــەپێناو ئایینەکەیاندا.

موسوڵمانبوونی زۆرینەی زۆری مەلاوییەکان لـە سـەردەمی سـوڵتان موحەممـەد شادا ڕووی دا، کە لە ساڵی (١٢٨٦ز)دا چووە سـەر تـەخت، دوای چـەند سـاڵێك لـە دەسـەڵاتی موحەممـەد شـا کەشـتییەك لـە دوورگـەی عەرەبییـەوە هـات و لـە کەنارەکانی مەلەکە لەنگەری گرت، شاندێکی هـەڵگرتبوو بـە سـەرۆکایەتیی (سـەید عەبدولعەزیز)، ئەو شاندە توانییان پاشا موسوڵمان بکـەن و پاشـاش ئیسـلامی لـەو ویلایەتـەی نیمچـەدوروگەی مـالایۆ بـڵاو کـردەوە، لـە دەوروبـەری سـاڵی (١٥٠١ز) ویلایەتێکی تر ئیسلامیان وەرگرت، ئەویش لەسەر دەستی بانگخوازێکی یەمەنی بوو بە ناوی (شێخ عەبدوڵلا) دوای ئەوەی سەردانی کردن و پاشاکەیانی بینی کـە نـاوی (راجە) بوو، سەرەتا سەیری کرد پاشا و گەلەکەی بت دەپەرسـتن، شـێخ عەبـدوڵلا لێی پرسی: ئایا بەڕێزتان هیچتان بیستووە سەبارەت بە ئیسلام و ئەو قورئانەی کە خـودا بـۆ موحەممـەدی نـاردووە و هـەموو بیروباوەڕەکـانی پێشـووی کۆتـایی پـێ هێناوە؟ ڕاجە گوتی ئەگەر وتەکەت ڕاستە، فەرموو ئەو ئایینە نوێیەمان فێـر بکـە، شێخ عەبدوڵلا ڕووی گەشایەوە و راجەی لە ئامێز گـرت، پاشـان ئیسـلامی بـۆ ڕوون کردەوە، لە دوای ئەوە راجە موسوڵمان بوو، هەرچی قاپ و قاچاخی ڕوحەکان بـوو کە بەردەوام دەیپەرستن و لەگەڵ هەموو بتەکانی نـاو کۆشـکەکەی هێنـانی و شـێخ عەبدوڵلاش بە شمشێر و بە پاچ شکاندنی و بە ئاگر سووتاندنی، پاشان ڕاجە وەزیر و کاربەدەستانی دەوروبەری کۆ کردەوە لای شێخ عەبـدوڵلا، شـێخیش بیروبـاوەڕی ئیسلامی فێر کردن، پاشان هەموو خەڵکەکەیان لـە گۆڕەپـانی کۆشـك کـۆ کـردەوە لەگەڵ بتەکانیانـدا، هـەر لـەو گۆڕەپانـە بتـەکانیان شـکاند و سـووتاندیانن، پاشـان

سوڵتان راجە ناوی خۆی گۆڕی بۆ (مزلف الدین) و لە ویلایەتەکەی کە ناوی (قویدە) بوو مزگەوتێکی زۆر دروست کران، نوێژی هەینی لە سەرجەم ناوچەکانی ویلایەتەکە ئەنجام دەدرا، بانگخوازان بەردەوام ڕوویان دەکردە ئەو دوورگانە، هەتا ئیسلامیان بەتەواوی لە دورگەکانی ئەرخەبیلی مەلایۆ بڵاو کردەوە.

**بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە ئەرخەبیلی ڕۆژهەڵاتی هیند:**

ئەو ئەرخەبیلە سوومەترە و جاوە و دوورگەکانی ملوکس و بورنیو و چەند دوورگەیەکی تر لەخۆ دەگرێت، کە لە ئێستادا بە ئیندۆنوسیا و چەند دەوڵەتێکی تر ناو دەبرێن. لە وڵاتە عەرەبییەکانەوە ئیسلام گەیشتە سومەترە، چەند بەڵگەیەکیش هەیە لەسەر ئەوەی دانیشتووانی سومەترە لە هیندەوە بیروباوەڕی ئیسلامیان ناسی، لە هەواڵەکانی مەلایۆوە وا باس کراوە کە بانگخوازێکی عەرەب بە ناوی عەبدوڵڵا عارف یەکەم کەس بوو بانگەوازی ئیسلامی گەیاندە سومەترە، لەساڵی (١٢٠٥ن)دا جیهان شا وەك یەکەم پاشای موسوڵمان دەسەڵاتی وەرگرت، باسی ئەوەش دەکرێت کە شەریفی مەککە شاندێکی نارد بۆ سومەترە هەتا بنەماکانی ئیسلام فێری خەڵك بکەن، سەرۆکی ئەو شاندە بانگخوازێك بوو بە ناوی شێخ ئیسماعیل، شاندەکە لە ڕازیکردنی دانیشتووانی ناوچەی (باسوری) و چەند شارێکی دورگەی سومەترە بە وەرگرتنی ئیسلام سەرکەوتوو بوون، ئەو ڕاستییەش هەریەکە لە گەڕیدەی ڕۆژئاوایی (مارکۆپۆلۆ) و گەڕیدەی عەرەبی ئیبن بەتووتە باسیان کردووە، ئیبن بەتووتە لە ساڵی (١٣٤٥ن) لەگەڵ (مەلیك زاهیر) پاشای سومەترە بەیەك گەیشتوون، لە سەردەمی ئەو پاشایەدا ئیسلام زۆر بەهێز بوو، میرنشینەکەی زۆر فراوان بوو و لە سەردەمی ئەودا ژیانی ئیسلامی زۆر درەوشاوە بوو، بڵاوبوونەوەی ئیسلام بە ڕێگای ئاشتی و لە ڕێگای بازرگان و کارمەندانەوە بەردەوام بوو، بە درێژایی سەدەکانی ڕابردوو هەتا سەدەی بیستەم، بەردەوام دانیشتووانەکەی موسوڵمان دەبوون، لە سەرەتای سەدەی

بیستەمیشـدا لـە ویلایـەتی (سـیبیرك) بانگخوازەکـان لـە موسـوڵمانکردنی زۆرێـك لـە مەسـیحییەکاندا سـەرکەوتوو بـوون، تەنانـەت حکومـەتی هۆڵەنـدی کـە لـەو کاتـەدا داگیرکەری دورگەی سومەترە بوو لە ڕاپۆرتە تایبەتییەکانی خۆیدا باسی بڵاوبوونـەوەی ئیسلام دەکات لەناو بتپەرستەکاندا لە ویلایەتێکی مەنبەجدا، باسی ئەوەشیان کـردووە کە ئیسلام لە جاوەوە هاتووە و گەیشتۆتە ئەوپەڕی سـنووری باشـووری سـومەترە، لـە زۆربەی گوندەکانیاندا مزگەوت دروست کراوە.

لە نیوەی دووەمی سەدەی چواردەی زاینیـدا لەسـەر دەسـتی بانگخوازێك بـە نـاوی (مەولانا مەلیك ئیـبراهیم) بزاڤێکـی بـانگخوازی لـە جـاوەوە دەرکـەوت و سـەرکەوتنێکی باشی بەدەست هێنا، لە کەناراوەکانی ڕۆژهەڵاتی جاوە جێگیر بوون، ئەو بانگخوازە لـە ڕەچەڵەکدا دەچـووەوە سـەر (زیـن العابـدین)ی کـوڕی حسـێن، لـە جـاوە کـاری لەسـەر موسوڵمانکردنی خەڵك دەکرد و لە کارەکەیدا سەرکەوتنی باشی بەدەست هێنا، یـەکێك لـەو عەرەبانـەی کـە بـۆ بانگـەواز هـاتبوون لەگـەڵ کچـی مـیر (تشـامپا) لـە کـەمبۆدیا هاوسـەرگیریی کـرد، کوڕێکیـان بـوو ناویـان نـا (رادن رحمـت)، ئـەو منداڵـە لەسـەر بنەماکانی ئیسلام گەورە بوو و کۆچی کرد بۆ جاوە، لەوێ بانگخوازێکی عەرەبیی بینـی بە ناوی (مەولانا جمادی الکبری)، ئەو بانگخوازە پێشبینیی ئەوەی کـرد کـە بتپەرسـتی لەسـەر دەسـتی ئـەو لـە جـاوەدا نامێنێـت، لـە موسـوڵمانکردنی دانیشـتووانی جـاوەدا سـەرکەوتوو دەبێـت، زۆری پـێ نەچـوو (رادن رحمـت) ژمارەیـەکی زۆر خـەڵکی لەسـەر کـەناری ڕۆژهـەڵاتی جـاوە موسـوڵمان کـرد، شـاری (أمبـل)ی کـردە بنکـەی سـەرەکیی ئیسلام لە جاوە، پاشان بانگخوازێکی تر بە ناوی (نورەدین ئیبراهیم) ئەرکی بانگـەوازی لە جاوە تەواو کرد و ناوبانگێکی زیاتری پەیدا کرد، پـاش ئـەویش (حەسـەنەدین کـوڕی نـورەدین) دەرکـەوت، لـە ڕازیکردنـی خەڵکـدا بـەناوبانگ بـوو و دەسـتی بەسـەر کەناراوەکانی سومەترەدا گرت کە نزیك بوون لە جاوە، لە دوای ئـەوەی هـەموو خـەڵکی جاوە موسوڵمان بوون، دەسەڵاتی بەسەر جاوەشـدا زاڵ کـرد. جاویـەکان و مالاویـەکان لە سەدەی پازدەدا ئیسلامیان برد بـۆ دانیشـتووانی دورگـەی ملـوکس و غنینـای نـوێ،

پاشا (تیدۆری) بتپەرست موسوڵمان بوو، ناوی خۆی گۆڕی بۆ (جمال الدین) و کوڕە گەورەکەی ناو نا (منصور) بە ناوی ئەو شێخەی کە موسوڵمانی کرد، موسوڵمانان نەوەد ساڵ پێش ئیسپانییەکان گەیشتبوونە ئەو دورگانە.

لەبەر ئەوەی خەڵکی موسوڵمانی جاوە هاوکاریی دانیشتووانی برۆنیۆیان کرد لە دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینێکی ناوخۆییدا، لە ساڵی (١٤٧٨ز) خەڵکی برۆنای موسوڵمانبوونی خۆیان ڕاگەیاند، کاتێك ئیسپانییەکان لە ساڵی (١٥٢١ز) چوونە ناو دورگەی برۆنایەوە، بینییان پاشاکەیان موسوڵمانە (برۆنای کەناراوی باکووری ڕۆژئاوای برۆنیۆیە)، دوای ماوەیەکی کەم و لە ساڵی (١٥٥٠ز)دا ئیسلام گەیشتە شانشینی سوکونە لە ڕۆژئاوای دورگەی برونیۆ، دوای کۆچی دوایی پاشا بتپەرستەکەی جێنشینەکەی موسوڵمان بوو، هۆکاری موسوڵمانبوونەکەشی بانگخوازە عەرەبەکان بوون.

گەلی سلیبسیش لە ئەفسانەی پێشینەکانی خۆیان بێزار بووبوون، لەبەر ئەوە چەند قەشەیەکی ئیسپانی و بانگخوازی موسوڵمانیان بانگهێشت کرد بۆ ئەوەی بەراورد لەنێوان ئەو دوو ئایینەدا بکەن، شاژنی (أنجیە) کە موسوڵمان بوو، دەستپێشخەریی کرد و چەند زانایەك ئیسلامیان بۆ ڕوون کردنەوە و خەڵکەکەش بەباشی وەڵامیان دانەوە و لە سلیبس کۆڵەکەی ئیسلامیان داکوتا، ئەوان لە دانیشتووانی هەموو دورگەکانی ئەرخەبیلی ڕۆژهەڵاتی هیند زیاتر گڕوتینیان تێدا بوو بۆ ئیسلام، دوای ئەوە ئیسلام لە دورگەکانی ئەرخەبیل لە باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا و غینیای نوێ و سەنگاپوورە و چەندین شوێنی تر بڵاو بووەوە.

لە دورگەی مەلایۆوە و لەسەر دەستی بانگخواز (شەریف کابونجوان) ئیسلام گەیشتە فلیپین، ئەو بانگخوازە سەرەتا چووە ناو دورگەی (مەندەناو) و لەوێ هاوسەرگیریی لەگەڵ کردن، کاتێك ئیسپانییەکان گەیشتنە فلیپین بینییان موسوڵمانان لە بەشی باشووری فلیپین دەسەڵاتیان چەسپاندووە، هەوڵیان دا بەسەریاندا زاڵ بن،

بەڵام بێهودە بوو، لەبەر ئەوەی خەڵکی فلیپین بە گومانەوە سەیری بانگەوازی مەسیحییەکانیان دەکرد، چونکە بە داگیرکەریان دەزانین، پێیان وا بوو کە بوونی مەسیحییەکان لە ناوچەکەدا نیشانەی کۆیلایەتیی ئەوان دەگەیەنێت، لە کاتێکدا ئیسپانییەکان زۆر توندوتیژ بوون و هەوڵی زەوتکردنی ئازادیی ماڵ و سامانەکانیان دەدان، لە بەرامبەریشدا بانگخوازە موسوڵمانەکان لێبووردەیی و چاوپۆشییان پێوە دیار بوو، زمانی خەڵکەکەش فێر بووبوون، لە نەریتەکانیان تێگەیشتبوون و هاوسەرگیرییان لەگەڵدا کردبوون، بانگەشەی مافی تایبەتییان بۆ خۆیان نەدەکرد و خۆیان لە خەڵك جیا نەدەکردەوە، شانشینی (مەندەناو)ی ئیسلامی بوو بە پەناگە بۆ هاوڵاتیانی دوورگەکانی تریش کە ڕووبەڕووی داگیرکەری ئیسپانی بووبوونەوە.

دورگەی (سولو)ش ناوەندێکی ئیسلامیی گرنگی پێك هێنابوو، ئەگەرچی لە ساڵی (١٨٧٨ز)دا ئیسپانییەکان بەفەرمی چوونە ناوی، لەسەر دەستی کەسێکی عەرەب بە ناوی (الشریف کریم المخدوم) و لە ساڵی (١٣٨٠ز) ئیسلام گەیشتە سولو، دوای ئەویش بانگخوازێکی تری عەرەب بە ناوی (أبوبکر) لە ساڵی (١٤٥٠ز) گەیشتە سولو و چەندین مزگەوتی تێدا دروست کرد و کچی پاشا بوانسی لە (جندا) خواست و پاشاش کردی بە میراتگری خۆی، ئەبوبەکر حکومەتی سولوی لەسەر بنەما و یاسا ئیسلامییەکان دامەزراند.(١)

لە ئێستاشدا بەئاشکرا تێبینیی ئەو چالاکییە زۆر و بڵاوانە دەکرێت کە دەزگا و ڕێکخراوە ئیسلامییەکان لە ناوجەرگەی جیهانی تازەدا پێی هەڵدەستن بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی ئیسلام لە وڵاتانی ئەمریکا و ئەوروپا و یابان، ئەمە جگە لە

---

١ سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە ڕۆژهەلاتی ئاسیا بڕوانە: تۆماس أرنولد، الدعوة إلى الإسلام، ص٢٥٠ـ ٢٥٣، ٢٦٥، ٢٦٨ـ ٢٧١، ٢٧٥، ٢٨٣، ٢٨٥، ٢٨٦، ٢٩٠، ٢٩٥، ٢٩٦، ٣٠٢، ٣٠٣، ٣٠٥، ٣٠٧، ٣٠٨، ٣١٢، ٣١٤، ٣١٥، ٣١٧، ٣٢٠، ٣٢٨، ٣٣٠، ٣٣٢، ٣٣٥، ٣٣٦، ٣٤٥، ٣٤٦، ٣٤٨، ٤٠٣–٤٠٦، ٤١٣، ٤١٥، ٤١٧، ٤٢٠، ٤٢٣، ٤٢٥، ٤٣٠، ٤٣٦، ٤٤٠، ٤٤١.

ناوچەکانی جیهانی کۆن، هەروەها تێبینیی ئەو ئەنجامانەش دەکرێت کە لە پای ئەو چالاکییانە بەدەست هاتوون کە بریتین لە موسوڵمانکردنی چەندین کەس لە ئاستە شارستانییە پێشکەوتووەکان، تەنانەت پێشکەوتنی شارستانی و پێگەیشتنی هزری لەو وڵاتانەدا پاڵنەرن بۆ مرۆڤی ڕۆشنبیر لەو ناوچانە بۆ تێگەیشتنی قووڵتر لەم ئایینە، لە تایبەتمەندییەکانی ئەم ئایینە تێدەگەن و دەزانن کە تەنها ئیسلام توانای وەڵامدانەوەی پێویستییەکانی ئەم سەردەمەی هەیە.

ئەوە هاوکێشەیەکی ڕوون و ئاشکرایە و ڕەهەندەکانی ڕوونن و لایەنەکانی تەواون، ئەم ئایینە بە هۆی شوێنکەوتووەکانی و بانگخوازەکان لە هەموو کات و شوێنێکدا توانای بڵاوبوونەوەی هەیە، لەگەڵ داواکاری و حەز و پێویستییە ڕەسەنەکانی مرۆڤدا یەك دەگرێتەوە، لە ئەفریقا و ئاسیا و ئەمریکا و ئەوروپا بەیەکسانی، ئەم ئایینە توانای گواستنەوەی جووڵە و فراوانبوونی خۆی هەیە بۆ سەدەکانی نۆزدەیەم و بیستەم، ئەگەر لەسەر ئاستی شارستانی جیاوازییەك هەبێت لەنێوان ئەفریقییەکی سەدەی ڕابردوو و ئەمریکییەك و ئەوروپییەك و یابانییەکی ئێستادا، ئەوا بەدڵنیاییەوە خاڵی هاوبەشی گەورەتر هەیە، کە هەموو جیاوازییە شارستانی و جوگرافی و ڕەگەزییەکان لەگەڵیدا دەتوێنەوە و نامێنن، تەنانەت بەربەستەکانی کات و شوێنیش لەگەڵیدا نامێنن، ئەویش بریتییە لە مرۆڤایەتیی مرۆڤ.

# بەشی سێهەم

# ئاڵنگارییەکان و دژە هێرەشەکان و

# پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان

**١- بتپەرستی:**

بتپەرستیی عەرەبی بە هەموو دواکـەوتوویی هـزری و ئـایینی و کۆمەڵایەتییـەوە وەك بەربەسـتێك وا بـوو لەبـەردەم بڵاوبوونـەوەی ئیسـلامدا، هـەر لـە سـەرەتای ئیسلامەوە ڕابەرەکانی بتپەرستی لە مەککە بڕیاریـان دا لـە بەرامبـەر ئـەو کەسـانە بوەستن کە ئازادانە شوێن ئەو ئایینە تازەیە دەکـەون، ئەمـەش ئـەوە دەر دەخـات کە بنەمای ئازادیی ڕادەربڕین و هەڵبژاردنی ئایین کە ئیسلام بانگەشەی بۆ دەکـات، لە مەککەدا بوونی نەبوو، لەبەر ئەوە و بۆ کاراکردنەوەی ئەو بنەمایە پێویسـت بـوو سەرکردایەتیی بتپەرستی بڕووخێنرێت، یاخود ئەو سەرکردایەتییە ڕێگە چۆڵ بکات و نەبێتـە بەربەسـت لـەنێوان عەرەبـەکان و ئـەو ئایینـە تازەیـەی کـە دادەبەزییـە سەریان.

هەر لە ساڵی یەکەمی کۆچییەوە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسـەر) لـە ڕێگـەی هەندێك لە سەربازەکانییەوە ڕاستەوخۆ شێوازی هێرشی پارتیزانیی بەکار هێنا، ئەو یەکە سەربازییانەشی نـاو نـا (سـەرایا)، لـەو ڕێگەیـەوە موسـوڵمانان توانییـان ئـەو ڕێگایانە ئاشکرا بکەن کە لە دەوروبـەری مەدەینـەوە دەچـوون بـۆ مەککـە و شـام، هەروەها توانییشیان خێڵەکانی ناوچەکە بناسن و لەگەڵ هەندێکیشیان ڕێککـەوتنی ئاشتی ئەنجام بدەن، موسوڵمانەکان سەلماندیان بەهێزن و توانـای بـەرگریکردنیان هەیە لە بیروباوەڕەکەیان لە بەرامبەر هاوبەشپەیداکەرە قوڕەیشییەکان و خێڵەکانی دەوروبەریان و خەڵکی مەدینـە و جوولەکـەکانیش، موسـوڵمانان لـەو چـالاکییەیاندا مەبەستیان ئەوە بوو کە ڕێگـا تـەخت بکـەن هـەتا بەئازادانـە بانگەوازەکـەیان بـڵاو بکەنەوە بەبێ ئەوەی بتپەرستە عەرەبەکان دەست بخەنە کاروباریانەوە.[(١)]

---

[١] محمود شیت خطاب، الرسول والقائد، الطبعة الثانية، دار مكتبة الحياة ومكتبة النهضة، بغداد، ١٩٦٠م، ص٦٠، ٦١.

پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) لەسەر ئەوە سوور بوو کە لە ڕێگای ئەو سریانەوە خێڵ و گوندەکانی نزیك مەدینە بخاتە سەر مەدینە و سنورەکە دیاری بکات و چەند هاوپەیمانییەتییەك لەگەڵ ئەو خێڵانەدا بکات، چونکە ئەستەم بوو بۆ شار بەبێ گوندەکانی دەوروبەری ژیان بەڕێ بکات، دەبێت گوندەکان کەلوپەل و پێویستی بنێرن بۆ شارەکان و ببنە ناوچەی چالاکی شارەکان، ئەوە یەکێك بوو لەو هۆکارانەی کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) ئەو سریانەی نارد بۆ هەموو ناوچەکانی دەوروبەری مەدینە، تا ئاسایشی ئەو ناوچانە بپارێزن و ڕێگر بن لە هێرشی دەشتەکییەکان، هەروەها بۆ ئەوەی ئەو هێزانە لاواز بکەن و لە هێز و توانای مەدینە ئاگاداریان بکەنەوە، تاوەکو بە هیچ شێوەیەك دەرفەتی هێرشکردنیان نەبێت بۆ سەر مەدینە، پێش ئەوەی ئەوان کاریان تەواو بکەن پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) بەکتوپڕی هێرشی دەکردە سەریان، لەلای پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) هێرشبردن بەهێزترین شێوازی بەرگریکردن بوو، ئەو ڕێوشوێنانە هەلی سەقامگیری بۆ دەوڵەتە تازەکەی مەدینە فەراهەم هێنا.[١]

کاتێك موسوڵمانەکان مەککەیان جێ هێشت و ڕوویان کردە مەدینە، لە دوای خۆیان ماڵ و سامانەکەیان بەجێ هێشت، بەوەش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ قەیرانی ژیان زیاتر تەنگی پێ هەڵدەچنین، لە ساڵی دووەمی کۆچیدا هۆکارە مێژووییەکان کۆ بوونەوە و سەریان کێشا بۆ ڕوودانی جەنگی بەدری گەورە، بە پێغەمبەریان ڕاگەیاند کاروانێکی گەورەی قوڕەیشییەکان، کە هەزار وشتر لەخۆ دەگرێت، لە شامەوە بەڕێوەیە بۆ مەککە و ئەبوسوفیان ڕێبەرایەتی دەکات و سی یان چل بازرگانی خەڵکی مەککەی لەگەڵە، ئەوەش هەلێکی باش بوو بۆ قەرەبووکردنەوەی سامانی فەوتاوی هاوەڵان، لەبەر ئەوە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) بەبێ دوودڵی دەستپێشخەریی کرد و بە هاوەڵانی فەرموو: (ئەوە کاروانی قوڕەیشە و

[١] أحمد إبراهيم الشريف، مكة والمدينة في الجاهلية وعصر الرسول، ص٤٠٠، ٤٥١.

سامانەکەتانی تێدایە، دەربچن بۆ وەرگرتنەوەی، بەو هیوایەی خودای گەورە بیداتەوە بە ئێوە). [1]

ئەبوسوفیان توانی بەبێ زیان کاروانەکەی بگەیەنێتە مەککە، چونکە ڕێگای گۆڕی و بە تەنیشتی دەریای سووردا ڕۆیشت، بەڵام ئەو بێباوەڕانەی توانای جەنگیان هەبوو لە مەککە دەرچوون و لە بەدر لەسەر ڕێگای مەککە و مەدینە یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەی یەکلاکەرەوە لەنێوان موسوڵمانان و نەیارەکانیاندا ڕووی دا و سەرەنجامیش بە شکستی هاوبەشپەیداکەرەکان کۆتایی هات و موسوڵمانەکانیش بە مژدەی سەرکەوتنەوە گەڕانەوە بۆ مەدینە و لەگەڵ خۆیان چەند دیلیکیان هێنابوو، پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) ئامۆژگاریی هاوەڵانی کرد تا لەگەڵ ئەو دیلانە باش مامەڵە بکەن و مەرجیشی لەسەر دیلەکان دانا کە لە بەرامبەر ئازادکردنیان پێویستە منداڵی موسوڵمانان فێری خوێندنەوە و نووسین بکەن!

سەرکردایەتیی یەکڕیز و ئامادەکارییە نوێیەکە و بیروباوەڕی دامەزراو و وورەی بەرز، سەرکەوتنێکی وەهایان بە موسوڵمانان بەخشی کە گەشەی بە هێز و توانای ئیسلام دا و دەوڵەتە نوێکەی پتەو کرد و بواری کردەوە بۆ بڵاوبوونەوەی ئیسلام، یاسای پێنج_یەکی دەستکەوتەکانیش، کە لەلایەن خودای گەورەوە دابەزی لە دوای جەنگی بەدر گرنگییەکی گەورەی هەبوو، چونکە لە دوای زەکات یەکەم یاسای قورئانیی فەرمی بوو لە بواری داراییدا بۆ دەوڵەمەندکردنی گەنجینەی دارایی ئیسلام و ئاسانکاریی بۆ هێنانەدیی ئەو داواکارییە قورئانییەی کە داوای هاوکاری بۆ

---

[1] ابن هشام، تهذيب سيرة ابن هشام لعبدالسلام هارون، ص١٤٨، هەروەها بڕوانە: الطبري، تاريخ، ٤٢١/٢، ٤٢٧، ومحمد بن سعد، كتاب الطبقات الكبرى، تحقيق: أدوار سخاو ورفاقه، طبعة ليدن، مؤسسة النصر، طهران، ٦/١/٢، والواقدي، كتاب المغازي، ١/ ٢٠.

چینە هەژارەکان و بەخشین لەپێناو بەرژەوەندیی گشتیی موسوڵمانان دەکات بە شێوەیەکی فەرمی، نەك وەك خێرپێکردنێك.[1]

لە ساڵی دواتردا (٣ك) بتپەرستەکان سوپایەکیان کۆ کردەوە کە ژمارەیان سێ هەزار جەنگاوەر بوو بە مەبەستی ئەنجامدانی هێرشێکی تۆڵەکردنەوە بۆ سەر مەدینە، وەك هەمیشە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) سەبارەت بە پلانی ڕووبەڕووبوونەوە ڕاوێژی بە هاوەڵانی کرد، ژمارەیەك لە هاوەڵە گەورەکان لەگەڵ بۆچوونی پێغەمبەر بوون و پێیان وا بوو لەناو مەدینەدا بەرگری بکەن، بەڵام گڕوتینی گەنجەکان و مکوڕیکردنیان لەسەر دەرچوون و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ بتپەرستەکان وای کرد کە پێغەمبەر بەگوێیان بکات، بە هۆی ناپاکیی دووڕووەکان و کشانەوەیان کەمێك پێش دەستپێکردنی جەنگەکە و پابەندنەبوونی هەندێك لەو هاوەڵانەی کە پارێزگاریی دیوی پشتەوەی بەرەی موسوڵمانانیان پێ سپێردرابوو لەسەر بەرزاییەکانی ئوحود ئەو سەرکەوتنەی کە لە سەرەتای جەنگەکەدا موسوڵمانان بەدەستیان هێنابوو بوو بە شکست و سەرەنجام حەفتا هاوەڵ شەهید بوون، دوای ئەوەی موسوڵمانان خۆیان گەیاندە بەرزاییەکانی ئوحود و تێیدا جێگیر بوون کوشتارە توندەکە ڕاوەستا، موسوڵمانان لەپێناو پارێزگاریکردن لە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) خۆیان بە کوشت دەدا، بە پاشەکشەکردنی موسوڵمانان بتپەرستەکان بێهیوا بوون لەوەی کە بەیەکجاری موسوڵمانان لەناو ببەن و سەرکەوتنی یەکلاکەرەوە بەدەست بهێنن بەسەریاندا.

بتپەرستەکان هەلی سەرکەوتنی بەشێك لە جەنگی ئوحودیان قۆستەوە و دەستیان کرد بە کوشتنی بانگخوازەکان، لەو چوارچێوەیەدا چوار هاوەڵیان لە ڕەجیع شەهید کرد و سێ کەس لە مەککە و چلیشیان لە بیری مەعونە کۆمەڵکوژ

---

[1] محمد عزة دروزة، سيرة الرسول، صور مقتبسة من القرآن الكريم، الطبعة الثانية، مطبعة عيسى البابي، القاهرة، ١٩٦٥م، ٢/٣٢٩، ٣٣٠.

کرد، دوای ئەوەش لە ساڵی پێنجی کۆچیدا بە هاندانی جوولەکەکانی بەنی نـەزیر و بەنی وائیل هاوپەیمانێتییەکی خێڵەکییان پێك هێنا، کە دە هەزار جەنگاوەری لەخۆ گرتبوو، ئەو هاوپەیمانێتییـە مەدینـەی کردبـووە ئامـانج، لەبـەر نابەرامبـەریی هێـز پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) ناچار بوو شێوازی جەنگی بەرگری هەڵبـژێرێت، بۆ ئەو مەبەستەش سوودی لـە سروشـتی جـوگرافیی تونـدوتۆڵی مەدینـە بینـی لـە هـەموو لایەکیـەوە، پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر) و هـاوەڵانی لـە ڕووی باکوورەوە چـاڵێکی قووڵیـان هەڵکەنـد پـێش ئـەوەی بتپەرسـتەکان هێـرش بکـەن، پێغەمبەر هاوەڵانی کـرد بـە چـەند کۆمەڵێکـەوە، هـەر کۆمـەڵێك دە کـەس بـوون و پێویست بوو بە درێژایی چل باسك چاڵ هەڵکەنن، خودی خۆیشی لەگـەڵ هاوەڵانـدا بە ورەیەکی پۆڵایینەوە بەشداریی کـرد لـە هەڵکەندنـدا، بـەو پلانـەش توانییـان لـە ماوەی شەش ڕۆژدا چاڵێك هەڵبکەنن کە درێژییەکەی دوانزە هەزار باسك بـوو، وەك پلانێکی تەواوکارییش پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) سێ هەزار جەنگاوەری لە پشتی چاڵەکەوە دانا و پشتیان کردە چیای (سلع)، ژن و منداڵەکانیشی بەسەر قەڵا پتەوەکانـدا دابـەش کـرد، هـەتا لـە کـاتی دزەکردنـی بتپەرسـتەکاندا بەئاسـانی موسوڵمانان ڕووبەڕوویان ببنەوە، هەروەها چەند تیپێکی لە هاوەڵان دروست کرد بۆ پارێزگاریکردن لەو ڕووانەی تری مەدینە کە دەکرا بتپەرستەکان لێوەی دزە بکـەن، چەند کۆمەڵێکیشی پێـك هێنـا بـۆ ئـەوەی بـەناو مەدینـەدا بگـەڕێن و بیپـارێزن لـە ناپاکیی جوولەکەکانی ناو شار، خودی خۆیشی وەك هاوەڵەکانی بەشـداری کـرد لـە پارێزگاریکردن لە سەنگەرەکە.(١)

---

١ ابن هشام، تهذيب سيرة ابن هشام لعبدالسلام هارون، ص٢١١، ٢١٢، هەروەها بڕوانە: الطبري، تاريخ، ٢/ ٥٦٥، ٥٦٦، ومحمد بن سعد، كتاب الطبقات الكبرى، ٤٧/١/٢، والواقدي، كتاب المغازي، ١/ ٤٤١-٤٤٣، والبلاذري، أنساب الأشراف، ١/ ٣٤٣، واحمد بن واضح اليعقوبي، تحقيق: محمد صادق بحر العلوم، المكتبة الحيدرية، النجف، ١٩٦٤م، ٢/ ٤١.

پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) هەموو ڕێگایەکی گرتە بەر بۆ تێکشکاندنی بەرەی (الأحزاب) کە لە دوای ناپاکیی بەنی قورەیزە لە کاتێکی زۆر هەستیاردا مەترسیی ئەو بەرەیە زۆر زیاتر بوو، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) ئامانجەکەی هاتە دی، تۆوی گومان و دوودڵی لەنێوان دوژمنەکانیدا چاند بەرامبەر بەیەکتری، پاشان بای توندی زستان هات و سابات و ڕەشماڵی بتپەرستەکانی لە بندا دەرهێنا و هیچ بوارێکی ئارامیی بۆ نەهێشتنەوە، ئەوانە پاڵنەر بوون بۆ ئەوەی بێباوەڕەکان پاشەکشە بکەن و بگەڕێنەوە، لەو کاتەدا پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) ڕووی کردە جەنگاوەرەکانی و فەرمووی: (لە دوای ئەمساڵ هەرگیز قورەیش ناتوانن هێرش بکەنە سەرتان، بەڵکو هێرش دەکەینە سەریان).[1]

کشانەوەی هاوپەیمانەکان (الاحزاب) لە مەدینە سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ موسوڵمانان، بێگومان کاریگەریی گەورەشی هەبوو لەسەر بەرزیی ئیسلام و بڵاوبوونەوەی هێز و بانگەوازی ئیسلام لە دواتردا، بە هەمان شێوە چەندین سوودی تری هەبوو، لە ئەنجامی ئەو سەرکەوتنەوە عەرەبە دووڕووەکانی مەدینە کە بەردەوام لە بۆسەدا بوون بۆ موسوڵمانان بۆیان دەرکەوت کە سەرکەوتنی خودایی و هێزی نادیاری خودا لەگەڵ موسوڵمانانە و لەو کاتەوە سنووری خۆیان زانی و وەستان، خەڵکی مەککەش جارێکی تر بیریان لە هێرشبردن نەکردەوە،[2] بە هیچ شێوەیەك نەدەکرا جارێکی تر دوژمنانی دەوڵەتی مەدینە لە هاوپەیمانییەتییەکی ئاوادا کۆ ببنەوە، چونکە قورەیشییەکان گومانیان لە ڕاستگۆیی خێڵە عەرەبییەکان

---

[1] ابن هشام، تهذيب، ص٣٢، ٣٣، والطبري، تاريخ، ٢/ ٥٩٣، وأبوالعباس الزبيدي، التجريد الصريح لأحاديث الجامع الصحيح للبخاري، الطبعة الثانية، دار الإرشاد، بيروت، ١٣٨٦هـ، ٨٢/٢.

[2] دروزة، سيرة، ٢/ ٢٤٥، ٢٤٦.

بۆ دروست بووبوو، هەر وەك چۆن خێڵە عەرەبییەكان گومانیان بۆ دروست بووبوو لە هێز و توانای قورەیش بۆ زاڵبوون بەسەر موسوڵماناندا.[1]

لەوپەڕی بەهێزی و لە دوای سەركەوتنی موسوڵمانان لە جەنگی (خەندەق)دا، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) بڕیاری دا لەگەڵ هاوەڵانی بە مەبەستی ئەنجامدانی عومرە سەردانی مەككە بكەن، مەبەستیش لەو عومرەیە بەدەستهێنانی سێ ئامانج بوو، یەكەمیان: هەتا خەڵكی بزانێت پەیوەندیی ئیسلام لەگەڵ هێزەكانی تردا تەنها لەسەر ڕووبەڕووبوونەوە و توندوتیژی و جەنگ نەوەستاوە و دەكرێت لە هەندێك كاتدا ئەو پەیوەندییانە بە ئاشتی و پێكەوەژیانی هاوبەش لەگەڵ جیاوازیی ڕێباز و بیركردنەوەكان بەڕێ بكرێن، دووەمیان: سڕكردنی ململانێ لەگەڵ قورەیشییەكاندا و ئاوڕدانەوە بە لای لایەنەكانی تری پەیوەندی لەگەڵیاندا، بەتایبەتی دوای ئەو گرژییانەی كە لەگەڵ جوولەكەكان و بێزەنتییەكان و هاوپەیمانە عەرەبەكانیان دروست بوون، سێهەم ئامانجیش بریتی بوو لە داننان بەوەدا كە نابێت و ناكرێت مەككە بۆ بتپەرستی قۆرخ بكرێت و هاوبەشپەیداكەرەكان بەئازادی نەریتەكانی خۆیانی تێدا جێبەجێ بكەن و دەست بەسەر هەموو كاروبارەكانیدا بگرن و هەركەس پێیان خۆش بێ ڕێگەی هاتنەناوەوەی پێ بدەن و كێشیان نەوێت ڕێی لێ بگرن، بەڵكو دەبێت بە پێچەوانەوە بێت، موسوڵمانانی نەوەی ئیبراهیمی یەكتاپەرست و دروستكەری كەعبە لە هەموو كەس شایستەترن بۆ ئەوەی بچنە ناو كەعبە و حەرەمی ئارام و دروشمە ئایینییەكانی خۆیانی تێدا جێبەجێ بكەن كە لەسەر یەكتاپەرستیی پوخت وەستاوە و لەپێناو ئەو یەكتاپەرستییەشدا ئەو ماڵە لەو شێوە وشكەدا دروست كراوە.

---

[1] الشريف، مكة والمدينة، ص٤٥٨.

قورەیشییەکان سوور بوون لەسەر ڕێگریکردن لە موسوڵمانان بۆ چوونەناو مەککە و موسوڵمانەکانیش تامەزرۆی چوونەژوورەوە بوون، سەرکردەی بتپەرستەکان چەند نوێنەرێکیان نارد بۆ لای موسوڵمانەکان، هەتا چارەسەرێك بکەن بۆ دەرچوون لەو تەنگژەیەی کە تێی کەوتبوون، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) بە دڵفراوانییەوە پێشوازیی لە نوێنەرەکان کرد، هەر وەکو ئەوەی لە ناخیدا پێشبینیی ئەو بەرهەم و ئەنجامە شیرینانەی کردبێت کە بانگەوازی ئیسلام لە پەیوەندیی ئاشتیخوازانەدا لەگەڵ قورەیشییەکاندا بە شێوەیەکی کاتی دەیچنێتەوە، بەتایبەت کە قورەیشییەکان بە ڕێبەری بتپەرستی دادەنران لە ناوچەکەدا، لەو پێناوەشدا ئامادەی سازشکردن بوو لە هەندێك ڕووکەش لەپێناو سەرگرتنی ئەو ڕێککەوتنەی کە بە ناوی شوێنەکەیەوە ناو نرا (حودەیبییە)[1]، لەگەڵ ئەوەشدا کە هەندێك لە هاوەڵان لەو ڕێککەوتنە ناڕازیی بوون.

ڕێککەوتنەکە ئاگربەستێك بوو بۆ ماوەی دە ساڵ، بەپێی ڕێککەوتنەکە دەبووایە موسوڵمانان ئەو ساڵە بگەڕێنەوە بۆ مەدینە و ساڵی داهاتوو بۆیان هەبوو بچنە ناو مەککەوە بە مەرجێك شمشێرەکانیان لە کالانـدا بێت، هەموو خێڵەکانی تر ئازاد بوون لەگەڵ یەکێك لەو دوو لایەنە هاوپەیمانی ببەستن و نابێت کەس ناپاکی بکات، هەرکەسێك بەبێ پرسی سەرپەرشتیارەکەی موسوڵمان بوو و لە مەککەوە چوو بۆ لای موحەممەد، ئەوا پێویستە موحەممەد بیگێڕێتەوە بۆ مەککە، بەڵام ئەگەر کەسێك لە لای موحەممەدەوە هات بۆ لای قورەیش لە مەککە، ئەوا ئەوان پابەند نین بە گەڕاندنەوەی.

ئیبن هیشام ڕێککەوتنی حودەیبییە بە فەتح و بە سەرکەوتن ناو دەبات، بە شێوەیەك کە پێشتر لە ئیسلامدا سەرکەوتنی ئاوا گەورە ڕووی نەدابوو، پێشتر

---

[1] ابن هشام، تهذيب ص٢٥٦، ٢٥٧، الطبري، تاريخ، ٢/ ٦٣٣، ٦٣٤، والواقدي، كتاب المغازي، ١/ ٦٠٦، ٦٠٧.

تـەنها جـەنگێك بـوو لـە گۆڕەپـانی بەیەکگەیشـتنی هـەردوو لادا، بـەڵام لـە کـاتی ئاگربەسـت و نـەمانی جـەنگ و کاتێـك خـەڵك لـە یـەکتری دڵنیـا بـوون و بەیەکـەوە دانیشتن و گفتوگۆیان کرد، ئەوا هەلێکی زێڕینە بـۆ ئـەوەی خـەڵك بـدوێنی، لەگـەڵ هەرکەسێکی ژێر گفتوگۆ کرابێت سەبارەت بە ئیسلام، ڕاستەوخۆ موسوڵمان دەبوو، لـە دوو سـاڵی دوای ڕێککەوتنەکـەدا ژمـارەی موسـوڵمانان بـوو بـە دوو ئەوەنـدە و زیاتریش، بە بەڵگەی ئەوەی ژمـارەی ئـەو هاوەڵانـەی لـە حودەیبیـە ئامـادە بـوون هەزار و چوارسەد هاوەڵ بوون، بەڵام لە دوای دوو ساڵ دە هەزار هاوەڵ بەشـداریی فەتحی مەککەیان کرد،[1] مێژوونووسی بەریتانی تۆماس ئارنۆڵد، وای دەبینێـت کـە جەنگە یەك لەدوای یەکەکانی نێوان قورەیشییەکان و موسوڵمانان هۆکـار بـوون بـۆ ئەوەی خێڵەکانی باشووری مەککـە هـەتا سـنوروی یەمـەن دوور بـن لـە دەسـەڵاتی ئایینە تازەکـە، بـەڵام ڕێککـەوتنی حودەیبیـە گەیشـتنی موسـوڵمانانی بـەو ناوچـە عەرەبییانەی باشـوور ئاسـان کـرد،[2] بڵاوبوونـەوەی ئیسـلام لـە یەمـەن و لـە دوای ڕێککەوتنی حودەیبیە لەڕووی سەربازییەوە گرنگیی تایبەتی هەبوو، قورەیشییەکان لـە هـەموو لایەکـەوە بـە موسـوڵمانان دەورە درابـوون، لـە باشـوور و بـاکوورەوە، بەوەش بەیەکجاری چارەنووسی مەککە و قورەیش دیاری کرا و یەکلا بووەوە.[3]

زۆری پـێ نەچـوو لـە دوای دوو سـاڵ قورەیشـییەکان بـەڵێن و ڕێککەوتنەکـەیان شـکاند، لـەلای حـەرەمی مەککـە هێرشـیان کـردە سـەر خوزاعـە، کـە هاوپـەیمانی موسوڵمانان بوون و چەندین پیاویان لێ کوشتن، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) فـەرمانی دەرکـرد موسـوڵمانان خۆیـان ئامـادە بکـەن و داوای کـرد کـە ئـەو کـارە

---

[1] ابن هشام، تهذيب ص٢٥٨، ٢٥٩، الطبري، تاريخ، ٢/ ٦٣٨، والواقدي، كتاب المغازي، ٢/ ٦٠٩، ٦١٠، ٦٢٤.

[2] الدعوة الى الإسلام، ص٥٧.

[3] شيت خطاب، الرسول القائد، ص٢١٢.

بەنهێنی بمێنێتەوە، لە سەرەتاوە ئامانجەکەی ڕانەگەیاند، چونکە حەزی دەکرد بە کەمترین خوێنڕشتن بچێتە ناو مەککەوە،[1] بەو شێوەیەش کە ویستی کارەکە ئەنجام درا، هەموو هێزەکانی گەیاندە دەروازەکانی مەککە و قوڕەیشییەکان کاتێك بە خۆیان زانی کار لە کار ترازابوو.

پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) فەرمانی دەرکرد بۆ فەرماندەکان و پێی گوتن هەتا ناچار نەبن ڕووبەڕووی کەس نەبنەوە، قەدەغەکردنی هاتوچۆی ڕاگەیاند، بڕیاری دا هەرکەسێك لە ماڵی خۆیدا بێت و لە حەرەمی مەککەدا بێت پارێزراو دەبێت، سوپاکەی بەسەر چوار دەروازەکەی مەککەدا دابەش کرد، ئەوەش وای کرد زۆر بەئاسانی و بەبێ بەرگرییەکی ئەوتۆ و بە قوربانییەکی زۆر کەم کە نەدەگەیشتە بیست کەس بچنە ناو مەککەوە.[2]

پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) چووە ناو کەعبە و بە دەستی خۆی بتەکانی شکاند و پاشان هاتە دەرەوە و گشت بتە ڕیزکراوەکانی چواردەوری کەعبەی دەشکاند و ئەم ئایەتەی دەخوێندەوە: ﴿وَقُلْ جَاءَ الْحَقُّ وَزَهَقَ الْبَاطِلُ إِنَّ الْبَاطِلَ كَانَ زَهُوقًا﴾ الإسراء : ٨١، واتە: (هەروەها بڵێ: تازە حەق و ڕاستی هاتووەو بەرپا بووەو بەتاڵ و ناحەقی، پووچ و تەفروتوونا بووە، بەڕاستی ناحەق و بەتاڵ هەرتیاچووە و جێگیر نەبووە و بەزیووە)، هەندێك لە فەرماندەکانیشی نارد بۆ ڕووخاندنی بتەکان لە گوندەکانی چواردەوری مەککە،[3] پاشان لێبوردنی گشتیی بۆ سەرجەم خەڵکی دەرکرد و فەرمووی: (بڕۆن ئێوە ئازادن)، لەو کاتەشدا بیلالی

---

[1] الطبري، تاريخ، ٣/٥١، ٥٢، والواقدي، المغازي، ٢/ ٧٨٧، ٧٩٢، ٧٩٦، ٧٩٧.

[2] الواقدي، المغازي، ٢/ ٨٢٥، ٨٢٦، وفتوح البلدان، تحقيق: صلاح الدين المنجد، مكتبة النهضة، القاهرة، ١٩٥٦، ١٩٥٧م، ١/ ٤٤.

[3] ابن هشام، تهذيب، ص٢٩١، ٢٩٤، وابن سعد، الطبقات، ٢/٩٨، ٩٩، ١٠٥، ١٠٦، الواقدي، المغازي، ٢/ ٨٣١، ٨٣٢، ٨٧٠، والبلاذري، فتوح ١/ ٤٦، الطبري، تاريخ، ٣/ ٦٥، ٦٦، خليفة بن خياط، تاريخ خليفة، تحقيق: أكرم العمري، مطبعة الآداب، النجف، ١٩٦٧م، ١/٥١.

حەبەشی سەرکەوت بۆ سەربانی کەعبە و یەکەم بانگی ئیسلامی لە مەککەدا دا، کە پێشتر بنکەی بتپەرستی بوو.

خێڵی هەوازن کە خێڵێکی بەهێزی بتپەرستی بوون، دواهەوڵی بەرگرییکردنیان لە حونەین دا، بەڵام پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) توانی لە ساڵی (٨ك)دا بەسەریاندا زاڵ ببێت و هەموو سامانەکەیانی بەسەر جەنگاوەراندا دابەش کرد و هیچی بۆ خۆی نەهێشتەوە، لە دوای ئەوە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) گەڕایەوە بۆ مەدینە بۆ ئەوەی پێشوازی لە شاندە یەك لەدوای یەکەکانی عەرەب بکات کە دەهاتن بۆ مەدینە بۆ بەیعەتدان و موسوڵمانبوون.[1]

لە کۆتایی ساڵی نۆیەمی کۆچیدا و لە کاتی مەراسیمی حەجدا ئایەتەکانی سورەتی (البراءة) هاتنە خوارەوە، خودای گەورە ڕایگەیاند لە دوای ئەو مۆڵەتەی کە بۆ بیرکردنەوە و خۆڕزگارکردن لە گومڕایی و نەزانی درابوو بە بتپەرستەکان، ئێستا کۆتایی هات و کاتی نەمان و لەناوبردنی ئەو بتپەرستییەیە لە دورگەی عەرەبیدا، کاتی ئەوەیە بگەڕێنەوە بۆ ئیسلام و پابەندی ڕێگای ڕاست بن، ئەگەرنا ئایینە تازەکە لە دوای ئەو هەموو چاوەڕوانییە هیچ هەلێکی تریان ناداتێ.[2]

ناتوانین لە ڕەهەندەکانی (ڕاگەیاندنی بەرائەت) سەبارەت بە وەستاندنی بتپەرستی بە شێوەیەکی یەکجاریی تێبگەین، مەگەر لە هەردوو ڕووی شارستانی و ستراتیجییەوە سەیری بابەتەکە بکەین، وەك دوو پێویستی کە پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە و وا دەخوازن ڕێوشوێنێکی لەو جۆرە بگیرێتە بەر، یەکەمیان ئەوەیە کە بتپەرستی بە پێچەوانەی سەرجەم ئایینەکانی ترەوە نزمترین هەڵوێستی ئایینیی مرۆڤە بەرامبەر بە گەردوون، هەڵوێستێکە دەیبەستێتەوە بە بەردەوە و

---

[1] بڕوانە: ابن هشام، تهذیب، ص٣٣٦، ٣٧١، الطبري، تاريخ، ٣/ ٩٦ـ ١٠٠، ١١٢ ـ ١١٥، ١٢٢ـ ١٣٩، ١٥٨، وابن سعد، الطبقات، ٢/١/ ٨٦/٣٨/ ١٢٢، الواقدي، المغازي، ٣/ ٩٦٠ ـ ٩٨٠ .

[2] الطبري، تاريخ، ٣/ ١٢٢، ١٢٣، وابن سعد، الطبقات، ٢/١/ ١٢٢، والبلاذري، أنساب، ٣٨٣/١.

ڕێی پێشکەوتنی لێ دەگرێت، ئەو هەڵوێستە وا دەکات مرۆڤ تێڕوانینی گشتگیری نەبێت بۆ ڕۆڵبینین لەسەر زەوی و پەیوەندیی مرۆڤ بە هێزەکانی ترەوە لە گەردووندا دەپچڕێنێت، ئەگەر عەرەبەکان لەسەر بتپەرستی بمانایەتەوە، ئەوا بە هۆی بیرکردنەوەی سنووردارییانەوە دەبوونە کۆت و بەندی نەزانی و دواکەوتوویییەکەیان، لە جیهانی فراواندا زیندان دەبوون و لەو جیهانە دادەبڕان و لەناو لمی بیاباندا گیریان دەخوارد.

دووهەمیشیان لەسەر ئەوە دەوەستێت کە دەوڵەتی عەقیدەیی کە لە ناوچەرگەی عەرەبستان دامەزرا و دەسەڵاتی سیاسیی پەلی کێشا بۆ سەرجەم ناوچەکانی دوورگەی عەرەبی و لە ئامادەسازیدا بوو بۆ خۆکۆکردنەوە و ئاڕاستەکردنی توانا جیهادییەکانی بۆ هەنگاوی دواتر کە جووڵەکردن بوو بەرەو تەواوی جیهان، پێویست بوو ئەو دەوڵەتە پشت بە ستراتیجیەتێکی توند و ڕوون ببەستێت، ئەویش لەپێناو پاراستنی قەوارەی خۆی لە نیمچە دورگەی عەرەبیدا لە پاشماوەی بتپەرستە عەرەبەکان و ناوەندی هێزە نەفامییەکان، بۆ ئەوەی ئەو ناوەندەی کە دەیکات بە خاڵی دەرچوون بەرەو ڕووی جیهان پارێزراو بێت بە دیواری یەکڕیزیی بیروباوەڕ و سیاسی، هەتا لە کاتی ململانێدا لەگەڵ هێزە دەرەکییەکاندا هەموو هێزی خۆی بەکار بهێنێت و ترسی ئەوەی نەبێت کە لە دواوە لێی بدرێت.

لەژێر ڕۆشنایی ئەو پەیوەندییەی کە لەنێوان پێویستیی شارستانی و ستراتیجیدا هەیە، دەتوانین لە هەڵوێستی ئیسلام تێبگەین بەرامبەر هەندێك لە ئایینەکان لە ڕووی هزر و جێبەجێکردنەوە، ئاگربەستکردن لەگەڵ جوولەکە و مەسیحییەکان لە نیوە دورگەی عەرەبیدا لەوەوە سەرچاوەی گرت کە ئەو دوو ئایینە ئاسمانییە لە ڕووی هزرەوە لە هەموو ئایینەکانی تر پێشکەوتووتر بوون، چ لە ئایینە کۆنەکان و چ لە هاوچەرخەکانیشیان، ئەمە جگە لەوەی ئەو دوو ئایینە لە ڕووی چەندێتییەوە

هـيچ مەترسـييەكی سـتراتیجییان لەسـەر دەوڵـەتی ئیسـلامی نـەبوو لـە نیمچـە دوورگەكەدا، كـاتێكیش دەركـەوت جوولەكـەكان پـێش جـەنگی خەیبـەر دەسـتیان كـردووە بـە چـالاكی و لـە دوای ئـەوەش دەركـەوت لەگـەڵ هێـزە دەرەكییـەكان پەیوەندییان بەستووە لەگەڵ ئەو هێزە دەرەكییانەی كە بۆ دەوڵەتی ئیسـلامی لـە بۆسەدا بوون، لەبەر ئەوە فەرمانێك دەرچو كە بە هیچ شێوەیەك نابێت ئەو هێزانـە لە بەشی باكووری نزیك ناوەندی دەسەڵاتی دەوڵـەتی ئیسـلامی بمێننـەوە، كەواتـە ڕاگەیاندنی (براءة) بە سەركەوتنێكی شارستانی و ستراتیجی دادەنرێت بۆ دەوڵـەتی ئیسلامی، لە كاتێكدا كە لـە ئامادەباشـیدا بـوو بـۆ هـەنگاوی داهـاتوو لـە پرۆسـەی بەشارستانیكردنی جیهان و ڕووبەڕووبوونەوەی دەسـەڵاتدارە بێباوەڕەكـان لـەپێناو ئەوەی بیروباوەڕی ئازادی بە مرۆڤ ببەخشێت لە هەر شوێنێك بێت.

شانبەشـانی دژە هێرشـی دەرەكـی كـە بتپەرسـتە عەرەبـەكان ڕێبەرایـەتییان دەكرد، ئیسلام ڕووبەڕووی دژەهێرشێكی تریش بووەوە، كە بە درێـژكراوەی هێـزی بتپەرستی دادەنرا، ئەویش مەترسییەكەی كەمتر نەبوو لـە هێرشـی بتپەرسـتەكان، چونكە ئەو هێرشە لە ناوجەرگەی كۆمەڵگای ئیسلامییەوە سەرچاوەی گرتبوو، ئەو هێرشـە لەلایـەن بزووتنـەوەی دووڕووەكانـەوە لـە سـەرەتای سـەردەمی مەدینـەوە سەری هەڵدا و خەریكی تێكدان بوون هەتا كەمێك پێش كۆچی دوایی پێغەمبەر.(1)

پاشـان بتپەرسـتیی عـەرەبی بـە دووەم هێرشـی گـەورەی خـۆی هەسـتا لـەژێر پەردەی بزووتنەوەی هەڵگەڕانەوە و بانگەشەی پێغەمبەرایەتیدا، ئەو هێرشە پـێش كۆچـی دوایـی پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر) دەسـتی پـێ كـرد و زۆرێـك لـە ناوچەكانی دوورگەی عەرەبیی گرتەوە.

لە دوای كۆچی دوایی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) ئەو دەستە پێشەنگەی كـە سـەردەمی پێغەمبــەر دروسـتی كردبـوون و ڕێكـی خسـتن بـە كۆچـكردو و

(1) بڕوانە: عماد الدين خليل، دراسة في السيرة، ص٣٦٣، ٣٨٩.

پشتیوانانەوە خۆیان لەبەردەم بەرپرسیارێتییەکی تەواو و ڕاستەوخۆی ئیمانیدا بینییەوە لە بەرامبەر پاراستنی یەکڕیزیی ئیسلامی لە کەرت و پەرت بوون و بۆ پاراستنی کۆمەڵگای ئیسلامی لە کاریگەریی ئەو هێزە ناوخۆیی و دەرەکییانەی کە کاریان لەسەر پاشەکشەی ئەو کۆمەڵگایە دەکرد و بەربەستیان دروست دەکرد لەبەردەم گەشەسەندن و بەردەوامبوونی بۆ ئەوەی جیهانگیریی ئیسلام و پابەندبوون بە یاساکانییەوە نەیەتە دی.

هەواڵی کۆچی دوایی پێغەمبەر و ڕابەرەکەیان ئێشی بە ناخیان گەیاند و لەرزاندنی، بەڵام بە شێوەیەکی کاتی لەرزین و زۆری پێ نەچوو ئەو هاوەڵانە بە دەنگی ئەبوبەکر هاتنەوە هۆش خۆیان، ئەبوبەکری هاوڕێ و هاودەمی پێغەمبەر پێی گوتن: "ئەی خەڵکینە، هەرکەسێك موحەممەدی دەپەرست، ئەوا موحەممەد کۆچی دوایی کرد، هەر کەسێکیش خودای دەپەرست خودا زیندووە و نامرێت". پاشان ئەم ئایەتە پیرۆزەی بۆ خوێندنەوە: ﴿وَمَا مُحَمَّدٌ إِلَّا رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِنْ قَبْلِهِ الرُّسُلُ أَفَإِنْ مَاتَ أَوْ قُتِلَ انْقَلَبْتُمْ عَلَى أَعْقَابِكُمْ وَمَنْ يَنْقَلِبْ عَلَى عَقِبَيْهِ فَلَنْ يَضُرَّ اللَّهَ شَيْئًا وَسَيَجْزِي اللَّهُ الشَّاكِرِينَ﴾ (آل عمران : ١٤٤)، واتە: (محمد (درودی خودای لەسەر) تەنها پێغەمبەرێك نەبووە وەفات بکات، بێگومان پێغەمبەرانی پێش ئەمیش (وەفاتیان کردووە)، ئایا ئەگەر وەفاتی کرد یان کوژراو شەهید بوو، ئێوە پاشگەز دەبنەوە و هەڵدەگەڕێنەوە؟! (لەو دین و ئاینەی کە پێی ڕاگەیاندوون) خۆ ئەوەی هەڵگەڕێتەوە و پاشگەزبێتەوە، ئەوە هەرگیز زیان بەخوا ناگەیەنێت، لە داهاتویەکی نزیکدا خوای گەورە پاداشتی سوپاسگوزاران دەداتەوە).

بەڵام لەبەر چەند هۆکارێکی مێژوویی و جوگرافی زۆرینەی زۆری عەرەبەکان لە هەموو ئیسلام، یاخود لە بەشێکی پەشیمان بوونەوە.

دەمارگیریی خێڵەکی کە دەیان سەدە بوو لەناو عەرەبەکاندا ناخی داکوتابوو، یەکێك بوو لە پاڵنەرەکانی هەڵگەڕانەوەکە، ئەو هۆگرییە کۆمەڵایەتی و دەروونییەی

کە لە ماوەی ئەو چەند سەدە دووردرێژە عەرەبەکان لەسەری ڕاهاتبوون و بەتەواوی لەناو یەکێتیی خێڵەکیدا توابوونەوە، تێپەڕاندن و وازهێنانیان لەو دەمارگیرییە خێڵەکییەیان ڕەت کردەوە و خۆیان ڕادەستی یەك سەرکردایەتیی ناوەندی نەکرد، ئەوان بە هەڵگەڕانەوەیان دەیانویست خۆیان لە پابەندبوونی ئاکار و ڕەوشت ڕزگار بکەن، تێگەیشتنی سیاسییش کە یەکێتیی گەل و کۆمەڵگاکانی لەسەر دەوەستێت بوونی نەبوو، سەرۆکی خێڵەکان دڵخوازی هێزە شکستخواردوەکانی ناوخۆی وەك جوولەکە و مەسیحی و مەجووسییەکان و هێزە نەیارەکانی دەرەوەش بەتایبەت بێزەنتییەکان و ساسانییەکان بوون، ئەویش پاڵنەرێکی تر بوو بۆ هەڵگەڕانەوە، لەگەڵ ئەوانەشدا کەمیی ئەو ماوەیەی کە ئیسلام گەیشتبووە زۆرێك لەو کۆمەڵ و خێڵە عەرەبانەی کە لە دوورگەی عەرەبیدا دەژیان و هەتا کۆچی دوایی پێغەمبەر و لەنێوان ئەو ماوە سنووردارەی کە بۆ ئیسلام ڕەخسا هەتا جووڵەی تێدا بکات و ئەو ناوچە فراوانەی کە خۆیان ڕادەستی ئیسلام کردبوو، بەتایبەتی دوای دابەزینی ئایەتەکانی (بەرائەت) لە سورەتی (التوبة) لە کۆتاییەکانی ساڵی نۆیەمی کۆچی و ڕاگەیاندنی کۆتایی بتپەرستی لە دورگەی عەرەبیدا.

لە ڕۆژی سەقیفەدا ئەبوبەکر لەلایەن موسوڵمانانەوە بە جێنشینی پێغەمبەر هەڵبژێردرا، لەو ڕۆژەدا ئوممەتی ئیسلامی ئەزموونێکی هەڵبژاردنی پێشەنگیان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئەنجام دا، لەگەڵ ئەوەدا کە ئەو ئەزموونە لە ڕووی مێژووییەوە نوێ بوو، بەڵام لەسەر بنەمای گفتوگۆی ئاشتییانە و وتە و بەڵگەی دوور لە توندوتیژی و خوێنڕشتن توانییان بگەنە هەڵبژاردنی ئەو پیاوەی کە توانای هەڵگرتنی ئەو بەرپرسیاریەتییەی هەبوو، لەو هەڵبژاردنەیاندا پشتیان بەست بە ڕابردووەکەی لە ئیسلامدا و پلەوپایەکەی لەلای پێغەمبەر و توانا و لێهاتوویییە ناوازەکەی، ئەبوبەکر ڕاستەوخۆ دەستی کرد بە جێبەجێکردنی بەرنامەکەی و لە

یەکەم وتاریدا لەناو مزگەوتی مەدینەدا ڕایگەیاند،[1] پلانەکەشی بریتی بوو لە ڕاگەیاندنی جیهاد لە دژی هەڵگەڕاوەکان، ئەگەرچی ئەو کارە مەترسیدار بوو و گەورە هاوەڵانی پێغەمبەریشی بە شێوەیەکی فراوان بەرهەڵستییان کرد و داکۆکییان لەسەر پەلەنەکردن و لەسەرخۆیی دەکرد پێش ئەوەی ئەو سەرکێشییە مێژووییە ئەنجام بدات کە هیچ کەس نازانێت چی ئەنجامێکی دەبێت، بەڵام ئەبوبەکر هەر سوور بوو لەسەر ڕووبەڕووبوونەوەیان بە شمشێر.

تەنانەت ئەبوبەکر لەسەر بەڕێکردنی سوپاکەی ئوسامەی کوڕی زەیدیش بۆ فەڵەستین سوور بوو، بە مەبەستی تەمبێکردنی ئەو خێڵە عەرەبانەی بووبوون بە مەسیحی و لایەنگری ڕۆمەکانیان دەکرد، سوپای ئوسامە پوختە و پاڵفتەی هێزی موسوڵمانانی کە لەخۆ گرتبوو، ئەبوبەکر فەرمووی: "سوێند بەو خودایەی کە گیانی ئەبوبەکری بەدەستە، ئەگەر دڵنیا بم لەوەی دڕندە دەمخوات، سوپای ئوسامە هەر بەڕێ دەکەم هەر وەك پێغەمبەر فەرمانی پێ کردووە، ئەگەر لەم گوندانەدا کەس نەمێنێت تەنها من نەبێت، هەر بەڕێی دەکەم". [2]

لە سۆنگەی ئەو سووربوون و پابەندبوونەی کە ئەبوبەکر هەیبوو بە چەمکی جیهادی یەکلاکەرەوەوە چەندەها سەرکەوتنی یەك لەدوای یەکی بەسەر هەڵگەڕاوەکاندا بەدەست هێنا، هەموو کۆمەڵ و قەوارەکانیانی یەك لەدوای یەك ڕامالّی، بۆ ئەو کارەش پشتی بە چەند فەرماندەیەکی لێهاتووی وەکو خالیدی کوڕی وەلید و عەمری کوڕی عاص و شەرحەبیلی کوڕی حەسەنە و عەلائی کوڕی حەزرەمی و عیکریمەی کوڕی ئەبوجەهل و سەعیدی کوڕی عاص و چەندانی تر بەست، هەروەها پشتئەستوور بوو بە باوەڕی قووڵی سەربازەکانی، کە بە دڵی خۆشەوە بەرەو گۆڕەپانی جەنگ دەڕۆیشتن و دەمبەمژدە و بە متمانەبوون بە

---

[1] بڕوانە بەشی یەکەمی ئەم دەروازەیە.

[2] الطبري، تاريخ، ٣/ ٢٢٥.

سەرکەوتنی خـودا، ئەبوبـەکر تواناکـانی ڕووبەڕووبوونـەوەی تێـدا دەتەقاندنـەوە و هەریەکێکیان لە جێگای دە جەنگاوەر دەجەنگان، هەروەها پشتی بەو موسوڵمانانە بەسـت کـە لـە ناوچـەی ژێـر دەسـەڵاتی هەڵگەڕاوەکانـدا بـوون و بـە موسـوڵمانی مابوونەوە ئەگەرچی لەژێر چەوساندنەوە و ئەشکەنجەیەکی زۆردا بوون.

ڕێبـــەرانی بزووتنـــەوی هەڵگـــەڕاوەکان، کـــە هەنـــدێکیان بانگەشـــەی پێغەمبەرایەتیشیان دەکرد سەرجەمیان شکستیان هێنـا، بریتـی بـوون لـە تەڵحـەی کـوڕی خوەیلیـد و مـالیکی کـوڕی نـوەیرە و موسـەیلەمەی درۆزن و (حطـم) و (ذو التـاج) و ئەشـعەس و ئەسـوەدی عەنەسـی... هـەروەها ژمارەیـەك لـە هەڵگـەڕاوە بچووکەکان لە بـاکوور، بـەو شـێوەیە جـارێکی تـر ئـەو یەکڕیزییـەی کـە پێغەمبـەر (دروودی خودای لەسەر) ویستی گەڕایەوە بۆ دورگەی عەرەبی، ئەو دوورگەیەی کـە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) بەبـەردەوامی بـۆ ئـەوە تێدەکۆشـا تـاکو ببێتـە خاڵی دەرچوونی ستراتیجی بۆ بەدیهێنانی جیهانگیری ئیسلام.

بە درێژایی هەردوو سـەردەمی ڕاشـیدین و ئومـەوی هێـزە بتپەرسـتە کۆنـەکانی ناوەڕاستی ئاسیا و بـاکووری ئـەفریقا مانـدوو نـەبوون لـە ڕووبەڕووبوونـەوە لەگـەڵ ئیسلامدا، بەتایبەتی لە سەردەمی ئومەویدا زنجیرەیـەك دژە هێرشـیان ئـەنجام دا، هەنـدێك لـەو هێرشـانە ئامانجیـان پێکـا و دەسـتیان بەسـەر زۆر ناوچـەدا گـرت و پاشەکشەیان بە موسـوڵمانان کـرد و هەندێکیشـیان هـەر لـە شـوێنی خۆیانـدا تێـك شکێندران، لە هەردوو دۆخەکەدا هێـزە ئیسـلامییەکان تووشـی مانـدووبوونێکی زۆر بوون و جەنگاوەر و سامان و کاتێکی زۆریان لەدەست دا.[1]

ئەگـەر ئـەو هێزانـە لـەو جەنگانـەدا مانـدوو نەکرانایـە، دەکـرا ڕەوڕەوەی بڵاوبوونەوەی ئیسلام و پتەوکردنی دەوڵەتی ئیسلامی خێراتر بکرایە.

---

[1] بڕوانە: عبدالمنعم ماجد، التاريخ السياسي للدولة العربية، عصر الخلفاء الأمويين، ٢/ ١٧٧ ـ ١٨٣.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، جەنگاوەری موسوڵمان هەمیشە ئامادە بوو بە هەموو توانایەوە تێبکۆشێت و قوربانی بدات و ڕووبەڕووی ئەو دوژمنانەی ببێتەوە کە لە بەردەمیدا وەك دوورگەیەك وا بوون لە ناوەڕاستی دەریایەکی فراوانی مرۆڤدا، بەڵام جەنگاوەرانی ئیسلام بە خۆڕاگری و ئارامگری هەمیشە لەو ڕووبەڕووبوونەوانەدا بەسەرکەوتنەوە لێی دەردەچوون، نەك تەنها لەسەر ئاستی سەربازی، بەڵکو لەوەش گرنگتر کە بریتی بوو لە بەدەستهێنانی ئەو هێزە مرۆییە فراوانە و هێنانیان بۆ ناو ڕیزەکانی ئیسلام.

بیر دەکەینەوە لە دژە هێرشەکانی بتپەرستە تورکەکان لە ناوەڕاستی ئاسیا و بوزییەکان لە هیند و خێڵە بەربەرییەکان لە باکووری ئەفریقا، چۆن سەرئەنجام زۆرینەیان لەناو ئایین و قەوارەی دەوڵەتی ئیسلامیدا خۆیان بینییەوە، بە هێز و توانا گەنجەکانیان جیهانی ئیسلامییان بەهێز کرد و توانای تازە و گڕوتینیان پێ دا بۆ بڵاوبوونەوە و کارایی لە ڕووی بیروباوەڕ و سیاسەت و شارستانییەتەوە.

هێرشی بتپەرستەکان بە درێژایی سەردەمە یەك لەدوای یەکەکانی عەباسییەکان بە شێوەیەکی کز و لەسەرخۆ بەردەوام بوو، تەنها لە کۆتاییەکانی ئەو سەردەمانەدا نەبێت کە یەکێك لە توندترین هێرشەکانی مێژووی ئیسلام ڕووی دا، ئەویش هێرشی مەغۆلەکان بوو کە هەموو قەوارە ئیسلامییەکانی گرتەوە لە ناوەڕاست و ڕۆژئاوی ئاسیادا، لە ساڵی (٦٥٦ك)دا بەغداد کەوتە بەردەستیان، کە پایتەختی خیلافەت بوو و قەوارەی عەباسییەکانیان نەهێشت و بەرەو شام و فەڵەستین پێشڕەوییان کرد، پاشان ویستیان بەرەو میسر بڕۆن، بەڵام سەرکردایەتیی گەنجی مەملوکییەکان لە داستانی (عەین جالوت)دا لە فەڵەستین و لە ساڵی (٦٥٨ك)دا تێکیان شکاندن، فەرماندەی مەغۆلەکان لەو جەنگەدا ناوی (کتبغا) بوو کە بە دەستی ڕاستی هۆلاکۆ دادەنرا، بەو سەرکەوتنەش پێشڕەویی مەغۆلەکان ڕاگیرا،

تەنانـەت لـە ناوچـەکانی شـام و دورگـەی عـەرەبییش شـوێنیان کـەوتن و هـەموو ناوچەکە و دانیشتووانەکەیشیان لەو هێزە وێرانکەرە ڕزگار کرد.

هێرشی مەغۆلەکان بۆ سەر جیهانی ئیسلامی کارەساتێکی خوێناویی ترسـناك و پـەلامارێك بـوو لێوانلێـو لـە توندوتیـژی و گـورزێکی دڕندانـە بـوو لـە ڕەوڕەوەی شارستانیەتی ئیسلامی درا کە بەردەوام لە بەرزبوونەوەدا بوو.

لێرەدا تەنها چەند دەستەواژەیەك لە کتێبی (*الکامـل فی التـاریخ*)ی (ابـن الأثـیر) دەخوێنینەوە، هەتا گەورەیی ئەو کارەساتە بزانین، ئەگەرچی ئەو کاتە سـەردەمی جەنگیزخان بوو و سەرەتای کارەساتەکە بوو، (ابن الأثیر) دەڵێـت: "چـەند سـاڵێك چاوەڕوانیم کرد و باسی ئەو کارەساتەم نەکرد، چونکە زۆر گەورە بوو لەسەر دڵم و پـێم خـۆش نـەبوو باسـی بکـەم، زۆر دوودڵ بـووم، کـێ بێـت پرسـەی ئیسـلام و موسوڵمانانی لـەلا ئاسـان بێـت؟ کـێ ئـەو باسـەی بـەلاوە ئاسـانە؟ خۆزگـە لـەدایك نەبوومایە، خۆزگە پێش ئەو ڕووداوە بمردمایەوە و بیر بچوومایەتەوە، بەڵام هەندێك لە هاوڕێکانم هانیان دام کە ئەو ڕووداوە بنووسمەوە، منیش وەستام و بیرم کردەوە و گـوتم نەنووسـینەوەی هـیچ سـوودێکی نییـە، لەبـەر ئـەوە دەڵێـت: ئـەو کردەیـە کارەساتێکی گەورە بوو کە شـەو و ڕۆژ هاوشـێوەی ئـەوەی بـە خۆیـەوە نـەدیبوو، هـەموو مرۆڤـەکانی گرتـەوە بەتایبـەتی موسـوڵمانەکان، ئەگـەر کەسـێك بڵێـت: لـە دروستبوونی ئادەمەوە هەتا ئێستا جیهان تووشی کارەساتێکی لەو شێوەیە نەبووە ڕاست دەکات، کتێبەکانی مێژوو ڕووداوێکـی هاوشـێوەی ئـەو ڕووداوە یـاخود نزیـك لەویان لەخۆ نەگرتووە، گەورەترین ڕووداو کە باسـی دەکـەن ئـەو کارەسـاتەیە کـە بوخـت نەصـر (نبوخذنصـر) کوشـتارێکی زۆری لـە بـەنی ئیسـرائیل کـرد، بـەنی ئیسرائیل لەچاو ئەو ژمارە زۆرەی مەغۆل کوشتیان چی بوو؟ تەنها ئەو کوژراوانەی کە لە یەك شاردا کوژران لە ژمارەی بەنی ئیسرائیل زیاتر بوون، لەوانەیە خەڵك هەتا کۆتایی دونیا ڕووداوی لەو شێوەیە نەبینێتەوە، کەسیان نەهێشـتەوە، ژن و پیـاو و

منداڵیان کوشت و سکی ئافرەتە سکپڕەکانیان هەڵدڕی و کۆرپەلەکانیان کوشت، إنا لله وإنا إليه راجعون، ولا حول ولا قوة إلا بالله العلي العظيم". [1]

موسـوڵمانان لـە هـەموو شـوێنێك متمانـەیان لاواز بووبـوو بـەوەی کـە بتـوانن بەرپەرچیان بدەنەوە، هەستی شکست بەسەریاندا زاڵ بوو، (ابن الأثير) باسـی ئـەو هەستەمان بۆ دەکات و دەڵێت: "چـەند کەسـێك سـەبارەت بـەو ترسـەی کـە خـودا خستبویە دڵی خەڵکەوە لە مەغۆلەکان بە شێوەیەك بۆیان باس کـردم کـە لەوانەیـە کـەس بـڕوا نـەکات، تەنانـەت باسـی ئـەوە کـراوە کـە یـەك پیـاوی مـەنگۆلی کاتێـك دەچووە گوندێك یان گەڕەکێك کە دانیشتووانێکی زۆری تێدا بوو، یەك لەدوای یـەك دەستی دەکرد بە کوشتنیان، کەس بوێریی ئەوەی تێدا نەبوو دەست بۆ ئەو سوارە مەغۆلییە درێژ بکات، بۆیـان بـاس کـردووم کەسـێکی تەتـەری پیـاوێکی گرتـووە و هیچی پێ نەبووە بۆ ئەوەی پیاوەکەی پێ بکوژێت، پێی گوتوە سەرت بخەرە سەر زەوی و مـەجووڵێ، ئـەویش سـەری خسـتوەتە سـەر زەوی و تەتەریەکـە چـووە شمشێری هێناوە کەسەکەی پێ کوشتوە! پیاوێك بۆی باس کـردم و گـوتی: مـن و حەڤدە پیاوی تر بە ڕێگایەکدا دەڕۆیشتین، سوارێکی تەتەری هات و گوتی: خۆتان یـەکتری ببەسـتنەوە، سـەیرم کـرد هاوەڵـەکانم فەرمانەکـەی جێبـەجێ دەکـەن و خەریکن یەکتری دەبەستنەوە، پێم گوتن: ئـەو تـەنها کەسـێکە بۆچـی نـەیکوژین و ڕانەکـەین؟ گوتیـان: دەترسـین، گـوتم: ئـەو دەیـەوێت ئێسـتا بتانکوژێـت، ئێمـە دەیکوژین و ڕادەکەین و بەڵکو خودا ڕزگارمان بکات، سوێند بە خودا کەس نـەیوێرا ئەو کارە بکات، خەنجەرەکەم دەرهێنا و چـووم کوشـتم و هـەموومان ڕامـان کـرد و ڕزگارمان بوو". [2]

---

[1] الكامل في التاريخ، ١٢/ ٣٥٨، ٣٥٩.

[2] الكامل في التاريخ، ١٢/ ٥٠٠، ٥٠١.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا هێرشی مەغۆل وەك ئاڵنگارییەك وا بوو بۆ خرۆشـاندنی توانای موسوڵمانان و وزە پەرت و بڵاوەکانی پێ یەك خستن بۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی چارەنووسیان، (عەین جالوت) گۆڕەپانی ئەو تاقیکردنەوەیـە بـوو کـە موسـوڵمانان توانییان تێیدا پارێزگاری لـە بـوونی خۆیـان بکـەن، جگـە لـەوەی کـە بـەرگریکردن لەگـەڵ پاشمـاوەی خاچـدروشمەکان لـە فەلەسـتین و شـام دەسـتی پـێ کـردەوە و بەیەکجاری لەو خاکە وەدەر نران.

هێرشی توندی مەغۆلەکان پاشماوەی تاقمە باتنییەکانی پێچایەوە کە لە چیا و قەڵاکانی فارس و ئازەربایجان خۆیان گیر کردبوو و بۆ ماوەی زیاتر لـە یـەك سـەدە هـــەموو جــۆرە ناپاکییـــەکیان بەرامبـــەر بـــە موســـوڵمانان کـــرد و وزە و توانـــای موسوڵمانانیان لاواز دەکرد، چونکە دەوڵەتە ئیسلامییە یەك لەدوای یەکەکان توانای زاڵبوونیان نەبوو بەسەر ئەو تاقمانەدا.

هەر بەوەوە نەوەستان، بەڵکو شـتێکی چاوەڕواننەکراو ڕووی دا، ئـەویش ئـەوە بوو کە یەکێك لـە سـێ باڵـە گەورەکـەی مـەغۆل کـە بـە بـاڵی ئـاڵتوونیی باشـووری ڕووسیا ناسرابوو موسوڵمانبوونی خۆیان ڕاگەیاند و دواتریش بە ماوەیەکی کەم باڵی سەرەکییش لە وڵاتی فارس و عێراق موسوڵمان بوون.

ئـەو دوو باڵـە ژمارەیـەکی زۆر لـە باشـترین جـەنگاوەرەکانی مـەغۆلیان لـەخۆ گرتبوو، کۆمەڵە گەنجێك موسـوڵمان بـوون کـە توانـای بەدەسـتهێنانی دەسـکەوتی شارسـتانییان هـەبوو، بـە پێچـەوانەی ئـەوەی کـە لـە زانسـتی کۆمەڵناسـیدا بـاس دەکرێت کە ژێردەستە وابەستەیە بـە لاسـاییکردنەوە و شـوێنکەوتنی سەردەسـتە، لێـرەدا پێچـەوانە بـووەوە، سەردەسـتەکان خۆیـان ڕادەسـتی بیروبـاوەڕی ئـایینی ژێردەستەکان کـرد، ئـەوەش بـە هـۆی بـەهێزیی ئیسـلامەوە بـوو کـە ڕەگـەزەکانی ڕاکێشانی زۆرە لەگەڵ جیاوازیی کات و شوێن و کۆمەڵگاکان.

هێرشی هێزە بتپەرستەکان بچووك بوونەوە، چەند سەدەیەك تێپەڕی گۆڕەپانی ڕووبەڕووبوونــەوەی موســوڵمانان لەگــەڵ ڕۆژئــاوای مەســیحی بــوو بــە هــەر ســێ شەپۆلەکەیەوە: هەڵگەڕانەوەی ئیسپانی و خۆکۆکردنەوەی ئیسپانی - پورتوگـالی و داگیرکاریی کۆن.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جاربەجار هێرشێکی بتپەرستان لێرەولەوێ ڕووی دەدا بـە پلەی یەکەم لە گۆڕەپانی ئەفریقا و هینـد، ئــەوە ئەگــەر بمانــەوێت هــەردوو ئــایینی بوزی و هیندۆسی بە بتپەرستی هەژمار بکەین، لە هــەردوو گۆڕەپانەکـە هێرشـبەرە بتپەرستەکان ڕۆڵی گــەورەیان لــە دژی ئیســلام و موســوڵمانان بینــی، هەنـدێك جـار سەربەخۆ و هەندێك جاریش بە پاڵپشتیی خاچدروشمەکان و داگیرکەران هەستان بە زنجیرەیەك فشار و تەنگەتاوکردن کـە خـۆی دەبینییــەوە لــە بێبەشـکردن لــە مافــە ئایینی و مەدەنی و مرۆییەکان و تەنانەت کوشتنیشدا، بۆ ئــەو کارەشـیان پاسـاوی زۆر سادەیان هەبوو، قوربانیانی ئەو ڕووداوانە بە دەیان هەزار کەس لە موسوڵمانان مەزەندە دەکرا.

لەبەر ئەوەی ئەو هێرشانە پاڵپشتێکی هزری یاخود ئایینیی کاریگــەریان نــەبوو، مەترسییەکەیان سنووردار بوو لە چوارچـێوەی توانـا مـاددی و سیاسـییەکانی ئــەو هێزانەدا بۆ تەنگەتاوکردن و لەناوبردنی موسوڵمانان، ئەگەرچی نابێت ئەو پاشـخان و پاڵپشــتییەی خاچــدروشمە داگیرکــەرەکان فــەرامۆش بکــەین، کــە بەبــەردەوامی هــەوڵیان دەدا ئــەو هێرشــانە بــۆ هێنانــەدیی ئامانجــەکانی خۆیــان بــەکار بهێــنن و بیانکەنە سەری ڕم لە دژی قەوارەی ئیسلامی لەو ناوچانەدا.

**٢ـ جوولەکە:**

کەمێك پێش هاتنی ئیسلام و لە سۆنگەی دەقەکانی تەوراتەوە سەبارەت بە هاتنی کۆتا پێغەمبەر، جوولەکەکان پەیتاپەیتا نزیکبوونەوەی کاتی هاتنی کۆتا پێغەمبەریان ڕادەگەیاند و خۆیانیان پێوە هەڵدەکێشا، هەڕەشەیان لە نەیارە عەرەبەکانیان دەکرد و دەیانگوت ئەو پێغەمبەرەی کە دێت لە خۆمانە، بە هەمان شێوەش هەڕەشەیان لە هەموو نەیارەکانی تریان دەکرد[1]، زۆرینەی زاناکانی جوولەکە چاوەڕوانی ئەوەیان نەدەکرد کە ئەو پێغەمبەرە چاوەڕوانکراوە مەترسیی لەسەر بوونی ئەوان دروست بکات و بە بانگەوازە جیهانییە کراوەکەی هەموو کۆڕ و کۆمەڵە ڕەگەزییە داخراوەکانیان ڕابماڵێت و بە بنەما ڕوون و لێبوردەکانی پەردە لەسەر گشت ڕێوڕەسمە ئایینییە ساختەکانیان هەڵبماڵێت.

کاتێك دەوڵەتی ئیسلامی لە مەدینە دامەزرا، جوولەکەکانی مەدینە لە توانایاندا نەبوو بەئاشکرا دژایەتیی خۆیان بۆ ئەو دەوڵەتە ڕابگەیەنن، لە کاتێکدا ڕۆژ بە ڕۆژ موسوڵمانان لە زیادبووندا بوون لە بەرژەوەندیی جوولەکەکاندا نەبوو کە دژایەتیی ئیسلام لەئەستۆ بگرن، لە کاتێکدا قوڕەیشییەکانیش بەهێز بوون، زۆرینەی خێڵە جوولەکەکان بە دەستووری مەدینە ڕازی بوون، ئەو دەستوورەی کە پێغەمبەر بۆ ڕێکخستنی کاروباری سیاسی و مەدەنی ڕایگەیاند، بە چەند لایەنێك چوونە ناو ئەو دەستوورەوە بە مەبەستی ئەوەی ئەو کاتانە بقۆزنەوە تا پشوویەکی تێدا بدەن لە بەرامبەر ئەو ڕووداوە خێرایانەی کە لە ناوچەکەدا ڕوویان دەدا.

لەگەڵ ئەوەدا کە لەو پەیماننامەیەدا بە دەق هاتووە و باسی ئەوە دەکات کە دەبێت جوولەکەکان لەگەڵ موسوڵمانەکاندا بەشدار بن بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر هێرشێکی بتپەرستی کە دەکرێتە سەر مەدینە و دەبێت بە داراییش بەشدار بن، بەڵام جوولەکەکان هیچکام لەو دوو مەرجەیان جێبەجێ نەکرد کە لەو بەندەدا

---

[1] الطبري، التاريخ، ٣/ ٣٥٤.

هاتبوو، پێغەمبەریش نەیویست زۆریان لێ بکات بۆ جێبەجێکردنی ئەو مەرجانە، تەنها ئەوەی بەلاوە گرنگ بوو چالاکیی جوولەکەکان سڕ بکات لە دژی ئیسلام، ئەویش خۆی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی یەکلاکەرەوە لەگەڵ قورەیشییەکاندا یەکلا بکاتەوە، هەر لەبەر ئەوە کاتێك کە لە جەنگی ئوحوددا لە پێغەمبەریان پرسی: ئەی پێغەمبەری خودا بۆچی داوای هاوکاری لە جوولەکە هاوپەیمانەکانمان ناکەین؟ لە وەڵامدا پێغەمبەر فەرمووی: ئیشمان پێیان نییە.[1]

مەبەستی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) لە نووسینی ئەو دەستوورە و پەیماننامەکانی تریش کە لەگەڵ خێڵەکانی مەدینە نووسیی، ئەوە بوو کە سیستەمە کۆنەکە بڕووخێنێت و سیستەمێکی تازە دابمەزرێنێت کە هەموو لایەنەکانی مەدینە یەك بخات و لەدوای پەرتەوازەیی جارێکی تر هەموو گەڕەکەکانی مەدینە ببنەوە بە یەك شار.[2]

هەتا ماوەیەکی کەم لە دوای کۆچ پەیوەندییەکانی پێغەمبەر و جوولەکەکان بەباشی ڕۆیشت، پێغەمبەر لەلای خۆیەوە دەیویست جوولەکەکان لە پاڵنەر و ئامانجی بزووتنەوە ئایینییەکەی تێبگەن، هەروەها ویستی جوولەکەکان لەو ڕەگەزە هاوبەشانە تێبگەن کە ئایینەکانی پێشتر بە ئیسلامەوە دەبەستنەوە، بەتایبەتی جوولەکەکان بە چاوی خۆیان دەقەکانی پەیامەکەی خۆیان دەبینی، کە پێغەمبەرایەتیی موحەممەدیان دووپات دەکردەوە، هەروەها یەك سەرچاوەیی هەردوو ئایینی ئیسلام و جوولەکە وای کرد کە هەندێك لە دروشمە ئایینیەکان لە ئیسلامدا هاوشێوەی جوولەکەکان جێبەجێ بکرێن، دیارە ئەوەش زۆر ئاساییە بۆ بانگەوازێك کە خودی خۆی چەندین جار ئەوەی ڕاگەیاندووە کە درێژەپێدەری ئەو بانگەوازە ئایینییە گەورەیەیە کە ئیبراهیم دەستی پێ کرد و دواتریش موسا و

---

[1] ابن هشام، تهذيب، ص١٧٥، ١٧٦.

[2] إسرائيل ولفنسون، تاريخ اليهود في بلاد العرب، ١١٦، ١١٧.

عیسا بانگەوازیان بۆ کرد، لێرەشدا بەئاشکرا هەڵەی هەندێك لە نووسەر و ڕۆژهەڵاتناسەکانمان بۆ دەردەکەوێت، بۆ نموونە (بروکلمان) کە دەڵێت: "لە سەرەتای هاتنی پێغەمبەروە بۆ مەدینە لە ڕێنماییە ئایینییەکانیدا لەژێر کاریگەریی جوولەکەکاندا بوو، ئەویش لەبەر ئەو پەیوەندییە بوو کە لەگەڵیاندا هەیبوو، وا پێدەچێت کە پێغەمبەر لەدوای گەیشتنی بۆ مەدینە چاوەڕوانی موسوڵمانبوونی جوولەکەکان بووبێت، ویستی لە ڕێگای گونجاندنی دروشمەکانی ئیسلام لەگەڵ دروشمەکانیان لە هەندێك ڕووەوە موسوڵمانیان بکات". [1]

لەبەر ئەو نەرمی و سۆزدارییەی کە ئیسلام بەرامبەر جوولەکەکان هەیبوو، بەبێ ئەوەی لە هۆکارەکەی تێبگەن، جوولەکەکان لە سەرەتای سەردەمی مەدینەدا هیوایان وا بوو پێغەمبەر دان بە بیروباوەڕەکەیاندا بنێت، بەڵام بە پێچەوانەوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ سەرچاوەی سەرەکیی ئەو مەترسییە دەردەکەوت کە ئەو بانگەوازە هەیەتی بۆ ئایینی جوولەکە، پێغەمبەر بانگەوازی بۆ یەکتاپەرستییەك کرد کە جیاواز بوو لە یەکتاپەرستییە ڕەگەزپەرستییە داخراوە خۆبەزلزانییەکەی جوولەکە، ئەوان بڕوایان وا بوو خودا خودای ئیسرائیلە و ئەوانی بەسەر هەموو خەڵکدا هەڵبژاردووە، بەوەش خۆیان لە خەڵك جیا دەکردەوە، کاتێك موحەممەد (دروودی خودای لەسەر) هات و بانگەوازی کرد بۆ ئەو خودایەی کە خودای هەموو خەڵکە بەبێ جیاوازیی ڕەگەزییان، ئەو تایبەتمەندییەی لە بەنی ئیسرائیل سەندەوە کە بەردەوام هەڕەشەیان پێ لە خەڵك دەکرد، لەو کاتەوە هیچ ڕێککەوتنێك لەنێوان جوولەکەکان و موحەممەددا نەما، چونکە موحەممەد هەوڵی تێکشکاندنی ئەو بنەمایانەی دا کە پێشتر جوولەکە لەسەری ڕۆیشتبوو، لە ئەنجامی ئەوەوە چەندین تێکگیران و گفتوگۆی توند کەوتە نێوان موحەممەد و جوولەکەکان و دواتر سەری کێشا بۆ ئەوەی جوولەکەکان سەرکەشییان نواند و ڕووبەڕووی پێغەمبەر بوونەوە،

---

[1] تاريخ الشعوب الإسلامية، ص٤٧.

تەنانــەت دوژمنكارییەكــەیان پــاڵی پێــوە نــان بــۆ بەباشــزانینی بتــەكان بەســەر یەكتاپەرستیدا.[1]

ململانێی نێوان پێغەمبەر و جوولەكەكان بە گفتوگۆی ئایینی دەستی پــێ كـرد، زانا جوولەكەكان پرسـیاریان ئاڕاسـتەی پێغەمبـەر دەكـرد، پرسـیارەكان گەیشـتنە ڕادەیەك كە پێغەمبـەریان ئـازار دەدا، بـەردەوامیش قورئـان سـەبارەت بـە وەڵامـی پرسیارەكانیان دادبەزی،[2] دووڕووەكان لایەنگریی جوولەكـەكان بـوون لـە جـەنگی دەروونییاندا دژی موسوڵمانان، ئەوەش نائارامیی زیاد كرد،[3] جوولەكەكان هەوڵیان دا نێوان كۆچكردوو و پشـتیوانەكان و ئـەوس و خـەزرەج تێـك بـدەن و لـە ئیسـلام هەڵیان بگێڕنەوە بۆ هاوەڵپەیداكردن،[4] لەگـەڵ ئەوەشـدا چـەند ئایـەتێكی قورئـان هەنـدێك لـە جوولەكـەكان جیـا دەكەنـەوە وەك ئاماژەیـەك بـۆ ئـەوەی كـە ئـەوان هەڵوێستیان باش بوو، هەندێك لە جوولەكەكانیش بەبێ ئـەوەی زۆریـان لـێ بكرێـت موسوڵمان بوون[5]، هەروەها پەیوەندییەكی باش لەنێوان كۆچكردووەكان و هەندێك لـە جوولەكەكانـدا دروسـت بـوو، سـەردانیان دەكـردن و پرسـیاریان لـێ دەكـردن و گوێیان لێ دەگرتن، بۆیان دەركەوت تەورات پشتگیریی قورئان دەكات و قورئانیش پشتگیریی تەورات دەكات.[6]

كاتێكیش ململانێی توند و دوورودرێژی نێوان ئیسلام و بتپەرسـتی دەسـتی پـێ كرد جوولەكەكان بە هەموو قورسایی خۆیانەوە چوونە پاڵ بتپەرسـتەكان، هەرچـی

---

[1] الشريف، مكة والمدينة، ص٤١٢، ٤١٥.

[2] ولفنسون، تاريخ اليهود في بلاد العرب، ص ١٢٣ـ ١٢٥.

[3] دروزة، سيرة اليهود في بلاد العرب، ١٢٣ ـ ١٢٥.

[4] الشريف، مكة والمدينة، ص٤٧٤، ٤٧٩.

[5] دروزة، سيرة الرسول، ٢/ ٢٠٧، ٢٠٨، هەروەها بڕوانە: سورة البقرة: ٥٩، ٦٢، ٦٦، ٨٠، ٨٣، وآل عمران: ١١٣، ١١٥، والنساء: ١٦٢.

[6] الشريف، مكة والمدينة، ص٤٧٤.

شێواز و جووڵەی دوژمنکارانەیە بـەکاریان هێنـا، وەك: جـەنگی دەروونـی، کێشـەی کۆمەڵایـەتی، تیرۆرکردنـی تاکـەکان، جووڵـەی سـەربازی، ناپـاکی لـە کاتـە هەستیارەکاندا، هاندان و کۆکردنەوەی هێزە دژەکانی ئیسـلام بـۆ ئـەوەی لـە یـەك کەوانەوە لە ئیسلام بدەن، بەڵام جوولەکەکان بەخت یاوەریان نەبوو، ئەو دوژمنانـە بـە یـەکڕیزی ڕووبـەڕووی ئیسـلام نەبوونـەوە، بـەوەش پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسەر) توانی یـەك بـە یـەك ڕووبـەڕووی دوژمنـەکانی ببێتـەوە و یـەك لـەدوای یـەك شکسـتیان پـێ بهێنێـت، سـەرەتا (بـەنو قـەیونقاع) لـە سـاڵی (٢ك)داو دواتـریش (بەنونەزیر) لە ساڵی (٤ك)دا و (بەنوقوڕەیزە)ش لە سـاڵی (٥ك)دا و لـە کۆتاییشـدا جوولەکەکانی خەیبەر لە ساڵی (٧ك)دا، لەوانەیە جوولەکـە بیریـان لـە جووڵـەی بـە کۆمەڵ کردبێتەوە، بەڵام ترسی سەرەنجامی ئەو کارەیـان هـەبوو، لـەوە دەترسـان هەموویان بەیەکەوە ئاشکرا ببن لە کاتێکدا جوولەکەکان خویان بە کاری ئاشـکراوە نەگرتبوو، لەبەر ئەوە پێیان باش بوو هەر خێڵە و بەتەنها هەل بقۆزێتەوە و گورزی خۆی لە ئیسلام بدات و دەوڵەتەکەی لاواز بکات.

قەڵاکانی خەیبەر دوابنکـەی سـەربازیی جوولەکـە بـوون لـە دورگـەی عەرەبیـدا، لەوێوە چەندین هەوڵ درا بۆ لێدانی موسوڵمانان و دەوڵەتەکـەیان، هـەر وەك چـۆن بوو بە پەناگەیـەك بـۆ ئـەو جوولەکانـەی کـە لـە مەدینـە دەرچـووبوون، لەبـەر ئـەو هۆکارانە پێویست بوو خەیبەر بکەوێتە دەستی موسوڵمانان، لەگەڵ ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی کە دوای بەرگرییەکی سـەخت پێغەمبـەر لـە خەیبـەردا بەدەسـتی هێنـا، کاتێك جوولەکەکان داوایان لێ کرد خوێنیـان نەڕێـژێت، پێغەمبـەر بـەگوێی کـردن، کاتێکیش داوایان لـێ کـرد لەسـەر زەوییـەکانی خەیبـەر بیانهێڵێتـەوە لـە بەرامبـەر ئەوەی نیوەی بەروبومەکەیان بدەن بە موسوڵمانان، پێغەمبەر بە داواکـەیان ڕازیـی بوو بە لەبەرچاوگرتنی توانای جوولەکەکان لە کشـتوکاڵکردندا، پێغەمبـەر (دروودی خودای لەسەر) دەیویست سوود لە هەموو وزەیەك وەربگرێت بۆ ئاوەدانکردنـەوە و

بەرهەمهێنانی ئەو زەوییانە، لەگەڵ ئەوەشدا بۆی ڕوون کردنەوە و ئاگاداری کردن کە ئەو بڕیارە پابەندکەر نییە بۆ هەتاهەتایە، بەڵکو هەر کاتێك ویستی دەریان بکات دەریان دەکات، ئەوەش وەك پێشبینییەك بۆ ئەوەی ئەگەر ناپاکییەکیان کرد دەریان بکات.

مێژوونووسی جوولەکە: ئیسرائیل ولفنسون، ئاماژە بەوە دەکات کە بابەتێك هەیە جێگەی هەڵوێستەلەسەرکردنە، ئەویش ئەوەیە لەناو ئەو دەستکەوتانەی کە لە خەیبەر کەوتنە دەستی موسوڵمانان، چەند پەڕەیەکی تەوراتیان تێدا بوو، کاتێك جوولەکەکان هاتن و داوای ئەو پەڕانەیان کردەوە، پێغەمبەر ڕادەستی کردنەوە، ئەوەش بەڵگەی ئەوەیە کە ئەو پەڕانە پلەوپایەیەکی بەرزیان هەبوو لە دەروونی پێغەمبەردا، بە شێوەیەك جوولەکەکان بە پەنجەکانی دەستیان ئاماژەیان بۆ پێغەمبەر دەکرد، چونکە هیچ زیانێکی بە پەڕەکانیان نەگەیاندبوو، لە بەرامبەر ئەوەدا باسی هەڵسوکەوتی ڕۆمەکانیان دەکرد، کاتێك لە ساڵی (٧٠ز) دا ئۆرشەلیمیان داگیر کرد، چۆن کتێبە پیرۆزەکانیان سووتاند و خستیانە ژێر پێیانەوە، هەروەها باسی مەسیحییە دەمارگیرەکان دەکەن لە پرۆسەی چەوساندنەوەی جوولەکەکاندا لە ئەندەلووس، کە چۆن تەوراتیان سووتاند، ئەوەیە جیاوازیی گەورەی نێوان ئەوان و پێغەمبەری ئیسلام (دروودی خودای لەسەر).[1]

کاتێکیش جوولەکەکانی گوندی (فەدەك)، کە لە نزیك خەیبەر بوون، هەواڵی هاوئایینەکانیان لە خەیبەر بیست کە چۆن موسوڵمانان هەڵسوکەوتی جوانیان لەگەڵدا کردوون، هەواڵیان بۆ پێغەمبەر نارد و پێیان ڕاگەیاند کە دەیانەوێت ڕێککەوتنی لەگەڵ بکەن لەسەر نیوە بە نیوەی زەوییەکانیان،[2] سەبارەت بە (وادی القری) ئەوانیش یاخی بوون و پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) گەمارۆی دان و

---

[1] تاريخ اليهود في بلاد العرب، ص١٧٠.

[2] الواقدي، المغازي، ٢/ ٧٠٦، ٧٠٧، والبلاذري، فتوح، ١/ ٣٣، وخليفة بن خياط، تاريخ، ١/ ٤٧، ٤٨.

بـانگی کـردن بـۆ ئیسـلام، بـەڵام ئـەوان سـوور بـوون لەسـەر جـەنگ، هەنـدێك ڕووبەڕووبوونـــەوەی ســـنووردار ڕوویـــان دا و پێغەمبـــەریش بـــەردەوام داوای موسـوڵمانبوونی لـێ دەکـردن و ئـەوانیش ڕازی نـەدەبوون، سـەرەنجام پێغەمبـەر (دروودی خودای لەسەر) بە زەبر گوندەکەی فەتح کـرد و کێڵگـەکانیانی بـەنیوەیی ڕادەستی خۆیـان کـردەوە، کـاتێکیش جوولەکـەکانی (تیمـاء) هـەواڵی سـەرکەوتنە ئیسـلامییەکانیان بیسـت، لەگـەڵ پێغەمبـەردا ڕێـك کـەوتن لەسـەر ئـەوەی لـە ناوچەکەیاندا بمێننەوە و لە بەرامبەردا سەرانە بدەن.[1]

لە دوای ئەوە جوولەکەکان وەك هێزی سەربازی کۆتاییان پـێ هـات، تـەنها وەك هاووڵاتی مانەوە و لە سنووری دەوڵەتی ئیسلامیدا مافەکانی خۆیان پیادە دەکرد و کەس دەستی خراپی بۆ درێژ نەدەکردن، هەندێکیشـیان گەڕانـەوە بـۆ مەدینـە، لـە سیرەی ئیبن هیشام و مەغازی واقیدیدا باسـی هەنـدێکیان کـراوە، هـەروەها دەق و ڕیوایاتی مێژوویی زۆر هەن لەسەر ئەوەی کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) لـە دوای جـەنگی خەیبـەر بـە ڕوحـی لێبووردەییـەوە مامەڵـەی لەگـەڵ جوولەکەکانـدا کردووە، تەنانەت ئامۆژگاریی موعازی کوڕی جەبەلی کـرد کـە کاربەدەسـتی یەمـەن بـوو، فـەرمووی: (نابێـت جوولەکـە لەسـەر جوولەکایـەتی بکوژرێـت)، بـە هـەمان شێوەش لەگەڵ جوولەکەکانی بەحرەین مامەڵە کرا، تەنها داوای سەرانەیان لێ کـرا و لەسـەر ئـایینی بـاوك و باپیریـان مانـەوە، لـە هـەموو ئەوانـە گـرنگتر ئـەو مـاف و بەخششانە بوون کە پێغەمبەر پێشکەشی کرد بە ئالی (بنـی حنینـە)ی خەیبـەری و خەڵکی مەقنا و چەند خێزانێکی زۆری خەیبەر، ئەمە جگـە لـەوەی زەوییـەکانیان و نیوەی بەروبوومەکەشیان پێ درا وەکو ئیبن هیشام و بوخاری باسیان کردووە.[2]

---

[1] الواقدي، المغازي، ٢/ ٧٠٩، ٧١١، والبلاذري، فتوح، ١/ ٣٩، ٤٠، والمسعودي، التنبيه والإشراف، ص٢٢٤.

[2] ولفنسون، تاريخ اليهود في بلاد العرب، ص١٧٥ ـ ١٧٨، ١٨١، والبلاذري، فتوح، ١/ ٦٦، ٨٥، ٩١.

لەگەل سنگفراوانیی سەرکردە و کۆمەڵگا ئیسلامییەکان لەگەڵ جوولەکە و تاقمە ناموسوڵمانەکانی تریشدا، کە لەژێر دەستیاندا دەژیان، بە شێوەیەك کە لە مێژوودا لێبوردەیی ئاوا نەبینراوە، تەنانەت لە ڕووی پێدانی هەلی کار بەیەکسانی و وەرگرتنی پۆستە بەرزەکانیشەوە،[1] لەگەڵ ئەو کرانەوەشدا بەڵکو لەوانەیە بە هۆی ئەو کرانەوەشەوە بووبێت، دەبینین جوولەکەکان بەردەوام پیلانی تێکدەرانەیان دەگێڕا دژی ئیسلام وەك بیروباوەڕ و شەریعەت و دەوڵەت و کۆمەڵگا، جوولەکەش بەوە ناسراوە کە توانایەکی ناوازەیان هەیە بۆ پیلان و تێکدان.

زیادەڕەوی نییە ئەگەر بڵێین بەشێك لە ئالۆزی و ئاشووبەکان و دروستبوونی تاقمە لادەرەکان و کۆمەڵە ئایینییە دژەکانی ئیسلام و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان کە خۆیان لە پابەندبوونە ئیسلامییەکان داماڵیبوو، هەندێك لەوانە دەستی جوولەکەیان لەپشت بوو و ئەوان ئاگرەکەیان خۆش دەکرد بۆ لاوازکردنی ئیسلام و نەهێشتنی ئەو تایبەتمەندییانەی کە لە ڕێباز و ئایینەکانی تر جیای دەکاتەوە.

توێژەر دەتوانێت بەئاشکرا هەست بە کاریگەریی جوولەکە بکات لە پاشخانی هزریی هەندێك لە باڵە توندڕەوەکانی بزووتنەوەی ئیسماعیلیدا و لە بزووتنەوەی بابی و بەهائیشدا لە ئێران، ئەوە جگە لە چەندین کاری ئاشووب و بانگەشەی گومڕاکەر، کە لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا بڵاویان کردەوە.

کۆمەڵگای ئیسلامی لەسەر هەموو ئاستەکان کراوەیە، هەر جوولەکەیەك بیویستایە دەیتوانی شوێن بیروباوەڕی ئیسلامی بکەوێت و بەبێ ئەوەی کە بەتەواوی تێکەڵی بێت و تێیدا بتوێتەوە، هەروەها دەیتوانی بەئاشکرا موسوڵمان ببێت و بەنهێنییش هەر جوولەکە بێت، هیچ لێکۆڵینەوەیەك نەبوو بۆ پێناسی ئەو کەسە و هیچ پێوەرێك بۆ ئەندازەی پابەندبوونەکەی و هیچ دامودەزگایەکی

---

[1] بڕوانە بەشی چوارەمی ئەم پەڕاوە.

ئاساییش و پۆلیس نەبوو بەدوای ئاشکراکردنی ئەو کەسانەوە بێت کە دووڕوون و دوو بیروباوەڕیان هەیە، هەر وەك لە ئێستادا ئەو دامودەزگایانە هەن.

عەبدوڵڵای کوڕی سەبەء لە گۆڕەپانەکەدا تەنها نەبوو، بەڵکو دیاردەیەکی مێژوویی بوو، کە بریتی بوو لە خۆشاردنەوەی جوولەکەیەك لەژێر ناوی ئیسلامدا، لە میانەی پابەندبوونی ئاشکرایەوە بە کۆمەڵگای ئیسلامییەوە کاری لەسەر تێکدانی ئەو کۆمەڵگایە و ڕووخاندنی جێگیرەکانی دەکرد.

لە سەرەتای مێژووی ئیسلامیدا تیشك دەخرێتە سەر عەبدوڵڵای کوڕی سەبەء و لە کۆتاییشدا زۆر ئاماژە بە جووڵانەوەی دۆنمە دەکرێت، کە ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو لە ڕووخاندنی دەسەڵاتی عوسمانیدا، چونکە عوسمانییەکان ڕەتیان کردەوە جوولەکەکان لە فەڵەستین نیشتەجێ ببن، دەبێ ئەوەش بزانین کە لەنێوان هەردوو دیاردەی سەبەئی و دۆنمەدا دەیان دیاردەی تر هەبوون و سەدان هەوڵی تر لەو ئاستەدا دراون، کە بریتی بوون لە خۆشاردنەوە لەژێر ناوی ئیسلام و لەناویشەوە مەبەستیان تێکدانی ئیسلام بوو.

تەنانەت لە مێژووی هاوچەرخیشماندا ئەو دیاردەیە دەبینین، کە یەکێکە لە شێوازەکانی کاری جوولەکە لە جیهانی ئیسلامیدا، هەموومان (کمال ثابت أمین) دەناسین، ئەو پیاوەی توانی لە پەنای ناوە عەرەبییەکەیدا و لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا لە سوریا پلەکانی دەسەڵات ببڕێت، تا گەیشتە پلەی وەزیر، ئەوە جگە لە پلە حزبییەکانی پێشووی، دوای ماوەیەك ئاشکرا بوو ئەو پیاوە سیخوڕی ئیسرائیلە و ناوی (إيللی کوهین)ە، ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە پێدانی زانیاریی ورد و نەخشەی دووردرێژ بە ئیسرائیل سەبارەت بە گرنگترین و ستراتیجیترین ناوچەی نیشتمانی عەرەبی کە جۆلانە، تۆڕێکی پەیوەندییشی

دروســت کردبــوو بــۆ ئــەوەی ئیســڕائیل بەئاســانی دەســتی بگــات بــەو ناوچــە هەستیارە.[1]

دژە هێرشی جوولەکە بۆ سەر ئیسلام و موسوڵمانان لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و لە ڕێگەی بزووتنەوەی زایۆنیزمەوە دەستی پــێ کـرد، ئـەو بزووتنەوەیـە لـە سـاڵی (١٨٩٦ز)دا و لە کۆنگرەی بازل بە سەرۆکایەتیی هرتزل دەستی بە کارەکـانی کـرد بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکانی، پلانی دوورودرێژیان دانـا بـە ئامـانجی دامەزرانـدنی نیشتمانێکی نەتەوەیی بۆ جوولەکە، سەرەتا ویسـتیان لـە ڕێگـەی دیبلۆماسـییەوە کەلێنێك لە جەستەی دەوڵەتی عوسمانیدا بدۆزنەوە تا لە ڕێیــەوە بچـنە نـاو خـاکی فەڵەستینەوە، لەوێشەوە ڕێگە خۆش بکەن بۆ دروستکردنی دەوڵەتەکەیان، کاتێـك سوڵتان عەبدولحەمید ڕووبەڕووی ئەو هەوڵە بووەوە، زایۆنییەکان پەنایان بردە بـەر شـێوازێکی تـر، ئـەویش ئـەوە بـوو زۆرێـك لـە جوولەکـەکانی دانیشـتووی سـنووری دەسـەڵاتی دەوڵـەتی عوسمـانی موسـوڵمانبوونی خۆیـان ڕاگەیانـد و لەگـەڵ ژیـانی موسـوڵمانان تێکـەڵ بـوون، لەوێشــەوە بزووتنــەوەی دۆنمـە دەسـتی پــێ کـرد بـە مەبەستی فراوانکردنی چالاکییەکانی کۆمەڵەی (الإتحاد والترقي)، ئەو کۆمەڵەیـەیان پاڵنا بۆ جێبەجێکردنی پیلانە گەورەکەیان، کە بریتی بوو لە خستنی ئـەو پیـاوەی کە ڕابەرایەتییەکەی وەك دیوارێکی پۆلایین وا بوو لە بەرامبەر ویسـت و پیلانـەکانی جوولەکەدا.

نوئیل (عما قره صو أفندی) کە سەرۆکی (سلانیك) بوو لـە سـاڵی (١٩٠٠ز)دا لـە ڕێگەی عارف بەگەوە چوو بۆ لای سوڵتان و پێی ڕاگەیانـد کـە لەلایـەن بزوتنـەوەی زایۆنیزمــەوە نێـردراوە و بــە مەبەسـتی داواکردنــی ئــەو زەوییانــەی کـە دەکەونـە سێگۆشەی نێوان یافا و غەزە و دەریای مردووەوە بۆ کۆمەڵەکـەیان و لـە بەرامبـەر پێـنج ملیـۆن لـیرەی ئـاڵتوونی کـە کۆمەڵـەی زایـۆنی وەك دیـاری دەیبەخشـێتە

[1] بڕوانە: محمد جلال كشك، إيللي كوهين من جديد.

گەنجینەی دارایی دەوڵەتی عوسمانی، هەروەها بیست ملیۆنیش بە قەرز و بەبێ سوود دەدات بە حکومەت بۆ ماوەیەك کە خۆی دیاریی دەکات، کاتێك سوڵتان گوێی لەو وتانە بوو تووڕە بوو و (قەرە صو)ی دەرکرد.

هرتزل بەئاشکرا ئاماژە بەو بابەتە دەکات و دەڵێت: "ئەگەر سوڵتانی گەورە فەڵەستینمان بداتێ ئێمە بەتەواوەتی کێشە داراییەکانی تورکیا چارەسەر دەکەین"، سوڵتان عبدالحمید لە حوزەیرانی ساڵی (١٨٩٦ز) بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە: "ئیمپراتۆریەتی تورکی موڵکی من نییە، بەڵکو هی گەلی تورکیایە، من ناتوانم هیچ بەشێکی دابەش بکەم، با جوولەکە ئەو ملیارەهایەی خۆیان هەڵگرن، هەر کاتێك ئیمپراتۆریەتەکەم دابەش کرا ئەو کاتە دەتوانن بەبێ بەرامبەر فەڵەستینیان دەست بکەوێت، ئەوەی دابەش دەکرێت تەنها جەستەمانە، بە هیچ شێوەیەك ڕازی نابم بەزیندوویی جەستەمان توێکاریی تێدا بکرێت".[1]

لە ساڵی (١٨٨٨ز)دا سوڵتان عبدالحمید بڵاوکراوەیەکی ڕاگەیاند و کۆچی بەکۆمەڵی جوولەکەکانی بۆ خاکی دەوڵەتی عوسمانی قەدەغە کرد، دیارە فەڵەستینیش بەشێك بوو لەو خاکە، قەدەغەشی کرد حاجییە جوولەکەکان سێ مانگ زیاتر لە فەلەستین بمێننەوە.

دەبووایە سوڵتان باجی ئەو هەڵوێستانەی بدات، بزووتنەوەی (الإتحاد والترقي) کە چەندین کەسایەتیی ماسۆنی و جوولەکە دەستیان بەسەر سەرکردایەتییەکەیدا گرتبوو و بە ڕووکەش خۆیان بە موسوڵمان دەزانی، ئەو بزووتنەوەیە لە ساڵی (١٩٠٩ز)دا سوڵتانیان لەسەر کار لا برد، ئەوەی جێگەی سەرسوڕمان بوو خودی (قەرەصو) بڕیاری لەسەرکارلابردنەکەی پێشکەش کرد.

دوای لەسەرکارلابردنی سوڵتان، دەسەڵاتی عوسمانییەکان کەوتە دەست کەسانێك کە لەژێر چاودێریی جوولەکەدا بوون، بەوەش بارودۆخەکە گۆڕا و

---

[1] مؤسسة الدراسات الفلسطينية، بيروت، ١٩٦٨م، ص٣٧، ٣٨.

بزووتنەوەی زایۆنی دەستکەوتی زیاتریان دەستکەوت، بۆ نموونە ئەمانە باس دەکەین:

١ـ بزووتنەوەی زایۆنی بوون بە سەرچاوەی دارایی ڕۆژنامەی (الترکي الفتي)، هەر بۆ خۆیان سەرنووسەریان بۆ دانا و دایانە دەستی (جەلال نوری بەگ) کە یەکێك بوو لە کەسایەتییە دەستڕۆیشتووەکان و کوڕی وەزیرێکی تورکی بوو، کاتێك (فلادیمێر جابوتنسکی) لەسەر بڕیاری (جاکوبسن) هات بۆ نوسینگەی ئاستانە، تۆڕی ئەو ڕۆژنامانەی کە لەژێر دەستی زایۆنیزمەکاندا بوون لە ناوەڕاستی ساڵی (١٩٠٩ز)دا جگە لە (الترکي الفتي) بریتی بوون لە: (گۆڤاری الفجر بە زمانی فەڕەنسی، گۆڤارێکی هەفتانە بوو و لوسیان سیتو سەرنووسەری بوو، گۆڤارێکی هەفتانە بە زمانی عیبری و ئیسپانی کە (داڤید الکانون) سەرنووسەری بوو، هەروەها گۆڤارێکی هەفتانە بە عیبری، جابوتنسکی توانی هاوکاریی چەندین کەسایەتیی دیاری جوولەکەی تورکی بەدەست بهێنێت بۆ بەرژەوەندیی زایۆنیزم، لە سەرووی هەموویانەوە هەردوو ئەندام پەرلەمانی دیاری عوسمانی (نەسیم روسو و نەسیم مازلیاح) کە پێشتر بەشدارییان کردبوو لە دامەزراندنی بزووتنەوەی (ترکیا الفتاة).

٢ـ لەدوای سەرکەوتنی بزووتنەوەی (الإتحاد والترقي) جوولەکەکان هیوایان بۆ دروست بوو کە دەتوانن بەئازادانە دەست بەسەر فەلەستیندا بگرن، چونکە دەسەڵاتدارە تازەکان پەیوەندییان لەگەڵ جوولەکەدا زۆر باش بوو، ئەوان پێیان وا بوو کە (بن غوریون) و ئەو جوولەکانەی تریش کە بەنهێنی هاتبوونە ناو خاکی دەوڵەتی عوسمانییەوە دەتوانن ڕەگەزنامەی تورکی وەبگرن.

٣ـ حکومەتی نوێ سێ وەزیری جوولەکەی تێدا بوو، وەزیری دارایی کە بە بنەچە جوولەکە بوو چەند جوولەکەیەکی هەلپەرست و چەند دەڵاڵێکی کڕین و فرۆشتنی زەوی و زاری لەناو وەزارەتدا لە خۆی کۆ کردبووەوە، تەنانەت یەکێك

لەوانە سەرۆکی دیوانی وەزارەت بوو، حکومەتیش بواری بۆ کۆچی جوولەکەکان بۆ فەڵەستین ڕەخساند و ڕێگەی پێ دان زەوی وزار بکڕن.[1]

جەنگی جیهانیی یەکەمیش هەموو موڵکەکانی دەوڵەتی عوسمانی یەکلا کردەوە و قەوارەکەی کەرت و پەرت کرد، دەنکە پەرتەوازەکانی کردنە یاریی دەستی هێزە سەرکەوتووەکان، لەو کاتەدا جوولەکەکانی جیهان هەوڵەکانی خۆیان چڕ کردەوە بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکەیان، بەڵێنی **بەلفۆر** دەرچوو و ڕێگەی خۆش کرد بۆ دروستکردنی دەوڵەتی ئیسرائیل، کە بە یەکێك لە بەرهەمەکانی توندترین دژە هێرش دادەنرێت لە مێژووی ئیسلامیدا لە ڕووی فرتوفێڵ و چەواشەکارییەوە.

**٣ـ گەلچێتی (الشعوبية):**

لە دوای ڕووخانی دەوڵەتی ساسانی و گەیشتنی دەسەڵاتی ئیسلامی بە ناوچەرگەی خاکی ئێران، هەر لەدوای سەردەمی ڕاشیدینەوە و لە قۆناغەکانی دواتردا، فارسەکان چەند هەوڵێکی شۆڕش و ڕاپەڕینیان دا وەك دژەهێرشێك بۆ ڕاگرتنی فەتحی ئیسلامی، ئەگەرچی ئەو هەوڵانە پەرت و بڵاو بوون بەڵام توانییان هەندێك لەو شوێنانەی کە لەدەستیاندا بوو بیگەڕێنەوە ژێر دەستی خۆیان.

دوای ئەوە و بۆ ماوەی چەند سەدەیەکی دوورودرێژ فارسەکان بەبەردەوامی دژە هێرشیان دەکردە سەر ئیسلام و دەوڵەتی ئیسلامی، نهێنیی مەترسیی ئەو تاقمانە لەوەدا بوو کە هەندێکیان خۆیان بە سەروەرییە مێژووییەکانی پێش ئیسلامەوە دەبەستەوە، بەردەوام هەوڵی سەرلەنوێ گێڕانەوەی ئەو سەروەرییانەیان دەدا و بە باشترین نموونەیان دەزانی بۆ چەسپاندن، هەروەها مەترسییان لەوەدا بوو کە دژە هێرشەکانیان پاشخانی ئایینیان هەبوو، وەك ئەوەی هێرشەکان لەپێناو ئاییندا بن،

[1] محمد جلال كشك، القومية والغزو الفكري، الطبعة الثانية، ص٢٢٣ ـ ٢٢٥، ٢٥٠، ٢٥١، ٢٦٦، ٢٧٣، ومؤسسة الدراسات الفلسطينية، القضية الفلسطينية، ص٣٧، ٣٨.

بەوەش توانای بەرگری و کارایی زیاتریان بە شوێنکەوتووەکانیان دەدا، مافی ڕەوایەتیی زیاتریان بە ململانێکەیان لە دژی ئیسلام و موسوڵمانان دەدا.

ئەو دژە هێرشانە هەندێك جار خۆیان لە بزووتنەوی سەربازی ـ سیاسییدا دەبینیەوە، وەك بزووتنەوەی بابەکی، هەندێك جاریش خۆیان لە چالاکیی هزری و ڕێبازێکی تایبەتدا دەبینییەوە، وەك مەسلەمی و ڕواندی و بابی و بەهائی، جاری واش هەبوو هەوڵێك بوون بۆ تێکدانی ئایین و ڕەوشتی موسوڵمانان، وەك: ئەوەی هەندێك لە زندیقەکان و ژمارەیەك لە نووسەر و شاعیر و بیرمەندەکان کردیان.

دەسەڵاتە ئیسلامییەکان ڕووبەڕووی گشت هەوڵە سەربازی و سیاسی و هزرییەکان بوونەوە، هەندێك جار بە خەباتی سەربازی و هەندێك جاریش بە دروستکردنی چەند دامودەزگایەك کە ئەرکی نەهێشتنی کاریگەرییەکانی ئەو هێرشانەیان لە ئەستۆ گرتبوو، هەندێك جاریش بە هاندانی بیرمەند و شەرعزان و نووسەرەکان بوو بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو بزووتنەوانە و لێکهەڵوەشاندنیان.

بزووتنەوەی شعوبیەت بریتی بوو لە دژە هێرشێکی فارسی لە چەند ڕوویەکەوە و بە چەند شێوازێك بۆ لێدانی ئیسلام و شوێنکەوتووە عەرەبەکانی، دەیانویست ناوەندی سەرکردایەتیی سیاسی و شارستانی بگێڕنەوە بۆ فارسە کۆنەکان "لەگەڵ ئەوەدا کە هێرشیان دەکردە سەر ئیسلام و شارستانیەتی عەرەبی و پیلانیان لە دژی دەسەڵاتی عەرەبی دەگێڕا، لە هەمان کاتیشدا کاریان لەسەر زیندووکردنەوەی شارستانیەتی ئێرانی دەکرد، لە کاتێکدا تانەیان لە عەرەب و شارستانیەتەکەی دەدا و دەیانگوت عەرەب دەسەڵاتی نەبووە و فەلسەفە و زانستیان نییە، لە هەمان کاتدا کاریان لەسەر نووسینی کتێب و پەڕاو دەکرد سەبارەت بە شارستانیەتی ئێرانی و خەڵاتی گەورەیان دەبەخشی بە وەرگێڕانی پەڕاوە فارسییەکان بۆ عەرەبی، هەر وەك چۆن ڕێوڕەسمە ئێرانییە کۆنەکانیان زیندوو کردەوە و لە جەژنە ئێرانییە کۆنەکاندا ئاهەنگیان دەگێڕا، شعوبیەت کاری لەسەر دەستگرتن بە

ئایینــەکانی زەردەشــتی و مانــەوی و مەزدەکییــەوە دەکــرد، وەك چــەند ئــایینێکی ئێرانــی، (دی لافیــدا) ســەبارەت بــەو بابەتــە دەڵێــت: "هەنــدێکیان کەلــەپووری نەتەوەیی باوك و باپیرانیان لـە مانەویـدا دەبینییـەوە، لەبـەر ئـەوە بـە پێویسـتیان دەزانی لەسەری سوور بن و دەستی پێوە بگرن، هەتا کەلـەپوور و ئـایینی عـەرەب بــەراورد بکــەن بــەو ئــایین و کەلــەپوورەی کــە لــە بــاوك و باپیرانیانــەوە بۆیــان مابووەوە". شعوبیەکان بە کەسایەتییە ئێرانییەکان سەرسام بوون، لەپێناو ئەوەی سەرنجی خەڵکی بۆ لایان ڕابکێشن و ئەرکی ڕابەرایـەتیی بزاوتـی بـەرگریکردن دژی عەرەبچێتییان بخەنە ئەستۆ، ڕاوەندییەکان خودایەتییان دایە پـاڵ ئـەبو موسـلیمی خوراسانی و بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە نەمردووە و سەرلەنوێ دەگەڕێتـەوە بـۆ ئــەوەی دەســەڵات بــۆ فارســەکان بگێڕێتــەوە، شــاعیرەکانیان هۆنراوەیــان بەســەر هەڵوێستی فارسەکاندا دەگوت، بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە فارسـەکان دەوڵـەتی ئومەوییان ڕووخاند و دەوڵەتی عەباسییان دامەزراند، زۆر هەوڵیان دا بۆ گێڕانـەوەی دەسەڵات بۆ فارسەکان، بەشدارییان کرد لە شەهیدکردنی عومەری کوڕی خـەتاب و لە بزووتنەوەکانی (المختـار و ابـن الأشـعث و خـەواریج)، کـە ڕووخانـدنی دەوڵـەتی ئومــەویان کردبــووە ئامانجیــان و لــە بانگــەوازی عەباســییەکاندا بەشــدار بــوون و دەوڵەتەکەیان لەگەڵدا دامەزراندن، دوای ئەوەش کاریان لەسـەر دژایـەتیکردنی ئـەو دەوڵەتە کرد لـە ڕێگـای ئاشـووبنانەوەوە لـەنێوان عەلەوییـەکان و عەباسـییەکاندا، چەند شۆڕشێکی ڕاستەوخۆیان لە دژی عەباسییەکان هەڵگیرساند، هـەر بەوەشـەوە نەوەسـتان و پـەنایان بـردە بـەر بـەکارهێنانی ئەستێرەناسـی بـۆ دەرکردنـی ئـەو یاسایانەی کـە کۆتـایی دەسـەڵاتی عـەرەب و گەڕانـەوەی دەسـەڵات بـۆ فارسـەکان دووپــات دەکەنــەوە. شــعوبییەکان بــۆ ئــەوەی بــەرگێکی ئــایینی بــە بــەری ئــەو ئەستێرەناسـییەدا بکـەن بانگەشـەی ئـەوەیان کـرد کـە "زەردەشـت گوتوویـەتی دەسـەڵات لـە دەسـتی فارسـەکان دەگوازرێتـەوە بـۆ ڕۆم و یۆنانییـەکان و پاشـان

دەگەڕێتەوە بۆ فارسەکان و پاشان لە فارسەوە دەچێتەوە بۆ عەرەب و پاشان دەگەڕێتەوە بۆ فارس". [1]

شعوبیەت هێرشی یەك لەدوای یەکی دەکردە سەر بنەمای یەکتاپەرستی کە (بنچینەی ئایین و کۆڵەکەی ئیسلام)ە، زۆرێك لە تاقمە ڕۆچووەکان بنەماکانی (حلول) و (تناسُخ)یان بەکار هێنا بۆ دژایەتیکردنی یەکتاپەرستی، هەر بەوەشەوە نەوەستان، تەنانەت زۆرینەی ڕێبەری تاقمە گومڕاکان بانگەشەی خودایەتییان کرد بە بیانووی ئاوێتەبوونی ڕوحی خودا لەگەڵ پێغەمبەران و پێشەوایاندا و دواتریش لەگەڵ ڕۆحی ئەواندا تێکەڵ بووە، هەندێك لە تاقمە ڕۆچووەکان تانەیان لە توانا و دەسەڵاتی خودا دەدا (البداء). تاقمێکی تر بانگەشەی (تشبیە) و (تجسیم)یان کرد بۆ لێدان لە یەکتاپەرستیی خودا، زیندیقە سەنەویەکان لە ڕێگەی پەرستنی دوانەی (ڕووناکی و تاریکی)یەوە لە بنەمای یەکتاپەرستییان دەدا، زیندیقە دەهریەکان هەر لە بنەڕەتدا بنەمای یەکتارپەرستییان ڕەت کردەوە و نکوڵییان لە "دروستکەری بەڕێوەبەر دەکرد و گومانیان وا بوو کە جیهان هەر بۆ خۆی بەبێ دروستکەر هەبووە"، بەردەوام ئەم ڕستەیەیان دووبارە دەکردەوە ﴿مَا هِيَ إِلَّا حَيَاتُنَا الدُّنْيَا نَمُوتُ وَنَحْيَا وَمَا يُهْلِكُنَا إِلَّا الدَّهْرُ﴾ الجاثية : ٢٤، واتە: (خوانەناسان دەیانوت: ژیان تەنها ئەم ژیانی دنیایەیە، دەمرین و دەژین بە نۆرە، هەر ڕۆژگار و زەمانە کایگەرن تیاماندا و دەمان مرێنن و هیچی تر!)، هەر وەك چۆن شعوبیەکان هێرشێکی توندیان کردە سەر (بنەمای پێغەمبەرایەتی) "کە بریتییە لە باوەڕبوون و دانتان بە

[1] د. عبدالسلام سلوم السامرائي، الشعوبية: حركة مضادة للإسلام والأمة العربية، دار الرشيد، بغداد، ١٩٨١م، ص١٤٨ـ ١٥١، ومحمد بن عبدوس الجهشياري، الوزراء والكتاب، تحقيق: مصطفى السقا وزملاؤه، مطبعة البابي الحلبي، القاهرة، ١٩٣٨م، ص٣١٦، وأبو عثمان الجاحظ، التبيان والتبيين، تحقيق: حسن السندوبي، المطبعة الرحمانية، القاهرة، ١٣٥١هـ، ٢١/٣، وعبدالقاهر البغدادي، الفرق بين الفرق، تحقيق: محمد زاهد الكوثري، القاهرة، ١٩٤٨م، ص١٥٥ ـ ١٧٢، وأبو الريحان البيروني، الآثار الباقية عن القرون الخالية، تحقيق: أدوارد ساشا، مطبعة ليبزيك، ١٩٠٣م، ص٢١٣.

گشت پێغەمبەراندا و باوەڕبوون بەوەی کە موحەممەد کۆتایی پێغەمبەرانە و قورئانیش دەستووری ئیسلامە و هیچ دژبەیەکی و گۆڕان و زیادەیەکی تێدا نییە"، هەندێك لەو تاقمانە لە ڕێگەی لێکدانەوەی هەڵەوە (تأويل) تانەیان لە پێغەمبەرایەتی دەدا و دەیانگوت: "هەموو بڕوادارێك دەکرێت وەحیی بۆ بکرێت". تاقمێکی تریش لە ڕێگەی (تناسخ)ەوە ئەو بۆچوونەیان ڕەت کردەوە کە دەڵێت موحەممەد کۆتایی بە پێغەمبەرایەتی هێناوە، ئیبن ڕاوەندی و موحەممەدی کوڕی زەکەریا هەر لە بنەڕەتدا پێغەمبەرایەتییان ڕەت کردەوە، هەندێك لە شعوبیەکان هێرشیان کردە سەر پێغەمبەران و پەڕاوە ئاسمانییەکان، هەر بەوەشەوە نەوەستان و درۆیان بە دەمی پێغەمبەرەوە هەڵبەست و چەندین فەرموودەیان دروست کرد، گومانیان لە زیندووبوونەوە و لێپرسینەوەش دروست کرد و پێیان وا بوو کە لەم دونیایەدا ڕۆحەکان سزای خۆیان وەردەگرن لە ڕێگەی (تناسخ)ەوە، تاقمە ڕۆچووەکانیان لە ڕێگەی لێکدانەوەی هەڵەوە ئەرکە ئیسلامییەکانیان کردبووە ئامانج بە مەبەستی ڕووخاندنی کۆمەڵگای ئیسلامی، چونکە ئەو ئەرکانە هێزی پاراستنی کۆمەڵگا بوون، هەر وەکو چۆن نکوڵیکردن لە زیندووبوونەوە و بەهەشت و دۆزەخ سەر دەکێشێ بۆ نەترسان لە سزای دواڕۆژ و بوار دەکاتەوە بۆ تاوان و بێئابڕوویی. تاقمێکی تری ڕۆچوو بڕوایان وا بوو کە مرۆڤەکان زۆرلێکراون لە کارەکانیاندا و "هیچ کەسێك جگە لە خودا سەرچاوەی هیچ کردەوەیەك نییە"، ئەوەش بۆ ئەوە بوو کە بێبایەخانە سەیری ئەرکە ئایینییەکان بکرێت و ئەنجامدانی تاوان بێبایەخ بکرێت، بە بیانووی ئەوەی مرۆڤ لەو کارەیدا کە ئەنجامی دەدات هیچ دەسەڵاتێکی نییە.(1)

[1] عبدالله سلوم، هەمان سەرچاوە، ص١٣٧ ـ ١٤٣، وعبدالرحيم بن محمد الخياط، الانتصار والرد على ابن الراوندي الملحد، تحقيق: البير نارد، المطبعة الكاثوليكية، بيروت، ١٩٥٧م، ص١٢، ٧٨، ٧٩، والبغدادي، الفرق بين الفرق، ١٣٨، ١٣٩، ١٨٧، وشاه غلام الدهلوي، مختصر التحفة الإثني عشرية، ترجمه عن

لەگەڵ ئەو دژە هێرشانەدا، زیندیقەکان جەنگێکی ڕاشکاویان لە دژی بیروباوەڕ و شەریعەت و ئاکارەکانی ئیسلام ڕاگەیاند، بە کەسێك دەگوترا زیندیق کە ئیسلامی بگۆڕیایە بە ئایینێکی تر، یاخود تانەی لە قورئان بدایە و نکوڵیی چەند ئایەتێکی بکردایە، یاخود باوەڕی بە قەدەر نەبووایە و بانگەشەی خودایەتیی بکردایە، هەر وەك چۆن بەو کەسانەش دەگوترا زیندیق کە نکوڵیی لە یەکتاپەرستی بکردایە و بانگەشەی بوونی دوو خودای بکردایە، هەروەها بە مانەوی و دەهریەکان و داوێنپیسەکانیش دەگوترا زیندیق، لەوەوە دەردەکەوێت کە زیندیقبوون یەکێکە لە ڕووە سەرەکییەکانی شعوبیەت، شعوبیەت بەرزترین قۆناغی ئاڵنگاریی ئایینی و هزری و کۆمەڵایەتی بوو بەرامبەر بە ئیسلام، ئامانجی ئەوە بوو لە ناوەوە ئیسلام بڕووخێنێت، ڕێگایەك بوو بۆ هێنانەدیی ئامانجەکانی تریان، لەبەر ئەوەی ئەوان بڕوایان وا بوو کە لەناوچوونی دەسەڵاتەکەیان لەسەر دەستی عەرەب بوو، ئەگەر ئیسلامیش نەبووایە عەرەبەکان نەیاندەتوانی ئەو کارە بکەن، لەبەر ئەوە ڕقیان لە عەرەبیش و لە ئیسلامیش بوو.[1]

بە شێوەیەکی گشتی هێرشی شعوبیەکان بە هەموو شێوازەکانیەوە سنوردار بوون و لە پێکهاتەی بەهێز و دامەزراویی ئیسلامدا زۆر دیار نەبوون، بانگەشەکانیان

---

الفارسية: غلام محمد، تعليق: محب الدين الخطيب، المطبعة السلفية، القاهرة، ١٣٧٣هـ، ص١٥، وأبو الفتح الشهرستاني، الملل والنحل، المطبعة الأدبية، القاهرة، ١٣٢٠هـ، ٢٤/١، والبيروني، تحقيق ما للهند من مقولة، ليبزيك، ١٩٢٥م، ص١٣٢، وأبو حامد الغزالي، فيصل التفرقة بين الإسلام والزندقة، تحقيق: سليمان دنيا، دار إحياء الكتب، القاهرة، ١٩٦١م، ١٧٣، والحسن بن موسى التوبختي، فرقة الشيعة، تصحيح: هـ. ريتر، مطبعة الدولة، استانبول، ١٩٣١م، ص٣٨، ٣٩.

[1] عبدالله سلوم، الشيعة، ص٩٢، وهاملتون جب، دراسات في حظرة الإسلام، ترجمة: إحسان عباس و آخرين، دار العلم للملايين، بيروت، ١٩٦٤م، ص٩٢، ود. عبدالعزيز الدوري، الجذور التأريخية للشعوبية، دار الطليعة، بيروت، ١٩٦٢م، ص٤٧، وأحمد أمين، ضحى الإسلام، الطبعة الخامسة، مطبعة لجنة التأليف والنشر والترجمة، القاهرة، ١٩٥٦م، ١٦٥/١.

بەبێ بەرپەرچدانەوە و ڕووبەڕووبوونەوە و هەڵتەکاندن نەدەڕۆیشتن، پارێزبەندی و هێزی هزریی ئیسلامیان زیاتر کرد و لە ڕێگای ڕووبەڕووبوونەوەی ئاشتییانە و گفتوگۆوە وایان لە ئیسلام کرد کە لە گۆڕەپانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و هەڵسوکەوت و سیاسەت و شارستانیدا زیاتر ڕووبەڕووی نەیارەکانی ببێتەوە.

بۆ ئەوەی گشتگیرانە بڕیار نەدەین، پێویستە ئاماژەش بەوە بکەین لە ئەو هەڵسوکەوتە نەشیاوانە تەنها لە سنووری چەند کۆمەڵێك لە فارسەکاندا بوو، کە لە هێڵی گشتی و فراوانی فارسە موسوڵمانەکان لایان دابوو، بەگشتی گەلی فارس بەدڵسۆزی ئیسلامیان وەرگرت و ڕۆڵی باشیان هەبوو لە جێگیرکردنی پایەکانی ئیسلام لە ڕووی بیروباوەڕ و شەریعەت و ئاکار و ڕەوشت و دەوڵەت و چالاکییە شارستانییەکانەوە، هەروەها ڕۆڵی گەورەیان بینی لە فراوانکردنی جیهانی ئیسلامی و پێدراوە کەلتوورییەکانی. عەقڵی موسوڵمانی فارسی بەرهەمی باشی پێشکەش کرد لەسەر هەموو ئاستەکان، لێرەدا تەنها ئەوەندەمان بەسە بیر لەو ناوە درەوشاوانە بکەینەوە کە لە گۆڕەپانی زانستە ئیسلامی و عەرەبییەکاندا ڕۆڵی بالآیان هەبوو، لە زانستەکانی فیقھ و یاسادانان و زانستەکانی قورئان و فەرموودە و زانستی پیاوناسی (علم الرجال) و مێژوو و فەلسەفە و بیرکاری و فەلەك و سروشت و جوگرافیادا، تەنها ئەوەندە بەسە کە ئەو هەوڵە دڵسۆزانانە بیر خۆمان بهێنینەوە کە عەقڵی فارسی پێشکەشی کرد بە زمان و ئەدەبی عەرەبی و پاراستنی ئەو زمانە لە هەڵوەشاندنەوە و توانەوە.

**٤ـ ڕۆژئاوا و خاچدروشمی:**

لــه كــاتی باســكردنی دژه هێرشــی هێــزه مه‌ســیحییه ڕۆژئاواییه‌كانــدا دژی موسوڵمانان، ده‌كرێت ئاماژه به پێنج به‌ره بكه‌ین كه ئه‌و هێرشانه‌یان تێدا ئـه‌نجام درا، ئه‌و به‌رانه یه‌ك له‌دوای یه‌ك كرانه‌وه، هه‌ر له سه‌ره‌تای هاتنی ئیسلامه‌وه هـه‌تا ئێسـتا لـه زۆربـه‌ی كاته‌كانـدا ئـه‌و هێرشـانه لـه‌ئارادا بـوون، بڵێسـه‌ی پێكـدادان و ململانێكـان لـه به‌ره‌یه‌كدا كـه‌م نـه‌ده‌بووه‌وه لـه به‌ره‌یـه‌كی تـر بڵێسـه‌ی ده‌دا، بـه شێوه‌یه‌ك كه هیچی كه‌متر نه‌بوو له‌وه‌ی پێشوو، هه‌موو هێرشه‌كانیش به مه‌به‌سـتی لاوازكردنی وزه و توانـای ده‌وڵـه‌تی ئیسـلامی بـوون لـه پانتاییـه‌كی فراوانـی خـاكی ئیسلامیدا.

**ئه‌و به‌رانه‌ش بریتی بوون له:**

أـ بێزه‌نتییه‌كان.

ب ـ ئیسپانییه‌كان.

ج ـ بزووتنه‌وه‌ی خاچدروشمی.

د ـ خۆكۆكردنه‌وه‌ی ئیسپانی ـ پورتوگالی ـ ئه‌وروپی.

هـ ـ داگیركاری و مژده‌دان.

لێـره‌دا تــه‌نها بــه‌پوختی ئامــاژه بــه واتــا گرنگــه‌كانی ئــه‌و به‌رانــه ده‌كــه‌ین و ورده‌كارییــــه‌كانیش لێده‌گــــه‌ڕێین، چــــونكه هــــه‌مووان ده‌یــــزانن و ده‌تــــوانن لــــه سه‌رچاوه‌كانی تایبـه‌ت بـه‌و هێرشـانه به‌رده‌سـتیان بكـه‌وێت، ئـه‌م پـه‌ڕاوه جێگـای باسكردنی ئه‌و بابه‌ته نییه به‌دوورودرێژی.

بڵاوبوونه‌وه‌ی ئیسـلام و سـه‌ركه‌وتنی ده‌وڵه‌ته‌كـه‌ی و پێـداكوتانی له‌سـه‌ر زه‌وی وه‌ك ئاڵنگارییه‌ك وا بوو بـۆ بیروبـاوه‌ڕی مه‌سـیحی و بـوونی سـه‌ربازی و ئـابووری و سیاسییان، هه‌ر له‌به‌ر ئه‌وه بوو ئه‌و ململانێ درێژخایه‌نـه لـه‌نێوان ئـه‌وان و جیهـانی ئیسـلامیدا ڕووی دا، كـه چـه‌ندین سـه‌ده‌ی دوورودرێـژی خایانـد و هـه‌تا ئێسـتاش

بەردەوامە، ئەو هێرشانە پانتاییەکی فراوانی وشکانی و دەریایی گرتـەوە، هەنـدێك کەس دەیانەوێت تەنها پاڵنەری ئـابووری بکەنـە بەهانـەی ئـەو هێرشـانە، بـەڵام لـە ڕاستییدا ئابووری یەکێك بوو لە پاڵنەرە سەرەکییەکان، پاڵنەری ئایینی دیارترین و گەورەترین پاڵنەری ئـەو هێرشـانە بـوو، هـەر وەکـو لـە ڕەوڕەوەی ڕووداوەکانـەوە دەردەکەوێت.

**أ ـ بێزەنتییەکان:**

سـەرەتای دژە هێرشـی بێزەنتییـەکان دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی پێغەمبـەر (دروودی خودای لەسەر)، لـە سـاڵی پێنجـەمی کۆچییەوە و بـە هـۆی جەنگـەکانی (دومة الجندل و ذات السلاسل و مؤتة و تبوك) و لـە کۆتاییشـدا بـەهۆی بـەڕێکردنی سوپای ئوسامەی کوڕی زەیدەوە دروسـت بـوو، سـەربازگەی بێـزەنتی هەسـتی بـە مەترسـیی ئیسـلامی کـرد، کـە لـە باشـوورەوە دەهـات، بەتایبـەتی دوای ئـەوەی دەوڵەتە تازەکە توانیی پەیوەنـدیی نێـوان زۆرێـك لـە خێڵـە عەرەبـەکانی بـاکووری دورگەی عەرەبی لەگەڵ ڕۆمەکانی برا گەورەی پێشتریان هەڵبوەشێنێتەوە، هێرشی بێزەنتییەکان ئەگەر دەستپێشخەری بووبێت یاخود کاردانەوەی جووڵـەی ئیسـلامی بووبێت، ئەنجامەکەی ئەوە بوو کە سەربازگەی بێزەنتی ڕۆژ بە ڕۆژ زیـاتر قـەبارەی ئاڵنگارییە تازەکەی بۆ دەردەکەوت و خۆی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئامادە دەکرد.

ڕاستە ئەو ئامادەسازییەی بێزەنتییەکان وەك پێویسـت نـەبوو، ڕەنگـە ئـەوەش لەبەر ئەوە بووبێت ئەو زانیارییانەی دەسەڵاتی بێزەنتییـەکان هەڵۆێسـتیان لەسـەر دەنواند ورود و ڕاست نەبوون، ئەنجامەکەش ئەوە بوو ئاگری جەنگ لـەو بەرەیـەوە هەڵگیرسـا و لــەدوای کۆچــی دوایــی پێغەمبــەریش زیـاتر بڵێســەی دا و سـوپای موسوڵمانان بەلێشاو چوونە ناوچەکانی ژێر دەستی بێزەنتییەکانەوە.[1]

---

[1] عمادالدين خليل، دراسة في السيرة، ص٢٨٢، ٣١٦.

له دوای ئەوەی سەرکردایەتیی ڕاشیدین بێزەنتییەکانیان له ئاسیا و بەشێك لـه ئەفریقا دەرکرد، له قۆناغەکانی دوای ڕاشیدیندا بێزەنتییەکان هـەوڵی گەڕانـەوەیان دا و چەند کاردانەوەیەکیان هەبوو، چـەندین دژە هێرشـیان لـە وشـکانی و دەریـادا ئەنجام دا، بەڵام سەرجەمیان بە شکست کۆتاییان هات، دوای ئەوەی ئومەوییـەکان بۆ مـاوەی چـەند دەیەیـەك بەدوایانـەوە بـوون، بێزەنتییـەکان پاشەکشـەیان کـرد، دواتـریش بـە هـەوڵی دەسـەڵاتە ئیسـلامییەکانی شـام و میسـر و بـاکووری ئـەفریقا بەتـەواوی لـە ناوچـەکانی بـاکووری ئـەفریقا و بەشـێکی زۆری دەریـای ناوەڕاسـت پاشەکشەیان کرد و له نیمچـە دورگـەی ئـەنادۆڵ کۆبوونـەوە، جگـە لـەو ناوچـانەی تریان کە لە ئەورووپا لەژێر دەستیاندا بوو.

بەو شێوەیە و بە تێپەڕبوونی کات مەترسـیی هێرشـی بێزەنتییـەکان سـنووردار بـوون، تـەنها لـە سـنوورەکانی ئـەنادۆڵ و دوورگـەی فوراتـدا بـوون و زۆر بەکـەمی دەگەیشـتنە قـووڵایی دەوڵـەتی ئیسـلامی، ئـەوەش بـەهۆی زیرەکـی و بـەئاگایی سەرکردە ئیسلامییەکانەوە بوو، چونکە له لایەك هێڵی سنوورەکانی خۆیان تۆکمـە کردبوو و له لایـەکی تریشـەوە بەبـەردەوامی لـە قـۆڵی قوسـتەنتینییەوە هێرشـیان دەکردە سەر دەوڵەتی بێزەنتی و بەرەو قووڵایی دەڕۆیشتن، بەمەش ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی توانای فراوانکردنی دژە هێرشەکانی نـەبوو، تـەنها لـە سـەرەتای سـەدەی چواری کۆچیدا نەبێت، کاتێك دەوڵەتی عەباسـی لاواز بووبـوو، بـەڵام لـەو کاتەشـدا قەوارەی ناوچەیی حەمدانی له حەلەب، کە له هێڵـی سـنووری نزیـك بـوون جێگـەی عەباسییەکانیان گرتەوە و لەبەردەم ئەو هەوڵانە وەستانەوە، تا ڕادەیـەك توانییـان هێرشـەکەیان تێـك بشـکێنن، ئەگەرچـی لـە ئەنجامـدا بێزەنتییـەکان توانییـان لـە هێرشێکدا بگەنە حەلەب و چوونە ناو دوورگەی فوراتی و باکووری شام.

پاشان جەنگی (ملاذ کرد) ڕووی دا، کە لە سـاڵی (٤٦٣ك)دا سـەلجوقییەکان لـە ناوجەرگەی ئەنادۆڵدا سـەرکەوتنێکی گـەورەیان بەدەسـت هێنـا لـە دژی کۆڵەکـەی

پشتی هێزە بێزەنتییەکان، بەوەش کۆتایی بە هێرش و دژە هێرشـەکانی دەوڵـەتی بێزەنتی هات، ئەو ئیمپراتۆریەتە بەو شێوەیە مایەوە هەتا دوای چەند سـەدەیەك و لە ساڵی (١٤٥٣ز) لەسەر دەستی عوسمانییەکان ڕووخێندرا.

**ب ـ ئیسپانییەکان:**

گۆڕەپانی ئەندەلووس هەر لە سەرەتاوە چەند دژە هێرشێکی یەك لەدوای یەکی بەخۆیەوە بینی کە لە باکوورەوە دەهاتن، لەو شوێنە سەختانەوە کە ئیسپانییەکان خۆیانیان تێدا قایم کردبوو، ئەو هێرشانە بەرەنجامی ململانێیەکی دووردرێژ بوون، کـە مـاوەی سـێ سـەدە دەسـەڵاتی ئومەوییـەکان ڕووبـەڕووی دژە هێرشـەکانیان دەبوونەوە و ڕێگرییان لێ دەکردن و ناچار بە پاشەکشەیان دەکردن بۆ ناوچـەکانی باکووری نیمچە دورگەی ئیبیریا، پاشان بووژانەوەی ئیسلامیی نـوێ دوو جـار هاتـە پێشەوە: یەکەمیان لەسەر دەستی مورابیتەکان (المرابطون) کە لە مەغریبەوە هاتن و دووهەمیشیان لەسەر دەستی جێگرەوەکانیان کە پێیـان دەگـوترا (الموحـدون) و ئەوانیش بە هـەمان شـێوە لـە مەغریبـەوە هـاتبوون، بـە هـاتنی ئـەوانیش ئیسـلام جێپێی خۆی لە ئەندەلووس توند کرد و بۆ ماوەی نزیکەی چوار سـەدە تـوانیی لـە بەرامبەر هێرشی دوژمنان خۆی ڕابگرێت و بـەرگری لـە دژە هێرشـی ئیسـپانییەکان بکات و بە چەکێکی نیمچەلێکچووەوە، بەڵام لە کۆتاییدا موسوڵمانان لە ئەندەلووس لاواز بـوون، دابەشـبوونی نـاوخۆیی و ململانێـی خوێنـاویی ناوخۆیـان زیـاتر لاوازی کردن، بەوەش هاوسەنگیی هێـز لـە بەرژەوەنـدیی مەسـیحییەکان یـەکلا بـووەوە و سەرەنجامیش توانییان کۆتا قەوارەی ئیسلامی لە ئەندەلووس کە غەرناتـە بـوو لـە ساڵی (٨٩٧ز) دا بڕووخێنن، دوای ئـەوەش بـە سـەرکردایەتیی فردینانـد و ئیـزابێلا قێـزەونترین کوشـتارگەی ئایینییـان ئـەنجام دا لـە مێـژووی مرۆڤایەتیـدا، لـەو کوشـتارگەیەدا دەسـەڵات و کەنیسـە و داداگاکـانی لێکۆڵینـەوە بەشـدارییان کـرد، هەرچی بەهای مرۆڤایەتی و ئایینی هەیە تێیان پەڕاند و توانییان قەوارەی ئیسلامی

لـە ئەنـدەلووس بـڕووخێنن و لـە نەخشـەی ئیسـپانیادا بیسـڕنەوە و بـە زۆرەملـێ موسوڵمانەکانیان لەگەڵ کۆمەڵگای مەسیحیدا تێکەڵ کرد لە ڕووی ئایین و کـەلتوور و هەڵسوکەوتەوە.[1]

ئـەوەی هۆکـاری پاشەکشـەی ئیسـلام بـوو لـە ئیسـپانیا، لـە کاتێکـدا کـە لـە ناوچەکانی تری جیهان پاشەکشەی نەکرد، بـەهێزیی توانـای کەنیسـە و دەسـەڵاتی ئیسپانی بوو کە لە توانای موسوڵماناندا نەبوو بەرگەی بگـرن، هەڵسـوکەوتیان وەك کوشـتارگەیەکی خـەماوی و لـەناوبردنێکی دڕندانـەی قـەوارەی ئیسـلامی وا بـوو، موسوڵمانان لەسەر ئاسـتی تـاك و کۆمـەڵ بـە هـیچ شـێوەیەك توانـای خۆڕاگرییـان نـەبوو. هـەمان هۆکـاریش لـە پشـت بچـووکبوونەوە و کشـانەوەی قـەوارەی ئیسلامییەوە بوو لە ئەورووپای خۆرهەڵات، لەوێش چەندین هەوڵی توندی هاوشێوەی ئەندەلووس درا و موسوڵمانانیان ناچار بە کشانەوە کرد لە خاکی ئەورووپا.

پێویسـتە ئـەوەشمان بـیر نەچـێت کـە ململانێـی چارەنووسسـازی ئـایینی و شارسـتانی کـە بـە درێـژایی مێـژوو حـوکمی پەیوەندییـەکانی ئاسـیای دەکـرد بـە ئەورووپاوە، هەر ئەوەش هۆکار بوو بۆ ئەوەی ئەورووپا هـاتنی ئیسـلامی پـێ هـەرس نـەکرا و هەسـتیار بـوو بەرامبـەری، چ لـە ڕۆژئـاواوە بـۆ ئەنـدەلووس و باشـووری فەڕەنسا، یاخود لـە ڕۆژهەڵاتـەوە لـە ڕووی باشـووری ڕۆژهـەڵاتی ئـەورووپاوە، هـەر ئەوەش بوو پاڵی بە ئەورووپاوە نا کە هەوڵی دوورودرێژ بـدات لـەپێناوی نەهێشـتنی قەوارەی ئیسلامی لەو ناوچانە بە هەر شێوازێك بێت، تەنانـەت ئەگـەر ئـەو شـێوازە لەگـەڵ سـادەترین بنـەماکانی مامەڵـەی دروسـت و شـەرەفمەندانەی نێـوان تـاك و کۆمەڵگا ئایینییەکاندا تێك بگیرێت و دژ بێت، ئەوەش تـەنها لەبـەر ئـەوەی لـەودیو سنوورەکانەوە تاکلایەنانە دەسەڵات بەسەر کیشوەری ئەورووپادا بگرن و ڕووبەڕووی بەرەی ئیسلامی ببنەوە.

---

[1] بڕوانە بەشی دووەم و چوارەمی ئەم پەڕاوە.

**ج - بزووتنەوەی خاچدروشمی:**

سەردەمی هێرشی خاچدروشمی بۆ سەر ڕۆژهەلاتی ئیسلامی لە ڕووی کاتەوە درێژخایەن و لە ڕووی شوێنیشەوە فراوان بوو، دوورگەی فوراتی و شام و فەلەستین و میسر و دەریای ناوەڕاستیان گرتەوە.

ئەو هێرشانە دوو سەدەیان پێ چوو، ماوەیەکی پڕ واتای گەورە بوو، سەبارەت بە ڕووداو و وردەکارییەکانی ئەو جەنگانە زۆر نووسراوە،[1] بەلام کەمتر لێکۆلێنەوە لە واتا و ناوەڕۆکی ئەو جەنگانە کراوە، ئەگەرچی هەتا ئێستاش مشتومڕ زۆرە سەبارەت بە پالنەرەکانی سەرهەلدانی بزوتنەوەی خاچدروشمی، ناتوانرێت وا لێکدانەوەی بۆ بکرێت کە تەنها یەك پالنەری ئایینی یاخود ئابووریی هەبووبێت، چونکە لە ڕووی مەبەست و کرۆك و ئامانجەوە ئەو بزووتنەوەیە چەندین پالنەری ئابووری و کۆمەلایەتی و ئایینی و سیاسیی لە پشتیەوە بوو، کە لێرەدا بواری باسکردنیان نییە.

هەشت هێرشی یەك لەدوای یەکی خاچدروشمی لە ڕۆژهەلاتی ئیسلامی ڕوویان دا، هەندێکیان بۆ پشتیوانیی هێرشەکانی پێش خۆیان و هەندێکیشیان بە مەبەستی بەدەستهێنانی دەستکەوتی نوێ بوون، یاخود بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانە بوون کە هێرشەکانی پێشتر نەیانتوانیبوو بیانهێننە دی، یاخود وەلامێك بوون بۆ مەترسیی هێرشی نوێی موسولمانان.

---

[1] بڕوانە: الحركة الصليبية، د. سعيد عبدالفتاح عاشور، لجنة البيان العربي، القاهرة، ١٩٦٣م، والشرق الاوسط والحروب الصليبية، د. الباز العريني، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٦٣م، وتاريخ الحروب الصليبية، ستيفن رنسمان، ترجمة: السيد الباز العريني، دار الثقافة، بيروت، ١٩٦٧، ١٩٦٨، وعماد الدين خليل زنكي، الإمارات الأرتقية في الجزيرة والشام، والمقاومة الإسلامية للغزو الصليبي، وعصر ولاة السلاجقة في الموصل، ونور الدين محمود، الرجل والتجربة

یەکەم هێرشی خاچدروشمی لە کۆتایی سەدەی پێنجەمی کۆچیدا بوو، ئەو هێرشانە گەیشتنە ناوجەرگەی خاکی ئیسلامی و جێپێی خۆیان تێدا قایم کرد، دەوڵەتێك و سێ میرنشینیان دامەزراند کە بریتی بوون لە: ڕەها لە دورگەی فوراتی و ئەنتاکیە لە دەریای ناوەڕاست و تەڕابلوس لە لوبنان، دەوڵەتەکەشیان لە قودس دامەرزاند.

دووەم هێرشی خاچدروشمی لە دوای نیو سەدە دەستی پێ کرد، دواتریش لە دوای سێ دەیە هێرشی سێهەم ئەنجام درا، بەو شێوەیە و یەك لەدوای یەك هێرشەکانی تر ئەنجام دران، هەتا ئەو کاتەی خودای گەورە فەرمانی کۆتاییهاتنی دەوڵەتی خاچدروشمیی دا لە خاکی ئیسلامیدا، ئەو هێرشانە بۆ هەردوو لا بارگرانی و تێچوویەکی زۆری هەبوو و لاوازی کردن و ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە دروستکردنی لەمپەر بۆ شارستانیەتی ئیسلامی، لەبەر ئەوەی کە خاچدروشمەکان وەکو موسوڵمانان شارستانی و پێشکەوتوو نەبوون، کەسانێکی خێڵەکی بوون، دەبینین زیانەکانی جیهانی ئیسلامی زیاتر بوون لە نەیارەکانیان، بە شێوەیەك کە بەراورد ناکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ئاڵنگارییانەی کە هێرشی خاچدروشمەکان دروستیان کرد و ئەو بەها باڵایانەی کە موسوڵمانان لە کاتی بەرگرییدا نیشانیان دا مەڵۆیەکی گەورەیە و دەچێتە سەر خەرمانی ئەزموونەکانی مێژووی ئیسلام.

جەنگی خاچدروشمەکان ئەڵقەیەك بوو لە زنجیرەی دووردرێژی ململانێی ئیسلام لەگەڵ نەیارەکانیدا، چەندین ئەڵقە لە پێشتر و چەندینی تریش لە دوایانەوە هاتوون، چونکە لە کاتێکدا بیروباوەڕێك دێت و دەیەوێت جیهان ڕێنموونی بکات و لە ستەمکاران ڕزگاری بکات و بەرەو ڕێگای ڕاست ڕابەرایەتیی بکات، بەدڵنیاییەوە نەیارەکان لەپێناو پارێزگارییکردن لە ناوچە و بەرژەوەندیی و پلە و پۆست و هەوا و ئارەزووەکانیاندا ئەو بانگەوازە ڕەت دەکەنەوە، هەموو ڕێگایەکیش دەگرنە بەر بۆ ڕاگرتنی پێشڕەویی ئازادیخوازانەی گشتگیری موسوڵمانان، کاتێك خاکی ئیسلام

دەکەوێتە ناوەڕاستی جیهانەوە و ناوچەیەکی زۆر باش و بەپیتی بەدەستەوەیە، بە دڵنیاییەوە دەبێتە ئامانجی حەز و ئارەزووی دوژمنان.

بتپەرست و جوولەکە و فارس و بێزەنتییەکان ڕووبەڕووی ئیسلام بوونەوە، دوای ئەوانیش ئیسپانی و خاچدروشم و فرەنجییەکان ڕووبەڕووی بوونەوە، دواتریش مەغۆل و پورتوگالی و هۆڵەندی و ئینگلیز و فەرەنسی و ئیتاڵی و ڕووسەکان ڕووبەڕووی ئیسلام بوونەوە، ئەوانە چەند زنجیرەیەك بوون کە ئیسلام خەباتی تێدا کردن، تەنها لە دۆخی بەرگرییدا نەبوو لە خۆی و خاکەکەی و موسوڵمانان، بەڵکو هێرشیشی دەکردە سەر ناوچەکانی دوژمن، بە مەبەستی فەتحکردن و سەرلەنوێ ڕێگاکردنەوە بۆ بەردەوامیدان بە جیهاد. هێرشی خاچدروشمی شتێکی تازە و دیاردەیەکی نامۆ نەبوو، بەڵکو شتێکی باو بوو دۆخی پێچەوانەکەی نامۆ بوو.

بەرگریکردنی ئیسلام لەو هێرشانەدا دەربڕی ئەو ڕاستییە بوو کە تەوژمی بیروباوەڕ لە ناخی موسوڵماناندا بەردەوامە، ئەوەش لەسەر ئاستی لووتکە و زۆربەی کاتیش لەسەر ئاستی جەماوەریی موسوڵمانان، سەردەمی ڕووبەڕووبوونەوەی خاچدروشمەکان کۆمەڵێك تێکۆشەری بەرهەم هێنا، کە خاوەنی توانا و کارایییەکی گەورە بوون، لە گشت بەرەکاندا و لە هەموو سەردەمەکاندا بڵاوەیان لێ کردبوو و ڕووبەڕووی داگیرکەران دەبوونەوە، بە درێژایی دوو سەدە لاوازییان بەسەردا نەهات و نەبەزین و چۆکیان دانەدا و چەکیان دانەنا، بەردەوام ئامادەی سوارچاکی بوون، بەپەلە بوون بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئامانجەکان، بە دەستەواژەی سەربازی ئەوانە بەردەوام لە پلەی بەرزی ئاگادارکردنەوەدا بوون.

جیهاد بە تیۆر و خۆزگە ناکرێت، تێکۆشەریش لە بۆشاییدا ناجووڵێتەوە، بەڵکو ئاڵنگارییە مێژووییە گەورەکان جیهاد دروست دەکەن و تێکۆشەرەکان بەرێ دەکەن و ڕۆحی پاڵەوانێتی و قوربانیدان و شەهیدبوون بە بەری جەنگاوەری موسوڵماندا دەکەن، جەنگی خاچدروشمەکان ئاڵنگارییەکی گەورە بوو، بەڵام موسوڵمانان

بەلێزانانە ڕووبەڕووی بوونەوە، بوون بەو تێکۆشـەرەی کـە خـودا و پێغەمبەرەکـەی دەیانەوێت.

جیهاد کردەیەکی خێرا نییە، بەڵکو ئارامگری و کارێکی بەردەوامە و قوربانیدانە بە شتە بەنرخ و بەهادارەکان، جیهاد دونیانەویستییە، توانـای بەسـتنەوەی حـەز و ئارەزووەکانی ئێستایە بە ئەنجامەکانەوە و بە ویستی خودای گەورەوە.

چەندین نەوەی تێکۆشـەر پـێش ئـەوەی ئـەنجام ببیـنن یـان سـوودێکی دارایـی وەربگرن یاخود داوای ئەنجامێکی یەکلاکەرەوە بکەن، کۆچی دواییـان کـرد، ئـەوان باش دەیانزانی کە پێویستە لەسەر شانیان جیهاد بکەن لـەپێناو چەسـپاندنی نـاوی خودا لەسەر زەوی، دەبێت لە ڕووی دوژمناندا بەرگری بکەن، یاخود هێرش ببەن بۆ تێکشکاندنیان، ئەنجامی ململانێش بە دەستی خودایە و هەندێك جار لە ماوەیـەکی کورتدا ئاشکرای دەکـات و هەنـدێك جـاریش درێـژە دەکێشـێت و تێکۆشـەران پێـی ناگەن، لە هەردوو دۆخەکەشدا پێویستە تێکۆشـەرەکان شمشـێرەکانیان هـەڵگرن و لە پانتایی جیهاندا بجەنگن، وەك پێغەمبەر دەفەرموێت: "جیهاد هەتا ڕۆژی دوایـی هەر بەردەوامە، ئەنجامەکانی دەربکەون یان نا ﴿وَإِمَّا نُرِيَنَّكَ بَعْضَ الَّذِي نَعِدُهُمْ أَوْ نَتَوَفَّيَنَّكَ فَإِلَيْنَا مَرْجِعُهُمْ﴾ یـونس : ٤٦، واتـە(خۆ ئەگـەر هەنـدێك لـە هەڕەشـەکانی خۆمان بۆ خوا نەناسان پێش بهێنین و نیشانی تۆی بـدەین، یـاخود پێشـتر گیانـت بکێشین و ئاکامیان نەبینیت، ئەوە گەڕانەوەیان هەر بـۆ لای ئێمەیـە و لەدەسـتمان دەرباز نابن)". [1]

جەنگی خاچدروشمەکان دوو سەد ساڵی خایاند و لـەو مـاوە زۆرەدا جـەنگاوەرە ئیسلامییەکان تووشی بێهیوایی و ڕەشبینی و چەکفڕێدان نەبوون، بـەڵکو بـە ورەی بەرزەوە ڕووبەڕوویان دەبوونەوە و نەوە لەدوای نەوە ئالاّکەیان وەردەگـرت تـا ئـەو

---

[1] بڕوانە: سورە الرعد: ٤٠، ئەو فەرموودەیە بەم شێوەیە هاتووە : (الجهاد ماض منذ بعثني الله إلى أن يقاتل آخر أمتي الدجال) رواه أبو داود في كتاب (الجهاد) باب الغزو مع أئمة الجور.

کاتـەی خـودای گـەورە فـەرمانی نـەمانی دوژمنکـاری و دەرکردنـی دواداگیرکـەری خاچدروشمی لە خاکی ئیسلامیدا دەرکرد.

ئەو ماوە زۆرەش کە خایاندی بە هۆی کەمیی توانای مرۆیی و ئابووریی جیهانی ئیسلامییەوە نەبوو، هەروەها بـەهۆی پابەندنـەبوونی موسوڵمانانیشـەوە نـەبوو بـە بیروبـاوەڕ و ڕوحـی جیهادییـەوە، بـەڵکو هۆکارەکـەی نـەبوونی سـەرکردایەتییەکی یەکگرتووی بڕواداری پابەندی تێگەیشتوو بوو کە لە هەموو گۆڕەپانەکانی ململانێدا بە یەك تیم کار بکەن، کاتێك لەو جۆرە سەرکردایەتییە هەبوو دەسـتکەوتی گـەورە بەدەسـت دەهـات، ئەنجامـە گـەورەکان شـوێن و کاتیـان نەدەناسـی و خـودی ڕۆژئاواییەکان شایەتییان بۆ سەرکەوتنەکان دەدا.

خاچـدروشمەکان لـە سـەردەمی پیـاوانی وەك مـەودود و نـورەدین مـەحموود و صـەلاحەدیندا تونـدترین گورزیـان بەرکـەوت، موسـوڵمانە تێکۆشـەرەکان لـەو سەردەمەدا توانییان گـەورەترین دەسـتکەوت بەدەسـت بهێـنن، بـەڵام پرسـیارەکە ئەوەیە ئایا چەند نموونە لەو سەرکردایەتییانە لەو ماوە دوورودرێژەدا دەرکەوتن؟

ئەگـــەر ســـەرکردایەتیی بـــەرگری ئیســـلامی وەك ســـەردەمی نـــورەدین و ســـەلاحەدینیان بـــۆ بڕەخســـایە، ئـــەوا بەدڵنیاییـــەوە مـــاوەی دوژمنکـــاریی خاچـدروشمەکان درێـژەی نەدەکێشـا و ڕۆژانـی شکسـت و لاوازبـوونی موسـوڵمانان زووتر کۆتاییان دەهات.

لە زۆرێك لە قۆناغەکانی ململانێدا شانبەشانی نەبوونی سەرکردەیەکی بڕواداریی ڕاستەقینە جیهانی ئیسلامی بەدەست کەموکورتییەکی تریشەوە دەیناڵاند، ئەویش ململانێی زۆرینەی فەرماندە سیاسی و سەربازییەکان بوو، بـە شـێوەیەك کـە تـەواو لاوازی کردبوون و پشتی پێ کردبوونە دوژمن، فاتمییـەکان لەگـەڵ عەباسـییەکان و سەلجووقییەکان لە جەنگدا بـوون و عەباسـییەکانیش بەشـوێن سـەلجوقییەکانەوە بوون، بەو شێوەیە تێکچرژابوون، زۆرێك لە مـیرە ناوخۆییـە بچـووکەکانیش لەسـەر

قەڵایەك یان شارێك یاخود ناوچەیەكی بێبایەخ یەكتریان دەكوشت. ئەگەر وزە و توانای موسوڵمانان یەك بووایە، ئەوا بەو شێوەیە نەدەبوو، توانای ڕووبەڕووبوونەوەیان كاراتر دەبوو، ماوەی داگیركاریی دوژمن كەم دەبووەوە و ئازادیی چاوەڕوانكراو زووتر دەهات.

زۆرێك لەو میرانەی كە لەسەر جیهانی ئیسلامی ماڵ بوون، لەپێناو چەند سوود و بەرژەوەندییەكی كاتیدا چەندین جۆر ناپاكییان ئەنجام دا، ئەوەش ڕۆڵی هەبوو لە دروستكردنی لەمپەر بۆ بەرگری لە پێشڕەویی خاچدروشمەكان، زۆر جار ئەو میرانە لە هەستیارترین كاتدا گورزی توندیان لە بزووتنەوەی بەرگریی ئیسلامی دەدا و تووشی سەرئێشەیان دەكرد، ئەگەرچی لەدوای هەموو نوشوستێك جیهاد و بەرگری دەستی پێ دەكردەوە و ڕێبەرایەتیی تێكۆشەرە موسوڵمانەكان گوێیان بە ناپاكی نەدەدا، بەڵام پێویستیان بە كاتی زیاتر هەبوو بۆ نوێكردنەوەی تواناكان، هەتا بتوانن بەردەوام بن لەسەر بەرگری.

لەسەروو هەموو ئەوانەشەوە خەلیفەی عەباسی، كە بەدەست لاوازی و ناكارایییەوە دەیناڵاند، بەهۆی ئەوەی باڵاترین دەسەڵاتی هەبوو لە جیهانی ئیسلامیدا لە ڕووی پێگە و لایەنی سیاسییەوە، ئەویش بەربەست بوو لەبەردەم فەرماندەكاندا، كە بیانەوێت ڕۆڵی كەسی یەكەم بگێڕن و هەموو جیهانی ئیسلامی لەمپەڕ بۆ ئەوپەڕ گوێڕایەڵیان ببن، نەشیدەتوانی لە سۆنگەی پێگەی سەركردایەتییەكەیەوە توانا و وزە ئیسلامییەكان ڕێك بخاتەوە و دژی داگیركەران بەگەڕیان بخات. خەلیفە تەنها سێبەرێكی سیاسی و سەربازی بوو، بەڵام دانیشتنی لە لووتكەی پەیكەرەكەدا و دوودڵیی لە كاركردنیدا لە زۆربەی كاتەكاندا بووبوو بە ڕێگر لە بەردەم فەرماندەیەكی تری گەورەدا، كە بیەوێت لەو لووتكەیەدا دانیشێت و ئەو هێرش و هەڕەشانە بەرپەرچ بداتەوە.

خەلیفە دەبێت یان تواناى کردارى مێژوویى و جووڵەى گشتگیرى هەبێت یان بە هیچ شێوەیەك ئەو خەلیفەیە بوونى نییە، چونکە لە کاتێکدا خەلیفە لاوازە و تواناى دەستپێشخەرى نییە و لە ناوجەرگەى ڕووداوەکانەوە دوورە، لە هەمان کاتیشدا پاشەکشە ناکات بۆ ئەوەى فەرماندەیەکى کارا دەربکەوێت و جێگەى بگرێتەوە و ئامادەیى مێژوویى هەبێت، ئەو کاتە سێبەرى ئەو خەلیفەیە ڕێگرە لە بەدیهاتنى ئەو ئامانجە گەورەیە. ڕاستە کەسانێکى وەکو نورەدین مەحموود و سەلاحەدین ڕۆڵى تەواویان گێڕا و بە کردەوە ئامادەیى مێژوویى خۆیان سەلماند، بەلام پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا ئەگەر خودى نورەدین مەحموود، یاخود سەلاحەدین خەلیفە بوونایە چى ڕۆڵێکى کاریگەرتریان دەبوو؟

جگە لەو لەمپەرە سەرەکییانە، چەندین ڕێگر و لەمپەرى ترى لاوەکییش ڕۆڵیان گێڕا لە درێژەکێشانى ململانێى نێوان موسوڵمانان و خاچدروشمەکاندا، ئەگەرچى سەرەنجام دواسەربازى خاچدروشم لە خاکى موسوڵمانان وەدەر نرا.

**د ـ بزووتنەوەى خۆکۆکردنەوەى (ئیسپانى ـ پورتوگالى ـ ئەوروپى):**

لەدواى نەمانى قەوارەى ئیسلامى لە ئیسپانیا، ئەوروپییەکان بە سەرکردایەتیى ئیسپانیا و پورتوگال و دواتریش بە سەرکردایەتیى بەریتانیا و هۆڵەندا و فەڕەنسا، کردارى خۆکۆکردنەوەى مێژووییان ئەنجام دا بۆ هێرشکردنە سەر جیهانى ئیسلامى لە هێڵەکانى دواوە لە ئەفریقا و ئاسیا، ئەوەش ئامادەکاریى و ڕێخۆشکردن بوو بۆ بزووتنەوەى داگیرکاریى کۆن، کە دواتر جیهانى ئیسلامى بەدەستیەوە گیرى خوارد و نالاندى، ئەو بزووتنەوەیە هەر بەردەوام بوو هەتا چەند دەیەیەك دواى کەوتنى خیلافەتى عوسمانى.

مەملوکیەکانى میسر شەکەت و ماندوو بووبوون، ڕێگەى دەریایى نوێیان ئاشکرا بووبوو، کە (رأس الرجاء الصالح) بوو، ئەوەش گورزێکى گورچکبڕ بوو لە بازرگانییەکەیان، لە کاتێکدا تواناى داراییان لەسەر ئەوە وەستابوو،

عوسمانییەکانیش سەرەتا تواناکانیان چڕ کردبووەوە بۆ ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتەوە بچنە ناو ئەوروپاوە، لە ڕووی جوگرافییشەوە هیچ پردێکیان نەبوو تا بتوانن هەوڵەکانی ئەو بزوتنەوەیە ڕابگرن، ئەگەرچی دوای چەند دەیەیەك توانییان ڕووبەڕووی ئەو دۆخە ببنەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا گەل و دەسەڵاتە ئیسلامییە هەرێمییەکان بەرگرییەکی گیانفدارکارانەیان کرد لە سەرجەم ناوچەکانی جیهاندا و نموونەی جوانیان پێشکەش کرد لە ڕوبەڕووبوونەوەی دوژمناندا، لە هەموو بەرەکاندا و لە ناوچە کەناراوەکانی کە داگیرکەران دەیانویست شوێنپێی خۆیانی تێدا بکەنەوە، زیانی گەورەشیان بەو هێزە داگیرکەرانە گەیاند.

جۆرج کیرك دەڵێت: "ئامانجی (هنری الملاح) ئەوە بوو خاچدروشمەکان لە ڕێگەی دەستبەسەرداگرتنی جیهانی ئیسلامییەوە بە جەنگ و بازرگانی بەردەوام بن و بازرگانیی ئالتوون و کاڵاکانی تریش لە دەستی موسوڵمانان دەربهێنن، هەروەها ویستیان لە باشووری بیاباندا پەیوەندیی بە جون (حنا) نەجاشی حەبەشەوە بکەن، هەتا لە باشووردا هاوکارییان بکات بۆ هێرشکردنە سەر موسوڵمانان، لێرەوە و لە سەرەتای سەدەی نۆی کۆچیدا و بە درێژایی سەدەی دەیەم بزووتنەوەیەك بە سەرکردایەتیی پورتوگالییەکان و ئیسپانییەکان دروست بوو، کە ئامانجیان دەستبەسەرداگرتنی بەندەرەکانی کەناراوەکانی ئەفریقا بوو (مەراکیش، جەزائیر، سەبەتە، تەنجە، مەلیلە و مرسی کەبیر)، پاشان ئەو هەوڵانە سەریان کێشا بۆ داگیرکردنی بەحرەین و مەسقەت لەلایەن پورتوگالییەکانەوە بە مەبەستی گەمارۆدانی کەشتییە جەنگییەکانی عەرەبەکان لە دەریای سوور و کەنداوی عەرەبیدا".

"پورتوگالییەکان لە ساڵی (١٤٨٧ز)دا گەیشتنە (رأس الرجاء الصالح)، بەوەش (ئەلفونسو ئەلبوکرك) توانیی دەوڵەتێك لە خۆرهەڵات دابمەزرێنێت، پاشان بە

درێژایی سەدەی شانزەی زایینی پورتوگالییەکان توانییان دەست بەسەر دوورگـەی عەرەبیدا بگرن، (فاسکۆ دی گاما) ڕێگەی دەریـایی گرتـە بـەر و بـەرەو مۆزەمبیـق ڕۆیشـت و لـە سـاڵی (١٥٠٢ز)دا زەنجـەباریان گـرت، لـە سـاڵی (١٥٠٥ز)دا هێزێکـی دەریایی، کە لە بیست کەشتی پێك هاتبوو، لە پورتوگالەوە بەڕێ کەوت و (سەفالە و کلوە و ممباسا)یان داگیر کرد، لە ساڵی (١٥٠٩ز)دا ئەو هێزە گەیشتە مەسـقەت و هورمز، لە ساڵی (١٥١٩ز)یشدا کـەناراوەکانی ئـەفریقایان داگـیر کـرد و لـە دەسـتی عەرەبەکانیان دەرهێنا".

"ئەو بزووتنەوەیە بە هیواکانی نەگەیشت و هێزی ئیسلامیی عوسمانی ڕایگرت و تێکی شکاند، لە ساڵی (١٥٨٥ز) هێزە عوسمانییەکان گەیشتنە ئاوەکانی کەنـداو و دانیشـتووانی کـەناراوەکان بەگەرموگوڕییـەوە پێشـوازیان لـێ کـردن، دەوڵـەتی مەملوکیـەکانیش لەگـەڵ پورتوگالییەکانـدا کەوتنـە چـەند جـەنگێکی دەرییاییـەوە، لەدوای ئیسپانی و پورتوگالییەکان فەرەنسی و هۆڵەندی و ئینگلیزەکانیش هـاتن و چەندین هێرشی فراوانیان کـرد، کـە دیارترینیـان دەستبەسـەرداگرتنی ئەرخـەبیلی مەلایۆ بوو لەلایەن هۆڵەندییەکانەوە، هەروەها دەستبەسەرداگرتنی ئەفریقا لەلایەن فەڕەنسـا و ئینگلیزەکانـەوە، ئینگلیـز هیندسـتانی بـۆ خـۆی دانـا، بـەرگرییان لـە پورتوگالییەکان کرد و لە ساڵی (١٦١٦ز) دا کەشتییەکانیان نارد بـۆ وڵاتـی فـارس، عوسمانییەکان توانییان جیهانی عەرەبی لە داگیرکەری پورتوگالی و ئیسپانی ڕزگـار بکەن، کە بازرگانیی عەرەبییان کردبووە ئامانج، کاتێکیش ئـەو هێـزە داگیرکەرانـە ویستیان دەست بگرن بەسـەر کـەناراوەکانی مـەغریبی ئیسـلامیدا، عوسمانییـەکان پەلـەیان کـرد و جگـە لـە مـەراکیش، دەسـتیان گـرت بەسـەر هـەموو مەغریبـدا، توانییشـــیان لـــە دەریـــای ناوەڕاســـت و دوورگـــە و کەناراوەکانـــدا ڕووبـــەڕووی ئیسپانییەکان ببنەوە و بەسەریاندا سەر بکەون، لە سەرەتای سەدەی هەژدەهەمـدا

هێـزی دەریـایی عوسمانییـەکان توانییـان دەسـت بگـرن بەسـەر کـەناراوەکانی خۆرهەڵاتی ئەفریقا و باکووری زەریای هیندیدا، ئەوەش ئەوروپییەکانی ترساند".

"لە ساڵی (١٧٤٠ز)دا ئەحمەدی کوڕی سەعید لە عوممان لـە ڕووی داگیرکەرانـدا وەسـتایەوە، بـە شـێوەیەك پورتوگالییـەکانی بێهیـوا کـرد لـە وەرگرتنـەوەی ئـەو ناوچەیە، لەدوای کـەوتنی ئەنـدەلووس، عوممـان گـەورەترین هێـزی عـەرەبی بـوو، شۆڕشەکەیان لـە سـاڵی (١٠٠٠ك) هـەتا (١٢٥٠ك) بـەردەوام بـوو، دەسـتیان بەسـەر سنوورەکانی دەریای سوور و زەریای هیندی و کەنداو و ئەفریقای خۆرهەڵاتدا گرت، هەتا (رأس الرجاء الصالح)، لە ماوەی کەمتر لە دە نەوەیاندا عوممانییـەکان بوونـە خاوەنی ئەو سێ دەریـا گەورەیـە، هێزێکـی دەریـایی گـەورەیان هـەبوو، هێرشـیان کردە سـەر هێـزی دەریـایی پورتوگـال و لـە هـەموو سـنوورەکانی هینـد و فـارس و ئەفریقا دەریان کردن، ئینگلیزەکـانیش لـە بەرامبـەر ئـەو دەوڵەتـە دەریاییـەی کـە هەڕەشە بوو بۆ سامانەکەیان لە ئاسیا و ئەفریقادا ئارامیان نەمابوو، لەبەر ئەوە بـۆ مـاوەی هەشـتا سـاڵ هـەوڵی لاوازکـردن و لـەناوبردنی ئـەو دەوڵەتـەیان دا، لـەو چوارچێوەیەشدا هێـزی دەریـایی بـەریتانیا شـارەکانی ئـەو دەوڵەتـەیان بۆمبباران کرد". [1]

**هـ ـ داگیرکاری و مژدەدان:**

دژە شەپۆلی دواتـر لەسـەر دەسـتی ئـەو هێزانـە کـرا کـە شۆڕشـی پیشەسـازیی پاڵنەریان بوو بۆ گەڕان بەدوای بوارە زیندووەکانی کیشورە کۆنەکان، بە مەبەستی سـاغکردنەوەی کاڵاکانیـان و بەدەسـتهێنانی کەرەسـتەی خـامی پێویسـت و فەراهەمهێنانی توانا مرۆییە هەرزانەکان، کـە لـە ئـەفریقا لـە ڕێگـەی گواسـتنەوەی زۆرەملێـوە و لـەژێر نـاوی بزوتنـەوەی ڕاگواسـتنی کۆیلەکانـدا کرابـوون بـە کۆیلـە،

---

[1] أنور الجندي، الإسلام وحركة التاريخ، مطبعة الرسالة، القاهرة.

ئـەوەش بـە یـەکێك لـە خاڵـە ڕەشـەکانی مێـژووی ململانێـی ئـەوروپا و خۆرهـەڵات دادەنرێت و زۆرێك لە ڕۆڵەکانی گەلانی ئیسلامی و ئەفریقا تێیدا بوونە قوربانی.

ئـەو شـەپۆلە داگیرکارییـە بـەریتانیا و فەڕەنسـا و هۆڵەنـدا و بـەلجیکا و ئیتاڵیـا ڕابەرایەتییان دەکرد و هەتا دەیەکانی سـەرەتای سـەدەی بیسـتەم بـەردەوام بـوو، یەکەم نێچیریشیان جیهانی ئیسلامی بوو، تەنانەت دەتوانین بڵێین تاکە نێچیریشیان بـوو، ئەگـەر چـەند ناوچـەیەکی سـنووورداری لـێ جیـا بکەینـەوە، کـە زۆرینـەی ناموسوڵمان تێیدا دەژیان، ئەو شـەپۆلە لەگـەڵ ئامانجـە ئابوورییەکانیـدا پاشـخانی خاچدروشمییشی هەبوو، کە لە چـەندەها ڕووبەڕووبوونـەوەدا گوزارشـتی لـە خـۆی دەکـرد و بـە درێـژایی مێـژوو چـەندین بەڵگـەی پێشـکەش کـرد، سـەرۆك وەزیرانـی بەریتانیا، گلادستۆن، بەڕاشکاوی لەبەردەم ئەنجومەنی گشتیی بەریتانیا قورئانێـك بەدەستەوە دەگرێت و دەڵێت: "هەتا ئەو قورئانـە لـە دڵ و ئـاوەزی میسـرییەکاندا بێت، ئێمە ناتوانین بەسەریاندا زاڵ ببین". هەروەها فەرماندەی بەریتانی، لینبی، لە کاتی چـوونەژوورەوە بـۆ قـودس، بەئاشـکرا دەڵێـت: "ئـەی سـەلاحەددین! ئێسـتا گەڕاینەوە".

ئەو بزووتنەوەیە هاوکات بوو و پەیوەندیی ئەندامی هـەبوو لەگـەڵ بزووتنـەوەی مـژدەدەرانی مەسـیحیدا، بـە هـەردوو بـاڵی کاسـۆلیکی و پرۆتسـتانتەوە، کـە ناوەندەکـەیان لـە سـەرجەم ناوچـەکانی وڵاتـان بـڵاوە پـێ کردبـوو بـە چـالاکییە هەمـەجۆرەکانیان ئامادەکارییـان بـۆ داگیرکـاری دەکـرد و ڕێگـەیان لەبەردەمیانـدا دەکردەوە و لەژێر دەسەڵاتی داگیرکەردا دەستکەوت و هاوکاریی زۆریـان بەدەسـت هێنا. بۆ نموونە دەبینین چۆن پیاوێکی وەك بـەڕێز (G.W.Caro Penter) کـە ئەمینـداری گشـتی و نوێنـەری ئەنجومـەنی ئـەفریقی بـوو، لـە بەشـی نێـردراوە بیانییەکانی کۆنگرەی نیشتمانی کەنیسەکانی مەسیح لە ویلایەتـە یـەکگرتووەکان، دەبینین ئەو پیاوە چۆن هۆشداری دەدات لە مەترسیی ئیسلام لە دژی داگیرکـاریی

ڕۆژئـاوا و دەڵێـت: "بـەو شـێوەیە لـە ئـەفریقا ئیسـلام ئامادەکـاری دەکـرد بـۆ کۆکردنەوەی ئەو کەسانەی کە ڕێگربوون لە دەسـتێوەردان و چـالاکی و هـەژموونی ڕۆژئاوا و لەو پێناوەدا بەرگرییان دەکرد". (Bryan)یش دەڵێت: "لە داهاتوویەکی نزیکدا ڕۆژئاواییەکان لەگەڵ کەلتوورێکی یـەکگرتوو ڕووبـەڕوو دەبنـەوە، کـە زیـاتر دژایەتیی دەستێوەردانیان دەکەن، بە شـێوەیەك کـە لـە بارودۆخـە خێڵەکییەکانـدا نەبینراوە". لە هەمان کاتدا سەری لە هێزی موسـوڵمانان دەسـوڕمێ لـە ئـەفریقا و ئامـاژە بـە وتـەی مـژدەدەر (Billy Graham) دەکـات کـە دەڵێـت: "لەگـەڵ هەرکەسێکدا کە دەبێت بە مەسیحی حەوت کەس موسوڵمان دەبن و دەچـنە ڕیـزی الله وە". جۆن تـایلۆر، کـە شـارەزای کاروبـاری مژدەدەرانـە لـە کتـێبی (المسـیحیة والسیاسة في أفریقیة)دا ئەو پلانانە دادەنێت کە دەکرێت بە هۆی جێبەجێکردنیانەوە بەسەر کاروباری سیاسییدا زاڵ بیت، هەڵبژاردنەکان ئاڕاستە بکرێـت و موسـوڵمانان تێك بشکێندرێن، کە لە ئەفریقا بەربەسـتی سـەرەکی بـوون لەبـەردەم داگیرکاریـدا، هەروەها لە پرۆگرامی مێـژووی پـۆلی شەشـەمی سـەرەتایی و یـەکی ناوەندییـدا لـە کۆنگـۆ لـە پـێش سـەربەخۆبوونیاندا کـە (جـۆرج دیـوارد) بەڕێوەبـەری قوتابخانـە سـەرەتاییەکان نووسـیویەتی، دەبیـنین ئـەو نووسـەرە لـە وانـەی نۆیـەمی ئـەو پرۆگرامەدا سەبارەت بە وەڵامدانـەوەی داواکـاریی پاپـا دەدەوێـت لەلایـەن پاشـای بەلجیکی (لیوبولدی دووەم) و باسی ئەوە دەکات کە چـۆن ئـەو پاشـایە هێزەکـانی بەڕێ کرد بۆ ڕزگارکردنی کۆنگۆ لە دەستی ئەو عەرەبانەی کە خەڵکیان کردبوو بـە کۆیلـە و دەرکردنیـان لـەدوای دوو سـاڵ خـەبات و بـەرگری، هـەروەها باسـی ئـەوە دەکات لەدوای ئەوە یەکەم دەوڵەتی سەربەخۆی کۆنگۆ دامـەزرا کـە پایتەختەکـەی برۆکسلی پایتەختی بەلجیکا بوو! پاشای ئەو دەوڵەتەش (لیوبوندی دووەم) بوو کە پاشای بەلجیکا بوو، پێویستە ئـەوەمان لـەبیر بێـت کـە لـە سـەردەمی داگیرکـاریی ڕۆژئـاوادا بـۆ وڵاتـە ئەفریقییـەکان زانسـت و فێرکـردن تایبـەت بـوو بـە نێـردراوە

مژدەدەرەکان و ئـەوانیش هـەموو هاوکـاری و هانـدان و چـاودێرییەکیان پێشـکەش دەکرد بەو کەسانەی کە دەبـوون بـە مەسـیحی، ئـەوەش بـارودۆخی زۆرینـەی ئـەو دەوڵەتانە بوو کە زۆرینەکەیان موسوڵمان بوون و سەرکردایەتییەکەیان لـە دەسـتی کەمینەیـەکی مەسـیحیدا بـوو، سـەدەیەك پـێش ئێسـتا (داڤیـد لیفنگسـتۆن) کـە گەورەترین مژدەدەری ئەفریقا بوو، ڕێگایەکی دووورودرێژی بڕی تا گەیشتە ئـەفریقا و لەوێش مەبەستی هاتنەکەی ڕاگەیاند کە "ئەو ڕێگایە ڕێگای بازرگانی و داگیرکاری و مژدەدانە". (١)

ئەو دژە هێرشـە داگیرکـاری ـ خاچـدروشمییە بەسـەلامەتی تێنەپـەڕی، گـەلانی موسوڵمان لەبەردەم ویست و هێزی داگیرکەران ملکەچ نەبوون و قۆڵی مەردایەتییان لیٚ هەڵماڵی و هێزی باوەڕیان خرۆشا، بە قوربانیدان و عەشقیان بـۆ مـردن و بـەرەو شەهادەت چوونیان کـەمیی توانـای سـەربازی و مادییـان پـڕ کردبـووەوە. بـەوەش کـاری سەرسـوڕهێنەریان ئـەنجام دا و بـە پاڵەوانیەتییـەکانیان ڕۆژئاواییـەکانیان تووشی شـۆك کـرد و لەمپـەریان لەبـەردەم بزووتنـەوەی داگیرکـاری دروسـت کـرد، شکستیان بە دوژمن هێنا و تەلی دڕکاوی و مینیان لەسەر ڕێگاکەیان دانا.

هەر ئەوە نـەبوو، تەنانـەت وەڵامدانـەوەی هێرشـی داگیرکـاری مەسـیحی چـەند بزووتنەوەیەکی ئیسلامی لە کەشێکی جیهادیی توندڕا دروست کرد، ئەو بزووتنەوانە ڕووبەڕووبوونـەوەی دوژمنـەکان و ڕزگـارکردنی خـاك و بیروبـاوەڕ و مرۆڤیـان کـردە ئامـانج و نموونـەی بـەرگری و گیانفیـدایی وایـان پێشـکەش کـرد کـە لـە پـێش خۆرهەڵاتییەکان خۆرئاواییەکان دانیان پێدا دەنا و چەندین پەڕەی سپیی مێـژووی نوێیان پیٚ پڕ کراوەتەوە.

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عماد الدين خليل، ملامح مأساتنا في إفريقية، مؤسسة الرسالة، بيروت، ١٩٧٨م، الفصل الثاني، ص٧١، ١٤٤، وعمر فروخ ومصطفى الخالدي، التبشير والاستعمار في البلاد العربية.

وەك نموونەیەك ئاماژە بە وتەی (كارل بروكلمان) دەكەین، لە كتێبی (*تاریخ الشعوب الاسلامیة*)دا، كاتێك باسی بەرگریی جەزائیرییەكان دەكات دژی داگیركەری فەرەنسی لە سەرەتادا و پاشان كۆبوونەوەی جەزائیرییەكان لەژێر ئالای گەنجێك كە كوڕی یەكێك لە (مرابطین) بوو ناوی عبدالقادر بوو، بروكلمان دەڵێت: "ئەو گەنجە دوو جار ئەركی حەجی بەجێ هێنابوو، لەگەڵ پارێزكارییەكەیدا، ئازا و لێهاتوویش بوو، ئەگەرچی گەنج بوو و تەمەنی لە بیست و دووساڵ تێنەپەڕیبوو، بەڵام توانیی هەردوو خێڵی هاشم و عامر بخاتە ژێر فەرمانی خۆیەوە، پاش ماوەیەك نازناوی (أمیر المؤمنین)ی وەرگرت و خەڵكی بانگ كرد بۆ جیهادكردن دژی فەرەنسییەكان، جەنەڕاڵ (دی میشال)ی فەرماندە وەهرانی ناچار كرد تا گفتوگۆی لەگەڵدا بكات، لەدوای ئەو جەنەڕاڵ (تریزل) هات و گاڵتەی بە هێزەكەی هات و هەوڵی دا دەست بەسەر بەشی ناوخۆی وڵاتەكەیدا بگرێت، لە (٢٦/تەمموزی/١٨٣٥ز)دا ئەو فەرماندە فەرەنسییە لەسەر ڕووباری (المقطع) دووچاری شكستێكی گەورە بووەوە، لەو كاتەوە عبدالقادر لە هەموو ناوچەكانی ئەفریقای باكوور بە پارێزەر و ڕزگاركەری ئیسلام دادەنرێت". جارێكی تر حكومەتی فەرەنسا جەنەڕاڵ (كلوزیل)ی كردە دەسەڵاتداری گشتی، ئەویش پێی وا بوو كە بە حەوت هەزار جەنگاوەرەوە دەتوانێت دەست بەسەر ئەو وڵاتەدا بگرێت، بەڵام لە پایزی ساڵی (١٨٣٥ز)دا ناچار بوو پاشەكشە بكات، ئەویش لەدوای جەنگێكی توند لە (خفی حنین)، دواتریش بەهۆی ئەو شكستەوە لە ساڵی (١٨٣٧ز)دا جەنەڕاڵ (دامریمون) لە جێگاكەی دەستنیشان كرا، لەو ماوەیەدا جەنەڕاڵ (بوجو) هێرشێكی سەركەوتووی كردە سەر عبدالقادر، كە بەردەوام لە ڕۆژئاواوە گورزی لە پێگە فەرەنسییەكان دەدا، بەڵام لەبەر ئەوەی حكومەتی فەرەنسا دەیویست ئەو شكستەی لە (قوسەنتینە) تووشی بووبوو بەم سەركەوتنە دایبپۆشێت و قەرەبووی بكاتەوە، بوجو ناچار بوو ڕێككەوتننامەی ئاشتی لەگەڵ عبدالقادر مۆر بكات، بە

شێوەیەك كە لە بەرژەوەندیی فەرەنسا نەبوو، چونكە بەپێی ئەو ڕێككەوتنە عبدالقادر تەنها ئەوە نەبوو بنكەیەكی سەربازی وەربگرێتەوە، بەڵكو هەموو ناوچەی وەهران و بەشێكی گەورەی جەزائیری وەرگرتەوە، هەرچۆنێك بێت عبدالقادر دەسەڵاتی بەسەر ناوچەكەدا گرت و چەند ناوچەیەكی خۆرهەڵاتیشی گرتە دەست و لە بیابانیشدا پێشڕەویی كرد، كاریشی لەسەر ئەوە كرد كە لەسەر ڕێگاكانی ئەوروپا دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێت لە ڕێگەی مەشق و ڕاهێنانی بە سەربازەكانی.

"لە كۆتایی ئەیلوولی ساڵی (١٨٣٧ز)دا (دامریمون) بە فەرماندەیی دوانزە هەزار جەنگاوەر بەرەو (قوسەنتینە) بەڕێ كەوت و شارەكەی تۆپباران كرد، وەك ڕێگاخۆشكردنێك بۆ ئەوەی دوای شەش ڕۆژ بچێتە ناویەوە، بەڵام مردن نەیهێشت بە ئاواتەكەی بگات، دوای ئەو (فالیە) جێگای گرتەوە، لەدوای چەند ڕووبەڕووبوونەوەیەكی خوێناوی، سەرەنجام گەیشتە شەقامەكانی شارەكە و (قەصەبە) كەوتە ژێر دەستیان، كە قەڵایەك بوو بەسەر شارەكەدا دەیڕوانی، فەرەنسییەكان پێشڕەوییان كرد بە مەبەستی دەستبەسەرداگرتنی چەند پێگەیەكی تر، عبدالقادریش ئەو جموجووڵەی وەكو شكاندنی ڕێككەوتننامەكەی (تافنا) لێك دایەوە و خەڵكی بانگ كرد بۆ جیهادكردن لە دژی فەرەنسییەكان و چەندین گورزی توندی لێدان، زۆری پێ نەچوو فەرەنسییەكان عبدالقادریان تەنگەتاو كرد و لەدوای پێنج ساڵ بەرگریی بەردەوام و لەدەستدانی ژمارەیەكی زۆری سەرباز، ناچاریان كرد پاشەكشە بكاتەوە بۆ مەراكیش". (١)

لە مەراكیشیش ناوی فەرماندەی تێكۆشەر (عبدالكريم الخطابي) و موحەممەدی كوڕی دەركەوتن، عەبدولكەریم بۆ ماوەیەكی زۆر ڕێبەرایەتیی جیهادی لە دژی ئیسپانییەكان كرد لە گوندەكانی باكووری مەغریب، موحەممەدی كوڕیشی بەناچاری ئەركەكەی خۆی جێ هێشت و گەڕایەوە بۆ ناو خێڵەكەی، هەتا لەگەڵ

---

[1] بروكلمان، تأريخ الشعوب الإسلامية، ص٦٢٢ ـ ٦٢٥.

باوكیدا خەبات بكـات، لـە یـەكێك لـە جەنگەكانـدا دوژمنـان موحەممـەدیان ڕفانـد و لەگـەڵ باوكیـدا كەوتنــە گفتوگــۆ و داوای ئاگربەسـتیان لــێ كـرد، لــە بەرامبــەر ئازادكردنی كوڕە گەورەكەیدا، بەڵام عەبدولكەریم سازشی نەكرد و ملی نەدا و پێـی ڕاگەیاندن كە ئامادەیـە لـەپێناو نیشـتمانەكەیدا بـە هـەموو شـتێك قوربـانی بـدات، داگیركەرە ئیسپانییەكان هەوڵیان دا لە زینداندا لەگەڵ كوڕەكەی ڕێك بكەون، هـەتا نامەیەك بۆ باوكی بنێرێت و ڕازیـی بكـات بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ هێـزە ئیسـپانییەكاندا ڕێككەوتن ئەنجام بدات، بەڵام ئەویش ڕەتـی كـردەوە، دواتـر ئیسـپانییەكان ناچـار بوون لەگوندەكانی دەوروبەری مەراكیشدا ئازادی بكەن وەك دەستپێشخەرییەك بـۆ ئاساییكردنەوەی دۆخەكە..

پێش ئەوەی موحەممەد بگاتەوە ناو خێڵەكەی، باوكی لەلایەن ئیسپانییەكانەوە تیرۆر كرا، دوای باوكی، موحەممەد سەركردایەتیی خێڵەكەی وەرگـرت، بـۆ مـاوەی حــەوت مــانگ بــەردەوام پەیوەنــدیی دەكـرد بــە خێڵــەكانی تــرەوە بــۆ وەلانــانی ناكۆكییـەكان، پاشـان فەرمانـدەیی یەكـەم جـەنگی لەگـەڵ داگیركەرانـدا كـرد، كـە جەنگێكی بچووك بوو بە ناوی (جبل القامة)، موسوڵمانەكان هێزێكی بچووك بوون و پارێزگارییان لە چیاكە دەكرد، كاتێك هەواڵی ئامادەكاریی ئیسـپانییەكانیان بیسـت بـۆ هێرشـكردن دارسـتانەكەیان سـووتاند، بـەهۆی ئاگرەكـەوە هێـزە ئامادەكـانی گوندەكانی دەوروبەر زانییان مەترسییەك لەئارادایە و بەخێرایی هاتن بـەدەم هێـزە بچووكەكەوە لەدەوری چیاكە، لەگەڵ بەرەبەیاندا جەنگ دەستی پێ كرد و لـەدوای چەند كاتژمێرێك و دوای شكست، ئیسپانییەكان ناچار بوون پاشەكشە بكەن، دوای ئەوە جەنگە گەورەكە دەستی پێ كرد بـە نـاوی (أغـربین)، دوو هـەزار تێكۆشـەری موسوڵمان ڕووبەڕووی سی هەزار سـەربازی ئیسـپانی بوونـەوە كـە لـەژێر فـەرمانی جەنەڕاڵ (سلفستری)دا بوون، ئیسپانییەكان پڕچەك بوون و تۆپ و چەكی سووكیان پێ بوو، بەڵام موسوڵمانەكان تـەنها چـەكی سـووكیان پێبـوو، جەنـەڕاڵ سلفسـتری

سەرکردەی موسوڵمانەکانی ئاگادار کردەوە لە ماوەی بیست و چوار کاتژمێردا خۆی ڕادەست بکات، بەڵام ئەو بە شێوەیەکی کتوپڕ و خێرا هێرشی کردە سەر ئیسپانییەکان و جەنگێکی بەهێز و ترسناك بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ و بە درێژایی بەرەیەکی شەست کیلۆمەتری بەردەوام بوو، کۆتایی بەرەکە لە گوندی سیدی ئیدریس بوو، کە لەسەر کەناری دەریای ناوەڕاست بوو.

ئەو هێرشە لەناکاوە کاریگەریی هەبوو بۆ بڵاوبوونەوەی ترس لەناو ڕیزی ئیسپانییەکاندا، موسوڵمانەکان بزوتنەوەیەکی خۆکۆکردنەوەی خێرایان ئەنجام دا، بەتەواوی گەمارۆیان دان و چەند ڕۆژێك گەمارۆکەیان لەسەر توند کردن و ناچاریان کردن لەبەر نەبوونی خۆراك ئەسپەکانیان بخۆن، لە ئەنجامدا دوای ئەوەی موسوڵمانەکان هەشت هەزار سەربازیان لێ کۆشتن و سێ هەزاریشیان لێ دەستبەسەر کردن، پاشماوەکەیان ڕایان کرد و چەك و تۆپ و کەلوپەلێکی زۆریان بەجێ هێشت و جەنەڕاڵ سلفستریش خۆی کوشت!

لەدوای ئەوە پێکدادانەکان بەردەوام بوون. موسوڵمانەکان ڕووبەڕووی هێزە ئیسپانییەکان دەبوونەوە و چەکێکی زۆریان بە دەستکەوت لێ دەگرتن، فەرماندە خەتابی زیاد لە دوو سەد جەنگی لە دژی ئیسپانییەکان ئەنجام دا و لە هەمووشیاندا موسوڵمانەکان سەرکەوتن، ئیسپانییەکان هەوڵیان دا لەگەڵ موسوڵمانەکاندا گفتوگۆ بکەن لەسەر ئەو بنەمایەی کە مافی خۆبەڕێوەبردنیان لەژێر پارێزگاریی ئیسپانییەکاندا و پێشنیاری پۆستی سوڵتانییان بۆ خەتابیش کرد، بەڵام خەتابی پۆستەکەش و گفتوگۆکەشی ڕەت کردەوە.

کاتێك فەڕەنسا هەستی بەوە کرد کە ئیسپانیا بەناچاری و لەژێر فشاری هێزی چەکداریی موسوڵمانەکاندا لە گوندەکانی دەوروبەری مەراکیش دەکشێتەوە، ترسیان لێ نیشت لەوەی کە موسوڵمانەکان لەدوای سەرکەوتنیان بەسەر ئیسپانییەکاندا هێرش بکەنە سەر فەڕەنسییەکانیش، لەبەر ئەوە بە مەبەستی

ڕزگـــاركردنی ئیســـپانییەكان لـــە هێرشـــی موســـوڵمانەكان خۆیـــان لـــە ڕووبەڕووبوونەوەكاندا هەڵقورتاند، فەڕەنسا بەرەیەكی نوێی ڕووبەڕووبوونـەوەی لـە ڕۆژئاوای مەراكیش كردەوە و هێزی دەریایی بەكار هێنا و بە یەك ملیـۆن سـەرباز و پەنجا فڕۆكە بەشداریی كرد، فڕۆكەكان بۆمبی سووتێنەر و بەهێزیان بەكار دەهێنـا و دواتر بۆمبی ژەهراوییان فڕێ دەدا، خودی خەتابی بـە هـۆی گـازی ژەهراوییـەوە بینایی چاوی لەدەست دا و دواتر بە نەشـتەرگەری بیناییەكـەی بـۆ گەڕایـەوە، لـەو جەنگــە خوێناوییانـــەدا زیـــاد لـــە چـــل هـــەزار جـــەنگاوەر لـــە دژی ئیســـپانی و فەرەنسییەكان بەشدارییان كرد، زۆرێك لەو جەنگاوەرانە و لە دانیشتووانی ناوچەكە لە هێرشی دڕندانەی دوژمندا شەهید بوون.

لە ١٩٢٦/٣/٢٦ فەرماندەی تێكۆشەر خەتابی و سەرجەم ئەندامانی خێزانەكـەی دەستبەسەر كران، گشت سـەرباز و لایـەنگرەكانی لەلایـەن فەڕەنسـا و ئیسـپانیاوە بڵاوەیـان پـێ كـرا و وەدەر نـران، خـەڵكی مـەراكیش لێیـان قەدەغـە كـرا كـە منداڵـەكانیان نـاو بنـێن عەبدولكـەریم، دواتـر فەڕەنسـا بڕیـاری دا فەرمانـدە و خێزانەكەی دوور بخرێتەوە بۆ دورگەی (ری أونیون) لە نزیك (مدغشقر).(١)

بەرگری خەباتكارە لیبییەكانیش لە دژی ئیتاڵییەكان پەڕەیەكی تری كاریگـەرە لە ململانێـی ئیسـلامی دژی داگیركـەران، "توێـژەرانی عـەرەب و بیـانی یەكدەنگن لەسەر پاڵـەوانێتیی ڕۆڵـەكانی لیبیـا بـە ژن و پیـاوەوە، بـە خۆڕاگرییـەكی وەهـاوە بـەرگرییان لـە وڵاتەكـەیان كـرد كـە هاوشـێوەی كـەم بـوو لـە مێـژوودا، وەك لـە ڕووداوەكانەوە دەردەكەوێت داگیركـەری ئیتـاڵی یـەك سـاتی ئـارامی بـەڕێ نـەكرد، نزیكەی نیوەی دانیشتووانی لیبیا لەو ڕووبەڕووبوونەوانەدا شەهید بـوون، بـەڵام بـە باشترین و دیارترین گەنج و پیرەكانی بەردەوامیی بە خەبات دا، ئافرەتانی لیبیـاش

---

(١) د. أحمد شلبي، التاريخ الإسلامي والحضارة الإسلامية، الطبعة الثانية، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة، ١٩٦٦م، ٤/٢١٠ـ ٢١٤.

ڕۆڵێکـی گـەورە و جوانیـان بینـی و بـە کـردەوە بەشـداریی جەنگـەکان بـوون، بـە شێوەیەك جێگای سەرسوڕمان بوون، تەنها خزمەتگوزاری و برینپێچییان نەگرتبووە ئەستۆ، بەڵکو چەکیان هەڵگرت و بەسەرکەوتوویی دەیاننا بەسەر دڵی نەیارە شێتە ئیتاڵییەکەیانەوە". [1]

جیهادی لیبی بە فەرماندەیی تێکۆشەری بەناوبانگ عومەر موختـار لـەنێوان سـاڵانی (١٩٢٣ ـ ١٩٣١ز)دا بـەردەوام بـوو، مەبەسـت لـەو جیهـادە بەرپەرچـدانەوەی هێرشـی ئیتاڵیی فاشـی بـوو لـەدوای وەرگرتنـی دەسـەڵات لەلایـەن مۆسـۆلینییەوە لـە تشـرینی یەکـەمی سـاڵی (١٩٢٢ز) و ڕاگەیانـدنی ڕا و بۆچـوونە داگیرکارانــە توندڕەوەکانیــەوە. سەرکردەی لیبی (محمـد إدريـس السنوسـي) هەسـتی بـەوە کـرد کـە ئیتاڵیـا دەیـەوێت سزای بدات، لەبەر ئەوە بەرەو میسر بەڕێ کەوت و عومەر موختاری کردە فەرمانـدە لـە بورقە و زۆربەی خەباتکارەکان چوونە ژێر فەرمانی عومەر موختارەوە.

"عومـەر موختـار لـە سـاڵی (١٨٦٢ز) لـەدایك بـووە، لـە یـەکێك لـە قوتابخانـەکانی سەنوسیدا خوێندوویەتی، پاشان لە باشوور خوێندنەکەی تەواو کردووە، لەلایەن سـەید ئەحمـەد شـەریف بـۆ سەرپەرشـتیکردنی مەشـیەخەی (زاويـە القصـور) دیـاریکرا، لـە جیهادی دژی فەڕەنسییەکان لە (وادی) بەشـداریی کـردوە و لـەو ناوچـانە کـاری لەسـەر بڵاوکردنــەوەی ئیسـلام کـردووە، پاشـان لـە سـاڵی (١٩٢٣ز)دا فەرمانـدەیی گشـتیی بەرگریکردنی لە دژی ئیتاڵییەکان پێ سپێردراوە، ئـەو هەڵبژاردنـە زۆر سـەرکەوتووانە و لەجێی خۆیدا بوو، لەبەر ئەوەی عومەر موختار کەسێکی ڕاستگۆ و ورەبـەرز و گیانفیـدا و ڕەوشتبەرز و دڵپەیوەست و باوەڕدار بە خودا و دڵسۆزی نیشتیمان بوو".

"فاشییەکان هەزارەها سەرباز و کەرەستەی جەنگیی گەورەیان بۆ بـەرگریی لـە عومـــەر موختـــار کـــۆ کردبوویـــەوە، ئـــەویش بـــاوەڕ و نیشـــتیمانپەروەری و جوانبەڕێوەبردنی کاروبارەکـانی ئامـادە کردبـوو، چـەك و کەلوپـەلی جـەنگییان زۆر

[1] هەمان سەرچاوە، ٤/٤٠٥، ٤٠٦.

کـەم بـوو، گـەلی بورقـە بەگشـتی پشـتگیرییان دەکـرد، لـەو جەنگـە دوورودرێـژەدا بەخۆڕاگرییـەوە وەسـتابوون، تەنانـەت سـەرکردە ئیتاڵییـەکانی وەك گراتسـیانی و بیابوباتش و ئەوانی تریش دانیان بەو ڕاستییەدا دەنـا... بورقـە بەدەسـت سـتەمی ئیتاڵییەکانەوە ئازاری زۆری بینی، جەنگەکـە وێرانکـەر و لەناوبـەر بـوو، فڕۆکـەکان مەرگیان بەسەر خەڵکدا دەباراند، تانکەکان گوندەکانیان وێران دەکرد، تۆپەکانیش خەڵکیان کەلەپاچە دەکرد و زیندانەکانیش پـڕ بـوون لـە خـەڵکی بێتـاوان، دەسـت بەسەر سامانی خەڵکدا دەگیرا و دەستدرێژی دەکرایە سەر ناموسیان، یـەکێك لـەو کارانەی کە گراتسیانی کردی ئەوە بوو (المحكمة الطائرة)ی دامەزراند، کە بریتی بوو لـە دادگایـەکی سـەربازیی گـەڕۆك و لەسـەر بنـەمای گومـان بڕیـاری دەردەکـرد و دەستبەجێ لە بەرچاوی خەڵك جێبەجێ دەکرا، لەگەڵ ئەوەشدا عومەر موختار زۆر بەدامـەزراوی بـەرگری دەکـرد و بـەردەوام شکسـتی بـە دوژمنـەکانی دەهێنـا و دەیکوشتن و چەك و تفاقەکانی بە دەستکەوت دەگرتن، بەڵام سەرەنجام لە ئەیلولی (١٩٣١ز)دا دەستبەسـەر کـرا، لـەو کاتـەدا گراتسـیانی لـە ئیتاڵیـا بـوو، کاتێـك هەواڵەکەی بیست بەخێرایی گەڕایەوە بۆ لیبیا، فەرمانی بە دادگا فڕیوەکە کرد هەتا بفڕێت بۆ ئەو شوێنەی کە ئەو تێکۆشەرەی لێ دەستگیر کراوە لە نزیك سیدی رافع، دادگاییـەکی ڕووکەشـی بـۆ عومـەر موختـار سـاز کـرا و بڕیـاری لەسـێدارەدانی بـۆ دەرکرا، هەزارەها کەس لە خەڵکی بورقە کۆ کرانەوە بۆ ئەوەی لـە ١٩٣١/٩/١٦ز دا لەسێدارەدانی ئەو پاڵەوانە ببینن". [١]

بۆ ئەوەی دڵنیا بین لە بوونی ڕەهەندی خاچدروشمی ـ مەسیحی لـە داگیرکـاریی ئیتاڵیدا، هەر وەك لە هەموو داگیرکارییەکانی تریشدا ئەو ڕەهەندە بوونی هـەبووە، پێویستە زۆر بەکورتی ئاماژە بە هەندێك ڕووداو بکەین:

---

[١] د. أحمد الشلبي، التاريخ الإسلامي والحضارة الإسلامية، الطبعة الثانية، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة، ١٩٦٦م، ٤/٤١٤ ـ ٤١٧.

"له داگیرکردنی لیبیادا ئیتاڵیا هەمان ڕێچکەی فەڕەنسای گرتە بەر لە جەزائیر، ئیتاڵیا بانگەشەی ئەوەی کرد کە خاکی لیبیا بەشێکە لە نیمچەدورگەی ئیتاڵیا، پەنایان بردە بەر جەنگی کۆمەڵکوژی و ئەوانەش کە ڕزگاریان بوو بەزۆر کران بە ئیتاڵی و ناچاریان کردن واز لە زمانی عەرەبی بهێنن و فێری زمانی ئیتاڵی ببن، ئیتاڵییەکان هەوڵی زۆریان دا بۆ بەمەسیحیکردنی لیبییەکان، گەشتکردنی قوتابییانی زانستە ئیسلامییەکانیان قەدەغە کرد بۆ میسر و تونس، بە مەبەستی پەیوەندیکردن بە زانکۆکانی ئەزهەر و زەیتونەوە، بەو شێوەیە ئیتاڵیا دەیویست کەلتووری عەرەبیی ئیسلامی نەهێڵێت، قوتابخانە ئیسلامییەکانی داخست و ڕێگەی بە وانە زانستییەکانی مزگەوتەکان نەدەدا". [1]

ئەو پەیامنێرە بیانییانەی کە لەو هێرشەدا لەگەڵ ئیتاڵییەکاندا بوون، چەندین دەقیان نووسیوەتەوە وەك ناڕازیبوونێك لەو دیمەنانەی لەبەرچاویان ڕووی داوە، تەنانەت هەندێکیان لیبیایان بەجێ هێشت، لەوانە فرانشز ماکولا کاتێك لیبیای بەجێ هێشت نامەیەکی بۆ جەنەڕاڵی خوێنڕێژی ئیتاڵی کانیفا نووسی و گوتی: من لەگەڵ سوپایەك نامێنمەوە کە بە سوپای نازانم، بەڵکو تاقمێکی چەتە و بکوژن. پەیامنێری ئەڵمانی فون گۆتنبرگ نووسویەتی: "هیچ سوپایەك هاوشێوەی ئیتاڵییەکان لە تەڕابلوس ناپاکیی لەگەڵ دوژمنەکەیدا نەکردووە، جەنەڕاڵ کانیفا سووکایەتی بە هەموو یاسا و ڕێسایەکی جەنگ دەکرد و فەرمانی دەکرد بە کوشتنی هەموو دیلەکان، ئەوانەی لە گۆڕەپانی جەنگدا دەگیران و ئەوانەش کە لە ماڵەوە دەستگیر دەکران، تەنانەت ئەو قەشانەش کە وا خۆیان دەردەخست خزمەتکاری مرۆڤایەتین، ئەوانیش لە ئەشکەنجەدانی نەخۆشەکاندا بەشدارییان کرد". پەیامنێری نەمساوی هرمان رنول دەڵێت: "لە (٢٦/١٠/١٩١١ز)دا ئیتاڵییەکان لە پشت بانکی ڕۆماوە گەڕەکێکیان بەتەواوەتی سووتاند دوای ئەوەی زۆربەی

[1] هەمان سەرچاوە، ٤/ ٤٠٤، ٤٠٥.

دانیشتووانەکەیان بە ژن و منداڵ و پیرەوە سەر بڕی، لەو کاتەدا کەسێکی عەرەبم بینی کە لە گیانەڵادا بوو، قەشەیەکی لێ بوو کە لە ڕێکخراوی خاچی سوور بوو و ناوی بافیلاکو بوو، تکام لێ کرد کە تۆزێك ئاو بدات بەو عەرەبە، بەڵام ئەو پشتی تێ کردم و گوتی: گوێی مەدرێ لێبگەڕێ با بمرێت!"

ئیتاڵییەکان مزگەوتەکانیان دەڕووخاند و دەیانکردن بە گەوڕی ئاژەڵ، هەرکاتێك قورئانی پیرۆزیان بەرچاو بکەوتایە دەیانخستە ژێر پێیانەوە و هاواریان دەکرد: پێغەمبەرە دەشتەکییەکەتان بانگ بکەن با خۆتان یان کتێبەکەتان بپارێزێت.

یەکێك لە شایەتحاڵەکانی جەنگی کفرە، کە لە ساڵی (١٩٣١ز)دا ڕووی دا، دەڵێت: "کاتێك ئیتاڵییەکان چوونە ناو کفرەوە تەنها ژن و منداڵ و پیری تێدا مابوو، لەناو کفرە و (قربة التاج) بڵاوەیان کرد و هەرچی سنوور بوو شکاندیان و قەدەغەکراوەکانیان حەڵاڵ کرد، سامانی خەڵکیان تالان کرد، پیر و منداڵەکانیان وەك مەڕ سەر بڕی، سکی ئافرەتە سکپڕەکانیان هەڵدڕی و دەستدرێژییان کردە سەر ئافرەتان و مزگەوتەکانیان ڕووخاند و قورئانەکانیان ژێرپێ خست".

لێرەدا کۆتایی بەو ڕووداوە کورتانە دێنین، بەدڵنیاییەوە سەدان و هەزاران نموونەی تر هەن، کۆتایی ئەو ڕووداوانە بەو سرووده دێنین کە ئەدەبی ئیتاڵی بۆمان دەگێڕێتەوە و هەموو سەربازە ئیتاڵییەکان لەبەریان بوو، دەقی سروودەکەش ئەوەیە: "من بە دڵخۆشییەوە دەچم بۆ لیبیا بۆ ئەوەی خوێنم بڕژێت لەپێناو لەناوبردنی ئەو گەلەی کە نەفرەتیان لێ کراوە و لەپێناو سڕینەوەی قورئان، ئەگەر مردم دایکەگیان بۆم مەگری، ئەگەر کەسێکیش لێی پرسیت بۆچی پرسە ناگێڕیت، بڵێ: ئەو لە کاتێکدا مرد کە دژایەتیی ئیسلامی دەکرد". [1]

[1] د. أحمد شلبي، هەمان سەرچاوە، ٤٠٣/٤، ٤٠٥، ئەویش ئاماژە بە چەند دەقێك دەکات کە لە کتێبێکدا هاتووە لەلایەن (هیئة تحرير ليبيا) وە بە ناونیشانی (الفظائع السود الحمر) هاتووە، ص٢١، ٣١، ٣٣، ٤٦، ٧٥، ٨٥، ٨٦.

### ٥- پەیوەندیی ئاشتییانە:

پەیوەندیی نێوان جیهانی ئیسلامی و دەوڵەتانی دەوروبەری تەنها جەنگ و ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی نەبوو، بەڵکو لەنێوان جەنگەکاندا چەندین پانتایی ئاشتیی هەبوون، هەندێکیان فراوان بوون هەندێکیشیان تەنگ بوون، بەڵام لە کۆتاییدا کات و شوێنێکی دوورودرێژیان پێك هێنا، لەمیانەی ئەو ماوەیەدا نەریتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیانی تێدا جێگیر کرا، بە شێوەیەك زۆرێك لە مێژوونووسانی کۆن و نوێ لەبارەیەوە دواون.

هەر لە سەردەمی ڕێککەوتنی حودەیبییەوە بیگرە، کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) لەگەڵ قورەیشدا لە ساڵی شەشی کۆچییدا واژۆی کرد، دواتریش چەندین نامەی بۆ سەرکردەکانی جیهان نارد کە بە یەکێك لە گرنگترین هەنگاوە دیبلۆماسییەکانی ئیسلام دادەنرێت، پاشانیش ئەو پەیماننامانەی کە لەگەڵ ژمارەیەك لە سەرۆك خێڵەکانی سنووری دەوڵەتی ئیسلامی و دەوڵەتی بێزەنتی بەستیان.

هەر لەو کاتانەی کە سەرەتای تەمەنی ئیسلام بوو و بە درێژایی سەدەکانی دواتریش، مێژووی ئیسلام تۆڕێکی بەپیتی گەشەسەندووی لە پەیوەندیی ئاشتییانە و دیبلۆماسی بەخۆیەوە بینی، ئەو پەیوەندییانە چەندین دەستکەوتیان بۆ دەوڵەتە ئیسلامییەکان فەراهەم هێنا و هاوکار بوون بۆ بەدیهێنانی جۆرێك لە هاوسەنگیی نێودەوڵەتی لە هەندێك لە قۆناغەکانی مێژووی جیهانی ناوەڕاستدا، هاوشانی خەباتی چەکداری لە زۆربەی کاتەکاندا ئەو پەیوەندییانە ئەنجامیان هەبووە.

هەر لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی ئیسلامییەوە لە مەدینە و فراوانبوونی لەسەرخۆی ئەو دەوڵەتە بە ئاڕاستەی باکووری نیمچەدوورگەی عەرەبیدا، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) لە ساڵی (٦)ی کۆچیدا ڕێککەوتنی حودەیبییەی واژۆ کرد،

هەتا ببێتە نموونەیەكی كرداری بۆ توانستی پەیوەندیی ئاشتییانە لە بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی كە هەندێك جار بە چەك بەدی نایەن.

قورئانی پیرۆز ئەو دەستكەوتە بە فەتح[1] ناو دەبات، ئیبن هیشامیش لە زوهرییەوە دەیگێڕێتەوە كە ئەو ڕێككەوتنە گەورەترین فەتح بوو لەو كاتەدا ئیسلام بە خۆیەوە بینی "پێشتر لە هەر شوێنێك خەڵكی نەیار بەیەك بگەیشتنایە ڕووبەڕووی یەكتر دەبوونەوە، بەڵام كاتێك ئاگربەست ڕاگەیەنرا و جەنگ وەلا نرا و خەڵك لە یەكتری دڵنیابوون و بە یەكتری گەیشتن و گفتوگۆیان كرد، لەو كاتەدا لەگەڵ هەركەسێكی ژیردا سەبارەت بە ئیسلام گفتوگۆ بكرایە ڕاستەوخۆ موسوڵمان دەبوو، لەو دوو ساڵەدا بە ئەندازەی ئەوانەی پێشتر یاخود زیاتریش موسوڵمان بوون". [2]

هەر بەوەی قوڕەیش لەگەڵ موسوڵماناندا كەوتنە ڕێككەوتنەوە، ئەو كارەیان وەك دانپێدانان وا بوو بە دەوڵەتە گەنجەكەدا و بە ئایینە نوێكەدا، لە كاتێكدا پێشتر لە جەنگی دووردرێژی تواندنەوەدا بوون لەگەڵیدا، لەبەر ئەوەی قوڕەیش بە گەورەی بتپەرستی و پارێزەری كەعبە دادەنرا و كاتێك ئەوان ڕێككەوتنیان لەگەڵ موسوڵمانان كرد، خێڵە عەرەبییەكانی دورگەی عەرەبی كە شوێنكەوتەی قوڕەیش بوون، خۆیان لەو پاشكۆیەتییە داماڵی و چیتر خۆیان بە چارەنووسی قوڕەیشەوە نەبەستەوە، ئازادی ڕەهایان بە خۆیان دا بۆ ئەوەی هەر بەرەیەكیان پێ گونجاو بێت ئایینەكەی وەربگرن یاخود هاوپەیمانییەتی لەگەڵدا بكەن، ئەوەش بواری بۆ موسوڵمانان كردەوە تا چالاك بن و لە هەموو ناوچەكاندا بڵاوە بكەن بۆ بەدەستهێنانی هاوپەیمان و هاوئایینی زیاتر، لە لایەكی تریشەوە سوودیان لەو ماوە ئارامەش بینی كە ڕێككەوتنی حودەیبیە فەراهەمی هێنابوو.

---

[1] سورة الفتح، ئایەتەكانی ١، ٢.

[2] تهذيب سيرة ابن هشام، ص٢٥٨، ٢٥٩.

یەکلابوونەوەی خێڵی خوزاعە بۆ بەرەی موسوڵمانان سەرکەوتنێکی گەورە بوو، چونکە بەشێکی زۆری ئەو جەنگاوەرانەی کە قورەیش لە جەنگەکانیدا پشتی پێ دەبەستن لە خێڵی خوزاعە بوون، بەو کارەش موحەممەد بەشێکی گەورەی ئەو هێزەی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و توانای سەربازیی قورەیشی لاواز کرد.(١)

(تۆماس ئارنۆڵد) بڕوای وایە ئەو جەنگە یەك لەدوای یەکانەی پێغەمبەر دژی خەڵکی مەککە هۆکار بوون بۆ ئەوەی خێڵەکانی باشووری مەدینە هەتا سنووری یەمەن زۆر دوور بن لە دەسەڵاتی ئایینە نوێیەکە، بەڵام ئاگربەستی حودەیبیە پەیوەندیی ئەو دەوڵەتەی لەگەڵ ناوچە عەرەبییەکانی باشووردا ئاسان کرد لەو کاتەدا". (٢)

بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە یەمەن لەدوای ڕێککەوتنی حودەیبیە لە ڕووی سەربازییەوە گرنگی تایبەتی خۆی هەبوو، قورەیشییەکان لە باکوور و باشوورەوە لەلایەن موسوڵمانانەوە گەمارۆ دران و بەوەش چارەنووسی مەککە و قورەیش بەیەکجاری یەکلا بووەوە،(٣) ئەگەرچی قورەیشییەکان چەند ئامانجێکی سادەیان هەبوو لەو ڕێککەتنە کە پاڵنەرەکەیان دەمارگیریی نەفامی بوو، ئەو ئامانجانەش بریتی بوون لە ڕێگرتن لە موسوڵمانان لەو ساڵەدا بۆ سەردانی کەعبە و گەڕاندنەوەی ئەو قورەیشییانەی بێ پرسی سەرپەرشتیارەکانیان موسوڵمان دەبن و بەدەستهێنانی سەقامگیری بۆ یەکلابوونەوە بۆ بازرگانیکردن.(٤)

پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) ئەو هەلە زێڕینەی قۆستەوە، لەگەڵ ئەوەدا کە خەڵکی موسوڵمان کرد و کردنی بە دۆستی دەوڵەتەکەی، ململانێی لەگەڵ هێزە

---

١ الشريف، مكة ومدينة، ص٤٦٩.

٢ الدعوة الى الإسلام، ص٥٧.

٣ شيت خطاب، الرسول القائد، ص٢١٢.

٤ هەمان سەرچاوە، ص١٩٠.

دژە ئیسـلامەکانی تـردا دەسـت پـێ کـرد، وەك جوولەکـەکان کـە لـە خەیبـەر و ناوچەکانی دەوروبەری کۆ بووبوونەوە و بێزەنتییەکان و هاوپەیمانـە عەرەبـەکانیان کە لە ناوچەکانی باکوور بەئاشکرا دژایەتیی ئیسلامیان دەکرد، لـەدوای زیـادبوونی چالاکیی موسوڵمانان لەو ناوچانەدا، جگە لە خێڵە دەشـتەکییەکان کـە لـە بیابانـدا دەژیان و چاوەڕێی هەلێك بوون بۆ لێدانی موسوڵمانان، لەگەڵ ئەوانەشدا بـەردەوام پێغەمبەر هەلە بەنرخەکانی دەقۆستەوە.[1]

پاشان نامەکانی پێغەمبەر بۆ سەرکردەکانی جیهان هاتە پێشەوە، کە بەیـەکێك لە بەرهەمەکانی ڕێککەوتنی حودەیبیە دادەنرێـت، نـاردنی ئـەو نامانـەش ویسـت و حـەزی پێغەمبـەر دەردەخـەن بـۆ بەسـتنی پەیوەنـدیی ئاشـتییانە بـە مەبەسـتی بەدیهێنانی ئامانجە جیهانییـەکانی و گواسـتنەوەی بانگـەوازی ئیسـلامی لـە ژینگـە جوگرافییە تەنگەکەیەوە بۆ هەموو جیهان.

نێردراوەکانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) بەڕێ کەوتن بۆ لای هەر یەکێك لـە فـەرمانڕەوای ساسـانیی کیسـرا (خەسـرەو) و ئیمپراتـۆری بێزەنتـی هیرقـل و فـەرمانڕەوای میسـر مقـەوقس و فـەرمانڕەوای حەبەشـە نەجاشـی و فـەرمانڕەوای دیمەشق مـونزیری غەسـانی،[2] ئـەو نامانـە وەك بانگەشـەیەکی ڕاگەیانـدن وا بـوون لەسەر ئاستی جیهان، پـەیامێکیش بـوون کـە ئـەم ئایینـە تـەنها مـوڵکی عـەرەب و دوورگەی عەرەبی نییە، بەڵکو ئایینی مرۆڤە لە هەر شوێنێك بێت، هەر وەکو چۆن بانگەوازێکیش بوو بۆ دەسەڵاتداران بۆ ئەوەی موسوڵمان ببن یاخود لانی کەم ڕێگە بە بانگخوازان بدەن هەتا بە ئازادانە کار و چالاکیی خۆیان ئەنجام بدەن، گـەلانیش

[1] الطبري، التاريخ، ٣/ ٢٢، ٢٧، ٢٨، ٢٩، ٣٢، ٣٣، وابن سعد، الطبقات، ٥٨/١/١ ـ ٨٧، ٨٩ ـ ٩١ ـ ٩٦، والواقدي، المغازي، ٢/ ٧٢٢ ـ ٧٨٠.

[2] الطبري، تاريخ، ٢/ ٦٤٤ ـ ٦٥٣، وخليفة بن خياط، تاريخ، ١/ ٤١، ومحمد حميد الله، مجموعة الوثائق السياسية للعهد النبوي والخلافة الراشدة، الطبعة السادسة، دار النفائس، بيروت، ١٩٧٨م، ص١٠٦ ـ ١١٤.

بەئازادانە و بەبێ هیچ زۆرلێکردنێك بیروباوەڕی خۆیان هەڵبژێرن، هەر وەك چۆن ئاگادارکردنەوەی ئەو دەسەڵاتانە بوون هەتا ڕێگا لەبەردەم ئەو ئایینە نوێیە بکەنەوە، ئەگەرنا هێز دەبێتە دادوەر بۆ بەدیهێنانی داخوازییەکان.

ناردنی ئەو باڵیۆزانە داهێنانێکی زۆر جوان بوو لە کاری دیبلۆماسییدا، لەو کاتەدا کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) سەرقاڵی بڵاوکردنەوەی ئایینەکەی بوو لەنێوان گەل و هۆزەکەیدا چاوەڕوانی ئەوە نەبوو کە ئەو پاشا بەهێزانە وەڵامی بدەنەوە و موسوڵمان ببن، ئەگەرچی ناردنی ئەو نوێنەرانە بە تەواوکاری پەیامی پێغەمبەرایەتی دادەنرێت، ئەو جیهانە کۆنەش کە لەو ڕۆژەدا پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) بانگەوازی دەکردن بۆ ئیسلام لەسەر بنەمایەکی لاواز و لەرزۆك وەستابوون کە لە ئانوساتی ڕووخاندا بوون، ئایینە کۆنەکانیش دووچاری هەڵوەشان و لاوازی بووبوون، بانگەوازی ئیسلامییش لەبەر ئەوەی کە نوێ و سادە و بەهێز بوو دیاردەیەك بوو شایانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە بوو، بۆ خاوەن ژیری و کەسە دوربینەکان زۆر ئاسان بوو کە پشتی ئەو بانگەوازە نوێیە بخوێننەوە و لەوە تێبگەن کە هێزی تەقینەوە لەپشتیەوەیەتی، بەڕاستی تەقینەوەکەش زۆر بەخێرایی ڕووی دا". (١)

سەردەمی ڕاشیدین بە شێوەیەکی بەرچاو پەیوەندیی ئاشتییانەی تێدا تۆمار نەکراوە، لەبەر ئەوەی فتوحات وەك دیاردەیەکی ناوازە توانای بەدیهێنانی زۆر لە ئامانجەکانی هەبوو لە ماوەیەکی کەمدا کە لە مێژووی مرۆڤایەتییدا وێنەی نەبوو، فتوحات توانیی دەوڵەتی ساسانییەکان بڕووخێنێت، کە یەکێك بوو لە نەیارە نێودەوڵەتییەکانی ئیسلام لە ناوچەی فارس و ڕۆژهەلات، هەروەها نەیارەکەی تریش کە دەوڵەتەی بێزەنتی بوو لە فەڵەستین و شام و دوورگەی فوراتی و میسر و هەندێك لە دوورگەکانی دەریای ناوەڕاست وەدەر نرا، بە شێوەیەك کە

---

[١] محمد عبدالله عنان، مواقف حاسمة في تاريخ الإسلام، الطبعة الرابعة، س٢٠٨.

بێزەنتییەکان هەلی خۆڕێکخستنەوە و دروستکردنەوەی پەیوەندییان لەگەڵ دەوڵەتی ڕاشیدینیدا نەبوو، هەتا بوار بڕەخسێنێت بۆ پەیوەندیی ئاشتییانە، لەگەڵ ئەوانەشدا سەردەمی فتوحات چەند هەوڵێکی ئاشتییانە و ناردنی نوێنەری لەلایەن هەردوو لاوە بەخۆیەوە بینی بەتایبەت لەگەڵ فارسە ساسانییەکاندا زیاد لە جارێك گفتوگۆ لەنێوان سەرکردە ئیسلامییەکان و کیسرا و ڕۆستەم ڕووی دا،[1] بەڵام سەرجەمیان بێهودە بوون.

لە سەرەتاکانی سەردەمی ئومەوییەوە شانبەشانی ململانێ سەربازییە دوورودرێژەکانی هێڵەکانی پێشەوە و بە درێژایی ئەو سەردەمە لە سنوورەکانی دورگەی فوراتی و ئەنادۆڵ و باکووری شام و بە درێژایی کەناراوەکانی شام و میسر و ئەفریقا و لە دورگەکانی دەریای ناوەڕاست و ئەندەلووس و کەناراوەکانی ئەورووپای باشوور، لەگەڵ ئەو ململانێیانەدا چەند پەیوەندییەکی ئاشتییانەش هەبوون.

بەهۆی کێشە و ئاریشە ناوخۆییە بەردەوامەکانی دەوڵەتی ئومەوییەوە و بە هۆی ئەوەی بێزەنتییەکان هاوسەنگی و توانای هێرشبردنیان بەدەست هێنایەوە لە دوای ئەوەی کە لە سەردەمی ڕاشیدیندا گورزیان لێ درابوو، لەبەر ئەو دوو هۆکارە دەوڵەتی بێزەنتی گەڕایەوە بۆ سیاسەتی هێرشبردن و یەکلاکردنەوەی ململانێکانی نێوان خۆیان و ئومەوییەکان بە هێزی سەربازی، بەڵام هەر وەکو ئومەوییەکان ئەوانیش بۆیان ڕوون بوویەوە کە بەردەوامیدان بە هەوڵی سەربازی ناکرێت، لەگەڵ ئەو پلانەی ئومەوییەکان کە موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان بناغەکەی دانابوو و جێنشینەکانی دوای خۆیشی لەسەری ڕۆیشتن، کە بریتی بوو لە سەرشۆڕکردنی دەوڵەتی بێزەنتی بە زنجیرەیەك هێرشی یەك لەدوای یەك لە هاوین و زستاندا، کە بە هێرشە هاوینەیی و زستانەییەکان ناسرابوون، هەروەها هێڵەکانی سنووریان

[1] بڕوانە: الطبري، تاريخ، ٣/ ٤٩٨ ـ ٥٠١، ٥٠٨، ٥١٧، ٥١٨–٥٢١، ٥٢١ـ ٥٢٤، ٥٢٥، ٥٢٦، ٥٢٧، ٥٢٩.

کردبوو بە هێڵی هێرشبردن بۆ سەر بێزەنتییەکان لەجیاتی ئەوەی بیکەنە هێڵی بەرگری لە دەوڵەتی ئومەوی، ئەو کارەشیان لەسەر بنەمای "هێرشبردن باشترین ڕێگای بەرگریلەخۆکردنە" کرد.

لە لایەکی تریشەوە بێزەنتییەکان هێرشی بەردەوامی وشکانی و دەریاییان دەکردە سەر ئومەوییەکان، هەتا ڕێگر بن لەوەی ئومەوییەکان خۆیان یەکلا بکەنەوە بۆ لێدانی گورزی توند لە بێزەنتییەکان، هەروەها بە مەبەستی بەدەستهێنانەوەی هەندێك لەو ناوچانەی کە لە سەردەمی ڕاشیدیندا لەدەستیان دابوو. لەگەڵ ئەوەدا کە هەردوو لا بەو شێوەیە هێرشیان بۆ یەکتری دەبرد، بەڵام بەهۆی زۆربوونی کێشە ناوخۆییەکانی هەردوو لاوە و لاوازبوونی توانا ماددی و مرۆییەکانیان و لەبەر ئەوەی هەردوو لا دەیانویست خۆیان یەکلا بکەنەوە بۆ نەیارەکانی تریان لە ناوخۆ و دەرەوە، کە زۆر سوودمەند بووبوون لە ململانێی بەردەوامی ئەو دوو لایەنە، لەبەر ئەو هۆکارانە ئومەوییەکان و بێزەنتییەکان ناچار بوون کە بیر لە پەیوەندیی ئاشتییانە بکەنەوە، ئەو پەیوەندییەش بە شێوەیەکی پلەبەندی دەستی پێ کرد و سەرەتا ئاگربەستی کاتی و پاشان ڕێککەوتنی درێژخایەن و گۆڕینەوەی دیلەکان و سوودبینین لە ئەزموونە کەلتووری و شارستانییەکانی یەکتر بوو بەگشتی.[1]

ئەو پەیوەندییە ئاشتییانە بواری دا بە هەردوو لا هەتا هەناسەیەك بدەن و خۆیان یەکلا بکەنەوە بۆ چارەسەرکردنی شۆڕش و کێشە ناوخۆییەکانیان، هەر

---

[1] بڕوانە: فتحي عثمان، الحدود الإسلامية البيزنطية بين الاحتكاك الحربي والاتصال الحضاري، الدار القومية، القاهرة، (بدون تاريخ) ومحمود شاكر، التاريخ الإسلامي: العهد الأموي، المكتب الإسلامي، بيروت، ١٩٨٢م، والسيد عبدالعزيز سالم، تاريخ الدولة العربية، تاريخ العرب منذ ظهور الإسلام حتى سقوط الدولة الأموية، مؤسسة الثقافة الجامعية الإسكندرية، (بدون تاريخ)، و د. عبدالعزيز أبو زيد، الدولة الأموية: دولة الفتوحات، الجزء الثامن من مشروع العلاقات الدولية في الإسلام، إشراف د. نادية محمود مصطفى، المعهد العالمي للفكر الإسلامي، القاهرة، ١٩٩٦م.

وەك چۆن توانییشیان ڕووبەڕووی نەیارە دەرەکییەکانیشیان ببنەوە، کە سوودیان لە جەنگ و ڕووبەڕووبوونەوەکانی ئەو دوو لایەنە بینیبوو.

لەدوای هاتنی عەباسییەکان و بە درێژایی چەند سەدەیەك پەیوەندییە ئاشتییەکان لە ڕووی فراوانی و بەپیتییەوە زیادیان کرد، هاوشان لەگەڵ بوونی ململانێی بەردەوامدا، پەیوەندییەکانیان گەیشتە ئاستی گۆڕینەوەی شاند و نێردراو و باڵیۆز، ئەو پەیوەندییانەی کە ئومەوییەکان بناغەیان بۆ دانا.[1]

گۆڕانکارییە نێودەوڵەتییەکان و چەندجەمسەریی لە ئاسیا و ئەفریقا و ئەورووپا ڕەهەندێکی تر بوون بۆ ئەوەی عەباسی و بێزەنتییەکان و ئومەوییەکانی ئەندەلووس و فرەنجەکانی غال (فەڕەنسا) ناچار بن پەنا ببەنە بەر هەوڵی ئاشتییانە و بەکارخستنی پەیوەندییە دیبلۆماسییەکان، ئەوەش لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان و هاوسەنگیی نێودەوڵەتیدا، ئەو پەیوەندییانە چەترێکی گونجاو بوون بۆ هەموو لایەنەکان هەتا لە سنوورەکانیان دڵنیا بن و هاوپەیمانیی گونجاوی خۆیان بدۆزنەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا کە عەباسییەکان لەسەر ڕێچکەی ئومەوییەکان ڕۆیشتن لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ بێزەنتییەکان لەسەر بنەمای (هێرشی بەردەوام بۆ ناوجەرگەی ئەنادۆڵ باشترین بەرگرییە)، لەسەر ئەو بنەمایە لە سەردەمەکانی سەرەتای عەباسییەکاندا چەند هێرشێکی یەك لەدوای یەکیان کردە سەر بێزەنتییەکان کە لە هێرشە هاوینەیی و زستانییەکانی ئومەوییەکان دەچوون، لەگەڵ بوونی ئەو هێرشانەشدا، بەڵام عەباسییەکان بە هۆی بارودۆخی نوێی

---

[1] بڕوانە: د. حسن ابراهيم حسن، تاريخ الإسلام السياسي، ٢٣٩/٣ ـ ٢٤٤، ٤٧٢ ـ ٤٧٤، ود. عبدالعزيز أبو زيد، الدولة العباسية من التخلي عن سياسات الفتح إلى السقوط، الجزء التاسع من مشروع العلاقات الدولية في الإسلام.

نێودەوڵەتی ناچار بوون پەنا ببەنە بەر پەیوەندیی ئاشتییانە بۆ پارێزگاریکردن لە خاك و بەرژەوەندییەکانیان.

دەوڵەتی ئومەوی لە ئەندەلووس نەیاری فرەنجەکان بوون، کە بەردەوام دەیانویست هەلێك بقۆزنەوە بۆ هاتنە ناو ئیسپانیا و ڕووخاندنی قەوارەی ئومەوی، دەوڵەتی عەباسییش کە دوای هەوڵدان نەیتوانی ئەندەلووس بگێڕێتەوە ژێر ڕکێفی خیلافەتەکەیەوە، ئەوانیش نەیاری بێزەنتییەکان بوون کە بەردەوام دەیانویست سنووری عەباسییەکان لە باکوورەوە ببەزێنن، دەوڵەتی فرەنجەی کاسۆلیکیش لە ململانێی سیاسی و ئایینیدا بوون لەگەڵ دەوڵەتی بێزەنتی ئەرسۆزۆکسی، هەر چوار لایەنەکە ئەو جیاوازییانەیان بە هەلێك زانی بۆ گرێدانی هاوپەیمانیی دووقۆڵی لە دژی لایەنەکەی تر، یان لانی کەم بەدیهێنانی ئەندازەیەك هاریکاری و لێکتێگەیشتن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی نەیارەکانیان.

بەو شێوەیە بارودۆخەکە ئومەوییەکانی ئەندەلووس و بێزەنتییەکانی ڕۆژهەلاتی ئەوروپای ناچار کرد لە بەرامبەر عەباسییەکان و فرەنجەکان هاوپەیمانێتی ببەستن، ئەو قۆناغە مێژووییە گفتوگۆی دیبلۆماسیی جوانی بەخۆیەوە بینی، سەرەتایەك بوو بۆ سیاسەتی لێکتێگەیشتن و هاوسەنگییە نێودەوڵەتییەکان، ئەگەرچی هەندێك لە مێژوونووسە کۆن و هاوچەرخەکان لە هەردوو لایەن زیادەڕۆییان کردووە لە قەبارەی ئەو ڕێککەوتن و ڕاگۆڕینەوە ئاشتییانەدا کە لەنێوان ئەو لایەنانەدا ڕوویان دا، بە شێوەیەك کە لە ڕاستیی مێژوویی دەردەچێت، هەر وەك لەو گێڕدراوانەدا دەیبینین کە سەبارەت بە گفتوگۆی هارونە ڕەشید و شارلمان نووسراوەتەوە،[1]

---

[1] بڕوانە: بارتولد، دراسات في تاريخ فلسطين في العصر الوسطى، ترجمة: عزيز حداد، مركز الدراسات الفلسطينية، بغداد، ١٩٧٣م، ص٢١ـ ٣٠، ٦١ـ ٦٣، و د. فاروق عمر فوزى، تاريخ فلسطين في العصور الإسلامية الوسطى، دار الحكمة، بغداد، ١٩٨٧م، ص١٠٣ ـ ١١٥.

ئـەوەی پشتڕاسـت کراوەتـەوە ئەوەیـە کـە پەیوەنـدیی ئاشـتییانە بـە جۆرێـك لـە جۆرەکان و لەبەر پێویستی لـەنێوان لایەنـە ئیسـلامییەکان و ئەوروپییەکانـدا ڕووی داوە، چەندەها بەڵگە و ڕووداویش هەیە کـە لەلایـەن هـەردوو لاوە گێڕدراوەتـەوە و سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن و هیچ بوارێکیان بۆ گومان نەهێشتووەتەوە.[1]

لە ناوەڕاستی سـەردەمی عەباسـیدا چـەند هێزێکـی ئیسـلامیی نـوێ دەسـەڵاتی خۆیان بەسەر شام و فەڵەستین و میسر و باکووری ئـەفریقا و دوورگـەکانی دەریـای ناوەڕاستدا سەپاند، وەك فاتمییەکان و سەلجووقیەکان و ئەو قـەوارە ناوچـەییانەی تر کە لەوان جیا بووبوونەوە، ئەوە جگە لە ئەیوبییەکان و مەملوکیەکانیش، لەبـەر ئەوەی ئەو هێزانە لە ناوچەکانی هێڵی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕۆژئاوادا دروست بووبوون لە دیاریکردنی پێشوازیی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەگەڵ ئەوروپادا لە جەنگ و ئاشـتیدا پشـکی شـێریان بەرکـەوت، پەیوەنـدیی ڕووبەڕووبونـەوەی چـەکداری لـە سەردەمی جـەنگی خاچدروشمەکاندا گەیشـتبووە لووتکـە و دوو سـەدەی خایانـد، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو سەردەمەش چەند پەیوەندییەکی ئاشـتییانە و دبلۆماسـییانەی بەخۆیـەوە بینـی، بەتایبـەتی لـە سـەردەمی هێرشـی شەشـەمی خاچـدروشمەکاندا گفتوگۆیەکی ئاشتییانەی فـراوان لـەنێوان ئەوروپییـەکان و جرمانیەکانـدا ڕووی دا، تەنانـەت لـە سـەردەمی هێرشـی سـێهەمی خاچدروشمەکانیشـدا و لـە کۆتاییـەکانی ژیانی سەڵاحەدیندا هەردوو لایەنی ئەیوبی و خاچدروشمەکان گەیشتنە ئەو بڕوایەی کـە بارودۆخـە مێژووییەکـە وا دەخوازێـت دەسـت لـە ڕووبەڕووبونـەوەی سـەربازی هەڵگرن، ئەگەرچی بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت، پێویست بوو هەردوو لا کار بکەن بۆ

---

[1] بڕوانە: د. عبدالقادر أحمد اليوسف، العصور الوسطى الأوروبية، ٤٧٦ ـ ١٥٠٠م، المكتبة العصرية، صيدا، بيروت، ١٩٦٧م، ص١٠٢ ـ ١٠٤.

ڕێککەوتنێك تا بواریان بداتێ بۆ خۆیەکلاکردنەوە بۆ کێشە ناوخۆییەکان، هەر لەبەر ئەوە لە ساڵی (٥٨٧ك)دا ڕێککەوتنی ڕەملە لەنێوان پاشای ئینگلیزی ڕیچارد (دڵی شێر) و سوڵتانی ئەیوبی سەلاحەددینی ئەیوبی واژۆ کرا.

لە سەردەمی عوسمانییەکاندا و لە کاتێکدا کە زۆر بەهێز بوون و ڕابەرایەتیی جیهانیان دەکرد، ئەوروپا گۆڕەپانی جێبەجێکردنی سیاسەتی سەربازی و ئاشتی بوو، عوسمانییەکان زۆرینەی زۆری سەردەمەکەیان لە ماوەی زیاتر لە شەش سەدە و لەنێوان ساڵانی (١٣٠٠ ـ ١٩١٤ز) بە ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی بەڕێ کرد، هەر وەکو لە بەشی دووەمی ئەم پەڕاوەدا باسمان کرد هەوڵە سەربازییەکانی عوسمانییەکان بە دوو قۆناغی سەرەکیدا تێپەڕین، یەکەمیان بریتی بوو لە جیهاد و تێکۆشانی بەردەوام دژی هێزە ئەوروپییەکان، دوای ئەوە زۆری پێ نەچوو بارودۆخەکە پێچەوانە بووەوە و دەوڵەتی عوسمانی بەناچاری کەوتە باری بەرگرییەوە، لەو کاتەدا ناوبەناو خۆی بە ناچار دەبینی کە بچێتە ناو گفتوگۆی ئاشتییانەوە لەگەڵ ڕۆژئاوای سەرکەوتوودا و واژۆکردنی چەند پەیماننامەیەك کە لە بەرژەوەندییدا نەبوو، لە ڕێگای ئەو پەیماننامانەوە بەرژەوەندییەکانی بێگانە دزەیان کردە ناو جەستەی دەوڵەتی عوسمانییەوە و لەژێر ئەو چەترەدا هێزە ناوخۆییە دژە عوسمانییەکان لە چاوەڕوانیی هەلێکدا بوون بۆ پیلانگێڕان و شۆڕشکردن و ئاشووبنانەوە و چالاکبوونەوە، بەوەش دەوڵەتی عوسمانی لاوازتر بووبوو، لە کۆتاییشدا لەڕێی نەیارەکانی ناوخۆوە توانییان بیڕووخێنن و دامودەزگای خیلافەت هەڵبوەشێننەوە، ئەو خیلافەتەی کە سیمبولی بالادەستیی ئیسلام و ڕۆحی جیهادی و توانای سەربازی بوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕۆژئاوا.

مێـژووی دەوڵەتـە ئیسـلامییەکان هـەر لـە سـەردەمی پێغەمبـەرەوە (دروودی خودای لەسەر) هەتا کـەوتنی دەوڵـەتی عوسمـانی، گوزارشـت بـوو لـە توانـای ئـەو دەوڵەتانە بـۆ جـەنگ و ئاشـتی لەگـەڵ نەیارەکانیانـدا، لـەژێر ڕۆشـنایی چەسـپاو و پێدراوەکانی شەریعەتی ئیسلامیدا کـە بـە زینـدوویی و نـەرمی جیـا دەکرێنـەوە لـە پێدراوەکانی تر، هەروەها بەگوێرەی داواکارییە مێژووییـەکانی ئـەو کـات و سـاتەی تێیدا ژیاون، لە زۆربەی کاتەکاندا هێز توانا و کارایی زیاتری داوە بـە گفتوگۆکـانی نێوان موسوڵمانان و نـەیارەکانیان، ئەگـەر موسـوڵمانان بـەهێز بـووبن گفتوگۆکـان بەرژەوەندییـە ئیسـلامییە باڵاکانیـان باشـتر بـەدی هێنـاوە، هـەر کـاتێکیش هێـز نـەبووبێتن یـاخود لاواز بـووبێتن ئـەوا گفتوگۆکـان هـەلێك بـوون بـۆ هێنانـەدیی بەرژەوەنـدیی نـەیارەکانیان و لـەو ڕێگایـەوە توانیویانـە پـرۆژە مێژووییەکـەیان جێبەجێ بکەن و هێزی ئیسلام تێك بشکێنن و ئوممەتی ئیسلامی لێك هەڵبوەشێنن.

# بەشی چوارەم
# ژیانی کۆمەڵایەتی

پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر) توانیی کۆمەڵگایەکی پێشەنگ دروست بکات، کۆمەڵگایەکی نموونەیی کە لە ئاستێکی وەها بەرزدا بوو لە مێژووی مرۆڤایەتییدا هیچ کۆمەڵگایەك نەیتوانیوە پێی بگات، ئەوەش لە لایەك بەڵگە بوو لەسەر ئەوەی کە پێغەمبەر لە ئەرکەکەیدا سەرکەوتوو بوو، لە لایەکی تریشەوە بەڵگەیە لەسەر توانای ئیسلام بۆ گۆڕینی مرۆڤ و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، یاخود سەرلەنوێ دروستکردنەوەی کۆمەڵگا.

مرۆڤ سەرلەنوێ بونیات نرایەوە، ئەو تاڵە دەزووانەی کە کۆمەڵگا تازەلەدایکبووەکەی پێ چندرابوو، بە شێوەیەك بەهێز و تۆکمە بوون کە کۆمەڵگاکە توانای هێنانەدیی کارە ئەستەمەکانی هەبوو، نموونەیەکی کرداری بوو لەسەر توانای کۆمەڵگای باوەڕدار بۆ پیادەکردنی ئەرکی جێنشینی و ئاوەدانکردنەوەی جیهان لەسەر هەموو ئاستەکان و بە هاوسەنگییەکی زۆرەوە، کۆمەڵگای ئیسلامی بەردەوام بەرەو لووتکە هەنگاوی دەنا، سەرەتا بە کارە لەپێشینەکانی وەك چەسپاندنی بیروباوەڕ لە جیهاندا دەستی پێ کرد و لە کۆتاییشدا داواکارییەکانی پەرستشی بە واتا گشتگیرەکەی جێبەجێ کرد، لەو نێوانەشدا بەها ڕەوشتییەکان و مامەڵە و هەڵسوکەوتەکانی فەرامۆش نەکرد، ئەو کۆمەڵگایە توانای بەخششی بەردەوام و وەڵامدانەوەی هەموو ئاڵنگارییەکانی هەبوو، توانای خۆپاراستنی هەبوو لە خاوبوونەوە، هەروەها بەبەردەوامی توانای کاری شارستانیی هەبوو.

ئەو کۆمەڵگایە کۆمەڵگایەکی جووڵاو بوو، هەر لە ساتەوەختەکانی سەرەتاوە وەستان و داخرانی ڕەت کردەوە، بەردەوام لە پێشکەوتندا بوو ڕووە و ئامانجە نەخشێنراوەکانی، لە هەمان کاتیشدا بە پانی و درێژی و قووڵایی لە فراوانبووندا بوو، لە دوای ماوەیەکی کەم کە لە چەند دەیەیەکی سنووردار تێنەدەپەڕی لە هەموو کۆمەڵگاکان جیاوازتر و درەوشاوەتر و ڕێکخراوتر بوو لە جیهاندا.

ئەو ئیسلامەی کە ڕابەرایەتیی ئەو کۆمەڵگایەی دەکرد و دروستی کرد، بریتییە لە ئایینی جووڵەی بەردەوام، ئەو کۆمەڵگایەش کە گوزارشت لەو ئایینە دەکات بەردەوام لە جووڵە و فراوانبووندایە بەبێ ئەوەی کە بەربەستێکی کۆتایی هەبێت ڕێی پێ بگرێت و کۆڵی پێ بدات، بۆچوونی میسالییەکان ڕاست نییە، کە دەڵێن عەقڵی تاکڕەو لە جیهاندا دەردەکەوێت و هەمووان لەسەری کۆ دەبنەوە، هەروەها ماددییەکانیش بەهەڵەدا چوون کە دەڵێن ململانێی هێزە دژبەیەکەکان کۆتایی دێت، کاتێك چینی کرێکار دەسەڵات دەگرنە دەست، بەڵکو ڕاستییەکە ئەوەیە کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) دەفەرموێت: جیهادکردن هەتا ڕۆژی دوایی بەردەوامە، جیهاد لەسەر ئاستی دەروون، کە بە جیهادی گەورە دادەنرێت و جیهادیش لەسەر ئاستی کات و شوێن، کە بە جیهادی بچووك دادەنرێت.

ئەگەر تەنها چاوێکی خێرا بەسەر کۆمەڵگاکانی تردا بخشێنین، کۆمەڵگای ئایینی بن یان نا، ئەو ڕووە ناوازانە دەبینین کە کۆمەڵگای ئیسلامی هەیەتی و بە درێژایی مێژوو لە کۆمەڵگاکانی تر جیای دەکاتەوە، ڕاستە کۆمەڵگا مەسیحییەکان کراوەن، بەڵام ئەو کۆمەڵگایانە خاوەنی دیدێکی یەکگرتوو نەبوون لە مامەڵەکردن لەگەڵ جیهاندا، هەر وەکو کۆمەڵگا ئیسلامییەکان وا بوون، دەگونجێت هەندێك کۆمەڵگا زۆر کارا بن، وەکو کۆمەڵگا جوولەکەکان، بەڵام ئەوانیش کرانەوەیەکی وەهایان نەبوو کە لە هەموو جیهاندان لەسەر مامەڵەکردن لەگەڵ مرۆڤەکاندا کار بکەن لێرەدا و لە ئەزموونی کۆمەڵگای ئیسلامیدا کرانەوە و کارابوون و یەکڕیزی دەبینین، هەر کۆمەڵگایەکیش بەو شێوەیە بێت توانای بڵاوبوونەوە و بەدەستهێنانی دەستکەوتی دەبێت بەبێ زیانگەیاندن بەو بەهایانەی کە کۆمەڵگا لەسەریان وەستاوە، تەنها چەند حاڵەتێکی کەم نەبێت کە لە بنچینە گشتییەکە لایان داوە.

لەگەڵ ئەوەدا کە سەرکردایەتیی ئیسلامی گۆڕانکاریی بەسەر داهاتوو و هەندێکیش لەو سەرکردانە پابەندبوونیان بە ئیسلامەوە لاواز بوو، بەڵام کۆمەڵگا

ئیسـلامییەکان هـەر لەسـەر پابەنـدبوونی خۆیـان بـەردەوام بـوون لەسـەر هـەموو ئاستەکانی پەرستشەکان و مامەڵەکان و بەها و ڕەوشتەکان و هەڵسوکەوتەکان هەتا دەگاتە داواکارییە گەورەکانی بیروباوەڕ، کە بریتییـە لـە بزووتنـەوەی جیهـادی بـە مەبەسـتی لەسـەرکارلابردنی سـتەمکاران و لـەپێناو ئـەوەی وشـە یـان ئـایین یـان پەیڕەوی ژیان تەنها بۆ خودا بێت.

کۆمەڵگای ئیسلامی بە درێژایی مێژوو لە چەندین ڕەگەز و تاقم پێك هاتووە و بە تێپەڕبوونی کات و بڵاوبوونەوەی زیاتری ئیسلام لە ڕووی کات و شوێنەوە ئەو تـاقم و ڕەگەزانەش ژمارەیان لە زیادبووندا بووە، هەر لەبەر ئەوەیە ئەم ئایینە بـەردەوام بەرەو جیهان جووڵە دەکـات و شـوێنکەوتووەکانی و ئەوانـەی لـەژێر ئاڵاکەیـدان لـە زیادبوون و گۆڕاندان، ئیسلام لە ناوەڕاستەوە دارەکـەی گرتـووە، تـای تەرازووەکـە خوار ناکـات و سـتەم ناکـات، ئـامێزی کراوەیـە بـۆ گشـت ڕەگـەز و تاقمـەکان، بـە شێوەیەك کە لە مێژوودا نموونەی نییە.

شیکردنەوەی ڕەگەزەکانی کۆمەڵگای ئیسلامی و سروشتی پەیوەندیی نێوان ئەو ڕەگەزانە و پەیوەندییان لەگەڵ دەسەڵات و هەڵوێستیان بەرامبەر بە ئیسـلام و ڕۆڵ و کاریگـەرییان لـە پێکهاتـەی کۆمەڵایەتیـدا چـەندین ڕوو هەڵـدەگرێت، بـەڵام ئێمـە هەموو وردەکارییەکانی لە چەند چوارچێوەیەکی سنووردارردا کـۆ دەکەینـەوە هـەتا بتوانین ڕووە سەرەکییەکانی هەر یەکێك لەو چوارچێوانە ببینین، کە بریتین لە:

أ ـ چینە کۆمەڵایەتییەکان.

ب ـ ڕەگەزە ناعەرەبییەکان.

ج ـ ڕەگەزە نائیسلامییەکان.

د ـ پیاو و ژن.

**چوارچێوەی یەکەم: چینە کۆمەڵایەتییەکان یان ( پێکهاتەی کۆمەڵایەتی )**

بە درێژایی مێژوو هیچ کۆمەڵگایەك نەیتوانیوە بەرەهایی یەکسانی دروست بکات لەنێوان تاکەکانیدا، دیارە لە ڕووی پێگـەی کۆمەڵایەتییـەوە دەڵـێین نـەك لـە ڕووی مامەڵـە و ڕەخسـاندنی هـەلی کـارەوە، خـۆ ئەگـەر ئـەوەش ڕووی دابێـت، یـاخود بانگەشەی بۆ کرابێت، ئەوا لە ئەنجامدا ئەویش چووەتە ناو چوارچێوەی ستەمێکی ترەوە، کە جارێکی تـر مافـەکانی تێـدا زەوت کـراوە، تەنانـەت کۆمـەڵگا شـیوعییە هاوچـەرخەکانیش بەناچـاری ملکەچـی پلەبەنـدیی کۆمەڵایـەتی یـاخود جیـاوازیی پێگەکانی بوون، داوتریش ڕازی بوون بە جیاوازی لە داهات و پشکەکاندا.

لێرەدا ئێمە بواری ئەوەمان نییە نموونەکانی ئەزموونی شـیوعیەت لـەو بـوارەدا باس بکەین، چونکە نموونـەکان زۆرن و لـەوەش ڕوونـترن کـە پێویسـت بـە نموونـە بکات، لێرەدا ئەو ئایەتە قورئانییە وەبیر خۆمان دێنینەوە کە ئەو بابەتە لە شوێنی ڕاست و دروستی خۆی دادەنێت: ﴿نَحْنُ قَسَمْنَا بَيْنَهُمْ مَعِيشَتَهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَرَفَعْنَا بَعْضَهُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَاتٍ لِيَتَّخِذَ بَعْضُهُمْ بَعْضًا سُخْرِيًّا﴾ الزخرف : ٣٢، واتە (ئێمەین کە ڕزق و ڕۆزیمان لـە نێوانیانـدا دابـەش کـردووە لـە ژیـانی دنیـادا و پلـەو پایەی هەندێکیمان بەرزکردۆتەوە بەسەر هەندێکیاندا، بۆ ئەوەی هەمووان کاروباری یەکتر تەواوبکەن و کەڵك لە توانایی ولێهاتوویی یەکتر وەربگرن).

لەم ئایەتەدا قورئانی پیرۆز جیاوازیی پێگەی کۆمەڵایەتی دووپات دەکاتەوە و بە پێویستییەکی جووڵەی کۆمەڵایەتیی دادەنێت بە ئاڕاستەی باشتر و بەرزتر، ئەوەش بـە هـیچ شـێوەیەك ئـەوە ناگەیـەنێت کـە ئـەو جیاوازییـە بکرێتـە ئـامرازی لێـدان و ڕووخانـدنی کۆمـەڵگای ئیسـلامی، قورئـانی پـیرۆز و سـوننەتی پێغەمبـەر هـەر لـە سەرەتاوە دژی ئەو سەرەنجامە خراپەن.[1]

---

[1] بڕوانە: عماد الدين خليل، مقال في العدل الاجتماعي، مؤسسة الرسالة، بيروت، ١٩٧٨م، الفصلان الثاني والثالث.

کۆمەڵگای ئیسلامی لە سەردەمی پێغەمبەر و خەلیفە ڕاشیدینەکاندا، بەتایبەتی ئەبوبەکر و عومەر گۆڕەپانێك بوو بۆ جێبەجێکردنی بەها ئیسلامییە کۆمەڵایەتییەکان، ڕێگایان نەدا ململانێی چینایەتی سەر دەربخات، ئەو کۆمەڵگایە بەوە ڕازی نەبوو چینایەتی خۆی جێگیر بکات و کاری خۆی بکات بۆ پارچەپارچەکردنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و لە یەکڕیزییەوە بیکاتە کۆمەڵگایەکی هەڵوەشاوە و پڕ لە ململانێ، بەڵام لە نیوەی دووەمی خیلافەتی عوسماندا و لە ئەنجامی کۆبوونەوە و زۆربوونی سامان و خێرابوونی بزووتنەوەی فتوحات، کە سەرەنجام سەری کێشا بۆ ئەو ساماندارییە زۆرەی کە هیچ پێشبینییەکی بۆ نەکرابوو، هەروەها ڕێکخستنی دابەشکردنیشی پێویستی بە کاتی تەواو و پلان و دامودەزگای نوێ هەبوو، لەو کاتەدا ساماندارى لە لای هەندێك و نەبوونیش لە لای هەندێکی تر لەو کۆمەڵگایەدا کۆ بوونەوە، هەر ئەوەش بوو بە هۆی سەرهەڵدانی ئاڵنگارییەکی نوێ کە پێویست بوو سەرکردە موسوڵمانەکان لە کاتی خۆیدا ڕووبەڕووی ببنەوە هەتا کاروباری کۆمەڵگا بگێڕنەوە شوێنی خۆی، خەلیفە عوسمان لە ساڵەکانی کۆتایی دەسەڵاتیدا هەوڵی دا ڕووبەڕووی ئەو کێشەیە ببێتەوە، بەڵام ئاشووبەکە زۆر لەوە گەورەتر بوو، هۆکارە ئاڵۆزەکانی ئەو کێشەیە بەدەر بوون لەوەی کە تەنها لە ساماندارییدا کورت بکرێتەوە، هۆکارەکان مەترسیدار بوون، لە دوای کوژرانی عوسمان ئاڵۆزتر بوون و خودی عەلی نەیتوانی ڕای بگرێت و خۆی یەکلا بکاتەوە بۆ سەرلەنوێ گێڕانەوەی پێوانە ئیسلامییەکان.

لە سەردەمی سەرەتای دەسەڵاتی ئیسلامیدا هەرچیەك سەبارەت بە جیاوازیی کۆمەڵایەتی بگوترێت لەچاو ئەزموونی کۆمەڵگاکانی پێشتر و دواتردا، هێشتا هەر ئاسانتر و کەمترە، ئەو کۆمەڵگایانەی کە پەرتبوونی کۆمەڵایەتی و ستەم و زبری و چینایەتی تێیاندا گەیشتبووە ئاستێك کە نزیك بوو ئەو کۆمەڵگایانە وێران بکات و تەپوتۆزیشیان نەهێڵێت، بەڵام کۆمەڵگای ئیسلامی بە تێپەڕبوونی کات توانای کاری

مێژوویی و دەستکەوتی شارستانی و ئامادەبوونی لە ناوجەرگەی جیهاندا زیادی کرد، خۆ ئەگەر وەك هەندێك کەس خەیاڵ دەکەن ململانێیەکی چینایەتی توند لە ناوخۆدا هەبووایە، ئەوا بەدڵنیاییەوە نەیدەتوانی لە سەدا یەکی ئەو دەستکەوتانە بەدەست بهێنێت کە بەدەستی هێنا.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە بابەتی کۆیلایەتی بکەین وەك یەکێك لە ئاڵنگارییەکان کە دەبوو سەرکردە موسوڵمانەکان ڕووبەڕووی ببنەوە، ئەگەرنا چینایەتییەك دەهاتە ئاراوە کە هەرگیز ئیسلام ڕێگای پێ نەداوە، هەمووشمان هەڵوێستی ئیسلام بەرامبەر کۆیلایەتی دەزانین، لەو بارەیەوە زۆر نووسراوە و پێویست بە دووبارەکردنەوە و ئاماژەبۆکردن ناکات، بەڵام لەسەر ئاستی لێکۆڵینەوەی مێژوویی دەبینین چۆن پێغەمبەر و خەلیفەکانی ڕاشیدین بەتوندی سەرکۆنەی ئەو دیاردەیان کرد و سەرچاوەکانیان وشك کرد، هەروەها وەك دیاردەیەکی دژەباو سەیریان دەکرد، کە پێویستە بەردەوام چاویان لەسەری بێت و بەدواداچوونی بۆ بکەن هەتا فراوان نەبێت و تەشەنە نەکات، مەبەستیشیان ئازادکردنی بەندەکان بوو، بەکۆیلەکردن حاڵەتێکی هەڵتۆقیوی کاتی بوو، کە بارودۆخ دروستی کردبوو، ئیسلامیش تیۆرێکی ناواقیعی پێشنیاز نەکرد بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، کە لە بۆشاییدا هەڵواسرابێت و نەگاتە جێی خۆی، بەڵکو لە سۆنگەی گوتاری ڕۆژانەیەوە هەوڵی دا بەر بەو دیاردەیە بگرێت و نەیهێڵێت، خۆ ئەگەر سەرکردەکانی ڕاشیدین هەمان ڕێگایان بگرتایەتە بەر بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردەیە، ئەوا دۆخەکە زۆر پێچەوانە دەبوو لەگەڵ ئەوەدا کە دواتر ڕووی دا، کەمتەرخەمیی هەندێك لە سەرکردە ئیسلامییەکان سەرلەنوێ ڕێگای خۆش کردەوە بۆ گەورەبوونەوەی دیاردەکە و ئاڵۆزترکردنی، کار گەیشتە فرۆشتنی کۆیلە و بازرگانی پێوەکردنیان، جەمسەرگیرییەکی چینایەتیی وای دروست کرد کە سەری کێشا بۆ دروستبوونی چەندین بزاوتی کۆمەڵایەتی، وەك دواتر ئاماژەیان پێ دەکەین.

هەرچۆنێك بێت لادانی كۆمەڵایەتی هەر لە زووەوە سەری هەڵدا و بە تێپەڕبوونی كات زیادی كرد، ئەگەر بمانەوێت ئەو لایەنە گرنگەی مێژووی ئیسلامی فەرامۆش بكەین ئەوا بە هەڵەدا چووین هەر وەكو هەندێك فەرامۆشیان كردووە یاخود لە گرنگییەكەیان كەم كردووەتەوە، بە هەمان شێوە بە هەڵەدا دەچین ئەگەر بمانەوێت گەورەی بكەین و بیكەین بە بنچینەی لێكدانەوەی هەموو پێدراوەكانی مێژووی ئیسلامی وەكو ئەوەی كە شوێنكەوتەكانی قوتابخانەی ماددیەت دەیكەن، دیسانەوە بە هەڵەدا چووین ئەگەر بمانەوێت هەندێك لە ئاماژەكانی مێژووی كۆمەڵایەتی گەل و نەتەوەكانی تر بهێنین و بەسەر مێژووی كۆمەڵایەتیی خۆماندا گشتگیریان بكەین، یاخود مێژووی خۆمان ملكەچ بكەین بۆ پێدراوەكانی ئەوان و بەزۆر بە ڕێگاكانی ئەواندا بیبەین.

هەڵوێستی زانستییانە و بابەتییانە ئەوەیە كە پێویستە لەسەرمان ڕێگەی ناوەند بگرین و نكوڵی لە مەترسیی بابەتەكە نەكەین و لە هەمان كاتدا زیادەڕەوییش نەكەین، بە شێوەیەك بە تاكە بنەمایەكی بزانین بۆ لێكدانەوەی هەموو شتێك.

بە تێپەڕبوونی كات خۆمان لەبەردەم چەندین بزووتنەوەی كۆمەڵایەتیدا دەبینینەوە كە لە دژی ستەم و بۆ داواكردنی دادگەری ڕاپەڕینیان كرد، لە هەمان كاتدا هەوڵی چەندین سەركردەش دەبینین بە مەبەستی فریاكەوتنی دۆخەكە و گێڕانەوەی ئەزموونی كۆمەڵایەتی بۆ ئەو چوارچێوەیەی كە قورئان و سوننەت كێشابوویان و خەلیفەكانی ڕاشیدینیش جێبەجێیان كرد، ئەو چوارچێوەیەی كە بە هیچ شێوەیەك ڕێگای بەو ستەمانە نەدەدا.

هەموومان ئەوە دەزانین چۆن عومەری كوڕی عەبدولعەزیز ساڵەكانی دەسەڵاتی خۆی بەدادگەرانە تەرخان كرد بۆ چارەسەری كێشەی كۆمەڵایەتی، بە دروستكردنی كۆمەڵگایەكی هاوسەنگی دەستبارگر بۆ یەكتری، بەو شێوەیەی كە خودا و پێغەمبەر دەیانەوێت، بینیمان چۆن عومەر لە ناوەندی بڕیار و قورسایی

ڕاستەقینەوە گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیی ئەنجام دا، لە خودی خەلیفە و بنەماڵەی ئومەوی و کاربەدەستانی وڵاتەوە دەستی پێ کرد، لەپێناوی دوورخستنەوەیان لە سوودمەندبوون لە ماڵی گشتی و هاندانیان بۆ خۆیەکلاکردنەوە بۆ خودا و بەخشینی ماڵ و سامانیان، لە لایەکی تریشەوە باشترین خزمەتگوزاری و بەخشیش و بیمەی کۆمەڵایەتیی پێشکەشی جەماوەری ئوممەت کرد، ڕێژەی باجی کەم کردەوە، شێوازی دادگەرانەی گرتە بەر لە وەرگرتنی باجدا، بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بیمەی کۆمەڵایەتیی فراوان کرد، هەموو شێواز و سیاسەتێکی گرتە بەر لەپێناو جێبەجێکردنی ئەو بیمەیە بە فراوانترین شێوە، سیاسەتی بودجەی دارایی دانا، بە درێژایی سالانی دەسەڵاتەکەی کەمهێنانی دارایی نەبوو بە هۆی ئەوەی کرانەوەیەکی سەرسوڕهێنەری هەبوو لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵگادا، دەرگای بازرگانیی ئازادی کردەوە، داکۆکی لە زەکاتدان دەکردەوە و سیاسەتێکی کشتوکاڵیی باشی گرتە بەر، بۆ خەرجکردنی سامانی گشتی لە ململانێ ناوخۆییەکاندا سنووری دانا، کاری هەلپەرستیی هەندێك لە کاربەدەستانی دەوڵەتی ڕاگرت، ئەم ڕێوشوێنانە و چەندینی تریش ڕۆڵی کاریگەریان هەبوو لە چەسپاندنی بودجەی دارایی و هۆکار بوون بۆ ئەوەی دەوڵەتی ئیسلامی بەرنامە کۆمەڵایەتییەکەی بە فراوانترین شێوە جێبەجێ بکات.[1]

هەروەها دەتوانین (نورەدین مەحمود ٥٤١ ـ ٥٦٩ك) بیر خۆمان بهێنینەوە، کە چۆن گرنگیی بە لایەنی کۆمەڵایەتی دا و چاك لەوە تێگەیشت کە گۆڕانی بنەڕەتی لە ژیانی مرۆڤایەتیدا بەرەو باشترین و تەواوترین دۆخ بەبێ سەرلەنوێ داڕشتنەوەی زەمینەی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی ڕاست و دادگەرانە نابێت، بە شێوەیەك لە کۆمەڵگادا ستەملێکراو و ستەمکار نەمێنێت، لەو کەلێنە مەترسیدارەوە کە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی وێرانکەرە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا توانا و وزەی کەسانێکی

---

[1] بڕوانە: عمادالدین خلیل، ملامح الانقلاب الإسلامي في خلافة عمر بن عبدالعزيز، فصل (الاقتصاد والمال).

هـەژار بـەفیرۆ دەچـێت، کـە ئەگـەر هـەژاری و برسـێتی نەبووایـە دەکـرا سـوود لـە تواناکانیان وەربگیرێت، لـە لایـەکی تریشـەوە بـە هـۆی کۆکردنـەوەی ناسروشـتیی سامانەوە لەلایەن هەندێکەوە گەندەڵی و هەڵوەشان و بەزایەدان دروسـت دەبێـت و کۆمەڵگا بەرەو داڕووخان دەبات.

هەڵوێســـتی نـــورەدین مـــەحمود ســـەبارەت بـــە کێشـــەی کۆمەڵایـــەتی و چارەسەرکردنی لە تێڕوانینێکی ئیسلامیانەی بابەتییانەی دادگەرانەوە سەرچـاوەی گرتبوو کـە قورئـان و سـوننەت دایانڕاشـتبوو و خەلیفـەکانی ڕاشـیدین و سـەرکردە پابەندەکانیش بە درێژایی مێژوو جێبەجێیان کردبوو.

لە سۆنگەی خوێندنەوەی ڕووداوەکانی مێژووەوە بەئاشکرا دەردەکـەوێت چـۆن نورەدین مەحمود دەوڵەتی وەکو دەزگایەکی مافەکانی هاونیشتمانیان سەیر دەکرد و مەبەستی بـوو زۆرتـرین خزمـەتگوزارییان پێشـکەش بکـات، ئـەو بۆچـوونەش بـە هەموو شێوەیەك وەرگرتن و زەوتکردن و بەزایەدان و قۆرخکاری ڕەت دەکاتەوە کە زۆرێك لە حکومەتە ئیسلامی و نائیسلامییەکان بە درێژایی مێژوو پەیڕەویان دەکرد، ئەو زەوتکردنەش چەند شێوازێکی هەبوو، لەوانە زیادکردنی باج و پێشکەشنەکردنی خزمەتگوزاری.

لەپێناو تێپەڕاندنی ئەو لۆژیکە هەڵەیەدا، نورەدین بە ڕێگای بەرامبەردا هەنگاوی نا و کاری لەسەر کەمکردنەوەی باج کـرد و باشـترین خزمـەتگوزاریی پێشـکەش بـە جەماوەرەکەی کرد، هاوکات چاودێرییەکی وردی بەسەر سامانی گشتیی دەوڵەتەوە دانا، ئەو دەستانەی دەبڕی کە دەستی خراپیان بۆ ئەو سامانە درێژ دەکرد، لەگەڵ هەژاران و کەمدەرامەتاندا کرانەوەیەکی سەرسوڕهێنەری هەبوو لـەپێناو تێگەیشـتن لە گوزەرانی تاڵیان و پاڵپێوەنانیان بۆ ئاستی بێپێویستی، لە هەموو ئەو کارانەشدا

پشـتی بـه چـەند سەرچـاوەیەك بەسـت، کـە توانـای بەدەمــەوەهاتنی داوکارییــە زۆرەکانی نورەدین مەحمودیان هەبوو.[1]

بەدڵنیاییەوە ئەنجامی ئەو هەوڵانەی کە عومەر و نورەدین دایان، کۆمەڵگایـەکی دادگەر و هاوکار و بـەدەمی یەکـەوە بـوو دەبێـت لـەو کاتانـەدا کـە پێویسـتیان بـە یەکتری هەیە، بابەتەکە تەنها دەوڵەتێك نییـە کـە ببەخشـێت و دەسـتەبەری ژیـانی خەڵك بکات و خزمەتیان بکات، بەڵکو ئەو کۆمەڵگایەی کە ئەو دەوڵەتـە دەیویسـت دروستی بکات کۆمەڵگایەك بوو کە خراپبەکارهێنانی تێدا نەمێنێت و جیاوازییەکانی تێدا بچووك بکرێنەوە و هەموو لایەك بەگوێرەی مافی خۆیـان و بـە دادگـەری تێیـدا هاوبەش بن لە دابینکردنی پێویستییە بنەڕەتییەکانیاندا، هەتا هەموویان بتوانن بـە ئاراستەی هەنگاوی دواتر جووڵە بکەن کە بریتییە لە ڕاکێشـان و بـانگکردنی خـەڵك بـۆ ئاسـۆ فـراوان و لێبوردەکـانی ئیسـلام، لـە ڕاسـتییدا هـیچ کۆمەڵگایـەك وەکـو کۆمـەڵگای ئیسـلامی نییـە، بـە درێـژایی مێژووەکـەی تـەوژمێك پێـدراوی بـەپیتی هەمەجۆری لە بواری دەستەبەر و هاریکاریی کۆمەڵایەتیـدا بەخۆیـەوە بینیـوە، جـا ئـەو پێدراوانــە لــە دەســەڵاتدار و بەرپرســەکانەوە بووبێـت یـاخود لـە تاکـەکانی کۆمەڵگاوە، تەنها ئەوەندە بەسە ئاماژە بـە ڕۆڵـی زەکـات و بەخشـین و هاریکـاریی کۆمەڵایەتی بکەین.

لە سەرەتای مێژووی ئیسلامەوە و لە سەردەمی پێغەمبەرەوە (دروودی خـودای لەسەر) ئەزموونی برایەتی سەری هەڵدا، ئەویش ئاماژەیەکی ئاشکرا بوو بۆ ویسـتی سـەرکردایەتی و شـوێنکەوتووانی ئـەو ئایینـە بـۆ دروسـتبوونی کۆمەڵگایـەك کـە دادگــەری و یەکســانی بــاڵی بەســەردا کێشــا بێــت و بەشــوێن نەهێشــتنی ئــەو هۆکارانەشەوە بێت کە چاڵی نێوان دەوڵەمەند و هەژارەکان قووڵتر دەکەن.

---

[1] بڕوانە: عماد الدین خلیل، نورد الدین محمود: الرجل والتجربة، فصل (في میدان المال والمجتمع) وکتاب (مقال في العدل الاجتماعي)، الفصل الثالث.

پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) ویستی لە ڕێگەی ئەو ئەزموونەوە قەیرانی گوزەران و بژێویی کۆچکردووەکان چارەسەر بکات، چونکە لە کاتی بەجێهێشتنی مەککەدا ماڵ و سامانەکەیان نەهێنابوو، هەروەها ویستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان لەگەڵ برا پشتیوانەکانیان ڕێك بخات، هەتا ئەو کاتەی کۆچکردووەکان توانای دارایی بەدەست دەهێننەوە و دەتوانن بگەنە ئاستی (بێپێویستی کۆمەڵایەتی)، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) ئەوەندە ئەو برایەتییەی دووپات دەکردەوە، تەنانەت لەدوای کۆچی دوایی یەکێك لە پشتیوانەکان میراتەکەی دەچوو بۆ برا کۆچکردووەکەی لەجیاتی خزمە نزیکەکانی، ئەو دۆخە هەتا جەنگی بەدری گەورە بەردەوام بوو، هەتا ئەو کاتەی موسوڵمانان توانییان لەو جەنگەدا ماڵ و سامانێکی زۆر بەدەست بهێنن.

پشتیوانەکان بەخۆشحاڵییەوە فەرمانەکانی پێغەمبەریان وەرگرت، دڵ و ماڵیان بۆ برایانی موسوڵمانیان کردەوە، تەنانەت واقیدی باسی ئەوە دەکات لە کاتێکدا پێغەمبەر لە بەنی عەمری کوڕی عەوفەوە لە قوباء ماڵەکەی گواستەوە بۆ مەدینە و لەگەڵیشیدا هاوەڵە کۆچکردووەکانیش گواستیانەوە، لەو کاتەدا هاوەڵە پشتیوانەکان پێشبڕکێیان بوو بۆ میوانداریکردنیان، هەتا تیروپشکیان بۆ کردن، هەرکەسە و بە تیروپشك دەبوو بە میوانی کەسێکی تر، پشتیوانەکان ڕایانگەیاند هەرچی زیادەی سنووری ناوچەکەیانە دەیبەخشن بە پێغەمبەر و پێیان گوت: ئەگەر پێت خۆشە ماڵەکانمان بۆ تۆیە، ئەویش دەستخۆشیی لێ کردن و بەباشی سوپاسی کردن، پاشان سنووری بۆ هاوەڵان لەو زەوییانە جیا کردەوە کە موڵکی کەس نەبوون یاخود لەلایەن پشتیوانانەوە بەخشرابوون.

بە تێپەڕبوونی کات هاریکاری و دەستبارگرتنی کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی سەرکردایەتی و جەماوەریی موسوڵمانان زیادی دەکرد و جۆراوجۆر دەبوو، بەڵگەکان ئەوە دەسەلمێنن کە ئیسلام بەکرداری ویستی یەکسانیی کۆمەڵایەتی

هـەبووە، ڕەفتارەکـانی پێغەمبـەر و هـاوەڵانی و ئـەو فـەرمان و ئایەتانـەی کـە دادەبەزینە سەری پانتاییەکی گەورە بوون لە قورئـانی پـیرۆزدا و سـەلمێنەری ئـەو ڕاستییە بوون.

ئیبن سەعد لە کتێبی (الطبقات)دا دەیگێڕێتەوە و دەڵێت: هەندێك لـە خێڵـەکان لـە سـەرەتای سـاڵی (٧ك)دا و لـە دوای فـەتحی خەیبـەر هـاتن بـۆ لای پێغەمبـەر (دروودی خودای لەسەر)، ئەویش بە هاوەڵەکانی گوت لە دەستکەوتەکاندا بیانکـەن بە هاوبەشی خۆتـان، هـاوەڵانیش بـەگوێیان کـرد، واقیـدی لـە کتێبـی (المغـازی)دا دەڵێت کاتێـك موسـوڵمانان قـەڵاکانی خەیبـەریان فـەتح کـرد کەلوپـەل و چـەکێکی زۆریان دەست کەوت "خواردن و پێستە و ئالیکەکەیان دابەش نـەکرد، هەرکەسـە و دەهـات و بەشـی پێویسـتی خـۆی لـیَ دەبـرد". هـەروەها دەگێڕێتـەوە پێغەمبـەر (دروودی خودای لەسەر) لە دوای فـەتحی مەککە سـی هـەزار (٣٠٠٠٠) درهـەمی لـە هەندێك خەڵکی مەککـە قـەرز کـرد و بەسـەر هاوەڵـە هاەژارەکانیـدا دابەشـی کـرد، پیاوی وا هەبوو پەنجا درهـەم یـان زیـاتر یـان کـەمتری بەردەکـەوت، بـەلازەری لـە کتێبی (*الأنساب*)دا دەڵێـت جوولەکـەکانی فـەدەك لەگـەڵ پێغەمبـەردا ڕێـك کـەوتن لەسەر نیـوەی خاکەکـەیان، هەرکەسـێك بهاتایـە و خـەڵکی ئـەو ناوچـەیە نەبووایـە بەشێکی دەدایە، هەروەها دەگێڕێتەوە و دەڵێت پیاوێکی خەڵکی بەلقین گوتی: لـە (وادی القری) چووم بۆ خزمەتی پێغەمبەر و پێم گـوت: ئـەو دەسـتکەوتە بـۆ کێیـە ئەی پێغەمبەری خودا؟ فەرمووی: بەشێکی بۆ خودایە و چوار بەشەکەی تـریش بـۆ ئەو هاوەڵانەیە، گوتم: کەس شایستەترە لە وەرگرتنی ئەو دەستکەوتە لە کەسێکی تر؟ فەرمووی: نەخێر، تەنانەت ئەو بەشەی کە یەکێك لە ئێوە لەلای خۆیەوە وەری دەگرێت شایستەتر نییە پێی لە کەسێکی تر. لە ئەبوبەکری سدیقەوە گێڕدراوەتەوە کـە فەرموویـەتی: "گـوێم لـە پێغەمبـەری خـودا بـوو (دروودی خـودای لەسـەر) دەیفەرموو: دەستکەوتی فەدەك بەشێکە و خودا داویەتی بە من، ئەگەر مردم ئەوە

بزانن موڵکی موسوڵمانانه". عومەری کوڕی خەتابیش دەفەرموێت: "پێغەمبەر سێ دابەشکردنی تایبەتی هەبوو، بەنو نەزیری تەرخان کرد بۆ نوێنەرەکانی و فەدەکیشی دا بە ڕێبواران و خەیبەریشی کرد بە سێ بەشەوە، دوو بەشی بۆ کۆچکردووەکان و بەشێکیشی بۆ ماڵ و منداڵی خۆی لێی خەرج دەکرد و ئەگەر لێیان زیاد بووایە دەیگێڕایەوە بۆ هەژارانی کۆچکردووەکان".

دابەشکردنی سامانی بەنو نەزیر بەسەر هەژارەکانی کۆچکردووەکاندا و بێبەشکردنی زۆرینەی پشتیوانان دووپاتکردنەوەی بنەمای (بێپێویستی کۆمەڵایەتی) بوو، هەروەها هەوڵێك بوو بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئابووریی کۆچکردووەکان، لە سۆنگەی ئەو ئەزموونەوە قورئانی پیرۆز هەڵوێستی یەکلاکەرەوەی خۆی بەرامبەر هاوسەنگیی کۆمەڵایەتی دەربڕیوە و دەفەرموێت: ﴿كَيْ لَا يَكُونَ دُولَةً بَيْنَ الْأَغْنِيَاءِ مِنْكُمْ﴾ (الحشر : ٧)، واتە: (بۆ ئەوەی ماڵ و سامانەکان تەنها لە نێوان دەوڵەمەندەکانی ئێوەدا نەبێت)، ئەوەش ڕێگر نەبوو لەوەی کە پێغەمبەر بەپێی پێویستیی ژیانیان بە پشتیوانەکانیش ببەخشێت، ئەبو سەعیدی خودری دەڵێت: "هەندێك لە پشتیوانان داوایان لە پێغەمبەر کرد بەشیان بدات، ئەویش بەشی دان، پاشان داوایان لێ کردەوە و ئەویش بەشی دان، پاشان داوایان لێ کردەوە ئەویش بەشی دانەوە، هەتا هیچی لەلا نەما، ئینجا فەرمووی: هەرچیم لەلا بێت لە خێروبێر بە دڵنیاییەوە لێتان ناشارمەوە و دابەشی دەکەم بەسەرتاندا".

پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) لە مەدینە زەوییەکی کرد بە لەوەڕگە، کە پێی دەگوترا (نقـع)، بۆ ئەوەی موسوڵمانان ئەسپەکانیانی تێدا بلەوەڕێنن، هاوەڵانیش لە کاتی پێگەیشتنی خورمادا بە هێشوو دەیانهێنا و لە بەردەرگای مزگەوت هەڵیان دەواسی و هەرکەسێك بیویستایە لێی دەخوارد، ئیبن عومەر دەڵێت: "سەردەمێك بوو کە هیچ کەسێك دینار و درهەمەکەی خۆی بۆ خۆی بە

ڕەواتر نەدەزانی لە براکەی"، ئەبو موسای ئەشعەری دەڵێت: "پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) فەرمووی: کاتێك ئەشعەرییەکان بە هۆی جەنگەوە بێوەژنیان دەبوو، یاخود هەژار دەبوون یان خواردنی ماڵ و منداڵیان کەمی دەکرد، هەرچی هەیانبووایە لەسەر پارچە قوماشێك کۆیان دەکردەوە و پاشان لەنێوان خۆیاندا دابەشیان دەکرد بە یەك قاپ و بەیەکسانی، ئەوان لە منن و منیش لە ئەوانم".

ئەزموونی خەلیفەکانی ڕاشیدینیش لە دابەشکردنی سامان و پەیڕەوکردنی سیستەمی بەخشین بە شێوازە جیاوازییەکانیەوە درێژەپێدەری سیاسەتی پێغەمبەر و ڕەفتاری هاوەڵانی بوو، سەبارەت بە بڕیارەکەی عومەریش بە هێشتنەوەی زەوییەکانی عێراق لە دەستی دەوڵەتدا و دابەشنەکردنی بەسەر جەنگاوەرەکاندا، عومەر مەبەستی ئەوە بوو هەموو نەوەی موسوڵمانان سوود لەو سەرچاوە نەجووڵاوە وەربگرن و بەپێی پێویست بەکاری بهێنن.

عومەری کوڕی عەبدولعەزیز کە بە پێنجەمین خەلیفەی ڕاشیدین دادەنرێت لە ساڵی (٩٩ ـ ١٠١ك) هات و چەند یاسایەکی دەستبارگرتن و دەستەبەری کۆمەڵایەتی دانا، وەك دووپاتکردنەوەی ئەو بنەما ئیسلامییە ڕەسەنە بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی هەژارەکان بۆ بێپێویستی، چەمکەکانی دادگەریی کۆمەڵایەتی لە ژیانی خەڵکدا بەرجەستە کرد، سیستمێکی لامەرکەزیی کراوەی پەیڕەو کرد بۆ کۆکردنەوە و دابەشکردنی داهاتەکان، هەموو ویلایەتەکانی دەوڵەتی ئیسلامیی وا لێ کرد کە خۆیان خۆیان بەخێو بکەن لە ڕێگەی کۆکردنەوەی باج و دابەشکردنی بەسەر هەژارانی ناوچەکەدا، بۆ پشتگیری لە جێبەجێکردنی ئەو ڕێوشوێنەش خەلیفە بە مەبەستی پڕکردنەوەی کورتهێنانی دارایی ئاڵوگۆڕی هاوکارییە داراییەکانی لەنێوان هەرێم و ناوەندا بەکراوەیی هێشتەوە لە هەر لایەکیانەوە بێت، کاربەدەستیی عومەر بۆ کۆکردنەوەی زەکات و بەخشینەکانی تەغلب دەڵێت:

دەچوومە هەر گەڕەکێك داوای زەکاتەکەم لێ دەکردن و لێم وەردەگرتن، پاشان هەژارەکانیانم بانگ دەکرد و دابەشم دەکرد بەسەریاندا، پیاوی وا هەبوو دوو بەش یان سێ بەشی بەردەکەوت، کاتێك ئەو گەڕەکەم بەجێ دەهێشت هەژاریی تێدا نەمابوو، پاشان دەچوومە گەڕەکێکی تر و بە هەمان شێوەم دەکرد، یەك درهەمی نەدەبردەوە بۆ خەلیفە!

عومەر ئەوەندە سوور بوو لەسەر دابەشکردنی مووچە، کە بە بنچینەی یەکەمی دەستەبەریی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، تەنانەت بە مردنی ئەو کەسەش لە پشکەکەی خۆی بێبەش نەدەکرا بەڵکو بەسەر میراتگرەکانیدا دابەش دەکرا، بەپێی دیوانێکی تایبەت بەشی زیندانییەکانیشی دەدا، شایەتحاڵێك دەڵێت لە ماوەی دووساڵ و پێنج مانگدا عومەر سێ جار بەشی خەڵکی مەدینەی دا، شایەتحاڵێکی تر دەڵێت: گوێم لێ بوو نووسراوی عومەریان دەخوێندەوە کە نووسرابوو منداڵە شیرەخۆرەکانتان بهێنن با بەشیان بۆ ببڕینەوە و ناوی مردووەکانیشتان بهێنن، ئەوە ماڵی خۆتانە و دەیدەینەوە بە خۆتان.

عومەر نامەی نووسی بۆ کاربەدەستەکانی و فەرمانی پێ کردن کە دیوەخان و ناوەندی میوانداری لە ناوچەکانیاندا دروست بکەن بە مەبەستی میوانداریی گەشتیارەکان و لەخۆگرتنیان و بەستنەوەی وولاخەکانیان، ئەگەر پێویستیان بوو ڕێگاشیان نیشان بدەن، بەبێ جیاوازی لەنێوان عەرەب و ناعەرەبدا و بە دادگەری مووچەی بەسەر جەنگاوەرەکاندا دابەش دەکرد، والیی خوراسانی لەسەر کار لا برد، لەبەر ئەوەی ناعەرەبەکانی بێبەش کردبوو، تەنانەت عومەر بەڵێنی دا کە دەستەبەریی ژیانی ماڵ و منداڵی جەنگاوەرەکانیش بکات، هەروەها پشکی تایبەتییشی بۆ نەخۆشە درێژخایەنەکان دابین کرد و وەك کەسانی ساغ مامەڵەی لەگەڵ کردن، شوێنێکی تایبەتی کردەوە بە ناوی (ماڵی خواردن) بۆ ناندان بە هەژاران و ڕێبواران.

دەستەبەری کۆمەڵایەتیی عومەر زیمییەکانیشی گرتەوە، سەرانەی لەسەر ڕاهیبەکانی میسر هەڵگرت و باجی لەسەر موڵکەکانی کەنیسە و قەشەکان لا برد، هەروەها فەرمانی کرد ئەو سامانەی کە لە گەنجینەی موسوڵمانان زیادە بەسەر زیمییەکاندا دابەش بکرێت، ئەوە جگە لەوەی کە پێشوەخت بەروبوومەکەیان لێ دەکڕین بە مەبەستی چالاککردنی بەروبوومی کشتوکاڵیان.

عومەر لە کۆکردنەوەی زەکاتدا زۆر توند بوو، چونکە بە مافی هەژاران و لێقەوماوان و کۆیلەکان و بێکارەکانی دەزانی و نەدەکرا چاوپۆشیی لێ بکات، زۆر گرنگیی دەدا بە دابەشکردنی ئەو زەکاتە بەسەر شایستەکاندا، لە هەموو شوێنێکدا بە دوایاندا دەگەڕا، ژمێریارەکانی لە هەموو ناوچەکاندا بڵاوە پێ کردبوو، ئەگەر ئەو ژمێریارانە هەژاریان دەست نەکەوتایە بە پارەی زەکاتەکە کۆیلەیان ڕزگار دەکرد.

عومەر بەردەوام پێویستییە بنەڕەتییەکانی هاوڵاتیانی دابین دەکرد، دوای ئەوەی نامەیەکی نووسی بۆ یەکێك لە کاربەدەستەکانی و داوای لێ کرد قەرزی قەرزدارەکان بداتەوە، کاربەدەستەکەی وەڵامی دایەوە و گوتی: قەرزدارمان هەیە کە خانوو و خزمەتکار و ئەسپ و کەلوپەلی ناوماڵی هەیە، ئایا دەکرێت قەرزی بۆ بدەینەوە؟ خەلیفە نامەی بۆ نووسیەوە و گوتی: هەموو کەسێك پێویستە خانوویەکی هەبێت پشووی تێدا بدات و خزمەتکارێکی هەبێت بۆ کاروبارەکانی و ئەسپێکیشی هەبێت بۆ جیهادی دوژمنان و پێویستە کەلوپەلی ماڵیشی هەبێت، ئەگەر لەگەڵ ئەوانەدا قەرزداریش بوو، ئەوا قەرزەکەی بۆ بدەنەوە، نامەی نارد بۆ کاربەدەستەکەی لە کوفە و پێی گوت ئەوەی توانای هاوسەرگیریی نییە هاوسەرگیریی بۆ بکە و هەر جووتیارێکیش زیانی بەرکەوت و توانای نەبوو، قەرەبووی بکەنەوە، تەنانەت ڕێژەیەکیشی بۆ ئەوانە دانا کە دەیانەوێت حەج بکەن و دەستیان کورتە.

کاتێکیش نورەدین مەحموود دەسەڵاتداری شام و میسر لەساڵی (٥٤١ ـ ٥٦٩ك) هات، بەوە ناسرابوو کە زۆر پابەندی قورئان و سوننەتە و مەبەستە باڵاکانی شەریعەتی لە ژیانی ڕۆژانەیدا جێبەجێ دەکرد، ئەویش بە هەمان شێوە هەوڵێکی بەرچاوی دا بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەکی هاوسەنگ، هەوڵەکانی هیچ کەمتر نەبوون لە هەوڵەکانی خەلیفەکانی ڕاشیدین و عومەری کوڕی عەبدولعەزیز، دابونەریتی وەقفی ئیسلامی لە سەردەمی ئەودا پێ گەیشت و گەشەی کرد، وەقفیش وەك ڕێگایەك گیرایە بەر بۆ هێنانەدیی ئەو ئامانجە گەورەیە.

نورەدین دامودەزگاکانی دەوڵەتی کرد بە ئامرازێکی باش بۆ جێبەجێکردنی چەمکە خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان و گەیاندنی بە دوورترین سنوورەکان، هەر لە پێویستییەکانی خانوو و جلوبەرگ و خواردن و ئارەزووە سێکسییەکانەوە بیگرە تا دەگات بە بابەتەکانی ڕۆح، لەگەڵ پێویستییەکانی هزر و تەندروستی و ئاوەدانی و بەرهەمهێنان، ئەو خزمەتگوزارییانە بە چەندین شێوە پێشکەش دەکران، هەندێك جار ڕاستەوخۆ پارەکە دابەش دەکرا و هەندێك جاریش پێویستییەکی دیاریکراویان بۆ کەسێکی دیاریکراو دابین دەکرد، یاخود دیلێکیان ئازاد دەکرد، هەندێك جاریش لە ڕێگەی دروستکردنی دامودەزگای وەکو نەخۆشخانە و پەناگە و خانەی بێباوکان و قوتابخانەکانی فەرموودە و دیوەخان و پرد و جۆگە و بازاڕ و گەرماو و شەقامی گشتی و قەڵا و سەنگەر و شوورەوە بوو، هەندێك جاریش لە ڕێگەی سیستەمی وەقفەوە بوو کە لە سەردەمی نورەدیندا گەیشتە لووتکەی پێگەیشتن و گەشەسەندن و درەوشانەوە، جاری واش هەبوو لە ڕێگەی چەند ڕێوشوێنێکی ڕێکخراوەییەوە بوو کە ئامانج لێی بەرجەستەکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بوو بۆ یەکێك لە کەرتەکانی کۆمەڵگا.

لەگەڵ ئەو هەوڵە باشانەی کە دران لە بواری دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا، چەندین کاری ستەمکارییش هەبوون لە مێژووی ئیسلامیدا، داهات بەخراپی دابەش کراوە و

سیاسەتی دارایی ستەمکارانە پیادە کراوە، چەندین پەڵەی چینایەتی لە پێکهاتەی کۆمەڵگای ئیسلامیدا دروست بوون، چەندین کۆمەڵ دەوڵەمەند بوون و لە خۆشگوزەرانیدا بوون و چەندینی تریش بەدەست هەژاری و نەبوونی و برسێتییەوە دەیانناڵاند.

شۆڕشەکانی (زط و زنج) لە باشووری عێراق نموونەی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە بوون، جووتیارێك بەیانی هەتا ئێوارە ڕەنجی دەدا و لەناو قوڕ و لیتەدا بوو بۆ ئەوەی ئێوارە لە خاوەنکارەکەی کرێکەی وەربگرێت، جا درهەمێك بێت یان کولێرەیەك، ئەو ستەمەی کە خودا و پێغەمبەر پێی ڕازی نەبوون تەقینەوەیەکی دروست کرد کە دوو شۆڕشی توندی بەرهەم هێنا، پایەکانی خیلافەتی عەباسییان بۆ چەندین دەیە لەرزاند، کاردانەوەی توندی بەدوای خۆیدا هێنا و هەندێك جار سەری دەکێشا بۆ پشێوی و کوشتن و تۆڵەسەندنەوە.

ڕاستە شۆڕشگێڕەکانی (زط و زنج) کوشتاریان دەکرد، بەڵام لە ڕاستییدا ئەو خاوەن زەوییانەی کە برسییان کردبوون هۆکاری ئەو کوشتنە بوون، چونکە ئەوان پاڵنەر بوون بۆ ئەو شۆڕشە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا چەند مێژوونووسێکی کۆن و هەندێکیش لە تازەکان دێن و سەرکۆنەی ئەو ڕاپەڕینە دەکەن و هەندێك جاریش کارەکەیان دەگەیەننە ئاستی بێباوەڕی، ئەگەرچی هەندێکیان دروشمی ئیسلامییشیان بەرز کردبووەوە، هەر وەك چۆن هەندێکی تر لە مێژوونووسان لە ڕوانگەی ئەو شۆڕشانە بە سەرکردە ئیسلامییەکانەوە ناوەستن و سەرکۆنەی خودی ئیسلامیش دەکەن، ئەوەش هەڵەیەکە و دەگاتە سنووری نەزانینی ڕاستییەکان.

چەند تەوژمێك ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانەیان بۆ ڕووخاندنی ئیسلام و لێدانی هەموو سەروەرییەکانی عەرەب قۆستەوە، ئەویش بەهۆی ئەوەی ڕەگ و ڕیشەی گەلچێتیان هەبوو، تەنانەت کەسانێك لەو بزووتنەوانەدا گەیشتنە ئاستی باڵا، کە لە باوەشی ئەو تاقمانەدا پەروەردە بووبوون کە دژی ئیسلام و شوێنکەوتووەکانی

بوون، نەبوونی دادگەریی کۆمەڵایەتییان کردە کەلێنێکی باش بۆ ئەو تێکدانەی کە مەبەستیان بوو.

نابێت ئەو هەڵوێستانە پاڵ بنێن بە مێژوونووسیی موسوڵمانەوە لە کۆن و نوێدا، هەتا پایەی ئەو بزووتنەوە مەترسیدارانە فەرامۆش بکەن، بەڵکو پێویستە بەوریاییەوە جیاوازی بکەن لەنێوان جەستەی ئەو بزووتنەوانە و سەرکردەکانیان، یاخود ئەو عەقڵانەی کە بەکاریان دەهێنان بۆ ئامانجێکی دیاریکراو، هەروەها پێویستە تێڕوانینێکی زانستییانەی زیاتریان هەبێت بۆ ئەو ستەمە کۆمەڵایەتییە توندەی کە ئەو ڕاپەڕینانەی بەرهەم هێنا و سەرەنجامیش ڕووگەی خۆی گۆڕی، دەبووایە ئەو شۆڕشانە ڕوو بدەن، تەنانەت لە هەندێك ڕووەوە ئەوان لە ڕۆحی ئیسلامەوە نزیکتر بوون لەو سەرکردانەی کە لە پایتەختەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە کۆشکەکانیاندا دانیشتبوون چاوەڕوانی چەند دێڕە هۆنراوەیەکی پیاهەڵدان بوون، کە بە درۆ بۆیان دەگوترا و ئەوانیش فەرمانیان دەکرد هەزار یاخود دوو هەزار دینار بدرێت بە هۆنەرەکە، ئەوەش لە کاتێکدا سەدان کەس لەناو قوڕ و لیتەدا لە برساندا دەمردن و هەزارەهاش ڕەنجیان دەدا بۆ خۆتێرکردن بەڵام نەیاندەتوانی.

شوێنکەوتووانی قوتابخانەی مادیەت لە ئێستادا دەیانەوێت خۆیان بکەنە خاوەنی چەند بزاوتێکی لەو شێوەیە و لەسەر هێڵی پێشکەوتن دایاندەنێن لە بەرامبەر هێزە دواکەوتووەکانی مێژووی ئیسلامیدا، ئێمەش ئەگەر بمانەوێت بەرگریی لە ناوەندی سەرکردایەتی ناچالاك بکەین لە بەغداد و واش دابنێین کە بەرگرییمان لە خودی ئیسلام کردووە لە بەرامبەر هێزە تێکدەرەکاندا ئەوا وەکو ئەوان بەهەڵەدا چووین.

هەڵوێستی زانستیی ئەوەیە کە لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکان بکات و بەباشی پێکهاتەکە ببینێت و ڕۆ بچێتە ناویەوە، بەراورد لە نێوان هەڵسوکەوتەکانی سەرکردە و خەڵکەکە بکات، پاشان بڕیار بدات، دوای ئەوە بۆی دەردەکەوێت کە

بابەتەکە وەك ئەوە نییە کە مادییەکان دەیڵێن، هەر وەکو چۆن وەکو ئەوەش نییە کە مێژوونووسە نابابەتییەکان باسی دەکەن.

ئـەوەی سـەبارەت بـەو ڕاپەڕینانـە دەگوترێـت بـۆ ڕێکخـراوە کۆمەڵایەتییـە پیشـەییەکان و سـەندیکاکانیش ڕاسـتە، کـە بەبـەردەوامی لـە سـەدەی دووەمـی کۆچییەوە و بە درێژایی سەدەکانی دواتریش لـە زیـادبوون و بڵاوبوونـەوەدا بـوون، هەنـدێك لــە مێژوونووســە کۆنــەکان ســەرکۆنەیان کــردوون و هەنــدێکیش لــە هاوچەرخەکان خۆیان لە باسکردنیان لا داوە، شوێنکەوتووانی قوتابخانەی مادییەت خۆیان کردووە بە خاوەنیان و بە شێوەیەك شیکارییان بۆ کردووە کە نە خودا و نە زانستی ڕاسـت پێـی ڕازی نـین، هەوڵیشـیان داوە بیانخەنـە چوارچـێوەی ململانێـی چینایەتی و سەلمێنراوە مێژووییەکانەوە.

ئـەو بزاوتانـە هـیچ کاتێـك بێـبڕوا نـەبوون و دەرهاویشـتەی چـینایەتی نـەبوون، هەنـدێك لـەو بزاوتانـە چـالاکیی پیشـەییان ئـەنجام دەدا و بـەرگرییان لـە مـافی هاوپیشەکانیان دەکرد لـە بەرامبـەر هەلپەرسـت و ئەوانـەی بـەکاریان دەهێنـان بـۆ بەرژەوەنـدیی خۆیـان، هەندێکیشـیان چـالاکیی وەرزشـی یـان ئەسپسـواری یـاخود سـەربازییان ئـەنجام دەدا وەك ئـەرکێکی سەرشـانیان، زۆرێـك لـەو بزاوتانــە لــە چوارچـێوەی تـەوژمی سـۆفیگەرییدا کاریـان دەکـرد، کـە ڕوویـەکی کۆمەڵایـەتی و ناوەڕۆکێکی ڕۆحیی هەبوو.

سەرچاوەی هەڵسوکەوت و نەریتەکانی زۆرێك لـەو بزاوتانـە ئیسـلام و بـەهاکانی بوو، دروشمەکانیشیان لە قورئان و سوننەتەوە سەرچاوەیان گرتبوو.

ئەو بزاوتانە تەنها چالاکیی ئابووری و بیرکردنەوەی چینایەتییان نـەبوو، بـەڵکو لـە پێویسـتییەکانەوە فـراوان بـوون، تـا گەیشـتنە چـەند ئامـانجێکی گشـتگیرتر و فراوانتر، کە شایستەی مرۆڤ بێت لە جیهاندا.

ڕاسته هەندێك لەو بزاوتانە كاری تێكدەرانەیان كردووە، وەك بزاوتی (الشطار و العيارين) لە بەغداد، هەندێكیشیان كاریان لەسەر ڕووخاندنی بەها ئیسلامییەكان كرد، وەك زۆرێك لە باڵەكانی بزواتی ئیسماعیلی، بەڵام ئەوە وامان لێ ناكات كە ئەو بزاوتانە بخەینە خانەی گومان و تۆمەتباری و لێسڵەمینەوەوە، بەڵكو بە پێچەوانەوە هەندێك لەو بزاوتانە خزمەتی زۆر زیاتریان كرد لە هەندێك لە سەركردە فەرمییەكان و سوپا پڕچەكەكانی دەوڵەتە ئیسلامییەكان.

**چوارچێوەی دووەم: ڕەگەزە ناعەرەبەكان:**

ئیسلام بانگەشەی كرد بۆ یەكسانیی تەواوەتی لەنێوان شوێنكەوتووەكانیدا لە هەر نەژادێك بن و لە هەر تاقمێك بن، قورئانی پیرۆز دروشمی یەكلاكەرەوەی خۆی ڕاگەیاند و فەرمووی: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ﴾ (الحجرات : ١٣)، واتە (ئەی خەڵكینە بێگومان ئێمە هەمووتانمان لەنێرو مێیەك دروستكردووە (كە باوكە ئادەم و دایكە حەوایە) و كردوومانن بەچەندەها گەل و تیرە و هۆزی جۆربەجۆر، تا یەكتر بناسن و پەیوەندیتان خۆش بێت بەیەكەوە... بەڕاستی بەڕێزترینتان لای خوا ئەو كەسانەتان كەزۆرتر لەخواترسەو فەرمانبەرداری خوایە، بێگومان خوا زاناو ئاگایە بەهەمووان). پێغەمبەریش (درودی خودای لەسەر) وتە بەناوبانگەكەی فەرمووی: "هیچ عەرەبێك لە هیچ ناعەرەبێك باشتر نییە و هیچ ناعەرەبێكیش لە هیچ عەرەبێك باشتر نییە، مەگەر بە لەخوداترسان و پارێزكاری نەبێت". (1) ئەو یەكسانییە لەنێوان عەرەب و ئەوانی تردا بە كردار لە سەردەمی پێغەمبەر و خەلیفەكانی ڕاشیدیندا جێبەجێ كرا، لەژێر سایە و سێبەری ئایینێكدا كە بەیەكسانی سەیری هەمووان دەكات، بگرە ناعەرەبەكان بە هۆی كەمیی

(1) رواه أحمد في مسنده.

ژمارەیان و باشییان لەناو دڵی برا موسوڵمانەکانیاندا پێگەی تایبەتییان هـەبوو، بـۆ نموونە پێگەی ناوازەکەی سەلمان و سوهەیب و بیلال.

کاتێـك عەرەبــەکان بــەهۆی فتوحاتــەوە گەیشــتنە ناوچــەکانی دەوروبــەریان، کۆمــەڵێکی زۆر لــە نەتــەوەکانی تــر هاتنــە نــاو ئیســلامەوە، ئــەوان ســنگفراوانی و ئامادەییەکی ناوازەیان لە دەوڵەتی ئیسلامییدا بەدی کرد، چونکە ئیسلام لەگەڵ برا عەرەبەکانیاندا بەیەکسانی سەیری دەکردن، ئەو جیاوازییەی کە لە هەندێك بابـەتی ئابووری و کۆمەڵایەتییشدا لەو ڕۆژگارەدا بەدی دەکرا، لە ڕاستییدا جیاوازیی نێـوان عەرەب و نەتەوە موسوڵمانەکانی تر نەبوو، بـەڵکو ئـەوە جیاوازییـەك بـوو لـەنێوان چـینەکانی موسـوڵماناندا بەگشـتی لـە ڕووی کـاتی موسـوڵمانبوونیانەوە، ئـەویش هۆکاری خۆی هەبوو، پلەی باش و گەورەیی دەدرا بەو موسـوڵمانانەی لـە کاتێکـدا موسـوڵمان بووبـوون کـە لەسـەر ئایینەکـەیان سـزا دەدران و بەدوایانـەوە بـوون و دەچەوسێنرانەوە، ئـەوانیش دەسـتیان لـە بەرژەوەندییـەکانیان هەڵـدەگرت و هـیچ گرەنتییەك بۆ ئارامی و ژیانی ئاسوودەیان نەبوو.

پێویستە هەرگیز ئەوەشمان بیر نەچێت کە لە سەرەتادا بزاوتی ئیسلامی لەسەر شانی موسوڵمانە عەرەبەکان ڕاوەستا، چ لە سەردەمی بانگەوازی ئیسلامیدا و چ لە سەردەمی فتوحاتی فراوانی ئیسلامیدا، قورئانی پیرۆزیش بە زمانی عەرەبی دابەزیە سەر پێغەمبەرێکی عەرەبی، لـەو دۆخـەدا زۆر قـورس بـوو بـۆ عەرەبـەکان هەسـتی جیاوازی فەرامۆش بکەن، چونکە ئـەوان خۆیـان بـە ناوەنـدی جووڵـەی ئـەو ئایینـە دەزانــی، هــەر لــە ســەرەتای دەســتپێکردنی ئــەو جووڵەیــەوە هــەتا قۆناغــەکانی گەشەسەندنی، ئەوەش لەبەر ئەوە نەبوو کە عەرەبن و نەژادێکی دیاریکراویان هەیە و خـوێنی ئـەوان جیـاوازە، بـەڵکو لەبـەر ئـەوە بـوو ئـەوان یەکـەم نـەوە بـوون کـە ئیسلامیان وەرگرت و بە زمانی قورئان دەدوان و خـزم و کەسـی پێغەمبـەری خـودا بوون (دروودی خودای لەسەر).

قورئانی پیرۆز له چەندین شوێندا ئەو ڕاستییە دووپات دەكاتەوە: ﴿نَزَلَ بِهِ الرُّوحُ الْأَمِينُ ، عَلَى قَلْبِكَ لِتَكُونَ مِنَ الْمُنْذِرِينَ ،بِلِسَانٍ عَرَبِيّ مُبِينٍ﴾ (الشعراء: ١٩٣ — ١٩٥)، واته: (جوبرەئیلی ئەمین (فریشتەی وەحی) دایبەزاندووە. بۆ سەر دڵی تۆ ئەی محمد تا بچیتە ڕیزی ئەو كەسانەوە كە خەڵكی بێداردەكەنەوە و لە خەوی غەفڵەت دایاندەچڵەكێنن، بە زمانی عەرەبی ڕوون و ئاشكرا، یاخود بە زمانێكی پاراو و شیرین و ڕوون). ﴿إِنَّا أَنْزَلْنَاهُ قُرْآنًا عَرَبِيًّا لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ﴾ یوسف: ٢، واتە: (بەڕاستی ئێمە ئەم ئایەتانەمان دابەزاندووە لە شێوەی قورئانێكی پاراودا بە زمانی عەرەبی بۆ ئەوەی ئێوە لێی تێبگەن و ژیریتان بخەنەكار). ﴿وَكَذَلِكَ أَنْزَلْنَاهُ حُكْمًا عَرَبِيًّا﴾ الرعد: ٣٧، واتە: (هەر بەو شێوەیە قورئانمان وەكو داوەرێك بەعەرەبیەكی پاراو دابەزاندووە). ﴿وَكَذَلِكَ أَنْزَلْنَاهُ قُرْآنًا عَرَبِيًّا وَصَرَّفْنَا فِيهِ مِنَ الْوَعِيدِ﴾ طه: ١١٣، واتە: (ئا بەو شێوەیە ئێمە قورئانێكی عەرەبی و پاراو و ڕەوانمان دابەزاندووە و جۆرەها هەڕەشەشمان تیادا باس كردووە، بۆ ئەوەی لە خوا بترسن و یاخود ببێتە هۆی ئەوەی كە یاداوەریان تێدا بەدی بهێنێت). ﴿إِنَّا جَعَلْنَاهُ قُرْآنًا عَرَبِيًّا لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ﴾ الزخرف: ٣، واتە: (ئێمە ئەو كتێبەمان كردوەە بە قورئانێك، بەزمانی عەرەبی، بەڵكو ژیری و بیروهۆشتان بخەنە كار تالێی تێبگەن و پەیڕەوی بكەن).

ئەگەر واز لەو بارگرژییە بهێنین كە بە هۆی كار و كاردانەوەی هەڵە و بەرژەوەندیی كاتی و ڕق و كینەی كەسی دروست دەبوون، كە زۆر سنووردان، ئەوا دەبینین بە درێژایی مێژوو موسوڵمانە ناعەرەبەكان باسی گەورەیی پلەوپایەی عەرەبیان كردووە لە كۆمەڵگای ئیسلامیدا، هەتا ئێستاش هەست بەو بیركردنەوە سروشتییە دەكرێت كە بە ڕاستگۆیانە و خۆڕسكانە لە دڵ و عەقڵی موسوڵمانە ناعەرەبەكاندا هەڵدەقوڵێت لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە، ئەوەی ئێستا دەیبینین دەتوانین بیكەین بە پێوەر بۆ هەموو چاخەكانی تری مێژووی ئیسلامی.

بەڵام ئـەو جیاوازییـە عەرەبییـەی کـە لـە بازنـەی کۆمـەڵگای ئیسـلامیدا هەیـە، پێویسـتە سـنووری خـۆی تێنەپـەڕێنێت بـە ئاڕاسـتەی خۆبەگـەورەزانینی نـەژادی بـڕوات، کـە هـیچ بیـانوو و بەڵگەیـەکی نییـە، هـەروەها نابێـت ئـەو یەکسـانییە کۆمەڵایەتییـە فـەرامۆش بکرێـت کـە ئیسـلام بانگەشـەی بـۆ کـرد و پێغەمبـەر و هاوەڵانیشی جێبەجێیان کرد.

ئەوەی لە دواتریشـدا ڕووی دا تێپەڕانـدنێکی هەڵـە بـوو لـە هـەردوو ڕووەکـەوە، دیارە بەپێی کات و سەرکردەکان زیادوکەم و بەرزونزمی دەکرد.

هـەر لـە سـەردەمی ئومەوییـەوە جۆرێـك لـە جیاکـاری لـە ڕووی چـەندێتی و چۆنێتییەوە بەدی دەکرا و لە زیادبوونیشدا بوو، ئەو جیاکارییەش لەنێوان عـەرەب و ناعەرەبەکاندا بوو، مەوالییەکان کە بە موسوڵمانە ناعەرەبەکان دەگوترا، لە ڕووی پێگەی زانستی و مامەڵەی کۆمەڵایەتییەوە لە پلەی دووەمدا بوون، عەرەبـەکان لـە ڕووی سیاسییەوە بە پێشەنگ دادەنران، دەبووایە هەر ئەوان بە چوارمشقی لەسـەر کورسیی پۆستە باڵاکان دابنشین و بەردەوام لە لووتکـەدا بـن و مەوالییـەکانیش لـە پلەی خوارتردا بن، لە ڕووی کۆمەڵایەتییـەوە دەبـوو ئـەوان خـەریکی ئـەو پیشـە و کارە سانا و سادانە بن کە چەند دەیەیـەکی دوورودرێـژ بـوو عەرەبـەکان پێـی ڕازی نەبوون و نەیاندەکرد و بە چاوی سووك سەیریان دەکرد.

ئاماژەی بەرچـاو و ئـەنجامی کۆتـایی سروشـتی ئـەو لایەنگیرییـە لـە سیاسـەتی داراییـدا دەردەکـەوێت لـە مامەڵەکردنـدا لەگـەڵ موسـوڵمانە ناعەرەبەکانـدان، ئـەو دەستکەوتە داراییانەی کە دەوڵەتی ئیسلامی بەدەستی دەهێنان بەیەکسانی بەشی ئەوانی لێ نەدەدرا، بەپێچەوانەوە و بەگوێرەی سیاسەتێکی دارایی هەڵە مامەڵـەیان لەگەڵـدا دەکـرا، ئـەوەش بـوو بـە پاڵنـەری سـەرهەڵدانی چـەندین ڕاپـەڕین، کـە مەوالییەکان ڕۆڵی بەرچـاویان تێیـدا هـەبوو، لایەنـە سیاسـییەکانیش هەسـتیان بـە سکاڵا و ناڕەزایەتیی مەوالییەکان کرد و خۆیـان کـرد بـە خـاوەنی ڕاپەڕینەکـەیان و

مەوالییەکانیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشا و شانبەشانی یەکتر شۆڕشیان ئـەنجام دا، لـە بەرنامــەی شۆڕشــە گــەورەکانی ڕۆژهــەڵات و ڕۆژئــاواوە ئــەو ڕاســتییەمان بــۆ دەردەکەوێت، لە ڕۆژئاوا خەواریجەکان ڕابەرایەتیی شۆڕشی بەربەرییـەکانیان کـرد، ئـەوان سـکاڵایان لـە والییـە ئومەوییـەکان هـەبوو، دەیـانگوت لـە کـاتی جـەنگ و ڕووبەڕووبوونــەوەدا بەیەکســانی مامەڵــەیان لەگەڵــدا ناکــەن، هــەمان کێشــە لــە خۆراســانیش هــەبوو، سەرچـاوە ئیسـلامییەکان ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکـەن کـە کاربەدەستان و باجکۆکەرەوەکان لـە کـاتی باجکۆکردنـەوەدا بـەخراپی مامەڵـەیان لەگـەڵ خەڵکدا دەکـرد، بەتایبـەت گلـەییان لـە سـەرۆکی هەرێمـەکان هـەبوو، ئـەو کـارەش کـە ئـەنجامیان دەدا بـە پاڵنـەری چاوچـنۆکی دەیـان کـرد، پێشـتر باسـی هەڵسوکەوتەکانی حەجاجمان کرد هەتا ئەو کاتەی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز هات و وەرگرتنی سەرانەی لە موسوڵمانان قەدەغە کرد، میری خوراسان لە سەغدی (ما وراء النهر) و لە ساڵی (١١٠ك)دا سەرانەی لەسەر تازە موسـوڵمانبووەکان پێویسـت کرد، ئەگەرچی پێشتر ڕاشی گەیاندبوو هـەر کەسـێك موسـوڵمان ببێـت لـە سـەرانە دەبەخشـرێت، ئـەو کـارەش شۆڕشـێکی تونـدی بـەدوای خۆیـدا هێنـا، گـرژی و ئالۆزییەکان بەردەوام بوون هەتا لە سـاڵی (١٢١ك)دا نەسـری کـوڕی سـەیار هـات و سنوورێکی بۆ ئەو گاڵتەجاڕییە دانـا لـە خوراسـاندا، ئەگـەر چـاوێك بـە هەنـدێك لـە بەرنامەی ئەو شۆڕشانەدا بخشێنین کە لە سەردەمی کۆتایی ئومەوییەکاندا سەریان هەڵدا، دەبینین تیشك دەخەنە سەر ئەو کێشانە.

لە ساڵی (١٢٢ك)دا زەیدی کوڕی عەلی ڕاپەڕینێکی لە کوفە بەرپا کرد و بەیعەتی لە خەڵك وەردەگرت لەسەر پابەنـدبوون بـە قورئـان و بـەرگریکردن لـە لاوازەکـان و گێڕانــەوەی بــەش بــۆ ئەوانــەی ماڵیــان لــێ زەوت کرابــوو و دابەشــکردنی دەستکەوتەکانی جەنگ بە دادگەری لەنێوان شایستەکاندا، یەزیـدی سـێهەمیش لـە سـاڵی (١٢٦ك)دا لـە دژی وەلیـدی دووەم ڕاپــەڕی، داوای دادگـەری و داکـۆکی لـە

ماندوونەکردنی جووتیارەکان دەکرد، حارسی کوڕی سەریج لە ساڵی (١١٦ك) دا لـە خوراسان بانگەوازی کرد بۆ پابەندبوون بە قورئان و سـوننەت و هـەڵگرتنی سـەرانە لەسەر موسوڵمانان و یەکسانی لە دابەشـکردنی دەسـتکەوت لـە ڕیزەکـانی سـوپادا لەنێوان عەرەبەکان و ئەوانی تردا.[١]

هەر ئەوە نەبێت کە سەرکۆنەی ئومەوییـەکان بکـەین لـە بەرامبـەر هەڵوێسـتیان لەگەڵ ناعەرەبەکاندا، ئەوان هەمان جیاکارییشیان بەرامبـەر خـودی عەرەبـەکانیش ئەنجام دا، لایـەنگیری چـەند خێڵێکیـان کـرد و چـەند خێڵێکیشـیان چەوسـاندەوە، سـەردەمی ئومەوییـەکان بـە سـەردەمی پێکـدادانی خێڵـەکی دادەنرێـت، تەنانـەت سەرکردەکانی ئومەوییش بوون بە دوو بەشـەوە و سـەرەنجامیش سـەری کێشـا بـۆ هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتەکەیان.

هەنـدێك لـە خەلیفـە و والییـە ئومەوییـەکان بەڕاسـتی هـەوڵیان دا ئـەو تەوژمـە وێرانکەرە لە جەستەی ئوممەتی ئیسلامیدا ڕابگرن، جا تەوژمەکە عەرەبی بێت یـان ناعەرەبی، بێگومان هەوڵی عومـەری کـوڕی عەبدولعـەزیز لـە لووتکـەی ئـەو هەوڵـە باشانەدا بوو.[٢]

بەڵام ئەو سیاسەتە پێچەوانانەی کە یەزیدی کوڕی موعاویـە پێـڕەوی کـردن لـە ساڵی (١٠١ ـ ١٠٥ك) سەریان کێشـا بـۆ بـەفیڕۆدانی ئـەو دەسـتکەوتە کۆمەڵایەتییـە گەورانەی کە عومەر بەدەستی هێنابوون، لە کاتێکدا یەزید دەیتـوانی ڕۆڵـی گـەورە ببینێت لـە ڕاگرتنـی کارەسـاتی داڕووخـان و سـەرلەنوێ گێڕانـەوەی یـەکڕیزیی بـۆ پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کەرتوپەرتبووی موسوڵمانان.[٣]

---

[١] عبدالعزيز الدوري، مقدمة في التاريخ الإسلامي، دار الطليعة، بيروت، ١٩٦٩م، ص ٤٣ ـ ٤٦.

[٢] عمادالدين خليل، ملامح الانقلاب، فصل (الدعوة والحرب والسياسة).

[٣] عمادالدين خليل، في التاريخ الإسلامي، فصول في المنهج والتحليل، فصل (دراسة مقارنة في سياسات يزيد بن عبدالملك).

موسوڵمانە ناعەرەبەکانیش لە ڕووی پابەندبوونیان بە ئیسلامەوە لە یەك ئاستدا نەبوون، هەندێکیان دوودڵ بوون لە وەرگرتنی ئایینە تازەکە، لەبەر ئەوە هەرکەسێك داوای دژایەتیکردنی سەرکردایەتیی عەرەبی لێ بکردنایە بە بیانووی ئەوەی هەڵەی کۆمەڵایەتیی بەرامبەر کردوون، ئەوان ڕاستەوخۆ وەڵامیان دەدایەوە، تەنانەت هەندێك جار بۆ دژایەتیی ئیسلامیش ئامادەییان تێدا بوو، ئەگەر پێویستی بکردایە هەندێکیان ئامادەییان تێدا بوو بۆ گەڕانەوە بۆ بتپەرستی، یاخود بۆ ئایینە شێوێندراوە کۆنەکەی خۆی، هەڵوێستی ئومەوییەکان لە بەرامبەر ئەوانەدا باش بوو بۆ ڕاگرتنی ئەو نائارامییەی کە جەستەی کۆمەڵگای ئیسلامی گرتبووەوە، لە کاتێکدا کە پێویست بوو لەسەر ئیسلامی بوونی خۆی سوور بێت، کەواتە ئەگەر بمانەوێت ئەو هەڵوێستەی ئومەوییەکان لەگەڵ هەڵوێستەکانی تریان کە ستەم و جیاوازیی کۆمەڵایەتییان لەنێوان عەرەبەکان و ئەوانی تردا دەکرد، بەیەك تەرازوو بکێشین، ئەوا کارێکی ڕەوامان نەکردووە.

زیادەڕەویکردن لە سەرکۆنەکردنی سیاسەتە کۆمەڵایەتییەکانی ئومەوییەکان، هەر وەك ئەوە وایە بیانوو بۆ سیاسەتە هەڵەکانیان بهێنیتەوە یاخود نکوڵییان لێ بکەیت، هەردوو حاڵەتەکە هەڵەیەکی بیروباوەڕی و مێژوویین، کە پێویستە هەموو مێژوونووسێك خۆی لێ بەدوور بگرێت.

هەرچۆنێك بێت بە تێپەڕبوونی کات، پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی جیهانی ئیسلامی، گۆڕانکاریی بەسەردا هات، ئەویش بە هۆی موسوڵمانبوونی گەل و کۆمەڵگای ناعەرەبی و بەشداریی کاریگەریان لە ڕەوڕەوەی مێژووی ئیسلامیدا لەسەر هەموو ئاستەکان.

چەند باڵ و عەقڵێك، کە عەرەب نەبوون، ڕۆڵی گەورەیان بینی لە گەیاندنی عەباسییەکان بە دەسەڵات لە ڕۆژهەڵات و گەیاندنی ئومەوییەکان بە دەسەڵات لە ڕۆژئاوادا، ئەوەش وای کرد هەردوو سەرکردایەتییەکە بوار بکەنەوە بۆ ئەو ڕەگەزە

گەنجە تازانە و گۆڕانکاریی لە سروشتی تەرازووی مامەڵەی کۆمەڵایەتییدا بکەن، کە پێشتر و لە سەردەمی ئومەوییەکاندا پانتاییەکی فراوانی داگیر کردبوو.

فارسەکان و خۆراسانییەکان لە ڕۆژهەڵات و بەربەرییەکان لە ڕۆژئاوا، ئەگەرچی عەرەبیش نەبوون و مەوالی بوون، بەڵام لەبەر ئەوەی لە مێژوودا ڕۆڵی گەورەیان گێڕابوو، لە نەخشەی سیاسیی نوێدا پانتاییەکی فراوانی مرۆییان هەبوو، دەبینین بە پێچەوانەی باووباپیرانیانەوە مامەڵەیەکی باشیان لەگەڵدا کرا، هەروەها بە پێچەوانەی مەوالیی نەتەوەکانی تر، کە لە سەردەمی پێشتری ئومەوییەکاندا بەردەوام بە مانەوە لە هێڵی دووەمدا ڕازی بوون.

لە دوای فارسەکان و خۆراسانییەکان لە ڕۆژهەڵات، تورك و دەیلەمی و سەلجوقی و غەزنەوی و غوری و هیندی و مەغۆل و عوسمانییەکان هاتنە پێشەوە، هەروەها لە دوای بەربەرییەکان لە ڕۆژئاوا ڕۆڵی مۆڵدینە ئەندەلووسییەکان و ئەفریقی و مەملوکییەکان هاتە پێشەوە.

بە تێپەڕبوونی کات تەنگژەی مەوالییەکان یاخود کێشەی موسوڵمانی عەرەب و ناعەرەب کۆتایی هات و هیچ هەلێکی مێژوویی نەما بۆ سەرلەنوێ گێڕانەوەی ئەو ئەزموونە کۆمەڵایەتییەی کە سەردەمی ئومەوی بەخۆیەوە بینی.

ئەگەرچی عەباسییەکان چەند جارێك هەوڵیان دا نینۆکی ناعەرەبەکان ببڕن، تەنانەت ویستیان سەریشیان ببڕن و ڕۆڵیان کەم بکەنەوە بۆ ئەوەی لەسەر حیسابی عەرەبەکان گەورە نەبن، ئەوەی عەباسییەکانی پاڵ نا بۆ ئەو هەڵوێستانە پارێزگاریکردن بوو لە ناوەندی بنەماڵەییان و ڕووبەڕووبوونەوەی چەند بزاوتێکی کۆمەڵایەتیی تازە بوو کە لەژێر ناوی بانگەشەکردن بۆ یەکسانی خەریك بوو سەریان دەردەهێنا، ، بەڵام چەند دەستێك لە پشتیانەوە بوو کە ئامانجیان لێدانی عەرەب و ئیسلام بوو، ئەو بزاوتانەش پێیان دەگوترا شعوبیەکان.

تەنگژەی ململانێی نێوان عەرەب و مەوالی چارەسەر بوو، بەڵام چەندین ململانێی کۆمەڵایەتیی تر و بە شێوازی نوێ جێگایان گرتەوە، دیارترینیان بزووتنەوەی شعوبی بوو، کە لە چەند حاڵەتێکی سادە و بچووکەوە و بە بەهانەی جۆراوجۆر گەشەی کرد بۆ حاڵەتی لێکدراوی قورس، ئەو بزووتنەوەیە دەیویست بنەماکانی کۆمەڵگای ئیسلامی تێك بدات و قەوارەکەی بڕووخێنێت و پێکهاتەکەی بشێوێنێت، بە مەبەستی چەسپاندنی چەند بیروبۆچوونێکی نەژادی کە ڕەگ و ڕیشەی بتپەرستی یاخود ئاینیی تریان هەبوو و دژ بوون بە ئیسلام و عەرەب، "بیروبۆچوونەکانی مەزدەك بەنهێنی لەناو هاوڵاتییانی ئازەربایجان و ناوچەکانی دەوروبەریدا بڵاو دەکرایەوە، ئەوانەش کە لە دۆخی کۆمەڵایەتیی خۆیان ڕازی نەبوون وەك هەندێك لە چینەکانی فارس و توندڕەوە باتنییەکان کە زۆرترین دژایەتییان بۆ ئیسلام هەبوو و کینەیان بەرامبەر بە دەوڵەتی عەباسی هەبوو، بەئاسانی ملکەچی هەر جووڵەیەك دەبوون کە چاوەڕوانی ئەوەیان لێ بکردایە زیان بە دەوڵەتی عەباسی دەگەیەنێت، هەموو ئەو تاقمانە بیروبۆچوونەکانی مەزدەکیان پێ خۆش بوو". (1) مەقدیسی دەڵێت: سەردانی ئازەربایجان و دەوروبەریم کرد و بە چاوی خۆم بینیم کە لەو ناوچەیەدا مزگەوت نەبوو و یاساکانی ئیسلامیان جێبەجێ نەدەکرد، ئەبو مەنسوری بەغدادی دەڵێت: بابەکییەکان بەئاشکرا لە چیاکاندا مزگەوتێکیان بۆ موسوڵمانان دروست کردبوو، بانگیان تێدا دەگوت و منداڵەکانیان فێری قورئانخوێندن دەکرد، بەڵام بەنهێنی نوێژیان نەدەکرد و ڕۆژوویان نەدەگرت و جیهادیان لەگەڵ بێبڕوایان نەدەکرد.(2)

ئیسماعیلییەکانی شوێنکەوتووی عەبدوڵڵای کوڕی مەیمونی قەداح "لەدوای وردبوونەوە و لێکۆڵینەوە لە کاروباری دەوڵەتی عەباسی و بۆ کۆتاییهێنان بەو

---

[1] بندلی جوزی، من تاريخ الحركات الفكرية في الإسلام، ص٩٣، ٩٤.

[2] هەمان سەرچاوە، ص١١٥، ١١٦.

دەوڵەتــە و سیســتەمە کۆمەڵایەتییەکــەی، گەیشــتنە ئــەو بڕوایــەی کــە پێویســتە بانگەوازە تازەکەیان لەناو هەموو چینوتوێژ و ئایینەکانـدا بـڵاو بکەنـەوە، کـە لـەو کاتەدا دەوڵەتەکەی مەنسوریان پێك هێنابوو، هەروەها پێویستە هەموو نەیارەکانی دەسـەڵاتی خەلیفـەکانی بەغـداد یەکـدەنگ بـن و هەسـتی ڕق و کینـەیان لـە دژی عەباسـییەکان بجووڵێنـدرێت، پاشـان ئـەو بنچـینانە بڕووخێنـرێن کـە دەوڵـەتی عەباسیان لەسەر وەستاوە، کە گرنگترینیان بریتی بوون لە ئاین و ئەدەب و سۆزی نەتەوایەتی یاخود ئەوەی کە لەو ڕۆژگارەدا لە جێگای سۆزی نەتەوایەتی بـوو". [1]

بندلی جوزی لەسەر وتەکانی بەردەوامە و دەڵێت: "ناتوانین نکوڵی لەوە بکـەین کـە ئیسماعیلییەکان بەئاشکرا شەریعەتە ئاسمانییەکان و بەتایبەتییش قورئانیـان ڕەت نەدەکردەوە، چونکە ئەوان پێیان وا بوو ئەو شەریعەتانە سوودیان هەیـە بـۆ چـینە نزمەکانی کۆمەڵگا کـە ئیسـماعیلییەکان بـە چـینی (کـوێر و گوێدرێـژەکان) ناویـان دەبـردن، بـەڵام چـینە بـەرزەکان کـە خـودا دڵ و چـاوی کردبوونـەوە ڕاسـتییان دۆزیبووەوە، ئەوان لە تێڕوانینی ئیسـماعیلییەکاندا پێویسـتیان بـەو شـەریعەتانە و دروشمە دەرەکییانە نییە، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئیسماعیلییەکان باوەڕیـان بە ئایینە ئاسمانییەکان و بیروباوەڕە ڕەسەنەکانیان نـەبوو، ئـەوەش چـەندین جـار لەلایەن نووسەرە موسوڵمانەکانەوە باس کراوە و کەس ناتوانێت نکوڵی لێ بکات".

بنــدلی جــوزی، کــە زۆر بەگوڕوتینــەوە پشــتگیری لــە بزاوتــە کۆمەڵایەتییــە شعوبییەکان دەکات و زۆر سەرسامە بە شاعیر (أبو العلاء المعري) و بـە (پێشـەوای ڕەخنەگران لە ستەمکاران و گەورەی بیریارە ئازادەکان) ناوی دەبات، بندلی پرسیار دەکــات و دەڵێــت: "ئایــا ئــەو شــاعیرە و کەســانی تــریش دەیــانتوانی بــیرە ڕووخێنـەرەکانیان بەئاشـکرا بـڵاو بکەنـەوە و خـەڵك بـۆ بێبـاوەڕی و دەرچـوون لـە گوێڕایــەڵیی دەســەڵاتدارە ســتەمکارە خراپــەکارەکان بــانگ بکــەن، ئەگــەر

[1] هەمان سەرچاوە، ص١١٩.

ئیمساعیلییەکان ڕێگایان بۆ خۆش نەکردنایە و خەڵکیان لەسەر گوێگرتن بۆ ئەو جۆرە بۆچوونانە و بەدەمەوەهاتنیان ڕانەهێنایە؟" (١)

بە درێژایی مێژوو کۆمەڵگای ئیسلامی بە یەکێك لە کراوەترین کۆمەڵگاکان دادەنرێت، کۆمەڵگایەکە چینایەتی داخراو ڕەت دەکاتەوە و گاڵتەی بەو سنوورانە دێت کە تاقمە کۆمەڵایەتییەکان جیا دەکاتەوە، لەو کۆمەڵگایەدا هەلی کار بۆ هەمووان یەکسانە، بە شێوەیەك کە لە هیچ کۆمەڵگایەکی کۆن و نوێ بەو جۆرە نەبووە، ئەوانەی لە لای خوارەوەی پلەی کۆمەڵایەتین بەردەوام هەلی گەیشتنیان هەیە بە لووتکەی دەسەڵات، بە پێچەوانەشەوە زۆرێك لەوانەی سەرکردە و سوڵتان بوون و بۆ ماوەیەکی زۆر تەنها خۆیان لەسەر تەخت بوون دواتر خۆیان بینییەوە بەرەو تەختی زەوی شۆڕ بوونەوە.

لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانی مێژووی ئیسلامیدا زۆر بەئاشکرا ئەو ئایەتە قورئانییە دەردەکەوێت: ﴿وَتِلْكَ الْأَيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيْنَ النَّاسِ﴾ آل عمران : ١٤٠، واتە: (ئێمە ئەو ڕۆژگارانە دەستاو دەست پێ دەکەین لەناو خەڵکیدا).

بۆ نموونە لە چوارچێوەی مێژووی ئیسلامیدا دەبینین عەباسییەکان بەنی ئومەییەیان لا دا، سەلجوقییەکان لە جێگای دەیلەمییەکان دانیشتن، سەفارییەکان بەدوای تاهیرییەکاندا هاتن، سامانییەکان بەدوای سەفارییەکاندا هاتن، غەزنەوییەکان بەدوای سامانییەکاندا هاتن، غورییەکان بەدوای غەزنەوییەکاندا هاتن، خوارزمییەکان بەدوای غورییەکاندا هاتن، تەتەرەکانیش بەدوای خوارزمییەکاندا هاتن... هەروەها دەبینین چۆن ئەخشیدییەکان تۆلۆنیەکانیان لا دا و فاتمییەکانیش ئەخشیدییەکانیان لا دا و ئەیوبییەکانیش فاتمییەکانیان لا دا و مەملوکیەکانیش ئەیوبییەکان و عوسمانییەکانیش مەملوکەکانیان لا دا.. هەروەها دەبینین لە ئەندەلووسیش بەدوای ئومەوییەکاندا چەندین دەسەڵات هاتنە پێشەوە

---

[1] بندلی جوزی، من تاريخ الحركات الفكرية في الإسلام، ص١٣٨.

لــه بــەنی جهــور و بــەنی عیبــاد و مــورابیتین و موەحیــدین و بــەنی ئەحمــەر و حەفســییەکان و مەرینییــەکان... هــەروەها دەبیــنین لــە شــام و جــەزیرەیش ئــەم دەسەڵاتانە یەك بەدوای یەکدا هاتن: حەمدانییەکان و مرداسییەکان و عەقیلییــەکان و ئەتابیکە و ئەیوبییەکان و مەملوکییەکان و تەتەر و تورکومان و عوسمانییەکان.

بەڕاستی بزاوتێکی کراوەیە، ئــەو دەســەڵاتانەی کــە یــەك لــەدوای یــەك دەبوونــە جێگرەوەی یەکتری، هەموویان عەرەب نەبوون، هەر وەکو چــۆن هــەموویان فــارس یان تورك، یان بەربەر، یان هینــدی نــەبوون، ڕۆژ دەســووڕێت و لەگەڵیشــیدا گــەل و نەتەوە و کۆمەڵگاکان دەسووڕێن، هــەموو کۆمەڵــەکان دەیــانتوانی بگەنــە ناوەنــدی سەرکردایەتی و بڕیاردان و لووتکــەی ڕابەرایــەتیکردنی بزاوتــی مێــژوو و کۆمــەڵگای ئیسلامی، جا ئەو کۆمەڵە هەر نەژادێکی هەبووبێت و ڕەگ و ڕیشەی لە هەر شوێنێك بووایە، ئەو پاسپۆرتەی کە دەیگەیاندە لووتکە، بریتی بوو لە موسوڵمانبوونی.

جێگــای سەرســوڕمانە کۆمــەڵگای ئیســلامی جیــا لــە هــەموو کۆمــەڵگاکانی تــر، تەنانەت کۆیلەکانیش هەلیان بۆ ڕەخسا تاکو بگەنە ناوەندی ســەرکردایەتیی بــاڵا و چــەند دەوڵــەتێکیان دروســت کــرد، بەڕاســتی دیاردەیــەکی ناوازەیــە لــە مێــژووی کۆمەڵایەتیماندا و شــایەنی ڕێــزە، ئــەو دیاردەیــە بــە لــۆژیکی مێــژوویی بەرپــەرچــی هــەموو ئەوانــەی دایــەوە کــە هــەوڵیان دا ڕاســتییەکانی ئــەو مێــژووە بشــێوێنن و ســەرلەنوێ کۆمــەڵگای ئیســلامی لــەناو منداڵــدانێکی تــردا دابڕێژنــەوە جیــاواز لــە منداڵدانی ڕاستەقینەی خۆی بۆ ئەوەی بــە بێــزراوی و شــێوێندراوی بێتــە دونیــاوە، ڕێك بــەو شــێوەی کــە لێکدەرەوە مادییــەکانی مێــژوو دەیانــەوێت، ئەوســا بیکەنــە گەواهیدەرێکی درۆزن لەسەر چەند تیۆرێکی مادی، کە جار جار ڕاســت دەردەچــێت و لە زۆربەی کاتەکانیشدا دۆر دەردەچێت.

**چوارچێوەی سێهەم: ڕەگەزە نائیسلامییەکان:**

له سەردەمی پێغەمبەردا (دروودی خودای لەسەر) هەڵوێستێکی مێـژوویی وەهـا لەگەڵ ئەهلی زیممەدا بە جوولەکە و مەسیحییەوە گیرایە بەر، کە بوو بـە بنـەما بـۆ دابونـەریت و یاسـای پەیوەنـدیی نێـوان موسـوڵمانان و ناموسـوڵمانان، هــەر لــەو سەردەمەدا بنچینەکانی ئەو پەیوەندییانە دانـران و شـێوازەکانی ڕێکخـران، لەگـەڵ جووڵەی ڕەوڕەوەی مێژوو بەرەو سەردەمەکانی دواتـر ئـەو دابونـەریت و بنچـینە و شێوازانە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بەرکار بوون، ئەگەر جارجارێکیش لادان لەو یاسایانەدا ڕووی دابێت، لەچاو بنچینە گشتییەکەدا حاڵەتێکی ناباو بوون کە بـە تێپەڕبوونی ڕۆژگار زیاتر دووپات دەکرایەوە.

پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) دەیویست چی بڵێـت و چـی بکـات بەرامبـەر ناموسوڵمانەکانی خاوەن کتێبە ئاسمانییەکان؟

بـۆ وەڵامــی ئــەو پرسـیارە خوێنــەر دەتوانێـت بگەڕێتــەوە بـۆ سەرچـاوەکانی ژیاننامەی پێغەمبەر، هەتا وەڵامی گشتگیر و وردی دەست بکەوێت[1]، لێرەدا تــەنها ئاماژە بەو پەیماننامەیە دەکەین کە لە ساڵی (٩ك)دا و لـە دوای جـەنگی تەبوکـەوە بۆ مەسیحییەکانی نەجرانی نووسـی، پەیماننامەیـەك کـە لـە لووتکـەی داداگـەری و لێبوردەیی و ئازادیدا بوو، تەنها سـەرانەیەکی کـەمی سـنووورداری لەسـەر پێویسـت کردن، لـەو پەیماننامەیـەدا هـاتووە: "نـەجران و دەوروبـەری لـە پـەنای خـودادان، پێغەمبەریش پەیمانی پارێزگاریکردن لە خۆیان و ئایینیان و خاکیـان و سـامانیان و هی ئەوانەیان کە ئامادە نین و ئەوانەشیان کە ئامادەن و کەنیسە و جێنوێژەکانیان پێ دەدات، هیچ مەترانێك ناگۆڕدرێت و لەکار ناخرێت، هیچ قەشە و خزمـەتکارێکی پەرسـتگاکانیان ناگۆڕدرێــت، ئــەوەش کــە لەبەردەســتیاندایە لــە کــەم و لــە زۆر هەرکەسێك داوای مافێکیان لـێ بکـات ئـەو مافـە لـە نێوانیاندایـە نـە ستەمیان لـێ

[1] بڕوانە: عمادالدين خليل، دراسة في السيرة، الفصلان الثامن والتاسع.

دەکرێت و نە دەهێڵرێت ستەم بکەن، کەس بە هۆی ستەمی کەسێکی تر لێپرسینەوەی لەگەڵ ناکرێت، ئەوەی لەم پەڕەیەدایە لە پەنای خودا و لەژێر پەیمانی موحەممەددایە و بەبەردەوامی کاری لەسەر دەکرێت هەتا خودا فەرمانی خۆی دەردەکات، بە مەرجێك ئەوان دڵسۆز بن و لەو ئەرکانەی کە لەسەریانە بەباشی جێبەجێیان کرد".[1] جوولەکەکانی نەجرانیش چوونە ناو ئەو ڕێککەوتنەوە.[2]

هەروەها پێمان خۆشە ئاماژە بۆ ئەو پەیماننامانە بکەین کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) لەدوای جەنگی خەیبەرەوە لە ساڵی (٧ك)داو لە ساڵەکانی دواتردا بۆ هەندێك لە کۆمەڵە جوولەکەکانی باکووری دوورگەی عەرەبیی نووسی، نامەیەکی نووسی بۆ بەنی جەنبە، کە لە مەقنای نزیکیی ئەیلە لەسەر کەنداوی عەقەبە نیشتەجێ بوون، لە نامەکەدا هاتووە: "لە دوای سوپاس و ستایشی خودا، نێردراوەکانتان کە هاتبوونە لام گەڕانەوە بۆ گوندەکەتان، هەرکاتێك ئەم نامەیەی منتان پێ گەیشت، ئەوا ئێوە پارێزراون و لەژێر پەیمانی خودا و پێغەمبەردان، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) لە تاوانە خراپەکانیشیان خۆش بوو، نە ستەمیان لێ دەکرێت و نە دژایەتی دەکرێن، پێغەمبەری خودا لەو مەترسییانە دەتانپارێزێت کە خودی خۆی لێ دەپارێزێت، دەبێت چواریەکی بەرهەمی دارخورما و نێچیری ڕاوچییەکانتان و چنراوی ئافرەتەکانتان بدەن بە موسوڵمانان، ئەوکاتە لە سەرانە و بێگاری دەبورێن، ئەگەر گوێڕایەڵ بوون، ئەوا بزانن پێغەمبەر ڕێز لە بەڕێزەکانتان دەگرێت و لە هەڵەکانتان خۆش دەبێت، کەس ناکرێتە بەرپرستان مەگەر لە خۆتان بێت، یاخود کەسوکاری پێغەمبەر بێت". هەروەها نامەی نووسی

---

[1] ابن سعد، الطبقات، ١/٢/ ٣٦، ٨٤، ٨٥، والبلاذري، فتوح البلدان، ١/ ٧٦، ٧٨، واليعقوبي، تاريخ، ٢/ ١ / ٧١، ٧٢.

[2] البلاذري، فتوح البلدان، ١/ ٧٨.

بۆ کۆمەڵێك جوولەکەی تر کە پێیان دەگوترا (بەنی غادیا) و گوتی: "... پەیمانی پاراستنیان پێ دەدرێت و پێویستە سەرانە بدەن و کەس دەستدرێژییان ناکاتە سەر". نووسراوێکی تری بۆ (بەنی عەریض) نووسی ئەو ئەندازەیەی بۆ دیاری کردن کە پێویست بوو بیدەن بە موسوڵمانان لە بەرامبەر پارێزگاریلێکردنیان و ستەملێنەکردنیان[١]، بۆ جوولەکەکانی (جرباء) و (أذرح)یشی نووسی: "ئەوان لەژێر پارێزگاریی خودا و موحەممەددان، هەموو مانگێکی ڕەجەب سەد دیناری تەواو ڕادەستی موسوڵمانان دەکەن، خوداش ئاگادارە بەسەریانەوە کە دەبێت دڵسۆز و چاکەکار بن لەگەڵ موسوڵماناندا، هەروەها لەگەڵ ئەو موسوڵمانانەش کە پەنایان بۆ بردبوون". [٢] بەو کارەش پێغەمبەر توانیی ئەو کۆمەڵە جوولەکانە بکاتە هاوڵاتی لە دەوڵەتی ئیسلامیدا، ئەوانیش ئەو باجەی کە لەسەریان بوو ڕادەستی دەوڵەتیان دەکرد و خۆیان لەژێر هێز و دەسەڵاتی ئەو دەوڵەتەدا دەپاراست و لە دادگەری و لێبوردەییەکەی بەهرەمەند بوون، جوولەکە و مەسیحییەکان وەك هاوڵاتی ـ نەك وەکو کوتلەی سیاسی و سەربازی ـ لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئیسلامیدا مافەکانی خۆیان بەکار دەهێنا و کەس دەستی خراپی بۆ درێژ نەدەکردن، تەنانەت هەندێکیشیان گەڕانەوە بۆ مەدینە، لە سیرەی ئیبن هیشام و مەغازی واقیدیدا هاتووە کە ژمارەیەکیان گەڕاونەتەوە مەدینە، گێڕانەوە و دەقی مێژوویی زۆر هەن کە بەڵگەن لەسەر ئەوەی لەدوای جەنگی خەیبەرەوە پێغەمبەر بە گیانی لێبوردەییەوە مامەڵەی لەگەڵ جوولەکەکاندا دەکرد، تەنانەت ئامۆژگاریی موعازی کوڕی جەبەلی کرد کە لە یەمەن کاربەدەست بوو و پێی فەرموو: "نابێت جوولەکەکان لەسەر جوولەکایەتی سزا بدرێن". بە هەمان شێوەش مامەڵەیان

---

[١] ابن سعد، الطبقات، ١/ ٢/ ٢٨ ـ ٣٠.

[٢] هەمان سەرچاوە، ١/٢/ ٣٨.

لەگەڵ جوولەکەکانی بەحرەیندا کرد، تەنها سەرانەیان دەدا و لەسەر ئایینی باوك و باپیرانیان مانەوە.[1]

لەدوای پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر)، خەلیفەکانی ڕاشیدین هاتن و بە شێوەیەك پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکانیان جێبەجێ کرد لەنێوان موسوڵمانان و ناموسڵماناندا، کە هیچی کەمتر نەبوو لەوەی کە لە سەردەمی پێغەمبەردا جێبەجێ کرا، ئەو سەردەمە سەردەمی فتوحات و بڵاوبوونەوەی ئیسلام بوو لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، پانتاییەکی فراوانی ئەو خاکانەی کە ئیسلامیان پێ گەیشت ژمارەیەکی زۆری جوولەکە و مەسیحی و مەجووسی و تاقمە ئایینییەکانی تریان تێدا دەژیا، بە هۆی فتوحاتەوە کۆمەڵگای ئیسلامی بوو بە کۆمەڵگایەکی جیهانی ژمارەیەکی زۆر ڕەگەز و ئایین و گەل و کۆمەڵگا و ڕێباز و تاقم و بیروبۆچوونی لەژێر باڵەکانیدا جێ کردەوە، دەمانەوێت بزانین ئەو ناموسڵمانانە لە کاتی کرداری فەتح و دواتریش لەدوای سەقامگیریی ئیسلامی چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا کرا، ئایا موسڵمانان توانییان تا چەند وەڵامی ئاڵنگاریی ئایینی و ئایینزایی و ڕێبازی بدەنەوە لە کۆمەڵگا نوێکەیاندا؟

جارێکی تریش پشت دەبەستینەوە بە گەواهیدانەکانی تۆماس ئارنۆڵد، کە لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (*الدعوة إلى الإسلام*) شیکارییەکی وردی کردووە، بە پشتبەستن بە بەڵگەنامە و دەقی مێژوویی سەبارەت بە مرۆڤدۆستیی ئیسلام لە مامەڵەکردنیدا لەگەڵ ڕۆڵی ئایینەکانی تردا.

"... کاتێك خەڵکی حیرە ئەو پارەیەیان هێنا بۆ موسوڵمانان کە لەسەری ڕێك کەوتبوون، بەڕاشکاوی بە موسوڵمانانیان وت ئێمە ئەو سەرانەیە بە مەرجی ئەوە دەدەین (کە خۆتان و سەرکردەکەتان ڕێگر بن لەوەی موسوڵمانان و خەڵکی تریش ستەممان لێ بکەن) بە هەمان شێوە کاتێك خالیدی کوڕی وەلید پەیماننامەی

---

[1] عمادالدين خليل، دراسة في السيرة، ص٣٥٨.

لەگەڵ هەندێك لە خەڵكی شارەكانی دەوروبەری حیرە بەست، لەناویدا نووسیی: "ئەگەر پارێزگاریمان لێ كردن ئەوا سەرانە بدەن، ئەگەرنا هیچتان لەسەر نییە". لە ڕوانگەی ڕووداوێكەوە كە لە سەردەمی خەلیفە عومەری كوڕی خەتابدا ڕووی دا، دەتوانین بڕیاری ئەوە بدەین كە تا چ ڕادەیەك موسوڵمانان بەو مەرجە پابەند بوون، ڕووداوەكەش ئەوە بوو كە كاتێك هیرەقلی ئیمپراتۆری ڕۆم سوپایەكی گەورەی كۆ كردەوە بۆ ڕێگریكردن لە هێزی موسوڵمانان، لەو كاتەدا پێویست بوو لەسەر موسوڵمانان هەموو هێز و توانا و چالاكییان لەو جەنگەدا چڕ بكەنەوە، كاتێك ئەبو عوبەیدەی سەركردەی موسوڵمانان ئەو هەواڵەی بیست، نامەیەكی نووسی بۆ كاربەدەستەكانی لەو شارانەدا كە دانابوون بە بەرپرس لە شامدا و لەو كاتەدا ڕزگار كرابوون و فەرمانی پێ كردن هەر سەرانەیەكیان لەو خەڵكە وەرگرتووە بۆیان بگێڕنەوە، هەروەها نامەیەكیشی بۆ خەڵكەكە نووسی و گوتی: "لەبەر ئەوە پارەكەمان بۆ گێڕانەوە، چونكە هەواڵمان بیستووە كە سوپایەكی زۆرمان بۆ كۆ كراوەتەوە، ئێوەش مەرجتان لەسەر داناوین كە پارێزگاریتان لێ بكەین، لە ئێستاشدا ئێمە ناتوانین پارێزگاریتان لێ بكەین، ئەوەی لێمان وەرگرتبوون بۆمان گێڕانەوە، ئەگەر خودای گەورە سەری خستین ئەوا پابەند دەبین بەو مەرجانەی كە نووسیومانە". بەو شێوەیە سامانێكی زۆری دەوڵەت گەڕایەوە بۆ مەسیحییەكان و ئەوانیش نزای خێر و فەڕیان بۆ سەركردە موسوڵمانەكان كرد و گوتیان: "خودا بۆ ئێمەتان بگێڕێتەوە و سەرتان بخات بەسەر ڕۆمەكاندا، ئەگەر ئەو سامانەمان لەلای ڕۆمەكان بووایە هیچیان بۆ نەدەگێڕاینەوە و ئەوەی هەشمانبوو دەیانبرد". [1]

"لەو كاتەوە كە نەستوورییەكان كەوتنە ژێر دەستی موسوڵمانان لە ژیانی ئاینییاندا بووژانەوە و چالاكیی گەورەیان بە خۆیانەوە بینی، پێشتر پاشاكانی

[1] الدعوة الى الإسلام، ص٧٩.

فارس هەندێك جار لەگەڵیاندا نەرم بوون و هەندێك جاریش دەیانچەوساندنەوە، چونكە زۆرینەی زۆری نەستوورییەكان لە ویلایەتەكانی ئەو پاشایانەدا دەژیان، كاتێكیش ڕووبەڕووبوونەوەی فارس و بێزەنتییەكان دەستی پێ کرد ژیانیان سەختتر بوو، لەبەر ئەوەی فارسەكان لێیان بەگومان بوون كە هاوكاریی دوژمنە مەسیحییەكانیان دەكەن، ئەو ئارامییەی كە لە سەردەمی خەلیفەكاندا و لەناو خاكی خۆیان لێی بەهرەمەند بوون پاڵنەر بوو بۆ ئەوەی لە كاری مژدەدان و بڵاوكردنەوەی ئایینی مەسیحییەتدا لە دەرەوەی ناوچەكانی خۆیاندا بەرەوپێش بچن، نێردراوی ئایینییان نارد بۆ چین و هیند، لە سەدەی هەشتی زاینیدا هەموویان گەیشتنە پلەی مەترانی، هەر لەو كاتانەدا جێپێی خۆیان لە میسر كردەوە، دوای ئەوە بیروباوەڕی مەسیحییەتیان لە ئاسیا بڵاو كردەوە، هەتا سەدەی یانزەی زاینی ژمارەیەكی زۆریان لە تەتەرەكان كرد بە مەسیحی، خۆ ئەگەر گرووپە مەسیحییەكانی تر شكستیان هێنابێت و نەیانتوانیبێت ئەو جۆرە چالاكییانە ئەنجام بدەن، ئەوا موسوڵمانان لێی بەرپرس نین، چونكە حكومەتی ناوەندی ئیسلامی بەیەكسانی لەگەڵ هەموویان و بەلێبوردەیی مامەڵەی لەگەڵ دەكردن، لە سەرو ئەوەشەوە ڕێگر بوو لەوەی مەسیحییەكان لەناو خۆیاندا یەكتری بچەوسێننەوە، لە سەدەی پێنجەمی زایینیدا قەشەی نەستووری (برصوما) پاشای فارسەكانی هان دا بۆ ئەوەی كەنیسەی ئەرسوزۆكسی بەتوندی بچەوسێنێتەوە، ئەو قەشەیە وای نیشان دا كە نەستوور هاوڕێی فارسە و بنەماكانی لە بنەمای فارس زۆر نزیكە.

باسی ئەوە دەكرێت كە (٧٨٠٠) كەس لە پیاوانی كەنیسەی ئەرسوزۆكسی و ژمارەیەكی زۆر لە لادینییەكان لەو چەوساندنەوەیەدا سەر بڕدران، خەسرەوی دووەمیش چەوساندنەوەیەكی تری لە دژی ئەرسوزۆكسەكان ئەنجام دا لە دوای ئەوەی هێرشی كردە سەر وڵاتی فارس، ئەویش بە هاندانی یەكێك لە یەعقوبییەكان بوو، كە هەستا بە ڕازییكردنی پاشای فارس بەوەی ئەرسوزۆركسییەكان لە

داهـاتوودا لايـەنگيريی بێزەنتييـەكان دەكـەن، بـەڵام بنـەماكانی موسـوڵمانان بـە پێچەوانەی ئەوانەوە بوو، موسوڵمانان هەتا توانييان بە دادگەرانە لەگەڵ ژێردەستە مەسـيحييەكانيان جووڵانـەوە، بـۆ نموونـە لـە دوای ڕزگـاركردنی ميسـر يـەكێك لـە يەعقوبييــەكان شكســتی دەســەڵاتی بێزەنتييــەكانی قۆســتەوە بــۆ ئــەوەی موســوڵمانەكان كەنيســەی ئەرسوزۆكســەكان داگــير بكــەن، بــەڵام دوای ئــەوەی ئەرسوزۆكسەكان خاوەندارێتيی خۆيان بۆ ئەو كەنيسـانە سـەلماند، موسـوڵمانەكان كەنيسەكانيان گێڕايەوە بۆ خاوەنی شەرعيی خۆيان". [1]

"ڕووداوە مێژووييــەكان گــەواهيی ئــەوە دەدەن كــە موســوڵمانبوونی مەسيحييەكانی ميسر بەهۆی ئەوەوە نەبوو كە دەچەوسێندرانەوە، لە كاتێكدا كـە كورسيی بەتريكی چۆڵ بوو لە ميسردا، بەڵام مەسيحييەكان ئازاديی تەواويان هەبوو بـۆ بەجێگەيانـدنی دروشمـەكانيان و ڕێگـەيان پــێ درا ســەرلەنوێ كەنيســەكانيان دروست بكەنەوە، تەنانەت ڕێگەيان پێ درا كەنيسەی نوێ دروست بكەن، لەو كـۆت و بەندە ڕزگاريان بوو كە لەسەريان پێويست كرابوو سواری گوێدرێژ و ئێسـتر بـبن، لە دادگا تايبەتەكانی خۆياندا دادگايی دەكـران، قەشـە و ڕاهيبـەكانيان لـە سـەرانە بەخشران و هاوكاری تايبەتييشيان پێ دەدرا". [2]

ئەوانە تەنها چەند ئاماژەيەك بوون لـەو بەسـەرهاتانەی كـە تۆمـاس ئارنۆڵـد بـە دووردرێژی باسی كردوون، ئەو ڕووداوە مێژووييانەی لێرەدا باسمان كردن وامان لێ ناكات خۆمان لە خوێندنەوەی ئەو كتێبە بەڵگەنامەييە بپارێزين كە لەسـەر دەسـتی توێـژەرێك نووسـراوە و بـە شـێوەيەك ڕێـزی زانسـت دەگرێـت كـە لـە نووسـەرە

[1] الدعوة إلى الإسلام، ص٨٦ ـ ٨٨.

[2] هەمان سەرچاوە، ص١٣٠.

ڕۆژئاواییەکانمان نەبینیوە، لە کاتێکدا کە مامەڵە لەگەڵ بیروباوەڕ و مێژووی ئیسلامیدا دەکەن مەگەر بە کەمی.[1]

ئەی لەو کاتەدا لە کۆمەڵگاکانی تردا لەنێوان شوێنکەوتوانی ئایینی زۆرینە و کەمە ئایینی و ئایینزاکانی تردا چی دەگوزەرا؟

غۆستاف لۆبۆن دەڵێت: "میسر ناچار کرا مەسیحییەت هەڵبژێرێت و بەهۆی مەسیحیەتیشەوە گەیشتە نزمترین ئاست، هەتا ئەو کاتەی فەتحی ئیسلامی ڕزگاری کرد، لەو کاتەدا میسر بەدەست هەژاری و باری خراپی ژیانەوە دەینالاند و بووبوو بە گۆڕەپانی جیاوازییە ئایینییەکان، بەهۆی ئەو جیاوازییانەوە خەڵکی میسر یەکتریان دەکوشت و نەفرەتیان لە یەکتری دەکرد، دابەشبوونی ئایینی دایخوراندبوون و ستەمی دەسەڵاتداران باری قورس کردبوون، کینەیان بەرامبەر گەورەکانیان هەبوو لە ڕۆمەکان، چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەیان دەکرد کە لە نینۆکی تیژی ستەمکارەکانی قوسەنتینییە ڕزگاریان ببێت".[2]

نەدەوییش دەڵێت: "سەبارەت بە ئایینی مەسیحیەت چەندین مشتومڕی فەلسەفی ڕوویان داوە، کە هزری مەسیحییەکانی سەرقاڵ کرد و زیرەکییەکەیانی بەفیڕۆ دا، زۆر جار ئەو مشتومڕانە سەریان دەکێشا بۆ جەنگی خوێناوی و کوشتن و ڕووخاندن و ئەشکەنجەدان و بەسەردادان و تیرۆکردن، قوتابخانە و کەنیسە وماڵەکان بووبوونە سەربازگەی ئایینی بۆ ململانێ، وڵات خزێندرایە جەنگێکی ناوخۆییەوە، دیارترین جیاوازییش لەنێوان مەسیحییەکانی شام و دەوڵەتی ڕۆم لە لایەك و مەسیحییەکانی میسر لە لایەکی ترەوە یاخود بە دەستەواژەیەکی تر لەنێوان مەلکانییەکان و مەنوفیسییەکاندا بوو، لە سەدەی شەشەم و حەوتەمدا

[1] بۆ خوێندنەوەی نموونەی زیاتر، بڕوانە : بەشی دووەمی ئەم دەروازەیە.

[2] حضارة العرب، ترجمة: عادل زعيتر، الطبعة الثالثة، دار إحياء الكتب العربية، القاهرة، ١٩٥٦م، ص٣٣٦.

جیاوازییەکە لەنێوان ئەو دوو لایەنەدا پەرەی سەند وەك جەنگێکی دوورودرێژی نێوان دوو ئاینی جیاوازی لێ هات، یاخود وەکو جیاوازیی نێوان جوولەکە و مەسیحی وا بوو، هەر تاقمێك بەوی تری دەوت تۆ لەسەر ڕەوایەتی نیت، میسر ئەوەندە ڕووداوی قێزەونی بەخۆیەوە بینی کە مرۆڤ بە بیستنی پێستی گرژ دەبێت، کەسانێك سزا دەدران و پاشان لە ئاودا نقوم دەکران و دەکوژران، مەشخەڵی ئاگر دادەگیرسێندرا و دەخرایە سەر کەسە خراپەکان هەتا لە هەردوو لایەوە چەورییەکەی دەڕژایە سەر زەوی، زیندانی دەخرایە ناو گونییەکی پڕ لم و پاشان دەخرایە دەریاوە، ئەمانە و چەندین جۆر ئەشکەنجەی قێزەونی تر". (1)

لە نێوان مەسیحی و جوولەکەکاندا زۆر لەوە زیاتر ڕووی دا، بۆ نموونە لە کۆتا ساڵی دەسەڵاتی فوکاسد (٦١٠ز) جوولەکەکان بەسەر مەسیحیەکانییاندا دا، ئیمپراتۆر فەرماندە (أبنوسوس)ی نارد هەتا شۆڕشەکەیان دابمرکێنێتەوە، ئەویش زۆر بەتوندی ڕووبەڕوویان بووەوە و هەموو خەڵکەکەی کوشت، هەندێك بە شمشێر و هەندێکیشیان بە هەڵواسین و خنکاندن و ئەشکەنجەدان و فرێدانیان بۆ بەردەم ئاژەڵی دڕندە، ئەوەش چەند جارێك لەنێوان جوولەکە و مەسیحییەکاندا ڕووی دا، مێژوونووسی میسری موقریزی نموونەیەکمان لەو پێکدادانانە بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "لە سەردەمی پاشای ڕۆم (قوقا)دا کیسرای پاشای فارس سوپاکانی بەڕێ کرد بۆ شام و میسر و هەرچی کەنیسەکانی قودس و فەلەستین و شام بوو ڕووخاندیان، هەموو مەسیحییەکانیان کوشت و بەرەو میسر دوایان کەوتن و لەوێش ژمارەیەکی زۆریان لێ کوشتن و بە بێشومار ئافرەتەکانیان کردن بە کەنیزەك، جوولەکەکان هاوکاری فارسەکانیان کرد بۆ ڕووخاندنی کەنیسەکان و لە هەموو لایەکەوە بەرەوپیریی فارسەکان چوون بۆ لێدانی مەسیحییەکان، زۆر ڕقئەستوور بوون بەرامبەریان، لە قودس دوو کەنیسەیان ڕووخاندن و شوێنەکانیان سووتاندن و

---

(1) ماذا خسر العالم بانحطاط المسملين، الطبعة الخامسة، مكتبة دار العروبة، القاهرة، ١٩٦٤م، ص٢٩، ٣٠.

دەستیان گەیشتە بەتریرکی قودس و هاوەڵەکانی، پاشان هیرەقلی پاشای ڕۆم بەسەر فارسەکاندا زاڵ بوو و لە قوستەنتینییەوە بەڕێ کەوت بە مەبەستی بەدەستهێنانەوەی شام و میسر و سەرلەنوێ نۆژەنکردنەوەی شوێنە وێرانکراوەکان، جوولەکەکان لە تەبەریە و چەند ناوچەیەکی تر بەرەو پیری چوون و دیاریی گرانبەهایان پێشکەش کرد و داوایان لێ کرد پارێزگارییان لێ بکات و سوێندیان بۆ بخوات لەسەر ئەو پارێزگاریلێکردنە، ئەویش بەڵێنی پارێزگاریلێکردنی پێ دان و سوێندی بۆ خواردن، پاشان چووە ناو قودسەوە و مەسیحییەکان بە ئینجیل و خاچەوە پێشوازییان لێ کرد، هیرەقل بینی شارەکە و کەنیسەکانی ڕووخاون زۆر پێی ناخۆش بوو، مەسیحییەکان پێیان ڕاگەیاند کە ئەوە بە هۆی ڕاپەڕینی جوولەکەکانەوە ڕووی داوە و کە لەگەڵ هاتنی فارسەکان ئەنجامیان دا، هەروەها گوتیان جوولەکەکان زۆر لە فارسەکان توونودتر بوون بەرامبەرمان، هیرقلیان هان دا بۆ ئەوەی سزایان بدات، ئەویش گوتی ئەو کارە ناکرێت، چونکە من بەڵێنم پێ داون و سوێندم بۆ خواردوون، پاشان قەشە و مەترانەکان فەتوایان بۆ دا و گوتیان بیانکوژە و هیچ تاوانێکت لەسەر نییە، ئەویش بەگوێی کردن و بە شێوەیەکی زۆر قیزەون جوولەکەکانی کۆمەڵکوژ کرد، لە هەموو میرنشینەکانی ڕۆمدا لە میسر و شام یەك جوولەکە نەما مەگەر کەسێك ڕایکردبێت یاخود خۆی حەشاردابێت.[1]

سەبارەت بە هەڵسوکەوتی مەسیحییەکان بەرامبەر بە موسوڵمانان، تەنها ئاماژە بە ڕێوشوێنەکانی دەسەڵات و کەنیسەی ئیسپانی دەکەین کە لە ڕێگای دادگاکانی لێکۆڵینەوەوە گرتیانەربەر بەرامبەر بە پاشماوەی ئەو موسوڵمانانەی لە ئەندەلووس و لە دوای لەدەستدانی دواپێگەی سیاسییان کە غەرناتە بوو نیشتەجێ

---

١ ماذا خسر العالم بانحطاط المسلمين، ص٣٦، ٣٧.

بـوون، موحەممـەد عەبـدوڵڵا عـەنان لـە کتێبـی (*نهایـة الأنـدلس وتـاریخ العـرب المتنصرین*).[1]

دا بەدووڕودرێـژی ئـەو بەسـەرهاتانەمان بـۆ دەگێڕێتـەوە کـە هێـزە داگیرکـەرە خاچدروشمەکان چیان بە گەلە موسوڵمانەکان کرد لە سەدەکانی کۆتاییدا، هەروەها ئەوەی سەرکردە ئەفریقییە مەسیحییەکان بە موسوڵمانانیان کرد.

لە سەردەمی ئومەوی و سەردەمەکانی عەباسیدا و لـەو کاتانـەدا کـە کۆمـەڵگای ئیسلامی ئـاڵۆزتر و فـراوانتر بـوو و لـە ڕووی داهێنـانی شارسـتانییەوە بـەرەو سـەر دەڕۆیشت و هاوکات دامودەزگا کارگێڕییەکانیش پێدەگەیشتن و گەشـەیان دەکـرد، هەر لەو کاتەوە هەڵوێسـتی دەوڵـەتی ئیسـلامی لەگـەڵ ناموسـوڵمانەکاندا شـێوازی تازەی مامەڵەی مرۆڤانەی بەرزتری بەخۆیەوە بینی.

دەسەڵات و تاکەکانی موسـوڵمانان باوەشـیان بـۆ ناموسـوڵمانەکان کـردەوە بـە جوولەکـە و مەسـیحی و مەجووسـی و سـابیئەوە، کەسـە بـەهرەدارەکانیان هـەلی پێگەی کۆمەڵایەتی و ئەرکیان پێ درا لە چوارچێوەی بنەمای هەلی یەکسانی کار کە تا ئەو کاتە لە مێژووی مرۆڤایەتییدا هیچ نەتەوەیەکی تر ئەو بنەمایەی نـەدەزانی و کاری پـێ نـەدەکرد، ناموسـوڵمانەکان لـە دروسـتکردنی شارسـتانیەتی ئیسـلامی و دەوڵەمەندکردنیدا بەشدارییان کرد، بەبێ ئەوەی هیچ گرێ و هەستیارییەك لـە هـیچ لایەکەوە بوونی هەبێت، ناموسوڵمانەکان ڕێگایان بۆ کرایەوە هەتا بەرەو پێش بچن بۆ گەیشتن بە بەرزترین پۆست، هەر لـە نووسـەری دیوانـەوە بیگـرە هـەتا دەگاتـە پلەی وەزیری، لـە بـواری دارایـی و ئابووریـدا ڕێگایـان پـێ درا بەئازادانـە چـالاکیی خۆیان ئەنجام بدەن، گەشەیان بە سامانەکەیان دا، بە هۆی توانـای کارکردنیانـەوە ئاستی کۆمەڵایەتی خۆیان بەرز کردەوە، بەوەش پانتاییەکی فراوانیان لە گۆڕەپانی چالاکیی ئابووری پڕ کردەوە و شانبەشانی هاوڵاتییە موسوڵمانەکان دەڕۆیشتن، کار

---

[1] بڕوانە: بەشی یەکەم و دووەمی ئەم دەروازەیە.

گەیشتە ئەوەی نزیك بوو هەندێك چالاكیی دارایی ببێتە تایبەتمەندیی جوولەكە و مەسیحییەكان هەر وەكو چۆن لە بواری ڕۆشنبیریدا وەرگێڕان كاری خۆیان بوو و لە ڕووی كارگێڕیشەوە بەڕێوەبردن و نووسین كاری ئەوان بوو.

كۆمەڵگای ئیسلامی كۆمەڵگایەكە هەڵی كار تێیدا یەكسانە، كۆمەڵگای ئازادی بیروڕا و كرانەوە بوو، موسوڵمانان وەڵامی ئاڵنگاریی كۆمەڵایەتییان دایەوە و زۆربەی كاتەكان لە جێی گومانباشیی پێغەمبەردا بوون كاتێك پێش ئەوەی كۆچی دوایی بكات ئامۆژگاریی كردن بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەهلی زیمەدا نەرمونیان بن!

ڕووداوەكان زۆرن، تەوژمێك پێدراوی مێژوویی لە گۆڕەپانی كۆمەڵگای ئیسلامیدا و بە درێژایی چەند سەدەیەكی دوورودرێژ جێبەجێ كران، لە هەموو بەرە جیاوازەكان و لە ڕووی شارستانی و كارگێڕیی و ئابووری و كۆمەڵایەتییەوە بەگشتی، لێرەدا تەنها گەواهی فیلیب حەتی وەردەگرین لە كتێبی (*تاریخ العرب المطول*)دا، كە دەڵێت: "لە بەرامبەر ئەو خەراج و سەرانەیەی كە ئەهلی زیممە دەیاندا، تا ڕادەیەكی باش لە ئازادی بەهرەمەند بووبوون، لە ڕووی كێشەی مەدەنی و تاوانەوە پەیوەندییان بە سەركردە ڕوحییەكانی خۆیانەوە هەبوو، مەگەر دۆسیەكەیان پەیوەندیی بە موسوڵمانانەوە بووایە".

"مەیسونی هاوسەری موعاویە مەسیحی بوو، هەر وەكو چۆن شاعیرەكەشی مەسیحی بوو، بە هەمان شێوە پزیشكەكەی و خەزنەداری دەوڵەتەكەشی هەر مەسیحی بوون". (١)

"زیمییەكان لە كێڵگە وماڵەكانی خۆیان لە گوندەكان و دوور لە شارەكان جێگیر بووبوون و دەستیان بە كەلتووری خۆیانەوە گرتبوو و پارێزگارییان لە زمانی خۆشیان كرد، لە سووریا و عێراق بە ئارامی و سریانی دەدوان و لە وڵاتی فارسیش بە ئێرانی و لە میسریش بە قیبیتی دەدوان". لە شارەكانیشدا مەسیحی و

---

[1] تاريخ العرب المطول، الطبعة الرابعة، دار الكشاف، بيروت، ١٩٦٥م، ٣٠١/١، ٣٠٢.

جووله‌كـه‌كان پۆسـتی گرنگیـان لـه‌ دامودەزگاكـانی دارایـی و نووسـه‌ری و پیشـه‌ ئازاده‌كاندا وه‌رگرتبوو، له‌ژێر سێبه‌ری خیلافه‌تدا ئازادییه‌كی زۆریان هه‌بوو و نه‌رمی و سـۆزێكی زۆریـان به‌رامبـه‌ر ده‌نـوێنرا، هـه‌ر وه‌كـو چـۆن لـه‌ كۆشـكی موعاویـه‌ و عه‌بدولمه‌لیكدا چـه‌ندین بابـه‌تیان تـاوتوێ ده‌كـرد، بـه‌ هـه‌مان شـێوه‌ لـه‌ كۆشـكی عه‌باسییه‌كانیشدا بـه‌ ئازادانـه‌ ده‌هـاتن و ده‌چـوون و ڕایـان ده‌گۆڕییـه‌وه‌، ته‌نانـه‌ت تیموتاوسی به‌تریكی نه‌ستوورییه‌كان له‌ ساڵی (٧٨١ن)دا له‌ ڕووی خه‌لیفـه‌ مه‌هدیـدا وه‌ستایه‌وه‌ بۆ به‌رگریكردن له‌ مه‌سیحییه‌كان، هه‌روه‌ها نامه‌یه‌كی كندیش هه‌یه‌ كـه‌ ده‌ڵێت: ڕوونكردنه‌وه‌ی گفتوگۆیه‌كی به‌راوردكاری بووه‌ له‌نێوان چاكه‌كانی ئیسلام و مه‌سیحییه‌ت كه‌ له‌ ساڵی (٨١٩ن)دا، كه‌ به‌ ئاماده‌بوونی مه‌ئمون كراوه‌.

"چـه‌ندین جـار پـه‌یمانی كـۆن و نـوێ وه‌رگێڕدراوتـه‌ سـه‌ر زمـانی عـه‌ره‌بی، ده‌نگوباسی ئه‌وه‌ هه‌یه‌ كه‌ كه‌سێك به‌ ناوی ئه‌حمه‌دی كوڕی عه‌بدوڵڵای كوڕی سه‌لام لـه‌ سـه‌رده‌می هارونـه‌ ڕه‌شـیددا تـه‌وراتی وه‌رگێڕاوه‌تـه‌ سـه‌ر زمـانی عـه‌ره‌بی، به‌ڵگـه‌شمان هه‌یـه‌ له‌سـه‌ر ئـه‌وه‌ی چـه‌ند به‌شـێكی تـه‌ورات لـه‌ كۆتـایی سـه‌ده‌ی حه‌وته‌مدا وه‌رگێڕدراوه‌ته‌ سه‌ر زمانی عه‌ره‌بی".

"پاشان ناوی چه‌ندین وه‌زیری مه‌سیحیمان له‌لایه‌ن له‌ نیوه‌ی دووه‌مـی سـه‌ده‌ی حه‌وته‌مدا، له‌وانه‌ عه‌بدونی كوڕی ساعد، (المتقی)یش وه‌زیرێكی مه‌سیحی هـه‌بووه‌، یه‌كێكیش له‌ (بنی بویه) وه‌زیرێكی تـری مه‌سـیحی هـه‌بووه‌، (المعتضـد) كه‌سـێكی مه‌سـیحی كـرد بـه‌ سـه‌رۆكی نوسـینگه‌ی جـه‌نگی لـه‌ سـوپای موسـوڵمانانداِ، ئـه‌و لێپرسـراوه‌ مه‌سـیحییانه‌ هـه‌مان ڕێـز و شـكۆی هاوكـاره‌ موسـوڵمانه‌كانیان هـه‌بوو. زۆرینه‌ی دكتۆری خه‌لیفه‌كانیش له‌ شوێنكه‌وواتوانی كه‌نیسه‌ی نه‌ستوری بـوون، لـه‌ كۆتاییـدا و لـه‌ سـاڵی (١١٣٨ن) (المكتفـی) بڕیـارێكی ده‌ر كـرد بـۆ پاراسـتنی نه‌ستورییه‌كان، ئه‌وه‌ش قه‌باره‌ی ئه‌و په‌یوه‌ندییه‌ ئاشتییانه‌ ده‌رده‌خات كه‌ پیاوانی فه‌رمیی ده‌وڵه‌تی ئیسلامی له‌گه‌ڵ پیاوانی مه‌سیحی هه‌یانبووه‌".

"سەرسوڕهێنەرترین دیاردەی ژیانی مەسیحیەت لەژێر سایەی دەوڵەتی خیلافەتدا ئەوە بوو کە بە شێوەیەك چالاك بووبوون توانییان بگەنە چین و هیند و لەوێدا ناوەندی مژدەدان بکەنەوە بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینی مەسیحی".

"لەگەڵ ئەوەشدا لە چەند ئایەتێکی قورئاندا هەڕەشە لە جوولەکەکان دەکرێت، بەڵام دەبینین ئەوان زۆر لە مەسیحییەکان زیاتر بەهرەمەند تر بوون لە چاکەی موسوڵمانان، هۆکارەکەش ئەوە بوو جوولەکە ژمارەیان کەم بوو و مەترسیی زیانگەیاندنیان نەبوو، مەقدیسی دەڵێت: لە ساڵی (٩٨٥ز)دا زۆرینەی ئەوانەی پارەیان دەگۆڕییەوە و خاوەنی بانکەکانی سوریا بوون جوولەکە بوون و زۆرینەی نووسەر و پزیشکەکان مەسیحی بوون، لە سەردەمی زۆرێك لە خەلیفەکاندا بەتایبەتی (المعتضد) جوولەکەکان پێگەی گرنگیان لە دەوڵەتدا هەبوو، لە بەغدا ناوچەیەکی گەورەیان هەبوو و هەتا کەوتنی شارەکە هەر لە گەشە و پێشکەوتندا بوو، (بنيامين التطيلي) لە دەوروبەری ساڵی (١١٦٩ز)دا سەردانی ئەو ناوچەیەی کرد و بینیی دە قوتابخانەی حاخامەکان و بیست و سێ کنێستی تێدایە، بنیامین باسی ئەو گەرموگوڕیی و ڕێزە دەکات کە بەرامبەر سەرۆکی جوولەکەکانی بابل نواندیان، تەنها لەبەر ئەوەی نەوەی داود پێغەمبەر و سەرۆکی هۆزی ئیسرائیلی بوو، ئەو دەسەڵاتەی کە (جاثليق) بەسەر مەسیحییەکاندا هەیبوو بە هەمان شێوە لە ڕووی یاسادانانەوە سەرۆکی حاخامەکانیش بەسەر شوێنکەوتووانی تاقمەکەی خۆیدا هەیبوو، دەگێڕنەوە کە سامان و پێگە و موڵکێکی زۆری هەبوو کە چەندین باخچە و خانوو و کێڵگەی کشتوکاڵی بەپیتی تێدا بووە، کاتێکیش سەردانی خەلیفەی بکردایە پۆشاکی حەریری زۆر قەشەنگی لەبەر دەکرد و چەند

ئەسپسوارێکی بەدەورەوە بوو، کەسێك لە پێشیەوە دەڕۆیشت و بە دەنگی بەرز هاواری دەکرد: "ڕێگا بکەنەوە بۆ گەورەمان نەوەی داود". [1]

ئەوەی سەبارەت بە هەردوو سەردەمی ئومەوی و عەباسی دەگوترێت بۆ سەردەمەکانی دوای ئەوانیش ڕاستە (فاتمییەکان و ئەیوبییەکان و مەملوکیەکان و عوسمانییەکان)، ئەگەر ئەو کاردانەوە توندانەی لێی جیا بکەینەوە کە لە بەرامبەر هەندێك هەڵوێستی دوژمنکارانەی هەندێك لە گرووپەکانی شوێنکەوتەی ئایینە ئاسمانییەکان گیرایە بەر، ئەوان هاوکاریی نەیارانی موسوڵمانانیان کرد و دەستیان خستە ناو دەستی ئەو داگیرکەرانەی کە بۆ لەناوبردنی موسوڵمانان هاتبوون، بە نهێنی و ئاشکرا پیلانیان دەگێڕا بۆ ڕووخاندنی بیروباوەڕی موسوڵمانان و لابردنیان لەسەر دەسەڵات، لێرەدا تەنها ئاماژە بە هەڵوێستی دوژمنکارانەی مەسیحییەکانی شام و جەزیرە و موسڵ و عێراق دەکەین بەگشتی، لە کاتی تاقیکردنەوە و زاڵبوونی مەغۆلەکاندا، کۆمەڵێکیان بە هاتنی داگیرکەران خۆشحاڵ بوون و لەگەڵیاندا پیلانیان گێڕا دژی هاووڵاتییە موسوڵمانەکانیان، داگیرکەرانیش ئەوانیان لەخۆ گرت و بۆ سەپاندنی دەسەڵاتیان بەکاریان هێنان و کردیانن بە چنگ و نینۆکی خۆیان بۆ پارچەپارچەکردنی جەستەی موسوڵمانان، کە بە ئازادانە و برایانە بۆ ماوەی چەند سەدەیەکی دورودرێژ لەگەڵیاندا ژیابوون، دەکرێ باسی ئەو ئەزموونە تاڵانەش بکەین کە چەند گرووپێکی جوولەکە و مەسیحی بە درێژایی سەردەمی عوسمانی ئەنجامیان دا و لە بەرامبەریشدا کاردانەوەی توندی عوسمانییەکانی بەدوای خۆیدا هێنا، ئەگەرچی بە تێڕوانینی گشتگیرانە بۆ بزاوتی مێژووی کۆمەڵگا ئیسلامییەکان

---

[1] تاريخ العرب المطول، ٤٣٢، ٤٣٨، و ول ديورانت، قصة الحضارة، ترجمة: محمد بدران و آخرين، الطبعة الثانية، لجنة التأليف والترجمة والنشر، القاهرة، ١٩٦٤ ـ ١٩٦٧م، ١٣/ ١٣١، وآرثر ستانلي تريتون، أهل الذمة في الإسلام، ترجمة وتعليق: د. حسن حبشي، الطبعة الثانية، دار المعارف، القاهرة، ١٩٦٧م، ص١٧٠.

به درێژایی مێژوو و له کۆتایی شیکردنەوەکەماندا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت که ئەو کاردانەوانه چەند حاڵەتێکی ناباو بوون، یاخود چەند خاڵێکی ڕەشی سنووردار بوون لەسەر پەڕەیەکی سپیی فراوان، ئەوەش بەتەواوەتی پێچەوانەی کۆمەڵگاکانی تره که حاڵەتەکانی ئازادی و دادپەروەری و هەلی یەکسانی کار لەنێوان شوێنکەوتووانی ئایینی دەسەڵاتدار و شوێنکەوتوانی ئایینەکانی تردا، چەند خاڵێکی جیاکراوەی سپی بوون لەسەر پەڕەیەك که ڕق و دووکەڵی لێ بەرز دەبووەوە.

هێرشی خاچدروشمەکان که دوو سەدە بەردەوام بوو و داگیرکەرەکان دروشمی جیاکاریی ئایینی و ڕق و کینەیان بەرز کردبووەوە له دژی هەر شتێك که ناوی ئیسلامی پێوه بوو، ئەو جەنگانەی لەپێناو نەهێشتنی ئارامی و سەقامگیریی کۆمەڵگای ئیسلامی هەڵگیرسان و دەیانویست ئایینی کۆمەڵگای ئیسلامی تێك بدەن لەپێناو بەرژەوەندیی دەمارگیرانەی کەنیسە، تەنانەت ئەو ئەزموونه تاڵەش سەرکردە و کۆمەڵگا ئیسلامییەکانی پاڵ نەنا بۆ کاردانەوەی ئایینی به شێوەیەك له شمشێروەشاندندا جیاوازی نەکەن لەنێوان داگیرکەران و مەسیحییەکانی ناوخۆدا، ئەگەرچی هەندێك لەو مەسیحییانەی ناوخۆ بەئاشکرا هاوکاریی داگیرکەرانیان کرد و دەستیان خستە ناو دەستیانەوە و پیلانیان لەگەڵ گێڕان بۆ ڕووخاندنی ئیسلام و موسوڵمانان.

خۆشبەختانه ئەو داگیرکەرانەی که له بنەڕەتدا به دەمارگیریی ئایینی دەستیان پێ کرد، به هەمان شێوه لەگەڵ هاوئایینەکانی خۆشیان گرووپ گرووپێنەیان دەکرد، که له باڵێکی تری مەسیحیەتدا بوون، هەر له بێزەنتییەکانی ناوخۆوە بیگرە که هیچیان کاسۆلیکی نەبوون، دیاره زۆرینەی مەسیحییه داگیرکەرەکان لەژێر ئاڵای کاسۆلیکیدا هێرشیان دەکرد، خۆ ئەگەر ئەو جیاوازییانه نەبوونایه و

هـەردوو لا هاوکـار بوونایـە، ئـەوە ئـەنجامی خراپتریـان بەدەسـت دەهێنـا لـە دژی کۆمەڵگای ئیسلامی.

ئەوەی گرنگە لە ماوەی جەنگەکانی خاچدروشمەکاندا هیچ هەڵتۆقینێکی وامـان نەبینی لە پێکهاتەی کۆمەڵگای ئیسلامیدا، کە لەسەر بنەمای جیاوازیی ئایینی کـار بکـات و کاردانـەوەی خراپـی بەرامبـەر ئـەو جەنگانـە هـەبووبێت کـە لـە بنەڕەتـدا جەنگێکی ئایینیی دەمارگیرانە بوون، نەمانبیستووە موسوڵمانان کوشـتارگەیەکیان لە دژی هاوخاکەکانیان ئەنجام دابێت، یاخود کـارێکی تۆڵـەکاریی نارێکخراویـان لـە دژی هاونیشتمانیانیان لە ئەهلی زیممە ئەنجام دابێت.

بێگومان ئەو کراوەییەی کە کۆمەڵگای ئیسلامی هەیبوو لەگەڵ ناموسوڵمانەکاندا و ئەو هەلـە زۆرانـەی کـە پێیـان درا وای کـرد ئـەو تاقمانـە بـەخراپی سـوودیان لـە لێبوردەیی ئیسلام بینی، هـەوڵیان دا لـە پشـتەوە خەنجـەر لـە موسـوڵمانان بـدەن لەسەر ئاستی دەسەڵات و بیروباوەڕ و کۆمـەڵگا، بـۆ نموونـە بینیمـان جوولەکـەکان چیان کرد، هەر لە سەبەئییەکانەوە بیگرە تا دەگاتە پیلانی جوولەکەکانی دۆنمە بۆ ڕووخاندنی خیلافەتی عوسمانی، هەروەها وەکو ئەو گرووپە مەجوسییانەی کـە لـە سـەردەمی عەباسـیدا لـە چوارچـێوەی بزووتنـەوەی شـعوبیدا لـە دژی عـەرەب و موسوڵمانان ئەنجامیان دا.

بە هۆی ئەوەی موسوڵمانان هەڵسوکەوتی مرۆڤانـەیان لەگـەڵ ناموسـوڵمانەکان کـرد، دووچـاری زیـانی زۆر بوونـەوە، هــەروەها بــە درێــژایی مێــژوو لەلایــەن نەیارەکانیانەوە هەل قۆستراوتەوە و بوونەتە مەترسـی بـۆ موسـوڵمانان، بـەردەوام دەیانویست کاری تێکدەرانە و پیلانیگێڕی و خۆکۆکردنـەوە ئـەنجام بـدەن لـە دژی موسوڵمانان، بەڵام بە هیچ شێوەیەك ئەو کارانە بەهانە نین بۆ ئـەوەی موسـوڵمانان

شێوازی هەڵسوکەوتی خۆیان بگۆڕن و جیاواز لە هەڵسوکەوتی موسـوڵمانان کـە بـە درێژایی مێژوو لەسەری ڕۆیشتوون، هەروەها نابێت دابونەریتیان جیـاواز بێـت لەئـە دابونەریتەی کە خودا و پێغەمبـەر فێریـان کـردوون و نابێـت لـە ئـەزموونی بـاوك و باپیرانیان لا بدەن.

ئـەو زیانــە بچـووکانە ئەگەرچـی ماندووکــەریش بــن زۆر ئاســانترن لــەو زیانــە گەورەیەی کە ڕەهەندی مرۆڤبوونی هەیە، خودی ئیسـلام لـە پـێش ئایینـەکانی تـر ئەگەر بیەوێت خۆی بە ڕق و کینـە و گـرووپ گرووپێنـە پتـەو بکـات و کاردانـەوەی گرژیی نالۆژیکی و بێپاساوی هەبێت ئەوا بەدڵنیاییەوە زۆر شت لەدەست دەدات.

ئەگەر کۆمەڵگای ئیسلامی لەو دابونەریت و ڕەوشتە بەرز و جوانانە دەربچێت کە پێغەمبەرەکەیان فێری کردوون، ئەوا بەدڵنیاییـەوە خـودی مـرۆڤ دەبێتـە قوربـانی، چونکە لە مێژووی مرۆڤایەتیی کۆن و نوێدا هـیچ ئـەزموونێك نـەبووە بـەو شـێوەیە ڕێزی لـە بیروبـاوەڕە جیاوازەکـان گرتبێـت و پارێزگـاریی لـیٚ کردبێـت و مافـەکانی پاراستبێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەڵگری بیروباوەڕە جیاوازەکان لە کۆمـەڵگاکانی تردا بەردەوام ئامانجێك بوون بۆ بەکۆیلەکردن و سووکایەتی و ونکردن، تەنانەت بۆ کوشتن و لەناوبردنیش.

**چوارچێوەی چوارەم، پیاو و ژن:**

ئیسلام بۆ سەرخستنی مرۆڤ و داکۆکی لە مافی چەوساوان و دەرهێنانی مرۆڤ لە تەنگەبەریی دونیاوە بۆ فراوانییەکەی و لە ستەمی ئایینەکانەوە بۆ دادگەریی ئیسلام هاتووە، یەکێك لەو ڕەگەزانەی کە ئیسلام ویستی سەری بخات و داکۆکی لە مافەکانی بکات و ڕزگاری بکات و لە شوێنی شایستەی خۆی دایبنێت لە نەخشەی کۆمەڵگا نوێیەکەدا: **ژن** بوو.

سەردەمی پێغەمبەر بە سەردەمی جێبەجێکردنی پێدراوە ئیسلامییەکان دادەنرێت بەرامبەر بە ژنان، تەنها بە بەراوردکردنێك لەنێوان ئەوەی لە سەردەمی نەفامی دەگوزەرا لەسەر هەموو ئاستەکان و ئەوەش کە لەدوای هاتنی ئیسلام گوزەرا، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەم ئایینە لە یەکێك لە ڕووەکانییەوە بزووتنەوەیەکە لەپێناو مافەکانی ژن سەری هەڵداوە، لە جیهانێکدا کە پیاو هەموو ئەوانەی دەکردە کۆیلە کە یاسایەك نەبوو پارێزگارییان لێ بکات، یاخود دەسەڵاتێك نەبوو پەنای بۆ ببەن "لە کۆمەڵگای نەفامیدا ژن دووچاری زیان و ستەم دەبووەوە، مافەکانی دەخورا و سامانی لێ دەسەنرا و لە میرات بێبەش دەکرا و لەدوای جیابوونەوە و مێردمردن سەرلەنوێ شووکردنەوەی بە دڵی خۆی لێ قەدەغە دەکرا، وەك کەلوپەل و ئاژەڵ بە میرات دەگیرا".

ئیبن عەباس دەڵێت: "ئەگەر پیاوێك باوکی یان خەزوری بمردایە، ئەوا ئەو شایستەترین کەس بوو بە ژنەکەی، ئەگەر بیویستایە لای خۆی دەیهێشتەوە هەتا ژنەکە بە مارەییەکەی خۆی خۆی ڕزگار دەکرد، یاخود دەمرد و پیاوەکە سامانەکەی دەبرد بۆ خۆی". عەتائی کوڕی ئەبی ڕەباح دەڵێت: "لە سەردەمی نەفامیدا ئەگەر پیاو بمردایە و ژنێکی جێ بهێشتایە، ئەوا خزمەکانی ئەو ژنەیان لەسەر منداڵەکەی دەهێشتەوە". سەدی دەڵێت: "لە سەردەمی نەفامیدا کاتێك پیاوێك باوکی یاخود برای یاخود کوڕی دەمرد و ژنێکی بەجێ دەهێشت، ئەگەر

میراتگری مردووەکە پەلەی بکردایە و پەڕۆیەکی بدایە بەسەر ژنەکەدا، ئەوا دەبوو بە مافی ئەو، دەیتوانی بە مارەیی کەسە مردووەکە مارەی بکاتەوە، یان بە شووی بدات و مارەییەکەی بۆ خۆی وەربگرێت، خۆ ئەگەر ژنەکەی پەلەی بکردایە و پێش ئەوەی پەڕۆی بەسەردا بدەن و خۆی بگەیەندایەتە لای کەسوکاری، لەو کۆتە ڕزگاری دەبوو، خۆی دەبووە خاوەنی خۆی، لە سەردەمی نەفامیدا نادادگەرانە لەگەڵ ئافرەت هەڵسوکەوت دەکرا، پیاو مافی خۆی وەردەگرت، بەڵام ژن وەری نەدەگرت، مارەییەکەی دەخورا، لە دوای تەڵاق بە مەبەستی زیانپێگەیاندنی لەلای خۆیان دەیانهێشتەوە، لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە بە کەم سەیر دەکران و پشتیان تێ دەکرا، هەندێك جاریش هەڵدەپەسێردران، نە ئەوە بوو تەڵاق بدرێن، نە ئەوەش بوو بیانگێڕنەوە بۆ لای خۆیان، زۆر جۆر خواردن هەبوو کە تایبەت بوو بە پیاوان و لە ژنان حەرام کرابوو، پیاوان هەرچەنێك پێیان خۆش بوو بەبێ سنوور ژنیان دەهێنا".

ڕق و کینە بەرامبەر بە کچان گەیشتە ئەو ئاستەی کە زیندەبەچاڵ بکرێن، هەیسەمی کوڕی عەدی دەڵێت: خێڵە عەرەبەکان هەموویان کچیان زیندەبەچاڵ دەکرد، یەکێك زیندەبەچاڵی دەکرد و دە کەسیش نەیاندەکرد، سەبارەت بە زیندەبەچاڵکردنی کچان، بۆچوونی عەرەبەکان جیاواز بوو، هەیانبوو لەبەر نامووس و لە ترسی ئەوەی نەوەك لە داهاتوودا بە هۆی کچانەوە لەکەدار ببن زیندەبەچاڵیان دەکردن، هەشیانبوو لەبەر ئەوەی ئافرەتیان بە شووم دەزانی، هەشبوو لەبەر ئەوەی لە هەژاری دەترسا، هەژارەکان ئەو بۆچوونەیان هەبوو، هەندێك لە سەرانی عەرەب ئەو کچانەیان دەکڕیەوە، سەعسەعەی کوڕی ناجیە دەڵێت: "کاتێك ئیسلام هات من سێسەد کچی زیندەبەچاڵکراوم ئازاد کردبوو، هەندێك لە عەرەبەکان دەیانگوت: فریشتەکان کچی خودان، پاکوبێگەردی بۆ خودا، کچیان دایە پاڵ خودا و گوتیان خودا شایستەترە بە کچان".

"هەندێك جار زۆر دڵڕەقانە كچیان دەكوشت و زیندەبەچاڵیان دەكرد، هەندێك جار لەبەر ئەوەی باوكی لە گەشت بوو، یاخود سەرقاڵ بوو، بەگەورەیی و لە كاتێكدا عەقڵی پێ دەشكا زیندەبەچاڵ دەكرا، زۆرێك لەو پیاوانە بە چاوی پڕ لە فرمێسكەوە خۆیان ئەو ڕووداوانەیان گێڕاوەتەوە، هەندێكیشیان لە چیای بەرزەوە كچیان فڕێ دەدایە خوارەوە". [1]

لێرەدا پرسیار دەكەین و دەڵێین ئایا ئافرەت لە كۆمەڵگاكانی تری جیهان چۆن ژیانی دەگوزەراند؟

لە هیندستان ئافرەت لە كچێتیدا موڵكی باوكی بوو و لە دوای شووكردنی دەبوو بە موڵكی مێردەكەی، كاتێكیش بێوەژن دەكەوت، دەبوو بە موڵكی منداڵەكانی، پاشان ئەگەر مێردەكەی بمردایە دەكرا بە قوربانی، ئافرەت لە مافی سامانداری و میرات بێبەش دەكرا، بە توندترین یاسای هاوسەرگیرییەوە پابەند دەكرا، بەبێ ڕەزامەندیی خۆی بە شوو دەدرا، هەتا دواساتەكانی ژیانی نەیدەتوانی لە هاوسەرەكەی جیا ببێتەوە، تاوانیان لە ژندا دەبینییەوە، بە ناونیشانی داڕمانی ڕۆحی و ڕەوشت دادەنران، وەك كەسایەتییەكی سەربەخۆ دانیان پێدا نەدەنرا". [2]

لە دوای مردنی مێردەكەی ژنی هیندی مافی شووكردنەوەی نەبوو، دەبوو بە ئامانجی سووكایەتیپێكردن و بریندارکردن، دەبوو بە كەنیزەكی ماڵی مێردە مردووەكەی و خزمەتكاری كەسە نزیكەكانی، بەشێك لە سووكایەتیكردن بە ئافرەت ئەوە بوو كە قوماریان پێوە دەكرد، هەندێك جار ژنەكانیان دەدۆڕاند.

لە سەدە سەرەتاكانی یۆنانـدا ، لە ڕووی ڕەوشت و مافە یاساییەكانی و هەڵسوكەوتی كۆمەڵایەتییەوە بەگشتی ئافرەت لەوپەڕی داڕووخان و خراپیدا بوو،

---

[1] الندوي: ماذا خسر العالم بانحطاط المسلمين، ص٥٩ ـ ٦١.

[2] أبو الأعلى المودودي، الحجاب، تعريب: محمد كاظم السباق، دار الفكر الإسلامي، دمشق، ١٩٥٩م، ص٤٠، ٤١.

له کۆمەڵگای یۆنانیدا ئافرەت پلەوپایەیەکی بەڕێزی نەبوو، لە ئەفسانەی یۆنانیدا ئافرەتێك هەیە بە ناوی (باندورا) کە سەرچاوەی هەموو ئێش و ئازار و کارەساتەکانی مرۆڤە، هەر وەکو چۆن ئەفسانەکانی جوولەکە حەوا دەکەن بەو کارێزەی کە جۆگاکانی ئازاری لێ جیا دەبێتەوە، ئاشکراشە کە ئەو ئەفسانەیەی جوولەکە سەبارەت بە حەوا کاریگەریی خراپی هەبووە لەسەر هەڵسوکەوتی گەلانی جوولەکە و مەسیحی بەرامبەر بە ئافرەت، هەروەها کاریگەرییشی هەبووە لەسەر یاسا و کۆمەڵناسی لای ئەو گەلانە، بە هەمان شێوە ئەفسانەی یۆنانییش کاریگەری هەبوو لەسەر هەڵسوکەوتی یۆنانییەکان، لای ئەوان ئافرەت لە نزمترین پلەدا بوو، لەوپەڕی سەرشۆڕیی و سووکیدا بوو لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا". [1]

له سەرەتای سەردەمی ڕۆمانیدا دەسەڵاتی پیاو گەیشتبووە ئاستێك، تەنانەت هەندێك جار مافی کوشتنی ژنەکەی هەبوو.[2]

له سەردەمی ئەورووپای مەسیحییشدا بارودۆخی ئافرەت باشتر نەبوو، وەکو سەرچاوەی تاوان و بنچینەی خراپە سەیری دەکرا، ئافرەت دەرگایەك بوو لە دەرگاکانی دۆزەخ بۆ پیاو، تەنانەت بە سەرچاوەی هاندانی پیاو دادەنرا بۆ تاوانکردن، پێیان وا بوو سەرچاوەی کارەساتەکانی مرۆڤ لە ئافرەتەوە هەڵدەقوڵێت، بەسە بۆ مرۆڤ سەرشۆڕ بێت کە ئافرەت بێت، لێرەدا ئەوەندەمان بەسە کە وتەی (ترتولیان) بخوێنینەوە کە بە یەکێك لە گەورە مەسیحییەکان دادەنرێت، سەبارەت بە تیۆری مەسیحی بۆ ئافرەت ڕای خۆی ڕوون دەکاتەوە و دەڵێت: "ئافرەت دەرگای شەیتانە بۆ ناو دەروونی مرۆڤ، ئەو ئادەمی هان دا بۆ خواردنی دارە قەدەغەکراوەکە، یاسای خودای شکاند، وێنەی خودای شێواند، واتە پیاو". هەروەها (کرای سوستام) کە بە یەکێك لە پیاوە گەورەکانی مەسیحی

---

[1] الندوي: ماذا خسر العالم بانحطاط المسلمين، ص٥١ ـ ٥٢.

[2] المودودي، الحجاب، ص١٤، ١٥.

دادەنرێت دەڵێت: "ئافرەت ئەو خراپەیەیە کە دەبێ هەر ببێت، دڵەڕاوکێیەکە کە مرۆڤی لەسەر دروست کراوە و بەڵایەکە خەڵك حەزیان لێیەتی، مەترسییە لەسەر خێزان و ماڵ، خۆشەویستێکی وێرانکەرە، بەڵایەکە بە ئاڵتوون ڕووپۆش کراوە". [1]

پوختەی تیۆریی دووەمیان سەبارەت بە ئافرەت ئەوەیە، کە پەیوەندیی سێکسی لەنێوان پیاو و ژندا خۆی لەخۆیدا پیسە و پێویستە خۆمانی لێ بپارێزین، ئەگەرچی بە هاوسەرگیرییەکی شەرعییش بێت، بەوەش ژیانی ڕەبەنی بوو بە نیشانەی ڕەوشتبەرزی، هەر وەکو چۆن ژیانی خێزانداری بوو بە نیشانەی داڕووخانی ڕەوشت و سروشتی سووکی ئەو کەسە، وای لێ هات ژننەهێنان بوو بە نیشانەی لەخواترسان، دواتریش پێویست بوو لەسەر ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت ژیانێکی پاك و پوخت بژین نابێت بە هیچ شێوەیەك ژن بهێنن، یاخود نابێت پەیوەندیی سۆزدارییان لەگەڵ هیچ ئافرەتێك هەبێت، پیاوانی مەسیحی بەردەوام لە هەوڵ و کۆششدا بوون بۆ قێزەونکردنی هاوسەرگیری لە دڵی خەڵکدا.

ئەو دوو تیۆرە کاریگەرییان هەبوو لە دابەزاندنی شکۆی ئافرەت لە هەردوو بواری ڕەوشت و کۆمەڵناسیدا، تەنانەت کاریگەرییان هەبوو لەسەر ئەو یاسایانەش کە لە ڕووی ئابوورییەوە ئافرەتی خستە ژێر دەسەڵاتی تەواوەتیی پیاوان و مافی میرات و سامانداریێتیی لێ زەوت کرد، تەنانەت مافی بەدەستهێنانی ئەو سامانەشی نەبوو کە بە دەستی خۆی پەیدای دەکرد، بەڵکو هەرچی هەیبوو دەبووە موڵکی مێردەکەی، هیچکام لە ژن و پیاو لە هیچ دۆخێکدا مافی تەڵاقیان نەبوو، تەنانەت ئەگەر ڕق و کینە و دووبەرەکییان لە هەر ئاستێکدا بووایە، ژیانی ژن و مێردایەتییان لەوپەڕی تێنگەیشتن و جیاوازیدا بووایە، بەپێی یاسا پێویست بوو لەسەریان ژیانی هاوسەرگیری درێژە پێ بدەن، لە ئەوپەڕی دۆخی نەگونجاندا یاسا لە یەکتریی جیا دەکردنەوە، بەڵام لە دوای ئەوە هیچیان بۆیان نەبوو هاوسەرگیری

---

[1] هەمان سەرچاوە، ص٢٠.

بکەنەوە، بەڵکو دەبووایە ژیانی گۆشەگیری و ڕەبەنی یاخود داوێنپیسی هەڵبـژێرن، بە هەمان شێوە ئەگەر یەکێك لـە هاوسـەرەکان کۆچـی دوایـی بکردایـە و ئـەوی تـر هاوسەرگیری بکردایەتەوە بە تـاوانێکی گـەورە دادەنـرا، ئەگـەر هـەر هاوسـەرگیری بکردایە ئەوا پیاوانی کەنیسە کارەکەیان ناو دەنا (زینایەکی پاڵفتە).[1]

لـە ئـەنجامی بەدواداچـووندا بـۆ بزاوتـی ئـافرەتی موسـوڵمان لـە کۆمـەڵگای ئیسلامیدا، دەردەکەوێت چۆن ئافرەتی موسوڵمان شانبەشـانی پیـاوان لـە کـرداری مێژووییدا دابەزیە سەر شەقام و نـاو مزگـەوت و دامودەزگـا و دەچـووە نـاو بـازاڕ و فێرگە و گۆڕەپانەکانی جەنگ، هەروەها دەبیـنین چـۆن لەگـەڵ پیاوانـدا بەشـداریی کردووە لە ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمندا لە هەموو لایەکەوە بە مەبەستی فراوانکردنی پانتایی کۆمەڵگای ئیسلامیی نوێ و بەهێزکردنی پشتینەکەیدا.

قورئانی پیرۆز و سوننەت کاتێـك فـەرمانێك دەردەکـەن بـۆ موسـوڵمانان یـاخود ئـەرکێك دەخەنـە سـەر شـانیان یـان هـەواڵێکیان پـێ دەدەن تـەنها ڕوو لـە پیـاوان ناکەن، بەڵکو داوا لە ژنان و پیاوان دەکەن، لـە سـەرەتای دروسـتبوونی کۆمـەڵگای ئیسلامییەوە خەدیجەی دایکی موسوڵمانان ڕۆڵی گەورەی گێـڕا و دوای ئـەویش بـە درێژایی سەردەمی پێغەمبـەر ژن و پیـاو ئامـادەیی کارایـان هـەبوو لـە ناوچەرگـەی ڕووداوەکاندا.

هەموومان دەزانین خەدیجە یەکەم کەس بـوو بـاوەڕی بـە بانگـەوازی پێغەمبـەر هێنا و باوەڕەکەشی چۆن کاریگەریی لەسەر ورەی پێغەمبەر هەبوو، لە کاتێکدا بـە یەکتاپەرستی ڕووبەڕووی هاوەڵدانانی عەرەبـەکان دەبـووەوە، هـەر کاتێـك لەلایـەن نەیارەکانییەوە بە درۆیان دەزانی و بڕوایان پێ نەدەکرد هانای بۆ خێزانە باشەکەی دەبرد و ئـەویش دڵنـەوایی دەکـرد و غەمەکـەی لەسـەر ئاسـان دەکـرد، هـەمووبمان

[1] المودودی، الحجاب، ص٢٦ـ ٢٩. سەبارەت بە پێگەی خراپی ئافرەت لە دابونەریتی نەتەوە و کۆمەڵە نائیسلامیەکاندا، بڕوانە: غۆستاف لۆبۆن، حضارة العرب، ص٤٠٦ـ ٤٠٩.

دەزانین ژمارەیەك ئافرەتی موسوڵمان کۆچیان کرد بۆ حەبەشە و ژیانی غوربەتیان هەڵبـژارد، لەوانـە: ڕوقیـەی خێزانـی عوسمـانی کـوڕی عـەفان و کچـی پێغەمبـەر و سەهلەی کچی سوهەیلی خێزانی ئەبو حەنیفەی کوڕی عوتبە و ئوم سەلەمەی کچی ئـەبو ئوممەیـەی خێزانـی ئـەبو سـەلەمەی کـوڕی عبدالأسـد و لـەیلای کچـی ئـەبی خەیسەمەی خێزانی عامری کـوڕی ڕەبیعـە، هـەروەها دەزانـین چـۆن دوو ئـافرەتی خەڵکی یەسریب لەگەڵ حەفتا و سێ پیـاوی ئـەوس و خـەزرەج هـاتن بـۆ خزمـەتی پێغەمبەر بە مەبەستی بەیعەتپێدانی، چۆن لـە ڕۆژانـی قورسـی کۆچـی پێغەمبـەر و ئەبوبەکردا ئەسمائی کچی ئەبوبەکر ئەرکی گەیاندنی خواردنی بە هەردووکیان گرتە ئەستۆ، دەشزانین کە چـۆن ئـافرەتی موسـوڵمان بـە پاڵەوانێتییـەکی نـاوازەوە کـە هیچـی کـەمتر نـەبوو لـە قارەمـانێتیی پیـاوان پێشـوازیی لـە ئەشـکەنجە و سـزای قوڕەیشییەکان دەکرد، زەنیرە هەتاکو کوێر بـوو ئەشـکەنجە درا، ئەبوجـەهل پێـی گوت: ببینە ئەوە لات و عوززا وایان لێ کردیت... ئەویش بـەنابینایی گـوتی: لات و عـوززا نـاتوانن ئەوانـەی دەیانپەرسـتن و ئەوانـەش کـە نایانپەرسـتن لێکیـان جیـا بکەنەوە، ئـەوەی بەسـەر مـن هـاتووە فەرمانێکـە لـە ئاسمانـەوە هـاتووە، نەهدیـە کەنیزەکی ژنێکـی بـەنی عەبدولـدار بـوو، بـەردەوام ئەشـکەنجەی دەدا و دەیگـوت: "سوێند بە خودا وازت لێ ناهێنم هـەتا خۆشەویسـتەکانت ئـازادت دەکـەن، پاشـان ئەبوبەکر کڕییەوە و ئازادی کرد، ئوم عونەیسـیش کەنیزەیـەکی بـەنی زەهـرە بـوو ئەسوەدی کوڕی عەبد یەغوس ئەشکەنجەی دەدا هەتا ئەبوبەکر کڕییەوە و ئـازادی کرد". [١]

ئافرەتان شانبەشانی پیاوان بەشداریی جەنگیان دەکرد، نوسەیبەی کچی کەعب لەگەڵ هاوسەرەکەی و دوو کوڕەکەی بەشداریی جەنگی کرد و ڕۆڵی مەردانەی گێـڕا و دوانزە پیاوی بریندار کرد بـە ڕم و شمشـێر و قارەمانانـە بـەرگریی لـە پێغەمبـەر

---

[١] البلاذري، أنساب، ١/ ١٩٦.

کرد، له کاتێکدا بێباوەڕەکان دەیانویست بیکوژن، کاتێك یەکێك لە کوڕەکانیشی بریندار بوو و خوێن لە قۆڵی چەپی دەچۆڕا، بەخێرایی چوو بۆ لای و بە پەڕۆیەك کە بۆ برینپێچیی بریندارەکان ئامادە کرابوو بۆی بەست و پاشان پێی گوت: هەستە کوڕم دەست لە دوژمنان بوەشێنە، پێغەمبەریش (دروودی خودای لەسەر) بانگی نوسەیبەی دەکرد و دەیفەرموو: چ کەسێك وەکو تۆ دەتوانێت ئارام بگرێت ئەی ئوم عەمارە؟ پاشان ڕووی کردە هاوەڵان و فەرمووی: هەر کاتێك ئاوڕم بدایەتەوە بۆ لای ڕاست یان چەپ نوسیبەم دەبینی کە بۆ پارێزگاری لە من دەجەنگا، کاتێکیش پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) بەڵێنی چوونە ناو بەهەشتی پێ دا، نوسەیبە هاواری کرد: هەرچیم بەسەردا دێت لە دونیادا باکم نییە، یەکێکی تر لەو ئافرەتانەی کە بەشداریی جەنگی کرد بریتی بوو لە سومەیرائی کچی قەیس، کاتێك دوو کوڕی بریندار بوون و هەواڵیان پێ دا، گوتی: ئەی پێغەمبەر چی بەسەر هاتووە؟ گوتیان: سوپاس بۆ خودا ئەو زۆر باشە، وەکو ئەوەی تۆ پێت خۆشە، ئەویش گوتی: ئادەی نیشانم بدەن با بیبینم. ئەوانیش ئاماژەیان بۆ کرد و ئەویش سەیری کرد و گوتی: هەموو کارەساتێك لە دوای تۆ بچووك و بێئەرزشە ئەی پێغەمبەری خودا. ئوم ئەیمەنیش کۆمەڵێك موسوڵمانی بینی کە لە جەنگدا پاشەکشەیان کرد و خەریکی ڕاکردن بوون، خۆڵی هەڵدا بۆ دەموچاویان و گوتی: ها بگرن، ئەوە تەشی بۆ خۆتان خەریکی چنین بن![1]

ئافرەتی موسوڵمان فێری زانست بوو و خەڵکیشی فێر کرد و گوێی گرت و دواتریش بۆ نەوەکانی دوای خۆی گێڕایەوە.

دوورکەوتنەوەی ئافرەت لە گۆڕەپانی کۆمەڵایەتیدا و ئامادەنەبوونی ڕۆژانەی لە ورد و درشتی بزاوتی کۆمەڵایەتیدا دابونەریتێکی قۆناغەکانی دواتر بوو، بە هیچ شێوەیەك لە سەردەمە پێشکەوتووەکانی ئیسلامدا ئافرەت بەو شێوەیە نەبووە.

---

[1] البلاذري، هەمان سەرچاوە، ١/ ٣٢٦. والواقدي، المغازي، ١/ ٢٦٨، ٢٩٢.

ڕاسته له کۆمه‌ڵگای ئیسلامیدا ماڵ جێگای سروشتیی ئافره‌ته‌، ئه‌ویش له‌پێناو ڕاپه‌ڕاندنی ئه‌رکه سه‌ره‌کییه‌که‌ی له شانه‌ی سه‌ره‌کی کۆمه‌ڵگادا و له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ئه‌و کاره له‌گه‌ڵ بوون و توانا و ئه‌رکه‌کانی ئافره‌تدا ده‌گونجێت له‌م جیهانه‌دا، به‌ڵام ئه‌وه‌ش ڕێگر نییه له‌وه‌ی ئافره‌ت بێته ناوجه‌رگه‌ی کۆمه‌ڵگا و گۆڕه‌پانی گه‌وره‌ی ژیانه‌وه هه‌تا به کردار به‌شدار بێت له‌گه‌ڵ کاره‌کانی ناوماڵیدا، چونکه ئه‌رکی یه‌که‌می ڕێگر نییه له به‌جێهێنانی ئه‌رکی دووه‌می، به‌ڵکو به بناغه‌ی ئه‌رکی دووه‌م داده‌نرێت، مێژووی ئیسلامیش گه‌واهیده‌ری ڕاستیی ئه‌و وته‌یه‌یه‌، له مێژووی ئیسلامدا ئافره‌ت ده‌رکه‌وت و وه‌ك ئه‌ستێره‌یه‌کی دره‌وشاوه ڕۆڵی بینی له ماڵدا و وه‌ك هاوسه‌ر و دایك و مامۆستا و قوتابی و پزیشك و توێژه‌ر و سیاسی و کرێکار و بازرگان و جه‌نگاوه‌ر.

له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ئافره‌ت له کۆمه‌ڵگای ئیسلامیدا به‌گوێره‌ی کۆمه‌ڵێك مه‌رج و دابونه‌ریت هه‌نگاو ده‌نێت، که ئیسلام نه‌خشه‌ی بۆ کێشاوه و پێغه‌مبه‌ر و هاوه‌ڵانیشی له‌سه‌ری ڕۆیشتوون، که‌واته هیچی تێدا نییه که ئافره‌ت بێت و بڕوات و کار بکات و گفتوگۆ بکات و توانای خۆی ده‌ربخات له‌و گۆڕه‌پانه‌دا که پێی وایه ده‌توانێت خزمه‌تی تێدا بکات و خۆی تێدا بسه‌لمێنێت.

ته‌نها له سه‌رده‌می پێغه‌مبه‌ردا ئافره‌ت ڕۆڵی نه‌بوو، به‌ڵکو له سه‌رده‌مه‌کانی دواتریشدا ڕۆڵی هه‌بوو، له ڕووی چه‌ندێتی و چۆنیه‌تییه‌وه ئافره‌ت به‌رده‌وام له زیادبووندا بوو، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ئاماده‌یی ئافره‌ت له کۆمه‌ڵگادا پێویستییه‌کی جێگیر بوو هیچ ڕۆژێك له ڕۆژان ئه‌و باسه جێگای ڕاجیایی و گفتوگۆ نه‌بووه‌.

هه‌موومان ده‌زانین ئافره‌ت له سه‌رده‌می ڕاشیدیندا چ ڕۆڵێکی بینی له ئاشتی و له جه‌نگدا و له سیاسه‌ت و پێدراوه شارستانییه‌کاندا، دواتر له سه‌رده‌می ئومه‌وی و عه‌باسییه‌کاندا که سنووری چالاکیی کۆمه‌ڵایه‌تی ئافره‌ت فراوان بوو و بازنه‌ی کۆمه‌ڵگای ئیسلامیش گه‌وره بوو و چه‌ندین ڕه‌گه‌ز و ئه‌زموونی نوێی له‌خۆ گرت و

تۆڕی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان قەرەباڵغتر بوون، لەو کاتەدا ڕۆڵی ئافرەتی موسوڵمان لەسەر هەموو ئاستەکان چڕتر بووەوە، ئەوەندە بە فراوانی بەشدارییان کرد لە گۆڕەپانی چالاکییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەلتووری و شارستانییەکاندا، کە لە هەژمار نایەت.

ڕووداوگەلی زۆر هەن بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە، بەڵام ئێمە تەنها چەند ئاماژەیەك باس دەکەین و ناچینە ناو وردەکاریی ڕووداوەکانەوە.

"لە سەردەمی ڕاشیدیندا ئافرەتان لەگەڵ خەڵکدا تێکەڵ دەبوون و گوێیان لە وتاری خەلیفەکان دەگرت و بەشداریی ئەو وانانەیان دەکرد کە عەلی کوڕی ئەبوتالیب و عەبدوڵڵای کوڕی عەباس پێشکەشیان دەکردن، لەو سەردەمەدا لەناو ئافرەتانی عەرەبدا عائیشەی دایکی ئیمانداران بەناوبانگ بوو، کە بەشێکی زۆر لە شەریعەت و گێڕانەوەی فەرموودە و فەتوا و ئەدەب و مێژوو و نەسەبی پێ درابوو، لە ڕۆژی جەمەلدا ڕابەرایەتیی موسوڵمانانی کرد، هەروەها ئەسمائی خوشکی کە دایکی عەبدوڵڵای کوڕی زوبێر بوو، ئەویش بە گێڕانەوەی فەرموودە و ئازایەتی و بەخشندەیی بەناوبانگ بوو، هەروەها عیکریشەی کچی ئەترەش لە جەنگی نێوان عەلی و موعاویەدا بەشدار بوو، لەو سەردەمەدا ئافرەتانی عەرەب لەگەڵ سوپا دەردەچوون و شوێنی تایبەتییان بۆ دیاری دەکرا لە شار و سەربازگە پارێزراوەکاندا".

"یەکێك لە ئافرەتە بەناوبانگەکانی سەردەمی ئومەوی (أم البنین)ی خێزانی خەلیفە وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیك بوو، کە بە ڕەوانبێژی و بەلگەی بەهێز و دووربینی بەناوبانگ بوو، لە کۆشکی خەلیفە وەلیددا پێگەیەکی تایبەتی هەبوو، بەردەوام لە کاروباری دەوڵەتدا ڕاوێژی پێ دەکرا، سەکینەی کچی حوسەینی کوڕی عەلی، گەورەی ئافرەتانی سەردەمی خۆی بوو، لە هەموویان ڕەوشتبەرزتر بوو، ڕۆژێك جەریر و فەرەزدەق و کەسیر و جەمیل و نەسیب لەلای بوون، ڕەخنەی لە

هۆنراوەی هەموویان گرت، پاشان هەر یەکێکیانی بە هەزار دینار خەڵات کرد، عائیشەی کچی تەڵحەی کچی عوبەیدوڵلا، یەکێك بوو لەو ئافرەتانەی کە لە ئەدەب و مێژووی عەرەب و ئەستێرەناسییدا زۆر سەرکەوتوو بوو، ڕۆژێك چوو بۆ لای هیشامی کوڕی عەبدولمەلیك، هیشام گوتی: چی تۆی هێناوە بۆ ئێرە؟ عائیشە گوتی: ئاسمان بارانی لێ گرتوینەتەوە و سوڵتانیش ڕێگریی لە ڕەوایی و مافی خەڵك دەکات، هیشام گوتی: مافی تۆ دەزانم، پاشان ناردی بەدوای ڕیشسپییەکانی بەنی ئومەیە و پێی گوتن: عائیشە لەلای منە و ئەمشەو لای من کۆ ببنەوە، هەموویان ئامادە بوون، لەو دانیشتنەدا هەر شتێکیان سەبارەت بە مێژوو و شیعری عەرەب باس بکردایە، عائیشە قسەی خۆی تێدا هەبوو، هەر ئەستێرەیەك دەربکەوتایە یەکسەر ناوەکەی دەگوت، هیشام پێی گوت: نکوڵی لە زانستەکەی یەکەمت ناکەم، بەڵام ئەو ئەستێرەناسییەت لەکوێ هێناوە؟ گوتی لە پوورم، لە عائیشەی دایکی ئیمانداران وەرم گرتووە، هیشام فەرمانی کرد سەد هەزار درهەمی پێ بدرێت و بەڕێزەوە بەرەو مەدینە بەڕێی کرد". [1]

"لە سەردەمی عەباسیی یەکەمدا، ئافرەت ئازادییەکی زۆری هەبوو، هەندێکیان دەستیان لە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتدا هەبوو، خەیزورانی هاوسەری خەلیفە مەهدی و دایکی هادی و ڕەشید، زۆر جار داوای لە هادیی کوڕی دەکرد بۆ ڕاییکردنی کاروباری ئەو کەسانەی کە لەماڵەوە دەهاتن بۆ لای، زوبەیدەی هاوسەری ڕەشید و دایکی ئەمین دەسەڵاتێکی گەورەی هەبوو لە دەوڵەتدا، کاتێك لەساڵی (١٨٦ك)دا حەجی کرد بینیی خەڵکی مەککە کێشەی کەمیی ئاوی خواردنەوەیان هەیە، خەزنەدارەکەی بانگ کرد و فەرمانی پێ کرد هەرچی ئەندازیار و کرێکاری وڵاتە بانگیان بکات و پێی گوتن: دەست بکەن بە کارکردن و گوێ بە پارە مەدەن، ئەگەر هەر پاچوەشاندنێك دینارێك بکەوێت لەسەرمان، لێهاتووترین

---

[1] د. حسن إبراهيم حسن، تأريخ الإسلام، ١/ ٥٤٦، ٥٤٧.

ئەندازیار و کرێکاری هێنا بۆ مەککە، سەرچاوەی ئاوەکانیان لە چیاکانەوە گەیاندە مەککە و هەتا ئێستاش هەر ئاوی لێ دەڕوا".

"بە هەمان شێوە لە سەردەمی جەنگەکانیشدا ئافرەت بەشداریی کارای هەبوو، ئوم عیسا و لوبابەی کچی عەلیی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عەباسی مامی خەلیفە مەنصور بەشداریی جەنگیان کردووە، لە سەردەمی ڕەشیددا سواری ئەسپ دەبوون و پێش سەربازەکان دەکەوتن بۆ گۆڕەپانی جەنگ، لەو سەردەمەدا ئافرەت گەیشتبووە ئاستێکی بەرزی ڕۆشنبیری، بە شێوەیەك هۆنراوەیان دەنووسی و لە سەردەمی ڕەشید و مەئموونددا بە هۆنراوە ڕووبەڕووی پیاوان دەبوونەوە، زوبەیدە شاعیرێکی ڕۆشنبیر بوو، زۆر جار نامەی شیعری دەنارد بۆ ڕەشیدی هاوسەری".

"لە ئەندەلووسیش ئافرەت پلەوپایەی گەورەی هەبوو، کەنیزەکەکان ڕۆڵی باڵایان هەبوو لە کۆشکەکانی خەلیفە و میر و پیاوانی دەوڵەتدا، چەند ئافرەتێکی نووسەر و شاعیر و مێژووزان و خەتخۆش لە ئەندەلووسدا هەڵکەوتبوون". [1]

لە سەردەمەکانی دواتردا بەبەردەوامی ئافرەت: "ئازادییەکی زۆری هەبوو، لە کاروباری دەوڵەتدا بەشدار بوو، وەکو قەبیحەی دایکی موعتەز و سەییدەی دایکی موقتەدیر و سەرۆکاری ماڵەکەی و ئوم موسا و (ست الملك)ی خوشکی خەلیفە عەزیزی فاتمی و سەیدە سوبحی دایکی هیشامی کوڕی حەکەم لە ئەندەلووس، قەبیحەی هاوسەری موتەوەکیل و دایکی موعتەز لە ساڵانی (٢٥٢ ـ ٢٥٥ك)دا ڕۆڵی گەورەی گێڕا لە لەسەرکارلابردنی خەلیفە موستەعیندا، هەتا ڕێگا بۆ موعتەزی کوڕی خۆش بکا، سەییدەی دایکی خەلیفە موقتەدیر لە ساڵانی (٢٩٥ ـ ٣٢٠ك) دەسەڵاتی گەورەی هەبوو لە دەوڵەتی عەباسیدا، باشترین بەڵگەش ئەو نامەیە بوو کە وەزیری چاکەخواز عەلیی کوڕی عیسا ناردی بۆ سەییدە و لە ناوەڕۆکی نامەکەدا خۆی لەو لێکەوتە خراپانە بەری کرد، کە لە خراپبەڕێوەبردنی کاروباری

---

[1] هەمان سەرچاوە، ٢/ ٤١٦ ـ ٤٢٠.

دارایی دەوڵەتدا لەلایەن سەییدەوە کەوتبوونەوە. دەسەڵاتی سەییدە گەیشتبووە ئاستێك، کە سەرۆکاری ماڵەکەی کە ناوی (تومال) بوو، کردبووی بە لێپرسراوی سکاڵای خەڵکی ستەملێکراو، ڕۆژانی هەینی لە شوێنێکی دیاریکراو لە ڕەسافە دادەنیشت کە سەییدە بۆی دروست کردبوو.

لە سەردەمی وەزیر حامیدی کوڕی عەباسدا دەسەڵاتی هاوسەری خەلیفەکان زیادی کرد و دەستیان لە کاروباری دەوڵەتەوە وەر دەدا، بۆ وەرگرتنی سکاڵای خەڵکی دادەنیشتن، بە واژۆی خۆیان فەرمانیان دەردەکرد، سەییدە ئەبولعەباس ئەحمەدی لا برد و لە ساڵی (٣١٤ك)دا هەموو سامانەکەی دەستی بەسەردا گیرا، لە سەردەمی فاتیمییەکانیشدا ئافرەتان ڕۆڵی گەورەیان بینی، (ست الملك)ی خێزانی (الحاکم) خاوەنی ژیرییەکی زۆر بوو، بە بەخشندەیی و نەرم و نیانی بەناوبانگ بوو، لە دوای کۆچی دواییدا سامانێکی زۆری بەجێ هێشت.

"... لە ئەندەلووس ئافرەتان ڕۆڵی گەورەیان دەگێڕا، بۆ نموونە (صبح)ی خێزانی (الحَکَم)ی دووەم دەسەڵاتێکی زۆری هەبوو، کاروباری (المؤید)ی کوڕی لەژێر دەستی ئەودا بوو، کە لە کاتی بوونی بە خەلیفە تەمەنی لە دە ساڵ تێنەپەڕیبوو، دایکی دەسەڵاتی ڕەها و بێسنووری هەبوو، کاروباری دەوڵەتی ڕادەستی مەنسووری کوڕی ئەبولعامر کرد و ئەویش بوو بە دەستەڕاستی صبح". (١)

ئەگەر لەبەر نزیکییان لە دەسەڵاتەوە ئافرەتانی ناو خێزانە دەسەڵاتدارەکان ڕۆڵی سیاسییان گێڕا بێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە ئافرەتانی موسوڵمانان بەگشتییش ڕۆڵی جیاوازیان گێڕاوە لە بوارەکانی ڕۆشنبیری و پەروەردەدا، کە هیچی کەمتر نەبوو لە ڕۆڵی ئافرەتانی ناو کۆشکی دەسەڵاتداران، زۆرینەشیان هیچ

---

[1] د. حسن إبراهيم حسن، تاريخ الإسلام، ٣/ ٣٣٨ ـ ٤٤٥، و غۆستاف لۆبۆن، حضارة العرب، ص٤٠٢، ٤٠٣.

پەیوەندییەکیان لەگەڵ کۆشك و دەسەڵاتەکان نەبوو، بەڵکو تاکێکی سادە و ڕۆڵەی ئەو گەلە بوون، تەنها بە چاوخشـاندنێك بـەناو کتـێبی ژیاننامـە و ناودارانـدا کـە لـە کتێبخانـە مێژووییەکانمانـدا زۆر بەردەسـت دەکـەون، قـەبارەی ڕۆڵـی ڕۆشـنبیری و پەروەردەیی ئافرەتانی موسوڵمانمان بۆ دەردەکەوێت، کە چۆن دوور لە دەسـەڵات و دەوڵەمەنـدی و لــە ناوجەرگــەی گەلــەوە و بــە پاڵنــەری بیروبــاوەڕی پتــەو و سووربوونیان لەسـەر فێربـوون و فێرکـردن وەك بەشـێکی پێکهاتـەی ئایینییـان بـە شێوەیەك دەرکەوتن کە هەتا ئەم دواییانەش نموونەیان پێ دەهێنرایەوە.

لە کاتی گفتوگۆکردندا سەبارەت بە تەوەری (ژن و پیاو) لە مێـژووی کۆمـەڵگای ئیسلامیدا، پێویستە کەمێك لەسەر بابەتی سێکس بوەستین، لـە ئیسـلامدا سـێکس کێشە نییە، ئەگەر بەهاوسەنگی و بەگوێرەی ڕێنماییە شەرعییەکان بکرێـت و لادان و ستەم و ئاڵۆزکردنی تێدا نەبێت، بە شێوەیەك لە ئەزموونی پاڵنان و دەرچوونەوە بگۆڕێت بۆ تەنگژەی کپکردن و بەرەڵایی.

کاتێـك ئـەو ئەزموونـە تاڵانـە دەبیـنین کـە کۆمـەڵگاکانی سـەدەی بیسـتەم لـە چوارچێوەی بابەتی سێکسدا بەدەستیەوە دەناڵێنن، دەبینین لـەنێوان کپکردنێکـی ئاڵۆز و بەرەڵاییـەکیماڵوێرانکـەردان، ئیسـلامیش هۆشـداری دەدات لـەوە کـە ئـەو بابەتە بگاتـە ئـەو دوو ئاسـتە، چـونکە سـەرەنجام زیـان بـە مـرۆڤ و چـالاکییەکانی دەگەیەنن و دواتریش زیان بە توانای کۆمەڵگا مرۆییەکان دەگەیەنن و ڕێگـە نـادەن کار و دەستکەوتیان هەبێت.

ئەگەر سەیری کۆمەڵگاکانی سـەدەی بیسـتەم بکـەین، ئـەوا دەبیـنین زۆربـەیان بەرەو کپکردن یاخود بەرەڵایی دەڕۆن، کپکـردن و بـەرەڵاییش بـە هـیچ شـێوەیەك ناتوانن میانڕەویی مـرۆڤ ڕابگـرن بـە پیـاو و ژنـەوە، سـەرەنجامیش ئـەو لادانـە ڕوو دەدات کە قورئان لەبارەیەوە هۆشداریی داوە، لە ئێستاشـدا بـە چـاوی خۆمـان لـە گۆڕەپانی شارستانیەتی مادیدا دەیبینین.

بـەڵام کۆمـەڵگای ئیسـلامی بـە شـێوەیەکی گشـتی تـوانیی پارێزگـاری لـە دابونەریتەکانی ئیسلام بکات، کە بریتی بوون لە هاوسەنگیڕاگرتن لەنێوان کپکـردن و بەرەڵاییـدا، لـەو هاوسەنگییەشـدا تێربـوونی پێویسـت دێتـە دی و توانـای کـار و داهێنانیش دەپارێزرێـت، پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان بـەهێز دەبـن و پێکهاتـەی کۆمەڵایەتییش پاك و گەشەسەندو دەبێت.

هاوسەنگیی بابەتی سێکس لە ئیسلامدا زۆر جیاوازە لە کۆمەڵگاکانی تـر، تـەنها بە ئەنجامدانی بەراوردێك لەنێوان کۆمەڵگا ئیسلامییەکان و کۆمەڵگا ئاینییەکانی تر کـە تووشـی لادان هـاتوون و پاشـان لەگـەڵ کۆمـەڵگا لادینـی و مادییـەکان، ئـەو ڕاسـتییەمان بـۆ دەردەکـەوێت کـە ئـەو کۆمەڵگایانـە لـەو ڕووەوە تێکشـکاون و کۆمەڵگای ئیسلامییش پەیوەست و یەکڕیز و گونجاوە.

کۆمەڵگای ئیسلامی خۆتێرکردنی سێکسی قەدەغە ناکات و ڕووبەڕووی نابێتەوە و بە کەم سەیری ناکات و کپی ناکاتەوە، دەرگا دەخاتە سەر پشت بۆ خـۆتێرکردن لـە ڕێگـای یـەك هاوسـەرەوە هـەتا چـوار هاوسـەر، ئـەویش لـە هەنـدێك حاڵـەتی سـنووردار‌دا، هـەروەها لـە ڕێگـای ئـەو ئافرەتانـەی کـە لـە جەنگـدا دەگـیران لـە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا و بەگوێرەی چەند مـەرجێکی دیـاریکراو دەدران بـە پیاوێك بە مەبەستی ئەوەی هەردوو لا خۆیان تێر بکەن و پەنا بۆ ڕێگەی تر نەبەن، چونکە ئەوە نەبووایە ئەوا ئـەو ئافرەتانـە ڕۆڵـی ڕووخانـدنی بـەهاکانی کۆمـەڵگایان دەگێڕا و پێکهاتەکەیان تێك دەدا، یاخود لە مـافی خـۆتێرکردن بێبـەش دەبـوون و سەرەنجامیش توانای کار و بەشدارییان لە کۆمەڵگادا لەکار دەکەوت.

لە لایەکی تریشەوە کۆمەڵگای ئیسلامی ڕەتی دەکاتەوە دەرگا بخاتە سەر پشت و خۆتێرکردن بەڕەهایی و بـە هـەموو شـێوازێك حـەڵاڵ بکـات کـە سـەرەنجامەکەی بەرەو بەرەڵایی و گەندەڵی دەچێت لەسەر هەموو ئاستەکان، بەشێك لەو بەرەڵاییـە لە زۆرێك لە ئەزموونە کۆمەڵایەتییە هاوچەرخەکاندا دەبینین.

مێژووی کۆمەڵگای ئیسلامی بریتییە لە جێبەجێکردنی ئەو هاوسەنگییە ناوازە و ئەو دابونەریتەی ئایینێك هێنایە ئاراوە کە باش دەزانێت چۆن مرۆڤ ئازاد دەکات و ڕێزی لێ دەگرێت، ئایینێك مرۆڤ بە هۆی تێرکردنەوە ڕزگار دەکات و بە هۆی ڕێکخەر و سنوورە شەرعییەکانەوە ڕێزی لێ دەگرێت هەتا لە مرۆڤبوونەوە بەرەو ئاژەڵبوون نەڕوات، خۆ ئەگەر هەندێك لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکان یاخود لە چەند ڕووییەکەوە لەو بنچینە هاوسەنگە لایان دابێت، ئەوە چەند حاڵەتێکی ناباو بوون و پێوانەیان لەسەر ناکرێت.

وەك درێژکراوەی ئەو تێڕوانینە هاوسەنگەی ئیسلام بەرامبەر بابەتی سێکس، کە کپکردن و بەرەڵایی ڕەت دەکاتەوە، هێڵێکی تری فراوانمان هەیە کە بۆتە مۆرکی کۆمەڵگای ئیسلامی بە درێژایی مێژوو، ئەو کۆمەڵگایەی کە بە کۆمەڵێك دابونەریت ناسراوە، کە لە کاتی جێبەجێکردنیاندا دوور بووە لە تێپەڕاندن و بەزایەدانی ئەو دابونەریتانە.

لە هەردوو لای هێڵە پانەکەدا چەند هەوڵێکی زیادەڕەوی و هەندێکی تری خۆگرتنەوە و گۆشەگیرییش هەبوون، لێرەدا سەبارەت بەو هەوڵانە دەدوێین کە بە ئازادیی خۆیان خۆگرتنەوە و گۆشەگیرییان هەڵبژارد نەك ئەوانەی کە لەژێر فشاری ستەم و برسیکردن و داواکاریی دەسەڵاتی خۆشگوزەرانیدا ناچار بوون بە گۆشەگیری و خۆگرتنەوە و ڕازیبوون بە لەتێك نان و پەرداخێك ئاو، ئەویش ئەو بابەتەیە کە لە تەوەری یەکەمی ئەم بەشەدا ئاماژەمان پێ کرد.

ئەو هێڵە پانەی کە ئێمە مەبەستمانە گشتگیرتر و فراوانترە، هەموو بەشەکانی کۆمەڵگای ئیسلامی دەگرێتەوە، ئەو هێڵەی کە لەسەر هاوسەنگیی لە شوێنی مانەوە و خۆراك و جلوبەرگ وەستاوە، هەروەها لەسەر هاوسەنگی لە یاریکردن و جوانکاری و خۆشگوزەرانی و بۆنە کۆمەڵایەتییە گشتی و تایبەتییەکاندا وەستاوە.

کۆمەڵگای ئیسلامی پەروەردەی پێدراوەکانی قورئان و سونەتە، ڕۆژانە ئەو داواکارییە قورئانییە دەخوێنێتەوە کە داوای چێژوەرگرتن دەکات لە ژیانی دونیا لە خواردن و خواردنەوە ﴿كُلُوا مِنْ طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ﴾البقرة : ١٧٢، واتە: (بخۆن لەو ڕزق و ڕۆزیە چاك و باشانەی کە پێمان بەخشیوون) ، هەروەها ئەو داواکارییەی خودا بۆ خۆڕازاندنەوە دەخوێننەوە: ﴿يَا بَنِي آدَمَ خُذُوا زِينَتَكُمْ عِنْدَ كُلِّ مَسْجِدٍ وَكُلُوا وَاشْرَبُوا وَلَا تُسْرِفُوا إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ﴾ الأعراف : ٣١، واتە: (ئەی نەوەی ئادەم، خۆتان بڕازێننەوە بە پۆشاك لەبەر کردن، لەکاتی هەموو نوێژو چوونە ناو مزگەوتێکدا، بخۆن و بخۆنەوە (لە نازو نیعمەتەکان) بەڵام زیادەڕەوی مەکەن، چونکە بەڕاستی خوا لە سنوور دەرچووان و زیادەڕەوانی خۆش ناوێت)، هەروەها ئەو کۆمەڵگایە گوێبیستی ڕێنماییەکانی پێغەمبەر دەبێت کە دەبێت هەموو موسوڵمانێك خانوویەکی هەبێت تێیدا بژی و ئەسپێکی هەبێت بۆ سواری و هاوسەرێکی هەبێت هەتا لە پاڵیدا بحەوێتەوە، زۆر ئاساییە ئەو کۆمەڵگایە بەشی خۆی خۆراك و خواردنەوە و بەرگ و پۆشاك و جێگەی نیشتەجێبوونی هەبێت و تەنانەت ئاساییشە کە لە شتە پێویستەکان تێیپەڕێنێت بۆ خۆڕازاندنەوە و جوانکاریی بۆ ئەوەی چوارچێوەیەکی جوان بدات بەو هەڵسوکەوتانە بە شێوەیەك مرۆڤ لە دروستکراوەکانی تر جیا بکاتەوە، لە سەروو هەموو ئەوانەشەوە دیسانەوە ئاساییە کە هەموو ڕۆژێك موسوڵمانان لە خۆشیدەربڕین و شادییدا بن لە جەژنەکان و لە ئاهەنگەکان و دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکاندا، ئاساییە کۆمەڵگای ئیسلامی کامەران و بەختەوەر بێت، چونکە ئەو کۆمەڵگایە پەروەردەی ئەو بنەما قورئانییەیە کە ڕۆژ تا ئێوارە داوای لێ دەکات بەشی خۆی لە ژیانی دونیا وەربگرێت: ﴿وَابْتَغِ فِيمَا آتَاكَ اللَّهُ الدَّارَ الْآخِرَةَ وَلَا تَنْسَ نَصِيبَكَ مِنَ الدُّنْيَا﴾ القصص : ٧٧، واتە: (هەوڵبدە بەو ماڵ و سامانەی خوا پیی بەخشیووی ماڵی قیامەت و بەهەشتی بەرین بکڕەو بەشی خۆشت لە دنیادا بەحەڵاڵی فەرامۆش مەکە).

به درێژایی هـەموو سـەردەمەکان ڕۆڵـەکانی کۆمـەڵگای ئیسـلامی هـەموو جـۆرە یاری و کەیفێکیان کردووە، چەندەها جۆر جلوبەرگی کەشخە و جوانیـان پۆشـیوە، چەندین جۆر خواردن و خواردنەوەیان خواردوەتەوە، لە جۆرەها خـانوو و کۆشـکی ڕازاوەدا ژیاون.

کۆمــەڵگای ئیســلامی ڕاو دەکــەن و پێشــبڕکێی ئەسپســواری دەکــەن و یــاری تۆپتۆپێن و شەترەنج و تیرەندازی و نیشانەشکێنی دەکەن، گوێ لە کورتەچیرۆك و نوکتە و قسەی خۆش و نەستەق دەگرن، یاریی تۆپی سەرمێز دەکەن و مەلەوانی و زۆرانبازییش دەکەن.

لــە جــەژن و بۆنەکانیانــدا ئاهــەنگ دەگێــڕن، باشــترین نموونــە ئــەو خۆشــی و شادییەیە کە موسوڵمانان لە هەردوو جـەژنی ڕەمـەزان و قوربانـدا دەری دەبـڕن لـە ڕێگــەی تەهلیلــە و تــەکبیرات و داگیرســاندنی مــۆم و گڵــۆپ و خۆڕازاندنــەوە و لەبــەرکردنی پۆشــاکی نــوێ و دەربڕینــی خۆشــی لەســەر شــەقام و لــە کــەناری ڕووبارەکاندا، هەروەها ئەو خۆشییە بەکۆمەڵەی کە لە مەراسیمی حەجدا دەبینرێت و نەوە لەدوای نەوە دووبارەی دەکەنەوە، هەروەها ئەو جەژن و بۆنـە زۆرانـەی کـە بە درێژایی ساڵ دەگێڕدرێن، وەکـو ڕۆژانـی هـەینی و سـەری سـاڵی کۆچـی و ڕۆژی عاشوورا و لەدایکبوونی پێغەمبەر و شـەوی یەکـەم و ناوەڕاسـتی ڕەجـەب و شـەوی میعراج و شەوی یەکەم و ناوەڕاستی شـەعبان و ڕێوڕەسمـەکانی شـەوانی ڕەمـەزان و... هتد.

گرنگییدانی کۆمەڵگا ئیسلامییەکان بە شوێنی نیشتەجێوون و بەرگ و پۆشـاك و خۆراك، هیچ کەمتر نەبووە لە گرنگییدانیان بە جەژن و بۆنە و یـاری و هۆکارەکـانی خۆشگوزەرانی، شارە ئیسلامییەکان چەندین هونەری جوانیان بـە خۆیانـەوە بینـی لەسەر ئاستی ئەو خانووانەی کە بۆ نیشتەجێبوون ئامادەیان کردبوو، هەروەها ئەو

جلوبەرگە جوانانەی کە هونەریان تێدا بەکار هێنابوو، هەروەها ئـەو چێشـتخانانەی کە بە کارامەیی خواردنیان ئامادە دەکرد.

بۆ نموونە: زریاب لە عێراقەوە بەرەو ئەندەلووس بـەڕێ کـەوت و لەگـەڵ خۆیـدا چەندین ئەزموونی کۆمەڵایەتیی بەسوودی برد بۆ ئەوێ، ئەو هەوڵە پێشوازیی باشی لێ کرا، کۆمەڵگای ئەندەلووس زەمینەیەکی لەباری هەبوو بـۆ ئـەوەی هونـەرەکانی جلوبەرگ و خۆراکی تێدا پێشکەش بکات، فێری دابونەریت و شێوازی نەرمی ژیان و کەشخەیی کردن، کەسێ نەیـدەگوت ئـەو پیـاوە داهێنـانی لـە ئاییـندا کـردووە، لـە کاتێکـدا دەیویسـت ئەزموونـە نوێکـانی بگوازێتـەوە بـۆ ئەنـدەلووس، هـیچ زانـا و دادوەرێك بە ناوی ئیسـلامەوە ڕەخنـەی لـێ نـەگرت، بـەڵکو بـە پێچـەوانەوە لەبـەر ئـەوەی دابونـەریتی ڕەسـەنی ئیسـلامی داوامـان لـێ دەکـات بـەرەو شـتە پـاك و جوانەکان و خۆڕازاندنەوە بچین و فێرمـان دەکـات کـە هـیچ هەسـتیارییەك لـەنێوان خۆشـییەکانی دونیـا و مانـدووبوون بـۆ دواڕۆژدا نییـە، لەبـەر ئـەوە دەبیـنین ئەزموونەکـەی زریـاب زۆر سـەرکەوتوو بـوو، بـە شـێوەیەك کـە مێژوونووسـەکان ئاماژەیان پێ کردووە.

لێرەدا بواری ئەوەمان نییە بەدوورودرێژی باسی هونەری دروستکردنی خـانوو و باخچە و سەیرانگا و شاری بۆنە و یارییەکانی ئەو کۆمەڵگایانـە بکـەین، ئـەو بابەتـە ئەوەندە ئاشکرایە پێویستی بە نموونە و باسکردن نییە.

بەکورتی ئەوەیـە هاوکێشـەی هاوسـەنگ لـەنێوان بەدەسـتهێنانی خۆشـییەکانی دواڕۆژ و چێژوەرگرتن لە خۆشییەکانی دونیـا... ڕێککـەوتن و دەسـلەملانێی نێـوان ڕۆح و جەستە، هاوسەنگییە لەنێوان داواکارییەکانی نەمری و پێویستییەکانی گۆڕان و نەمان.

ئەگەر دەمارگیری و لادان نەبووبێت، ئەوا هیچ ڕۆژێك لە ڕۆژان نەبیستراوە فیقهی ئیسلامی یاخود دەزگایـەکی دیـاریکراو کۆمـەڵگای ئیسـلامی لـە ئـایین دەرکردبێت

لەسەر ئەوەی خواردنی باشیان خواردووە یاخود پۆشاکی کەشخەیان پۆشیوە و لە کۆشکی ڕازاوەدا ژیاون و کەیفیان کردووە و ئاهەنگیان گێڕاوە و سروودیان گوتووە و پێشبڕکێیان کردووە و لە جەژن و بۆنەکانیاندا خۆشییان دەربڕیوە.

ئـــەوەش شـــتێکی سروشـــتییە، چـــونکە پەیوەنـــدیی نێـــوان دونیـــا و دواڕۆژ پەیوەندییەکی دژ نەبوو، بەڵکو پەیوەندیی یەکبوون و تێکەڵاوبوون بوو.

لـە مێـژووی مرۆڤایەتیـدا هـیچ کۆمەڵگایـەك نـەبووە بـە ئەنـدازەی کۆمـەڵگای ئیسـلامی توانـای پارێزگـاریکردنی هـەبووبێت لـە پێکەوەگرێـدانی دونیـا و دواڕۆژ، کۆمەڵگاکانی تر یان نین و لە ئاسمان بەدوای شانشینەکەیاندا دەگەڕێن و دونیایـان لەبیر کردووە، یاخود بێباوەڕ و هەڵوەشاوەن و سەریان بە دونیادا گرتووە و بەرزی ناکەنەوە بۆ ئاسمان، هەتا وەڵامی داواکارییە باڵاکانی ڕۆح بدەنەوە، ڕێك وەك چۆن ئاژەڵ سەر بە زەویدا دەکات.

لە ئەزموونی کۆمەڵگای ئیسلامیدا، مرۆڤ پێگەی دروستی خۆی هەیە، ئەگەر لـە لایـەك فشـاری خراپـە و گـومڕایی و لـە لایـەکی تـریش بانگەشـەی گۆشـەگیری و خۆگرتنەوە و وازهێنانی نالۆژیکی لە دونیا نەبووایە، ئەوا کۆمـەڵگای ئیسـلامی ئـەو چەند حاڵەتە کەم و ناباوەشی بەخۆیەوە نەدەبینی کە بە لای ڕاست و چەپدا لایـان دابوو، هێڵی هاوسەنگی بە درێژایی چاخەکان ژیانی ئیسلامی جیا دەکردەوە.

## گرنگترین سەرچاوەکان


- **القرآن الكريم:**
- **ابن الأثير: عز الدين أبو الحسن علي الجزري.**
- الكامل في التاريخ ، دار صادر ـ بيروت ـ ١٩٦٥ ـ ١٩٦٧ م.
- **أرنولد: سير توماس و.**
- الدعوة إلى الإسلام ، ترجمة د. حسن إبراهيم حسن ورفاقه ، الطبعة الثالثة ، مكتبة النهضة المصرية ، القاهرة ـ ١٩٧١ م.
- **البخاري: أبو عبد الله بن إسماعيل.**
- صحيح البخاري ، المطبعة السلطانية ، القسطنطينية ـ ١٣١٥ هـ.
- **بروكلمان: كارل.**
- تاريخ الشعوب الإسلامية ، ترجمة فارس والبعلبكي ، الطبعة الخامسة ، دار العلم للملايين ، بيروت ـ ١٩٦٨ م.
- **البلاذري: أحمد بن يحيى بن جابر.**
- أنساب الإشراف ، الجزء الأول ، تحقيق محمد حميد الله ، دار المعارف ، القاهرة ـ ١٩٥٩ م.
- فتوح البلدان ، تحقيق صلاح الدين المنجد ، مكتبة النهضة المصرية ـ ١٩٥٦ ـ ١٩٥٧ م.
- **الجندي: أنور.**
- الإسلام وحركة التاريخ ، مطبعة الرسالة ، القاهرة ـ ١٩٦٨ م.
- **جوزي: بندلي.**
- من تاريخ الحركات الفكرية في الإسلام ، دار الروائع ، بيروت (د. ت).
- **حتي: د. فيليب ورفاقه.**
- تاريخ العرب المطول ، الطبعة الرابعة ، دار الكشاف ، بيروت ـ ١٩٦٥ م.

- **حسن: د. حسن إبراهيم.**
- انتشار الإسلام في القارة الأفريقية ، الطبعة الثانية ، القاهرة ـ ١٩٦٤ م.
- تـــاريخ الإســـلام السياســـي ، الطبعـــة الخامســـة والسادســـة ، مكتبـــة النهضـــة المصرية ، القاهرة ـ ١٩٦٠ ـ ١٩٦٢ م.
- **حسن: د. علي حسن.**
- التاريخ الإسلامي العام ، ط٢ ، مكتبة الأنجلو مصرية ، القاهرة ـ ١٩٥٩ م.
- **الخطيب: محب الدين.**
- حملة رسالة الإسلام الأولون ، دار الكتاب العربي ، القاهرة (د. ت).
- **خليل: عماد الدين.**
- ملامح الانقلاب الإسلامي في خلافة عمر بن عبد العزيز ، مؤسسة الرسالة ، بيروت ١٩٧٢ م.
- نور الدين محمود : الرجل والتجربة ، دار القلم ، دمشق ١٩٨١ م.
- المقاومة الإسلامية للغزو الصليبي ، مكتبة المعارف الرياض ١٩٨١ م.
- الإمارات الأرتقية في ديار بكر ، مؤسسة الرسالة ١٩٨١ م.
- حول إعادة كتابة التاريخ الإسلامي ، دار المعرفة ، الدوحة ١٩٨٧ م.
- عماد الدين زنكي : الدار العلمية ، بيروت ١٩٧٢ م.
- ابن خلدون إسلامياً ، المكتب الإسلامي ، بيروت ١٩٨٣ م.
- فصول في المنهج والتحليل ، المكتب الإسلامي ، بيروت ١٩٨١ م.
- دليل التاريخ والحضارة في الأحاديث النبوية الشريفة ، ( بالاشتراك مع المهندس حسن الرزو ) ، المعهد العالمي للفكر الإسلامي ، عمان ١٩٩٤ م.
- التفسير الإسلامي للتاريخ ، دار العلم للملايين ، بيروت ١٩٧٤ م.
- **دانكوس: هيلين كارير.**
- القوميات والدولة السوفياتية ، ترجمة هنري عبودي ، دار الطليعة ، بيروت ـ ١٩٧٩ م.
- **الدوري: د. عبد العزيز.**
- تفسير التاريخ ، مكتبة النهضة ، بغداد ـ ١٩٦٩ م.

- **الشريف: د. أحمد إبراهيم و د. حسن أحمد محمود.**
- العالم الإسلامي في العصر العباسي ، دار الفكر العربي ، القاهرة ـ ١٩٦٦م.
- مكة والمدينة في الجاهلية وعصر الرسول ، الطبعة الثانية ، دار الفكر العربي ، القاهرة ـ ١٩٦٥ م.
- **شلبي: د. أحمد.**
- التاريخ الإسلامي والحضارة الإسلامية ، الطبعة الثانية ، مكتبة النهضة المصرية ، القاهرة ـ ١٩٦٦ م.
- **الطبري: محمد بن جرير.**
- تاريخ الرسل والملوك ، تحقيق محمد أبي الفضل إبراهيم ، دار المعارف ، القاهرة ـ ١٩٦١ ـ ١٩٦٢ م.
- **عبد الباقي: محمد فؤاد.**
- المعجم المفهرس لألفاظ القرآن الكريم ، مطبعة دار الكتب المصرية ، القاهرة ـ ١٣٦٤ هـ.
- **عثمان: د. محمد فتحي.**
- دولة الفكرة ، الدار الكويتية ، الكويت ـ ١٩٦٨ م.
- **ابن العربي: القاضي أبو بكر.**
- العواصم من القواصم ، تحقيق محب الدين الخطيب ، الطبعة الثانية ، الدار السعودية ، جدة ـ ١٣٨٧ هـ.
- **عنان: محمد عبد الله.**
- مواقف حاسمة في تاريخ الإسلام ، ط٤ ، مؤسسة الخانجي ، القاهرة ، ١٩٦٢ م.
- نهاية الأندلس وتاريخ العرب المتنصرين ( الكتاب الرابع من دولة الإسلام في الأندلس ) ، الطبعة الثانية ، مطبعة مصر ، القاهرة ـ ١٩٥٨ م.
- **غرونباوم : جي . ئي ( تحرير ).**

- الوحدة والتنوع في الحضارة الإسلامية ، تأليف عدد من المستشرقين ، ترجمة د. صدقي حمدي ، مكتبة دار المتنبي ، بغداد ـ ١٩٦٦ م.
- **فلهاوزن: يوليوس.**
- تاريخ الدولة العربية وسقوطها ، ترجمة ، د. محمد عبد الهادي أبو ريدة ، الطبعة الثانية ، لجنة التأليف والترجمة ، القاهرة ـ ١٩٦٨ م.
- **ابن كثير : أبو الفدا إسماعيل.**
- البداية والنهاية ، مطبعة السعادة ، القاهرة ـ ١٩٣٢ م.
- **كشك: محمد جلال.**
- إيللي كوهين من جديد ـ ١٩٦٨ م.
- القومية والغزو الفكري ، الطبعة الثانية ، دار الإرشاد ، بيروت ـ ١٩٧٠ م.
- **لوبون: غوستاف.**
- حضارة العرب ، ترجمة عادل زعيتر ، الطبعة الثالثة ، دار إحياء الكتب العربية ، القاهرة ـ ١٩٥٦ م.
- **ماجد: د. عبد المنعم.**
- التاريخ السياسي للدولة العربية ، الطبعة الثالثة ، مكتبة الجامعة العربية ، بيروت ـ ١٩٦٦ م.
- **المودودي: أبو الأعلى.**
- الحجاب ، تعريب محمد كاظم السباق ، دار الفكر الإسلامي ، دمشق ـ ١٩٥٩ م.
- **الندوي: أبو الحسن علي الحسني.**
- ماذا خسر العالم بانحطاط المسلمين ، الطبعة الخامسة ، مكتبة دار العروبة ، القاهرة ـ ١٩٦٤ م.
- **اليعقوبي: أحمد بن واضح.**
- تاريخ اليعقوبي ، تحقيق محمد صادق بحر العلوم ، المكتبة الحيدرية ، النجف ـ ١٩٦٤ م.

# پ.د. عیمادەدین خەلیل



ـ لەشاری موصل لەساڵی ١٩٣٩ لەدایکبووە.

ـ لەساڵی ١٩٦٢ بڕوانامەی ئادابی لە زانکۆی بەغداد وەرگرتووە.

ـ ماجستێری لە مێژووی ئیسلامیدا لە زانکۆی بەغداد لە ساڵی ١٩٦٥ بەدەست هێناوە.

ـ دکتۆرای لە مێـژووی ئیسـلامیدا لـە زانکـۆی عـەین شـەمس لـە میصـر لـە سـاڵی ١٩٦٨ بەدەستهێناوە.

ـ مامۆسـتا بـووە لـە کـۆلیجی ئـاداب لـە زانکـۆی موصـل و کـۆلیجی ئـاداب لـە زانکـۆی سەلاحەدین و کۆلیجی دیراساتی ئیسلامی لە ئیمارات و زانکۆی زەرقا لە ئوردن.

ـ سەرپـەرشتیاری کتێبخانەی ناوەندی موصل بووە، بەڕێوەبەر بووە لـە بەڕێوەبەرایـەتی گشتی ئاسار و مۆزەخانەکانی باکوری عێڕاق.

ـ پلەی پرۆفیسۆری لە ساڵی ١٩٨٩ بەدەستهێناوە.

ـ ئێستا خانەنشینە و نیشتەجێی شاری هەولێرە.

ـ بەشداری لە دەیان کۆنگرەی جیهانی و عەرەبی و ناوخۆییدا کردووە.

ـ خـاوەنی دەیـان توێژینـەوەی ڕەسـەنە لـەبوارەکانی مێـژوو و فیکـر و ڕۆشـنبیری ئیسلامیدا.

ـ خاوەنی نزیکەی (٧٠) کتێبی دانراوە لە بوارەکانی مێژوو و فیکر و ڕۆشنبیری ئیسـلامی و شیعر و نەقد و ئەدەبدا.

## د. زانا محەمەد ئەمین سەعید



- سالّی ١٩٧٨ لە سلێمانی لە دایك بووە.
- دیبلۆمی لە پێش نوێژی و وتاربێژیدا لە هەولێر سالّی ١٩٩٨بەدەستهێناوە.
- بەکالۆریوسی لە بانگەواز و وتاربێژی و هزر لە موسلّ سالّی ٢٠٠٤ بەدەستهێناوە.
- ماجستێری لە بەراوردی ئایینەکان لە بەغداد سالّی ٢٠١١ بەدەستهێناوە.
- دکتۆرای لە بەراوردی مێژووی ئایینەکان لە مالیزیا سالّی٢٠١٧ بەدەستهێناوە.
- مامۆستایە لە زانکۆی سلێمانی.
- ئەندامی لق و دەستەی دامەزرێنەری لقی سلێمانی دەزگای نوری حیکمە بۆ پەروەردە و رۆشنبیرییە.
- ئەندامی دەستەی راوێژکارییە لە سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری.
- چەندین توێژینەوەی لە گۆڤارە زانستیەکانی ناوخۆ و دەرەوەی وولات بلّاوکردۆتەوە.

سەنتەری زەهاوی
بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری

سەنتەرێکی کوردستانیی ناحکومیی ناسیاسییە، گرنگیی دەدات بە توێژینەوە و تاوتوێکردنی پرسە هزرییە بنەڕەتییەکان بۆ دووبارە هێنانەگۆی دەق و تێکستە پیرۆزەکان و چۆنیەتی دابەزاندنی چەمکە مەعریفی و بەبایەخەکانی ئیسلام لە بوارە جیاوازەکانی سەردەمدا. لە سۆنگەی ئەوەوە کە هزر و بیری ڕەسەن و قووڵ بنچینە ی تێگەیشتنی ڕاست و دروستە بۆ دەقەکانی قورئان و سوننەت و دەستەبەری لێکدانەوەی گونجاوە بۆیان.

سەنتەر هەوڵی ڕەخساندنی کەشوهەوای گونجاو دەدات بۆ کارابوونی عەقڵ و بیر و ڕانانی هزریی، لەم پێناوەدا سەنتەر هەردوو سەرچاوەی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی بەرز و بەڕێز بە بەکارهێنانی ئامرازی زانستە ئیسلامییەکان و زانستە کۆمەڵایەتی و سروشتییەکان دەکاتە بنەمای کارەکانی.

**بوارەکانی کارکردن:**

- نووسین بە قەڵەمی خۆماڵیی نووسەرانی کورد و بیرمەندان.
- وەرگێڕان لە زمانە جیاوازەکانەوە بۆ زمانی کوردیی، لە پێناو دەوڵەمەندکردنی کلتووری کوردییدا.
- بەستنی کۆنگرەی زانستی و کۆڕ و سازدانی سیمینار لە لایەن خاوەن بیر و ئەکادیمیانەوە.
- خولی ڕاهێنان و ۆرکشۆپ لە لایەن کەسانی پسپۆڕ و خاوەن بڕوانامەی زانکۆییەوە.
- هاوکارییکردنی دامودەزگا و دامەزراوە ئەکادیمییەکان و زانکۆکان لە پێناو پەرەپێدانی ئاستی زانستیی.